# ڕامان

٢٢٨

گۆڤارێکی مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی بیستەم/ مایسی ٢٠١٦



- **خاوەن ئیمتیاز**
  شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
  ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
  سەرکەوت وەلی
- **مۆتیف و پۆرتریت**
  قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
  باسم ڕەسام

ناوونیشان/ هەولێر ـ میدیا سەنتەر

ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net

تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662

(دەرەوە)/ 009647504494662

تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582

پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com

sarkautwali@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک

نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەڕۆکی ڕامان

## ● دەق


– جەنگ.. لە بێستانی تەماتە سپییەکاندا/ نەژاد عزیز سورمێ/ 3
– نەشتەر! بە ڕەنگێکی دیکەی ترەوە/ یوونس ڕەزایی/ 8
– ئاژاوەی با/ سمکۆ محەمەد/ 10
– زوو چوو/ شاهۆز حاجۆ/ 12
– بیانوو/ لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی/ 14
– هوتێلە بێ ئەستێرەکەی ٥ وێن/ عوسمان محێدین/ 16
– چوار مینیماڵ/ جەبار سابیر/ 19
– خەونەکانم لەناو ئۆقیانووسی درۆکانتدا خنکان/ دیدار ڕزگار/ 21
– ڕەمۆیێ کارکەر/ وەحید کەلەش/ 27
– پاش دوایین ڕۆژ/ لە فارسییەوە: بەڕۆژ ئاکرەیی/ 29


## ● هەڤپەیڤین


– هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ (محەمەد ساڵح سەعید)ی نووسەر/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 34


## ● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە


– زمانی ئیرۆتیکا و شیعرییەتی خەیاڵی ئیرۆتیکا/ فازڵ شەوڕۆ/ 64
– شیعری سەربەست لە ئەدەبی کوردیدا/ د. سامان عیزەددین سەعدوون/ 73
– بیاڤێن ئافراندنێن ئەدەبی د بەرهەمێن جەلادەت ئالی بەدرخان دا/ ئازاد عەبدولعەزیز/ 88


## ● وتار


– ئالان بادیۆ «کردە» لە ستایشی خۆشەویستیدا/ عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/ 99
– وەرگێڕان، دەسکەوت، یان دانوستان؟/ هادی حەبیبی/ 105
– لە ستایشی وەسف و وشەدا/ دیدار مەسیفی/ 108
– هاڤیبوونا دەروونی/ بەرهەڤکرن: سەلاح جەمیل سندی/ 110
– چەمکی پەروەردە/ سەباح عەلی جاف/ 113


## ● هزر و فەلسەفە


– لۆجیک: لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا/ د. حەمید عەزیز/ 119
– چەمکی مردن لە فەلسەفەی مارتن هایدیگەردا/ ئەحمەد ع. غەریب/ 128


## ● مێژوو


– دەسەڵاتداریێتی بنەماڵەی موکری لە سوڵتاننشینی موکریان/ لەیلا ساڵحی/ 136


## ● هونەر


– ئیستێتیکا و واتای هێمای هونەری/ تەها ئەحمەد ڕەسووڵ/ 144


## ● خوێندنەوەی کتێب


– گورگی ڕووتەڵان و کچە سەماکەرەکەی هەڵۆی ڕەش/ هاشم سەڕاج/ 149
– خوێندنەوەیەکی کورت بۆ کتێبی «مەولانا و ڕازی نەی»/ ڕێبوار سەلاح دەلۆ/ 152


## ● بە باڵابڕین


– ڕامان و بیست و یەک ساڵ تەمەنێکی ناوازە/ غەریب پشدەری/ 158


## ● سووکە لەنگەر


– ئاوەز و ئەزموونی بە تەمەنەکان/ عوسمان محەمەد هەورامی/ 160

# جەنگ
# لە بێستانی تەماتە سپییەکاندا

نەژاد عزیز سورمێ

**«ئەوە هەندێکە لە ڕۆژی من بەرێزان**
**ڕەجمی بکەن!**
**بەڵام شەو بۆ من لێگەڕێن.**
**یەحیا جابر**
**لە (ئەستێرەکانی نیوەڕۆ)دا»**

پەرستگای لایەنگیریی
هانا بۆ ساقیی خەراباتان دەبا..
گەواڵە باجستێنەکان
سێبەر لە شاخ،
لە کێڵگەی ئەستریبیان دەکەن..
بەیداخی هاوار
نرکەی نەخۆشان
پۆلی پەپوولان ڕادەکێشن..
بەنازەوە
بە هێمنی
لەنجەدار..
خەیاڵمان،
لە چاڵێکی بەردیندا
دەتگوت بەدەست خۆش کراوە
لێ بەجێ ما..
ئێستا لە بیرەوەریماندا..
لە پشووە بەتاڵە،
یەک بەدوای یەک هاتووەکانمان
دێنە دەرێ
وەک ئەوەی مێروولە بن
بۆ دەنکە دانەوێڵەیەک
سەرادووی یەکتریان نابێ..
من بەتەنێم
پاڵم بەدارگوێزێک داوە
نەوتیان بە بندا کردووە.
ئەمڕۆ زانیم
ئاوی ژێر دارگوێزی پەلک وەریو



بێ ڕەنگ و تام و بۆن نییە.
ئەمڕۆ زانیم
لەم بەهەشتە بەردراوەدا
تۆخیی گەڵای درەختان
ڕەنگی نارنجی گریانی
هەزاران ساڵ دەداتەوە..
من بەتەنێ بووم
هەور هێشتا ئەستێرەی
ئازاد نەکردبوون
چەندی بانگم کردن،
بێدار نەبوونەوە..
چەندی هەڵمتەکاندن، نەبزووتن..
دەیانگوت بە گوڵەمێخەک کەوتوون
لە بیابان پڕ بووبوون
بەڵام گریانیان نەدەهات..
ئێستاش لە خەوی هەرهەریدا
لەناو تەمی خوڵباراندان
خەریکن ئاگردانان
بۆ زستانەکانی دادێمان دروست دەکەن.
ئای تەبعی دێوەرە و عەتتاران!
بزانە ئێمە لە کوێ بووین؟
بزانە چ ڕێیەکمان گرتووە؟
سێ وەختەی ڕۆژێ،
لەباتی خۆر
لەباتی چرا
لە باتی مۆم
شکۆی ڕەهایی تۆ
دادەگیرسێنین..
گۆرانی بێباکیی
لەدەوری دەواری
قەرەجان دەچڕین..
شایی بێهوودەییمان
لەسەر کانی مرادان دابەستووە..
کانی چ کانی
ڕامانی ستراتیژیمان ئاسا
شەختەی شوباتێی لێ داوە،
داپۆشراو.. زیندانی.. بەترس.
ئیتر لێرەوە

لەگەڵ زایەڵەی سپێدەدا
من و زەمەنە بە هەڵپەکان
من و ئەسەف لێکدابڕاین..
بەڵام ئەو دەنگانە چین
بە کەروێشکەی گوڵپەڕی
شکارتانەوە دەزرنگێنەوە و نایانبینم؟
ئەو دەنگانە کە دەڵێن
دەستەویەخە ڕووبەڕووی یەک بوونەتەوە
لە وەرزی پەژموردەیی شیعردا
لە کوێ، لە چ دڵێکی ساردا دەزرنگێنەوە؟
لە بازاڕی کوتاڵفرۆشان،
کە هەمیشە بە ژنان
هەرمێنیان بۆ دەگەڕێتەوە؟
یا لە دێر و کەنیسە و مزگەوتانەوەیە؟
ئەو دەنگانە
بۆ لەگەڵ گۆرانییە بێ ئومێدەکاندا
تێکەڵ دەبن؟
ئای بەهاری نائومێدی!
بنمیچی ئەو سێبەرە
چەند نەوی بوو،
زەردە هێشتا
لەسەران ئاوا نەدەبوو
پاڵمان بە پاردەی
تەنیشت چیلەمێوەکە دەداو
ئەو چوکلاتانەمان دەخوارد
بەدزی لە گیرفانمان نابوو..
چەند نەوی بوو
ئەو سایەیە، بنمیچی چەند نەوی بوو
کە پێم دەگوتی:
تۆ هەمیشە بە فرمێسکەوە جوانتری.
ئەوە خەمی من بوو
بەسەر شانی ڕابوردوودا
نوقڵی لەدایک بوونی دابەش دەکرا.
بڕوانە!
ئەوە بەشی ئێمە بووە
خەمی زێڕین،
بە کێڵگەی ئەستێرییان،
بە باخچەی مرادان وەرکەین..

(تازە خەتی دانابوو
بیری لە باخچەی مرادان دەکردەوە.
بیری لە بووکی خەمباری
دەریا دەکردەوە،
کە دەڵێن ماسی لە خۆشی ئەو
لە دەریادا ماونەتەوە
کەچی ئەو لەسەر تاشەبەردێک دانیشتووە
قژی دادێنێ..)
وەختێ بیر لە باخچەی مرادان
لە کێڵگەی ئەستێرییان دەکەمەوە،
هەزاران گوڵ دەپشکوون
هەزاران مەل
لە شەقەی باڵیان دەدەن..
هەزاران ماسی
هەزاران ماسی دەخۆن..
تازە خەتی دانابوو
گوێی لە دەنگێک بووبوو
لە بێستانی تەماتە سپییەکانەوە هاتبوو
دەیانگوت برایان
شەڕی مان و نەمانی لەسەر دەکەن!!
ڕوون نەبووە،
دەنگی خۆر بووە، یا تاریکی.
ئێوە دەنگی خۆرتان بیستووە؟
کە لە هاواری کپی ئۆقیانووس دەچێ؟
لە دەنگی پەپوولان دەچێ
کاتێ دێن بە گۆرانی
فریوی گوڵان دەدەن؟
دەنگی تاریکیتان لێکداوەتەوە؟
ئای لە دەنگی تاریکی
چ دەنگێکی لەسەرخۆیە
لە شەقامە ئەبەدییەکانی بەهەشت دەچێ،
پەری لە شۆستە لازوەردییەکاندا
دەدرەوشێنەوە..
تەماتەی تێدا سوور دەبن.
ئای تەبعی دێوەرە و عەتتاران!
ئێمە بۆ؟
بۆ لەو هەموو مەزرەعە و باخچانە
جەنگمان بردە
بێستانی تەماتە سپییەکان؟
ئێمە بۆ قەت با نامان با
باران ڕۆژێ تەڕمان ناکا؟
بۆچی خۆر هەڵمانناکێشێ؟
دەریا هەڵماننالووشێ؟
ئێمەی ئادەمزاد،
چ دەکەین لێرە
لەسەر ئەم زەمینە،
کە هەر دڕکی تیا دەناسین؟
لەژێر ئاسمانی پێکەوە لکاودا،
ئێمە تا دێ
لە ڕۆحی سەردەم دوور دەکەوینەوە..
ئێمە لە سەدەی ئەفسانان لە دایک بووین
خوێنی تەکنۆلۆژیامان تیا دەگەڕێ.
هەمیشە بڵێسەیەک
لە بۆشایی مێژووەوە
تاوی بۆ هێناوین..
هەمیشە بڵێسە تاومان بۆ دێنێ و
بەسرووتی نەفرەت،
پەروەردەمان دەکا..
ئێمە سەتان ساڵە
خۆمان لێ ون بووە..
دەمانەوێ
بە نەخشەی ساویلکەیی
خەونی عاقڵان ببینین..
لە لەرینەوەی قامچیدا
با دەناسین.
(شەپۆلەکان مەرگهێنەر بوون..
ڕەنگی ئێوارە
لە ژنێک دەچوو
پڕ پڕ پڕ لە ژنایەتی..
بەڵام دریغ
لووتکە لە بیابان کۆ بووبوونەوە
ئاڵای خەو
ڕەنگاوی پێدا
دەهاتە خوار
خەولێکەوتووان
بە هیچ داد و یەخەدادڕینێک

بێدار نەدەبوونەوە..)

ئێمە ئەگەر
ڕەنگی مردوواغان لێ نیشتبێ
دەبێ بەرگی مردووان بپۆشین..
دەزانن؟
ئێوە دەزانن
ئێمە بەپێوانەی پۆشین
چەند ڕووتین؟
چی لە خۆر بکەم
دەگاتە بەر پەنجەرەمان و ناگات
هەڵدەخلیسکێ؟
چی لەو داربڕیایانە بکەم
لەوەهەمیان زیاتر نەگرت؟
(میوەی ژەنگاوی
بڕکی دەردگرتووی تەماتە سپییەکان
لە بیابانی جەنجاڵدا
بێ ئاکام دەیەوێ
تۆزی چۆلپەرستی
لەخۆیدا بتەکێنێ..)

دەمزانی
چاوم بەری لە ماڵێ نییە
دەمزانی
ڕێی گەڕانەوەمان ئەستەم بوو.
دەمزانی
ڕەنگە باسی شیعر و
شتی لەو بابەتەم لێ بپرسی.. دەمزانی
بەڵام چی بکەم
مۆسیقای غەفڵەت
ماندوویەتی گوڵاغان پێشان دەدا
کە بە هەناسەسوارییەوە
سەر لە ئێنجانە دەردێنن..
(چۆلەکەیەک لە سنگمدایە
نەجێی دەبێتەوە
نە بواری هەیە بفڕێ،
منیش
وەک ئەوەی

بچووک بچووک بووبمەوە
لەسەر دوگمەی کراسی ژنێک
ڕاکشابم
لە پرسەی ئاسکە هەتیو کەوتووەکان
دانیشتووم..)
ئەی نهێنی سەر ئەندازی وجوود!
با ئەم پێکەیش
لە پەرستگای لایەنگیریدا هەڵدەین،
ئەویدی،
بۆ ڕێوڕەسمە بەجۆشەکانی
خانەقای ڕەهایی هەڵدەگرین
بۆ وەختێ،
سەمای یاخیبوون
لە ڕووبەڕوو بوونەوەی تەوژمی
تاریکی و بێهوودەیی
جەستەی هەڵکوڕوزاوی بە ئێشمان
وێنەی باڵی گرانی
پاساریەکانی بەرباران
بێ نەزیر.. ڕژد
لەسەر سواندە چۆلەکاندا
باڵ دەکەنەوە
دەلەیزن گەرم ببنەوە..
وەختێ سەهۆڵ
ئاگری پێ خۆش دەکرێ،
ساڵ بەپێش مانگ و
مانگ بەپێش حەفتە و
حەفتە بەپێش ڕۆژ
ڕۆژ بەپێش سەعات.
سەعات بە پێش دەقتەو
دەقتە بە پێش چرکە دەکەوێ،
ئێمە دەگەینە ڕەهایی
دەگەینە مەیدانی جەنگ
بێستانی تەماتە سپییە ڕەنگ تێنەگەڕاوەکان..
(ئەگەر هەر کیسرایەک بووایە
گرفت نەبوو
ئەگەر هەر سوڵتانێک
هەر میرێک بووایە
گرفت نەبوو..

بەڵام نە هی ئێمە
کیسرایەک و سوڵتانێک و میرێک نییە..
ئاوڕ بەلای ڕۆژهەڵاتێ دەدەینەوە
هەزار کیسرا
چاو زەق بۆمان ڕاوەستاون.
سەر بڵند دەکەین
سوڵتانەکانی گۆڕستانیش
لێمان هەڵدەستنەوە..
ڕوو بۆ باشوور وەردەگێڕین
هەزاران هەزار
شمشێری دوو دەم
هەڵکێشراون...)

چیا و مێرگ
بە قەڵەمڕەنگی ئەوان
دروست نەکراون
ئاوی ڕەوان
ئەوان ڕێیان بۆ
هەڵنەبەستووە
ئەوان شەپۆلیان،
بە گەڵای سپیدار.
نەبەخشیوە
سێبەر بگرن
ڕوناهی لە گیرفانی
تاریکایی بشارنەوە..
ئەوان عاشق نین بتوانن
ڕێبەندانان سەفەر بکەن.
ئاسمان نەبا
لە زەوی ڕۆدەچوون
زەوی نەبا
کێڵگەی ئەستێرییان
دەرزیئاژنی دەکردن
خۆخۆری و شەرمنی ئێمەش نەبا
بە تەنیا دەمانەوە.
ئای نهێنی سەر ئەندازی وجوود!
مردم ئەوەندەی
ئادی ئەستێران بکەم.
لێم برا ئەوەندەی
ڕووبار و دەریایان ئاو بدەم..
ئەوەندەی دان بەسەر
جۆخین و خەرمانان وەربکەم
نە ڕێگام دیتەوە
نە کۆدەکانم پێ کرانەوە..
ئێستا بیابان چۆڵ نییە
شەبەقی بۆ کپ کردن،
ئاگری ناو پووشە.. تەنیوەتەوە..
ئێمەش هاتووین
چیامان بۆ چەند بیرە نەوتێک
چۆڵ کردووە.
بێ ڕۆح، لە سەرابی بیاباندا
پاڵمان لێ داوەتەوە..
نەقومێ ئاوی شینکاڵەکانمان پێیە
نە چەپکە گوڵێکی کێوی
خۆمان بەبیر بێنێتەوە..
ڕووت و قووت
هاتووین چاومان بڕیوەتە سەراب
سەراب و سەراب و سەراب
ڕەنگە ئەوە دوا عەشقمان بێ
خوایە وانەبێ!
ڕەنگە دوا جارمان بێ
چەکەرەی چرۆیان
کرانەوەی گوڵان ببینین
خوڕەی ئاو و قاسپەی کەو و
جریوەی مەلان ببیسین
خوایە وانەبێ!
خوایە با ئەوە مۆتەکەیەک بووبێ
ڕاستی نەبێ
بێین دار بەڕوو
لە تەنیشت بیرە نەوتان بڕوێنین
ئاسکە کێویلەکانی کوێستان
لە حەوزی نەفرەتیی نەوت باوێین
خوایە وانەبێ..

**شوباتی ٢٠١٦**

# نەشتەر! بە ڕەنگێکی دیکەی ترەوە...

یوونس ڕەزایی
(بۆکان)

بە کۆڵانەوە دەتبینم
لە "تابووت"ی خۆتدا ڕووبارێکی تری

(واتە ڕابوردووت کە وێنەیەکی لێڵ بوو لە دەریا...
واتە دەریا
نەک ئەو کاتانەی بڵێسەکانی شێتن
ئەو مەحەل کە دەفی مانگ زەرد و بێدەنگە
لە دیوانی شاعیراندا... کە ئاسمانێکی غەوارە

واتە ئاسمان تەختە ڕەشێک نەبوو
ئەسپێک تەقڵە کوت تێیدا شیعر بێ
زەمینیش جەغزێک نا بە دەوری ... دۆزەخدا

بە کورتی ... باران لە کۆڵان دەبارێ و
من جگەرەیەک لە بەر پەنجەرەکەم دادەگیرسێنم
و هەر هیچ... باخێک بە زەمانەوە نابینم ...
بێ ناسنامەیەک لە باڵێکی سوور)

بە تاریکەوە دەتدوێنم
وێڕای ناخی ڕەوەزێک مات...
(ڕەوەز بە واتاکانی ئینسانەوە نا... لە مێژوویدا
بە قەڵافەتی ڕابوردووشەوە نا... کە بەرزە و دوور لە
ڕەنگەکان
بە قووڵایی شەوگارەوە... کە بێ سەروشوێن دەبێ
ئەسپێک لە بوومێکدا
کە سەوزە تا هەمیشە.

سووریش واتای دیکەی جودا لە تەقینەوەی پرسووس و
ئاڵای چین و ڕیستوورانی تاڵی قاوە

سوور هێمای دی
هوتێلی تر
شیعری دیکەش
وە خەنجەرێکیش کە دڵۆپ دڵۆپ خۆتی ... لە کالانی
تەوەللا



بۆ من کە تابووتت لە سەر شانم ... دەگمێنێ

– من تا لووتکە ... تا بەرزایی خوێن... تا هەتاو
من تا باران...تا ناخی دار...تا لاپەڕەی ڕوونی کانی
تەنیا تەنیا تابووتت ئەی مێژووم
بە زاراوەی خۆشم
سارێژ دەکەم.
وە دەتلێمەوە بە نووکی نەشتەرتدا
دەزانم ... تا سنوورێکی کە مەزاری ئاورە....

لاپەڕەکانی دوێنێ دیسان بە شەقام وەربوون

لاپەڕەی یەکەم خەون بوو
دووەم خوێن و وێرانی هەتا سنوورێک لە ئاو
لاپەڕەکانی دی پەڕەوازەی ئاور و تەنیایی

دوا لاپەڕەم تەلەڤزیۆنێکی مێوینە
– ببوورە من میهرەبانیی
واتایەکی دی بۆ خەنجەر
ڕێیەک بۆ پەڕینەوە لە مەرگ... لە مێوینەکاندا دەبینم –

"ڤی تی"یەک سەبارەت بە مێژووی ئوتریش و
ئۆپێری با
فیلمێک لە سەر دۆلفینەکانی دبلن و
تەنانەت بەرلینیش ... بەو هەموو شوورەیەوە... کە
شوورەیی بوو

دوا لاپەڕەم درێژەی تابووتت نا کە ون بوو
ڕووبارێک دێڕ بە دێڕی سبەینێ

ماڵئاوا سوور! ... بە واتایەکی دیکەوە
نەشتەر ! بە ڕەنگێکی دیکەی ترەوە...
کە سوور نییە... لە زمانتدا شاراوە.

**تێبینی:**
**لە ژمارەی (٢٢٧)ی گۆڤاری ڕامان، واتە لە ژمارەی ڕابوردوودا، نووسینێکی ڕەخنەیی د. ڕەهبەر مەحموود زادەمان سەبارەت بەو شیعرە بڵاوکردەوە.**

# ئاژاوەی با...

سمكۆ محەمەد

لە نێوان بزێوی یار و ژاوەژاوی شار
خەجاڵەتی دەكێشم كە خەریكە عیشقم بیر دەچێتەوە
چون عیشق لەگەڵ دەستاو دەستكردنی پارەدا نەما
یار.. هێندە ئاژاوەچییە
وەک جاران شەرمن نییە تا ئاشتم كاتەوە
ئەوەی كە یار دەیكات
لە كاری ئاژاوەچییەكان دەچێ.. لە داخی خۆیان سیپاڵی
خەڵک قەد دەكەن
لە داخی خۆیان گوێسەوانەی دوژمن سواق دەدەن
داخۆ كێ بتوانێ بەبێ یار گوێ تەقی هەموو شت بێت
كێ بێت بتوانێ لەنێو ئەو حەشاماتەی شار.. شا
كەسێک بدۆزێتەوە
بڕواناكەم كەس هەبێ... ژیانیش تێكچڕژاوە و من
نایناسمەوە
قەناعەتێكی جوانە وەک كایا بڵێین ئەی یار (با نەچین بۆ
شار.. بزر دەبین)
با نەچین بۆ شار ترسنۆک، درۆزن، چاوچنۆک، بێ
ویژدان، قاتڵی ڕوح دەبین
هێندە مەغروور دەبین كە نەتوانین نانی جۆ بخۆین و
شەوێک لە ماڵێكی قوڕیندا بخەوین
لەوانەش خراپتر ئەوەیە كە ترسم لە تووڕەبوونی یار
لە ترسی حەشاماتی شار قورسترە
تازە درەنگە..
ساڵێكی تر كە من هێشتا لە خەیاڵی ئەودا نیم سەردانم
بكات
كەوتە بەر چەقۆی قەسابەكان
ئەو قەسابانەی كە هەمیشە لە خزمەتی ورگ زلەكانن و
خەیاڵیان لای قوربانییە
سەیرم پێ دێت شتێک هێشتا لە زەینی خەڵک ماوە،
كە ژیان بە پێوەیە
كەچی كۆتایی دڵشادی بە پشتوێنی بۆمبڕێژكراو بە
دەنگێكی نەشاز هاوار دەكات
ژیانێكی تر بەڕێوەیە...
بەڵام كەس ئەو ڕاستییە نازانێ كە تەختی پاشا
لە ناوەڕاستی شاردا چەند شەبەقێكی تێكەوتووە



ئەو کوڕانەش کە تا دوێنێ حەزیان لە شۆڕش بوو وەک من
ئەمڕۆ بۆ ئاژاوە دەگەڕێنەوە بەر خوێندن و سۆراخی یاری کۆن دەکەن
ئەمڕۆ دەگەڕێنەوە بۆ لای یار بۆ لای قەڵا سپییەکان و شوێنەواری دەستدرێژی دوژمن
ئەمڕۆ دەگەڕێنەوە بۆ لای کێڵگەی پڕ لە بەرائەتی ئەو جووتیارانەی هەڵخەڵەتێنران بە شار
ئەمڕۆ دەگەڕێنەوە بۆ خواردنەوەی ئاوی ئەو ڕووبار و کانییەی بەلوعەکانی گرتەوە
من بە بینینی ئەم وێنانە غەریبی ڕابوردووی خۆم و ئارەزووی لەشساغی دەکەم
پیاوانی دڵتەڕی میریش.. بە شانازی و بەلووتی بەرزەوە
لە سەیرانن و ژنەکانیشیان لەژێر چارشێوەوە مەکر دەکەن و پێ دەکەنن بەو دوکاندارەی لە داخی بێ بازاڕی نوستووە
لە حیرەتا گەرووم هیشک دەبێ کە دەبینم خەڵک لەنوێ تازە دەبێتەوە و ئێمەش هەروا کۆن دەبین
لافاوی پێکەنین هەڵساوە بەقەد زریانەکەی ئاسیا گریانی پێیە
کەچی خەڵک هەر گۆرانی بۆ ڕۆژئاوا دەڵێن
دەمەوێ دوور بکەومەوە لەو شێتییەی کە ئاژاوەچییەکان خودوویان پێوە گرتووە
یار ناهێڵێ... شار ناهێڵێ
لەبری تووڕەبوون..... وێنەیەکی کۆنی خۆم و یار کە لە ڕۆژنامەیەکدا بینیمەوە
بەدزییەوە دەیبەخشمە ئاژاوەچییەکان
دەزانم ئەوانیش ماندوون
ئەوان ڕۆژنامە وەک سفرەی جەنگ تێگەیشتوون
تەنها لە کەلاوەدا پشوویان داوە
تەنها لەبەر باران خۆیان بە تەڕی بینیوە
لەپڕ کەسێک بەخاترجەمییەوە کە ساتمەی دەکرد بەسەر پێپلکەکانەوە
گوێم لێ بوو بەمێی دەگوت "نەرمونیانن... تەنها بۆ شەو باشن"
من ئەمە بەتاوانێکی گەورە دەزانم
کەچی خۆیان پێی گەش دەبن و شەنگ دەیانگرێ
هەر ئەو کەسە هات و گوتی ئەمڕۆ یار نایەت بۆ شار.
نۆرەی پیاوە
حەرێمێک لە جیاتی تووڕەبێت..
دێت و ختووکەم دەدات و گەرەکیە بە دەنگی بەرز بیمەوە
بە پیاوەکەی جاران
لەبەر پێکەنینی جەنگاوەر و دیلەکان
حەشامات و بینەرەکان
پیاوانی بازاڕ و ژنی میرەکان
کەس نییە وەک ئەوان لە ئاست خۆیان دابچڵەکێ
من هێشتا لە هەیوانی کۆشکەکەی باپیرمم و بیر لە یاری کۆن و یاری شار دەکەمەوە
عادەتەن لەجیاتی میریش
سەری نەوازش بۆ ژنەکەم دادەنەوێنم
دیسان ئاوڕدانەوەیەک لە ئاژاوەچییەکان دەدەمەوە
لێرە بەسەرهاتی سفرەیەکی خاڵی لە گۆشت
قەسابخانەیەک تەنها مێزەر بەسەرەکان دەناسن
گەڕەکێکی تەماوی لە بۆنی خوێن و پیسی کاسکردبوو
گەڕەکێکیش لە بۆنی جگەر و هەناو و چڕەدووکەڵ
پاسەوانەکانیش وەک سەگی بەرەڵڵا
لەحەژمەتان سیپاڵی یەکتر دەدڕن
سەنگەریان لەو خەیاڵانە گرتووە کە دوژمنی شارە
ئەمەیان میر نییە و چڕی شار نییە..
خەتای تووڕەبوونی یارە..
خەتا لەوەیە کە ئەو کاتەی هەموو شتێک وەک بنێشتی کۆن دەبزڕکێ
خرمە خرمەی دەستشکاندنی من و ڕنینەوەی پرچی یار
بە دەستی پۆلیسی خەیاڵ لە شاردا
هێندەی خەڵک دڵڕەق کردووە
فرمێسکێک نابینی بە چاوی کەسەوە
شار چەند ناخۆشە.. هێندەش بە ئاژاوەچییەکانەوە جوانە
یاریش هێندەی شار ئاژاوەچییە...

**کایا: ئەحمەد کایا هونەرمەندی ناسراوی کورد لە تورکیا کە یەکێک لە ناڕازییەکانی دەوڵەتی تورکیا بوو، لە پاریس کۆچی کرد.**

# زوو چوو

شاهۆز حاجۆ
(قامشلۆ)

تیرەک بوو
تیرێ جیێ خوە گرت و چوو
کێلیک بوو
ژ ناڤ تلیان حەرکی و چوو
نەرینەک بوو
ئۆخرەک ژ من خوەست و چوو
ئاورەک رەڤۆک بوو
ژێ تێرنەبووم، زوو رەڤیا و چوو
بلەز بوو
نیگارەک سپەهی بوو، دیمەنەک ئافراند
و چوو

خوەست سەر کنارێن من رە دەرباس ببە
خوەست بلەز د بەراڤێن من دە بگەڕە
خوەست زوو د ئاسمانێ من دە بفڕە
خوەست ببەز هەڕە
ب ئاورکێ من تالان بکە
و هەڕە

ئەو
هین، بچووک بوو
چەلانگ و جان سڤک بوو
ئەز، خستم خەفکا خوە
و چوو

وێ
دزانیبوو
کو دلێ من بێ کلیتە
دزانیبوو
کو هەستێن من بەلەنگاز و سێوی نە
وێ
دزانیبوو
کو د دەریا چاڤێن شین دە
ئەز مەلەڤانی مە
بنەرینەکێ



داڤک ڤەدا
کرم نەخوەشێ ئەڤینێ
و چوو

زەریێ
نەکە لەز
ئاوڕێن وەستای
بێ هەدان ل تە دگەرن
ل چاڤێن تە دگەرن
خوە دوور نەکە
خوە کوور نەکە
د ناڤ باسکێن ڤینا من دە
خوە وندا بکە
سینگا من
ژ خوە رە بکە هێلین
ئاورەک سەیر و هەلەز
دیاری من بکە
هێدی ب سەر من دە وەرە
نەکە لەز و بەز

ناڤێ خوە ل سەر دارا من
بکۆلە
نیشان بکە
ئەڤینا مە
گولپەری
ل بەر دلێ من تو دلبەری

ئەز ئێ
بدم دووڤ تە
تو زەریا منی
تو بکوودە هەری
تو یا منی

ئەزێ
ببم رێویێ شۆپا تە
د خەیالان دە
داسۆیان دە
ئەزێ
ئاوڕێن چاڤان لگۆر خوە ڤەهوونم

ئەرێ
ژ تە هز دکم
نا ڤەشێرم ئەڤینا خوە

ئیشەڤ
ئەگەر شەڤ تاری بە
ئەزێ
دەست باڤێژم فندا تە
پڕ نێزیکی، ل نک منی
سۆتم ژ نێزیکبوونا تە
بێریکرنێن من بێ سینۆر ن
من دوور نەکە ژ سینۆرێن خوە

زەری
ئیشەڤ
تاڤەهەیڤە
ئیشەڤ
بەندەوارم
ئێڤار ئە
دەرەنگە
د دل دە پەرەنگە
شەڤ سایی یە
دیسە ل بیرا من
بەژنا تە

**ئەڤ هەلبەستە ب رێنڤیسا لاتینی ل مالپەرا (وەلاتێ مە) دا بەلاڤ ببوو. ژ ئالیێ مە ڤە هاتە ڤەگواستن ژبۆ رێنڤیسا نها ل هەرێمێ لکارە.**

**«رامان»**

# بیانوو

**فەڕوخ تەمیمی**
**لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**

بیانووی خەو لە چاو زڕانم
بۆنی خۆشی لەشی تۆ بوو
لە باوەشی پێخەفدا گوڵاوی دەچاند
هەتا دەمەدەمی بەیان
چەندە ناسک دڵمان لە یەکتر گرێ دا
گوتت:
«دووری و خۆشەویستی[١]»
لە دووی بەهانە نەگەڕاین
چەندەش بە دوور لە ڤین لە یەکتر دابڕاین
کاتی ماڵئاوایی کەوا بەرەبەرە بوو بە تەمەن
زەمان لە نێو دەرگانەدا خەریک بوو دەکەوتە دەرنگ
خرخاڵی تۆ لەسەر هەوای پۆپ کەڵەشیر دەبووە
ئاهەنگ.
بەڵام ئێستا کە ڕۆیشتووی
بۆوەی ئەم خەونە ڕەنگاڵە
وەبەر پڕشنگی باوەڕ دەین،
دڵمان بە ڕزگاریی تەمومژاویی کامە خولقێنەر
دەبێ خۆش کەین؟

**سەفەر**

دیمەنێکی جوان و دڵگر نییە سەفەر
تا بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئەم خاکە بهاوێژرێی
چەندە خۆشە جادەکان درێژ کەینەوە
بەڵام نابێ
دەستەکانیش چەندە کورتن
ئەو دەستانەی کە درێژ بوون
ئەو دەستانەی کە کانیاویان دەگەیاندە ڕەزی تینوو
لە باخیدا، چەترە وەنەوشەییەکانی باڵی کوللە
دەبووە ساباتی پڕ هێمنایەتیی تەور بەدەستەکان
هەزار وایلۆک دەبوو بچڕین،
بەڵام مخابن، مخابن
دەرفەتی یەک ڕستەش نییە.
لە نێوان بەهەشت و خێڵی تازیەباران
تەتەڵێکی مەڕ مەڕ هەیە
وەسوەسەکردنی ساتێک دەخایەنێ.



ماچ کردنی لێوی تەوریش
ڕەنگە
بەرگی هەرمان بکاتە بەر ئەم ساتە کورت و پڕ وەسوەسانە.

**پرسیار**

چۆن مردن بۆ خۆی ڕازێکە؟
ئەم ڕستەیەی
بە سەمای عاشقانەی خۆی بە حەواوە کێشایەوە.

* * *

کارتی بانگهێشتنەکەی
مانگ و خۆری پێوە بوو
هەسارە چووکە و بێ ترووسکەکان
بەڵام، هەرگیز!
وەک دەڵێن شێوی شەو جەجاڵ
هاوکات لەگەڵ ئەنگووتنی گزنگی خۆر
– لە نیوەی هەزارەی سێیەم –
لە تووری کەونارای زەردەشتەوە دێنێ.

* * *

چۆن دەبێ بمرین؟
من
خولێکم بە دەوری زەویی سووتاودا لێدا و دیتم
گراوی هەزارەی سێیەم
باسک و ڕان و بەرغەبەبەی مەرمەڕینە
وەسمەی قاجاری داوە لە برۆی زێنەب خاتوون.

* * *

چۆن دەبێ بمرین؟
بوودایییەکان
هیندییەکان
ئاوەنگی بەردی مەرمەڕی کاشان
وەک دەڵێن نزیکەی سەد و پەنجا دەبن
(هەڵبەت بە دەرگاکەیەوە).
چۆن دەبێ بمرین؟
چۆن دەبێ وەمێنین؟
لە چاوی هاوڕێیان و خزم و عەولادا؟
کلەی چاو لە ئاورە، دوور لە خاک.

* * *

ئەگەر جگە لەوە، زەوی
زەویی هیند و چین
گۆڕستان
گۆڕستان
گۆڕستان

* * *

شازادەی عەشیرەتی ساکیا
بە ئاگایە و زانا و وشیار
ئەو بوودا بوو.

**سەرچاوە:**
**فصلنامەی تخصصی شعر، شمارەی ششم، زمستان ۱۸۳۸.**



# هوتێلە بێ ئەستێرەکەی ٥ وێن

**عوسمان محێدین**
**(کەرکووک)**

لە منداڵییەوە سەوداسەر بووی، شەیدای شوێنی دوورە دەست و چڕی دارستان و کێوە بەرزەکان بووی، بێ خەبەر لەوەی لەوێندەر چ دەگوزەرێ، تۆ خەونی شێتانەت دەبینی، یان چاترە بێژم خولیاکانت بۆنی کەسێکی شێتبوویان لێ دەهات، تا ڕۆژگارێ هات و پەلی گرتی و فڕێی دایتە ئەو مەرزانەوە، مەرز لای تۆ بە مانای کەنارگرتن و دابڕان بوو لەژیانی پڕ غەوغاو دەنگە دەنگی پێشووترت، هەر لەوێ فێری قاچاغچێتی بووی، چای سیلان و وێسکی بلاک جاک و شیفاز و شووشەواتی تورکیی بەپشتی هێسترەوە دەتبرد بۆ ئەو دیو، ماوەیەک ئاوها لەجەنجاڵی شار و وایەری موەلیدە و تاسەی ڕێوبانەکان و تی ڤییە ناوخۆییەکان دوور کەوتییەوە کە تەواو لێیان جاڕس بووبووی، شەوانە تەنیا بە دیار کەناڵی سەتەلایتی نیمچە ڕووتی سینە بێشەوە دادەنیشتی و شەبەقیش بە جووتێک جزمەی سپی هێسترەکانت ئالیک ئەدا، هەرئانێکیش بارت بە کرێ بگرتبا ، مزەمزت بوو لە خۆشیدا نقوومی ڕۆیشتنی ئەودیو ئەبووی. چەند ساڵێ وات گوزەراند، وەکی سەگە بەرەڵڵایەکی بێباک، بێباک لە سەرماوسۆڵەی زستانان و سفرەی گەرمی ژنان، تۆ ڕێک وەکو ئەو سەگانەی بەرەڵڵان دەژیایت، وێڕای تانەی خەڵکی هێشتا چاوقایم بووی، سەرباری مردنی هاوڕێکەت لەو کارە هەر بەردەوام بووی لە یاری کردن لەگەڵ مەرگدا، مەرگ لای تۆ لە مەرگاوی کەڵەبابیش خۆشمەزەتر بوو، ئای لە تۆ، چەند دەماخسز بووی؟.

دواجار کۆتاییت بە قاچاغچێتی هێنا و دەستت لە کارەکەت هەڵگرت، گەڕایتەوە بۆ شار، بووی بە میراوی ماڵان، ئاوی گەڕەکی ٢٢ی هەواری ئاسکانت ئەکردەوە، حەفتانە سێ ڕۆژ دەبوو ئاو بدەی بە ماڵان، بە دەست خەڵکەوە بووبووی بەپەنگ، دوو ڕۆژ ئاویان نەبووایە جنێو بە خوشک و دایکت بە لێزمە دائەباری، ئەگەر سەعاتێکیش ئاویان

زیاتر بۆ بڕۆیشتبایە هەر ژنە و بە مەکسییەکی ناحەزەوە سەری سۆندەی ئاوەکەیان لە مابەینی لنگیانەوە شۆڕەکردەوە و قیرەکەیان ئەشۆری..! لەبری ئەوەی خۆیان بشۆن، هەندێ جار خۆزگەت بە ژیانی لای هێستر و ولاخەکانت دەخواست، مەرز بۆ تۆ وەکو پەڕەی کاغەزێکی سپی وابوو، خۆت لە خۆتەوە ڕەشت ئەکرد، خۆت ئاغای خۆت بووی، تەنانەت ئاغای هێسترەکانیش بووی، شار وەکو قەوانێکی پڕ لە هەڵیت پەڵیت دەهاتە پێش چاوت.

دوای دە ساڵ دیسانەوە ناچار بووی بچیتە مەرز بۆ پێشوازی نزیکترین برادەری منداڵیت، هەر دەبوو بڕۆی، ئەو کەسی تری شک نەئەبرد، تۆ خۆت بریندار سەر مەرزبووی، بۆ چەند ساڵێک زاتی ئەوەیشت نەبوو سەردانی ئەودیو بکەیت.. یادەوەری فرەت هەبوو، هێشتا جێ هەنگاوەکانت لەگەڵ جێ سمی هێسترەکان ئاویان تێدا مابووەوە، خزین و سەرسمی بەرزایی ملەکەوەت بیر نەچووبۆوە، تەنانەت یادەوەری تاڵی کیژە نازدار و خۆشەویستەکەی دڵت کە خەریک بوو لەو بەرزاییەوە بە خۆی و ماشێنەکەی گلۆربێتەوە و تیابچێ، ڕۆژی دیدارەکە هات، پاڵەپەستۆی سەر دڵیشت هەتا ئەهات زیاتر ئەبوو، هێشتا بەیانی زووبوو چوویتە گەراج و سواری پاسی کۆستەر بووی و چەند سەعاتێ ڕێ و ڕاگرتنی بازگەکان تەواو ماندوویان کردی، ماشێنەکە نزیک دوایەمین شارۆچکەی سەرسنوور بۆوە، ئەو شارۆچکەیەی بە شاری بەفر ناسرابوو، زستانان وەکو بووکێ بە جلکی سپی ڕازاوە ئەبوو، لە تەک دەرکەوتنی قوولەکانی قەڵای کچێ و نزیکبوونەوەی وێستگەکە، تۆیش نزیک مردنی لەحزە بە لەحزەی خۆت ئەبوویت، وروکاس دوایین نەفەر لە پاسەکە هاتییە خوارەوە، سەیری ئەم لا و ئەو لات کرد، ڕووت کردە ماشێنەکانی سەرمەرز، چوویتە لای چۆمەکەی نێوان دوو وڵات، دوا خەتی دیاریکراو، ئەم بەری چۆم پێیەکانی تۆ و ئەو بەری لوولەی سەربازی وڵاتێکی بێگانە و پڕ فیشەک، تا عەسر هەڵترووشکای و یەکە یەکە یادەوەرییەکانی ئەودیوت هاتنەوە بەرچاو، لاپەڕە دوای لاپەڕە بەدەم کزەبای ساردی بەفری شاخەکانەوە، هەڵئەدرانەوە، چاوەکانیشت هەتا هەتەری ئەکرد نیگای لە جموجۆڵی موسافیرەکان بوو، عالەم گەیشتن میوانی تۆ نا، عالەم هاتنە ئەمبەر چۆم، میوانی تۆ هەر مێشێ میوانی نەبوو، بۆ خۆشت کز کز دانیشتبووی بێ ئۆقرە، تاریکی شەو هێدی هێدی پەردەی نگارینی خۆی ڕائەخست، جریوەی ئەستێران پەیدا بوون، تۆیش دەسبەتاڵ گەڕایتەوە شارە سپییەکە، لەوێ هیچ ناسیاو و ئەدرێسێکت لانەبوو، تەنانەت بیرت چووبوو کە چەند ماڵێکی دۆستی کۆنت لەوێ مابوونەوە.

نائومێدبووی، سەرما لەلایەک و بێ هیوایی دیدار لە لایەکی تر داڵغەیان تەنیبوویتەوە، دەبوو چی بکەیت؟.
کتوپڕ هات بە بیرتا بچیت هوتێلێک بدۆزیتەوە، چوویت، پرسیت، ناوی دانەیەکیان پێدایت، ڕاستییەکەی هەر ئەو دانەیەش هەبوو، گەیشتییە بەردەم بینایەکی دوو نهۆمی بلۆک، چوویتە میوانخانەکەوە و تەنیا یەک زەلامی لێ بوو، پیاوێکی سوورکەڵانە و قژ نیمچە ڕووتاو و تەمەن کامڵ دیاربوو، دەستپێک ناسنامەکەی لێوەرگرتی و ناوتی لە تۆماری میوانەکانی هوتێلەکە تۆمارکرد، زیت زیت لە ژێرەوە سەیری دەکردی، تەلەفۆنی کرد، تێگەیشتی لەبارەی تۆوە لەگەڵ ئاسایشی شارۆچکەکە قسانی بۆ دەکردن، دوای تەلەفۆنەکەی، پێی وتی:" من درەنگانێ ئەڕۆمەوە بۆ خۆت پشوو بە بێ خەم!." لات سەیر بوو، چۆن دەبێ بە تاقی تەنیا لە هوتێلێکدا بی ؟ لە دڵی خۆتەوە دەتوت:"خوایە تووشی چ بەڵایەک بووم" ، مێشکت ئاڵۆزا، سەرماش لەدرزی پەنجەرەکانەوە ئەهاتە ژوورێ، لە هوتێلێکدا زیندانیکراوبووی، مەگەر زیندانی هەر ئەوە نییە کەسێکی تر لە کونی ژوورەوە قایمت بکات و کلیلی دەرگا داخراوەکەیش لای ئەو بێ، تۆ ڕێک لەو دۆخە بووی، هەزار و یەک غایەلە کەوتە ڕوحتەوە.

بە درێژایی ژیانت هوتێلی وەهات نەدیتبوو، هوتێلێکی بێ ئەستیرە و بێ خزمەت، تەنانەت بێ میوان. هوتێلەکە لە زۆر ڕووەوە بە ماڵی خۆتانت ئەچوواند، بۆ نا ؟ چۆڵی و ساردوسڕی و بێ میوانی، بەڵام تەنیا یەک جیاوازییان هەبوو، ئەویش وێکڕای دەرگەکانی ماڵەوەتان بە دەرگەی جێخەوەکەیشتانەوە قوفڵ و کۆڵۆمیان نەبوو، هەرگیز دەرگەیەکتان نەبوو کلیل بخوا، تا چرکەساتی مانەوەت لە هوتێلەکە لە ژیانتدا کلیل واتای نەبووبوو، شەوێکی مانەوەت لەوێ یەکسان بوو بە هەزار شەوی ڕەبەقی نێو فارگۆنی قیتارێکی هیندستان، بانگی بەیانی وەکو ئەوە

وابوو سەتڵێک ئاوی سارد بکەن بە سەر دڵی برژاوت، دواجار گزنگی خۆر بەسەر بەفرەکەدا دەبریسکایەوە، هالاو لە بان ڕێگە قوڕاوییەکانەوە هەڵئەسا، ئەتوت هالاوی سەر مەنجەڵی برنجەکەی دایکتە، بە تامەزرۆییەوە کەوتییە بیری بۆنوبەرامەی پڵاوەکەی دایکت، خاوە خاو خاوەن هوتێلەکە لە ماڵی خۆیانەوە هات و دەرگە کلۆمدراوەکەی کردەوە، خەیاڵاتت دایان لە شەقەی باڵ و تەمی دەروونت ڕەوییەوە.

هەمدیس گەڕایتەوە سەر سنوور، کۆتا خاڵی پشکنین، لای دەستی ڕاستی شاڕێیەکە چایخانەکی لێ بوو، چوویت چایەکت داواکرد، بەو بۆنەیەشەوە بۆ خۆت دانیشتی، کابرای چایچی پیاوێکی لاواز و بە تەمەن بوو، دەموچاو قوپاو لەسەر زۆپای چایخانەکەی پارچە تەنەکەیەکی دانابوو، چەند لەتە گۆشتێکی تەنکۆڵە و پانی هێنا و خستییە سەر تەنەکە داخەکە، ئەیوت: ئەم گۆشت برژانە ئەمریکیانەیە، ئەوان زۆر حەزیان لەم جۆرە برژانەیە، وەڵڵاهی بابە حەقیانە پەح کە بەتامە، بە چەقۆیەکی ئەڵقەدار ئەم دیو و ئەودیوی ئەکرد، ئینجا ئەیخوارد.

بەبەردەم چایخانەکەوە قەتارە ئێسترێک باریان بەپشتەوە بوو، بەتەنیشتی ڕێگاکەوە ڕەت ئەبوون، لەو لاشەوە سەدان لۆری بارهەڵگر و تەنکەری نەوت ئاپۆرەیان بەستبوو، باری نێو لۆرییە بارهەڵگرەکان تەماتە و میوەجات و مۆز و پلاستیک و دۆشاو و تانەکۆرە و ئەو جۆرە شتانەیان هاوردە دەکرد، لەبەرانبەریشدا تەنکەرەکان نەوتی خاوی بن زەوی نیشتمانی تۆیان هەناردە ئەکرد، ئیتر مەرز وەها شایلۆغان بوو، کەس بە کەس نەبوو، تۆیش نقومی ئەو دیمەنە لێکدژ و هیچوپووچانە بووی، لێوت بای سارد و خەفەت وشک وشکی کردبۆوە، ڕوخسارت پەڕیو، بازهەم دڵت لە ڕیتمی خۆی دەرچووبوو، چاوەکانت تەنها ڕووەو ڕۆژهەڵات بوون، عەسریان تیا زابوو.

سروشت و شاخوداخی ٥ وێن وەکو دڵی کچەکانی ڕەق و تیژ بوو، زوو بە زوو دڵی موسافیریان هەنجن هەنجن دەکرد، هەموو ڕێگاکانی ئەو شارە دەچوونەوە ڕۆژهەڵات، ڕۆژهەڵاتی ئەو دیو، ئەو دیوی وڵاتێکی تەواو جیا، پڕ لە ڕەمز و ڕاز.

بە دانیشتنەوە خزابوویتە کەنار ئەو جۆبارە باریکەی کە بووبووە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان دوو وڵات، ئەو جۆبارە بووبوو بە تەلەزی نێوان ئەم دیو و ئەو دیو، سەرچاوەکەی لەو دیو بوو، ڕێڕەوەکەیشی بە نێو دەشت و باخ و گوڵزاری ئەم دیودا بوو، وەکو کەسێکی ڕاکشاو وابوو سەری لەو دیو و لاقەکانی لەم دیو بێ، جار ناجارێک لەبەر خۆتەوە دەتوت:"کێ لەم سنوور و خەت و مەتە سەر دەر ئەکا؟...ئەی ئی خوا کامەیە؟ خۆ هەموو سەرزەمین دابەش و تاپۆکراوە و تابلۆی ناوێکی لەسەرە، ئەدی مەگەر هەموو عەرز و عاسمان ئی خوا نییە؟ ئەم دۆخە مایەی گەمژەییە..! کەس دەزانێ کە ئەم جۆبارە وشک بێ، ئیتر سنووری چی و تەڕەماشی چی؟".

هەرچەندێ تووڕە و تەنیاتریش بای، هێشتا ئەو شارەت لا شیرین و دڵگیربوو، زەمانێ بوو پەنا و مەنزڵگەی هەزاران دەربەدەری کۆڕەوێکی حەشیمەت ملیۆن کەسی بوو کە لە ترسی مەرگ هەڵهاتبوون، هەروەسا دوا مەنزڵی سەدان و سەدان ڕێبوار و پەککەوتە و مناڵی ساوای ڕەقبردوو بوو، لەقەراغ جادە و بانەکانی بەین نابەینێ گۆڕێکی تەنهات دەبینی، بەنیگایەکی قووڵ لەبەر خۆتەوە، دەتوت:" کێ ناڵێ یەکێک لە دەرگەکانی قیامەت لێرەوە ناکرێتەوە؟ کێ چووزانێ ئێرە شوێنێکی چەپ و دوورە دەستی سوڵتانەکانە؟ بەفر لێرە واتا و مەقامی تایبەت بە خۆی هەیە، بەفر لێرە تێکەڵ بەخوێن و خوێش بووگە".

دووکەڵدانی سەرماڵەکان چەند بە ئارامی سیگاریان بە بادا دەدا، وەکو کۆتری تۆراو بەرەو تاقی ئاسمان هەڵئەفڕین، تۆیش لەگەڵ دووکەڵەکانا ئەڕۆیشتی، ئەوان بۆ بۆشایی ئاسمان، لێ تۆ بۆ لای سۆزی جارانی شارە سپییەکە..!

کۆتا جار سەرو گوێلاکی میوانی دوورە وڵاتت دەرکەوت، بە جانتایەکی زل و قورسەوە، ئەو شەوە بەرەو ماڵ بوویتەوە، لە نێو قسە و باسی برادەرکەت و گەرمی نێو قەمەرەکە خەوت لێکەوت، ئیدی هەر ئەو خەوەت بوو هەڵنەسایتەوە.



# چوار مینیماڵ

**جەبار سابیر**
**(سلێمانی)**

(١)

## باڵندەی ناو خەونەکانم

دوو باڵندەی زۆر چکۆلەو دەنگخۆشم گرتبوو، بیست و چوار سەعاتە دەیانخوێند و بۆ یەکیان دەسەندەوە، وێڕای خۆشی دەنگیشیان، کەچی مرۆڤیان بێزار دەکرد و ڕێک لە دوو بەندبێژی گەڕۆک دەچوون.

کاتێک خەبەرم بۆوە دوو باڵندەکە لە قەفەسێکی زۆر گەورەدا لە حەوشەی بەشی دواوەی خانووەکەدا هەڵکوڕما بوون و سرتەیان لێوە نەدەهات، بە خێزان و منداڵەکانم وت ئەم قەفەس و باڵندانە کێ هێناونی بۆ ئێرە؟ هەموو بە حەپەساوی وتیان یانی چی! کێ هێناویێتی؟ ئەی ساڵی پار خۆت نەتکڕین! لە ترسی ئەوەی نەکا بە شێتم بزانن و بڵێن تووشی زهایمەر بووە، قسەم نەکرد، بەڵام لەو کاتەوە بەردەوام لەگەڵ خۆم مشتومڕمە، ئەم قەفەس و دوو باڵندەیە چۆن گەیشتوونەتە ئێرەو کێ هێناونی؟ تا ئێستایش نەگەیشتوومەتە ئەنجامێک و وەڵامێکم دەست نەکەوتووە، بەڵام ئەوەی سەیرە ئەم دوو باڵندەیە دەنگیان لێوە نایەت تا ئەو کاتەی من دەخەوم و کاتێک دەخەوم، ئیتر نایبڕنەوەو کاتێکیش لە ژن و منداڵەکانم پرسی، وتیان بە ئاواتەوەن ئەم دوو باڵندەیە بخوێنن.

ئێستایش بە دەم نووسینی ئەم چیرۆکەوە خەریکە خەو دەمباتەوەو هەستەکەم وردە وردە دەنگی باڵندەکان بەرز دەبێتەوەو دەمەوێ بانگی ژن و منداڵەکانم بکەم و بڵێم گوێ بگرن ئەوە باڵندەکان دەستیان کرد بە خوێندن، بەڵام ترسی ئەوەم هەیە بە شێتم بزانن.

( ٢ )

## جووتێک نەعل

من لە دوایانەوە.
کەسی دووەم لە پێش منەوە بوو.
کەسی یەکەم لە پێش کەسی دووەمەوە بوو.
دارەکانی سەر شەقامەکە تازە چرۆیان دەکرد.
کەسی دووەم بەردەوام دەستی لە سەر قەبرغەی بوو.
کەسی یەکەم عەلاگەیەکی ڕەش بەبن باڵییەوە بوو.
هەر دووکیانم خستبووە ژێر چاودێرییەوە.
کەسی دووەم چاوی لە سەر کەسی یەکەم هەڵنەدەگرت.
کەسی یەکەم بەردەوام سلاوی لەم و لەو دەکرد.

کتوپڕ دەنگی گوللەیەک بەرز بۆوە و کەسی یەکەم ڕەهێڵ بووە سەر شۆستەکە، کۆترێک بە دارەکەوە بوو و بە پڕتاو لە شەقەی باڵی دا.

کەسی دووەم پڕی بە عەلاگە ڕەشەکەدا کرد و کاتێک بینی لەبری پارە، جووتێک نەعلی لاستیکی تێدایە، تا هێزی تێدابوو فڕێی دا و ڕای کرد.

خوێن جۆگەلەی بەست.

کەسی یەکەم لەترسی ئەوە نەبادا پێلاوەکانی بدزن، جووتێک نەعلی خستبووە بن باڵییەوە تا بچێت لە مزگەوت نوێژەکەی بکات.

( ٣ )

## دەفتەری یادەوەری

کە ئێمە خەومان لێ کەوت، دنیا تازە لە دروستبووندا بوو، زەوی خەریک بوو شێوەیەکی خڕی بە خۆیەوە دەگرت و وردە وردە زیندەوەرەکان لێرەو لەوێ سەریان لە خاک دەردەهێنا، کاتێک خەبەرمان بۆوە، مرۆڤ زەوی کردبووە پەنگ و سەرباری سەدان جەنگ و نەخۆشی سەراپاگیر و کوشندە کە بە ملیۆنان بەشەری قڕ کردبوو، هەر دوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهان هەڵگیرسابوو و هیتلەر و ستالین و ماو سەدان ملیۆن مرۆڤیان کوشتبوو و جوولەکە و کوردەکانیش لە قڕکردنێکی بە کۆمەڵ هاتبوونە دەرێ.

لە دەفتەری یادەوەرییەکانی
ئادەم و حەواوە

( ٤ )

## نامە

ڕاستییەکەی ئەم نامەیە بۆ ئەم نەبوو، ئەم نامەیە سەربازەکەی هاوڕێی بۆ ژنەکەی نووسیبوو، بەڵام ئیتر چارەنووس وای کرد لە ساتێکدا ڕووداوەکان ئاوەژوو بنەوە و نامەکە بگاتە دەستی ئەم ژنە کە هاوسەری سەربازەکەی دی بوو.

ئەمان دوو سەرباز بوون، بە درێژایی ماوەی شەڕەکە هاوسەنگەر بوون و بەردەوام پێکەوە بوون و لە زۆر سەنگەردا شەڕیان کردبوو، زۆرجار یەکتریان لە مردن ڕزگار کردبوو، لە یەکێک لە پاشەکشە تاکتیکییەکاندا کەوتنە کێڵگەی مینی سوپاکەی خۆیانەوەو سەربازی یەکەم یەکسەر زانی قاچی لە سەر مینێک داناوەو بە هاوڕێکەی وت بوەستە، قەڵەم و کاغەزێکم بدەرێ، ئیتر ژیانی من لێرەدا کۆتایی دێت و لە تۆیش دادەبڕێم، تکام وایە ئەم نامەیە بگەیەنیتە هاوسەرەکەم، لە نامەکەدا بە درێژی بارودۆخی ئەو ماوەیەی شەڕەکەی بۆ هاوسەرەکەی نووسی و زۆر شتی لە سەردەمی گەنجی و عاشقبوونی خۆی بۆ ژنەکەی نووسی، لە کۆتاییدا نامەکەی دایە دەست سەربازی دووەم و لەوەدا بوو ماڵئاوایی لە هاوڕێکەی بکات، ئەوەندە بە خێرایی قاچی لە سەر مینەکە هەڵگرت، پێدەچوو مینەکەیش هەستی بە لاچوونی قورساییەکە نەکردبێت، لە چرکەیەکدا مین ناڵەی هات و لە کەمەر بەرەو سەر، لەشی هاوڕێکەی برد بە ئاسماندا، بەم جۆرە خۆی زیندوو ما و هاوڕێکەی مرد و ژنی هاوڕێکەی بووە خاوەنی نامەکە.



# خەونەکانم لەناو ئۆقیانووسی درۆکانتدا خنکان

دیدار ڕزگار

ئەم جارەش هەر ئەو بەهانام هات و لەو تەنگوچەڵەمەیەی ڕزگار کردم، ئەوێک تەنیا لە دوورەوە دەیناسم و تا ئێستاش تەنیا دوو جار چوومەتە نۆڕینگە پزیشکییەکەی بۆ کڕینی ئەو دەرمان و پێداویستییانەی کە دکتۆر بۆ هێوربوونەوە و خەولێکەوتنم دایناون، ئەوە دووەم جارە بە هانامەوە دێ، جاری یەکەم کە بارانی کچە گەورەت لە قوتابخانە دەرچوو، ویستم پاسکیلێکی بۆ بکڕم تا ئەویش وەک منداڵانی گەڕەک یاری بکات، چونکە بەڵێنم پێ دابوو، لەڕووم نەهات داوای پارە لە باوکم بکەم، بۆیە داوای قەرزم لەو کرد، ئەم جارەش کە ویستم ساباتی کچە بچووکت ببەمە نەخۆشخانەی تایبەت و مووچەم وەرنەگرتبوو، بۆیە چوومە لای ئەو، چونکە دەزانم چەند میهرەبان و دڵنەرمە، دەزانم ئەو وەک فریشتەیەک وایە کە بەهەڵە کەوتبێتە ناو مرۆڤەکانەوە، دەزانم ئەو تەنیا مرۆڤێک نییە بگرە زۆر گەورەترە گەرنا لەناو ئەو باهۆزە بەهێز و پیسە کە پێی دەڵێن ژیان چۆن وا بە پاکی ماوەتەوە، لە هەمووشی گرنکتر ئەوەیە ئەو بەبێ هیچ سەدەمێک هەر لەبەر باشی خۆی ئەوە دووەم جارە یارمەتیم دەدات، دڵنیام هیچ مەبەستێکی خراپی بەرانبەرم نییە، چونکە هیچ کەسێک تا ئێستا بەخراپ باسی نەکردووە، هەرگیز نەشمبیستووە بە خراپ سەیری کچێک، یان ئافرەتێکی گەڕەکی کردبێ، دڵنیاشم ئەو وەک(تۆ) نییە، ئەو مینا گوڵێکی سپی پاک و بێگەرد لەناو زبڵخانەی ئەو دنیایە ڕوواوە و بە بۆن و پاکی خۆی هەموو شتێ جوان دەکات و هەموو کەسێ دڵخۆش دەکات، بەڵام (تۆ)چیت لە کەسێک زیاترە کە لەسەر پاشماوە و بۆگەنی ناو زبڵخانەکان دەژیت و بە ئاسفندەیی خۆت دنیات تەنیوە، تۆ هەرگیز لەو ناچیت و هەرگیزیش ناتوانی لەو بچیت.

ئای خودایە من چی دەکەم، خەریکم بەو بەراوردکردنەی تۆ بە ئەو، خۆم تووشی گوناح دەکەم، تۆی زشت و بچووک

بەو ئەقڵە ژەنگ گرتووەتەوە گەر هەزار ساڵیش بژیت ناتوانی هێندەی یەک کاژێری ئەو کاری چاکە بکەیت.

واز لەو باسە بێنە و وەرە لە بەرانبەرم وەک پیاوێک دانیشە و بەرگری لە خۆت بکە، بڵێ بزانم ئەو کارەت لە تۆڵەی کامە خراپەم بوو، بڵێ بزانم ئەوە چ جۆرە وەفایەک بوو؟ ئەوە لە جێگای دوو ساڵی چاوەڕوانیم بوو کاتێک لە زیندان بوویت، یان پاداشتی ساویلکەیی و دڵنەرمیم بوو کە بۆ تۆ وازم لە دەیان خەونی ئاڵووالای کچانەو هەزاران هیوای تەڕ و گەش هێنا؟

چیتە بۆ وا لاڵ بوویت؟ بۆ سلسافانە ڕووت وەردەگێڕی و وەک لاڵێک تەنیا لەو وێنەیە سەیرم دەکەیت کە تێیدا بەرانبەر خۆت داتناوم و هەردوو دەستت گرتووم.

لەوانەیە ئێستا بڵێی دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو کاتە هەر وێنەی منت لاماوە و لەسەر مێزی بەردەمت داتناوە؟! بەڵێ لام ماوە و لە بەرانبەر خۆیشم دامناوە، چونکە دەمەوێ بیبینم و ئازاری پێ بکێشم و هەموو ڕۆژێک بگریم، چونکە من شایانی ئازارم، شایانی ئەو دابڕانە و ئەو خیانەتەم، منێک هێندە بە ساویلکەیی بە دوای قسە بە باقوبریقەکانت کەوتم و هێندە بە سانایی کەوتمە داوی خۆشەویستییە درۆکەتەوە، ئەوە شایەنی هەموو ئەو شتانەم کە بەسەرم دێن.

من هەر بانگت دەکەم، بەڵام دەشزانم هەر بێدەنگ دەمێنیتەوە و وەڵامم نادەیتەوە، دەزانم ئێستا وەک سەگێک لە بەردەمی ئەو براژنە بەستۆکەت کەوتوویت و چی درۆی گەورەیە بۆی دەکەیت، چی ئەستێرە و هەسارە هەیە بۆی دادەگری و هەزاران پاییزی وشک و زەرد هەڵگەڕاوی بۆ سەوز دەکەیت، بەڵێ دەزانم تۆ وایت، دڵنیابە زۆر لە خۆت باشتر دەتناسم، چونکە ساڵانێکی زۆر لە خۆم زیاتر خۆشم ویستی و ئاسمانی چاوەکانت بووبوون بە شوێنی چنینی خەونگەل و هۆرمگەلێکی زۆری بێ ئەژمار، بەڵێ دەتناسم، چونکە من تەنیا من و کەسی تر نا دەیان جار ڕۆچوومەتە نێو قووڵایی ڕوحتەوە، ئەو ڕوحەی کە تا پێش ئەوەی بگیرێیت جوانترین و پاکترین ڕوح بوو.

چ...چ...چ...نا...نا هەرگیز ناشێ ئەو ڕۆژەت بیرچووبێت کە بە دەنگێکی شاعیرانە وتت «ئیتر من بە زمانی ڕوح لەگەڵت دەدوێم و بە گوێی ڕوح گوێت لێ دەگرم، چونکە تۆ سنوورەکانی دڵت بەزاندووم و پێت ناوەتە خاکی ڕوحمەوە»

ئای ئەو سەردەمە چ ڕوحێکی جوانت بوو، ڕوحێک بوو پاکی و خۆشەویستی لێ دەتکا.

من دەتناسم، من ئەو ئافرەتەی دوو ساڵی تەواو لە زینداندا هەموو هەفتەیەک دەهاتمە لات و خواردنم لە دەمی خۆم و منداڵەکانم دەگرتەوە تەنیا بۆ ئەوەی تۆ پێویستت بە کەس نەبێ و هەست بە غەریبی نەکەیت، کەچی تازە بە من دەڵێی چیت بۆ کردووم! تازە پێم دەڵێی ئەو براژنەم هەموو شتێکم بۆ دەکات و ناهێڵێ لە هیچم کەم بێ!تەنیا پێم بڵێ تۆ چ جۆرە مرۆڤێکی، بۆگەن؟! ئاخر کەس هەیە لەگەڵ براژنی بخەوێت و خیانەت لە برای خۆی بکات؟! پێم بڵێ ئەی بچووکترین پیاوی دنیا، دەتوانی تەماشای نێو چاوی براکەت بکەیت؟

باشە وەرە مەرۆ سپڵە، دەزانم هێندە دزێوی دەتوانی لەناو وێنەشدا خۆت بدزیتەوە، یان لەوە دەترسی بۆ هەموو خەڵکی ئاشکراکەم لەسەر چی گیرابوویت و چ کارێکی ناشرین بووبووە هۆی گیرانت، مەترسە من وەک ئەو براژنەت نیم دڵی من لەگەڵ ئەوەی نەرم و پڕ لە خۆشەویستییە دەتوانێ ڕقیش هەڵگرێ، بەڵام من لەو ئافرەتانە نیم کە ڕق هەڵگرن، من قوربانی دەستی ڕقم، بەهۆی ڕقی ئەو براژنەتەوە وام بەسەر هات، ئەو نەفرەتییە بۆ ئەوەی ڕێگای گەڕانەوەت بۆ لام بگرێ وای لێ کردی خوشکەکەی بخوازیت، ئەو خوشکەی کە لە هەموو ئەو پیسییانە بە دوور بوو کە ئێوە تا بینا قاقاتان تێی کەوتبوون.

بەڵام ئاگادار بە گەر ئەم شەو هەر ئاوا بێ وەڵام بمهێڵیتەوە ئەوە لەوانەیە بمەوێ نهێنی و هۆکاری گیرانت بۆ خەڵک بدرکێنم.

من دەمەوێ ئەم شەو هۆکاری هەموو ئەو درۆیانەم بۆ ڕوون کەیتەوە کە لە ڕابوردوودا بۆت کردووم، هۆکاری هەموو ئەو ئازارانە بزانم کە پێت چەشتم، دەمەوێ بزانم تۆی شەیتان بۆ لە بەرگی فریشتەیەک هاتیتە لام و گڕت لە خۆم و لە هەموو هیوا و ئاواتەکانم بەردا، ئاخ قسە بکە تکایە زۆر شت هەیە دەمەوێ بیانزانم، شەرم مەکە قسە بکە من تێدەگەم، خەم مەخۆ هێندە تیکەڵی ڕوحت بووم گەر لە وێنەشدا بدوێیت لێت تێدەگەم، گەر دەست و دەم و چاویشت نەجووڵێن هەر تێدەگەم، هیچ شەرم مەکە

لەناو ئەو ژوورەدا تەنیا خۆم و خۆتین و کەسی تری لێ نییە، دڵنیابە هیچ ئامێرێکی ڕیکۆردەریشم دانەناوەتەوە تا دەنگت تۆمار بکەم، تازە من و تۆ دەمێکە دەستمان لێک بەرداوە و جیابووینەتەوە، گەر جیاش نەبووینایەتەوە من هەرگیز ئەو کارە ناکەم، چونکە وەک تۆ و ئەوانەی لات باشن پیس نیم، چی بوو؟ تووڕە بوویت؟ هێندە دڵت ناسکە؟ سەیرە تۆ هەزار جار لەناو پیسی و پۆخڵی کارەکانتدا نوقوم بوویت، کەچی ئێستا بەو قسانە تووڕە دەبیت!!تۆ...!؟

پێم بڵێ بیرت ماوە کە یەکەم ڕۆژ هاتیتە سەر ڕێگام کاتێک لە قوتابخانە دەگەڕامەوە ماڵ، بیرت ماوە چۆن وەک سەگێک کە دوای خاوەنەکەی دەکەوێت دوام کەوتبوویت؟ بیرت ماوە ئەو کاتە چەندە بچووک بووم؟ دەزانم بیرت ماوە، لە نیگاکانتەوە تێدەگەم بیرت ماوە، دەزانم وەک ناوی خۆت هەرگیز ئەو ڕۆژەت بیرناچێ، چونکە تفێکی هێندە خەستم خستە نێو چاوانتەوە کە تا ماوی بیرت نەچێ، من ئەو کاتەم هەرگیز بیر ناچێ لەبەر ئەوەی کە دەست بەجێ ملی ڕێگات گرت و بێ ئاوڕدانەوە ڕۆیشتی، لەم کارەم زۆر ژێوان بوومەوە، چونکە ئەوە یەکەم جارم بوو بەم شێوەیە ئازاری کەسیک بدەم و دڵی بشکێنم، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دڵم بەوە خۆش بوو کە تێمگەیاندیت، من لەو کچانە نیم کە بتوانیت تا بتەوێ پێی ڕابوێریت و دواتریش وێڵی کەیت

تا دوو مانگ هامودا بوویت و نەمبینیتەوە، تارۆژێکیان بە خۆت و گوڵێکی سوورەوە لە کۆڵانێکی لاتەریکی نزیک ماڵی خۆماندا هاتیتە بەر دەمم و گوڵەکەت پێشکەش کردم، منیش هەر ئەو کاتە لەبەر چاوی خۆت گوڵەکەم خستە ناو سەبەتەی خۆڵ، تەنیا خەندەیەکیشم بۆ نەکردیت، چونکە نەمدەویست گوڵی هیچ هیوایەک لە دڵدا چرۆ بکات، دەمویست تەنیا بخوێنم و بەس، دەمویست تەواوی خەونەکانم بکەمە ڕاستی و لەژێر سێبەری هەوڵەکانمدا بە ئاواتەکانم بگەم، نەمدەویست هەرگیز خۆم بدەمە دەست چارەنووسێکی نادیار و لەگەڵ کەسێکدا پێوەندی ببەستم کە هەرگیز نەمناسیوە.

لە بیرمە هەفتەی دواتر لە هەمان ڕۆژ و کاتدا، لە هەمان کۆڵاندا وەستابوویت، تەنکە ریشێکت بەردابووەوە و سەرتاپا ڕەشپۆش هاتیتە بەر دەمم و نامەیەکت لە گیرفانت دەرهێنا و بە زمانێکی پڕ لە پاڕانەوە وتت «تکایە بیخوێنەوە...» زمانت گیراو نەتتوانی چیتر بڵێیت، ویستم بیدڕێنم و فڕێی بدەم، بەڵام لەبەر دەمم نوشتایتەوە و بە دوو چاوی پڕ لە پاڕانەوە و دوو دڵۆپ فرمێسکی ڕۆشنەوە کە خەریکبوون دەهاتنە خوارەوە سەیرت کردم، بەڵام نەتتوانی هیچ بڵێی، بەزەییم پێتدا هاتەوە و نەمدڕاند، گەرەکم بوو بزانم دەردت چییە، بە خۆم گوت نامەکە دەخوێنمەوەو لە مەلوولی و کەساسی ئەو تێدەگەم، نەمزانی بە خوێندنەوەی ئەو نامەیە خۆم مەلوول و کەساس دەکەوم، لە یادت ماوە چیت نووسیبوو؟ دەتەوێ بیرت بێنمەوە چیت نووسیبوو؟ باشە کێشە نییە بیرت دێنمەوە

«ئازیزم، ببوورە پێت دەڵێم ئازیزم، چونکە خۆت تا ئێستا ڕێگات نەداوە ئازیزم بیت، بەڵام ناتوانم لەوە کاڵترت پێ بڵێم، دەمەوێ بزانم چۆن و بۆ هێندە دڵ ڕەقی، لە باسی ئەو تفە گەڕێ کە کردتە ناو چاوانمەوە، نامەوێ لۆمەی ئەو کارەت بکەم، چونکە ڕاستییەکەی بەو کارەت وانەیەکی باشت فێرکردم، بەڵام نازانم چۆن ڕێگات بەخۆت دا گوڵ فڕێ دەیتە سەبەتەی خۆڵەوە، ئاخر تۆ نازانی گوڵ چەند بەنرخ و بەبەهایە لام؟ بە خودا گەر هێندە ئازیز نەبای لام، هەرگیز لەو کارەت خۆش نەدەبووم، تکایە داوای لێبوردن لە هەموو گوڵەکانی دنیا بکە، چونکە لەم دنیایەدا تەنیا گوڵ بە پاک و بێگەردی ماوەتەوە و هەر بە پاک و بێگەردیش دەمێنیتەوە، هۆ خانمە دڵڕەقەکە تەنیا جاریک بوەستە و تەنیا خولەکێک بهێڵە بدوێم، گوێم بۆ ڕادێرە، دەمەوێ بزانم هەرگیز گوێت لە نووزەی گەڵای دارێک بووە لەکاتی سەرەمەرگدا، هەرگیز گوێت لە ناڵەی ڕادێراوە و گلەییەکانیت لە پاییز ژنەوتووە؟ تۆ هەرگیز لە چاوە غەمگینەکانی پەپوولەیەک ڕاماویت ئەو کاتەی بە کەساسی و بەداماوی سەیری پەڕە هەڵوەریوەکانی گوڵێک دەکات، کە بەدەستی ڕەشەبایەکی نەفرەتییەوە هەڵوەریون؟ تۆ تەنیا جارێکیش پەنجەرەی ژوورەکەت بۆ بلبلێ، یان بۆ مەلێ کردووەتەوە تا گلەییەکانی خۆیانت لە پاییز بۆ بێنن؟ خانم سروشت نەفرەتییە، سروشت هیچ یاسایەکی بۆ سەرپێچییەکانی پاییز و ڕەشەبا و زریان دانەناوە، سەرەڕای ئەو هەموو غەدرەی لەو بوونەوەرانەی دەکەن.

بەڵام تۆ، ئاخ خانم تۆ زۆر لە سروشت جوانتری، بۆیە وەک ئەو مەبە و یاسایەک دانێ بۆ سزادانی ئەو دڵە ڕەقەت، با چیتر هێندە ئازارم نەدات و بە چەکوشی خۆشەویستی قوفڵی ئەو دڵە ڕەقەت بشکێنە...» هێشتا نامەکەم تەواو نەکردبوو هەستم کرد هێدی هێدی گەیشتیتە ناو کرۆکی دڵم.

تۆ نووسیبووت تەنیا یەک دەرفەتت پێ بدەم، تەنیا جارێک لەگەڵت بدوێم و بەس، بیرت ماوە کاتێک ئەو دەرفەتەم پێ دایت چەند دڵخۆش بوویت؟ تەواو پێچەوانەی ئێستا وەک پیاوێک قسەت دەکرد و دەستت بەم لاو بەو لادا ڕادەوەشاند و دەیان کار و پیشەت بۆ خۆت دۆزییەوە و سەدان درۆت بۆ کردم، خۆت کردە نوسەر و شاعیر و کوڕی پیاوێکی زۆر مەزن کە ئێستا نەماوە (خودا بیبەخشێ)، منیش زۆر ساویلکانە باوەڕم بە هەموو ئەو قسانەت هێنابوو، هەموو درۆکانتم بەڕاست دەزانی، ئاخر چی بکەم پێشتر کەسم نەدیبوو ئاوا جوان درۆبکات! لەسەر کۆمەڵە نووسینێکی زۆر دەدوایت کە گوایە خۆت نووسیوتن و ڕەنج و ماندووبوونت بۆیان کێشاوە، بیرمە کاتێک وتم ئەی بۆ بە کتێبێک هەموو نووسینەکانت بڵاو ناکەیتەوە، وتت «لەم وڵاتەدا گەر پیاو بیەوێ ببێ بە شتێک دەبێت سەرەتا ببێت بە حزبێک»، بۆیە گەر منیش بمەوێ ببم بە نووسەر دەبێت سەرەتا ببم بە حزبێک، بۆ وا سورهەڵگەڕاوی؟ درۆزنی قسە گەورە، ڕووت وەرمەگێڕە، ئەو قسانە قسەی خۆتن، خۆ من نەمکردوون تۆ تەنیا یەک وشەشت نەنووسیبوو، کەچی خۆت کردبوو بە نووسەرێکی گەورە، بێباکانە لە درۆکانت بەردەوام بوویت و هەر دەتگوت و دەتگوتەوە «من دەمەوێ خۆم سەردارو سەروەری خۆم بم، نامەوێ ببمە هیچ حزبێک، ناتوانم ببینم پیاوێک تەنیا لەبەر ئەوەی پلەی حزبی لە من گەورەترە ئەمرم لەسەر بکات».

ئەی ناجۆری ناپەسەند بەڕاستی خۆت سەردار و سەروەری خۆت بوویت، بەڵام چ جۆرە سەردار و سەروەرێک؟ بێ گومان ئێستا لە دڵی خۆتدا دەڵێیت «سەردارێکی زیرەک و بلیمەت»، زۆر ئاساییە وا بڵێیت، چونکە بێ گومان بێ مێشکێکی وەک تۆ هەرگیز ناتوانێ هەست بە بێ مێشکی و بێ ئەقڵی خۆی بکات، تۆ سەردارێکی بێ مێشک و خۆپەرست بوویت سەردارێک کە دوو منداڵی خۆی جێ هێشت و ژنەکەیشی تەڵاق دا، تەنیا لەبەر ژنێکی بەستۆک، تۆ نەتدەخواست پیاوێک ئەمرت لەسەر بکات، کەچی ژنێک ئەمری لەسەر کردی و ئەمرت لەسەر دەکات و چۆنی بوێت وات دەهێنێ و وات هەڵدەسووڕێنێ.

ئێستا کە لە ئاوێنەی خەیاڵمەوە سەیرێکی ڕابوردوو دەکەم و دەگەڕێمەوە بۆ سەرەتاکانی ئەو چاخە ڕەشە، تێدەگەم چەندە خەتای تۆ بووە، دوو هێندە هەڵەی خۆم بووە کە هێندە خەیاڵاوی بووم و وا بەئاسانی «ئاسانتر لەوەی ماسییەک بە تۆڕی ماسیگرێکەوە دەبێت، بەتۆڕی درۆکانتەوە بووم».

قسە بکە ناپەسەند خۆ پێم گوتی لێت تێدەگەم، خۆ گوتم گەر دەمیشت نەجوڵێ من تێدەگەم، لە چی دەترسی؟ دەترسی ئەو پەڵە ڕەشەی نێو چاوانت زیاتر دەرکەون گەر قسە بکەیت؟ ها ها ها ها ! چیتە بۆ وا کەوتیتە جووڵە جووڵ؟ سەیری نێو چاوانت دەکەیت؟ نا نا خۆت ئازار مەدە و سەیری نێو چاوانت مەکە، تۆ ئەو پەڵە ڕەشە نابینی، کەس ناتوانێ ئەو پەڵە ڕەشە ببینێ و لێی تێ بگات من نەبم، چونکە ئەو پەڵە ڕەشە بە هۆی کارە خراپ و دزێوەکانتەوە کە بەرانبەرم کردووتن دروست بووە، هێی گەمژەی بێ مێشک هێندە خۆت ماندوو مەکە بە هەوڵدانت بۆ بینینی ئەو پەڵە ڕەشە، لە جێگای ئەوە هەوڵدە کارە دزێوەکانی ژیانت ببینی، سەرهەڵبڕە و سەیرێکی ئاسمان بکە و ببینە چۆن خودا بە ڕقەوە سەیرت دەکات، تەمەشایەکی بەر پێکانت بکە و بزانە تا کوێت لەناو کارە پیسەکانت نغرۆ بووە؟ هەر ئەوە ڕامەکە نیازتە بۆ کوێ بڕۆی، تاکەی لەو ڕاکە ڕاکە بەردەوام دەبی؟ ئێستێک بکە و بوەستە، سەیرێکی دواوەت بکە بزانە کێت لە دواوە جێ هێشتووە، من مەبینە کێشە نییە، دەزانم لە ئاستی مندا کوێریت، بەڵام دوو کچەکەت ببینە، ئەو کچانەی بەبێ هیچ هۆ و تاوانێک بوونەتە قوربانی کارە قێزەونەکانت، ئەو کچانەی هێندەی هەموو دنیا خۆشت دەویستن، بیرتە جاران چیت پێ دەگوتن «گەر باوکە گۆڕیۆ هەموو سەروەت و سامانی خۆی بۆ کچەکانی فرۆشتووە تا دڵمەند نەبم، ئەوە من هەموو تەمەنی خۆم دەکەمە قوربانی و تاماوم ناهێڵم هەرچی خەمی دنیایە ڕوو لە ئێوە بکات و لە بچووکترین شتتان کەم بێت، باکم نییە گەر ئێوە وەک کچەکانی باوکە گۆڕیۆ

له سەرەمەرگیشدا سەردانم نەکەن، تەنیا دەخوازم دوای مردنم «ڕاستنیاک»ێکی بەوەفا هەبێت ئاگای لێتان بێت» ، کەچی ئێستا تەنیا خودا دەزانێ چەندە تەنیا و بێ نازت کردوون، لەگەڵ هەر دەنگی دەرگایەک ڕادەکەن بیکەنەوە، لەگەڵ هەر زەنگی تەلەفۆنێک خێرا هەڵدەستن و گوێ دەگرن تا گوێیان لە دەنگت بێت، هەر کە منداڵێک لەگەڵ باوکیدا دەبینن تەماشایەکی یەکتر دەکەن و بەیەکەوە دەست بە گریان دەکەن، من هەرگیز ناتوانم خەمەکانی ئەوان ڕاڤە بکەم و فرمێسکەکانیان بخوێنمەوە، خۆ من (دەستۆیڤسکی) نیم لە تەمەشای چاوەکانیانەوە فرمێسکەکانیان بنووسمەوە و لە حەسرەتەکانیان دەیان چیرۆک بهۆنمەوە و لە دەرگای یەکەیەکەی خەونەکانیان بچمە ژوورێ و سەدان ڕاز و ئارەزووی جوان و پاک و بێگەرد بێنمە دەرێ و بە گوێی دنیایان بچرپێنم.

زۆرجار ساباتی کچە بچووکت دێتە لام و وێنەی تۆ لەگەڵ خۆی دەهێنێ و دەڵێ

– دایکە، باوکم بۆ هیچ قسەیەک ناکات، لە من تووڕە بووە؟

منیش دڵی دەدەمەوە

– نا کچم، ئەو لەتۆ تووڕە نەبووە، تۆی زۆر خۆش دەوێ.

سەیرێکی وێنەکەت دەکات

– ئەی بۆ هیچ قسەیەک ناکات؟ یانی ئەوانەی بگیرێن ناتوانن قسە بکەن؟

– ڕۆڵەکەم ئەو نەگیراوە، ئەو ڕۆیشتووە تا یاری و پایسکیل و بووکەشووشە بۆ تۆ و بۆ باران بێنێ.

زۆرجار هەر ئەو وەڵامانەیش بە باران دەڵێم، بەڵام ئەو، چونکە گەورەترە دڵی بەو وەڵامانە ئاو ناخواتەوە و دەست دەکات بە گێڕانەوەی چەندان خەونی پڕ لەڕاستی کە تێیاندا تۆ لە بیابانێک بێ ئاوڕدانەوە دەڕۆیت و جێی دەهێڵی، یان لە ناو گۆماوێکدا تا سنووری خنکان نوقمی دەکەی، یان کۆمەڵێک سەگ و تانجی هاری بۆ دەنێری تا پارچە پارچەی بکەن و بیخۆن، باران هەموو جارێک دەڵێ(دایکە، باوکم زۆر بێ بەزەییە).

لەبارەی وێنەکانەوە هەرگیز پێیان ناڵێم وێنە ناتوانێ قسەبکات، هەمیشە پێیان دەڵێم هەوڵدەن ئەو دەتوانێ قسە بکات و لەگەڵتان بدوێ، دەتوانێ چیرۆکتان بۆ بخوێنێتەوەو گۆرانیتان بۆ بڵێ، چونکە دڵنیام زۆر دڵنیام، چۆن دڵنیام دوای ژمارە ١ ژمارە ٢ دێت ئاواش دڵنیام ڕۆژێ دێ ئەوانیش لەو ڕاستییە تێبگەن و لە وێنەیەکت زیاتر شک نەبەن بەسەریدا بقیژێنن و هەزاران پرسیاری بە سەردا ببارێنن، باش دەزانم ڕۆژێ دێ ئەوانیش تێدەگەن کە تۆ ئەو باوکە قیزەونەی کە بۆ خاتری براژنەکەت جێت هێشتوون و ئاوارەت کردوون.

بێ ئاوڕدانەوە ڕۆیشتی، لەدوای خۆت ژنێک و دوو منداڵت جێهێشت، بیهێنە بەر چاوت ژنێک و دوو منداڵی بێ دەسەڵات لە ناو دنیایەکی بڵح و پڕ لە ئاژاوە، دنیایەک دەتوانێ هەزارانی وەک و من و باران و ساباتی قووت بدات و بە کزە بایەک بەرەو پیس و پۆخڵترین زبڵخانە ڕامانماڵێ، بیرت نەکردەوە ئێمە چۆن بژین؟ بە چی بژین؟ دەزانم وات دانابوو من وەک ئەو کۆیلەیەم لێ دێ کە بە نەمانی خاوەنەکەی بەرگەی یەک کزەبای ڕۆژگاریش ناگرێت و لە برساندا، لە تینواندا دەکەوێ و ناتوانێ ڕاست بێتەوە، بەڵام تۆ هەڵە بوویت، من بەرگەم گرت و لەسەر پێی خۆم وەستام، ئێستا دوای دوو ساڵ لە ڕۆیشتنت من ژیانێکی ئاسایی بەڕێ دەکەم و چوومەتەوە سەر خوێندنیش و پۆلی نۆیەمیشم زۆر بە سەرکەوتوویی بڕی، ڕاستە ناتوانم بڵێم ئاسوودەم، بەڵام ژیانێکی زۆر ئاسوودەم بۆ منداڵەکانم دروست کردووە.

قسە بکە ڕووڕەش، بۆ وا دۆش داماوی و هەر سەیر دەکەی؟ چییە لە سەرکەوتنم لە خوێندن سەرت سوڕماوە، یان دەترسی ڕۆژێک بێت ببمە پارێزەر و بێمە سەرت و هەموو ئەو ماڵ و موڵکەی کە هەقی منداڵەکانت بوون و لەسەر ژنە نوێیەکەت تاپۆت کردن لێت وەرگرمەوە؟ دڵنیابە ئەو ڕۆژە هەر دێت، بەڵام بۆ هاتنی پێویستە چەند ساڵێک چاوەڕێ بکەین، بۆیە جارێ مەترسە و بە ئاسوودەیی پاڵکەوە و بەردەوام بە لە بەدڕەوشتی خۆت، پێم بڵێ ئەو ڕۆژەت بیرماوە کە بە بۆنەی یەکەم ساڵی هاوسەرگیریمانەوە ئاهەنگێکت ڕێکخست، ئاهەنگێک تەنیا من و خۆتی لێ بووین و کەست بانگێشت نەکردبوو، بیرتە لەو ئاهەنگەدا چیت گوت و چۆن کەوتیتە قسە کردن «هیچ زانا و فەیلەسووف و بلیمەتێک، ناتوانێ لە ئافرەت تێ بگات، ئەوەی تا ئێستا لەسەر ئافرەت وتراوە و نووسراوە هەمووی قسەی قۆڕ و بێ مانان، تێگەیشتن لە ئافرەت تەنیا بە خودا

دەکرێ، ئەوەیش لەبەر ئەوەی خۆی دروستی کردووە، پیاو گەر بیەوێ لە ئافرەت تێ بگات دەبێ هەموو دنیا بگەڕێ، کێشوەر بە کێشوەر، وڵات بە وڵات، شار بە شار، پیاو گەر ئەو ویستەی هەبێ ئەوە دەبێت چی شارۆچکە و گوندو دوورگە و نیمچە دوورگە هەیە، بەکورتی بچووکترین شوێن کە ئافرەتی لێیە بۆی بچێ و لەگەڵ هەموو ئافرەتێکی ئەم دنیایە لە هەموو نەتەوە و ڕەنگێک بێ جیاوازی قسە بکات و لە حەز و ئارەزوو و نهێنییەکانی ژیانیان بکۆڵێتەوە...» کەمێک وەستایت، بە دوودڵییەوە تەماشات کردم و درێژەت بە قسەکانت دا «من بۆیە دەڵێم لەگەڵ هەموو ئافرەتێک قسە بکات و لە حەز و ئارەزووی هەموویان بکۆڵێتەوە، چونکە ئافرەت وەک سەری پەنجە گەورەی دەست وایە، یان باشترە بڵێم وەک پەنجەمۆر وایە، وەک چۆن هەرگیز دوو پەنجە مۆر لەیەک ناکەن، ئاواش هەرگیز دوو ئافرەت نادۆزیتەوە تەواو لەیەک بچن، لەوانەیە لە چەند ئارەزوویەک چون یەک بن، بەڵام هەرگیز تەواو لەیەک ناچن و دەبێ یەکە و چەند ئارەزوو، یان خەونێکی جیاوازیان هەبێت، بێ گومان ئەو کەسەی ئەو کارە دەکات دەبێت زۆر زیرەک و داهێنەر بێت، گەر کەسێکی وا بلیمەتیشمان دەست بکەوێ، ئەوە هەر نابێ، چونکە ئەو کەسە بۆ گەڕانی سەرتاسەری ئەو دنیایە و دواندن و زانینی هەموو حەز و نهێنییەکی ئافرەتانی سەر گۆی زەوی پێویستمان بە عومری نووحە، کە ئەمەش مەحاڵە، بۆیە ئافرەت ئەو گەنجینەیەیە کە تا ژیان ماوە کەس ناتوانێ سەری هەڵداتەوە و پەی بە نهێنییەکانی ناوی بەرێ».

من تا ئێستا نازانم ئەو قسانەت سەبارەت بە پیاوانی تر ڕاستن، یان نا، بەڵام سەبارەت بە خۆت زۆر ڕاستن، چونکە تا ئێستا لەو براژنەت تێنەگەیشتی، ئەو ئێسکەکەی دەستی بەرەو کوێ بهاوێژێ، بۆ دەشتایی بۆ ناو ئاو بۆ هەڵدێر، خێرا ڕادەکەیت بۆی دەهێنیتەوە و کلکتی بۆ بادەدەی، بەڵام دڵنیابە ڕۆژێ دێت ئەو ئێسکە بەرەو دۆزەخ بهاوێژێ، ئیتر تاماوی دەبێت لەناو دۆزەخدا بژیت.

قسە بکە دۆزەخی، بۆ وا لاڵ بوویت، تاکەی دەتەوێ هەر بێ دەنگ بمێنیتەوە؟ گەرەکتە تاکەی دان بەکارە خراپەکانتدا نەنێی و وەڵامی پرسیارەکانم نەدەیتەوە؟ چییە؟ دەتەوێ ئەو کارە پیسە ئاشکراکەم کە بووە هۆی گیرانت؟ هەر بەڕاست ناترسی ئێستا بڕۆم و چی خزم و کەس و دۆست و هاوڕێ هەیە کۆیان کەمەوە و هۆکاری ئەم گیرانەت ڕوونکەمەوە، یان نا، من دەبێ کارێ بکەم هەموو دنیا بەم کارەت بزانێ، دەبێ جۆرێکی وا هاوارکەم هەموو کەون، لێرە لەم ژوورەدا کۆکەمەوە، ئێستا کارێک دەکەم نەک تەنیا مرۆڤەکان، بەڵکو چی ڕوح لەبەر هەیە و ئەوەی خودا دروستی کردووە بێنە ئێرەو هۆکاری گیرانت بزانن، گوێ بگرە «هۆ خەڵکینە گوێ بگرن، هۆ گەلی زیندەوەر و ڕوح لەبەران باش گوێ بگرن و دڵ و دەروونتان بکەنەوە، دەمەوێ ئێستا تەرەسترین مرۆڤی دنیاتان پێ بناسێنم کە پۆخڵترین کاری سەر ئەم گۆی زەوییەی ئەنجام داوە، کارێک نەکەس بیری لێ دەکاتەوە و نەکەس لە خەونیشدا دەستی بۆ دەبات، باش گوێ بگرن و تێ بگەن ئەو پیاوە، ئەو کارەی ئەنجام دا...»، ها ها ها ها، چیتە بۆ وا کرنووشم بۆ دەبەیت و لێم دەپاڕێیتەوە؟ ناتەوێ ئاشکرای کەم؟ دەتەوێ تا ماوی نهێنی ئەو تاوانە گەورەیە لەناو دڵتا بهێڵیتەوە، جا بەرگەی قورساییەکەی دەگری؟ باشە ئاشکرای ناکەم، بەڵام بەو مەرجەی وەڵامی یەکە یەکەی پرسیارەکانم بدەیتەوە، تێگەیشتیت؟ لەم چرکە ساتە بەدواوە سەردەمێکی نوێ دەست پێ دەکات، سەردەمێک تێیدا هەموو شتێک بە دڵی منە نەک تۆ.. تەرەس.

ئێستاش یەکەم پرسیاری سەردەمی نوێ، باش گوێ بگرەو تێبگە«ئەو منداڵە دوو مانگییەی براژنەکەت کاتێ گەورە بوو حەزدەکەیت بەچی بانگت بکات، مامە، یان بابە»؟

**فەرهەنگۆک:**

**سەدەم: هۆ، سەبەب.**

**مینا: وەک.**

**ئاسفندە: زۆر بۆگەن.**

**سلساف: بێ شەرم.**

**بەستۆک: داوێن پیس.**

**هۆرم: خەو لەناو خەودا.**

**هامودا: بێ سەرو شوێن.**



# رەمۆیێ کارکەر

وەحید کەلەش
(عامودا)

دەنگێ زیقێنا دەری هات، هێدی هێدی هات گرتن، رەمۆ پشتا خوە دا دەری و هێدی هێدی ب دەری ڤە شەمتی، ژ کوندکا ڤە روونشت و هەردو دەستێن خوە ل کابێن خوە پێچان، ب ئاورەکا سار ل خەجۆ نێری و ژێ رە گۆت: رۆژباش بەرمالیا من، ئیرۆ ژی کارێ من تونەبوو. سبە نە دوسبە سەرێ مەهێ یە، هین پۆلکەکی قول نەکەتیە د بەریکا من دە، نە پەرێ دەرمانێ تە و نە ژی کرێیا مەهانە تونەیە ؟

ب دلەکی پەلخی ژ خەجۆ رە گۆت: خەجۆ کا قەهوەکا رەش و تال چێکە بلا مینا رۆژێن من و ژیانا من تال و تاری بە، ب ڤان کول و دەردان رە ئەزێ ڤەخوم، بەلکی پەنجەرەک رۆناهی د دلێ من دە مابێ، بلا ئەو ژی تاری ببە مینا ڤێ ژیانا تاری و ژەهر.

دیسا گۆتنێن خوە بەردەوام کرن و گۆت: ما وەسا یە ئەم هاتن ئافراندن دا ئەم کارکەرێن هەر کەسی بن، دا ئەم نەخوەش و لەواز بن، و خزان بن، و دا ئەو هنگی بن تێر بن و خوەشک بن و ل سەر هەستییێن مە ئەو کەنێن خوە بلنتر بکن.

چەند سالن نایێن ژمارتن، تە چما دەڤ ژ گوندێ خوە بەردا، تە دەڤ ژ بهنا کۆلان و ئاڤی و زەڤییێن خوە بەردا؟ تە ب دەستێ خوە کر، یان نا ؟ یان تە نە ب دەستێ خوە کر؟ تە دەڤ ژ رۆژ و شەڤێن خوە بەردا، تە خوە ئاڤێت د سینگا دەردان دە، تە خوە ئاڤێت د سینگا پایتەختێ دە. دە مەلەڤانییێ بکە، تو زۆرترین مەلەڤانی، تو لەهەنگترین مێری، تو دکارێ تەهتا بشکینی و پاریا نانێ زارۆکێن خوە بینی دەر، تو زانی رەمۆ پاریا نانێ تە د دەڤێ گوران دە یە، تو چاوا

تینی دەر؟ بژی ڕەمۆ، بژی ڕەمۆ، بژی ڕەمۆ.

ڕەمۆ د سەرێ خوە دە شانۆگەریەک دگەڕاند، لەهنگێ وێ ڕەمۆ بوو و لەیستکا وی و گوران بوو، و شانۆ یا هینکرنا زارۆکان بوو. ڕەمۆ دەنگێ خوە بەردا: ئەرێ ڕەمۆ کو تو نە مەلەڤان بای ژ مێژ ڤە ڕەق و بەڤێن وێ قۆلێ دێ تو بخوارای

دیسا دەنگەک دهات : ئەز ب تە سەر بلندم، دیسا تو دکاری د ڤێ تاریێ دە چرووسکەکێ ڤێخی و د ڤێ تاریێ دە موومەکێ ڤێخی. تو دوپشکی ڕەمۆ، نە ژ خرابی ڤە، لێ ژ مێرانیێ ڤە، تو خوە دکوژی، ژ زارۆکێن خوە رە، دا ژ گۆشتێ تە بخون و مەزن ببن.

خەجۆ ب دەنگەکی لاواز و نەخوەش ل بەر دلێ ڕەمۆ ددا و گۆت: خەمگێن نەبە ڕەمۆ، ڤا زارۆ ل تە مەزن دبن، وەکە تێ گۆتن پشتی ڕەشێ ڕەوشەن تێ. و بەرە دگرنژی و گۆت: بنێرە ڤا حەسۆ مەزن بوویە، زارۆ ل تە گهشتن.

ڕەمۆ د دلێ خوە دگۆت : تەمەنێ من ڤا بوو چل سال، هێن حەسۆ دەهسالی یە، تا تو نانێ دەستێ حەسۆ بخوێ خوەدێ هەسبکێ ژ کەرێ کورتان ژێ نامینە، دێ ناڤێ تە ل سەر کێلێن گۆرێ وەرێ نڤیساندن، یان دێ ببم ڕەشکێ شەڤێ، د ڕەشاتیا ڤی باژاری دە دێ وندا ببم.

دیسا خەجۆ ل بەر دلێ وی دا و گۆت: بەلێ یێ دارا خورما دچینێ، نە ژ خوە رە دچینێ، بەلێ تو ژی د ڤێ ژینێ دە نە ژ خوە رە دکی، تو ژ ڤان زارۆکان رە دکی.

بهنا قەهوێ دەرکەت، و دەنگێ ڕەقرەقا فنجانان دهات و بهنا قەهوا تال پۆزێ ڕەمۆ دشەوتاند، ڕەمۆ جهێ روونشتنا خوە خوەشکر و پال ڤەدا و ب دەنگەکی تەڤلی کەن گۆت: ئەز ئیرۆ ئاغا مە، ئەز مامۆستە مە، ژ بەیانی تا ئێڤاری ئەز کارێ وان دکم، ئەز بەردەستیا وان دکم، ئەز قەهوێ ژ هەر کەسی رە چێدکم، یەک سیرین یەک نیڤی یەک تال، ب لەز ڕەمۆ، ئەرێ ڕەمۆ، شیاربە نە گێژبە، لەزگینبە نە سست بە، دە ڕەمۆ، ئەرێ ڕەمۆ. ڕەمۆ جارنا دگۆت قەی ئەز یاریێ فتبۆلێ مە هنگی جەماوەر ناڤێ وی دهلدا، هەرە ڕەمۆ، بلەز ڕەمۆ، بینە ڕەمۆ، باڤێژە ڕەمۆ دەر، ڕەمۆ سەد نفر ل نامووسا باڤێ ڕەمۆ و ل توخمێ ڕەمۆ و ل وێ ڕۆژێ بێ ڕۆژا ڕەمۆ هاتیی ژیانێ.

ڕەمۆ تەپەک ل ناڤ سەرێ خوە خست، ئەو ساویرێن گەنی تەڤلی هەڤکرن، دیمەن قوتکر و دیسا گۆت: ئەز ئاخا مە، خەجۆ قەهوا تە پر خوەشە، کەچێ ئەز ئاغاتیا خوە ل سەر تە دبینم، ئەز خوە ل ڤێ مالا پەراتە دبینم، هەگەر تو نە ل ڤر بای خەجۆ دێ چاوا بام، ئەزێ نەبام، ب راستی ژی ئەزێ نەبام.

خەجێ قەهوە دانی ل بەر دەستی، ڕەمۆ سپاسی کر، هێدی هێدی فرەک مینا یا ئاغا، فرا دن مینا یا مامۆستەیان دڤەخوار، رامانەک دچوو و رامانەک دهات و ئەو مەژی دگەڕیا، دفڕیا، دچوو و دهات و دفڕیا و دفڕیا و نە دتەبتی، هەر دچوو دوور دوور، ئەو دەرا ڕەمۆ لێ خوەدێدای، ل وێ دەشتا فرەه و زەڤیێن گەنم یێن فرەه، خاکا ب روومەت بهنا پالەییێ، قیر و تلیلیێن پالا، تاڤا هاڤینا گەرم ڕەمۆ خوهدان پاقژ دکر، ل بەر مەلوویان خوە درێژ دکر، خاک بهن دکر، قەهوا خوە ڤەخوار، و بڕیار دا خەجێ وەلات وەلات وەلات.

خەجێ رامان قوت کر، مینا شوورێ جەلادەکی ل ستوکرا ڕەمۆ کەت، و ژێ رە گۆت:

چ؟ وەلات وەلاتێ چ خوەلیسەرۆ؟ ما مە وەلات هەیە؟ نە مرۆڤ و نە هرچ و هۆڤ، و گۆتنا خوە قوت کر و لێڤا خوە قەرمچان و ب تلیا خوە ب سەرێ بسکا خوە دزیڤراند، چاڤێن خوە کرن د ناڤ چاڤێن ڕەمۆ دە و ژێ رە گۆت: دە قەهوا خوە ڤەخوە، و سەرێ خوە دەینە و رازە و خەونەکا خوەش ژ خوەدایێ خوە بخوازە دا سبێ زوو تو هەری کار.

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ مالپەرا (وەلاتێ مە) هاتیە وەرگرتن، کو ب ڕێنڤیسا لاتینی هاتبوو بەلاڤکرن و ژ ئالیێ مە ڤە هاتیە ڤەگواستن ژبۆ ڕێنڤیسا نها ل هەرێمێ لکارە.**

**«ڕامان»**



# پاش دوایین ڕۆژ

مەهشید ئەمیرشاهی
لە فارسییەوە: بەرۆژ ئاکرەیی

جلێکی سەوزی تۆخت لەبەر بوو و قژە ئەتڵەسییەکەیشت لەسەر سەرت کۆکردبووەوە، دەمزانی نیگەرانی، لە چاوەکانتەوە دەمزانی، هەمیشە بە چاو قسە دەکەی، هەر لە منداڵییەوە، کە شاد دەبووی - چ کەمیش شاد دەبووی- ڕەشایی چاوت گەورە دەبوو و سپیاییەکەی مەیلەوشین دەچوو، کە نیگەرانیش دەبووی، چاوت ڕۆ دەچوون، تۆ خۆت نەتدەزانی.

لە تەنیشتم دانیشتی. گوتم «نیگەرانی؟»

گوتت «ئا.»

پێکەنیم و چاویلکە هەتاوییەکەمم لە چاو کرد، تا ئەگەر فرمێسکم بە چاودا هات، نەیبینی.

گوتم «بەڵێن دەدەم کارێکی دەبەنگانە نەکەم، ئێستا ژیرترم لە جاران.»

گوتت «زۆریش نا، بەڵام بەڵێنت پێ دام.»

گوتم «شەوان زووتر دەنووم، تووڕە نابم، شوو ناکەم، باشە؟»

گوتت «خەریکم بەڕاستی قسەت بۆ دەکەم.»

گوتم «کەواتە دەتەوێ درەنگ بنووم؟ شوو بکەم؟»

گوتت «تکات لێ دەکەم تووڕەم مەکە، نابینی چەند نیگەرانم؟»

با، دەمدی و حەزم دەکرد بگریم، هیچ کەس وەک تۆ لە ژیانمدا نیگەرانم نەبووە، هەر لە منداڵییەوە کە دەچووم

کارنامەکەم بێنمەوە، پێشبڕکێم دەبوو، کە حەزت لە چارەی دۆستەکانم نەدەکرد، بەس نیگەرانم بووی.

گوتم «نامەیش نانووسی؟»

گوتت «دەزانی کە من نازانم نامە بنووسم» و چاوەکانت بۆ چرکەساتێک لە باتی نیگەرانی، شەرمەزارییان تێدا بوو.

گوتم «چاکیش دەزانی- تەمبەڵی، تەمبەڵ، ئەگەر نەنووسی...»

ئەگەر نەیشنووسی گرنگ نییە، دڵت لای من دەبێ و دڵی منیش لای تۆ، ئێمە زۆرجار لە یەکدی دابڕاوین، جاری یەکەم کە لێک دابڕاین تۆ دوازدە ساڵە بووی و من پازدە. هێندە گێژ بووم تەنانەت نەیشدەگریام، شووشەی خڕی پەنجەرەکەم بەس ڕوخساری تۆ بوو، پاشان فڕۆکە سووڕایەوە و ئیدی نەمدیتی، ئەوسا لە پڕمەی گریانم دا.

ئەو یەک ساڵەی لێت دابڕابووم، چەند نامەم بۆت نووسی؟ لە بیرم نییە، زۆر، تۆیش دەتنووسی، چەند جوانیشت دەنووسی، بەڵام لە نووسیندا تەمبەڵی، کە من دەچوومە قوتابخانە و تۆ لە ماڵ دەبووی، دەتویست لەگەڵم بێیە قوتابخانە و دەتگوت «ئەمن دەبمە حەماڵ.»

دەیانپرسی «ئایەڕۆ، بۆ؟»

دەتگوت «ئاخر ناچمە قوتابخانە.» نازانم ئەم قسانە لە کێ فێر بووبوویت.

پاشان تۆیش چوویە قوتابخانە. مەشقەکانت ئەمن دەمنووسین و دەرسەکانیشت دایە. لە من هەم زیرەکتر بووی، هەم ئاقڵتر. دواتریش زۆر مرۆڤتر.

گوتم «دەبێ بنووسی.»

گوتت «هەوڵ دەدەم، ئێستا لەوە گەڕێ، تۆ بەڵێنت دا ئاگات لە خۆت بێ، بەڵێنت دا خۆت ماندوو نەکەی، بەڵێنت دا جگەرە نەکێشی.»

گوتم «جگەرە؟ کێ بەڵێنی دا جگەرە نەکێشم؟»

گوتت «ئاخر زۆر دەکێشی، کەواتە کەمی بکە.» شپرزە بووی.

گوتم «ئەتۆیش زۆر دەکێشی. کەواتە تۆیش.»

گوتت «کەوایە کێبڕکێیشمان هەبوو؟» و چاوەکانت نە نیگەرانییان تێدابوو، نە شەرمەزاری، تۆرانێکی ساختەیان تێدا بوو، دەتویست فریوم بدەی کە بەڵێن بدەم، بەڵام چاوەکانت، وەک هەموو هەبوونت، نازانن درۆ بکەن و فریوم نەخوارد، چونکە دەزانم هیچ کێبڕکێیەکم لەگەڵتدا نییە و دەزانم کە دەزانی نیمە، چۆن دەتوانم کێبڕکێم لەگەڵ تۆ هەبێ؟ تۆ هێندە لە من چاکتری کە بەوپەڕی ئەرخەیانییەوە لە خۆت چاکترم دەزانی، هەمیشە و لە هەموو شوێنێک لە سێبەری مندا ڕادەوەستی تاکو بەس من ببینرێم، کێبڕکێ مەگەر لەگەڵ تۆ دەکرێ؟

بەس ڕۆژانی سەرەتا کێبڕکێم لەگەڵ دەکردی، ئەو ڕۆژە سەرەتاییانەی تۆم نەدەناسی. چونکە تایەنەکەمان بووبوو بە هی تۆ و دایەیش هەر لە تەختەکەیدا بوو و تۆ لە تەنیشتی نووستبووی و منیش کە شیرت دەخوارد، لە ژوورەکەدا بووم و خۆم بە دایەوە دەنووساند و لە چلپەی مژینتم دەڕوانی، هەمیشە برسی بووی و بە دەسقوچاوییەوە شیرت دەخوارد و لە ژێر مەمکی دایەدا خەوت لێ دەکەوت، دایەیش بە خۆشییەوە دەیگوت «شوکر بۆ خوا ئەم منداڵە چاک دەخوا.»

پاشان نەنەشوکریان هێنا کە ئاگای لێت بێ و تایەنەکەم سەرلەنوێ بوو بە هی خۆم و دایەیش لە پێخەفەکەی هاتە دەرێ، کێبڕکێیش کۆتایی پێ هات.

گوتم «نا، کێبڕکێمان نەبوو، وازی لێ بێنە، ئەگەر بتوانم کەمتر دەکێشم، بەڵام بەڵێن نادەم.»

گوتت «ڕاوەستە بزانم بەڵێنی چی دیکەت داوە؟»

گوتم «واز بێنە کاتێکی ئەوتۆمان نییە، بەس چەند سەعاتێکمان ماوە.»

کات لە پێوەندی من و تۆدا، لە هەموو پێوەندییەکی تر گرنگتر بووە، هەر ساتێک کە پێکەوە بووین و هەر کاتێک کە لە یەکتر دابڕاوین، زەمان هەبووە و هەستی پێ کراوە. لەو ڕۆژەوە کە تۆ هەبوویت، زەمانیش هەبووە، من بەر لەوەی بزانم شەو و ڕۆژ بیست و چوار سەعاتە و هەر سەعاتێک شەست خولەکە و هەر خولەکێک شەست چرکەیە، هەستم بە زەمان کردووە، ئەویش بە هۆی هەبوونی تۆوە.

چەند سەعاتێک بەر لە هاتنت، بابە بردمیە ئیدارەکەی خۆی، تا لەنێو دەستوپێی کەسدا نەبم، هەوڵی دا پێم بڵێ تۆ خەریکی دێی، بەڵام من هیچی لێ حاڵی نەبووم، بەس زانیم بەبەیەک لە زکی دایەدایە و نەمدەزانی بۆ لەوێدایە و بۆ دێتە دەرێ، ئەگەر من لە زکی دایەدا بام، هەر لەوێ دەمامەوە.

ژوورەکەی بابە، دەنگی سەعاتە دیوارییەکە،

پێشــخـزمــەتێک کـە دەهات و کـاغــەزێکی دێنا و کـاغــەزێکی دەبرد- ئەمــانەم لە بیــرن، لە بیــرمــە پێشخزمەتەکە هەر ئاگای لە دنیای من و چاوەڕێکردنی هاتنت نەبوو و دەنگی ســەعــات بێ ئەوەی بزانم بۆ، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە هاتنی تۆوە هەبوو.

پاشان تایەنەکەم هات، کە بینیم خۆشحاڵ بووم و خۆم هەڵدایە نێـو باوەشی، بەڵام بە پێچەوانەی هەمیـشـە، خۆی زۆر تێ نەگەیاندم و هەر خەریکی قسەکردن لەگەڵ بابە بوو.

بابە پرسی «تەواو بوو؟» و جگەرەکـەی کـوژاندەوە و جگەرەیەکی تری پێ کرد.

دایە گوتی «بەڵێ.» و سەری داخست.

بابە گوتی «ئەمەیشیان کچە؟»

دایە هیـچی نەگـوت، بابە پێکەنی و گـوتی «عـەیبی چییە؟»

نەمدەزانی باسی چ دەکەن و مات لێیانم دەڕوانی.

گوتت «بۆ بێدەنگی؟»

گوتم «دەمەوێ داوای لێبوردنت لێ بکەم، کە ئەو ڕۆژە بێتـاقەتم کردی، بەڵام نازانم چۆن. دڵم پڕە؟ بەڵام نازانم چۆن داوای لێبوردن بکەم، دەی باشە ببووره و ئا.»

گـوتت «بۆ داوای لێـبـوردن دەکـەی؟ خـۆ تۆ هیـچت نەکردووە.»

گـوتم «هەر جـارەی لەگـەڵت بەشـەڕ دێم، دواتر وەک سەگ پەشیمان دەبمەوە.»

شەڕەکـانم لەگـەڵ تۆدا شـەڕ نەبوون و قـەت شـەڕ نین، هەمیشە گاڵتەی بێتام و کەرانەن کە پەرەیان پێ دەدرێ، ئەو ڕۆژەت لە بیـرە خـوێم کـردە نێـو دەمـتـەوە؟ ئەویش گاڵتە بوو، دوور نییە لە عـالەمی شەش ساڵیدا پێم وا بووبێ گاڵتەیەکی خۆشە ئەگەر خوێ بکەمە نێو دەمتەوە، تۆ سێ سـاڵان بووی و پێم گـوتی «چاوت بقـووچێنە و دەمت بکەوە.» چاوت قـووچاندن، هێندە قـایم کـە وەک ئەو وێنانەت لێ هات کە من لە خۆرەتاوم دەکێشانەوە: بەس خــاڵێک و بە دەوریشــیــــدا پرشنگی درێژی برژانگەکـانت، بە خـۆشـیـیـەوە دەمت کـردەوە و منیش مستی پڕ لە خوێی خۆمم لە دەمتدا بەتاڵ کرد. کەوتیە کۆکێن و وام زانی ئێستا دەخنکێی، کە لە کۆکێن بوویەوە چووم و بە دزییــــەوە گـــریام، تا چەنـد ڕۆژیش هەر خــواردنێکی خـۆشـیـــان دەدامێ، یان دەمــتــوانی لە دۆڵابەکـەی دایە بیـدزم، دەمـهێنا و لەسـەر ڕێتم دادەنا، نەمـدەتوانی بێم لێت نزیک ببـمـەوە و بڵێم «ئەوەیان بۆ تۆ.» دەترسام دیسان پێت وا بێ خوێت دەرخوارد دەدەم.

گوتم «ئاوام ئیتر، وەک سەگ پەشیمان دەبمەوە.»

گـوتت «توخـوا قـسـەی وا مـەکـە، مـەغـدووریت لێ ناوەشێـتـەوە، ئەو ڕۆژەیش خەتای من بوو.» و پێکەنی، لە قـووڵایی چاوە مـەخـمـەرییـەکـانتـەوە، ڕێک وەک ئەو ڕۆژەی پێم پێکەنی.

تۆ نازانی باسی کـەی دەکـەم، لە بیـرت نیـیـە، لە دەسپێکی دنیای خۆم دەدوێم: لەو ڕۆژەی کە تۆ لە دایک بووی دەدوێم، لەدایکبـوونی تۆ سـەرەتای دنیـای منە، چونکە لەدایکبـوونی تۆ یەکـەمین بیـرەوەری منە، دنیـای مرۆڤیش چییە مەگەر، جگە لە بیرەوەرییەکانی؟

منیـان لەسـەر لێـواری تەختی دایە دانا، خۆم هەڵدایە باوەشییەوە و توند توند خۆم پێیەوە نووساند، بە دایەم گوتبوو «ئێـستـا دەکرێ بە پێلاقە لە زکت بدەم؟» دایە گوتبووی «کوێر بم ڕۆڵە، تۆ مانگ چاوەڕێت کرد.»

ئەمـانە دواتر دایە بۆی گـێـڕامـەوە، من خـۆم لە بیـرم نەماوە.

بەڵام لە بیرمە دایە گوتی «دەتەوێ بەبەکەمان ببینی؟»

من توندتر خۆمم پێیەوە نووساند، وابزانم نەمدەویست بتبینم.

دایە گـوتی «ئەگـەر دەتزانی چەند جـوانە... دەسـتی ئەوەندۆکەیە و لاقیشی ئەوەندە.»

کونجکۆڵ بووم کـە دەست و پێیە ئەوەندەکانت ببینم و تۆیان پیشـان دام. لە تەختە بچووکـەکەتدا خـەوتبووی، پێت دیار نەبوون و دەسـتـەکـانت کـردبوونە مـشت و ڕوخسارت تووڕە بوو. حەزم لێ نەکردی.

دایە گوتی «دەتەوێ لە باوەشی بگری؟»

نێــوچەوانم گــرژ کـــرد و چەنەم بردە نێـــو بەرۆکی کراسەکەم.

دایە گوتی «بزانە چەند جوانە.»

گوتم «هیچیش جوان نییە. بۆ هێندە سوورە؟»

دایە گوتی «ئاخر تازە لە دایک بووە...»

گوتم «قەی ناکا، دەڵێم بۆ هێندە سوورە؟»

دایە گـوتی «چەند ڕۆژێکی دیکە چاک دەبێ، سـپی دەبێ، تۆیش کە لە دایک بووی ئاوا بووی.»

گریان قورگمی گرت و گوتم «قەت وا نەبووم.»

دواتر کە گەورە بووین، زۆرم حەز دەکرد وەک تۆ بام. هەمیشە حەزم دەکرد وەک تۆ بام.

دایە پێکەنی و منیش بە ڕقــێکی زۆرترەوە گــوتم «نەبووم، من وا نەبووم.»

دایە گوتی «مەقیژێنە... لە خەو هەڵدەستێ.»

تۆ چەند جــار دەســتــە بچــوکــەکــانت لە هەوادا جــوولاندنەوە و لێــوی خــوارەوەی خــۆت مــژی، دایە بەتانییەکەی پێدا دای و دەستێکی بە دۆشەگەکەتدا هێنا و من پێیە نەرم و سوورەکانتم بینین و لە دەستم گرتن.

دایە گــوتی «جــووتێک قــاپقــاپی لە توێکڵی بادام بۆ دەکەین، باشە؟»

من پێیەکانتم نەختێک گوشین.

«کڵاوێکیش لە توێکڵی گوێز.»

تەماشای سەرتم کرد، گوتم «کەچەڵە.»

دایە گــوتی «نا، کــەچەڵ نیــیــە. قــژی هەیە و زۆریشــە، بەبەکانی دی هەر قژیان نییە.»

گوتم «دەی چی دیکەی لێ بکەین؟»

دایە گــوتی «هیــچی لێ ناکــەین، دەیلاوێنینەوە... ماچی دەکەین.»

بە پەلە گوتم «ئەدی جل؟ چی لە بەر بکەین؟»

دایە گــــوتی «ها... چی لە بەر بکەین... با بزانین چیــمــان پێ دەکــرێ، تەنوورەیەکی لە گــوڵاڵەیشی بۆ دەکەین.»

دواتر کە گەورە بووی، کــراسێکی مــەخــمــەری سوورت هەبوو بە قــۆڵی هەڵپــفــاوی ئۆرگــاندی و بەروانکەیەکی سپــیــەوە کە تێــیدا وەک گوڵاڵەیەکت لێ دەهات، بەڵام هەر کاتێ ئەو کراسەت لە بەر دەکرد، من دەکەوتمە بیری ئەو گوڵاڵەیەی قەرار بوو تەنوورەی تۆ بێ.

پرسیم «دەی، چی دی؟»

«لە توێکڵی پیازیش چارشێوێکی بۆ دەکەین.»

گوتم «ئەدی کڵاو؟»

دایە گوتی «کڵاو؟ ئاها کڵاوەکەی! قەی ناکا. ڕۆژێک کڵاو لەسەر دەکا و ڕۆژێکیش چارشێو.»

«چی دیکە! چی دیکە!»

دایە گوتی «هیچی دیکە، جا بە قاپقاپەکانییەوە دێتە بەر دەرگــای ژوورەکــەت و.. تەق تەق تەق. لە دەرکــە دەدا.. تەق تەق تەق.»

من زۆرم پێ خـــۆش بوو «تەق تەق تەق.. تەق تەق تەق.. تەق تەق تەق تەق تەق.» و لە خــەوم هەســتــاندی، چاوت هەڵێنان، نەرمتر لە بووکەڵەکانم، چەند جوانیش بووی، پێکەنی، دڵنیــام کــە پێکەنی. بە چاوە ڕەشــە مەخمەرییە گەورەکان و برژانگە درێژەکانتەوە، کە بەسەر چاوەکــانــتــدا چەمــابوونەوە، دەمــویست لە باوەشت بگرم، بەڵام شەرمم کرد بڵێم و دایەیش ئیدی بە دوایدا نەچوو، لە پەنات ڕاوەستام کە دیسان پێ بکەنی، پێ نەکەنی.

لە بــاوەشم گــرتی، ســەرتم لەســەر شــانم دانا و هێندە ڕامگرتی تا ئەو فرمێسکەی لە چاومدا قەتیس مــابوو، هەڵڕژا.

گوتم «ئای چەند کەرم... قژتم شێواند.»

گوتت «بە توون، قسەم بۆ بکە.»

چەندە قسەم پێیە بۆت، هەر کاتێک قسەی زۆرم هەبێ بۆتی بڵــێم، قســەی گــرنگ، قــســەی قــۆڕ دەکــەم، قســە گــرنگەکــان ناڵــێم، باسی پارێزی خــواردنم دەکــەم، باسی چایەکەی ئیــدارەمــان دەکــەم کە تــامی تەباشیــر و بۆنی گوڵی زمانەگای لێ دێ، یان باسی پەشمەکی نێو دۆڵابی "منەوەرخــانم" کە وەک بنێــشت لێک دەکــێــشــرێــتــەوە، ئەوکــاتــیش هەر وا بــوو، قــەت باسی مــردنی بابەم بۆ کــردی؟ باسی دوورکــەوتنەوەی دایە؟ نەمگوت، چونکە هەموویت دەزانی، بێ ئەوەی وشەیەک بێنینە سەر زار.

کە بابە مرد، تۆ حەفت ساڵان بووی و من دە ساڵان، تا چەند ڕۆژێک تەماشای چاوی یەکتریشمان نەکرد، چونکە ئەویش جۆرێک بوو لە قسەکردن، یەکەم جار کە زانیم تۆ بە چاو قسە دەکەی، دوو ساڵ بەر لە مردنی بابە بوو: کە دایە ڕۆیشت، دوای ئەوە هەر ڕووداوێک کــە ڕووی دا، ئیتر زاتم نەکرد تەماشای چاوت بکەم، چونکە هەر کاتێ ڕووداوێک ڕوو دەدا، ژانوبرکی ئەو ڕووداوە لە چاوانــتــدا جێــگیــر دەبێ و بە هەر تێــرامــانێکی تۆیش، توێ توێ لەسەر شانی مرۆڤ هەڵدەنیشێ و مرۆڤ لە ژێر قورسایی خۆیدا دەپلیشێنێتەوە، قسەم بۆ نەکردی، نە لەمەڕ مردنی بابە و نە ڕۆیشــتنی دایە، لە باتی ئەوە لە شــتــە بێ نرخەکان دواوم: گوتم مامۆستاکەمان فەرق و جیاوازی دادەنێ، گــوتم لەگــەڵ برادەرێکمــدا تێکم داوە، گــوتم بە بابە بڵێ دەچینە سینەما، گوتم ئەگەر هەڵ نەخلیسکابام شووتم دەکرد.

ئێــســتــایش باسی ئەو ڕووداوە ناکــەم، هێــشــتــا زووە، زۆر.. هێشتا تەقەڵەکانیان دەرنەکێشاون و هێشتا ئازارم

هەیە و هێشتا تەپم، دواتریش لەوانەیە نەیلێیم، چیم پێ دەگوترێ؟ بلێیم ویستم خۆم بکوژم، نەکرا؟ شتێکی چەندە گەپجارانەیە خۆکوشتن. خۆکوشتن قەرارە کردارێکی جوان و قارەمانانە بێ، بەڵام بەو مەرجەی سەر بگرێ. مرۆڤ ئەگەر نەمرێ، گەپجارانەیە.

یەکەمین چرکەسات کە چاوم کردنەوە، لە بەردەمم ڕاوەستابووی، بە جلە سەوزە تۆخەکەتەوە کە ڕۆژی سەفەر لە بەرت بوو.

گوتت «قسەم بۆ بکە.»

گوتم «شتەکانت هەموو هەڵگرتن؟ هیچت لە بیر نەچووە؟»

سووکەچاوێکت بە جانتاکەتدا خشاند و گوتت «نا، شتەکانم هەموو هەڵگرتوون. حەزت لە چییە لەوێوە بۆتی بنێرم؟»

گوتم «نامە.»

ئەو نامەیەم دڕاند کە بۆ تۆم نووسیبوو، هەم نامەکەی تۆ، هەم هی دایە، هەم هی بابە. هەر ئەو سێیەم نووسیبوون، ئاینوئۆینەکان پڕ بەپێست بوون، ئێستا چەند پێکەنیناویم دێتە بەرچاو. بۆ دایەم نووسیبوو دڵت بداتەوە، کێ دەیتوانی دڵی دایە بداتەوە؟

چەند بەختەوەرم من، نەک لەبەر ئەوەی کە نەمردم؛ لەبەر ئەوەی کاتێ کە دەمویست بمرم، دڵنیا بووم دایە خەفەت دەخوا، تۆیش خەفەت دەخۆی و وابزانم هەر ئەم بیرە بوو کە نەیهێشت بمرم، ئێستا دەمەوێ بژیم، لەبەر دایە، لەبەر تۆ، لەبەر خۆم، خۆزگە ژانەکەم زووتر دامرکێ و شوێنی تەقەڵەکان چاک ببێتەوە، تاکو کە جارێکی دی دێیەوە ناچار نەبم بۆت ڕوون بکەمەوە کە بتوانم بێمە پێشوازیت و دەستم هەڵێنم و بیلەرێنمەوە، وەک ئەو ڕۆژەی کە دەچووی.

کە دێی، پەنجەرە خڕەکان هەر هەموویان ڕوخساری تۆن، تەنانەت کاتێ کە فڕۆکە دەسووڕێتەوە، دەستمت بۆ دەلەرێنمەوە، ئاسان و بێ برک و ژان.

دەڵێی «قسەم بۆ بکە.»

دەڵێم «چای ئیدارەکەمان وەک جاران قوڕە.» دەڵێم «دوو کیلۆ دابەزیوم.»

دەڵێم «ئەو پێڵاوە زەردەی بۆت ناردبووم، ڕێک هاوڕەنگی جانتاکەم بوو.

**سەرچاوە:**

**کۆمەڵە چیرۆکی "منتخب داستانهای مهشید امیرشاهی" انتشارات توس. چاپ اول، ۱۳۵۱، ل۹۱.**



# محەمەد ساڵح سەعید:
# چاوم بە ئەدەبی میسری کرایەوە، ڕۆمان و نۆڤلێتەکانیشم زیاتر زمانی شارن، بەڵام وازم لە زمانی گوندیش نەهێناوە.

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(٢ – ٢)**

محەمەد ساڵح سەعید وەک نووسەر، ڕۆژنامەنووس، کەلەپوورخواز، زمانەوان، پەروەردەکار ناوی دێتە پێشەوە، کە لە کۆتایی ساڵانی چلەکان و سەرەتای ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابوردووەوە دەستی بە نووسین و چالاکییەکانی خۆی کردووە. سەرەتا بە شیعر دەستی پێکردووە، پاشان کەوتووەتە سەر ڕۆژنامەنووسی و نۆڤلێت و ڕۆمان نووسین.

لە زووەوە چووەتە ناو دنیای ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە، بۆیە هەر لە قوتابخانەی (مەنار) بووە کە ژمارەیەکی لە گۆڤاری (چیا) دەرکردووە، دواتر هەر لەو قوتابخانەیەدا ژمارەیەکی لە گۆڤاری (گزنگ) دەرکردووە، لەو دەستپێکەوە حەزی بە ڕۆژنامەوانی کردووە، بۆیە لە ساڵی ١٩٦٠ لەگەڵ هاوکارانی کەوتووەتە دەرکردنی گۆڤاری (بڵێسە) کە تا ڕۆژ داخرانی (١١) ژمارەی لێ دەرچووە.

دوای دابڕانێکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسیی کوردی، ئەم جارە لە گۆڤاری (کەلەپووری کورد) تێهەڵدەچێتەوە و وەک بەڕێوەبەری نووسین دەست بەکار دەبێ کە تا ئێستا (٢٣) ژمارەی لێ دەرچووە، لە پاڵ ئەو گۆڤارەشەوە، خەریکی دەرکردنی گۆڤاری (وەشت) بووە کە وەک بەڕێوەبەری نووسین تا ئێستا (٢٢) ژمارەیان لێ دەرکردووە.

لە بواری نووسینی نۆڤلێت و ڕۆماندا، تا ئێستا (٤) نۆڤلێت و ڕۆمانی دەرکردووە و چەند دانەیەکیشی بەدەستنووس لەلای خۆی ماونەتەوە و جارێ چاپ نەکراون، ئەم کارانەی بە چاپی گەیاندوون بۆ سەردەم و قۆناغی خۆی پێویست و گرنگ بوون.

لە بواری پەروەردە و فێرکردنیشدا (٣٠) ساڵ خزمەتی بە پەروەردە و فێرکردنی منداڵی کورد کردووە، کە (١٠) ساڵی وەک مامۆستا و (٢) ساڵی وەک یاریدەدەر و (٨) ساڵ وەک بەڕێوەبەر و (١٠) ساڵ وەک سەرپەرشتیاری پەروەردە کاری کردووە، هەروەها لە دانان و وەرگێڕانی کتێبی قوتابخانەکانیشدا بەشدار بووە و ڕۆڵی خۆی گێڕاوە.

تا ئەمڕۆ کە تەمەنی خەریکە بەرەو (٨٥) ساڵ دەڕوا لە کارو چالاکی خۆی بەردەوامە، چونکە دوای خانەنشین بوونی (٦) ساڵ لە (کوردۆلۆجی) کاری کردووە، (٣) ساڵی لیژنەی سەرەکی بووە لە ئامادەکردنی بەرنامەی کار و ساڵێکیش بە گرێبەست بەڕێوەبەری ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی زانکۆ بووە، بێجگە لە کاری ڕۆژنامەنووسی و نووسینی خۆی کە تا ئەو ساتەوەختە بەردەوامە.

ئێمە لە گۆڤاری (ڕامان)دا وەک پیشەی هەمیشەییمان لە بەسەرکردنەوەی قەڵەمە پێشەنگەکان مامۆستا محەمەد ساڵح سەعیدمان بەسەر کردەوە و لە ئەزموون و وێستگەکانی ژیانی ئەدەبی و پەروەردەیی و ڕۆژنامەنووسی و زمانەوانی ئەومان پرسی، کە ئەو هەڤپەیڤینە بەرهەمی ئەو بەسەرکردنەوەیە.

**رامان:** دیارە تۆ دەزانی ڕۆمان نووسین و کورتەچیرۆک نووسین هەر گێڕانەوەی ڕووتی ڕووداوەکان نین، ئەو ڕووداوانەی لە ژیانی خۆتاندا دەیانبینن، یان دەیانبیستن، بگرە دەبێ شێوە و شێواز و جۆرە تەکنیکێک هەبێ بۆ ئەوەی ئەو بابەتانە بە جۆرێک هەڵبخرێن کە جێی سەرنجی خوێنەران بن، یانی جیا بکرێنەوە لەگەڵ ئەو شێوە ژیانەی کە خەڵکی ئاسایی دەیانبینێ و هەستیان پێ دەکات، بۆ ئەم بابەتە هونەرەکانی گێڕانەوە هەیە کە ڕۆمانی پێ دەنووسرێ، یان نۆڤلێتی پێ دەنووسرێ، ئەوە وتمان تۆ زۆر ڕۆمانت نەخوێندووەتەوە، لەبەر ئەوەی ویستووتە نەکەویتە ژێر کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی ئەم ڕۆمانانەوە، وەک ئەو دۆخەی کە باست کرد کە هەندێ نووسەری کورد تێی کەوتبوون، بەڵام خۆ پێویستە ئینسان کە ڕۆمان، یان نۆڤلێت دەنووسێ، شارەزاییەکی باشی لە تەکنیکی نووسینی نۆڤلێت و ڕۆماندا هەبێ، بۆ ئەوەی بزانێ چۆن ئەو ڕووداوانە بچنێت و دەریانبڕێت و سەرنجی خوێنەران بۆ لای خۆی پێ ڕابکێشێت؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بۆچوونەکەی تۆ زۆر بەنرخ و ورد و چاکە، من بەدواداچوونی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانم هەبوو، لەگەڵیدا نەپچڕاوم، بۆ نموونە من کە لە قوتابخانە لەسەر سیاسەت بەهۆی هاوکاری و یارمەتیدانی کەسێکەوە دەرکرام، ئەوسا مووسا سەمەد بەڕێوەبەری ئامادەیی سلێمانی بوو، شەو بەشی زانستی هەبوو، لە قوتابخانەی گۆیژەی پشتی فەیسەڵییە کە ئەوسا لە بەردەرکی سەرا بوو، ئێستا نەماوە، ئەو کەسە لای مووسا سەمەد هەوڵی بۆ دام، خۆم مووسا سەمەدیشم دەناسی، چونکە جارێک لە ئەمنەوە کە ئەوسا تەحقیقاتیان پێ دەوت، بانگیان کردم.

**رامان:** کێ بانگی کردیت؟ تەحقیقات چ پێوەندی بەوەوە هەبوو؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئەوەی بانگی کردم مامۆستا مووسا سەمەد بوو، کە بانگی کردم وتی ئەوە دیسان چیت کردووە، ناردوویانە بە دواتدا، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێ نێوانێکی لەگەڵ مندا دروست کردبوو، بەڵام من دەرکرابووم، لەبەر ئەوەی گیرابووم، قوتابیی گوێگر بووم و بە شەو دەچووم، بەهۆی ئەو کەسەوە، کە زەعیم مەجید عەلی بوو، خزمی خۆمانە، بەڕێوەبەری "تجنید"




**محەمەد ساڵح سەعید - ئازاد عەبدولواحید**

بوو، لەگەڵ مووسا سەمەددا ئەو سەرۆکی دایرە و ئەویش کەسایەتییەک بوو، بەهۆی ئەوەوە بە گوێگر لە قوتابخانەی شەو قبووڵ کرام.

**رامان:** بیستوومە تۆ لە خوێندنی شەودا زۆر جددی بوویت؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئێستاش لەبیرمە ئەوەش هەر پێوەندی بە خۆمەوە هەیە، هەموو قوتابییەکان، ئەوانەی کە بە ڕەسمی لە زانست قوتابی بوون، دەوامیان پچڕپچڕ بوو، بەڵام ڕۆژێک نەبووە من چارەگێک لەپێش قوتابخانەکەدا، کە مامۆستا دێتە ژوورەوە، لەوێ ئامادە نەبووبم، تا دەوری ساڵ و نیوێک من لەوێ دەوامم کرد، دووجار لە قوتابخانەی زانستی شەو دەوامم کرد و بۆ یەک وانەش دەوامم بەجێ نەهێشت، ئینجا یەکێک لەو قوتابیانە بووم کە عەرەبییەکی زۆر باشم دەزانی، مامۆستایەکمان هەبوو، کەمال ڕیماوی، کە قسەی دەکرد ستایشی منی دەکرد و مامۆستا کەمال محەمەد ئەمین ئینگلیزی پێ دەوتین، ئەویش زۆر زۆر پەسنی منی دەدا، لەبەر ئەوەی من زەوقێکیشم لە زمانی ئینگلیزیدا هەبوو، دوایی هەر ئینگلیزیم وتەوە.

**رامان:** وابزانم بەهۆی زانینی زمانی ئینگلیزییەوە بەراوردێکت لەنێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا هەیە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ڕاستە، بەراوردێکی زمانیم لە نێوان ئینگلیزی و کوردیدا هەیە. ئەوان کە بە منیاندا هەڵدەدا، قوتابییەکان هەموویان کە پیاویان تێدا بوو لە من گەورەتر بوون، هەمەجۆرە بوون، لە تەمەنی منەوە تێیاندا بوو تا تەمەنی گەورەتریش، لۆمەیان دەکردم و زۆریان پێ ناخۆش بوو، دەیانوت تۆ قوتابی نیت، تۆ

بۆچی هەموو شەوێ دێیت و ئێمەش نارەحەت دەکەی و دەوام دەکەی؟ ئینجا دوای ئەمە کە من لە خانەی مامۆستایان قبووڵ کرام، لەوێش لەناو قوتابییە عەرەبەکانیشدا وام لێهات کە زۆر جیاکراوە بم.

**ڕامان:** لە چیدا جیا کراوە بوویت؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** جیا کراوە بووم بەتایبەتی لە دەربڕیندا، کە داوایان لێ دەکردین هەڵسین یەکێک لەسەر فلان بابەت قسە بکات، من یەکەم کەس بووم لەناو عەرەبەکانیشدا هەڵدەستام لەسەر ئەو بابەتە قسەم دەکرد، کە شتم دەنووسی مامۆستاکەمان ستایشی دەکردم، تۆ سەیری ڕێکەوتی ژیان بکە! لە پۆلی یەکی خانەی مامۆستایان هەر ئەو (کەمال ڕیماوی)یەی سلێمانی بووبوو بە مامۆستای خانەی مامۆستایان، لەوێش بووبوو بە مامۆستای عەرەبیمان، هەر زوو یەخەی گرتمەوە، منیش تا ئێستا خۆشم دەوێ، ئەو پیاوە فەلەستینی بوو، زانایەکی زۆر گەورە بوو، بەڕاستی ئەلێرەوە من زۆر بەوردی بەرهەمە ئەدەبییەکانم لەسەر زمان، لەسەر ئەدەب و لەسەر بەشەکانی ئەدەب خوێندووەتەوە و تێی گەیشتووم و لەدواییدا بەتایبەتی کتێبەکانی تەها حسێن و عەقاد و ئەمانەشم دەخوێندەوە.

**ڕامان:** بەڵام ئەمانە زۆر پێوەندی بە تەکنیک و هونەرەکانی گێڕانەوەوە نییە؟ بە تایبەتی ئەوانەی پێشتر باسمان لێوە کردن؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بەڵێ دەزانم، بەڵام بۆ ئەو کاریگەرییە تۆ سەیری ئەم نۆڤڵێتی (کاروانی)یە بکە، کە لە ساڵی ١٩٥٧دا ڕەئووف مەعرووف، یادی بەخێر بۆی چاپ کردم، لەبەر چی بۆی چاپ کردووم؟ ئێستا ئەوەش دەگێڕمەوە، من هاتووم سەرەتایەکی کورتم وتووە، کەچی لەوێ یەکەم وشە باسی ویژە دەکات، ویژە بەشێکە لە ژیان، یان زمانحاڵی ژیانە، ئینجا ئەوەی پێوەندی بە ژیانەوە هەیە کاری تێ دەکات، هەروەها پێوەندی بە ویژەوە هەیە و کاریشی تێ دەکات، ئەمە لەوسەردەمەدا دیدی من بووە، یانی پەنجا و هەشت ساڵ لەمەوبەر من ئەم جۆرە قسەیەم کردووە، کەچی هاتووشم هەر بەوەوە نەوەستاوم، باس لە ئەدەب دەکەم، ئینجا لە دواییدا باس لە ڕێکخستنی ئەدەبی ئینشایی دەکەم، لە پێدا هەڵدانی وەسفی؛ چیرۆک جۆرە هونەرێکی وتراوی نوێیە، من ئەگەر ئەوە نەزانم، چۆن باسی دەکەم؟ چیرۆکی ڕووداوی واقیعی، چیرۆکی خەیاڵی، ئینجا لێرەدا وتوومە، کورتەچیرۆک، چیرۆک، ڕیوایەت، کە ئەمە چیرۆکی درێژە، حەقایەت کە لێرەدا مەبەستم حەقایەتە کوردییەکانە، لە ساڵی ١٩٥٧دا لە یەکێک لە نۆڤلێتەکانمدا، کە (کاروانی)یە، من ئەمەم وتووە.

**ڕامان:** ئەوە باسێکی کورتی مام هۆمەرت بۆمان کرد، ئەی لە بارەی (کاروانی)یەوە چی دەڵێی؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** لێرەدا حەز دەکەم شتێک بڵێم، هەر لەبارەی ئەم (کاروانی)یەوە، لەو سەردەمەدا پێوەندیی حزبایەتیم لەگەڵ ڕەئووف مەعرووف دا هەبوو، هەروەها پێوەندیی هزر و پێشکەوتنخوازی، نەک حزبیم لەگەڵ مستەفا ساڵح کەریم دا هەبوو، لەو کاتەدا مستەفا ساڵح کەریم کە من لێرەدا وتوومە زۆر سوودم لێ وەرگرتووە و هاوکاریی کردووم، بڕواتان بێ ئەمەی نەدیوە تا ناردوومە بۆ ڕەئووف مەعرووف، کەواتە هیچ یارمەتییەکی نەداوم، ئەی بۆچی لێرەدا ئەمەم وتووە؟ چونکە کە دابووم بە ڕەئووف مەعرووف، ئەویش دابووی بەو بیخوێنێتەوە، ئەوە مستەفا ساڵح کەریم هاوڕێمە و ئێستاش ماوە، هاتە لام و وتی هاوڕێ! – شیوعییەکان بە هاوڕێ- یەکتریان بانگ دەکرد، ئەگینا من ئەوکاتە پێوەندیی خێزانیم لەگەڵ ئەودا نەبووە و پێوەندی قوتابخانەیی و هیچ شتێکم لەگەڵ ئەودا نەبووە، تەنیا نووسین نەبێ – چیرۆکەکەت زۆر جوانە، من زۆر پێی سەرسامم و حەز دەکەم پێشەکییەکت بۆ بنووسم.

**ئەکادیمی نیم، بەڵام منیش یەکێک بووم لەوانەی لە خولەکاندا وەک مامۆستا دەرسم بە مامۆستاکان وتووەتەوە.**

**ڕامان:** بۆچی بە نووسینی ئەو پێشەکییە ڕازی نەبووی؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** لەوکاتەدا بیرکردنەوەی من بەوە قایل نەبوو، نازانم بۆ! یانی وتوومە ئەمە هی منە، کەواتە دەبێ هەموو شتێکی هی من بێت.

**ڕامان:** لە دوکانەکەی ڕەئووف مەعرووف، هەوری شاعیرت بینیوە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ڕاستگۆییەکی دیکەت لێرەدا بۆ باس بکەم کە هەر لەم (کاروانی)یەدایە، لە لای ڕەئووف مەعرووف، کە خۆی کەسێکی ئەدەبدۆست بوو، چونکە هەوڵی دەدا لە هەموو شوێنێکەوە کتێبی پەیدا دەکرد، هەرچەندە کردبووی بە کاسبییەک بۆ خۆی، بەڵام لەسەر سیاسەت لە کارەکەی دەرکرابوو، کتێبخانەیەکی دانابوو، کەواتە کەسێکی نزیک بوو لە ئەدەب و لە فیکر، لەوێ ڕاوەستابووم، ئەبووبەکر هەوری هات، دەستی دایە دەستنووسەکەی من، سەیرێکی کرد و وتی، ئەمە چییە؟ بە لەهجەیەکی خۆش ئەمەی وت، ئینجا تۆزێک بە لەهجەیەکی تایبەتی قسەی دەکرد، وەک بڵێی ناز بەخۆیەوە بکات.

**ڕامان:** دیارە پێشتر نەتدەناسی، دواتر بوونە هاورێ؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** لەدواییدا ناسیم و زۆر ڕێزم لێ دەگرت، تا لە گۆڤاری "بڵێسە"دا کە من دەرم کرد، ئافەرینی لێ کردم و جارێکیشیان خۆی شتێکی بۆ نووسیم و بۆم بڵاوکردەوە.

**ڕامان:** کە دەستنووسەکەی تۆی هەڵگرت چی پێ وتی؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** من کتێبەکەم ناو نابوو کاروانچی، بەڕاستگۆیی لە پێشەکیی ئەم کتێبەدا باسم کردووە کە ئەم کتێبەم ناو نابوو کاروانچی، بەڵام مامۆستا ئەبووبەکر هەوری وتی، ئەم (چی)یە کوردی نییە، ئەمە تورکییە و خراوەتە سەری، وتم ئەمە لە زمانی ئێمەدا بەکار هاتووە، لەبەکارهێنانی میللیی گەلی ئێمەدا ئەم شتانە بەکار هاتوون، منیش وتوومە کاروانچی، وتی – منیش تازە بووبووم بە مامۆستا – ئەو سەردەمە ئەو تەمەنی زۆر لە من گەورەتر بوو، ئێمە ڕێزمان لێ دەنا، بەهۆی ئەوەی کە لەو سەردەمەدا شاعیرێکی گەورەی کوردبوو، وتەی خۆی هەبوو، مێژوویەکی تایبەتی خۆی هەیە، جگە لەوە هەموو مرۆڤێکیش لەسەریەتی وەک پێویستییەک دەبێ ڕێزی بەرانبەرەکەی ڕابگرێت، بەتایبەتی ئەگەر بە تەمەنیش لە خۆی گەورەتر بێت و بە ڕاژەی مامۆستایەتی و پیشەیی لە خۆی لەپێشتر و کۆنتر بێت، من ئەوە پیشە و ڕەوشتم بووە، زۆر ئەوانەم لێکداوەتەوە، ئەگەر پرسیاریشم لێ بکەی بۆچی؟ دەڵێم هەر وابووە، هەر واهاتووم و تا مردنیش هەر وا دەبم، لەوێ نووسیومە کە مامۆستا



**سیمیناری د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، پێنج شەممە ٢٠٠٣/١٠/٣٠، هۆڵی ڕاپەڕین، زانکۆی سلێمانی.**
**لە ڕاستەوە: د. ناوەڕەحمانی حاجی مارف، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، محەمەد ساڵح سەعید.**

ئەبووبەکر هەوری پێشنیاری کرد، لەبەر ئەمە من ناوەکەیم کرد بە کاروانی.

**ڕامان:** ئەی باشە ئەگەر کاروانچی ببێتە کاروانی، چایچی دەبێ بە چی؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** چاپەز، ئەوە لە کوردیدا هەیە، پرسیاری ئەمەم لێ نەکرد، بەڵام من گەلێک نموونەم بۆ هێنایەوە و وتم مامۆستا، ئاخر ئەمەیە، وتی حەمە ساڵح تەنانەت ئاواش، – چونکە بەهۆی خێزانەکەی منەوە پێوەندییەکی خێزانیمان هەبوو کە لەگەڵ ئەواندا خزمایەتییەکی هەیە – خۆت یەکێکی لەوانەی کە هەمیشە باسی وشەی کوردی پەتیی دەکەی، کەواتە دەبێ ئەمە بکەی، وتم مامۆستا تۆ ڕاست دەکەی.

**ڕامان:** ئەی ئەوە ئێستا چاپەستیش هەیە، ئەوەی کە چای پێ دەپاڵێوی چاپەستە، وادیارە ئەو "تا"یەکەی پێوە نییە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بەڵێ بەڵێ، چاپاڵێو.

**ڕامان:** ئەی تووتنچی؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** تووتنەوان.

**ڕامان:** ئەی بۆ وشەی توونچی، حەمامچی و...تاد

**محەمەد ساڵح سەعید:** هەندێ وشەی بیانی وەک شتێکی ڕەسەنی لای خۆمانی لێهاتووە، ئەگەر نەشمانتوانی بیانگۆڕین ئەوە ئەو وشە بیانییە وەک خۆی بمێنێتەوە و بەکار بێت، هەر زمانی تورکی و فارسی خۆیان بەشێکی وشەی عەرەبی بەکار دەهێنن بەبێ ئەوەی

هەست بە کەمی بکەن، چونکە خاوەنی قەوارە و دەوڵەتی خۆیانن.

**ڕامان:** بەداخەوە ئێمە ئەو شتانەمان لە بەستێنە کوردییەکەوە دوور خستووەتەوە و کردوومانە بە شتێکی دیکە.

**محەمەد ساڵح سەعید:** من هێندێک جار دڵم دێشێ، ببوورە لە بابەتەکە لادەدەین، ئێستا لەم ڕاگەیاندنەوە، گوێ لە هێندێک لە تەلەڤزیۆنەکان و لە ئێزگەکان بگرە، کەسێک خۆی پێشکەشکەرە، بەواتا دەبێ زمانزانێکی ڕەوان و کوردیزان بێ، کەچی لە ماوەی پێنج خولەکدا سێ جار، چوار جار، پێنج جار، ڕێکەوتووە ژماردوومە دەڵێ، با بڵێین، با بڵێین، ئەمە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، چونکە کە تۆ باسی زانستێک دەکەی، بۆ نموونە کە تۆ باسی خۆر دەکەی، کە تۆ باسی ئەم پەرداخە دەکەی، ئیتر بۆچی هەر دەڵێی با بڵێین ئەم پەرداخە، با بڵێین ئەمە پەرداخە؟ با بڵێین، واتا ئەو شتە وانییە، گومان دەخەیتە سەری، کەواتە تۆ تەشبیهێک دەکەی، واتە گۆڕینەوەیەک دەکەی، شتێک بە شتێک دەچوێنی کە ئەوە ئەو شتە نییە، لەو وتانەی بەرێزتەوە ئەمە هەمیشە خەمی منە.

**ڕامان:** لە نووسینی نۆڤلێت و ڕۆمانەکانتدا، ئەو چوارەی کە لە سەرەتاوە باسمان کردن، زمانی گوند، هەندێ جاریش زمانی شار بەسەریاندا زاڵە، کە خۆی هونەری ڕۆمان و کورتەچیرۆکیش زمانی شارە، لەبەر ئەوەی کە ئەمانە هونەری شارن، هونەرێکی نوێن، بەلای خۆتەوە کامەیان پتر زمانی گوندی بەسەردا زاڵە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** زیاتر زمانی شارن، بەڵام وازیشم لە زمانی گوند نەهێناوە، ئەگەر لێشم بپرسی بۆ؟ من کە چاوم بە ئەدەب کرایەوە، بە ئەدەبی میسری چاوم کرایەوە، لەو کاتەدا ئەو ئەدەبە هاتووەتە بەردەستم، بەڵام ئێستا لێم بپرسی کامە و چی بوو؟ بەڕاستی نازانم، دوو جۆر کتێبی ئەدەبی هەبوو، یەکێکیان ئەدەبی شێوەزاری میللی، یانی لەهجەیی، با بڵێین خۆماڵی (محەللی)، لە میسر کتێبی پێ چاپ دەکرا، بەڵام کتێبی ئەوانەی دیکەش، سەلامە مووسامان دەخوێندەوە، کتێبی جوبران خەلیل جوبران، سەعد زەغلوول و وەرگێڕدراوە بیانییەکانیشمان دەخوێندەوە، گەلێک لەمانەمان دەخوێندەوە، گەلێک شتی عەرەبیمان دەخوێندەوە، زمانە فەسیحەکەشمان دەخوێندەوە، ئەمە لە لایەک زۆر سەرنجی ڕاکێشام، دەمبیست لە ئەدەبی لبنانی و سووریشدا ئەم ڕەوتە هەبوو، زمانی فەسیحی عەرەبی، زمانی پەتیی عەرەبی زمانێکی تایبەتییە، چونکە زمانی "بەلاغە"، یان زمانی ڕەوانبێژی و ڕێزمان و ئەم شتانە لە زمانی میللی جیا بوو، ئینجا کتێبیان پێ چاپ دەکرد، بەتایبەتی من هەستم بەوە کردبوو کە عەرەبەکان زیاتر ئەدەبی میللییان بە زمانە میللییەکە لەلا خۆشە، دەیلێینەوە و زیاتر چێژی لێ وەردەگرن، بەڵام من زمانە ئەدەبییەکەم لە قوتابخانە پێ گوترابوو، زمانە ئەدەبییەکە زمانی ڕێزمانە، زمانی زانستە، لەبەر ئەوە وام بەچاک زانیوە زمانەکەم زمانی پەتیی کوردی بێت.

**ڕەفیق حیلمی لە ویژدانی مندا کەسایەتیی کوردێکی مەزنی بەجێ هێشت، بیرەوەریم وەک مێژوونووسێک، وەک یادەوەرنووسێک، وەک کەسایەتییەکی زانستخوازی پەروەردەخوازی لەو جۆرە، وەک کوردێکی مەزن بوو لەگەڵی.**

**ڕامان:** شتێکی دیکەش هەیە کە باسمان نەکرد، پێم خۆشە بەسەریدا باز نەدەین، باسی کۆمەڵێک کاریگەریمان کرد کە بوونە هۆکاری ئەوەی ڕوو بکەیتە نووسین، دەوری مامۆستاکانت، چ ئەوانەی سەرەتایی، یان ئەوانەی ناوەندی، یان ئەوانەی خانەی مامۆستایان، کامەیان پتر هاندەرت بوون بۆ ئەوەی بزانین ئەوانیش چەندە کاریگەریی خۆیان لەسەرت هەبووە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** مامۆستاکانی سەرەتایی وەک هاندەر، عومەری مام ڕەحیم تا ڕادەیەک، ڕەفیق چالاک بە دەموپلەکەی لە پۆلدا، هەرچەندە من زۆر کەم بینیومە، لە عەرەبییەکەدا ئەو کەمال ڕیماوی یەی کە باسم کرد وەک عەرەبێک، ئیتر من خۆشم لەبەر ئەوەی لە لایەن کەسوکارەکەمەوە زمانی قورئانم بیستبوو، هەموو مەلا بوون، مەلا کەریم، مەلا محەمەد، مەلا عەلی، مەلا فلان، ئەمە زیاتر بە لای منەوە کاریگەری هەبوو، بەڵام زیاتر ئەوەی کە نەتەوە زمانە، زمان ناسنامەی نەتەوەیە، هەربۆیە هەمیشە هەوڵم دەدا وشەی کوردی فێر ببم، چونکە بیستبووم کە زاری ناوچەیی هەیە، پێویستە ئەم

زاره ناوچەییـــــانە وردەوردە یەک بگرن، بەڵام دەبێ ڕچەیەکی تایبەتی وەربگرێت، یەکێک لەم زارانە بکرێت بە بنەما و ئەوانی دیکەی پێ موتوربە بکرێت، ئەوە بوو کۆنگرەی خوێندکارانی کورد لە ئەڵمانیا، وابزانم ساڵی ١٩٥٥ گیراوە، لەوێ زاری کرمانجیی باکووریان بە بنەما و بنەچە دانا بۆ تۆماری زمان لە چاپەمەنی و لە گوتن و لە کـاروباری ڕەسـمی و کـار و کرداری کـارگـێـڕی و ئەم شتانەدا، بەڵام ئێمە لە کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شـەقـڵاوە ئەوەمـان هەڵگێـڕایەوە، بەڕاسـتی ئەمـە وەرچەرخـانێکی مێـژوویی زۆر گـەورە بوو کە ئێمـە بۆ بڕیاری دانانی شێوەزاری کرمانجیی خواروو کردمان، نەک بۆ سـۆرانی، سـۆرانی هەڵەیە، نابێ کـەس سـۆرانی بەکار بێنێ، چونکە سۆرانی بەشێکی کەمە لە شێوەزاری کـرمـانجیی خـواروو، ئێـسـتـا هێندێکیش پێی دەڵێن کرمانجیی نێوەڕاست، بۆ ئەوەی کە زاری فەیلی زیندوو بکەنەوە، چونکە ئەویش چەندان بەشە؛ کووت، عەمارە، زرباتیە، ئەلشەرقی، بەدرە، جەسان، ئینجا لەوێوە بەرەو ئێران بڕۆ بۆ شاخەکانی پشتکۆ و لەوێوە بڕۆ بۆ لوڕستان، ئەمـە ناوچەیەکی یەکـجـار فـراوانی کـوردەوارییە کوردستانێکی چەند ملیۆنییە کە دەتوانم بڵێم بەشێکی زۆر زۆریان کراون بە عەرەب، لەپێشدا بەعەرەب کراون، بەڵام دوایی بۆخۆشـیان بەرەبەرە بوون بە عـەرەب و من ئەمەم لە عەمارە بەئاشکرا دی، لەنێوانی خێڵەکانیشدا و لەناو شارەکەشدا دیتم، ئینجا ئەمانە هەمـووی وای لە من کـرد کە نووسینەکانم پێویستە شارستـانی بێ، بە واتای چی شـارسـتـانـی بێ؟ بە واتای ڕۆیشتن بەرەو زمانی یەکگرتووی کوردی.

**ڕامان:** تۆ یەکەم جار کە دەستت دایە قەڵەم، بە شیعر دەستت پێ کرد، تێبینیم کردووە تا ئێستا جگە لە یەک دوو هەوڵ هیچت لەو شیعرانە بڵاو نەکردووەتەوە، بەڵام لە پشتی کتێبەکانت نووسیوتە، دیوانێکم ئامادەیە بۆ چاپ بە ناوی "سـۆزی تەزبو"، ئەمـە چۆنە لەم دواییـەدا بیرت لەوە کردەوە کە ئەم دیوانە شیعرە چاپ بکەی؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** "سۆزی تەزبو" تەنیا یەک هۆنراوەی درێژە و دوایی پێشکەشتی دەکەم، پێشکەشی دەکەم بە ڕامان، ئەگەر بەکەڵک هات بڵاوی بکەوە، یان بە نامیلکەیەکی بچووک بڵاوی بکەوە، ئەم "سـۆزی تەزبو"ـە هۆنراوەیەک بوو بۆ (کـۆبانی و بۆ شنگال)م



**سلێمانی، ٥/ ٦/ ٢٠٠٤**
**لە ڕاستەوە: محەمەد ساڵح سەعید، شوکرولڵای بابان، هاوسەرەکەی.**

نووسـیـوە، ئەمـە تازەترین هۆنراوەی منە کـە ئەم سـاڵ نووسیبووم، ناردم بۆ فـیـسـتـیـڤـاڵی گـەلاوێژ بۆ ئەوەی بچێتە ئەو کێبڕکێیەوە، من کە شتێک دەکەم بیر لەوە دەکەمەوە دەبێ لەمەدا سەرکەوی، دەبێ هەرگیز لەوەدا نەکەوی، ئەو هەستەم نییە، لەبەر ئەمە من دەمزانی ئەوە بۆ ئەو فیستیڤاڵە دووردرێژە و ڕەنگە هەر نەشێت، هەر بۆ ئەوەی ئەو لیژنەیە بزانن کـە شـتـێـک هەیە لە لایەن کەسێکەوە دەربارەی کۆبانی وتراوە، من بۆم ناردن، دیارە هەڵیش نەبژێردرا، چونکە خــــۆم دەڵـێم تۆزێک دووردرێژە، ئینجا ئەوە ئەمەیە، بەڵام ڕاستییەکەی من هەر لە زووەوە بە شـیــعــر دەسـتم پێ کــردووە، دیوانەشیـعـرێکی گـەورەم هەبوو، وابزانم تۆزێک باسم کرد.

**ڕامان:** ئەو شیـعـرە سەرەتاییـانەی خـۆت نەبردە لای گۆران، چاوێکیان پێدا بخشێنێ؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** من پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی ڕامـیـاریم لەگـەڵ مـامـۆسـتـای نەمری کـورد، هۆنەری پێشکەوتنخواز، کە هەڵگری سۆزی کوردییە بۆ هۆنراوە، مـامـۆسـتـا گـۆران هەبوو کە تایبەتە لە ژیانی مندا، لە خۆشەویسـتـیی مندا و بەڕاستی بۆ مـیللەتی کـورد کەسێکی تایبەتە، ئەو کۆمەڵە شیعرەم برد بۆ لای، جاری وابوو حەفتەی جارێک دەچووم بۆ لای، جاری وابوو دوو حەفتە جارێک دەچووم بۆ لای، تەنانەت کە ماڵەکەی بەرانبەر یانەی فەرمانبەران بوو، لەو کاتەدا دەرکرابوو، لە ماڵەوە دانیشتبوو، لە پەنجاکاندا بوو ماڵەکەیان بەرانبەر یانەی فەرمانبەران بوو، لە کۆڵانەکەی ئەودیو،

بەڵام خانووەکەیان ڕووی لە یانەی فەرمانبەران بوو، ئێستاش لە بیرمە بە چوار پێپلیکان سەردەکەوتی، بەرهەیوانێکی بەرز بوو، خانوویەک بوو، وابزانم ڕەنگە دوو ژوور، یان سێ ژووری تێدا بووبێ، خانوویەکی ئاسایی بوو، بەڵام ئێمە هەمیشە لەسەر دۆشەکەڵەیەک لە هەیوانەکە دادەنیشتین، کە دادەنیشتین من شتم بۆ دەبرد و شتم لێ وەردەگرتەوە، خۆی لە بڵاوکراوە تایبەتەکانی حزبدا بەشدار بوو، ئینجا من دەچووم ئەوانەم بۆ دەهێناو ئەوانەم لێ وەردەگرتەوە و ئەگەر نووسینی بڵاوکراوە و ئەو شتانەش بوایە، ئەوانەشم بۆ دەبرد. من ناڵێم پلەیەکی حزبی لەو بڵندتر بووم، بەڵام ئەرکێک بوو، دەمبینی، لەگەڵ مامۆستا (ئەحمەد هەردی)شدا ئەو ئەرکەم هەر هەبووە، ئەویش لەو کاتەدا کە لە ماڵەوە بوو، من دەچووم بۆ لای، ئەم دیوانە شیعرەم بۆ مامۆستا گۆران برد، وتم ئەم شیعرانەم نووسیوە، وتی باشە داینێ، دوو حەفتەی دیکە وەڵامت دەدەمەوە، ئیتر کە چوومەوە پێی وتم تۆ توانایی شیعریت جوانە و توانایی تێدایە، ئەمە قسەی مامۆستا گۆران بوو بۆ من، بەڵام وتی ئەمانە شیعر نین، وتم ئەی ئەمانە چین کە دەڵێی وایە؟ وتی ئەمانە سیاسەتن، ئەمە تیورییە، قەت لەم شتانە نەنووسی، ئەمە بەکەڵک نایە، ئیتر ئەمە بۆ من، وەک چۆن لە کوردییەکەی خۆماندا دەڵێ "شوڵێکی تەڕی دا لەسەری لووتی"، شوڵێکی تەڕ لە سەرم درا و وای کرد کە زۆر بە لای شیعردا نەچم، کەچی نەمتوانیوە پێش بە هەستەوەریی و سۆزداریی خۆم بگرم و شیعر نەڵێم، دەتوانم بڵێم دیوانێکی باش شیعرم هەیە و لەدواییدا بێجگە لە سۆزی تەزیو، هۆنراوەیەکی دیکەی خۆمیشت دەدەمێ، بەڵام سەیرە، لە شیعریشدا هێندێک لە شیعرەکانم شیعری درێژن، من حەز دەکەم ئەمە ڕامانکێشێتەوە بۆ لای ئەوەی کە بۆچی بەرەو ڕۆمان و نۆڤڵێت ڕۆیشتووم، هەرچەندە هێندێک شیعری کورتیشم هەیە، یانی زۆر کورتیش نا، ئەوە لەدواییدا دەیانبینی، خۆت دەتوانی لەسەریان بنووسی.

**ڕامان:** ئەی بۆ نۆڤڵێت و ڕۆمانەکانت کەسێک نەبوو، وەک چۆن مامۆستا گۆران بە دیدێکی ڕەخنەییەوە شیعرەکانتی خوێندەوە، ئەویش نۆڤڵێت و ڕۆمانەکانت بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە بخوێنێتەوە و سەرنجێکی ڕەخنەییت بداتێ، یان بڵێ کەموکورییەکان و خاڵە لاوازەکانی ئەو کارانەت لەکوێدایە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بە باوەڕی خۆم و بە وەڵامێکی ڕاستگۆیانە نەخێر، من هەستم نەکردووە لەو کاتەدا یەکێک هەیە، کە بیناسم و لە خۆم فراوانتر و خاوەن توانایتر بێت و بڵێم بۆچوونەکانی ڕایکێشاوم بۆ کۆڵانەکانی ژیانی نەتەوەکەم و ئەمەی بدەمێ و بڵێم بیخوێنەوە و ڕێنماییم بکە، ئەگەر بووبوایە شانازیم پێوە دەکرد.

**ڕامان:** ئەو قسەیەی مامۆستا گۆران زۆر ڕاستگۆیانە درکاندوویەتی، بە بەڵگەی ئەوەی کە من ئەو ڕۆمانانەی تۆم لە کات و ساتی خۆیدا خوێندووەتەوە، دەتوانم بڵێم هەر بە هیچ شێوەیەک زمانی شیعر کە تۆ بە شیعر دەستت پێ کردووە، دزەی نەکردووە و نەهاتووەتە نێو زمانی نووسینی ڕۆمانەکانتەوە، واتە ئەگەر لایەنە شیعرییەکە لە خەیاڵتدا هەبوایە، بێ گومان ڕەنگدانەوەی لەنێو ئەو نووسینانەتدا دەبوو، قسەی تۆ لەو بارەیەوە چییە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** قسەی من دوو شتە، بەڵام لە دواییدا ئەو دوو شیعرەت دەدەمێ، هەموو هۆنراوەکانت نادەمێ، چونکە پێویست ناکا، ئەو "سۆزی تەزیو"ـە و یەک شیعری دیکەت دەدەمێ، خۆت قسەیان لەسەر بکە، ئایا ئەم بیروبۆچوونەی تۆ وایە، یان منێکی ترساو لە بڵاوکردنەوەی شیعر، حەقم بووە ئەمانە بڵاو بکەمەوە، یان حەقم نەبووە بڵاویان بکەمەوە؟ بەڵام من کە ئەمەم نووسیوە، هێندێک کەس پێم دەڵێن نووسینەکانت پەخشانێکی شیعریی تێدایە، ئیتر نازانم ئەوە چۆن سەرنجی تۆی ڕاکێشابێ، یان ڕانەکێشابێ، وابزانم تێشیاندا نووسراوە، بۆ نموونە، مامۆستا عەلائەددین سەجادی لە پەخشانی کوردیدا، "شمشاڵی شوان"ـەکەی منی هەڵبژاردووە و لەسەری نووسیوە، بەداخەوە من دەگەڕێم بۆ ئەوەی بیدۆزمەوە، لەنێو کتێبخانەکەمدا هەیە، چوومە کتێبخانەی گشتیش بۆ ئەوەی لەبەری بگرمەوە و بۆ ئەو بەراوردانە داینێم، تەنانەت ئەگەر بۆ خۆم بێت، یان بۆ بەرێزێکی وەک تۆ بێت، ئەوە وەک من بیری لێ بکەمەوە، پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو بیرەی تۆ، دوایی ئەمەش بەراورد بکە.

**ڕامان:** دوای ئەوەی ساڵانێکی زۆر بەسەر ڕەخنەکەی مامۆستا گۆران سەبارەت بە شیعری تۆ تێپەڕیوە، ئێستا

پێم وابوو دەڵێی سپاسی مامۆستا گۆران دەکەم کە پێی وتم واز لە شیعر بێنە و ڕوو بکە مەیدانێکی دیکە، چونکە لە گۆڕەپانەکەی دیکەدا بەکردەوە توانیوتە کەلێنێک پڕ بکەیتەوە، لە ڕۆمان نووسین و نۆڤلێت نووسیندا کەلێنێک لەناو کتێبخانەی کوردیدا پڕ کراوەتەوە، بەڵام ئەگەر شیعرت بنووسیایە، وەک ئەوەی کە لە سەردەمی گۆران دا شاعیری وەک هەردی و دیلان و کامەران پەیدا بوونە، ڕەنگە تۆ نەتتوانیبایە جێ دەستێکی وەک ئەوان لەنێو شیعری کوردیدا بۆ خۆت دیاری بکەیت؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئەوە بەوەدا دەرکەوت کە من بەرگری لەخۆم ناکەم، چونکە شاعیر نیم، من ئەگەر بمویستبایە وەک شاعیر بناسرێم، بەو چل شیعرەی هەمە، ئێستا نازانم ژمارەیان چەند دەبوو، بەڵام ئەگەر ئەمەم هەبێ، دەبوایە دوو جار دوو شیعرم بۆ دوو گۆڤار و ڕۆژنامە بناردایە تا بۆیان بڵاو بکردمایەتەوە، ئەمە بۆچوونێکم، من بەرپەرچی تۆ نادەمەوە، چونکە تۆ شیکەرەوەی، شیکەرەوەش بیروبۆچوون و تایبەتمەندیی خۆی لە شیکارییەکاندا هەیە، بەڵام هونراوەکانی منت نەبینیوە، بەس کە بینیت، ئینجا ئەم بڕیارە بدە، من ناڵێم ئومێد دەکەم ئەم بڕیارە بدەی و حەز دەکەم بڕیارەکەت گۆڕانکاری تێدا بکرێت، من لە گەلێک شتدا شانازی بە مامۆستا گۆران ـەوە دەکەم، چونکە باسوخواسی ترم لەگەڵ مامۆستا گۆران دا هەیە، کتێبێکی تایبەتیی لەسەر مامۆستا گۆران چاپ کرا، نازانم ئەگەر تۆ بینیبێتت.

**ڕامان:** مەبەستت ئەو کتێبەیە کە بە دوو قۆڵی مامۆستا جەعفەر و ڕێبوار حەمە تۆفیق پێکەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ هەموو ئەوانە کردووە کە لە نزیکەوە گۆران یان دیوە و ناسیوە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بەڵێ، من لەوێدا باسم کردووە، بەڵام باسی هەموو شتێکم نەکردووە، باسی سیاسەتم نەکردووە، باسی گەلێک شتم کردووە، ئێستا نازانم باسی چیم کردووە، بەڵام بەو دوو دانیشتنە ناتوانم حەقی مامۆستا گۆران بدەم، تەنانەت کە حەبس بووە، من قوتابیی خانەی مامۆستایان بووم، لەوێ چووم بۆ لای، لەوێدا من بیرەوەریم لەگەڵیدا هەیە، لەناو بەندیخانەدا، واتە تا ئەو ڕۆژەی مامۆستا گۆران ڕۆیشتووە بۆ سۆڤییەت و کۆچی دوایی کرد، من هەر لەگەڵ مامۆستا گۆران بووم، جارێکیان لە گۆڤاری (وەشت)یشدا شتێکم لە بارەیەوە نووسیوە، نازانم هاتووەتە بەردەستی تۆیان نا؟ کە هێندێک دەنگوباس لەسەر گۆران بڵاوکرابووەوە، ئەوەی کە گۆیا گۆران لە یەکێتیی سۆڤییەت دەرکراوە و ڕێزی لێ نەگیراوە و نازانم چی بۆ نەکراوە، ئەگەر بیدۆزمەوە و ئەو ژمارەیەم هەبێت پێشکەشتی دەکەم، من بەرگریم لە مامۆستا گۆران کردووە، بەرگریم لە ڕاستیی ژیان و هەڵوێستی گۆران کردووە، بە بەڵگەوە و بە زمانی حاڵی چەند کەسێکیشەوە، لەوانە دکتۆر نەسرین فەخری، دکتۆر محەمەد سەعید عەبدوڵڵا و د. عزەددین مستەفا ڕەسووڵ، سێ کەس بوون.

**ڕامان:** لەبارەی ئەو ڕووداوەوە کاتی خۆی کە گۆران هاتووەتەوە و نەشتەرگەری بۆ گەدەی کراوە و دیارە ئەو تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بووە، کە گەڕاوەتەوە شێرکۆ بێکەس و کاکەی فەللاح و هەردی و ئەوان چووبوون بۆ لای و هەواڵیان پرسیوە کە تەندروستیی چۆنە، لەوە دەچێ نائومێد بووبێ، وتوویەتی چ ئومێدێکم بە ژیان نەماوە، لە کاتێکدا کە بەشێکی زۆری گەدەم جەلاتینە، ئینجا هەر بەو برادەرانەی وتووە و من لە دەمی ئەوانم بیستووە، زیاتر لە جارێک لە دەمی (شێرکۆ بێکەس)م بیستووە و هەر بۆ تەئکیدکردن پرسیارم لە مامۆستا (هەردی)ش کرد، وتی منیش هەر لەو دانیشتنە بووم، (جەمال شارباژێری)یش لەگەڵ (کاکەی فەللاح) کە بەجیا چووە، لەگەڵ خەڵکی دیکە، ئەویش هەر هەمان بابەتی گێڕاوەتەوە، یانی ئەو بەو زەقییە نەیوتووە، بەو شێوەیەی کە لەوێ پشتگوێ خرابێ، بەڵام وتوویەتی چاوێکتان لەو شۆڕشە بێ کە خەریکە سەرپێ دەکەوێ، خەریکی ئەوە بن، جێی ئومێدی هەموومانە. من لەم دواییەدا بە تەواوی بۆم سەلما کە قسەیەکی وای کردبێ، دوای ئەوەی کە وێنەی (گۆران)م لە تەک ڕەحمەتی مەلا مستەفای بارزانی بینی، کە لە ١٩٥٨ بەدواوە هاتووەتەوە و سەردانی کەسایەتییەکان و ئاشتیخوازان و حزبەکان و ئەو شوێنانەی کردووە، دیارە ئەوکاتە مامۆستا (گۆران)یشی بینیوە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** من یەک شت دەڵێم، شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لەو سەردەمەدا کە دروست بوو، بە باوەڕی

من به دوو قۆناغ دروست بوو، قۆناغی یەکەم، کە دروست بوو، کۆبوونەوەیەکی ئاغاواتی کوردستان بوو بۆ مەسەلەی چاکسازیی کشتوکاڵی، بەڵام لەو سەردەمەدا بلیمەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەو سەرکردایەتییە و سەرۆک بارزانی نەمر لەمەدا بوو- تەنانەت من لە بیرمە حزبی شیوعی بەیانێکی تایبەتمان لە دژی ئەو کۆبوونەوەیە دەرکرد - کە شۆڕشەکە بە تەواوەتی کرا بە شۆڕش، ئەو جووڵانەوە تایبەتە هەر مەبەستێکیان بووبێ، بەڵام ئەوە شتێکی زۆر کز و لاواز بوو، شۆڕشەکە بەتەواوی گشتگیر و وڵاتگیر بووەوە، بڕوات بێت وای لێهات، ئێمە لەو سەردەمەی شیوعیییەتییە گەرموگوڕەماندا بارزانی مان بە یەکێک لە سەرکردەکانی خۆمان دادەنا و هەوڵمان دەدا بارزانی بە لای خۆماندا ڕابکێشین، یانی مەزنی و گەورەیی بارزانی نەمر تا ئەو ڕادەیە بوو.

**ڕامان:** پێم باشە ئەو پرسیارەت لێ بکەم، تۆ دوای ئەوەی کە چوار بەرهەمی نۆڤلێت و ڕۆمانت دەرکرد، جارێکی دیکە لە ساڵی ٢٠٠٤دا ڕۆمانی "ئاشتی کوردستان"ت دووبارە چاپ کردەوە، لە کاتێکدا کۆمەڵێک بەرهەمت هەیە کە ئامادەن بۆ چاپ و هێشتا چاپ نەکراون، کۆمەڵێک بەرهەمت هەیە ڕۆمانن و خەڵک نەیدیون و خوێنەر نەیانی خوێندوونەتەوە؛ "تاسەی نەمریی" ڕۆمانە، "خەمەکان لە چاواندا دەتوێنەوە" ڕۆمانە، "کوڵوو" ڕۆمانە، سێ ڕۆمانی دیکەت هەیە، دەبوایە یەکێک لەو ڕۆمانانە چاپ بکەی، لەجیاتی ئەوەی ئەوەیان دووبارە بکەیتەوە و بەردەوامی بەو ڕێبازەی خۆت بدەیت کە ڕۆمان نووسینە، هۆیەکەی چی بوو کە ئەمەت دووبارە چاپ کردەوە و بە لای ئەوانی تردا نەڕۆیشتووی؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بەڕاستی من لە خۆمدا بەوەدا دەچمەوە کە نووسەری کورد خەتێکی پسپۆڕیی بۆ خۆی نەگرتووە، ئەوەش لەوەوە هاتووە کە بە باوەڕی من نەتەوەی کورد و لەوانەیە ئەو باوەڕە لە لای زۆربەی نووسەرانیش هەبێ، پێویستی بەوەیە کە مرۆڤی خاوەن کارامەیی و خاوەن بلیمەتیی تایبەتی لە هەر بوارێکدا هەبێ، پێویستی بەوەیە بەڕاستی بێتە کایەوەو لە هەر شوێنێکدا بوار هەبوو ئەرکە لەسەر شانی کە خزمەتی میللەتی کورد بکات، چونکە پێویستە مرۆڤی کورد بەشداری لە هەموو لایەنەکانی ژیانی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەری و کایە جیاوازەکانی ژیاندا بکات و گەشە و پەرە بە ڕۆشنبیریی بەرەو داهاتوو، یان پێشکەوتنی نوێی بەرەو داهاتوو بدات، ئەمە کاری کردووەتە سەر ئەوەی کە هەڵپەیەکی چەند لایەنەی جیاواز لە مرۆڤەکاندا پەیدا بکات، بەوەی لە هەر شوێنێک دەڵێ ئیشێک هەیە، ڕاکە و بیکە، ئەمە هەرچەندە لەوانەیە لە بواری زانستی و لە بواری پسپۆڕی و لە بواری تاکلایەنەوە شتێکی خراپ بێ، بەڵام لەو لایەنەی دیکەوە، بە مەرجێک سەرکەوتوو بێت، بە لایەنی ئەدیبەکان و نیشتمانپەروەران و نەتەوەپەروەرانەوە وەک هیوا و ئامانج و ئاواتێکی لێهاتووە، ئەمە هەڵەیەکە ئێمە تووشی بووین، بەڵام هەڵەش نییە، وەک پێداویستییەکی نەتەوەیییە کە ئێمەی وا لێ کردووە، ئەئاوا فرەچەشن بین. بۆ نموونە، خۆم توانایییم لە بواری زماندا هەیە، لەبەر ئەوە کتێبێکی بچووکم بە عەرەبی لەسەر لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی نووسی، کە لە سووریا دەرچووبوو و لە گۆڤاری "الثقافة الجديدة"دا بڵاو کرابووەوە، لەوێدا نووسەرەکەی باسی زمانی کوردی و باسی هێندێک شت دەکات، ئەوە ناچاری کردم نووسینێک لەسەر ئەو نامەی ماجستێرە بنووسم، کە لەوێ دراوە بە کوردیکی خۆرئاوایی، ئەمە ئەوەیە کە من نموونەتان بۆ دێنمەوە و دەڵێم وای لێ کردووین هەندێک لەوانەی لێکۆڵینەوە و خوێندنی زانستیانەیان تەواو کردووە نەتوانن بە قووڵی بچنە ناخی ڕاستیودروستی ڕەچەڵەکە ڕاستە زمانییەکەی خۆمانەوە.

**ڕامان:** من دەڵێم بۆ ئەو ڕۆمانەت دووبارە چاپ کردووەتەوە و ئەو سێ ڕۆمانەی دیکەت چاپ نەکردووەتەوە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئەوە من چاپم نەکردووەتەوە، کاتێکم زانی کاک بەدران ئەحمەد حەبیب، تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی من فلان کەسم و زۆرمان پێ خۆشە ئەگەر ڕێمان بدەیت ڕۆمانی "ئاشتیی کوردستان" چاپ بکەینەوە، لەبەر ئەوەی بە پێویستی دەزانین، منیش بەپێی ئەوەی لە هەموو بوارێکدا خۆم تەرخان کردووە بۆ نەتەوەکەم و ئەوەی من دەناسێ، ئەوە دەزانێ، پێشنیارەکەم قبووڵ کرد.

**ڕامان:** ئەو سێ ڕۆمانە تا ئێستا دەرفەتیان بۆ

نەرەخساوە چاپیان بکەیت؟

**محەممەد ساڵح سەعید:** من بۆخۆم وەک دواپێداچوونەوە، پێیاندا نەچوومەتەوە بۆ ئامادەکردن، سیاسەت، گرتن، حەبسی، دوورخستنەوە و ئەم شتانە کاریگەرییەکی گەورەی بە لایەنی منەوە هەبووە، لەبەر ئەوە چۆن دەڵێ هات و ڕابورد، تێکەڵوپێکەڵییەکی خستووەتە ژیانی منەوە، ئەگینا منیش لەگەڵتدام، ئەگەر توانایيم هەبێ، ئەها دەڵێم تێکەڵوپێکەڵی خستووەتە ژیانی منەوە، بۆ نموونە ئێستا خەریکی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی خۆمم، یانی چەندە خەریکی ئەمەم، هێشتا نەمتوانیوە بەتەواوی بەشێکی کەمی لێ بنووسم، بەڕاستی ئەدیب، نووسەر، چیرۆکنووس و ڕۆماننووس ئەگەر بیەوێ بەتەواوی خزمەتی میللەتەکەی بکات کە خۆم یەکێکم لەوانە، دەبێ واز لە سیاسەت بێنێ، بەڵام لە لایەکی دیکەوە کە تۆ نەتەوەکەت دەکەوێتە ئەوپەڕی دژوارییەوە و تۆ یەکێکی لەو خەباتگێڕانە و لەوانەی کە دەتوانم بڵێم لەسەر ئەوانە چەندان کارەساتت بەسەر هاتووە و ناتوانی وازیش لەوە بێنی، من یەکێکم لەوانە.

**ڕامان:** ئەو سێ ڕۆمانەی دەستنیشان کران، کە ئامادەن بۆ چاپ، یان چاوەڕوانن کە خوێنەر بیانخوێنێتەوە، ساڵی نووسینیان نەنووسراوە، ئەمانە بەرهەمی چ ساڵێکن؟

**محەممەد ساڵح سەعید:** حەفتاکانی تێدایە، هەشتاکانی تێدایە، نەوەدەکانی تێدایە، یەکێک لە خەیاڵی مندایە کە گەورەترین ڕۆمانە، وەک چۆن دەڵێ سەربوردەیەکیش بێ تێکەڵ بە ڕووداوەکانی ژیانی خۆم، بەڵام بەڕاستی نەمتوانیوە تا ئێستا بینووسم، ئومێدم وایە ئەگەر تەمەن ڕێم بدات، پەیمانم بە خۆم داوە کە بیرەوەرییەکانم بنووسمەوە و یەکەم کارم ئەوە بێ.

**ڕامان:** هەست دەکەیت ئەو سێ ڕۆمانەی کە چاپ نەکراون باشتر بن لەو چوار ڕۆمان و نۆڤلێتەی کە پێشتر چاپت کردوون؟

**محەممەد ساڵح سەعید:** خۆم نازانم.

**ڕامان:** تۆ وەک کەسێک کە باشترین ڕەخنەگری خۆتی، ڕۆمانەکانیشت چاپ نەکراون تا خەڵک بڕیاری لەسەر بدات، بۆیە ئەم پرسیارە ڕووبەڕووی تۆ دەکەمەوە؟

**محەممەد ساڵح سەعید:** بابەتەکانیان جیاوازن، لەوانەیە شێوازی پێشکەشکردنیان جیاوازیی تێدا بێ، لە ڕووی تەکنیکەوە باوەڕ ناکەم، چونکە ڕۆمانەکانی من گێڕانەوەیشی تێدایە، دیالۆگیشی تێدایە، تێکەڵەیەکە و ئەوەتا ڕەخنەگر هەیە دەڵێ، گێڕانەوە بە ڕووتی هەڵەیە و دیالۆگیش بە ڕووتی هەڵەیە، دەبێ بە نواندنێک، لەبەر ئەوە من وەک نووسەرێک بەرانبەر بە خۆم ناتوانم ئەوە بڵێم، ئەوە دوایی یەکێکی وەک تۆ بیڵێ باشە.

**ڕامان:** ئەی سوودت لە شێوازە نوێیەکانی نووسین وەرگرتووە، چونکە خۆت دەزانی ڕۆمانی "تەقلیدی"، ڕۆمانی کلاسیک هەیە، ڕۆمانی ڕیالیستی هەیە، ڕۆمانی ڕیالیزمی جادوویی هەیە، ڕۆمانی دژە ڕۆمان پەیدا بووە کە دەبینی پاڵەوانەکەی بایە، یان کەرەکە (جەماد) و شتی لەو بابەتانەیە؟

**محەممەد ساڵح سەعید:** باوەڕ ناکەم من بەرەو ئەوەیانەوە بچم.

**ڕامان:** تۆ بەرەو ئەوەیانەوە ناچیت، بەڵام حەتمەن دەبێ سوود لە هونەری جۆراوجۆری گێڕانەوەی ڕۆمان وەربگریت؟

**محەممەد ساڵح سەعید:** باشە تۆ ڕێنماییەکم بکە، پێش ئەوەی ئەو سێیانە چاپ بکەم، سەرچاوەیەکم پێ بڵێ، بیخوێنمەوە بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرم.

**ڕامان:** سەرچاوە زۆرە، بۆ نموونە سەرچاوەیەک هەیە زۆر گرنگە، کتێبێکە سوودی زۆرە بۆ فێربوونی تەکنیکەکانی نووسینی ڕۆمان و سەرکەوتن لەڕووی تەکنیکەوە"، بە ناوی تەوژمی هۆش "تیار ئەلوەعی"، بەرهەمی ڕۆبەرت هەمفری، زۆر سوودی هەیە، ئەمە یەک لەو کتێبانەیە کە زۆر چیرۆکنووس و ڕۆماننووس بۆ تەکنیکی ڕۆمانەکانی خۆیان سوودی لێ وەردەگرن.

**محەممەد ساڵح سەعید:** تەوژمی هۆش؟

**ڕامان:** بەڵێ کتێبەکە ناوی "تیار الوعي في الرواية الحديثة- تەوژمی هۆش لە ڕۆمانی نوێدا"، ڕۆبەرت هەمفری. دیارە کتێب زۆرە، کتێبەکانی سیزار قاسم دەربارەی شێوازەکانی "گێڕانەوە"، ئەو دووانە دەتوانی سوودی زۆریان لێ وەربگریت.

**محەممەد ساڵح سەعید:** هەر ئەو دووانە باشە، پەیمان دەدەم کە پێش ئەوەی دەست بە پێداچوونەوەی ئەمانە بکەمەوە، ئەم دووانە بخوێنمەوە و ئەوسا پێوەندیشت پێوە دەکەم.

**ڕامان:** زۆر چاکە دەستت خۆش بێت. تۆ هەست

دەکەیت ئەو چوار بەرهەمەی پێشتر چاپ کراون، لەو سێیانەی کە هێشتا چاپ نەکراون، کەسایەتییەک لەناویاندا هەبێ کە بەرجەستە و بەرچاو بێت و نەمرییەکی تێدا بەدی بێ، ئەو کەسایەتییە نەمر بێ، واتە لە یادەوەریی خوێنەردا بمێنێتەوە و بە ئاسانی لەبیر نەکرێ، وەک لە کورتەچیرۆکیشدا جاری وایە کەسایەتیی وا هەیە، بۆ نموونە، موحەرەم محەمەد ئەمین "شای قەرەجەکان"ی هەیە، ئەمە یەکێکە لەو کورتەچیرۆکانەی هەرگیز لەبیرت ناچێتەوە؛ حەسۆ ئاغا، شای قەرەجەکانە، چۆن دەبێ بە دۆست و هاوڕێی قارەمانی ئەو چیرۆکە کە دەتوانم بڵێم چیرۆکنووس خۆیەتی، لەدواییدا چۆن حەسۆ ئاغا خۆی دەکوژێت، لەبەر ئەوەی خاکی نییە، وڵاتی نییە، نەتەوەی نییە، ئەمە یەکێکە لەو کەسایەتییانەی لە یادەوەریتدا نەمرە؛، یان حسێن عارف چەند پاڵەوانێکی لەنێو کورتەچیرۆکەکانیدا هەن، یان لە ناو هەندێ ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی، تۆ هەست دەکەیت کەسایەتییەکی لەو شێوەیەت دروست کردبێ؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** لێرەدا ناتوانم وەڵامت بدەمەوە، بەڵام بیر لە یەک شت دەکەمەوە، بیر لەوە دەکەمەوە کە تاکبینی، یان کۆمەڵبینی پێوەندیی بە دەروونزانیشەوە هەیە، پێوەندیی بە مێشک و ژیریشەوە هەیە، یانی پێوەندیی بە عەقڵ و بە هۆشیاری و لاوەعیشەوە هەیە، هەر دوو لای ئەمە زانستە، هێندێک کەس هەن زیاتر تاکبینە، هێندێک کەس هەن کۆمەڵبینە، زیاتر گشتبینە، ئینجا بەڕاستی بە باوەڕی من ئەمە کاریگەریی لەسەر نووسەر هەیە، ئایا لەم جۆرە دەبێ، یان لەو جۆرە دەبێ؟ بۆ نموونە، من "شمشاڵی شوان"م کە دەرکردووە، کەسی وا هەیە وتوویەتی مامۆستا، شەش جارم خوێندووەتەوە، بۆ نموونە، شاعیر و نوسەرێک لە هەولێر هەیە، کەریم دەشتی، کە پرسیاری لێ دەکەن، یەکەم نووسینی نووسەر، یان شاعیرێک، کە کاری کردبێتە سەر تۆ چییە و کێیە؟ باسی "شمشاڵی شوان"ەکەی من دەکات و دەڵێ، کارێکی وای تێ کردووم و ئەوە بوو منی کرد بەم شاعیرەی کە ئێستا ئەم توانابییەم هەیە، ئینجا من نازانم لەمەدا چۆن خۆم ببینم، ئایا دەتوانم ئەو کەسایەتییە دروست بکەم، یان هەر کۆمەڵبینێکم، بەڕاستی نازانم ئەمە پابەند بکەم بەوەوە.

**ڕامان:** جوانە، بۆیە زۆر لەسەر ئەو بەرهەمانەت وەستام، چونکە ئەمانە بۆ سەردەمی خۆیان گرنگن و وەک مێژوو ماونەتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە وتت، سەجادی باسی یەکێک لە ڕۆمانەکانی تۆی کردووە، وەک هونەری پەخشان و نموونەی لێ هێناوەتەوە، من لەبیرمە لە ڕۆژنامەی "ژین"یشدا بە زنجیرە لەسەر ئەو "ئاشتیی کوردستان"ەیان نووسی، پێتوایە ئەو نووسینانەی تا ئێستا سەبارەت بەو نۆڤلێت و ڕۆمانانەی تۆ نووسراون، مافی کارەکانی تۆیان دابێ؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** من حەز ناکەم باسی خۆم بکەم، بەڵام جارێکیان نووسەرێک لە کتێبولکەیەکدا نووسیبووی فلان کەس نەزانە، کەچی کە دەگەڕێیتەوە سەر ئەم دێڕەنووسینە، سەیر دەکەی دوو ڕووداو لە پشتییەوە هەیە، بەڵام ئەگەر هۆکاری ئەم دێڕە نووسینە ئەو دوو شتە بێ، ڕەنگە یەخەی هەموو کەسێک بگرێتەوە، من نەمدیوە بە خراپ لەسەر من بنووسرێ، ئەم دێڕە نەبێ، یەک دێڕ، بەڵام نامەوێ بە لایدا بچم، ئەوە ڕەنگە چەندان ساڵ بێ و تا ئێستا نەمداوەتەوە بە ڕووی کەسدا و بۆ پێوەندیم لەگەڵ ئەو مرۆڤە بەڕێزەش، کە ئێستاش من دەڵێم بەڕێزە، وام نەکردووە کە هەست بکات ئەمەم پێ ناخۆش بووە.

**ڕامان:** من باوەڕ ناکەم ئەو نووسەر و باسکارە ورد و بە دیقەتە وای نووسیبێ؟ یان بەو شێوەیە نووسیبێتی؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بە هەرحاڵ.. جارێکی دیکە خوالێی خۆشبێت ئەمینی میرزا کەریم لەسەر ئەوەی نووسیبوو، چۆن ئافرەتێک نۆ ساڵ لە لای یەکێک دەمێنێتەوە، بەڵام نەبووە بە ژن و هەر کچە؟ کە ئەوە ڕووداوێکی واقیعی بوو، لەم کوردستانە، لە دێیەک، لەدواییدا ئەم ژن و مێردە لەگەڵ یەکدا نەگونجان و جیا بوونەوە، عومەری ناو بوو، من ناوم ناوە هۆمەر، ڕەحمەش ژنەکە بوو، ئەم دووانە پاش جیابوونەوە هەردووکیان لە هەمان دێ مانەوە و ئەم شووی کرد و ئەمیش ژنی هێنایەوە، ئەم منداڵی بوو و ئەویش منداڵی بوو، ژیانێکی زۆر خۆشیشیان بردە سەر، من ئەو کاتە وتبووم نۆ ساڵ، یازدە ساڵ ئەو ژن و مێردە لەگەڵ یەکدا مانەوە و نەبوون بە ژن و مێرد، بەڵام لە دواییشدا هەردوولایان ژیانێکی زۆر ئاساییان بەسەر برد. لە هەشتاکاندا لەم سلێمانییەدا دوو مامۆستای ژن و پیاو

شوویان کرد بە یەک و بوون بە هاوسەری یەک، نزیکی حەوت مانگ ئەو دووانە لەگەڵ یەکدا مانەوە بەبێ ئەوەی یەکێک لە کەسوکاری ئەم دووانە بزانن کە ئەم دووانە بەم جۆرە بوون.

**ڕامان:** ئەوە نەریتێکی کۆنی کوردەوارییە کە کارێکی لەو جـــۆرە ڕووی داوە، زات و بوێریی ئەوەیان نەبووە چارەسەری زانستی بکەن، یان کەسێک لە گرفتەکەیان ئاگادار بکەنەوە.

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئەمە نەریتی خراپی کوردەوارییە کە تا ئێستا ماوەتەوە، کە لەو سەردەمەدا ئەوە جێگەی سەرسوورمانە، دەبێ لە هەشتاکاندا جێگەی لەخۆدان بێ دوو کەسی بەم جۆرە نەتوانن ئەم ئازایەتییەیان تێدا بێ، کە بۆخۆیان ئەم شتە ئاشکرا بکەن، بەڵام لەدواییدا ژیانیش بەسەر بەرن و پیاوەکە ئێستا نەمابێ و ژنەکە بەتەنیا مابێتەوە، جاری وایە لە گێڕانەوە و دەربڕینی ئەدەبیدا شتی زۆر سەرسوڕمان دروست دەبێ کە خەڵکە ئاساییەکە نا، نووسەرەکە و بیرمەندەکەش بڕوای پێ ناکات، ئەمە کوێرەوەریی ژیانی ئێمەیە.

**ڕامان:** ئێستا نەمزانی تۆ بە پێی پێویست بەسەر کراویتەوە و مافی خۆت وەرگرتووە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** کە تۆ بێیتە سەر ئەوەی بڵێی حەقی منیان دابێت، من ناتوانم حەق بە خۆم بدەم داوا لە کەسانێک بکەم شتێک بڵێن من پێی قایل بم، ئەوە بیروباوەڕی خۆیەتی بۆ نموونە، ڕەشیدی قازی ماجستێری لەسەر نووسیوە، لەگەڵ (ژانی گەل)ـەکەی خوا لێی خۆشبێت برایم ئەحمەد، لەگەڵ "ئاشتیی کوردستان"ـەکەی من، زۆر بەجوانی ئاشتیی لە کوردستانەکەی منی نووسیوە، تاکە ڕەخنە کە هەبێ، دەڵێ هێندێک جار ڕەچاوی خاڵبەندیی نەکردووە، بەڵام لە ئەدەبدا هێندێک جار تۆ نابێ ڕەچاوی ئەوە بکەیت، چونکە کە دوو خاڵ بەدوای یەکدا دادەنێی، واتە شتی دیکەی بەدوادا هەیە، نابێ لەوێدا یەک خاڵ دانێی، بەڵام ئەو داوات لێ دەکا، دەبێ یەک خاڵ دابنێی، لە بواری زمانەوە ئەمە ڕاستە کە دەبێ یەک خاڵ بێ، بەڵام لە بواری ڕۆمانەکەدا کە تۆ دەتەوێ بە خوێنەر بڵێی ئەمە ئەو شتەشی بەدواوەیە، دوو خاڵەکەش ڕاستە.

**ڕامان:** بە شێوەیەکی گشتی ئەو شتانەی لە بارەی تۆوە نووسراون بەدڵتن؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** من بە گشتی بەدڵمن، تەنیا ئەو دێڕە لەسەر من بە شێوەیەکی وا نووسراوە، بەڵام برایەکی ڕۆژهەڵات لەسەر (ئاشتیی کوردستان) نووسیویەتی، من زۆر بەدڵم بوو، بەڵام لەمەدا گلەییەکی ڕۆژنامەوانیم هەیە، من وەڵامێکم دایەوە، وەڵامەکە شتی نوێی تێدایە، لە لێکدانەوەدا وەک وەڵامی ڕۆماننووس لەسەر خۆیشی و بۆ خوێنەریش و بۆ نووسەرەکەش شتی نوێی تێدایە، بەڵام بڵاو نەکرایەوە، ئا لەوێدا حەقی من دەخورێ.

**ڕامان:** باسی ئەو حاڵەتەت کرد، کە پێی دەڵێن "بەستران"، کە جارێک لە چلەکان و جارێک لە هەشتاکاندا ڕووی داوە، تۆ پێت وا نییە ئەمە حاڵەتێکی دەگمەن و نەشازە، یانی حاڵەتێکی گشتی نییە و کاری چیرۆکنووسیش نییە، وەک گۆرکی دەڵێ، ئەگەر بتەوێ خەسڵەت و سیمای مووچەخۆرێک، فەرمانبەرێک، وەرگریت، دەبێ وێنەی هەزار فەرمانبەر بهێنیتە بەرچاوی خۆت، بۆ ئەوەی خەسڵەتی هەر هەزار فەرمانبەرەکە لە یەکێکیاندا کۆ بکەیەتەوە، ئەم حاڵەتەی کە تۆ باست لێوە کردووە، حاڵەتێکی یەکجار تایبەتییە، یانی ناتوانی گشتیەتیی تێدا بدۆزیتەوە، دۆزینەوەی گشتی لەنێو تایبەتیدا ئەرکی چیرۆکنووس و ڕۆماننووسە، بۆیە حەز دەکەم داکۆکی لەو لایەنەی چیرۆک و ڕۆمان بکەم.

**محەمەد ساڵح سەعید:** من وەڵامم بۆ ئەمە هەیە، نەریتی میللی وەک دیاردەیەکی فراوان بۆ ئەو کۆمەڵە جەماوەرە زۆرەی کە تۆ باست کرد، کاتێک کە بوو بە شتێکی دیار و شتێکی پەیڕەوکراو و بەدوای خۆیدا گرفتی کۆمەڵایەتیی هێنا، بە باوەڕی من لەوێدا گرفتە کۆمەڵایەتییەکە دەدۆزییەوە و بۆ ئەوە دەگەڕێی چارەسەری بکەیت، ئەوەتا من چارەسەر لەو هەڵوێستە کەمەی کە لەگەڵ ئەمە ڕوودەدا، دەبینم. بە باوەڕی من، پێویستە فراوانی مێشک و بیر و بیرکردنەوە و نەریت و خوو و کردەی مرۆڤی کورد وای لێبێ هەر لەو هەڵوێستە هەستێ بە ئاشکرا باسی ئەوە بکەن و بچن بۆ لای پزیشک و هەموو کەسەکانیش بزانن کە گرفتێک هەیە، پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە.

**ڕامان:** ئاخر ئەوە حاڵەتێکی زۆر بڵاو نییە، بابەتی چیرۆک و ڕۆمان نییە.

**محەمەد ساڵح سەعید:** زۆر بڵاو نییە، بەڵام حاڵەتێکی کۆمەڵایەتیی دەگمەنی خراپە.

**رامان:** قەت ناڵێین خراپ نییە، بەڵام دەگمەن و سنووردارە. باشە بەپێی ئەو ئەزموونەی هەتە، ساڵانێکی زۆر بەسەر چاپی ئەم چوار بەرهەمەدا تێپەڕیوە، خوێنەرەکانی خۆت چۆن دەبینی، یانی تێبینیت لەسەریان چییە، ئایا خوێنەری باش بوون، ئایا کە خوێندیانەوە هاتن گەنگەشەیان لەگەڵ کردبێت، هەستت کرد کە ئەوانە باش چوونەتە نێو کرۆکی باس و بابەتەکانتەوە و چێژیان لێ وەرگرتوون، یان ڕەخنەیەکیان هەبووبێ پێی ڕازی نەبووبیت؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ڕاستییەکەی ئەو بایەخ پێدانەم لەلایەن خەڵکەوە، واتە خەڵکە هەرەمەکییەکە، خوێنەرە ئاساییە میللییەکە زۆر زیاتر دیوە، هەرچەند من شانازی بە نووسینەکانی دیکەوە دەکەم کە نووسینی ئەدەبی و زانستییانە و ڕەخنەگرانەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا من زیاتر کارکردییەکەم لەو کەسانەدا دیوە کە بە پەرۆشەوە هاتوونە لای من، یانی وەک چۆن دەڵێ بەراکردن باوەشێکی تایبەتیت پێدا بکا و سۆزی خۆیت بۆ دەربڕێت، کە ئەو ئەمەی خوێندووەتەوە، بۆ نموونە، بیر لە دکتۆرێک دەکەمەوە، ئێستا دکتۆری چارەسەریی پێستە، دەتوانم ناویشی بەرم، ئێستا کاغەزیشی لە لامە، هاتووە پێم دەڵێ ئەم (ئاشتیی کوردستان)ەی تۆ بۆچی ناکرێ بە فیلمێک، کە هەموو دنیا ببینێ، ئەوە خۆی ئامادەیە بۆ فیلمێک، ئەوەتا دیالۆگەکانی وایە و ئەمەی وایە، دەی ئەمە لە هزر و لە سۆزی مندا، کارکردەییەکی زۆر قووڵی دروست کردووە، ئا لەم جۆرانەم زۆر دیوە و بیستووە.

**رامان:** لە کاتی چاپکردنی "مام هۆمەر"، مەحەرەم محەمەد ئەمین "یش مام هۆمەر"ێکی هەیە! شاکر فەتاح و عەلائەددین سەجادی ش "هەمیشە بەهار"یان هەیە، چەند کەسێکی دیکەش "هەمیشە بەهار"یان هەیە، تەنانەت (مەدهۆش)یش شیعرێکی بە ناوی "هەمیشە بەهار" هەیە-، ساڵی ١٩٥٠، تۆ کارەکەت ناو ناوە نۆڤڵێت، "کاروانی"یشت ناو ناوە نۆڤڵێت، "شمشاڵی شوان" و "ئاشتیی کوردستان"ت ناو ناوە ڕۆمان، دیارە بەپێی ئەوەی کە ئێستا لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەخوێنرێتەوە، حیسابی چیرۆکی درێژ و نۆڤڵێت و ڕۆمان بە وشە کراوە، چەند هەزار وشە بێ بەمە جیا کراونەتەوە، ئەم پۆلێنەی ئێستا کردووتە کە لە ڕووی ڕەخنەییەوە دووانت کردووە بە نۆڤڵێت، دووانت کردووە بە ڕۆمان، ئەمە هی ئەم ساڵانەی دواییە، یان ئەوساش هەر بیرت لەوە کردبووەوە کە ئەوانە بنووسی؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** نەخێر، ئەوسا بە هیچ جۆرێک بیرم لە ڕۆمان نەکردووەتەوە، بیرم لەوە نەکردووەتەوە کە ئەمە چیرۆکی مامناوەندییە، یان چیرۆکی درێژە، یان ڕۆمانە، چونکە بیر و خەیاڵی ئێمە کە هاتووین ئەمەمان کردووە وەک سەرباز و جەنگاوەرێکی بیرڕاکێشراو بۆ ئەم بابەتانە بووە، تۆ هاتووی ئەم ئیشەت کردووە بەبێ ئەوەی ئەم شتانە لێک بدەیتەوە و بچێ بە لایانەوە.

**رامان:** ئەوەندەی من ئاگادارم تۆ خەریکی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی خۆتی، ئەمەیان کارێکی باشە، دەستت خۆش بێ، هیوادارم لەسەری بەردەوام بیت و بتوانی ئەزموونی خۆت بنووسیتەوە، بەڵام پرسیارەکەی من ئەوەیە، تۆ لە نووسینەوەی ئەم بیرەوەرییانەدا بۆ ئەوەی بیرەوەرییەکانت بۆ خوێندنەوە سەرنجڕاکێش بێ، دەتەوێ بە زمانی ڕۆمان بیاننووسیتەوە، یان بە چ زمانێک؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** نەخێر بە زمانی ڕۆمان نایاننووسمەوە، بەڵام هێندێک جار دێ چێژی ئەوەی تێ دەکەوێ، لەبەر ئەوەی من ڕووداوێک دەگێڕمەوە؛ لە بەغداوە هاتوون بەدوامدا، لە پڕێکدا هەڵسە بڕۆ بۆ بەغدا، چووم بۆ بەغدا، چووم دکتۆر سەفا حافز و ڕەشید کۆبی و دوو کەسی دیکەم بینیوە، قەیناکا ناوەکان نایەنەوە بیرم، بەڵام گرنگ دکتۆر سەفا حافزە و عەزیزی شێخ یشیان لەگەڵدا بوو و یەکێکی دیکەش بوو، چووم لەوێ بینیمن، وتیان ئێمە دەمانەوێ سەندیکای مامۆستایان دابمەزرێنین.

**رامان:** ئەی سەبارەت بەو یادداشتەی بۆ خوێندنی کوردی داوتانە بە حکومەت چۆن بوو؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** هەر لەدوای ئەوە جارێکی دیکە، هەمان ئەو کەسانە ویستمان یادداشتێک بدەین بۆ مافی نەتەوەیی کورد، داوای خوێندن بە کوردی بکەین، من یەکسەر لەگەڵ کێ کۆبوومەوە؟ وتیان فەرموو ئێستا تۆ ڕەفیق حیلمی دەبینی، لەگەڵ دکتۆر سدیق ئەترووشی، من لەچاو مامۆستا ڕەفیق حیلمی لاوێک بووم، ڕەفیق حیلمی مامۆستایەکی بەئەزموونی مێژوونووسی،

یادەوەرنووسی خاوەن کەسایەتییەکی تایبەت بوو، دکتۆر سەفا حافزیش دیار بوو دکتۆرێکی تازە دەرچووبوو، کوردێکی بادینانیی کرمانجی ژووروو بوو، کە دانیشتین لە یەکەم هەڵوێستدا، تووشی سەرسامییەکی گەورە بووم کە من کەسێک بم لەگەڵ ڕەفیق حیلمی یەکەم یادداشتی دوای شۆڕشی چواردەی تەمموز بدەین بە دەوڵەتی عەبدولکەریم قاسم، بەتایبەتی ڕاستەوخۆ بە زەعیم عەبدولکەریم قاسم، بۆ ئەوەی مافی خوێندن بە زمانی کوردی و گەلێک شتی پێوەندیداری دیکە بە مافی کوردەوە بخەینە ڕوو، دەبێ ئەمە بکەین، تۆ کە دەچیتە ناو هەڵوێستەی ژیانێکی ئاواوە، بەڕاستی لەو کاتەدا بیر لە خۆت ناکەیتەوە کە من چۆن بیر دەکەمەوە، یانی من ئێستاش ئەمە بە شانازییەکی گەورە دەزانم کە لەدوای شۆڕشی تەمموز یەکەم سێ کەس کە چووینەتە لای عەبدولکەریم قاسم بۆ ئەم داخوازییە و یادداشتێک بە ناوی منەوە درا، بەڵام لەگەڵ مامۆستایەکی بەئەزموونی گەورە، مامۆستا ڕەفیق حیلمی، ئەمە یانی ئەدیب و نووسەر و هەرکەسێکی دیکە بێ، کە دێتە ژیانەوە تووشی هەمەجۆر هەڵوێستی ژیان دەبێ، لەو کاتەدا تۆ ناتوانی خۆت بخوێنیتەوە.

**ڕامان:** کارێکی گەورەتان کردووە، تۆ یەکەم جارت بوو ڕەفیق حیلمی ببینیت؟ ئایا دواتر بینیتەوە؟

**محەمەد سالح سەعید:** من ئێستا دەتوانم لەو کارە گەورەیە تێ بگەم کە ئەو سەردەمە کردوومە و یەکەم جاریش بوو کە ڕەفیق حیلمی ببینم و دوای ئەوەش چەند جارێک بینیومە، تەنانەت لە پرسەکەیدا نووسینێکم نووسیبوو، بە باوەڕی خۆم نووسینێکی زۆر جوان بوو، بەداخەوە ئەو نووسینەم بۆ شوێنێک نارد، بزر کرا و نەمزانی چی لێ بەسەر هات. ڕەفیق حیلمی لە ویژدانی مندا کەسایەتی کوردێکی مەزنی بەجێ هێشت، بیرەوەریم وەک مێژوونووسێک، وەک یادەوەرنووسێک، وەک کەسایەتییەکی زانستخوازی پەروەردەخوازی لەو جۆرە، وەک کوردێکی مەزن بوو.

**ڕامان:** چۆن بوو ئەو لەناو ئەو هەموو خەڵکەدا تۆی دەستنیشان کردووە؟

**محەمەد سالح سەعید:** ئەو منی دەستنیشان نەکرد، حزبی شیوعی دەستنیشانی کردم، بەڵام چوومە ئەوێ و لەگەڵ ئەوان دانیشتم و ئەو کارە بە من کرا.

**ڕامان:** ئەی یادداشتەکەتان وەڵامی هەبوو؟ وەڵامەکەی چۆن بوو؟

**محەمەد سالح سەعید:** بەڵێ، وەڵامەکەی هەرچییەکمان نووسیوە و داوا کراوە، جێبەجێمان کرد، هەر بەدوای ئەوەشدا کۆنگرەی مامۆستایانی کورد دروست بوو.

**ڕامان:** ئێوە کە بەشی لێکۆڵینەوە و نوێنەری کوردستان بوون، ئەوکاتە لە حزبی شیوعی بوویت؟

**محەمەد سالح سەعید:** بەڵێ، من کادیرێکی کارای حزبی شیوعی بووم، لە سلێمانی سکرتێری سەندیکای مامۆستایان بووم و لە کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە من یەکێک لە دروستکەرانی کۆنگرەکە بووم و وتاری سلێمانیم تێیدا خوێندەوە و وێنەم بە جلی کوردییەوە هەیە.

**ڕامان:** پێش ئەوەی بچمە ناو پرسیاری دیکەوە، حەز دەکەم تێنەپەڕین و بۆمان باس بکەی، یەکەم بابەتت، کە نووسیت و بڵاوت کردەوە، کام نووسینەیە و لە کوێ بڵاو بووەتەوە و ساڵی چەندە؟

**محەمەد سالح سەعید:** یەکەم نووسینم لە ڕۆژنامەی "ژین"دا بڵاو بووەتەوە، ساڵانی پەنجاکانە، ناوەکەیم لەبیر نییە، بەڵام دەوری نۆزدە بابەتم دۆزیوەتەوە کە ئەوسا بڵاوم کردوونەتەوە و کۆیپیشم کردوون، شیعرێکم بڵاوکردووەتەوە بە ناوی "دایک"، بەڵام ئێستا نازانم چیم وتووە، چونکە شیعرەکەم لەلا نەماوە، بەرهەمم زۆر بوو، بەداخەوە لەبەر ئەوەی کە کەسێک بووم هەمیشە لێکۆڵینەوە و هێنان و بردنی ئەمن و بەزم و ڕەزمم لەسەر بووە و داویانە بە سەر ماڵی باوکم و ماڵی خۆمدا و کەسوکارەکەم بەرهەمەکانمیان خستووەتە ژێر عەرزەوە و هەموو بووە بە تۆپەڵە هەویر.

**ڕامان:** ئەی ئێستا، لەم ساڵانەی دواییدا کە تۆ زیاتر دەستت ئاواڵەیە و دەپەرژێیتە سەر ئەو کارانە و خانەنشینیت، ئەوە شوکر کوڕەکان پێگەییون و ڕەنگە خزم و دۆست و ناسیاو و برادەریشت زۆر بن، بۆ هەوڵت نەداوە ئەو بابەتانەی کە لە زەمانی زووەوە بڵاوت کردوونەتەوە، ئەوانش کۆ بکەیتەوە، چونکە بتەوێ و نەتەوێ ئەوە بەرهەمی تۆن لەو قۆناغەدا و گوزارشت لە بیروڕای تۆ دەکەن، دەبوایە کۆت بکردنایەتەوە، وا نییە؟

**محەمەد سالح سەعید:** بەڕاستی هەوڵم نەداوە، بەڵام

ئێستا خەریکم کۆیان دەکەمەوە، زۆریانم لێ کۆ کردووەتەوە، کوڕێکیشم هەیە، ناوی ئارام ـە دکتۆرای لە یاسادا هەیە، خەریکە و وردەوردە بابەتەکانم و وێنەکانمی دەدەمێ و ئەویش لای خۆی هەڵیدەگرێ و تۆماری دەکات، دەستم پێ کردووە.

**ڕامان:** لە باسی ئەو بابەتەدا شتێکی دیکەشمان بیر دەخاتەوە کە تۆ هەڵبژێردراوی حزبی شیوعی بووی، چووی لە بەغدا لەگەڵ مامۆستا ڕەفیق حیلمی یادداشتێکتان پێشکەش کردووە بۆ ئەوەی خوێندن بێ بە کوردی، ئەمە لەو ساڵانەدا بابەتێکی پێشەیی و نەتەوەیی بووە، کێشەیەک بوو کە هەر تەنیا خوێندن و پەروەردەی نەگرتووەتەوە، تەنانەت لە یەکێتیی نووسەرانی کوردیش کێشەیەکی وا هەبووە و خەڵکێکی زۆر هەبوون کە داوایان دەکرد مۆڵەت بە یەکێتیی نووسەرانی کورد بدرێ، کەسانێکیش دەیانوت دەبێ یەکێتیی نووسەرانی ئێراق بێ، تەنانەت شتێکی واش هەبوو، چەند کەسێک کە کتێبیان چاپ کردووە، دەیاننووسی ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی ئێراق، یانی وەک شانازییەک بێ لەناو ئەواندا، یەکێک لەو کەسانە، عەبدولعەزیز خانەقا، مستەفا ساڵح کەریم و کۆمەڵێک نووسەری دیکەن، بەڵام دەڵێن یەکەم جار کۆبوونەوەیەک لە ماڵی شێخ محەمەدی خاڵ کراوە و خەڵکانێک، کە نووسەر و خەمخۆری ئەدەبی کوردی بوون، ویستوویانە شتێک بکەن مۆرکێکی کوردانە و تایبەتیی پێوە بێت کە پێوەندیی بەوەی ئێراقەوە نەبێ، وەک چۆن یەکێتیی مامۆستایان هەولی دا جیا بێتەوە، یانی سەر بە کوردستان بێ، ئەمەش شتێکی لەو بابەتە بوو، تۆ هیچ ئاگات لەو بابەتە هەیە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بەڵێ، یەکەم کۆبوونەوە کە لە ماڵی شێخ محەمەدی خاڵ کرا، من لەوێ بووم، لە یەکەم کۆبوونەوە و دانیشتنەکاندا و هەر لە سەرەتاوە من هاوکاری هەموو شتێک بووم و دەتوانم بڵێم یەکێک بووم لە کەسە چالاکەکان، ئێستا شتێک لەبارەی ئەمەوە دەڵێم، زۆرم پێ خۆشە کە ئەمەت ورووژاند، لە ماڵی (ڕەمزی مەلا مارف)یش کۆبوونەوەیەکمان کرد، بەدوای ئەواندا کۆبوونەوەیەکی دیکەشمان کرد، کاتی خۆی دوو بینا هەبوو، یەکێکیان فەرمانبەران بوو، دەیانویست بیکەن بە کۆمەڵگەی مامۆستایان (جمعیة المعلمین)، لە خوار خەستەخانەی کۆنەوە، دوو بینای بچکۆلە هەبوو، ئێستاش دوو بینا بچکۆلەکە ماون، یەکێکیشیان سەندیکای مامۆستایانی تێچوو کە ئێمە بووین، لە بیناکەی سەرووی ئەوەوە، لەوێش کۆبوونەوەیەک کرا، شێخ محەمەدی خاڵ، محەمەد مستەفا کوردی، شاکر فەتاح، مامۆستا ئەبووبەکر هەوری، کۆمەڵێک لەوانە، ناتوانم ئێستا هەموو ناوەکان بڵێم، ئامادە بوون و ئێمە هەڵبژاردنێکمان کرد، لەدواییدا هاتینە بینایەک لە پشتی هۆتێل سەلام، لەوێش چەند کۆبوونەوەیەکمان کرد و ئەو وێنەیەی گێڕاوە، بۆ یەکەم جار من بڵاوم کردووەتەوە کە شێخ محەمەدی خاڵ ی تێدایە و منیش لەسەر یەکێک لە کورسییەکان دانیشتووم، لەو کۆبوونەوانەدا هەڵبژاردنێکمان کرد، بەداخەوە (مستەفا ساڵح کەریم)ی هاوڕێم لە کتێبەکەیدا لە بارەی یەکێتیی نووسەرانەوە باسی ئەمەی نەکردووە، لێرەدا یەکەم جار دەستەیەکی ئامادەکار وەک بڵێی دەستەی ئامادەکاری دروستبوونی یەکێتیی نووسەرانی کورد دانرا و هەڵبژاردنێکی تێدا کرا، شێخ محەمەدی خاڵ سەرۆک بوو، شاکر فەتاح جێگری سەرۆک بوو، مستەفا کوردی ئەندام بوو، کامەران موکری ژمێریار بوو، من سکرتێری ئەو دەستەی دامەزرێنەرە بووم، لە یەکەم جار و نزیکی شەش مانگ کۆبوونەوەمان کرد و هێندێک کۆڕ و سیمیناریشمان دەکرد، بەڵام مستەفا ساڵح کەریم ئەوەی لەبیر نەبووە کە باسی بکات، ئەو لە هەڵبژاردنی یەکەمەوە باسی دەکات، بەڵام لە هەڵبژاردنی دووەمدا دوای ئەوەی کۆنگرەکەمان گرت، ئەمەی من باسی دەکەم پێش کۆنگرەکەیە.

**ڕامان:** ئەوە ساڵی چەند بوو، دوای ١٩٥٨ بوو؟ ئەی بۆ لەناو ڕۆژنامەی وەقایعی ئێراقی ئەو دەمدا باس نەکراوە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** نازانم بۆ؟ تەنانەت ئەو وێنەیەی کە هەیە من وێنەگرم هێناوە و گرتوومە و بۆ یەکەم جاریش من داومە بە ڕەفیقی مەحموود ئەفەنی وێنەگر، بۆ ئەوەی بڵاو بکرێتەوە و لە یەکێک لە نامیلکەکانی خۆمدا بڵاوم کردووەتەوە، لەدوای ئەوەی کە چووین بۆ کۆنگرە و هاتینەوە، ئینجا کە یەکەم هەڵبژاردنی ڕەسمیی کرا، مستەفا ساڵح کەریم بوو بە سکرتێر و من ئەندامی دەستەکە بووم، یانی من لە

سلێمانی ئەندامی یەکەم دەستەی یەکێتیی نووسەرانی کورد بووم.

**ڕامان:** لە سالانی دوای ١٩٥٨ تا سالی ١٩٧٠، لە ١٠/٢/١٩٧٠ کە مۆڵەت بە یەکێتیی نووسەرانی کورد دراوە، ئەوەی من لە دەمی ئەوانەی کە ئەم مۆڵەتەیان وەرگرتووە کە زۆربەیان دۆست و برادەرمان بوون و هێندیکیشان بە ڕەحمەتی خودا چوون، وەک دکتۆر مارف مارف و ئەوان، بیستوومە لێیان دەیانوت ئێمە کە مۆڵەتەکەمان وەرگرت بیست کەس بووین، با بلێین ئەوانەی داوای مۆڵەتەکەیان کردووە، دەلێ ئێمە بەناوی یەکێتیی نووسەرانی کوردەوە وەرمانگرت، بەلام هەموو ئەو ڕێکخراوە لە یەکێتیی نووسەرانی ئێراق ئەندام بووە، کە ئەو کاتە لە هەموو ئێراقدا جەواهیری سەرۆکی ڕێکخراوەکە بووە، یانی دیسان هەر سەربەخۆ نەبووە و پێوەندیی بەوێوە هەبووە، کە وەک ئەو ڕێکخراوە لە یەکێتیی نووسەرانی ئێراقدا ئەندام بووە ؟

**محەمەد سالح سەعید:** بەو جۆرە ڕەسمییە من شتی وام نەبیستووە، بەلام تۆ شتێکت وت، وتت هێندێک شانازیشی بەوەوە دەکرد کە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی ئێراقە، ئەو قسانە هەمووی لەوەوە بوو، کە ئەوسا دیموکراتییەکی ڕەهای زۆر چاک لە سەرەتای ئەو دروستبوونەدا هەبوو، خۆ ئەگەر ئەمەشیان وتبێ، وەک چۆن ئێستا هەرێمی کوردستان سەر بە حکومەتی ئێراقە، ئەویش دەتوانی ئاوای لێکدەیتەوە، نەک پاشکۆ بێت.

**ڕامان:** بەهەرحاڵ من دەمەوێ ئەو پرسیارە لە تۆ بکەم، لە ١٩٥٨ بەدواوە تا سالی ١٩٧٠ کە ئەو مۆڵەتە بە ڕەسمی دراوە، چەند هەوڵی دیکە هەبووە بۆ دروستکردنی یەکێتیی نووسەرانێکی تایبەت بە کورد کە تایبەتمەندییەکی خۆی هەبێ، هەر ئەو هەوڵە بوو؟

**محەمەد سالح سەعید:** هەر ئەو هەوڵە بوو، بەلام ئەوە لقی کورد بوو، یانی هەوڵەکە ئاوا بوو، ئێراقییە، بەلام لقی کورد بوو، وشەی کوردستانی تێدا نەبوو، من نەمبیستووە، یانی تا سالی ١٩٧٠ یەکێتیی نووسەرانی کورد، هەر ئاوا بووە.

**ڕامان:** بێجگە لە هەوڵەکانت کە لە بواری نۆڤلێت و ڕۆماندا باسمان کردن، باسێکی دیکەشت کرد، بەلام ڕاگوزار بە لایدا تێپەڕین کە ئەویش بایەخدانە بە زمان و کۆکردنەوەی وشەی پەتی و ئەم شتانە کە لە چواری سەرەتاییەوە دەست پێ دەکات و دواجار نووسینت هەیە، سالی ١٩٩٤ کتێبت هەیە، بەناوی نووسینی کوردی، پاشان سالی ١٩٩٤ دیسان لە گۆڤاری (الثقافة الجديدة)دا شتێکت هەیە بە ناوی "سياسة تغير اللغة الكردية"، لەو کتێبە چاپ نەکراوانەشدا، کە تا ئێستا بە چاپت نەگەیاندوون، شتێکت هەیە بە ناوی "بڕە لە زمانی کوردیدا" هێشتا چاپ نەبووە، کە ئاماژەت پێ کردووە، نیازت هەیە چاپی بکەی، ڕەنگە کتێبی دیکەشت لە بواری زماندا هەبێ، بێجگە لەو سێیانەی وا ئاماژەت پێ کردن، ئەو بایەخە لە چییەوە هاتووە؟

**محەمەد سالح سەعید:** خۆم نازانم، بەلام هەمیشە لەسەر زمانم نووسیوە. دێتەوە یادم لە گۆڤاری "دەنگی مامۆستایان"دا، لە گەلێ لە ڕۆژنامەکاندا، بابەتی زمانیم هەیە. بۆ نموونە، لەسەر وشەی "هەرگیز" و "هەمیشە"؛ "هەرگیز" دەبێ بۆ شتێک بەکاری بێنین، کە نەکراو بێت، "هەمیشە" دەبێ بۆ شتێک بەکار بهێنرێت کە کراو بێت. بیستوومە خەڵک دەڵێ، "هەرگیز هەموو ڕۆژێ دەبێ بچم بۆ ناو بازاڕ"، "هەرگیز دەبێ هەمیشە لە کتێب خوێندنەوەدا بم"، ئەمە ڕەفزە، نەکردنە، پەرچدانەوەیە، کەچی بۆ کردن و بەجێهێنان بەکاری دەهێنێت، کە لە خەڵکەوە گوێم لەمە بووە، ئەو هەڵانە کە دەکرێن هەستەوەرم پێیم دەڵێ، خۆزگە ئەمە وای نەوتایە و وای بوتایە.

**ڕامان:** تۆ کە بەشێوەیەکی ئەکادیمی زمانت نەخوێندووە، چۆنە وا لە بارەی زمان دەنووسیت؟

**محەمەد سالح سەعید:** ئەوەی وای لێ کردووم کە بچم بە لای بابەتی زمانیدا، جاری وا هەیە لەسەر بابەت، لە بابەتە زمانییەکان دواوم، جاری وا هەیە وەک لەم بابەتە گەورە و دوورودرێژەدا کە بە باوەڕی خۆم، ڕەنگە شەش سەد لاپەڕە بێ، "بڕە لە زمانی کوردیدا"، کە ڕەخنەم لە یەکەم جارەکەی خۆشم گرتووە، من لە شەستەکاندا وتوومە "برگە"، خۆم وتوومە، بابەتم هەیە، دەرسم بە مامۆستایانی زمانی کوردی وتووەتەوە، من ئەکادیمی نیم، بەلام ئەوەندە توانایی هەبووە، پەروەردە منی دەستنیشان کردووە، کە خول بۆ زمانی کوردی کراوەتەوە، دەرسم تێدا وتووەتەوە، دوو جار خول بۆ ئەو مامۆستایانە کراوەتەوە کە لە کۆلێژ دەرچوون، من لە کۆلێژ دەرنەچووم، ئەکادیمی نیم، بەلام منیش یەکێک بووم لەوانەی وەک

مامۆستا دەرسم بە مامۆستاکان وتووەتەوە، بە باوەڕی خۆم بە سەرکەوتوویش کارەکەم کردووە، هاتووم ڕەخنەم لە خۆشم گرتووە کە لەوێ ناوم ناوە "بڕگە"، "گە" ناوی جێگەیە، کەواتە ناوە بۆ ئەو شوێنەی کە کەتنەکەی تێدا کراوە، یەکەم جار وتوومە "بڕگە"، بەڵام ئێستا دەڵێم هەڵەیە و دەبێ بڵێین "بڕە"، چونکە دەمانەوێ بەس لەسەر ئەو "بڕە"یە بدوێین.

**ڕامان:** "بڕگە" لەجیاتی "مقطع"ـە لە زمانی عەرەبیدا؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بەڵێ، ئەمە وای لێ کردووم بچم بە لای عەرەبیشدا و هاتووم لەوەدا پێوەندیم بە زمانی ئینگلیزییەوە کردووە، بۆچی پێوەندیم بە زمانی ئینگلیزییەوە کردووە ؟ پرۆفیسۆرێکی زمان، خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا دەنووسێ و بە من و بە تۆ دەڵێ، بۆ ئەوەی ڕزگارمان بێ لە گرفتی (i) پێویستە فۆنەتیکی ئینگلیزی بەکار بهێنین ، وەک دەنگێک، وەک فۆنێک، نەک فۆنیمێک، ئەو دەڵێ فۆنێک، نەک فۆنیمێک، من ئەمە بە کفر دەزانم، هەرچەندە ئەو دکتۆرایە کە پرۆفیسۆریشە نەک دکتۆرا، هاتووم ڕەخنەی ئەمەم کردووە، دەڵێم زمانی کوردی پێویستی بەوە نییە بۆ چارەسەری گرفتێک من ئەلفەبێتی فۆنێتیکی ئینگلیزی بهێنم و بەسەر خوێنەر و فێرخوازی کورددا بیسەپێنم، ئینجا زیاتر لە بیست نموونەم هێناوەتەوە کە ئەگەر ئێمە ئەمە بکەین زمانی ئینگلیزی بیست کێشەی زمانی دەهێنێت بۆ ناو زمانی کوردی، هەموویم بە نموونەوە هێناوە، بە نموونەی وشەی کوردی و پەیڤی کوردی لەگەڵ پەیڤە ئینگلیزییەکاندا، هاتووم بەراوردم کردووە کە بۆچی من وام وتووە.

**ڕامان:** ئەی ڕەخنەت سەبارەت بە ڕەخنەی زمانی چییە؟ چونکە "النقد اللغوي" هەیە، بێجگە لە "تصويب لغوي"، هێندێک جار وشەیەک لە شوێنی خۆی بەکار نایەت، خەڵکانێکی وەک سەعید ناکام، لەو دواییەدا دکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، مامۆستا دڵزار و خەڵکانێک هەبوون لەناو ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، زۆر جار لە گۆشەیەکدا، لە نووسینێکدا، دەڵێن ئەم وشەیە بە هەڵە بەکار هاتووە، ڕاستەکەی ئاوایە و ئاوایە و ئاوا بەکار دێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئێمە بایەخمان بە ڕەخنەی زمانەوانی نەداوە، بۆیە زمانەکەمان تووشی پاشاگەردانی بووە، تۆ هیچ هەوڵت لەو بارەیەوە نەداوە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** من هەوڵم داوە، کەمێکم کار کردووە، زۆریشم لەسەر ئەو بابەتانە هەیە و وەک وتم، جاری وایە خەفەتیشی پێ دەخۆم، کە ئەوە بەکار دەهێنرێت، بەڵام بەڕاستی بوارم نەبووە، ئەگینا وەک بابەت ئێستا لیستێکم لەبەردەستە، دەتوانم دەریبێنم و بڵێم ئەها کە بیرم لەو شتانە کردووەتەوە و سەرەداوم نووسیوە، بەڵام بڵاوم نەکردووەتەوە.

**ڕامان:** ئەی ئەو نامیلکەیەت، ئەوەی (الثقافة الجديدة)، "سياسة تغير اللغة الكردية"، ئەوە بۆ بە عەرەبی بوو؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** لەبەر ئەوەی بابەتەکە لەوێ بە عەرەبی بڵاو کرابووەوە، منیش دەبێ بۆ ئەو کەسانەی عەرەبیزمانن و ئەمەیان بینیوە بڵاوی بکەمەوە، خۆم ناردم بۆ (الثقافة الجديدة)، ئیتر بەبێنێک بابەتەکەی من وەستا، بەڵام دوایی نامیلکەکەی من لە (الثقافة الجديدة)دا بڵاوکرایەوە.

**ڕامان:** نیازت نییە ئەمە بکەیت بە کوردی، تا خوێنەرانی کورد پتر سوودی لێ وەربگرن؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئێستا سێ کتێبم بە زمانی عەرەبی هەیە؛ "ماذا يريد الاكراد و ماذا أراد و يريد العرب"، ئێستاش کتێبێکی تازەم دەرکردووە، ئەوەی کە ئەو ڕۆژە پێشکەشم کردی، بۆچی ئەو سێ کتێبەم بە عەرەبییە؟ چونکە دەمەوێت عەرەبە پێشکەوتنخوازەکان و عەرەبە قەومییەکانیش بیبینن، من ناردوومە بۆ گەلێک لایەنی عەرەبی، چەندەی توانیومە ناردوومە، چونکە ئێمەمانان ئەمانە بۆ کڕین و فرۆشتن ناکەین، هەوڵم داوە بە عەرەبیش بڵێم کوا دەورتان؟ تەنانەت لە کۆبوونەوەکانیشدا، لە ڕۆژنامەشدا نووسیومە، دەڵێم کوا دەوری پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب بەرانبەر بە دۆزی ڕزگاریخوازی کورد؟ بەرانبەر بە مافی نەتەوەیی کورد؟ بۆ؟ چونکە هۆکارەکەی ئەمەیە.

**ڕامان:** لە کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی کە سەبارەت بە زمانی کوردی و ڕێنووسی کوردی ساز کراون، ئەوەی شەقڵاوە، ئەوەی کە (گۆران)ی شاعیر و مەسعوود محەمەد و کێ و کێ بەشدارییان تێدا کردووە، تۆش لەوانەدا بەشداریت کردووە، حەز دەکەم باسێکی دەوری خۆتمان لەوێ بۆ بکەی، تۆ باست هەبوو؟ گەنگەشەکان چۆن بەڕێوەچوون؟ تا چ ڕادەیەک خزمەتیان بە

پێشخستنی زمانی کوردی کردووە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئەو کۆنگرانە لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکانیاندا، ڕەگەز و تیرەیەکی گەشەکردووی بە بەرنامەی ڕێکوپێک بوون بۆ ئەو قۆناغ و سەردەمە، بۆ نموونە، من لە "مؤتمر الكتاب الكوردي"دا بەشدار بووم، ئێستا کارتەکەیشم ماوە، حەز دەکەم وێنەی بگری بۆ ئەوەی وەک ئەرشیڤ نیشانی بدەیت، لەمەدا من دەورێکی سەرەکیم هەبوو، لە لیژنەیەکی سەرەکیدا بووم، نەمر مەسعوود محەمەد هەستا لەسەر ڕێنووسی کوردی قسەی کرد، ئێمە پێشنیارمان هەبوو، من یەکێک بووم لەوانەی کە پێشنیاری جوانم هەبوو لەسەر ئەوەی کە چۆن بنووسین.

**ڕامان:** دیارە وشەی ڕەخنەت بەدڵ نییە وا خۆتی لێ لادەدەی؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** نەخێر، من ڕێنووسی کوردیم ڕەخنە دەکرد و ڕەخنەگری ڕێنووسی کوردی بووم، یانی بە ئینگلیزییەکەی "پەنچوەیشن"، بە عەرەبییەکەی "تنقيد" لە نووسینی هەموو زمانێکدا، من لەوەدا دەورم هەبوو، هێندیک شتی زۆر جوانم نووسیبووەوە کە هەموو برا ئەندامەکانی ئەو لیژنەی ڕێنووسە بەدڵیان بوو، دەورێک بەڕیز قسەمان دەکرد، مەسعوود محەمەد دەمڕاستی لیژنەکە بوو، من هەستام دەستم کرد بە دواندان لەسەر چەند خاڵێک، لەوانە کە پێویستە ئەوە ئاوای لێ بکرێ و ئاوای لێ بکرێت، مەسعوود محەمەد کەسێکی شایستە و خزمەتگوزاری کورد بوو، لەگەڵ هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکان، چونکە هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکان ڕێڕەوێکی تایبەتی دەگرێتە بەر، ڕێڕەوە جیاوازەکانیش هەمیشەیین، تا نەتەوە و میللەت و گەل و تا ژیان بەردەوام بێ، ڕێڕەوەکانیش بەردەوام دەبن، لەگەڵ هەمووی ئەمانە، یەکسەر وتی، مامۆستا بوەستە! وتی ئەمانەی دەیڵێیی بە نووسین بماندەیە، ئەوە بە نووسینیش بەدەستەوەیە، پێویست ناکا باسی ئەم شتانە بکەین، چونکە من کە هاتووم ئەوەی کە بەڕاستی دەزانم هەمووی ئەمەیە کە ئێمە دامانناوە. یەکێک لە ناخۆشییەکان کە لەو کۆنگرانەدا تووشم بوو، تەنیا ئەم جارە بووە، من سەرم سووڕما، ئێمە هاتووین بۆ وتووێژ لەسەر گرفتەکانی زمانی کوردی و چی بۆ زمانی کوردی و زمانی یەکگرتووی کوردی بکەین، ئێمە بەرەو ئەوە خەبات و کۆشش دەکەین، بەڵام کە ئەم بەڕێزە وای وت، یەکسەر وەستام و قسەم نەکرد.

**ڕامان:** دوای ئەو هەڵوێستەی مەسعوود محەمەد تۆ چ بڕیارێکت دا، کاردانەوەی تۆ چی بوو؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** لەدوای ئەوەی کە ئەو شتەکانی خۆی وت، یەکسەر هەستامە سەر پێ و ڕۆیشتم بۆ لای عەبدوڵڵا شاڵی، ئەوسا بەڕێوەبەری گشتیی خوێندنی کوردی بوو، ئەو سەرپەرشتیی ئەم کۆڕ و کۆبوونەوانەی دەکرد، دیارە لەوە پێش عەبدوڵڵا شاڵی لەگەڵ خۆم لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری "بڵێسە"دا بوو، ڕێزێکی زۆر گەورە لەبەینماندا هەبوو، وتم مامۆستا گیان، مامۆستای بەڕێز مەسعوود محەمەد ئاوا دەڵێ، ئەی کەواتە ئێمە بۆچی هاتووین؟ کە ئێمە کتومت ئەوەی دەمڕاست شتی هێنابێ، چاپی بکەین و بینێرین بۆ وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی کوردی و ئەمانە، بۆ ئەوەی لەسەری بڕۆن، ئێمە بۆ ئەوە هاتووین، یان بۆ ئەوەی شتی تازە بنووسین و پێشنیاری گەورەی چاکی لێکۆڵراوە پێشکەش بکەین کە بۆ زمانی کوردی باشترین بێ، ئەو وتی ئەوە شتێکی دیکەش بووە، لەبەر ئەوە من سپاست دەکەم کە بێدەنگ و هێمن بوویت، چونکە مامۆستا دڵگران بووە، لەوەی کە ئێوەمانان پێشنیار بکەین و لەسەر قسەکانی ئەو قسە بکەن، بەڵام تۆ دەزانی بۆچی هاتووی، تۆ ئەوەی خۆت بەباشی دەزانی، بینووسە و دێتەوە لای ئێمە، ئەمە وەڵامی عەبدوڵڵا شاڵی بوو، منیش وەڵامەکەم زۆر بەدڵ بوو.

**ڕامان:** هەر تۆ لەسەر ئەو شێوازی مامەڵەیە ناڕازی بوویت، یان برادەرانی دیکەش ناڕازی بوون؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** نەخێر، لەو شوێنانەدا هەموو یەکێک لە ئەندامان ڕاوبۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە، یەک دووانێکی دیکەش وردە شتیان هەبوو، بەڵام وەک من ئاوا بە زەقی کە هەستم و بچم بۆ لای عەبدوڵڵا شاڵی نەبوو، تەنانەت لەدواییدا بیستمەوە کە دڵگرانیش بووە و خەڵاتیشی درابوویە، خەڵاتەکەی وەرنەگرتبوو، وتبووی بیدەن بە کەسانی تر.

**ڕامان:** بێجگە لەو کۆنگرەیە، تۆ لە کۆنگرەی دی بەشدار نەبوویت؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بەڕاستی من لە هەرچی کۆنگرەیە، هی وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرێتیی

خوێندنی کوردیدا، لە هەموویاندا بەشدار بووم، لە یەکێکی دیکەدا من تووشی گرفتێکی گەورە بووم، حەز دەکەم باسی ئەمە بکەم، لەگەڵ ئەو هەموو خزمەتە جوانەی کە کردوومانە، لە زەمانی بەعسدا بڕیار درا، کتێبی کوردی بۆ پۆلەکانی خوێندنی عەرەبی دابنرێت، چونکە هەوڵیان دەدا خوێندنی عەرەبی دەست پێ بکەنەوە، بە فێڵ و تەڵەکە و وەک چۆن دەڵێ بە پیلانی گڵاوی بەعس، من سەرۆکی لیژنەیەکی پێداچوونەوەی پۆلی چوار بووم، ئامادەکردنی کتێبێکی لەو جۆرە بۆ پۆلی چوار، منی تێدا بووم کە بە نامەی ڕەسمیش هەمە، ئەندامەکانمان بەڕێزان: کەریم شارەزا لە هەولێر، مستەفا ساڵح کەریم لە سلێمانی، مامۆستایەک لە بادینان کە لە دواییدا پۆستێکی ئیداریشی لە خوێندنی کوردیدا درایە، مامۆستا شێرکۆ ئەحمەد شەوقی خەڵکی سلێمانی، ئەوانە بووین. محەمەد پیرۆز ڕۆستەم لە هەولێر بەڕێوەبەری گشتی بوو، ئەمە یەکێک لە کۆبوونەوەکانە، کە من دەمڕاستی ئەو لیژنەیە بووم، محەمەد پیرۆز ڕۆستەم لە کۆبوونەوەکەدا پێی وتین، بە ئارەزووی خۆتان، چۆن دەستکاریی ئەم کتێبانە دەکەن، بیکەن کە بۆ قوتابی بگونجێ، کتێبەکانیش پێداچوونەوە بوو.

**ڕامان:** وتت تۆ تووشی گرفتێکی گەورە بوویت، باسی ئەو گرفتەمان بۆ بکە.

**محەمەد ساڵح سەعید:** دوو بابەت لە سەرەتای کتێبەکەدا هەبوو "عيد الثورة" لەگەڵ "سبعة نيسان"، نازانم شتێکی ئاوا بوو، پێشنیارم بۆ مامۆستا کوردەکان کرد، ئەوانەی کە بەیەکەوە بووین، وتم دەڵێین چی ئێمە ئەم دوو بابەتە لابەرین، مادام بەڕێوەبەر دەڵێ ئێوە دەتوانن دەستکاری بکەن، پێیانم وت لەجیاتی ئەمە حوکمی زاتی و یازدەی ئازار دەخەینە ئەم دوو پێشەکییەوە و ئەوە منداڵیش تێی دەگات، من لێرەدا مەبەستم ئەوە بوو، کە منداڵی چواری سەرەتایی لە "عيد الثورة"، واتە جەژنی شۆڕش و لە "سبعة نيسان"، واتە حەوتی نیسان چی تێدەگات، با ئێمە شتێک دابنێین کە پێوەندیی بە کوردیشەوە هەبێ، دیارە مەبەستی سەرەکیشم لە ناخمدا ئەوە بوو کە باسی حزبی بەعس بۆ قوتابیانی کورد نەکرێ، من ئەمەم کرد، هەموو ئەندامەکان ڕازی بوون و وتیان قەی چ دەکا، ئێمە ئەوە دەکەین، ئیتر لامانبرد.

**ڕامان:** کە لاتانبرد چی قەوما، ئەوە زۆر لەسەرتان نەکەوت؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** کە لامانبرد، بۆ دانیشتنی ئێوارە ئەوەندەم زانی سەرپەرشتیاری "مناهج و كتب" لە "ئەمینداریێتی گشتیی پەروەردە و فێرکردن"، بەداخەوە ناوەکەیم لەبیر چووە، هاتە لام وتی مامۆستا تۆ چیت کردووە؟ وتم چیم کردووە؟ وتی تۆ هێندێک بابەتت لە کتێبەکەدا لابردووە. وتم ئێمە لیژنەین، بە ئارەزووی خۆمان چی لادەبەین، لایدەبەین و مامۆستا محەمەد پیرۆز ڕۆستەم، خۆی پێی وتووین، ئێوە لیژنەن، ئەوەی بۆ دەستکاری بەباشی دەزانن، بیکەن، لەبەر ئەوە ئێمە بابەتمان لابردووەو هی جوانترمان هێناوەو بۆ قوتابیی کورد خستوومانە جێیەکەی.

**ڕامان:** ئەی لەگەڵ ئەمینداری گشتیی پەروەردە ڕووبەڕوو نەبووەتەوە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بەڵێ، ئێمە لەو قسانەدا بووین، یەکەم دانیشتنمان بوو کە محەمەد پیرۆز ڕۆستەم خۆی هات بۆ لامان، هاتە لای لیژنەکەمانەوە، محەمەد پیرۆز ڕۆستەم، لەوە پێشیش دەمناسی، چونکە بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی بوو، من سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بووم، واتە پێوەندییەکی باشمان لەگەڵ یەکدا هەبوو، بەڕاستی زۆر ڕێزی لە من دەگرت، چونکە من کاری چاکم دەکرد، هەوڵم دەدا خزمەتی چاک بکەم، ئیتر هەستاین لەبەری، کورسییەکی زیادی لێ بوو، لە لامانەوە دانیشت و ڕووی کردە من و وتی ئەوە مامۆستا چیت کردووە؟ وتم چیمان کردووە؟ تۆ خۆت ئەمەت وتووە و ئێمە ئەم دوو بابەتەمان لابردووە و ئەم دوو بابەتەمان لە جێگەکەیان داناوە، چونکە ئەمە بۆ قوتابیانی کورد نزیکترە لە تێگەیشتن و نزیکتریشە لە مەسەلەی کوردییەوە. خواهەڵناگرێ، دەبێ من لێرە ڕاستگۆ بم، ئەو مامۆستایە، هەرچەندە پێوەندییەکی تایبەتیی خۆی بە دەوڵەت و بەعس و ئەمانەوە هەبوو، بەڵام یەکسەر ڕووی کردە ئێمە، بەبێ ڕووگرژکردن وتی دە قەیناکا، دەستتان خۆش بێت، ئەم دووانە جوانە داتانناوە، من بۆم باس کردبوو کە ئەم دوو بابەتە پێوەندیی بە قوتابیی کوردەوە هەیە، وتی ئەم دووانەش بهێڵنەوە، بەڵام دووانەکەی تریش بگێڕنەوە، ئیتر کاردانەوەکەی بەرانبەر بەو شتەی ئێمە کردبوومان، هەر

ئەوەندە بوو.

**ڕامان:** نەتانزانی کێ ئەو قسانەی گەیاندبووە لای ئەمینداری گشتیی پەروەردە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** لەدواییدا تێگەیشتین کە ئەو برا بادینانییە چووە ئەمەی گێڕاوەتەوە و خەریک بوو ئێمە تووشی ئەو گرفتە بکات، ئەگەر ئەوە بە خراپی بۆ ئێمە لێک بدرایەتەوە، لەوانەبوو تووشی چەرمەسەرییەکی گەورەمان بکات، لە کۆنگرەکاندا سەرجەمی ئەندامان کە هاتوون، بەو بیروبۆچوونەوە هاتوون کە لە قوتابخانەکاندا خزمەت بە پەرە و گەشە و ڕاستکردنەوەی زمانی کوردی بدەن.

**ڕامان:** کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە، ئەوەی (گۆران)یشی تێدا بوو، تۆ لەوێ بوویت، ئەگەر بەکورتی تێبینیی خۆتمان لەسەر ئەو کۆنگرەیە بۆ باس بکەیت؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** من بەهۆی حزبی شیووعییەوە یەکێک بووم لە ئەندامانی ئامادەکاری کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە، لێرەش و لە بەغداش بۆ ئەو کۆنگرەیە من نوێنەری حزبی شیووعی بووم، تۆ حەقیقەت و ڕاستگۆییەکی مێژوویت دەوێ، لیژنەیەکی نهێنیی حزبی شیووعی هەبوو، بە ئەندامییەتیی من، گۆران، دکتۆر سەفا حافز و کۆمەڵێک کەس بووین کە بۆ دروستکردنی ئەم کۆنگرەیە لیژنەیەکی نهێنی بوو، دکتۆر سەفا حافز و شەریف شێخ و مەتی شێخ و یەکێکی دیکە، ئەمانە کۆبوونەوەیەکی تایبەتیمان لەماڵی خەلیل خۆشناو کرد، لەم لیژنەیەدا خەلیل خۆشناو خۆیشی ئەندام بوو، ڕەشید کۆیی ئەندام بوو، بە نهێنی لەوێ دادەنیشتین، بەهاددین نووری ئەندام بوو، ئەحمەد غەفوور ئەندام بوو، یانی لیژنەیەکی تایبەتیی حزبی شیووعی بوو، بەڵام بۆ مەسەلەی ئەم کۆنگرەیە بوو.

**ڕامان:** کە مامۆستا گۆران شیعرەکەی خوێندەوە، تۆ لەوێ بووی؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بەڵێ لەوێ بووم، ئێمە ڕۆژانە کۆ دەبووینەوە، دوو ڕۆژ لەوەپێش چووین، کۆبوونەوەکانمان لە ماڵی ئەو برا خۆشناوە بوو، بەڵام کۆنگرەکانمان لە باخەکانی شەقڵاوە بوو، چەند لیژنەیەک دروست بووبوو، ئێستا ئەوەندەم لەبیرە کە لەگەڵ برا بادینانییەکان، زۆر جار نەماندەتوانی لەیەک تێ بگەین، بەڕاستی کە ئێستا لەگەڵ ئەو ڕۆژە بەراورد دەکەم، هەست بە گەورەیی میللەتی کورد دەکەم، هەست بە خۆشییەکی ئەو گەشە و پێشکەوتنە دەکەم کە کورد پێی گەیشتووە، ڕاستییەکەی من بەکردەوە کەسێکی بزێو بووم، بەڵام پەلە و هەڵە نەبووم، زۆر بە شێنەیی دەچوومە ناخەوە، بڕوات بێ کەپر بە کەپری بادینانییەکان دەچووم و لەگەڵیان دادەنیشتم، بۆ نیشتەجێ بوونمان کەپرمان بۆ ئامادە کرابوو، کەپرەکان قەرەوێڵەیان تێدا بوو، هەر کەپرێک چوار قەرەوێڵەی تێدا بوو، شەو لەوێ دەنووستین.

**ڕامان:** ئەو کۆنگرەیە چەند ڕۆژی خایاند؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** وابزانم کۆنگەرەکە سێ ڕۆژ بەردەوام بوو، بەڵام من پێنج ڕۆژ زیاتر لەوێ بووم، پێش دەستپێکردنی کۆنگرە چووبووم، لەبەر ئەوەی من ئەندامی دەستەی ئامادەکار بووم، دەچووم یەکە یەکە قسەم لەگەڵدا دەکردن (سادق بەهائەددین)م لەوێ ناسی، ئەو لە هەموویان زیاتر دەهات بە لای ئێمەدا، مامۆستای زۆر بلیمەتیشی تێدا بوو، کوردپەروەری گەورەی تێدا بوو، بەڵام لە یەک نەدەگەیشتین.

**ڕامان:** هەر هیچ لە یەکتر نەدەگەیشتن؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** دەتوانم بڵێم ئەوان هەر لە ئێمە نەدەگەیشتن، هەرچەندە ئێمە تۆزێک لەوان تێدەگەیشتین، بەڵام ئەوان زۆر کەم لە ئێمە دەگەیشتن، ئەوەی لەوێدا جێی داخ بوو، ئەوە بوو کە لەو سەردەمەدا نەهاتبوونە سەر ئەو قەناعەتەی کە دەبێ بە زاری کرمانجیی خواروو بخوێنرێت، کێشەیەکی زۆر لەسەر ئەوە دروست بوو، ئەگینا هەموو شتەکانی کۆنگرە باش بوو، حکومەتی عەبدولکەریم قاسم یش هەموو ئەو پێشنیار و داواکارییانەی کە ئێمە کردمان وەریگرت، ئێمە کردیشمان بە کتێب، ئێستا من کتێبەکەم لە لایە، کتێبەکەش خۆم چاپم کردووە، بڕیارەکانی کۆنگرەی یەکەم و دووەمی مامۆستایانی کوردە، ئێستا ئەو کتێبەی کە چاپ دەکرێتەوە، باسی ئەو دوو کۆنگرەیە دەکات، من داوام لێ کراوە پێشەکی بۆ بنووسم، پێشەکیم بۆ نووسیوە و لەسەر ئەوە گەلێک زانیاریم داوەتێ.

**ڕامان:** بەگشتی ئەو کۆنگرەیە چۆن هەڵدەسەنگێنی و چەند خزمەتی زمانی کوردی کرد؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** کارێکی گەورەی نەتەوەیی

مێژوویی بوو کە سەرکردایەتیی کورد لەو سەردەمەدا، سەرکردایەتیی بارزانی کردی. پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیووعی یەک کەوتبوون بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم کارە، کارێکی مێژووییە کە دەبێ کورد بەدرێژایی مێژوو، هەمیشە شانازی پێوە بکات. وتاری لقی سلێمانیی مامۆستایانی کورد، هی هەردووک کۆنگرەکە، من خوێندوومەتەوە، چونکە من سکرتێری سەندیکا بووم، سکرتێری گۆڤاری بڵێسە بووم، چالاکی بوارەکە بووم، هەڵبژێردرابووم بۆ ئەو کارانە، لەخۆمەوە نەمکردووە.

**ڕامان:** لایەنێکی دیکە کە تۆ بایەخت پێ داوە، بابەتی لاکردنەوەیە لە کەلەپوور و فۆلکلۆری میللەتەکەمان، دوای ساڵانی ڕاپەڕینیش ئاگام لێیە لە سلێمانی ئەندامێکی چالاکی دەستەی ئەنستیتۆی کەلەپووری کورد بووی، ساڵی ٢٠٠١ کتێبت هەیە بە ناوی "گەوهەری دێرینە"، کە چیرۆکێکی فۆلکلۆرییە و چەندان بابەت و کتێبی ترت هەیە، کە بەتەمای لە داهاتوودا چاپیان بکەیت؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** کتێبی ترم هەیە؛ "داستانی هەیاسی خاس و سوڵتان مەحموود".

**ڕامان:** بەڵێ، ئەوەش ٢٤ چیرۆک و لێکۆڵینەوەیە کە لەبارەیانەوە نووسراوە، "مامە خەمە" هەر چیرۆکێکی فۆلکلۆری و لێکۆڵینەوەیە و بابەتی تریشتان هەیە؛ "ئەفسانە لە چیرۆکی فۆلکلۆری کوردیدا"، "سروشتی کوردستان"، "فۆلکلۆر و کەلەپوور"، ئەمە هەمووی نیشانەی ئەوەیە کە تۆ بایەخێکی تایبەتت بەو لایەنە داوە، بێ گومان ئەوەش گەنجینەیەکی گەورەیە بۆ خزمەت و دەوڵەمەندکردنی زمان و ئەدەبیاتی کوردیمان، نهێنیی ئەو لاکردنەوەیە لەچیدایە؟ چۆن ئەو بیرۆکەیە لەلاتان سەری هەڵدا کە بایەخ بەو بوارە بدەن؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** یەکێک لەو لایەنانە گرفتە کۆمەڵایەتییەکان بوو، من زۆر بیر لەو شتانە دەکەمەوە؛ کۆکە ڕەشە، کە منداڵ تووشی کۆکەڕەشە دەبوو، دەیانبرد بۆ پیری کۆکە، پیری کۆکە، شاخە هەرە بەرزەکەی ئەو سەری گۆیژەیە، لەوێ قسنێک هەبوو، کە ژوورێکی بچکۆلەیە، سەری گیراوە و گومەزییە، کە ئێستا نەماوە، من چوومەتە ناوی، کێلێکی لێ بوو، کێلەکە سەریشی هەبوو، ئەم منداڵەیان حەوت جار دەکرد بەناو ئەو کێلەدا، یەکێک لەوبەر ڕادەوەستا و یەکێک لەمبەر ڕادەوەستا، یەکێک دەیبرد بەم بن کێلەدا، ئەو لێی وەردەگرت، ئاوا ئەو لە سەرەوە دەیدایەوە بەم، ئەمیش پێیدا دەکردەوە، ئەو حەوت جارە تەوژمێکی بای دروست دەکرد، من ئەوەم لەم دواییەدا پەیوەست کرد بەوەی ئێستا زانست دەیڵێ، ئەوەی کە تووشی تەنگەنەفەسی سینگ دەبێ، بیبە بە فڕۆکە، کە بۆشایی دەکەوێتە فڕۆکەکەوە، بۆی دەبێ بە چارەسەرێک، هێندێک جار من بیرم لەوە کردووەتەوە.

**ڕامان:** لە کاتی خەریک بوونت بە کەلەپوور و فۆلکلۆر بایەخت بە گژوگیای پزیشکی، یان پزیشکی میللی نەداوە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** پوورێکمان هەبوو خوشکی باوکم بوو، پوورە ڕەحمەی ناو بوو، داوودەرمانی کوردەوارییانەی دەگرتەوە، لە کەرکووکەوە، لە هەولێرەوە، لە گەرمیانەوە خەڵک دەهاتن بۆ لای پوورم، پارەی وەرنەدەگرت، چونکە خۆی دەوڵەمەند بوو، هەیبوو، داوای هیچ شتیشی لە خەڵک نەدەکرد، داوودەرمانی دەگرتەوە و لەناو شووشەی بچکۆلە بچکۆلەدا دایدەنا، خەڵک دەهاتن، دەیانبرد بۆ دەرمانی چاو، زۆر بەلامەوە سەیر بوو، لە گیا دەیگرتەوە، ئێستا نازانم لە چی گرتوویەتەوە، ئەمانە و گەلێک شتی لەمانە کە من بیستبووم و دەمبیستن لەو سەردەمی منداڵییەمەوە تا گەورەبوونم و گێڕانەوەی چیرۆکەکان، ئەمانە ڕایانکێشاوم بۆ مەسەلەی کەلەپوور و فۆلکلۆر.

**ڕامان:** یەکەم جار کەی بوو بایەخت بە کەلەپوور و فۆلکلۆردا؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بۆ یەکەم جار گۆڤاری "بڵێسە"م چاپ کرد، من خۆم پێشنیارم بۆ لقی سەندیکا کرد کە گۆڤارێک دەربکەین، خۆم سکرتێری گۆڤارەکە بووم، دکتۆر کەمال مەزهەر، دکتۆرە نەسرین فەخری، دکتۆر ئیحسان فوئاد و ئەمانە لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری "بڵێسە"دا بوون. عەبدوڵڵا شاڵی، نووری عەلی ئەمین و ئەمانە ئەندام بوون، ئەوان منیان هەڵبژارد بۆ سکرتێری گۆڤارەکە، سەرنووسەر نەبوو، سکرتێری گۆڤار هەبوو، لەگەڵ ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە، بۆچی ئەوان منیان هەڵبژارد؟ نازانم، بەڵام دیارە من چالاک بووم و دەورم هەبووە و کاریگەر بووم، ئینجا لە گۆڤاری بڵێسەدا بەشێکی تایبەتیم بە ناوی فۆلکلۆری

کوردی کردەوە، مانشێتم بۆ دروست کرد، مانشێتەکە هونەرمەند ئەنوەر توفی دروستی کرد.

**ڕامان:** هونەرمەند ئەنوەر توفی هاوڕێت بوو؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئەنوەر تووفی مامۆستایەک بوو، وێنەکیش بوو، لە سلێمانی دەوری خۆی هەبوو، لە ١٩٥٨، ١٩٥٩، ١٩٦٠دا لە سلێمانی بوو، ئەم پیاوە کە شانازی پێوە دەکرێت، لەشاری سلێمانی دا گەلێک دەوری هەبوو، لەگەڵ سەید موحسین، کە ئەو سەردەمە خۆشنووسی بەناوبانگی سلێمانی بوو، بەشی تایبەتیم کردووەتەوە و یەکەم جار و دووەم جار خۆم تێمدا نووسیوە، بەدوای مندا کەسانی تر هاتوون، خۆیان بابەتیان ناردووە و بڵاوم کردووەتەوە، لەوانە مامۆستایان عومەر عەبدولڕەحیم، جەمال نووری و کەسانێکی دیکەش، هەروەها هاتووم بەرهەمی کرمانجیی ژووروووم دۆزیوەتەوە و بڵاوم کردووەتەوە، بەرهەمی سنە و سابڵاغ و ئەم لاولام دۆزیوەتەوە و بڵاوم کردووەتەوە.

**ڕامان:** ئەی ڕۆڵی تۆ لە دامەزراندنی کۆمەڵەی فۆلکلۆر و کەلەپووری کوردی چی بوو؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکە، من یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی فۆلکلۆر و کەلەپووری کورد بووم، یەکێک بووم لەو هەشت نۆ کەسەی بیرۆکەی دروستکردنی کۆمەڵەی فۆلکلۆر و کەلەپووری کوردمان هێنایە گۆڕێ و دامانمەزراند و تا ئێستاش بەردەوامە، ئێستاش ئەندامی دەستەی کارگێڕیم لەوێ، ئینجا گۆڤاری کەلەپووری کوردمان دەرکرد، تا ئێستا ٢٣ ژمارەی لێ دەرچووە، بەڕێوەبەری نووسینی ئەو گۆڤارەشم.

**ڕامان:** لەو ٢٣ ژمارەیەدا کە تا ئێستا دەرچووە، تۆ چەند بەرهەمت بڵاوکردووەتەوە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** تەنیا لە یەک ژمارەدا بەرهەمم نییە، ئەگینا لە هەموویدا هەمە و جاری وایە دوو بەرهەمم هەیە، ئینجا فۆلکلۆری کورد پێوەندیی بە زانستی کوردەوارییەوە هەیە.

**ڕامان:** بیستوومە ئێستا خەریکی کتێبێکی زانستی لە بارەی ژمێرگەری کوردی؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ڕاستە، من ئێستا کتێبێکم هەیە، ئەگەر بتوانم تەواوی بکەم، لەسەر ژمێرگەریی کوردی، ئەمە زانستێکە لە چیاکان، بۆ نموونە، ژمێرگەریی کەلیخان، بازخ کە پەیوەستە بە ژمێرگەری ناوچەی گەرمیان و گەرمەسێرەوە، ژمێرگەریی عەلییە کۆسەی دۆڵپەموو، ژمێرگەریی بەلەکجاڕ و ژمێرگەری گڵەزەردە و ژمێرگەری گڕاو و گەلێک لەم شوێنانە، کە ئەمە بەڕاستی پێویستییەکە و دەبێ بایەخی پێ بدرێت، ئەمە پێوەندیی بە ڕووەکەوە هەیە، کەی دەڕوێنرێ؟ پێوەندیی بە شەو و ڕۆژەوە هەیە، پێوەندیی بە درێژیی شەو و ڕۆژەوە هەیە؛ بۆ نموونە، سەری چیاکەیان دەستنیشان کردووە، واتە وشەی وای تێدایە، تۆ لەسەر وشەکە سەرت سوور دەمێنێ، بەدوایدا دەڕۆی و دەڵێی دەبێ چی بێت. ڕاستییەکەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کورد بابەتێکە پێویستە ئەکادیمیای گەورەی بۆ دروست بکرێت، بەداخەوە کورد تا ئێستا بەو جۆرەی کە میللەتان، هەموویان تەواو کردووە، ئەو بۆ ئەو چیرۆک و داستان و ئەفسانە و بەزم و ڕەزمانەی کە لە کوردەواریدا هەیە نەیکردووە، خۆی ئەفسانە پێوەندیی بە زانستەوە هەیە، تەنانەت دەڵێ ئەفسانە سەرەداوەکانی هەموو زانستە بەراییەکانی تێدایە، ئەگەر بیدۆزییەوە.

**ڕامان:** لایەنێکی تریش کە جێ دەستی تۆی بەسەرەوە دیارە، بەشداربوونتە لەو لیژنانەی کە بۆ کتێبی قوتابخانەکان دانراون، یان وەرگێڕدراون، ٢١ هەوڵدانت لەو بوارەدا هەیە و لەو لیژنانەدا بەشداریت کردووە، ئەوەش لە سەردەمێکدا کە زۆر گرینگ بووە، بەتایبەتی کە کتێبی کوردی هاتووەتە پێشەوەو زمانی کوردی ڕەواجی پێ دراوە، پێم خۆشە لەو ڕووەشەوە قسەیەکمان بۆ بکەیت؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئەمەش مێژوویەکە بۆ کورد، لەو ڕووەوە یەک دوو هەڵوێست دەگێڕمەوە؛ من هەمیشە وەک ئەندامی زمان خراومەتەوە ئەو ٢١ هەوڵەوە، واتە کوردییەکەم، کوردی کتێبەکەم لەسەر بووە کە هەوڵی تێدا بدەم، بۆ نموونە شتێک دەگێڕمەوە، کە ئێمە چەندە تێیدا کۆڵاوین و کوڵاوین و ئارەقمان ڕشتووە و فرمێسکمان ڕشتووە بۆ ئەوەی کتێبی کوردی و وەرگێڕان بۆ زمانی کوردی و وەرگێڕانی زانست بۆ فێربوون و زانست بۆ زانست بە کوردی، کە ئێمە چەندە تێیدا ماندوو بووین.

**ڕامان:** دیارە لەو هەوڵانەتاندا زۆر بابەتی زانستیشی تێدایە، ڕام کردنی ئەو زمانە زانستییەش لە زمانی کوردیدا زۆر زەحمەتە.

**محەمەد ساڵح سەعید:** بەڵێ، هەموو زانستەکانی تێدا بووە، من لە سێی سەرەتاییەوە تێیدا بووم تا شەشی ئامادەیی. بۆ نموونە، (علم الحیوان)، لە شەشی ئامادەیی؛ (علم النبات)، لە پێنجی ئامادەیی؛ (العلوم)، لە چواری ئامادەیی و لە سێی ئامادەیی هەبوو.

**ڕامان:** ئەی بیرکاریشی تێدایە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بەڵێ، بیرکاریشی تێدایە، جگە لە کتێبەکانی زمان.

**ڕامان:** زۆر جار ڕەخنەیەکیشتان لێ دەگیرێ، هەرچەند لەو کاتانەدا منی تێدا نەبووم، بەڵام منداڵەکانمان، یان منداڵی کەسوکارمان دەیانوت ئەو کوردییە کە دەیخوێنینەوە بە باشی تێیناگەین.

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئەوە زۆر ڕاستە، ئینجا من ئێستا لەوەدا باسی سێ شت دەکەم، جارێ با ئەم ڕووداوە بگێڕمەوە، ساڵی ١٩٧٤ بۆ ١٩٧٥، ئێمە لیژنەیەکمان هەبوو، ڕووەکزانی بۆ پێنجی ئامادەیی، من و دوکتۆر جەمال فوئاد، برای کەمال فوئاد و عەبدوڵڵا ئیبراهیم سەڕاج بووین، لەو لیژنەیەدا لە سلێمانی ئەو سێ کەسە بووین، لەگەڵ سەرۆکی زانکۆ، سەرۆکی زانکۆ دوکتۆر حیکمەت زەنوون بوو، وتی من ببوورن، چونکە هیچ لەم بابەتە نازانم، بەڵام خستوومیانەتە ئەم لیژنەیەوە. کارم بەوە نییە، بەڵام ئەم سێیانەی دیکە هەرجارەی لە ماڵی یەکێکمان کۆ دەبووینەوە، جارێک لە ماڵی دوکتۆر جەمال فوئاد، جارێک لە ماڵی ئێمە و جارێک لە ماڵی عەبدوڵڵا ئیبراهیم سەڕاج، ئەوەندەم زانی شۆڕش ناردی بە دوای دوکتۆر جەمال فوئاددا، ساڵی ١٩٧٤، ١٩٧٥ شۆڕش دەستی پێ کردبووەوە، بە نامەی شۆڕش دەیاننارد بە دوای خەڵکدا، ناردیان بە دوای دوکتۆر جەمال فوئاددا، ئەوە دوکتۆر حیکمەت زەنوون وتی من ناتوانم هیچ بکەم، چونکە ئەو کوردییە نازانم کە بتوانم هاوکاریتان بکەم، دوای ئەو ناردیان بەدوای دوکتۆر جەمال فوئادیشدا بچێتە دەرەوە، هات پێی وتین، ئەوە ئیتر من لە سبەینێ زیاتر لەگەڵ ئێوە نابم، چونکە شۆڕش داوای کردووم، دەچمە دەرەوە، تازە شۆڕش دروست بووبووەوە، ئەوەندەم زانی بەدوای ئەودا، ناردیان بەدوای مامۆستا عەبدوڵڵا ئیبراهیم سەڕاج یشدا، ئەویش وتی ئەوە منیشی گرتەوە، دەبێ بڕۆم، وتمان خودا حافیزت بێ.

**ڕامان:** بۆ ڕایی کردنی کارەکان چەند کەس مانەوە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** یەکێکی دیکەشمان لەگەڵ بوو، ئەویش کوردیی نەدەزانی، ناوی تۆفیق شەفیق بەگ بوو، ئەویش وانەبێژ بوو، هی بەشی کشتوکاڵیش بوو، بەڵام کوردیی نەدەزانی، تەنیا زانستەکەی دەزانی، لەو کاتانەدا هەر جارەی لە ماڵێکمان کۆدەبووینەوە، جاری واهەبوو شەو دەبوو بە تەقە، جاری واهەبوو تا دوازدەی شەو و یازدەی شەو ئێمە دانیشتووین بۆ ئەوەی ئەو کتێبە بکەین بە کوردی و ڕایپەڕێنین، دەبوو بە تەقە، ئیتر لە ماڵەکە گیر دەبووین، ئەمە ڕۆیی، کە ئەم دووانە ڕۆیشتن، دەستێکم کەوتە ئەولا، دەستێکم کەوتە ئەملا، من دوو کەسی ترم لەگەڵدایە هیچ نازانن، ئەو مامۆستایە خەڵکی سلێمانییە، هەر خزمی دوکتۆر جەمال فوئادە، ئینجا چی بکەم باشە؟ فوئاد عیزەت لە تەنیشت منەوە بوو، مامۆستا فوئاد عیزەت، خۆیشی پسپۆڕی ئەو بابەتە بوو، وتم کاکە دەڵێی چی تۆ بێیتە لیژنەکەوە و لەگەڵماندا ئیش بکەی، بۆ ئەوەی ئەم کتێبە دەربکەین؟ وتی پێم خۆشە، مامۆستا فوئاد عیزەت خۆیشی بەشداریی لە کتێبەکانی تردا کردووە.

**ڕامان:** وا بزانم ئەو کارانە پێوەندییان بە بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی بەغداوە هەبوو؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بەڵێ، دوای ئەوە یەکسەر نووسینێکم نووسی و چووم بۆ بەغدا بۆ لای نووری عەلی ئەمین، کە ڕەفیقم بوو، مامۆستا نووری عەلی ئەمینی نووسەر، ئەوسا لە خوێندنی کوردی بوو، بەرپرسی ئەو بابەتانە بوو، لەوە پێشیش لێرە هەر لەگەڵماندا بوو، لە گۆڤاری (بڵێسە)شدا هەر لەگەڵمان بوو، وتم ئێمە ئەم وەزعەمان لێ قەوماوە، دووان لە لیژنەکەمان ڕۆیشتنە پاڵ شۆڕشەوە، ئەوە مامۆستا فوئاد عیزەت، لە تەنیشت منەوە پسپۆڕی هەمان بوارە، بەشکم لە لیژنەکە دایبنێین، یەکسەر وتی زۆر زۆر چاکە. وتم ئەندامێکی دیکەش ئەگەر دابنێین ئەوە مەمنوون دەبین، بۆ ئەوەی کتێبەکە ڕاپەڕێ. وتی خۆت و ئەو، دراوسێی یەکترین، دەتوانن کتێبەکە تەواو بکەن و تازە وازبێنە و بڕۆ بەرۆکمان بەردە.

**ڕامان:** بەڵام لە کاتی چاپکردنی کتێبەکان ناوی ئەوانەی ڕۆیشتنە دەرێ هەر ماوە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بەڵێ، مامۆستا نوری عەلی ئەمین وتی بەڵام ناوی مامۆستا عەبدوڵڵا فەرەج شاڵی و دوکتۆر جەمال فوئادیش، لەسەر کتێبەکە دەهێڵینەوە، چونکە ئەمە ڕەسمییاتە. وتم زۆر باشە، بیهێڵەرەوە. کتێبەکەمان ڕووەکزانیی پێنجی ئامادەیی، بەوپەڕی جوانی و ڕێکوپێکی تەواو کرد و هەستام بردمەوە بۆ بەغدا. ئەو کتێبە چاپ بوو، پارەی بۆ دەرچوو، ئێستاش لەبیرمە، پێم وابێ دەوری دوو سەد و شتێک پارەمان لەسەر وەرگرت، بەڵام ناوی دوکتۆر حیکمەت زەنوون و دوکتۆر جەمال فوئاد و عەبدوڵڵا فەرەج شاڵی مان لە پێش خۆمانەوە داناوە، ئەمە ڕاستگۆییە، لە سەرەتادا ڕێکەوتنێکمان هەبوو، کە ئەوانیش ساڵی ١٩٧٥ هاتنەوە، لە نسکۆی کورددا، کە ئەو پیلانە گەورە دژوارە دوژمنکارییە بەرانبەر بە کورد کرا، ئەوە بوو شۆڕش نسکۆی هێنا، ئێمە هەمووومان بە دەردی دەڵێ ناوجەرگمان هەڵتەکا، بەڕاستی بەو کارەساتەی کە نەتەوەکەمان تووشی بوو، خۆم لە دواییدا کە دوکتۆر جەمال فوئاد هاتەوە، وتم دوکتۆر بڕۆ پارەیەک لە خوێندنی کوردی هەیە، وەریگرە، پارەکە گرنگ نییە، بەڵام ناوەکە گرنگ بوو، مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەوان زۆر بە کەمی بەشدارییان تێدا کرد، هەر چەند کۆبوونەوەیەک بوو، کە شەڕ دەستی پێ کردەوە.

**ڕامان:** ئێستا کە بە چاوی ئەمڕۆ تەماشای ئەو کارانەی خۆتان دەکەن چۆنیان دەبینن؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئێمە دڵمان بە وەرگێڕانی ئەو کتێبانە خۆش بووە و ئێستاش شانازی پێوە دەکەین بەوەی کە ئێمە توانیومانە لە ڕەوتی گەشە و پەرەی خوێندن بە زمانی کوردی و کردنی زمانی کوردی بە ڕەسمیی دەورمان هەبووە. ئێمە هەر بەوەوە نەوەستاوین، زاراوەی پارێزگای سلێمانی مان دەرکرد، زاراوەی زانستیی کوردیمان دەرکردووە، بۆ ئەوەی بۆ هەموو بابەتە زانستییەکان ئەمە بۆ مامۆستاکان هاوکار بێ، کە ئەم وانەیە دەڵێنەوە، وەک سەرچاوەیەک بەدەستەوەیان بێ، کە لێرە وشەیەک دەبینن، کە ڕووەکزانی دەبینێ، کە گیانەوەرزانی دەبینێ. گیانەوەرزانیمان داناوە، بۆچی؟ ئاخر گیانەوەرزانی، تۆ بیری لێ بکەوە لەو پەیڤە، لەم زاراوەیە، زاراوەیەکی زۆر گرینگ و بایەخدارە، گیانەوەرزانی، واتە "علم الاحیاء"، ڕووەکزانی، یانی "علم النبات"، هەرچەندە لەسەرەتادا دۆزینەوەی ئەم پەیڤانە نامۆ بوو، تا گرفتیش بوو بە لای مامۆستاکانەوە، لەبەر ئەوە پێشنیارمان کرد، خولی زمانی کوردی بۆ مامۆستایان بکرێتەوە، ئەوە بوو ئەو کاریگەرییەمان هەبوو، زاراوەی زانستی کوردیمان وەک کتێبێک، سەندیکای مامۆستایانی سلێمانی، کە من حەوت کتێبم لێرە دەرکردووە، غەیری یازدە ژمارەی بڵێسە، کە ئەوە بەسەرپەرشتیی من بووە، بە ڕێنمایی و هانەهانەی من بووە.

**ڕامان:** ئەوە گرینگ بوو، ئەی کتێبی سەرنجێک لە دەروازەی فۆلکلۆری کورد، یان چیرۆکی ئاشتی، ئەوەی بۆ منداڵانە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئەوەش هەر ئێمە کردوومانە، لیژنەیەکمان پێکهێنا، ئەوە من و مامۆستا نووری عەلی ئەمین کردوومانە و وێنەکانیشی مامۆستا ئەنوەر توفی کێشاویەتی. ئەی سروود بۆ قوتابیان؟ هەڵبژاردە لە سروودی جوانی شاعیرە مەزنەکانی کورد، هەموو ئەوانەمان کردووە، کە تۆ لێم دەپرسی ئەوە بۆچی هەر فلان شتت نەکردووە، بزانە هۆکاری ئەم نەکردن و کردنە، سەیر بکە چەندە گرینگ و چەندە بایەخدارە لای ئێمە، لای من کە ویستوومە چۆن دەڵێ، دە بڕۆ دەی کار بکە، ئەم لایەنە پێویستی بە تۆیە، ئەم لایەنە پێویستی بەم بەرهەمەیە، ئەوەش هۆکاری هەتەریی (حرص) نەتەوەپەروەری و ئازادیپەروەری و ئاشتیپەروەرییە. هەر ئەم هەتەرییەی مرۆڤی کوردە کە نەیهێشتووە کورد بفەوتێ، ئەگینا ئەو هەموو دەسەڵاتە داگیرکارییە دڕندانەیەی لە زەمانە کۆنەکان و لە ئیمپراتۆرییەتی فارسی و عوسمانی و ئیسلامگەرایی و ئایینگەراییەکانی تریش، بەقەد ئیسلامگەرایی دژایەتییان لەگەڵ نەتەوایەتیی کورددا کردووە.

**ڕامان:** بۆچی بابەتەکانت نەچوونەتەوە بۆ ناو مێژوو و ئایینە دێرینەکانی کورد؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** من بەم بۆنەیەوە لە گۆڤاری "وەشت"دا بابەتێکم هەیە، بە مێژوونووسەکان دەڵێم، بگەڕێن بۆ تیرە و نەوەی کورد لە ئایینەکانی دیکەدا، کە کراون بە یەکێک لەو ئایینانە، کە بووە بە جوولەکە، نەبووە بە میللەتی جوولەکە، هەر کوردە، بەڵام ئایینی جوولەکەی هەڵگرتووە، یەکێک بووە بە ئاشووری،

یەکێک بووە بە کلدانی، یەکێک بووە بە مەسیحی، یەکێک بووە بە ئیسلام، ئیتر نەبووە بە عەرەب و نەبووە بە ئەورووپی و نەبووە بە حاموورابی و نەبووە بە نازانم کێ و کێ، ئەمانە کوردن، ئەم کوردانە پێویستە بدۆزرێنەوە، ببووژێنەوە و بخرێنەوە ناو مێژوو، ئەوە بە لای منەوە شتێکی زۆر گەورەیە.

**ڕامان:** بێجگە لە نووسینەکانی خۆت، وەک هاوبەشێک، یان بەشداریێک لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستاندا، لە زۆریاندا بەشداریت کردووە و نووسیوتە، وەک گزنگ، چیا، نووسەری کورد، نووسەری نوێ، دەنگی مامۆستا، ئاسۆی زانکۆیی، پەروەردە و زانست، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، گۆڤاری ئەزمەڕ، گۆڤاری کەلیخان، گۆڤاری ڕامان، گۆڤاری هەزارمێرد، هاواری کەرکووک، ئەکادیمیای زانکۆی سلێمانی، کوردۆلۆجی، گەلاوێژی نوێ، تۆ وەک ڕۆژنامەنووس لە کۆمەڵێک گۆڤار و بڵاوکراوەدا کارت کردووە، لەناو ئەوانەدا گۆڤاری گزینگ، گۆڤاری چیا، گۆڤاری بلێسە، گۆڤاری سەندیکای مامۆستایان، گۆڤاری دەنگی مامۆستا، گۆڤاری وەشت، گۆڤاری کەلەپووری کورد، یان لە هەشت گۆڤار و بڵاوکراوەدا کارت کردووە، ئینجا چ وەک سکرتێری نووسین، چ وەک دەستەی نووسەران، زیاتر لە نیوەیان گۆڤاری پیشەیین، ئەوانە بایەخیان بە پەروەردە و فێرکردن و توێژی مامۆستا داوە، بەشێکیشیان گۆڤاری ئەدەبی بوون، وەک گۆڤاری بلێسە و گۆڤاری تر، پێم خۆشە باسێکی ئەو ئەزموونەی خۆتمان بۆ بکەی، ئەزموونی کاری ڕۆژنامەوانیت لەو گۆڤارانەدا، جیاوازیی نێوان ئەو گۆڤارەی کە پیشەییە لەگەڵ ئەوەی کە ئەدەبییە، تا چ ڕادەیەکە، تۆ زیاتر چێژت لە کامیان وەرگرتووە، یان توانیوتە چ ڕێبازێک لە کاری خۆتدا بگریتە بەر ؟

**محەمەد سەعید ساڵح:** من ئێستاش شتێک بە بیرمدا دێتەوە، کە وەک مێژووە لە ژیانی مندا، دەمەوێ شانازی پێوە بکەم، ئەویش ئەوەیە کە مامۆستا حەمە نووری تۆفیق، مامۆستایەک بوو لە یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، بەتایبەتی هاتە لام و وتی، هاتووم بۆ لات و داوای ئەوەت لێ دەکەم بێی لە گۆڤاری دەنگی مامۆستایان لە دەستەی نووسەراندا، لەگەڵمان ئیش بکەی. من دوو جۆر شانازیم بەوەوە کردووە، شانازیی نەتەوەیی و مامۆستایەتی و شانازیی بەشداربوون لە گەشەی زمانی کوردیدا. ئەمانەی کە من کردوومە بە ئەوپەڕی پێخۆشبوونەوە کردوومە.

**ڕامان:** لە بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژدا وەک دەستەی کارگێڕی کارت کردووە، ئەمەیان چۆن بووە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ کە دروست بووە، من لە کۆبوونەوەکەدا کە بۆ ئەمە گیراوە دانیشتووم، وتوویانە تۆ دەستنیشان دەکەین بۆ دەستەی کارگێڕی، من بەرپەرچم نەداوەتەوە، کە لەگەڵ ئەو ڕێبازەشدا نەبووم، بۆچی؟ بۆ ئەوەی خزمەت بکەم و لەوێ بووم بە بەڕێوەبەری کارگێڕیی ئەو دەستەیە، ئەوەندەی لەوێدا کارم کردووە، بەوپەڕی سەربەرزی و هەڵوێستی جوان بەرانبەر بە هەموو بابەتەکان، تا هەڵبژاردنی داهاتوو کە هەڵنەبژێردراومەتەوە، بەڵام هەر لەگەڵیاندا بووم، وتوومە ئەمە کارێکی ڕۆشنبیرییە، گۆڤاریان هەیە، چالاکیی ڕۆشنبیرییان هەیە، قەیناکا لەوانەیە هەبێ لەوێ منی نەوێت، لەوانەیە هەبێ لەوێ منی خۆش نەوێت، بەڵام ئەمە دەروازەیەکی نەتەوەییە کە تێیدام، لەبەر ئەوە هەر بەرەو ڕووی دەچم، من ئەو بیروبۆچوونەم هەبووە.

**ڕامان:** کارکردنت لە یەکێتیی مامۆستایان و گۆڤارەکەیان دەنگی مامۆستا، یان گۆڤاری ئەزمەڕ هەر لەو قەناعەتەوە بووە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئێمە کاتی خۆی کە سەندیکای مامۆستایانمان دروست کرد، لە دواییدا هاتنە لام، کە محەمەد نووری تۆفیق هاتووە بۆ لام و داوای ئەوەم لێ دەکات لە گۆڤاری (دەنگی مامۆستایان)دا ئیش بکەم. بەدوای ئەوەشدا دووجاری دیکە، دەنگی مامۆستا دروست بووەوە، ئەزمەڕ دروست بووەوە، کە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، کە هاتوون بۆ لام، یەکسەر بڕیارم داوە و ئیشم لەگەڵدا کردوون. لەوانەیە دوای ڕاپەڕین باسی هێندێکیان نەکرابێ، بەڵام یەکسەر لەگەڵیاندا بووم و ئیشم هەبووە، تەنانەت بەو هەڵوێستە جوانانە هەست دەکەم لایەنە فکرییەکان، کە من لەگەڵیاندا نیم، هەر ڕێزێکی تایبەتی بۆ من دادەنێن، لەبەر ئەوەی کە من هەمیشە لەگەڵ هەموو چالاکییەکانی ئەواندا بووم و هەمیشە شانازیم کردووە کە لەگەڵیاندا بم، ئەمە کارێک بووە کە من کردوومە، بە ئەرکی نەتەوەییم زانیوە، بۆیە ئەمانەم کردووە.

**رامان:** وەڵامی ئەوەت نەدامەوە، زیاتر چێژت لە لایەنە ئەدەبییەکەی ڕۆژنامەنووسیی وەرگرتووە، یان پیشەییەکە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** من زیاتر چێژم لە ئەدەب و زمانەکە وەرگرتووە، زیاتر زمانەکە بووە کە هانی داوم لەگەڵیاندا بمێنمەوە. بۆ نموونە، دەنگی مامۆستا کە دەیخوێنیتەوە، بابەتەکانم دوو جۆرە، ئەدەبیی تێدایە، فۆلکلۆریشی تێدایە، بەڵام زۆربەی جار زمانیشی تێدایە، واتە ئەمانە هاندەرێک بوون بۆ بەردەوامیی نەتەوەپەروەریی من. ئەگینا شتێک هەیە حەز دەکەی با بیگێڕمەوە، لە پێشدا سەندیکای مامۆستایان هەبوو، خۆت دەزانی لەدوای ئەوەی سەندیکای مامۆستایان نەما، پارتی دیموکراتی کوردستان یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانی دامەزراند، برادەرێکی پارتی هاتە لای من وتی، دەمانەوێ بێیتە ڕیزی دامەزرێنەرانی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانەوە، من زۆرم پێ خۆش بوو بچم، بەڵام وەڵامی ئەو برایەم دایەوە و وتم ناتوانم. وتی بۆچی؟ ئەو کاتە من ڕاستەوخۆ لە کاری شیوعییەتی بەردەوام بووم و حزبایەتیم دەکرد، وتم چونکە ئەمە دامەزراندنەکەی دامەزراندنێکی حزبیی ڕووتە، وتی ئاخر ئەمە بۆ مامۆستایانە، وتم نا ئاخر تەنیا پارتی دایمەزراندووە، خۆ سەندیکای مامۆستایان، ئێمە لەگەڵ پارتی وەک بەرە، بەرەمان هەبوو، بەیەکەوە کردوومانە، دەترسم سبەینێ کارێکی وا بێتە پێشەوە، کە من بە هەڵوێست تێیدا ناشایستە بم، لەبەر ئەوە وتم ببوورە، بەڵام ئامادەی هەموو کارێکم، کە بە هەموو جۆرێک لەگەڵتاندا بیکەم.

**رامان:** گۆڤاری بڵێسە، کە لە ساڵی ١٩٥٩ و ١٩٦٠ دەرچووە، لەگەڵ گۆڤاری وەشت، کە گۆڤارێکی وەرزییە و زیاتر ڕۆشنبیری و مێژووییە، ئێوە ئەوسا و ئێستا بەرهەمەکانتان چۆن کۆ دەکردەوە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** زۆر جار خۆم پێوەندیم دەکرد. بۆ نموونە، پێوەندیم کردووە بە مامۆستایان: شاکر فەتاح، عەلائەددین سەجادی و بە مامۆستایانی دیکەی وەک ئەم بەڕێزانە، خۆم پێوەندیم بە نووسەرەکانەوە دەکرد و دەموت مامۆستا گیان، شانازیتان پێوە دەکەین، کە بەرهەممان بۆ بنێرن؛ پێوەندیی کردن بە دەمی، هێندێک جاریش بە نووسین. بۆ "وەشت"یش هەر هەمان ڕێباز بەکار دێنم، بە تەلەفۆن، بە بینین، هەرچەندە ئەم گۆڤارە پارەش بە کەس نادا. چەندان نووسەریش پێیان وتووم، حەز دەکەین لە (وەشت)دا بەشدار بین، بەڵام ئێمە دەمانەوێ پارە وەربگرین، ئەو لایەنەی پارەمان نەداتێ، ئێمە بەرهەمی بۆ نانێرین، واتە چەندان کەس بەم جۆرە خۆیان بە گۆڤارێکی باشی دەزانن، بۆیە داوای ئەمە لە من دەکەن، کە بۆچی بە فلان ناڵێی پارەیەک بۆ ئەمانە تەرخان بکات؟ پێیان دەڵێم ئەو گۆڤارە، گۆڤارێکی خۆبەخشە، گۆڤارێکی سەربەخۆیە، کابرای خاوەنی، کە چاپخانەی بابانە، لەسەر حیسابی خۆی دەریدەکات، ئەوەتا هێندێک جار دوا دەکەوێ، لەبەر ئەوەی لەوانەیە توانایییە داراییەکەیان نەبێ. پێم وتوون با پێوەندی بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بکەین بۆ ئەوەی پارەیەک بۆ ئەم گۆڤارەش تەرخان بکرێت، چونکە سەرکەوتووە، ئەوان دەڵێن ئێمە حەز دەکەین، خۆمان لەسەر ئەرکی خۆمان چاپی بکەین، لەبەر ئەوە بەم جۆرە بووە و کەسەکان، ئەوانەی بابەت دەنێرن، هەموویان خۆبەخش دەینێرن و بە ویستی خۆیانە.

**رامان:** جیاوازییەک لە نێوان شێوەی کارکردنی ساڵی ١٩٥٩ - ١٩٦٠ لەگەڵ ئەوەی گۆڤاری وەشت بەدی بکەی، کە لەم ساڵانەدا کارت تێدا کردووە چییە؟ وەک خۆت کە لە هەردووکیاندا کارت کردووە، جیاوازییەکە لە چیدا دەبینی؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئێستا کەم کەسی وەک من و تۆ ماون، کە دەیانەوێ کەسایەتیی خۆیان بنوێننەوە، لەبەر ئەوە دێن لە لای ئێمە، بە باوەڕی من لەپێشدا بە شایستەیی گۆڤارەکە، لەدوای ئەوە بە شایستەیی ئەو کەسانەی لێرەدا ئیش دەکەن، بە خۆشەویستی خۆم و پێوەندیی ئاسایی و خۆشەویستانەی خۆم لەگەڵ هەموو ئینسانێکدا و لەگەڵ هەموو کەسێکدا، من ئێستا زۆر ئاسوودەم بەوەی کە بیر دەکەمەوە، بیر لەوە ناکەمەوە، بڵێم گرفتێکم لەگەڵ فلان حزبدا هەیە، هەرچەندە جاری وا هەبووە حزبێک ویستوویەتی تووشی کارەساتێکیشم بکات، تووشی گیروگرفتێکیشم بکات، بەڵام من زۆر ئاسایی بە ڕووە خۆشە گەشەکەمەوە هەڵسوکەوتم لەگەڵ بەرپرسە خراپەکەش کردووە، کە ویستوویەتی گوێمان ڕابکێشێ، لەو هەڵوێستەشدا هەر پێکەنیوم، وتوومە من کوردێکی دڵسۆزم، بەڵام بیری تۆ ئەمەیانە و بیری من ئەمەیانە، بەو جۆرە هێناومە و کەسەکانی ناو ئەو گۆڤارە لەو جۆرەی من و تۆن، کە چاوچوونیان (طمع) نییە و

زیاتر دەیانەوێ خزمەت بکەن و هێندێکیشیان دەیانەوێ کەسایەتی خۆیان بسەلمێنن.

**ڕامان:** تۆ لە ئەرکی مامۆستایەتی، تا بووی بە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی چەندان قۆناغت بڕیوە و ساڵانێک کارت کردووە و بەڕێوەبەریی قوتابخانەییشت کردووە، لەم ئەرکانەدا هەستت کردووە، غەدرت لە کەس کردبێت؟

**محەمەد سالح سەعید:** زۆر سپاسی ئەم پرسیارەت دەکەم، من مامۆستا بووم، یاریدەر بووم، بەڕێوەبەر بووم، سەرپەرشتی پەروەردەیی بووم، بەڕێوەبەری کارگێڕیی سەر بە زانکۆی سلێمانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی بووم، بە گرێبەست بەرپرسی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی بووم، بە تەلەڤزیۆن و بە ئیستگەکەی و بە کاری دیکەوە، دە ساڵ مامۆستا بووم، دە ساڵ بەڕێوەبەر بووم، دە ساڵ سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بووم، کەسێکی چالاکی دڵسۆزی کارای لەسەرخۆی وەرگری ناهەڵەشە بووم، بۆ زانست و زانیارییەکە بەو شێوازە نەرمە هەوڵم داوە، کە ئەرکی کوردایەتی لە نووسین و خوێندندا بۆ منداڵی کورد دابین بکەم، ئەوەی پێویست بێ داوام کردووە کە بکرێت، بەڵام بە ڕەقی نا، چوومەتە لادێکان بۆ لای مامۆستا، لەوێ نەبووە، لە دواییدا هاتووە بۆ لام سوپاسم داوەتێ، وتوویەتی من لە فلان شوێن بووم، فلان شتم کردووە.

**ڕامان:** لە ساڵانی هەشتاکاندا من جارێک دەچوومە گوندی تەلان کە بەرانبەر گوندی قەمچووغەیە، دیارە دەمویست بە پێیان سەرکەوم، گەنج بووم، سەرکەوتم، تۆ لە چایخانەکە لە بناری بەرزاییەکەی تەلان دانیشتی، لەناو ئۆتۆمبێلەکەشدا بەیەکەوە بووین، ئیتر لە چایخانەکە بە یەکێکت وت با مامۆستایانی ئەو گوندە بێنە خوارەوە ئیشم پێیانە، من ئەوەیانم لەبیرە لە چایخانەکەی تەلان، ئیتر تۆ نەچوویتە ناو گوندەکەوە، چونکە سەرکەوتنەکەی سەخت بوو، وتت با مامۆستایەکان بێنە ئێرە ئیشم پێیانە، ئیتر من خوداحافیزیم لێ کردی و ڕۆیشتم.

**محەمەد سالح سەعید:** دەزانی چۆنە، ئەوە من بۆ سەرپەرشتیی نەچووبووم بۆ لای ئەوان، مامۆستایەکی بادینانی لێ بوو، ئەمری گرتنی بۆ دەرچووبوو، بیستبووم بەدوایدا دەهاتن، من ئەو ناردنەم بۆ ئەوە بووە، ئەوە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەبوو بەوەی کە ئەو ئینسانە ڕزگار بکەم و لەوێ نەمێنێ، دوایش بوو بە پێشمەرگە، وەک لەبیرم بێ، هاتە دێی باقڵان، هەر لەو ناوچەی باقڵانە، لە کانی وەتمان، ئیتر ئەو دێیە نزیکی کانی وەتمانە، دوایی جارێکی دیکە چوومەوە، لەوێش بینیمەوە، ئەوکاتە بەکاری سەرپەرشتیاریی چووبوومە ئەو ناوە، ئەو مامۆستایە هات بۆ لام، وتم تۆ چۆن هاتووی بۆ لام، ئەوە قوتابخانەکە لەناو شاردایە و ئەوە لێرە عەسکەری لێیە؟ وتی خەمت نەبێ، بەم ڕۆژگارە لەگەڵ عەسکەرە عەرەبەکاندایین.

**ڕامان:** لە دوای ڕاپەڕین، لە چالاکییەکی ئەنستیتۆی کەلەپووری کورد، یان لە بۆنەیەکدا کرابووی بە سەرۆکی لیژنەی هەڵبژاردنی جوانترین جلی کوردی، بەڵام لە ساڵانی زوو، لە هەشتاکاندا مامۆستایەکت سزا داوە، لەسەر ئەوەی بە جلی کوردییەوە دەرسی وتووەتەوە، دەمێک بوو دەمویست ئەو گلەییەت لێ بکەم، پاساوت بۆ ئەم کارەتان چییە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** شتی وا نییە، دوو جۆرە پەڕەی لێکۆڵینەوەم هەیە بەرەسمی لە لیژنەی لێپرسینەوە، ئامادەم هەر دووکیتان بدەمێ، کە دەیسەلمێنێ ئەو وتەیە زۆر دوورە لە ڕاستییەوە. من ئامادەم بەو کاغەزانە بۆتانی بسەلمێنم، چونکە هەڵمگرتوون و ماومن، من لە هێندێک شتدا قایمکارم و یەک جار گلەییەکم لە لای یەک مامۆستا کردووە، لەسەر ئەو بابەتە کە ئەو بە منی وتووە نەزانە، لەوە پێش ناوم نەبرد، من دوو سەعات و نیو خەریک بووم لەگەڵ دوو کەسی دیکەدا کە لەگەڵم لە لیژنەکەدا بوون، بەڵام من خۆم بە تەنیا خەریک بووم، لەبەر ئەوەی ئەو نووسەرێک بووە، تا وایان لێ بکەم لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەدا ئەو گرفتەیان نەمێنێ، ئەو گرفتە تایبەتییەی کە هەیانبووە، من باسی ناکەم چییە، بەڵام دوو جۆرە پەڕە کاغەزم هەیە، کە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ، کە ئەوکەسەی ئەوەی وتووە وانییە، هەر ئەوەندە دەڵێم.

**ڕامان:** نامیلکەیەکت هەیە سەبارەت بە زانای گەورەی کورد، شێخ محەمەدی خاڵ، لەوە دەچێ لە نزیکەوە برادەرایەتیتان لەگەڵ یەکدیدا هەبووبێ، ئەو کەسایەتییە چۆن دەبینی؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بیرەوەرییەکانی من لەگەڵ شێخ محەمەدی خاڵ دوو شتە؛ یەکەم ویستی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورد، جگە لەوە چەند جارێک چووم بۆ لای و گوێی لە من بووە کە قسەم کردووە. لەپێشدا

من وەرگربووم، کە گوێی لە من بووە قسەم کردووە، هەڵبەتە منی بە جۆرێکی تایبەتی بینیوە، هەر لەبەر ئەوەش، ئەو و شاکر فەتاح، ئەو دوو کەسە بوون، کە منیان دەستنیشان کرد تا ببم بە سکرتێری دەستەی ئامادەکەر و ئامادەکاری یەکەم دەستەی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە سلێمانی. پێش هەڵبژاردن و پێش دامەزراندنی کۆنگرەی مامۆستایانی کورد، کە عەرزی تۆم کرد و وتم مستەفا ساڵح کەریم لەبیری نەبووە، چونکە وەنەبێ لەو دەستەیەدا نەبووبێ، نەک ئاگای لێ نەبوو، بۆیە ئەو نووسینەشم سەرچاوەی ئەو وتارەیە، بەڵام هەڵیاننەبژارد، چونکە من ئەو وشانەم تێدا دەستنیشان کردبوو کە مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ چەند جارێک لە نووسیندا باسی کەرکوکی کردووە، کەرکووک وەک شارێکی کوردستانی، منیش بەتایبەتی ئەوەم هەڵبژاردبوو و لەو سەردەمەشدا ئەمە بقە بوو، لەبەر ئەوە نەیانهێشت ئەمە بخوێنمەوە و دواییش بە نامیلکەیەک ئەمە و هێندێک شتم بڵاو کردبووەوە. من لایەنی سەرپەرشتی پەروەردەییم لەگەڵ مامۆستایاندا زۆرە، ئەگەر بە باشی دەزانی با چەند شتێک لەوانەت بۆ باس بکەم.

**ڕامان:** پێویست ناکات، ئەوە هەڵگرە بۆ ناو بیرەوەرییەکانی خۆت.. دوای ئەزموونێکی زۆرت لە بواری نووسین و ئەدەبیاتدا، پێناسەی تۆ بۆ ئەدەب چییە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئەدەب دەربڕینی ژیان و تۆماری هیواخوازییەکان و ڕۆشناییکردنەوەیە وەک بەرنامە و کاریگەری بەردەمی ئەو نووسەرەدا.

**ڕامان:** ئەوە پێناسەی کۆن و ئێستاتە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** پێناسەی کۆن جیا بووە، بە پێناسەی کۆن، ئەدەب ڕەوانبێژییە، ئەدەب پەخشانە، ئەدەب دەربڕینی زمانی قورس و وشەی قەبە و شتی وایە، کە سەرسامیی خەڵک بورووژێنێ، بەڵام کە ئەدەب بۆ میللەت و نەتەوە بێ، تەواوی ڕێباز و دەربڕین و بیرکردنەوە و سۆزدارییەکانی کاریگەری دێتە ناو.

**ڕامان:** ئەی بە لای تۆوە ئەدیبێکی کورد، بە چی لە ئەدیبێکی فارس، یان عەرەب، یان تورک جیا دەکرێتەوە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئەدیبی کورد، واتە مرۆڤی کورد، مرۆڤی کورد کە بیر لە ئەدیبێکی فارس، عەرەب، تورک، یان هەر نەتەوەیەکی دیکە دەکاتەوە، یەکسەر خۆی بیر دەکەوێتەوە، کە دەبێ ئەدیب بێ بۆ ئەم نەتەوەیە، لەبەر ئەوەیە کە ئەم نەتەوەی کوردە لە هەموو جیهاندا یەکەم نەتەوەیە تا ئێستا مافی ڕەوای خۆی، یان نیمچە مافێکی سروشتیی ڕێکوپێکی گونجاوی بێ پاڵەپەستۆی بۆ دابین نەبووە. ئەوەی کە ئێستاش دەیبینین لەم حکومەتە ناشایستانەی ئێراق، کە دوابەدوای یەکدا دێنە کایەوە، لە مالیکی یەوە بۆ ئەوانەی پێش مالیکی و بۆ ئەوانەی ئێستا وەک عەبادی، یەکسەر هەست بە گرفتی نەتەوە دەکەین، لەبەر ئەوە ئەدیبی عەرەبیش بەم جۆرەن، لەم دواییانەدا ئەدیبێکی عەرەبی سوننەم لە یەکێتیی نووسەرانی سلێمانی بینی، باسی ئەوەی کرد، گۆیا ئەدیبەکانی ئەوان بێن لەگەڵ ئەدیبی کورددا چالاکی بکەن، ڕووم تێ کرد و وتم برای بەڕێز، پرسیارێکت لێ دەکەم، من سەردەمانێک لە عەمارە و ناسرییە بووم، لە بەغدا بووم، ئەدیبی عەرەب باسی کوردی دەکرد، ئەی تۆ ئێستا چەند ساڵە، هەر لە سی ساڵ لەمەوپێشەوە، بۆ یەک جاریش بیرت لە میللەتی کورد و ئەدەبی کورد و ئەدیبی کورد کردووەتەوە؟ ئێستا ناچاری بە ڕاکردوویی هاتووی لە ناو شاری سلێمانی دا ئەم قسەیە دەکەی؟ پێکەنی و وتی نە بەخودا، لەبەر ئەوە من کە دێمە سەر ئەدیبی کورد، ئەدیبی کورد بە پێشکەوتووتر دەزانم، بەتایبەتی لە ئەدیبی عەرەبی ئێستا.

**ڕامان:** تۆ لە ژیانی خۆتدا هاوڕێیەتیت لەگەڵ ئەدیبان و نووسەرانی زۆر هەبووە، ئەوەی کە لێتەوە نزیک بووە، لەو ئەدیب و نووسەرانە، ناوەکەیان بڵێ و لەپاش ئەویشدا ئەگەر یەک و دوو بیرەوەریت لەگەڵ هێندێکیان هەیە بۆمانی بگێڕەوە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** من هەموو ئەدیبەکانی شاری سلێمانی و ئەوانەی ناسیومن، هی هەولێر و دهۆک و هی هەموو لایەنەکانی دیکەش، هەمووی وەک کەس و خۆشەویست و دڵسۆز و هاوڕێی خۆمم بینیوە. نازانم بۆ هەوڵم نەداوە کێبڕکێ، یان پێشبڕکێ، یان جۆرە هەوڵێکی تایبەتی بۆ جۆرە بیرکردنەوەیەکی ناشایستە بەرانبەر بە کەسیان بکەم، بە دەست خۆم نەبووە، من وا بووم، بەڵام گەلێکیانم بینیوە، بۆ نموونە، محەمەد مەولوود مەم ی چیرۆکنووس لە هەولێر ناسیومە، هەر بە ڕۆح ناسیومە، لە نووسینەکانیدا، لە دێڕی چیرۆکەکانیدا، کە ناردوویەتی بۆ گۆڤاری بڵێسە و بۆم

بڵاوکردووەتەوە، ئێستاش شانازییەکە لای من. بۆ نموونە، کەریم مستەفا شارەزا، ئەحمەد دڵزار، هەردی، گۆران و دەتوانم بڵێم هەموو نووسەرەکان، ئەوانەی سلێمانی هەر هەموویان، بەڵام هەیە نزیکترە، بۆ نموونە، حەمە نووری تۆفیق، مستەفا ساڵح کەریم، ئازاد بەرزنجی، شێرکۆ بێکەس، ڕەئووف بێگەرد، حسێن عارف و هەر هەموو ئەوانەی دیکە، من ئێستا ناتوانم ناوی هەموویان ببەم، چونکە هەموویان بەڕێزن لەلام، هەموویان خۆشەویستن، نەریتی من وابووە، پێوەندییەکی ئاسایی هێور و هێمنم لەگەڵ هەموویاندا هەبووە، نەچوومەتە کایەی ڕاستەوخۆی وەک چۆن دەڵێ پێکەوە ژیانی هەمیشە بینین لەگەڵ کەسیاندا، ئەمەش ئەوە ناگەینێ کە من لاتەریک بووبم، لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی ڕۆشنبیریی هەموو حزبەکان و هەموو لایەنەکان و هەموو دامودەستگاکاندا، من ئامادەم و ئەمادە دەبم و ئامادەش بووم، کە تێیدا بووبم، بەڵام لەگەڵ گۆران، ڕێز و خۆشەویستی و گەورەیی ئەو لەلای من تایبەتە، ئینجا بەدوای ئەودا، ئەحمەد هەردی، پێوەندییەکی تایبەتی مامۆستایەتی نا، سەردەمانێک پێوەندییەکی تایبەتی حزبیشم لەگەڵ ئەودا هەبووە. هەرچۆن گۆران، کە دەرکراو بووە، دوورخراو بووە، من چووم بۆ ماڵەوە بۆ لای، بۆ کاری تایبەتی هێنان و بردنی نووسین بۆ بڵاوکراوەکان، ئەوانی دیکەش بە هەمان شێوە، بۆ نموونە، عەین.عەین. شەونم، دوکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، ئەوە هەر هاوڕێی دێرینی حزبایەتی و ژیان و مامۆستایەتی و دەتوانم بڵێم هەموو شتێک بووین لەگەڵ یەکتردا.

**ڕامان:** تۆ پێشتر و وا دیارە ئێستاش هەر شیعرت نووسیوە، تێگەیشتن و پێناسەت بۆ شاعیر چییە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بە بیرکردنەوەی من هۆنینەوە کردەی دەرفرتەی تەوژمی ناخێکی هەژاوە لە کەسێکی خاوەن بەهرە و هەست ناسکدا، ئەوەش لە ئەنجامی کاریگەریی جۆراوجۆری بزوێنەردا ئەو کەسە وەک بلیمەتیی داهێنانێک دەیکاتە خولیا و لە تێکەڵەی ئەندێشە و سۆز، گوشینی مێشک و ژیریی خۆیاندا دەیکەنە بەزمێکی هەڵپەرکێ ئامێزی لەرەی چەپڵەژەن و دەریدەبڕن.

**ڕامان:** ئەی چۆن لە شیعر تێدەگەیت و لە چ ڕوانگەیەکەوە دەتنووسی و (ئێستا دەینووسی)؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بە باوەڕی من نموونەی ساکاری ئەو دەرئەنجامە لە کەسە خۆشخوانە میللییەکاندا (بە هەموو جۆرەکانی چیرۆکخوان، بەیتبێژی فۆلکلۆری و شایەرە زرنگ و زیتەکاندا دەبینرێتەوە کە لە بۆنەو دەرفەتە خۆشەکاندا کاریگەریی تەواویان لە بار و بوار و هەڵوێستەی کۆمەڵگەدا دیار و ئاشکرایە، بەڵام ئەویان بە شێوازێکی تری باڵای هونەریی. هۆنەرە بەهرەدارەکانیش هەیانە دەیکەنە نەریتی تیادا کولاوی ئەوتۆ کە شەو و ڕۆژی ژیانی خۆی پێوە دەبەستێتەوە، هەشیانە کەمتر، لەوانەش تیایاندایە هۆنینەوەکانی بە کەسایەتیی خۆیەوە دەبەستێتەوە و هۆنراوەکەی دەکاتە تێکەڵەو پەیڤەکانی و خۆی پێ دەسەلمێنێت.

**ڕامان:** بێجگە لە ناوی خۆت، لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بە چەند ناو و نازناوی دیکە نووسیوتە و بەرهەمەکانی خۆتت بڵاوکردووەتەوە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** لە گۆڤاری بڵێسە و چیا و گزنگ و وەشت و هەتاو و کەلەپووری کورد و ڕۆژنامەی ژین دا بەو ناو و نازناوانە نووسیومە: ئارێف، هێمن، ئاراس، باوکی ئاراس، م، م. ص، م. ص. س، ساڵح سەعید.

**ڕامان:** کەلەپوور و فۆلکلۆر چەند ڕەنگدانەوەیان لەناو نۆڤلێت و ڕۆمانەکانتدا هەبووە؟ چۆن سات و سەواو مامەڵەت لەگەڵ کەلەپوور کردووە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ڕاستییەکەی ئەو سەردەمە هەر لە گوندەکانەوە، من سەرنجم بۆ فۆلکلۆر و نەریت و کەلەپوور ڕاکێشراوە، بە بیستن و بەدیتنی بێژ و پەیڤەکان لەلایەک، ئەو کەرەستەو بەکارهێنراوانەی کە کورد خۆی لە گڵ و خاکی وڵاتەکەمان دروستیان کردووە، دوای سوورکردنەوە بەکاریان هێناون، هەروەها ئەو کاڵاو بەرگ و لەپێ کراوانەی بینیومە وەک مرۆڤی خۆژێن، کەسە ساکارە بلیمەتەکانی ئەم کوردەوارییەمان بۆ خۆیان دروستیان کردوون، هەروەها لە دار دروست کراوەکانیش، هەندێ جار لەبەرد و زیخیش، بۆ نموونە وەک دەستاڕ، ئەوانە لەناو نووسینەکانمدا ڕەنگیان داوەتەوە، بە تایبەتی لە (شمشاڵی شوان) و (گەوهەری دێرینە) و (کاروانی)دا.

**ڕامان:** بەڵام پێت نەوتین تۆ مامەڵەیەکی هاوچەرخانەت لەگەڵ کەلەپووردا کردووە، یان وەک ئیکسسوار ناوی کەرەستەکانت بردووە و بەکارت

هێناون؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** وەک توانەوەیەکی ناڕاستەوخۆ، لە هەژینی دەربڕینەکاندا بەکارم هێناون، بۆ نموونە لە چارەسەری دەروونی نەخۆشی لە (شمشاڵی شوان)دا، کاتێکیش لێکۆڵینەوەی بەرهەمی فۆلکلۆریم کردووە، کاریگەریی بوارە زانستییەکان، بە تایبەتی لەوانەدا دەرکەوتوون.

**ڕامان:** پێم خۆشە بە کورتی پێم بڵێی، ئەوە پتر لە پێنج سەعاتە لە ماوەی دوو ڕۆژدا قسەمان تۆمار کرد، گەشتێکمان بە نێو بیروەرییەکانتدا کرد و بیروڕای تۆمان سەبارەت بە زۆر باسوخواسی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی وەرگرت، ئەم گفتوگۆیەت چۆن دێتە بەرچاو، قسەی دڵی خۆتت کرد، یان ماوتە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** ئەگەر بوار بێ، قسەی دڵ، بەتایبەتی بۆ یەکێکی وەک ئێمەومانان کە لە منداڵییەوە خەریکی سیاسەت و ئەدەب و زمانین و خەڵتاوین لەناویدا، دەتوانم بڵێم تەواو نابێ، بەڵام هەموو هەڵوێستەیەک، ئەگەر کورت بێ و ئەگەر درێژ بێ، سوودی خۆی هەیە، خۆشیی خۆی هەیە، کاریگەریی خۆی هەیە. بە لای منەوە ئەم دیدەنییەی تۆ وەک ڕێزێکی تۆی بەڕێز، وەک نووسەرێک و ڕۆژنامەنوسێکی بەئەزموون، کە بۆ منت داناوە، من شانازی پێوە دەکەم و خۆزگەم دەخواست ئەگەر دەرفەتی تەمەن ببێ گەلێک جار یەکتری ببینین، من سپاسی تۆ دەکەم، شادمان بووم، لەگەڵ هەڵوێستی دیکەدا ئێمە یەکترمان بینیوە، من هیوام وایە کە تۆش ئەم هەستە تایبەتییەی من، چونکە هەستێکی زۆر سروشتی و ساکار و ئاساییە و زۆر خۆشەویستانە و بەڕێزە بۆ هەموو مرۆڤێک، تۆش ئاوا منت بینیبێ و منت بەسەر کردبێتەوە.

**ڕامان:** حەتمەن هەروا بووە، پێم باشە بیروڕای تۆ سەبارەت بە گۆڤاری ڕامان، لە پاش بیست ساڵ دەرچوون بزانین، بە تایبەتی تۆ یەکێکی لە نزیکەکانی ئەو گۆڤارە و ساڵانێکە دەمناسی و گۆڤارەکە دەخوێنیتەوە، بیروڕای تۆ لە بارەیەوە چییە؟

**محەمەد ساڵح سەعید:** بەڕاستی ڕامان هەڵوێستە و تێڕامانی دەوێت، من هەر یەکەم جار کە گوێم لە وشەی ڕامان بۆ ناوی ئەم گۆڤارە بوو، بە شتێکی جوانم زانی، لەبەر یەک هۆ، تۆ هەر ڕستەیەک دەخوێنیتەوە، یان هەر هەڵوێستەیەک لە ژیانتدا دەبینی، دەبێ بە هۆکاری تێڕامان، ئینجا ئەو لەسەر وێستانە هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە، لەسەر باشی، یان بە پێچەوانەوە، لەسەر نوێخوازی، یان کۆنخوازی، لەسەر نوێگەری، یان هەر هۆکارێکی دی بێ. بە باوەڕی من لەو سەردەمەی دەستپێکردنی ئێوەدا، ڕامان هەنگاوێکی نوێ و دەروازەیەکی پێویست بوو، کە ئەو سەردەمە داوای گۆڤارێکی وەها بکات. من وا بیر دەکەمەوە چۆن دوای گۆڤاری گەلاوێژ منێکی نووسەر و ڕۆژنامەنووس کە دەرفەتم لەبەردەمدا ڕەخسا، بەوپەڕی ئازایەتی و بوێرییەکی تایبەتەوە هاتم گۆڤاری (بڵێسە)م دەرکرد تا گشت نووسەرە ناودارەکانی ئەو سەردەمە بەشداری تێدا بکەن، ئەو هیوایەم هەبوو جێگەی گۆڤاری گەلاوێژ چۆڵ نەبێت، نەک جێگەی ئەو بگرێتەوە، چونکە ئەوەم بە پێویستییەکی نەتەوەیی زانی، هەر بەو جۆرە سەیری گۆڤاری ڕامان یشم کردووە و ئەو هەستەم تێدا پەیدا بووە کە بەڕاستی کارێکی پێویست و شایستەی گونجاوە کەلێنی چۆڵی گۆڤارێکی سەرکەوتوو پڕ بکاتەوە. من بەو جۆرە سەیری ڕامان م کردووە و ئێستاش پێم خۆشە کە دوای (٢٢٧) ژمارە سەری بەرزی پەیڤی پێشکەوتووی کوردی و توێژینەوەی ڕۆشنبین لەسەر لاپەڕەکانی ڕامان دەبینم. پیرۆزبایییتان لێ دەکەم و هەمیشە هیوای سەرکەوتنی زیاتر و گەورەتر بۆ گۆڤارەکە دەخوازم. بەڕاستی ڕامان ڕێچکەیەکی تایبەتی خۆی هەبووە و هەیە، لەسەر ئەوەش پێشکەوتنی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە.

**تێبینی:**

**لە ژمارەی ڕابوردوودا بەشی یەکەمی ئەم هەڤپەیڤینە بڵاوکرایەوە، لێرەدا ئەم ڕاستکردنەوەیە بە پێویست دەزانین. لە لاپەڕە (٥٠) لە دێڕی (١٨)ەوە ئاوایە: یەکێک لە شەهیدەکان مستەفا خۆشناو مێردی کچی فەرەجە سوور بوو، فەرەجیش خزمی نزیکی زەعیم عەبدولەجید عەلی بوو، کە ئەوەیان خزمی ئێمە و زاوای ئێمە بوو، چونکە کچی حاجی عەلی مەلکەندی خێزانی بوو، ئەو پیاوە ناوی عەبدولمەجید بوو، بەڵام زەعیم مەجیدیشی پێ دەوترا، مستەفا خۆشناو لە سێدارە درا، بەڵام مەجید عەلی ڕزگاری بووبوو.**

# زمانی ئیرۆتیکا و شیعرییەتی خەیاڵی ئیرۆتیکا

**فازیل شەوڕۆ**
**(کۆیە)**

**(١ - ٢)**

"زمـان دایکی بیـر و هزرە، نەک کـچـەتیم، لە وشـەدا شـتـی ئەوتۆ دادەهێنێت، نەگـوتراو، نەبیـسـتـراو، نەبینراو."(١)

W. H. Auden

ئەم بابەتە پوختەی تێڕامانێکی ڕەخنەگرانەیە لە دەقە شیعرێکی قوبادی جەلیزادە، کە ناوونیشانی (نایەم بۆ ژوورەکەت)ـە، لە (page)ی فەیس بووکی خۆیدا بڵاوی کردووەتەوە.(*)

شاعیری ناسراو (تی. ئێس. ئیلیەت T. S. Eliot) دەڵێت: "شیعری ڕەسەن لە یەکەم خوێندنەوەیدا، پێش ئەوەی تێی بگەیت دڵت دەسمێ."(٢) ئینجا ئەگەر یەکەم خوێندنەوە، لەگەڵ دڵ سمینەکەدا، تام و چێژێکی خۆشت پێ بدا، ئەوە شۆڕبوونەوە بۆ ناخی پڕ لە ڕاز و نهێنیی وشەکان و وێنە هونەرییەکان، بە نیازی تێگەیشتن و کردنەوەی شفرە و هێما شاراوە و ئاڵۆزەکانی، چەند بار تام و چێژی خوێندنەوەکە خۆشتر و بە لەزەتتردەکات. بۆ گەیشتن بەم مرازە، دەبێ دەروێشانە، یەک یەک لەم دەرگایانە بدەم و شتێکیان بۆ بابەتەکەم لێ بخوازمەوە:

**یەکەم:** دەرگای زمان.

**دووەم:** دەرگای ئیرۆتێک.

**سێیەم:** دەرگای زمانی ئیرۆتیکا.

**چوارەم:** شیعرییەت.

**پێنجەم:** خەیاڵ.

**شەشەم:** شیعرییەتی خەیاڵی ئیرۆتیکا.

لەم گەڕان و سۆراغانەشدا، لێرە و لەوێ، هەندێک باسوخواس دێنە نێو بابەتەکەمانەوە.

## تەوەری یەکەم

### دەروازەیەکی تیوری - ڕوخسار

دەبێ دەستپێکم، زمان و زمانەوانی بێت، نەک لەبەر ئەوەی ئەم دەقە شیعرە زادەی زمانێکە، بەڵکو لەبەر ئەوەی خودی زمان، بە درێژایی مێژوو، بە یەکێک لە مەزنترین و کاریگەرترین داهێنانی مێشکی مرۆڤ ئەژمار دەکرێت و بە (دایکی داهێنانەکان) ناوزەد دەکرێت، تەنانەت لە هەندێک کولتووردا، زمان لەبەر پیرۆزیی، بە دیاریی خوداوەند بۆ بەندەکانی خۆی دادەنرێت.(٣) ئینجا زمانناسانی هاوچەرخ پێداگری دەکەن، کە لە نێو ئەو (٧٤٧٩) زمان و زارەی کە ئیمڕۆ لە جیهاندا بەکاردەهێنرێن، زمانێک نییە لە زمانێکی تر باشتر بێت، جوانتر بێت، ڕێکوپێکتر بێت، خۆش ئاوازتر



**قوبادی جەلی زادە**

بێت، یان کاریگەرتر بێت، (٤) بەڵام ئەو جوانی و ڕێکوپێکی و کاریگەرییەی کە لە زمانێکدا خۆی نمایش دەکات و وەک سەردەفتەرێک سەیردەکرێت، ئەوە هەوێن و سەرچاوەکەی بۆ زمانی ئەدەبی دەگەڕێتەوە، چونکە وەک پ. ی. د. هیمداد حوسێن دەڵێ: "زمان ڕوحی ئەدەبە، دەقی جوان هەمیشە بە زمانەوە جوانە، لە داستانی گلگامێشەوە بگرە تا دەقە کراوەکانی ئەمڕۆ، هەرچەند ڕۆژگار دەڕوا، بە هەموو پێوەرێکی ڕێبازە ڕەخنەگرییەکان، هەرگیز نەیانتوانیوە نکوڵی لە ڕۆڵی زمان لە هاوکێشەی داهێناندا بکەن."(٥) ئەمە جگە لەوەی کە "زمان هەڵگری بیروباوەڕەکانی نەتەوەیە، شاعیریش لە ڕێگای زمانەوە، جوانییەکانی نەتەوە نمایش دەکاتەوە. نووسینیش بە زمانی نەتەوە، ڕاگەیاندنی ئینتیمای نووسەرە بۆ نەتەوەکەی."(٦) ڕەنگ بێ، شیعریش (بە فۆلکلۆر و میللی و تۆمارکراوییەوە) لە گەنجینەی ئەدەبدا، بە درێژایی مێژوو، لە دەوڵەمەندکردن و بایەخ پێدان و زیندوو ڕاگرتن و گۆڕانکارییەکانی زماندا، پشکی شێری بەرکەوتبێت، ئەمەیش هەم یەکرێ بە سایەی قەڵەمی شاعیران و هەم بە هۆی سەروبەرکردنی بەرهەمەکانیان لەلایەن ڕەخنەگر و زمانەوان و نووسەرانەوە. هەموو قەڵەمەکانیش (لەم بوارەدا) لەسەر دوو تەوەری گرنگ کاریان کردووە:

**یەکەم:** زمانی شاعیر: شاعیریش تەنیا ئەو کاتە ناسنامەی (شاعیری) پێ دەبەخشرێت کە بووبێتە خاوەن زمانی خۆی کە ئەمەیش بەردێکی سەنگینە لە بناغەی دامەزراندنی قوتابخانەی شیعریی سەربەخۆ- هەر نەبێ لەڕووی باڵادەستیی لە زماندا.

**دووەم:** توانستی شاعیر لە بواری داهێناندا: ئەمەیش بە کارکردنی بلیمەتانە، لە تەوزیفکردنی فەرهەنگ و گەنجینە زمانییەوانییەکەی خۆیدا.

بە ڕوماڵکردنێکی سەرپێیی کۆبەرهەمەکانی قوبادی جەلیزادە کە سەمەرەی ڕەنج و شەونخوونی پتر لە (٤٠) ساڵی تەمەنیەتی، حەق بەخۆم دەدەم کە بڵێم: ئیمڕۆ، ئەو خاوەن زمانی شیعریی تایبەت بە خۆیەتی و ئاساییە ناوی لێ بنرێت (زمانی شیعریی قوبادی جەلیزادە)، هەر بۆیەشە، ڕێبوار سیوەیلی دەڵێ: "قوبادی جەلیزادە، ناوێک بۆ خۆی لە شیعر دەچێت و کوڵەگەیەکی بار قورسیی شیعری نوێی کوردییە."(٧) دەکرێت خەسڵەتەکانی زمانی شیعری ئەو لەم خاڵانەدا چڕ بکرێنەوە:

* سادەیی لاسانەکراوەیی.
* شەفاف و ڕوون و بێگەرد لە مانادا.
* قەدبڕ لە گەیاندنی پەیامدا.
* دەوڵەمەند لە فەرهەنگی زمانەوانی کوردیدا (لەزارە باوەکانەوە تا دەگاتە زاری گەڕەک و کۆڵانەکانی شاری کۆیە.)
* سیخناخ بە هەیبەری (بابەت و دۆزی) سۆسیۆلۆژی، دەروونناسی، ئەنتۆلۆژی، ئەتنۆگرافی، ئەدەبی، مێژوویی، لاهووتی، فەلسەفی، ژینگەیی، هزری و سیاسی... تاد.

خەونی گەورەی ئەو، لە مامەڵەکردنی زیرەکانەی هونەری و ئەدەبی خۆی، بەو کەرەستە زمانەوانییانەوە، لە ڕێی لادان و چەپاندن و تێکشکان و هەڵشێلانەوەیان، گەیاندنی پەیامی پیرۆزی شیعری خۆیەتی، کە بەشێکی زۆری بۆ ژن و خاک و نەتەوە و مرۆڤ و مرۆڤایەتی تەرخان کردووە.

قسەکردن لەسەر زمانی شیعری قوبادی جەلیزادە، بەبێ شیکردنەوەی جیهانبینی ئەو بۆ چەمکی ئیرۆتیک، غەدر و ناهەقییە بەرانبەر شاعیرییەتی ئەو، بۆیە ڕێبوار

سیوەیلی وا تیشک دەخاتە سەر ئەم پنتە و دەڵێ: "قوباد پەیکەرسازی جەستەکە، کە دەبوو هەبێت و ژیان لەمانا ئیرۆتیکەکەیدا نۆشی گیان بکات."(٨)

لەبەر هەستەوەری بابەتەکە، پێویستە ئەم چوار زاراوەی خوارەوە تێکەڵ بەیەکتری نەکرێن و سنووری نێوانیان دیاری بکرێت:

**یەکەم:** زاراوەی ئیرۆتیک (Erotic)، هەرچەندە ئەم زاراوەیە بە گوێرەی کات و شوێن، جیوە ئاسا، شێوازی خۆی دەگۆڕێت، بەڵام دەکرێ لەم دوو پێناسەیەدا بیناسینەوە: "ئیرۆتیک شێوازێکە لە ئەڤینی ڕۆمانسیی، یان سۆزدار، یان وروژێنەری هەوەسی سێکسبازی (Libido)(٩)دەشگوترێت: "ئیرۆتیکیش هەر دیوێکی تری پۆرنۆگرافیی سادەیە، کە پلەیەک باڵاترە، بەوەی جوانتر داڕێژراوە، باشتر بەرهەمهێنراوە، پوختتر پێچراوەتەوە، لە دیزاینێکی دەمامکداریشدا بۆ چینێکی، یان توێژێکی باڵا نمایش دەکرێت."(١٠)

**دووەم:** زاراوەی ئیرۆتیکا (Erotica)، کە پەیوەستە بە ئەدەب و هونەر. هەر کارێکی ئەدەبی، یان هونەری، سیما و توخمی وروژاندنی ئیرۆتیکی تێدا بێ، یان ببێتە مایەی خولقاندنی ئەو حەز و هەوەسە، پێی دەگوترێت (بەرهەمی ئیرۆتیکا)، کە ئەم بوارانە دەگرێتەوە: هونەری شێوەکاری، پەیکەرسازی، فۆتۆگرافی، فیلمسازی، موزیک، شانۆ و دراما، ئەدەب بە هەموو ڕشتەکانییەوە.(١١)

**سێیەم:** ڕووتەمەنی هەوەسبازیی (Pornography)، کە بریتییە لە فۆتۆ و وێنەی هەوەسبازی بە مەبەستی وروژاندنی سێکسی، بێ دەمامک و ڕووپۆش نمایش دەکرێت. ئەمەیش بە شێوەی وێنە و پۆستکارت و پەیکەر و گرتەی فۆتۆگرافی و فیلمسازی و ڤیدیۆیی.(١٢) ئەم شتە لە هەندێ لە کولتوورەکاندا وەک بەرهەمێکی سووکوچرووک سەیر دەکرێت.

**چوارەم:** شیعری داشۆرین (Satire)، کە خەوش و عەیب و عاری ئەو کەسە دەردەخات و نیشان دەدا، کە دەکەوێتە بەر گورزی داشۆرینەکە. بەم شێوەیە شاعیر ڕقی خۆی بەسەردا دادەبارێنێ(١٣)، زۆر جار جوێن و قسەی ناشیرین و تەشهیری تێدەکەوێ. لە ئەدەبی کوردیدا شێخ ڕەزای تاڵەبانی بە سەرقافڵەی شیعری داشۆرین دادەنرێت و" شیعری پۆرنۆگرافی بەوپەڕی زەقییەوە لە شێخ ڕەزاوە دەست پێ دەکات."(١٤)

هەردوو حاڵەتەکە: (ئیرۆتیک و ئیرۆتیکا)، خزمایەتییەکی بەهێزیان لەگەڵ ڕومانسییەتدا هەیە، چونکە "بایەخدانی نووسەری ڕۆمانسی بە دەروون، لە ئاکامی ڕۆچوونەوەی هونەرمەندی ڕۆمانسی بە ناو ناخ و کانگەی تاکەکەسدا، دەبینین، هونەر لە ڕوحی دەروونناسیدا، دەوڵەمەندتر دەبێت و ئەدەبەکە قووڵاییەکی سایکۆلۆژی بە بڕشت پەیدا دەکات. هونەرمەندی ڕۆمانتیک خۆزی و پێداویستییە ڕوحییەکانی خۆی زۆر بەلاوە گرینگە و دەڵێت ئیلهام بەخشی هونەرمەند و ڕێی ژیان:خۆشەویستیی و پێوەندییە."(١٥)

بەچاوخشاندن بە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا، تێدەگەین کە کەم نەتەوە هەیە، بەم شێوە خەستوخۆڵ و بێ شەرم و شکۆ و بەم جۆشوخرۆشەوە مامەڵەی لەگەڵ ئیرۆتیکدا کردبێت و لە ئەدەبی ئیرۆتیکادا خاوەن گەنجینەیەکی ئەوها دەوڵەمەند بێ، ئەمەیش ڕەنگدانەوەی واقیعی کولتووری و باری کۆمەڵایەتی و دەروونی و ژینگەیی کۆمەڵگای کوردەواری جاران نیشان دەدات، ئینجا ئەو وێنە ئیرۆتیکاییانەی لە دەقە فۆلکلوری و مللییەکانی کوردیدا، کە لە وشەکاندا هەست پێ دەکرێن، ئەوە بەرۆژی ڕووناک و لەبەرچاوی ئاپۆرای خەڵکدا، لە ڕەشبەڵەک و شایی و هەڵپەڕکێدا، لاوی کورد و کچی شۆخوشەنگ نەک هەر دەبینن، بەڵکو بە هەستەوەرەکانیان چێژیشی لێوەردەگرن. دەست و پەنجەی نەرمونیانی کوران و کیژان، وەک شوولی قەفەر تێک دەپەڕن، شان شان هەڵدەتەکێنێ و شلکەی ڕانان وەبەر یەک دەکەون و لە درزی سوخمەی کراوەوە، مەمکی خڕ و سپی لە ناو ئارەقەدا مەلەدەکەن و بۆنیان دێ، ئەوە جگە لە چرپە و هەناسە و دەنگی شایەر و دەهۆڵ و زوڕنا. دە فەرموو گوێ بۆ ئەم گۆرانییە فۆلکلۆرییەی دەشتی هەولێر ڕادێرن:

**گوتم بێنە ماچت کەم، لۆم هات بە خانوومانی**
**باسکی ڕاستم لەملی کرد، گەردنی لۆ من هانی**
**دەوم لۆ ڕوومەتی برد، هەریداوە بسکانی**
**سنجاقم دادەترازاند، دەهات بۆنی مەمکانی**
**خزمینە چیم لێدەکەن، ئەی برادەری گیانی**
**دوو پیارەی گوڵ سوورم دی، لە قەیسەری و دوکانی**
**شەو لەگەری نووستم، هەتا نێژی بەیانی**
**دەیگوت هەستە کورە برۆ، باکەس سورمان نەزانی(١٦)**

پێشڕەوی سەید برایمی لە کتێبی (ڕووتەمەنی لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا) دەڵێ: "گەر سەرنج بدەین ئیرۆتیکی (گریک)ی زۆر لە (ڕووت)ی کوردی نزیکە، لەوەش زیاتر، لە هەندێ ناوچەی بناری قەندیلدا، کە دەڵێن: (غەزال ئیڕووتە!) ئەوە مەبەستیان ئەوەیە: کە غەزال ڕووتە."(١٧).

دەکرێ بڵێین، ئیرۆتیکای قوبادی جەلیزادە لەم کارێزە فۆلکلۆرییەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام بە زمان و فۆرم و ناوەرۆکێکی زۆر تایبەتمەند، کە شەقڵی هونەری و داهێنەرانەی خۆی پێوەیە و تاڕادەیەکی زۆر هەڵگری ئەو خەسڵەتانەیە کە (چلۆ تیورلۆ Chloe Thurlow)، باسی دەکات و دەڵێ: "کە لە گەرمەی هەستێکی ئیرۆتیکیدا، خۆت ڕادەستی ئارەزوو دەکەیت و ملکەچی دەبیت، ئەوە تۆ بەشێک لە خودی خۆت دانارِنی و دانامالێنی، بەڵکو بەدوای دۆزینەوەی بەشێکی تردا وێڵ دەبیت، وەک بوونی کەسێکی تر لە ناخی تۆدا."(١٨) ئینجا ئەو (کەسە) لە دەقە شیعرییەکانی قوبادی جەلیزادەدا (بوونی مرۆڤێکی ترە)، مرۆڤێکی حەقخوراوی دەمکوتکراوی ئیرادە زەفتکراو، مرۆڤێک بە دەسەڵاتی نێرسالاری جڵەو کراوە و بە یاساکانی دابونەریتی کولتوور و کۆمەڵایەتی مەحکووم کراوە بە کۆیلیەتی، نازناوی (حورمە و زەعیفەی) وەک خەڵات پێ بەخشراوە و زۆربەشیان ئەو نازناوەیان پێ قبووڵە.

"جیاوازیی شیعری قوبادی جەلیزادە لەگەڵ بەشێکی زۆری ئەدەبیات و فۆلکلۆردا لەوەدایە کە لەو نەریتە و زۆرینەی فۆرمەکانیدا، (تەماشا) زاڵە بەسەر (بینین)دا. تەماشا، میکانیزمێکی جەستەیە، بۆ وێناکردن و بە بابەتکردنی جەستە وەک شتێکی ماددی، کە لە ئەنجامی ئەمەوە، نیگای بینەر دەچێتە سەر بەشە ورووژێنەرەکانی لەش، نەک ناوەوەی و جەستە، وەک بەشێک لە ئیدراک و بەرجەستەکردنی بوونی مرۆیی."(١٩)

## زمانی ئیرۆتیکا

ئیمڕۆ، لەسایەی پێشکەوتنی داهێنەرانەی زانست و تەکنۆلۆژیا و کایە مەعریفییەکان، خودی زانستی زمان (زمانەوانی Linguistics)، هێندە گەشەی سەندووە، کە بە دەیان لقوپۆپی تازەی لێ بووەتەوە، هەر لقێکیشیان خاوەن خەسڵەت و بنەما و توخمی تایبەتن، وەک زمانی ئاخاوتن، زمانی نەتەوەیی، زمانی فەرمی، زمانی ستاندەر، زمانی فەرهەنگ، زمانی زانستی، زمانی چیرۆک و شانۆ و ڕۆمان...تاد. لقێکی گەورە و بەهێزی زمانیش، زمانی شیعرە. پ. د. محەمەد مەعرووف فەتاح لەم بارەیەوە دەڵێ: "بەپێچەوانەی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەمان و زمانی چیرۆک و زمانی زانستەکان، ئەوە زمانی شیعر دیاردەیەکی تەواو ئاڵۆزە، چونکە نە کات (مێژوو)، نە شوێن (جوگرافیا)، نە ڕێزمان، نە یاساکانی واتاسازی، نە ڕێنووس سنووری بۆ ناکێشێت و لە دەسەڵاتی کەم ناکاتەوە. نەک هەر ئەمە، بەڵکو شاعیر بۆی هەیە هەموو زمانە مرۆڤییەکان بەسەرچاوەی خۆی دادەنێ و فەرهەنگی ئەو، هەموو فەرهەنگەکانی جیهانە، ئینجا بە هەر زمانێک بێ و لە هەر سەردەمێکدا کۆکرابنەوە، ئەو ئازادییەی شاعیر هەیەتی، نووسەرەکان مەگەر هەر خەونی پێوە ببینن. شێوازێک ئەم هەموو توانایییەی لەبەر دەستدا بێ، سەیر نییە ببێتە لووتکەی شێوازەکان لە بەهێزی و ئاڵۆزیدا. زمانی شیعر بەرزترین و وردترین و ڕەسەنترین بەکارهێنانی زمانە."(٢٠)

هەر لەژێر چەتری زمانی شیعردا، چەندان شێوازی زمانی ئەدەبی، بە گوێرەی (مێژوو و جوگرافیا) بوونی هەیە، لە شیعری کوردیشدا، پێکهاتە و قەلب و قاڵبی ئەو شێوازانە دیاری کراون، وەک زمانی شیعری کلاسیکی کوردی و زمانی شیعری ڕۆمانسی و زمانی شیعری نۆی و دواتریش زمانی شیعری هاوچەرخی کوردی، تەنانەت لە زمانی شیعری هاوچەرخی کوردیشدا، چەندان ناسنامەی زمانەوانی سەربەخۆ ئاماژەیان بۆ کراوە، وەک زمانی شیعریی ڕەمز و جەفەنگ، زمانی شیعریی سوریالی، زمانی شیعریی پۆست مۆدێرن...تاد. ڕاستییەکەی "بەسترانەوەی دەقی ئەدەبی بە پێکهاتە زمانییەکان دوو ڕووی هەیە: هەم سوود لە زمانی سروشتی وەردەگرن و هەم بەیارمەتی ئەو زمانە سروشتییەوە، زمانێکی نوێ دەخوڵقێنن."(٢١)

لەبەر ڕۆشنایی ئەم گوتارەی سەرەوەدا، دەچینە نێو بابەتی زمانی ئیرۆتیکا لە شیعردا. کە بەوە دەناسرێتەوە، شاعیر هەموو کەرەستە و پێکهاتە شیعرییەکانی خۆی لە قاڵبی جیهانبینی ئیرۆتیکانەوە، دادەڕێژێتەوە و بەرهەمێکی تازە خوڵقاومان پێشکەش دەکات، کە توخم و سیماکانی لەم خاڵانەدا چڕدەکەینەوە:

**یەکەم:** فەرهەنگی هەوەسبازی: هەموو ئەو وشە و

دەســتــەواژانە دەگــرێتــەوە کـە لەڕێی هەســتــەوەرەکــان هەستــیــان پێ دەکـەین، وەک: مـەمک، گـۆی مـەمـک، سمت و ڕان، کـەمـەر و خـوار کـەمـەر، بنبـاڵ، سینگ و مـەمک، ڕووتی، مـاچکردن و ڕامـوسان، هانکەهانک و مرچەمرچ، تیاترۆ و قەحپە و سۆزانی... تاد.

**دووەم:** فەرهەنگی سێبەری هەوەسبازی: ئەمانەش بە شێوەیەک لە شێوەکـان خـزمـایـەتـیـان لەگـەڵ کـار و ئەندامەکانی سێکسیدا هەیە، وەک: مەمکبەند، دەرپێ، ئاوەڵکراس، حەمام، لیفکە، دۆشەگ، شەراب، ڕەقس و سەما، ئاوێنە و کەرەستەی میکیاج، زێڕ و زیو و خشڵ و ئێکسیسوار...تاد.

**سێیەم:** فـەرهـەنگی خـوازە: ئەمـەیش دوو سـەرەیە، لەلایەک لـەڕێی ڕەوانبـێـژی و هونەری وێناکـردن نیشـانەکانی دەپێکرێ و لەلایەکی تر بەپشت بەستن بەو کولتوورەی کە لەناو خەڵکدا بۆ خۆیان دایانهێناوە و جار هەیە لە قسـە و جنێـو و شۆخییـەکـانیـاندا ئاماژەی پێ دەدەن. بیسـەری ئەم وشانە ناراستەوخۆ زیهنییان بۆ لای دیمەنە سێکسییەکان دەڕوات، تا ئێستاش هەندێک لە پیرەژن و پیرەمێرد و پیاوانی ئایینی، پێش ئەوەی ئاماژە بەم وشانە بکەن دەڵێن: (عەیب نەبی، بیلامەعنا، دوور لە ڕووتان، قسـەکـەم بە پەرژین بێ...تاد). بۆ نموونە: هەسپ، ماین، مریشک و کەڵەشێر، نێرەکەر و ماکەر، تەخت و جـێـخ، قـوفڵ و کلیل، ئاگـر و ئاگـردان، تەڕ و چەور، شەو و شەوەزەنگ، دووگیان و مەگیرانی، ژووان و جێژووان، مەیگێڕ و خواردنەوە، ڕەنگی سوور و ڕەش، سێو و هەنار و هەرمێ و قۆخ... تاد.

**چوارەم:** فەرهەنگی بنیادی شیعری: کە بە ئەنقەست بۆ پێکانی بیرۆکەیەک، بە پشت بەستن بە بنیادی دارشتنی دەقەکە، ئەو کەرەستانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدان، لە قالبی شیعریدا دادەڕێژرێن. وەک: نەرمایی سینگ، پاککردنەوەی بنباڵ، لەسەردەم پاڵکەوتن، ماچێکی پشتی دەست، بەسەر گـۆیکی مـەمکانەوە، گـێڵگەی پیاوێک، سانتی سوور...تاد.

**پێنجەم:** دەنگ و ڕەنگەکان: هەر دەنگ و هەر ڕەنگێک لەم سروشتەدا بوونی هەبێ، شاعیر و نووسەرانی ئیرۆتیکا، دەتوانن پۆشاکی ئیرۆتیکی بەبالادا بپۆشن، ئینجا لە گرمەی هەورەوە بگرە تا ترپە و چکە چکی دڵۆپە ئاوێک.

لە شیعری ئیرۆتیکا، هەموو ئەوانەی ئاماژەمان پێدان، تێکەڵ دەکرێن و لەگەڵ کەرەستەکانی دیکەی شیعر هەڵدەشێلرێنەوە وەک: سروش، خەیاڵ، وێنەی هونەری، ڕەوانبێژی، گەمەی زمانەوانی، موزیک و هونەری جوانکاری، ئەوە جگە لە ئەزموون و دەستڕەنگینی شاعیر لە سنعەتی شیعرسازیدا. گەرانیش بە دوای دۆزینەوەی کیشوەرە نەدۆزراوەکانی جوانی، ئەرکێکی قورسی شاعیرە، چونکە" جوانیی هونەر و سروشت، بنچینەی هەموو زانستەکانە، تەنانەت زانستی بیرکاریش."(٢٢)

وا بەباش دەزانم، دەقە شیعرییەکەی قوبادی جەلیزادە، لێرەدا تۆمار بکەم، تا خۆشتر چێژ لە لێکۆڵینەوەکە وەربگیرێت:

**(نایەم بۆ ژوورەکەت)**
**لەگەڵتا نایەم بۆ ئاسمان...**
**تۆ،**
**لەسەر کۆشی مانگ دادەنیشی.**
**قژی ئەستێرە پرچ دەکەی.**
**بە پارچەیەک تریفەوە، دەچیتە لای خەیاتەکان و**
**من لە بیر دەکەی.**

**لەگەڵتا نایەم بۆ دەریا...**
**تۆ،**
**بەسواری سوورە ماسییەک**
**بەدوای ڕەوەزە مەرجانا، وێڵ دەبیت**
**ماڵت دەبەیتە گەرەکی شەپۆلەکان و**
**من لە بیر دەکەی.**

**لەگەڵتا نایەم بۆ ناو باغ...**
**تۆ،**
**وەک ژنێکی سوحاقی،**
**دەست لە مەمکی گوڵەکان دەدەی**
**لەسەر ڕانی دڵۆپێک شەونم دەخەویت و**
**من لەبیر دەکەی.**

**لەگەڵتا نایەم بۆ بەهەشت...**
**تۆ،**
**بە ڕووبارەکانی شەراب و بە میوە غەریبەکانەوە گیردەخۆی.**
**مەست دەبیت لە تەک فریشتەکانا.**

**لەگەڵ غیلمانە مێبازەکاندا، جووت دەبیت و**
**من لەبیر دەکەی.**

**نایەم بۆ ژوورەکەت...**
**تۆ،**
**لەبەر ئاوێنەدا، سەرسامی مەمکە خڕەکانی خۆت دەبیت.**
**سەد جار دەڕپێ و مەمکبەند و ئاوەڵکراسەکانت،**
**تاقی دەکەیتەوە.**
**سەد جار قژت دەبەستیت و پەرێشانی دەکەی.**
**بن باڵت بە موعەتەر دەڕشێنیت.**
**نینۆک ڕەنگ دەکەیت.**
**خاڵە ڕەشەکانی سەرشان و پشت و بەرزاییەکانی خوار کەمەر،**
**ئەژماردەکەیت.**
**بە مووەکانی چەناگەت دڵتەنگ دەبیت.**
**بیر لە جوانکاریی لووتت دەکەیتەوە و**
**من لەبیر دەکەی.**

**لەگەڵتا دێم بۆ شەوەزەنگ...**
**تۆ،**
**لە ترسا**
**باوەش بە ڕووناکی مندا دەکەیت.**
**دەپاڕێیتەوە جێت نەهێڵم**
**تەنیا بۆنی من،**
**تەنیا چپەی من دەبیستی**
**دەست دەخەیتە کەمەری من.**
**کەروێشکەکانی سینگت بەرەڵا دەکەی**
**تەنیا سەرگەرمی،**
**ئەژماردنی ماچەکانمان دەبیت و ئاسمان و دەریا و**
**باغ و**
**بەهەشت و**
**ژوورەکەت،**
**لەبیر دەکەی.** (٢٣)

**زمانی ئیرۆتیکا لەم دەقە شیعرییەدا**

تا وردتر لایەنە تیورییەکەی ئەم بابەتە تەرجەمە بکەین و باشتر تێی بگەین، بەم شێوەیە، بڕگەکان، لەم دەقە شیعرییەدا پراکتیزە دەکەین.

دەقی(نایەم بۆ ژوورەکەت)، شیعرێکی ئازادی (٥٥) دێڕییە، کورترینیان (١) وشە و درێژترینیان (٧) وشەیە. بەسەر (٦) کۆپلەدا دابەش بوون. کۆپلەی (١ – ٤)، کە هەریەکەی (٦ یان ٧) دێڕە، بە دەستەواژەی (لەگەڵتا نایەم بۆ...) دەست پێ دەکات و بە ڕستەی (من لەبیر دەکەی.) کۆتایی دێت. کۆپلەی (٥)، کە (١٣) دێڕە، بە ڕستەی (نایەم بۆ ژوورەکەت.) دەست پێ دەکات و ئەویش بە ڕستەی (من لەبیر دەکەی.) کۆتایی دێت. هەرچی کۆپلەی (٦)ە، کە دەقەکە قوفڵ دەدات، (١٧) دێڕە، دەستپێکی (لەگەڵتا دێم بۆ شەوەزەنگ)ە و کۆتاکەیشی دەستەواژەی (لەبیر دەکەی)یە. بنیادی کێشی دەقەکە، هەرچەندە نەغمەی کێشی (٣) بڕگەیی بەسەریدا زاڵە، وابەستەی کێشی تێکشکاوە. ئیستێتیکای دەنگی دەقەکە، وەک زۆربەی دەقەکانی قوبادی جەلیزادە، لە دەنگدانەوە و زرینگانەوەی موزیکی دەرەوە و ناوەوە سەروا و ڕیتم و ئاوازە و هێز و هارمۆنی دەنگە کورت و نزمەکانی فۆنیم و مۆرفیم و حەرف و بڕگەکاندا دەبیسترێن و هەستیان پێ دەکرێت. (شارەزایی خوێنەر لە هونەری خوێندنەوەی شیعر دەستگرە بۆ وەرگرتنی چێژی خۆشتر)، چونکە دەقنووس هونەری (بازدان بە سەر دێڕەکان Run - on- line)ی زۆر بەکار دەهێنێ. ئەم هونەرە کتومت وەک پەڕینەوەی کەسێکە لەسەر بەردەبازەکانی تەنکە ڕووبارێک، کە وریایی و چوست و چالاکییەکی دەوێ.

زمانی دەقەکە (زمانی ئیرۆتیکا)یە، بە ئیمتیاز. حەمە سەعید حەسەن دەڵێ: "شیعری قوبادی جەلیزادە، نموونەی بڵندی ئەدەبی ئیرۆتیکایە و ئەو لە بواری نووسینی ئەو جۆرە ئەدەبەدا، دەستپێشخەرییەکی هێندە بوێرانەی کردووە، بەهەق پێش زەمان و کۆمەڵی خۆی کەوتووە "(٢٤).

هەموو دەقەکە (١٨٠) وشەیە، کە دەکرێ بەم شێوەیە بەسەر فەرهەنگەکانی ئیرۆتیکدا دابەشی بکەین:

**یەکەم:** وشەکانی فەرهەنگی ئیرۆتیک: ژمارەکەیان (٣٤) وشە و دەستەواژەیە، لە (١) تا (٤) وشەییان تێدایە: کە ئەمانەن: (لەسەر کۆشی، قژی، پرچ دەکەی، بەسواری سوورە ماسییەک، ژن، سوحاقی، دەست لە مەمکی، تیاترۆ، دەرەقسێی، لەسەر ڕانی، مەست دەبیت، لەگەڵ فریشتەکان، لەگەڵ غیلمانەکان، مێبازەکان، جووت دەبی، لەبەر ئاوێنە، مەمکە خڕەکان،

دەرپێ، مەمکبەند، ئاوەڵکراسەکان، قژبەستن، بن باڵ، نینۆک، خاڵە ڕەشەکان، سەرشان، پشت بەرزاییەکان، خوار کەمەر، موو، باوەشت، بۆنی من، چپە، دەستت دەخەیتە کەمەر، کەرۆێشکەکانی سەر سینگت، ماچەکانمان).

**دووەم:** وشە سێبەرەکانی فەرهەنگی ئیرۆتیک: ژمارەکەیان(٤١) وشە و دەستەواژەیە، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان هەستەوەرەکانمان بۆ لای دیمەنی ئیرۆتیکی دەبەن، وەک: (ژوورەکەت – ٣ جار، لەگەڵتا – ٥ جار، من – ٨ جار، تۆ – ٦ جار، مەرجان، گوڵەکان، دەخەویت، کچ، بەهەشت، شەراب، گیردەخۆی، سەرسام دەبی، تاقی دەکەیتەوە، پەرێشانی دەکەی، دەرشێنیت، ڕەنگی دەکەی، دڵتەنگ دەبی، لەترسا، ڕووناکی، دەپارێتەوە، دەبیستیت، بەرەڵای دەکەیت، سەرگەرمی).

**سێیەم:** وشەکانی ئەودیوی ئیرۆتیک: ژمارەیان (٢٥) وشەیە، ئەوان ئامادەکار و تەدارەکگێڕی کەش و هەوا و ژینگەی ژووانە ئیرۆتیکەکانن، وەک: (ئاسمان – ٢جار، مانگ، ئەستێرە، تریفە، خەیات، دەریا – ٢ جار، ڕەوەز، ماڵ، شەپۆل، باغ – ٢ جار، پەپوولە، دڵۆپێک، شەونم، میوە، ڕووبارەکانی، چەناگە، لووت، شەوەزەنگ، تەنیا – ٣ جار، کەرۆێشکەکانی، سینگ).

**چوارەم:** جێناوەکان: کە پەیوەستن بە (ژن)، یان (دەقنووس)، یان هەردووکیان و بۆنوبەرامەیەک بە دەستەواژە و ڕستە ئیرۆتیکییەکان دەدەن. ژمارەیان (١٤) جێناوە، وەک:

--- ەکەت: ژوورەکەت.

--- ەی: من لە بیر دەکەی، دەست لە مەمکی گەڵاکان دەدەی،

--- ت: جووت دەبیت، دەخەویت.

--- ی: تەنیا چپەی من دەبیستی.

**پێنج:** وشەی هاوبەشی ئیرۆتیکی: (١) وشەیە کە تێیدا هەردووکیان بەشدارن، ئەویش وشەی (ماچەکانمان)ە.

کەواتە ڕێژەی وشەکانی فەرهەنگی ئیرۆتیک، بە هەموو جۆرەکانییەوە دەکاتە (٦٣،٨٪)، واتا نزیکەی دوو لەسەر سێی کۆی وشەکان. بەدەگمەن لە دەقە شیعری کوردیدا ئەم ڕێژەیە تۆمار کراوە.

فەرموون، ئەمە خشتەی پۆلینکردنی وشەکانی دەقەکەیە:

| بابەت | | تێکڕا | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| زمانی ئیرۆتیکا | ژمارە | 115 | ٪63.8 |
| وشەکانی فەرهەنگی ئیرۆتیک | 34 | | |
| وشە سێبەرەکانی فەرهەنگی ئیرۆتیک | 41 | | |
| وشەکانی ئەودیوی ئیرۆتیک | 25 | | |
| جێناوەکان | 14 | | |
| وشەی هاوبەشی ئیرۆتیکی | 1 | | |
| وشەکانی ماوەتەوە | | 65 | ٪36.2 |
| کۆی گشتی وشەکان | | 180 | ٪100 |

## چۆنیەتی تەوزیفکردنی زمانی ئیرۆتیکا لە دەقەکەدا

دەقەکە، بە هەموو توخمەکانی دراماوە، لە قاڵبێکی شانۆگەریدا داڕێژراوە، کە یەکەکانی بریتین لە:

* کارەکتەر: ٢ کەس، ئاخێوەر (شاعیر) و گوێگر(ژنەکە).

* شوێن: ئاسمان، دەریا، باغ، بەهەشت، ژووری ژنەکە، ناو شەوەزەنگ.

* زەمەن: هەمیشە، شەو.

* گرێچنە (Plot): نەخشەیەک، تا لەبیرم نەکەی.

گفتوگۆکان لە شێوەی گەیاندنی پەیامێک بە شێوازی مۆنۆلۆژ (Monologue)، لە لایەن دەقنووسەوە پێشکەش دەکرێت، هەرچەندە دەقەکە ئیرۆتیکا ئامێزە بەڵام لێوان لێویشە لە ڕۆمانسییەت،

ئەوەتا (سانەوبەرخان Sanober Khan) دەڵێ: "سەوداسەری و گیرۆدەبوون بە هزر و هۆشی کەسێک، باڵاترین و پڕ عیشقترین ڕۆمانسییەتە."(٢٥)

ئەگەر (٦) کۆپلەکەی دەقەکە، بەسەر دوو تای تەرازووی بنیادی دەقەکەدا دابەش بکەین، دەبینین پێنج کۆپلەکەی یەکەم، کە بە (دەروازە) دادەنرێن، لەگەڵ تاقە کۆپلەکەی شەشەم هاوسەنگ دەبێ، کە(قوفڵە). شێوازی بنیادی (٥) کۆپلەکەی یەکەم، لەسەر بنەمای (کەڵەکەبوونی وێنەی تاک) هەڵچنراون. واتا "وێنەکە بریتییە لە کۆکردنەوەی چەند وێنەیەکی تاک لەپاڵ یەکدا، بە شێوەیەک ڕستەکان ڕیتم و مۆسیقا بەیەک دەدەن و تێکهەڵکێشی یەکتر دەبن. کەڵەکەبوونی وێنەیی لە ڕەخنەی نوێدا پێی دەگوترێت هێشووە وێنە"(٢٦).

دەتوانین هێڵکاریی دەقەکە (کەڵەکەبوونی وێنەی تاک و هێشووە وێنە)کان، بەم شێوەیە بخەینە ڕوو:




وەستاکارییەکەی دەقنووس لە تەوزیفکردنی زمانی ئیرۆتیکا لە نێو وێنە هونەرییەکانی کۆپلەی(١)دا، بریتین لە: دانیشتن لەسەر کۆشی مانگ و برینی پرچی ئەستێرە و چوونە لای خەیاتەکان بە پارچە تریفەیەکەوە.

**کۆپلەی (٢)**
**(گەشتی دەریا )**

**سواربوونی ماسی** **کۆکردنەوەی مەرجان** **ماڵ گواستنەوە**

بەڵام لە کۆپلەی(٢)دا، وێنە هونەرییەکان وابەستەی جیهانی دەریان و هونەرییانە بۆنوبەرامەی زمانی ئیرۆتیکایان پێداکراوە، وەک: سواربوونی سوورە ماسی و وێڵ بوون بە دوای مەرجان و هەڵبەزین و دابەزین لەگەڵ شەپۆلەکاندا - خوێنەری ئازیز، دەکرێ چەند چرکەیەک چاوەکانت داخەیت و ئەو ژنە بێنیتە بەرچاو، کە وەک نەورەس و مراوی کەوتووەتە بەر ڕەحمەتی شەپۆلەکانی دەریا و گەمەی پێ دەکات.

**کۆپلەی (٣)**
**(چوونە ناو باغ)**

**دەست دان لە گوڵ** **سەماکردن** **خەوتن**

دەبینین، لە کۆپلەی(٣)دا، دەقنووس وێنە هونەرییەکانی ئیرۆتیکای دەقەکە تۆختر دەکات، ژنەکە وا دەستی خستووەتە نێو مەمکی گوڵەکان، لەگەڵ پەپوولەی تیاترۆدا سەما دەکات و لەسەر ڕانی ڕووتوقووتی دڵۆپە شەونم دەخەوێ.

ئێوە سەرنجتان داوە، وردە وردە دەقنووس، پتر نەوت بە ئاگری زمانی ئیرۆتیکای دەقەکەدا دەکات، تا لە کۆپلەی چوارەم و پێنجەمدا، دەگاتە ڕادەی جووت بوون و دەست بردن بۆ دەرپێ و مەمەکبەند و بن باڵ و...تاد. بەڕاستی وێنەکان تا بڵێیت وروژێنەرن، نامەوێ پتر لەسەر ئەم بڕگەیە بنووسم، تەنیا دەچینە بەر ئاوێنەکە و دەبینین ژنە سەرسام بووە. ئاخر ئێستا ئەو دوو جووت مەمکی خڕوپڕ دەبینێ، ئەو جووتەی لە ناو ئاوێنەکەدا دەدرەوشێنەوە، شکڵ و شێوە و ڕەنگێکیان هەیە، جیاوازە لەگەڵ جووتە مەمکە حەقیقییەکانی خۆی، چونکە کە ئەو چاوی دادەگرێتە خوارەوە، لە گۆشەنیگایەکی ترەوە ئەوان دەبینێ، کە ڕەنگ بێ وەک ئەوەکانی نێو ئاوێنەکە شکڵی گۆپکە و خەرمانەی دەوری گۆ و بن مەمکەکان نەبینێ! تەنانەت بە گوێرەی گۆشەی دانیشتن و ڕاوەستان و ڕووناکی ژوورەکە، ڕەنگ بێ مەمکی ڕاستەی بە شێوەیەک خۆی نیشان بدا، جیاواز بێ لەگەڵ خوشکەکەی دەستە چەپی! خۆ بەبێ ئاوێنەکەش، ئەژماردنی خاڵە ڕەشەکانی سەر پشت و بەرزاییەکانی خوار کەمەر ڕایی نابێ، وا نییە؟

بەم شێوەیە دەقنووس لە کۆپلەی شەشەمدا، نەخشەکەی جێبەجێ دەکات و بە (٨) وێنەی هونەری ئیرۆتیکایی یەکجار سەرنجڕاکێشەر دەقەکە قوفڵ دەدات.

گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە دەقنووس، مامەڵەی زیرەکانەی لەگەڵ وشەدا کردووە، نە مسقاڵێک زیاد و نە مسقاڵێک کەمی لە تاسە زیڕی سەر سەری دەقەکەیدا بە فیرۆ نەداوە، ڕەنگ بێ زیادکردنی چەند وشە و ڕستەیەکی دیکە، یان قرتاندنیان، دەقەکەمان لێ بشێوێنێت!

ئێستا پرسیارێک یاخەمان دەگرێ: پێگەی ئەم دەقە لە نێوان خەیاڵ و واقیعدا لە کوێیە؟ حەمە سەعید حەسەن دەربارەی زمانی ئەم شاعیرە دەڵێ: "شیعری قوبادی جەلیزادە، لەیەکەم بینیندا لە تەنک دەچێت، بەڵام کە وردتر سەرنج دەدەین، لەو دیو ئەو تەنکاییەوە، قووڵاییەک خۆی حەشارداوە."(٢٧)

وەڵامەکە دوو ڕاڤە هەڵدەگرێ: یەکیان ئەوەیە، کە جیهانی ژن زۆر لەوە شاراوەتر و ئاڵۆزترە، دەقنووس بتوانێ پەی بە هەموو نهێنی و ڕاز و جەفەنگەکانی

بیات، بەڵام باش تێ دەگەین، کە لەم دەقەدا تاقە وشەیەکی تێدا نییە کە لە جیهانبینی(ژن)دا غەریب و غەوارە بێت و نامۆ بێتە بەر گوێ. دووەمیشیان ئەوەیە کە دەقنووس مەبەستییەتی پەیامێک، بە زمانێک بگەیەنێت، کە تایبەت بەخۆی بێت، جا دەربارەی زمانەکە و پەیامەکە - لە بڕگەکانی دادێ، وردتر باسیان لێوە دەکەین، بەڵام نابێ ئەوەش بشارینەوە، کە خەفەکردنی(حەز و ئارەزووەکان) جۆرە خۆکوشتنێکە، بۆیە (ئەلیسن بێجتێڵ Alison Bechte) دەڵێ: "خەفەکردنی بوونی ئیرۆتیک وەک شتێکی حەقیقی لە خۆماندا، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، ئاکام و کاریگەرییەکی قەڵاچنکراوی نەخوازراوەی لێ دەکەوێتەوە، چونکە شەرم و شاردنەوەی هەست و ئارەزووەکان جۆرە مردنێکن."(٢٨)

ڕەخنەگر، تەواو هەست دەکات کە شاعیر لێرەدا، حیکایەتخوانە و بەس. سەروبەری شیعرەکە موڵک وماڵی ژنەکەیە، با لە جانتای دەقنووسیشدا بێ!

پێش داخستنی ئەم بڕگەیە، وا ڕیزبەندی سەرگوڵی دەستەواژە ئیرۆتیکەکانتان بۆ دەستنیشان دەکەم بە گوێرەی هێز و کاریگەرییان لەسەر هەستەوەرەکانی مرۆڤدا:

* لەگەڵ غیلمانە مێبازەکاندا، جووت دەبێ.

* خاڵە ڕەشەکانی سەرشان و پشت و بەرزاییەکانی خوار کەمەر، ئەژمار دەکەیت.

* لەبەر ئاوێنەدا، سەرسامی مەمکە خڕەکانی خۆت دەبیت.

* کەروێشکەکانی سینگت بەرەڵا دەکەی.

* لەگەڵ پەپوولەیەکی تیاترۆدا دەڕەقسێی.

* دەست لە مەمکی گوڵەکان دەدەی.

لە دیدی منەوە، ئەو پاساوانەی دەقنووس هێناویەتییەوە، کە ڕەنگی بێ وابکەن ژنە، ئەو لەبیر بکات، زۆر جوان هەڵبژێردراون، وەک: ماڵ گواستنەوە بۆ گەڕەکی شەپۆلەکان/ خەوتن لەسەر ڕانی شەونم/ جووت بوون لەگەڵ غلیمانەکان/ بیر کردنەوە و لە جوانکاری لووت، بەڵام چوونە لای خەیاتەکان پاساوێکی بەهێز نییە، هەر دەبێ چەند دەقیقەیەک لەوێ بمێنێتەوە و دوایی بگەڕێتەوە لای شاعیر، وەک خەوتن و جووت بوونەکە نییە، بۆیە وەک پەڵەیەکی (ناجوان) دێتە بەرچاو.

**پەراوێزەکان:**

1-http://www.brainyquote.com/quotes/keywords/poetic.html

* دەقەکە لە مەتنی بابەتەکەدا نووسراوەتەوە.

٢- گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٦، ٢٠١٥، ل١٠٠.

٣- نەریمان خۆشناو، د.، ئەرک و گریمانەکانی زمان، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە ٢٦، ٢٠٠٧، ل. ١٦.

٤- گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢٢٥، ٢٠١٦، ل١١٨.

٥- گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١٣١، ٢٠٠٨، ل١٦٠.

٦- سەباح ڕەنجدەر، دوو کتێب لەبارەی شیعرەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ل٢٤.

٧- قوبادی جەلیزادە، دیوانی چاکەتێک لە کۆنە دەکڕم، بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، ٢٠١٥ سلێمانی، ل٩.

٨- سەرچاوەی پێشوو. ل١٠.

9-http://www.brainyquote.com/quotes/keywords/poetic.html

10- http://www.goodreads.com/quotes/tag/erotic

١١- سەرچاوەی پێشوو.

١٢) دەریا جەمال (د.) هاوژین صلیوە(د.) ئیرۆتیک لە شیعری حەمامی شێرکۆ بێکەس دا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٥، ل١٠.

١٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

١٤- هەفتەنامەی باس، ژمارە ٢٣٨، ١٢/ ٥/ ٢٠١٥.

١٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

١٦- حاجی سەعدوڵڵا شێخانی، گۆرانی فۆلکلۆری دەشتی هەولێرێ، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣، ل٦٢.

١٧- ڕووتەمەنی لە ئەدەبی کوردیدا، پێشڕەوی سەید برایم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٣٦.

18- http://www.goodreads.com/quotes/tag/eroticism

١٩- قوبادی جەلیزادە، دیوانی چاکەتێک لە کۆنە دەکڕم، بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، ٢٠١٥ سلێمانی، ل١٤.

٢٠- پ. د. محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠ ل٤٠١.

٢١- د. عەلی تاهیر حسێن، ڕەخنەی بنیادی لە تیورەوە بۆ پراکتیزەکردن، چاپی پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٢٤.

22- www.phklosophia natural principle mathematica.

23- Face book. Qubadi Jalyzada

٢٤- هەفتەنامەی باس، ژمارە ٢٣٨، ٢٠١٥/٥/١٢.

25-http://www.brainyquote.com/quotes/keywords/poetic.html

٢٦- د. هاوژین صلیوە، بنیادی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا. چاپی پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٠٠.

٢٧- هەفتەنامەی باس، ژمارە ٢٣٨، ١٢/ ٥/ ٢٠١٥.

28- http://www.goodreads.com/quotes/tag/erotic

# شیعری سەربەست لە ئەدەبی کوردیدا

د.سامان عیزەدین سەعدوون
(زانکۆی چەرموو - کۆلێجی پەروەردە)

## ڕێڕەوی شیعری سەربەست بە چەمکەکەی نازک ئەلمەلائیکە لە ئەدەبی کوردیدا

لەم تەوەرەیەدا لەو ڕاستییەوە دەچینە ناو باسەکەمانەوە کە هەوڵەکانی پرۆسەی نوێگەری تەواوکەری یەکترین و ناشتوانرێ لەیەکیان دابڕین، هەر بۆیە پێمان وایە هەوڵەکانی نوێگەری کە لە تەوەری پێشووتردا ئاماژەمان پێ کردن تەواوکەر و ئەڵقەی بەیەکەوەبەستنی ئەم هەوڵە نوێگەرییەیە کە بەسوودوەرگرتن لە پرۆسەی نوێگەری شیعری عەرەبییەوە زەمینەی بۆ ڕەخساوە و نەشونمای کردووە، هەروەها گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە شیعری کوردی لەدوا وێستگەدا لەسەر نووسینی شیعری سەربەست بە چەمکی ڕۆژئاوا لە حەفتاکاندا بە تەواوی چەسپا و تا ئەمڕۆش لەپێشکەوتندایە.

ئەوەی لەم تەوەرەیەدا دەمانەوێ باسی بکەین مەسەلەی شیعری سەربەستە لە ئەدەبی کوردیدا، بەو چەمکەی کە نازک ئەلملائیکە لە ئەدەبی عەرەبیدا هێنایە ئاراوە، ڕاستییەکەی هەروەک چۆن لە ئەدەبی عەرەبیدا چەمکی هۆنراوەی سەربەست بەهەمان چەمکی زاراوە ڕۆژئاواییەکە بەکارنەهێنراوە، بەهەمان شێوە لە ئەدەبی کوردیشدا ئەم چەمکە بە شێوەیەکی جیاواز لە چەمکە ئەوروپاییەکەی بەکارهێنراوە، «چونکە هۆنراوەی سەربەست لە هەردوو ئەدەبەکەدا وەرگێڕانێکی وشە بە وشەی زاراوە ڕۆژئاواییەکەی ئینگلیزی و فەڕەنسییە. لەم دوو ئەدەبەدا سەربەستییەکە واتای سەربەستی لە بەکارهێنانی پێیەکاندا و سەربەستی لە خۆنەبەستنەوەی هۆنراوەیە بە بەیتەوە دەگەیەنێت نەک سەربەستی لە داماڵینی ئاوازی دەرەوەی هۆنراوە» (١).

بە شێوەیەکی گشتی هەروەک چۆن لای زۆربەی لێکۆڵەران و ڕەخنەگران ئەوە ڕوون بووەتەوە کە شیعری سەربەست لە ئەدەبی کوردیدا بە هەمان چەمک بەکاردەهێنرێت کە لە ئەدەبی عەرەبیدا بەکارهێنراوە، هەر بۆیە لای حسێن عارف هەر زوو لە (١٩٥٥)ـەوە بە وتار و لێکۆڵینەوە دەرگای ئەم باسەی بۆ چەند جارێک کردووەتەوە. هەوڵی داوە سیماکانی شیعری تازەی کوردی دەستنیشان بکات، بەتایبەتیش ئەو کاتەی لە ڕێگەی سەرنجدانی لە بزاڤی نوێخوازی شیعری عەرەبییەوە و ئەوەی لە بارەیەوە دەنووسرا، کەوتە خۆی بۆ گەڕان بەدوای هەوڵی نوێخوازی لە شیعری کوردیدا، بە تایبەتیش نموونەی لە شیعری (کامەران و نووری وەشتی و کامیل ژیر) تێدا دەدی. هەر لە یەکەم وتاریدا و لە دیاریکردنی شیعری نوێدا ئاماژە بەوە دەکات کە



**کامەران موکری**

پەیڕەوکەرانی قوتابخانەی شیعری تازە (خۆیان بە تەواوی لە وەزن و لە قافیەش ڕزگارکردووە. مەبەستیش لەم ڕزگاربوونە، بایەخدانە بە مانای شیعرەکە زیاتر لە شێوەکەی)(٢). دیارە مەبەستی نووسەر لە ڕزگاربوون لە کۆتی کێش و سەروا بە واتا تەقلیدییەکەی نەک وازهێنان لێیان بە تەواوەتی، چونکە هەرخۆی لە جێگایەکی تردا دەڵێ «لە کاتێکدا لە هۆنراوەی نوێدا لە سەرەتاوە تا کۆتاییەک بەدوای یەکدا دێن و یەکتر تەواو دەکەن، ئەمەش بەهۆی ڕزگاربوونییەوە لەو کۆت و زنجیرەی وەزن و قافیە و گوێدانی بەمانا زیاتر لە شێوە تا ئێستاش زۆر لەوانەی دوورەپەرێز لە هۆنراوەی نوێ وەستاون وا دەزانن مەبەست لە خۆڕزگارکردن لە کۆت و زنجیرەی وەزن و قافیە بە تەواوی وازلێهێنانیانە، بێ گومان ئەمە بەهەڵەداچوونە، چونکە لەبارەی وەزنەوە هۆنراوەی نوێش هەر لەسەر ئەو بەحرانە دەوترێت کە هۆنراوەی کۆنی لەسەر دادەڕێژرێت، بەڵام تەنیا هێندە هەیە شاعیری نوێ بە ئارەزووی خۆی یاری بەو بەحرانە دەکات و هەڵیان دەسوورێنێت»(٣).

لێرەدا مەبەستی لە شیعری نوێ، شیعری سەربەستە کە بە کێش و سەروای کۆنەوە پابەند نابێت، بەڵکو بە شێوەیەکی تر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، شاعیر سەربەستانە یاری بە بەحرەکان دەکات و هەڵیان دەسوورێنێت، لەبارەی سەرواشەوە لە شیعری سەربەستدا دەڵێت «خۆی لەو کۆتەش ڕزگار دەکات کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی هەر بەیەک قافیە بێتەوە، یان تێکەڵکێش، یان جووت بگیرێ، بگرە شاعیر بۆی هەیە بە ئارەزووی خۆی ئاڵوگۆڕ بە قافیە بکات»(٤). بەم پێیە لەو بۆچوونانەی خرانەڕوو دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە شیعری سەربەست بە لایەوە ئەوەیە کە لەسەر وەزنی یەکپارچەیی دەڕوا و بە دەستووری کێش و سەروای کلاسیکییەوە پابەند نابێت، بەڵکو شاعیر لە چۆنیەتی بەکارهێنانی کێشەکان و دەستە پێیەکانیان سەربەستە، تا شاعیر بتوانێت چی لەدڵدابێت دەریببڕێت و یەکیەتییەکیش بە ماناکە بدات، پاراستنی یەکێتی ماناش سیمایەکی تری شیعری سەربەستە. بە گشتی ئەو شاعیرانەی کە بەلای حسێن عارف ـەوە سەر بەم ڕێچکە نوێیەن ئەوانەن کە لەسەر بنەمای گرنگیدان بەپێی هەڵبەست و دەرچوون لە سنووری دوو بەیتی، دێڕی شیعرەکانیان بنیاد ناوە.

هەروەک لە نموونەی هەندێک شیعری (گۆران و کامەران موکری و دیلان و نووری وەشتی و کامیل ژیر)دا ڕەنگی داوەتەوە. کە بەلایەوە (نووری دەشتی) لە دەقی (چۆن گەنجێکم) بناغەی ئەم قوتابخانە تازەیەی دامەزراندووە:

**بەڵێ گەنجم**
**خاوەنی مێشک و بازووی ڕەنجم**
**ژیانم لا خۆشەویستە**
**کامەرانیم پێویستە**
**ئەمەوێ شادمان بم**
**جوان وەک خۆری بەیان بم**
**بەڵام هەرهەنگاوێک**
**هەر تاوە ناتاوێک**
**تارمایی مردن**
**لەبەردەما ئەکەوێتە سەماکردن(٥)**

وەک دەبینرێ ئەم کۆپلەیە لەسەر کێشی بڕگەیی سەربەست و سەروای هەمەڕەنگ بنیاد نراوە، کە بەلایەوە مژدەی لەدایکبوونی ئەو هۆنراوە نوێیەمان دەداتێ کە ئێمە مەبەستمانە و لێی دەدوێین، هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات کە کامەران موکری لەنێو ئەوانەی کە شیعری سەربەست دەنووسن زیاتر سەرکەوتووترە، هەر بۆیە دەڵێت «کامەران نزیکترین شاعیرمانە لە هۆنراوەی نوێوە، هۆنراوەی نوێ بەمانای هۆنراوەی سەربەست (حر)

بەرەڵا (مطلق).»(٦)

مارف بەرزنجی ش لە ڕوانگەی هەمان چەمکەوە ڕای خۆی لەبارەی شیعری نوێوە بەم شێوەیە دەردەبڕێت «شاعیر و بوێژانی ئەم سەدەی بیستەمە کۆت و زنجیری کۆنیان شکاند و قاڵبێکی تریان دروست کرد و وازیان لە قافیە هێناوە و وەزنیان بە چەشنێکی کە هەڵسووڕان، جاران وەزن لەسەر کەرتە شیعر دائەمەزرا، ئەمڕۆ لەسەر (تەفعیلە) دائەمەزرێ، گوێ نادرێتە کورت و درێژیی کەرتەکانی شیعر، بەڵام مۆسیقا ئەپارێزرێ، ئەویش بە لانەدان لە وەزن. بەم بۆنەیەوە ئەتوانم بڵێم هەر چەند پارچە شیعرێکمان هەیە لە کوردستانی عیراقدا کە شیعری تازەی پێ بوترێ و ئەم مەرجانەی تێدا جێ بەجێ کردبێ کە بریتییە لە یەکێتی هەڵبەست و دامەزراندنی وەزن لە تەفعیلە، ئەو پارچانەش (بت بتەوان، شۆڕشگێڕ)ی گۆران و (ڕێگای خەباتی)ی دیلانە»(٧). بە گشتی بۆچوونی مارف بەرزنجی لەبارەی شیعری نوێوە هەمان دەستنیشانکردنی چەمکی شیعری سەربەستە لە ئەدەبی عەرەبیدا، کەواتە ئەم جۆرە شیعرانە سەرەڕای ئەوەی کێش و سەروای تێدایە بایەخی زیاتر بە مۆسیقا دەدات.

یەکێک لەو شیعرانە بەلای نووسەرەوە بە شیعری سەربەست دانراون پابەندی کێش و سەروای کۆن نەبووە و لە سنووری بەیتی دوو دێڕی دەرچوون و لەسەر بنەمای گرنگیدان بەپێی (تەفیعلە) بنیاد نراون شیعری (بت بتەوان)ی گۆرانە:

**ڕابووردوو ٣**
**هەبوو نەبوو ٤**
**سەردەمی زوو ٤**
**بت بتەوان ٤**
**پیرە شەیتان ٤**
**بت دروستکەر ٤**
**بتەوان گۆشدەر ٥**
**بت پەرستی بە ئاینکەر ٨**
**ڕەگ داکەوتووی ئیمپریالیست ٨**
**خوێن مژی ئاسایش نەویست ٨ (٨)**

گۆران لەو دەقەدا چوار کێشی بڕگەیی بەکارهێناوە کە بریتین لە کێشی (٣، ٤، ٥، ٨). ئەوەی زیاتر بەسەر دەقەکەدا زاڵە، کێشی هەشت بڕگەییەکەیە کە بەدەستەپێی جیاواز بنیادی ئاوازەیی دەقەکەی پێکهێناوە، هەروەها چەمکی بەیتی دوو دێڕی تێکشکاوە و دێڕی شیعری لەسەر پێ دامەزراوە.

(د.دڵشاد عەلی)یش باس لەم جۆرە کێشە دەکات و پێی وایە ئەم کارە هەنگاوێکە لە هەنگاوەکانی هۆنراوەی سەربەست، چونکە شاعیر لە هەندێ شوێندا سنووری بەیتی دوو دێڕیی شکاندووە و کێشەکەی لەسەر دێڕ و پێتی جیاواز دامەزراوە. شیعری (بەستەی دڵدار)ی بە نموونە هێناوەتەوە.(٩)

گۆران لە چل و پەنجاکاندا کۆمەڵێک دەقی بەم شێوازە نووسیوە کە هەموو ئەو مەرجانەی تێدایە کە لە شیعری تازەدا هەن، بەو چەمکەی کە حسێن عارف و مارف بەرزنجی و عەبدولڕەزاق بیمار دەستنیشانیان کردووە، وەک (گوڵی خوێناوی، بەستەی دڵدار، ئاهەنگێک لەناو ڕان، کوردستان، جیلوەی شانۆ، ئاواتی دووری، خۆزگەم بە پار، ئەنجامی باران، شۆڕشگێڕ، بت و بتەوان، گۆرانی لاوانی جیهان، گۆرانی دەنکە گەنم، پیتەرلۆتی، ماکارتی، دانە دانە، مارشی ئاشتیخواز، پشیلەکەم، ساوای ئاشتیخواز).

عەبدولڕەزاق بیماریش هەمان بۆچوونی بۆ شیعری سەربەست هەیە کە دەڵێ «دەبێ زۆرچاک لەوە بگەین کە هەڵبەستی سەربەست وازی لە عەرووز و بەحرەکانی خەلیل نەهێناوە، بەڵکو هەر هەڵبەستێک دەتوانرێ بە پێوانەی عەرووز بپێورێت و جیاوازییەکەیان لەوەدایە کە دێرە هەڵبەستێکی شێوەی کۆن ئەگەر (رەمەڵ) بێت بە نموونە ٨ پێی (فاعلاتن)ی تێ دەبێت، بەڵام لە هەڵبەستی سەربەستا دێڕ (بەیت)، کە بریتی نییە لە دوو نیوەدێڕ کە شاعیران پێی دەڵێن، بەڵکو بریتییە لە چەند نیوەدێڕێک لە دوو تا شەش و حەوت هەموویان بیر و مەبەستێک دەردەبڕن، ئەم چەند نیوەدێڕانە لە کۆپلەیەکدا کۆدەبنەوە، هەریەکە ژمارەیەک تەفعیلەیان تێدایە، هی وا هەیە یەک پێی (فاعلاتن) و هی وا هەیە دوو، یان چوار، یان سێ بەپێی ڕیزکردن و هاوڕێکی لەمەدا ڕێکەوت و پێویستی دەربڕین و پشوودان دەوردەگێڕن، پاشبەندیشیان هەروەها ڕێکەوتە و هیچ یاسایەک ڕیزیان ناکات زۆرجاریش کۆپلەیەک بەبێ پاشبەندە»(١٠). لەم بۆچوونانەوە چەند ڕاستییەکمان بۆ روون دەبێتەوە ئەوەیە کە شیعری سەربەست بەلایەوە ئەوەیە کە وازی لە کێشی عەرووزی نەهێناوە، بەڵام ئەوەی کە جیای دەکاتەوە ئەوەیە کە لێرەدا چەمکی دێڕ (بەیت) تێکشکاوە، کە

بریتییە لە چەند نیوە دێڕێک و بە هەموویانەوە مەبەستێک دەردەبڕن، پێی کێشە بەکارهاتووەکەش بەبێ هاوڕێکی بەسەر ئەم نیوەدێڕانەدا دابەش کراوە سەرواشیان ڕێکەوتە و شاعیر بیر لە سەروا ناکاتەوە، بۆیە زۆرجار کۆپلەیەک بێ سەروایە. ئەوەی جێی سەرنجە لەم بۆچوونانەی نووسەر ئەوەیە کە باسی کێشی بڕگەیی ناکات کە چۆن بەم شێوازە نوێیە ڕۆڵیان لە بنیادی ئاوازەیی دەقی شیعری سەربەستدا دەبێ.

بەپێی ئەم چەمکەی کە بیمار دەستنیشانی کردووە زۆر بە کەمی شاعیرانی کورد شیعریان پێ نووسیوە، چونکە شاعیرانی کورد لە قۆناغی نوێخوازیدا و هەر لە یەکەم هەنگاویاندا ڕوویان لە کێشی بڕگەیی کرد و وازیان لە کێشی عەرووزی هێنا.

ئەو مامەڵە نوێیەش لەگەڵ کێشی بڕگەییدا بۆ خۆی بووە مایەی سەرهەڵدانی شیعری سەربەست بەم چەمکە نوێیە. ئەو شیعرانەی کە بەلای بیمارەوە بە شیعری سەربەست دانراون بۆ خۆیان لەسەر بنەمای گرنگیدان بەپێی شیعری، بەڵام لە چوارچێوەی کێشی عەرووزیدا و دەرچوون لە سنووری بەیتی دوو دێڕی بنیاد نراون، نموونەی دەقێکی شیعری گۆران بە ناوونیشانی (ئاخ هەزار ئاخ) کە بە بەحری (ڕەمەل) گوتوویەتی، دەهێنێتەوە.

**ئۆف هەزار ئۆف! ئاخ هەزار ئاخ! تاقیامەت ئاخ و داخ**
**من کە سنگم بەردە، تەبعم بەرزە چەشنی شاخ و داخ**
**من کە خوێنم ئاگرە**
**چوونە جۆشم حازرە**
**من کە مایەی فەخری تەئریخی بەڕووم**
**تاقەڕەنگی ئابڕووم(١١)**

ئەوەی لە دەقەکەدا کردوویەتی دەستکاری پێی کێشەکەیە کە کەرت کراون لەبری ئەوەی هەر بە چوار تەفعیلە بێتە خوارەوە، هاتووە دێڕەکانی دواتری لەسەر دوو تەفعیلە و سێ تەفعیلەیی نووسیوە، بەڵام گۆران هەر بەمەوە نەوەستاوە دوای ئەوەی وازی لە کێشی عەرووزی هێنا و ڕووی لە کێشی بڕگەیی کرد، دەستکاری لەو کێشە بڕگەییانەشدا کرد و مامەڵەیەکی نوێی لەگەڵ کێش و سەروای بڕگەییدا هێنایە کایەوە کە بۆ خۆی بووە مایەی سیمایەکی دیاری شیعری سەربەست، چونکە بەکارهێنانی دەستەپێی جیاوازی کێشەکان و تێکەڵکردنیان لە دەقێکدا سەربەستی تەواوی بە شاعیر



**کامیل ژیر**

بەخشی سەربەستانە بیروڕاو هەست و مەبەستی خۆی پتر دەرببڕێت و بەم کارەش بەر بۆ داهێنانێکی هونەری والاتر دەبێت.

بەم پێیە بەلای بیمارەوە «هەڵبەستی سەربەست لە چوارچێوەی عەرووزدا خۆی دەنوێنێت و لە دانانی ژمارەی (تەفعیلە) لە دێڕە هەڵبەستدا سەربەستە و کێشە جۆربەجۆرەکان عەرووزی تێدا بەکاردێت و ترپە لەسەر بناغەی پێ هەڵدەستێت، نەک دێڕ» (١٢)، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە شیعری سەربەستی کوردی بەم چەمکە نوێیە بنیاد نرابێ، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی زیاتر بە کێشی خۆماڵی نووسراوە بەو چەمکەی شاعیر سەربەستانە مامەڵە لەگەڵ کێش و دەستەپێی کێشەکەدا دەکات و بە سەروای یەکگرتووەوە پابەندیش نابێت. هەروەک لە چلەکانەوە لەم جۆرە شیعرەمان هەیە، تەنانەت لەدوای حەفتاکانیشەوە بە شێوەیەکی گشتی شاعیران بەیەکجاری ڕوویان لە کێشی بڕگەیی دەستکاریکراو کرد.

کردنەوەی ڕێڕەوی شیعری سەربەست بە چەمکی نازک لە شیعری کوردیدا هەر بەو هەنگاوانە زەمینەی بۆ ڕەخسا و دەرگای بە ڕوودا کرایەوە کە هەر لە سەردەمی گۆران خۆی و لەسەر دەستی خۆی ئەم جۆرە شیعرەی ئەزموون کردووە. هەروەک د.دڵشاد عەلی دەڵێ «یەکێ

لەو هەڵبەستانەی کە لەم ڕووەوە سەرنج ڕادەکێشێ هەڵبەستی (بەستەی دڵدار)ی گۆرانە کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٤٠ بڵاوکراوەتەوە هەڵبەستەکەشی بریتییە لە چەند کۆپلەیەک و تەنیا کۆپلەیەکی لێ دەرچێت، ئیتر ئەوانی تر سێ کێشی برگەیی تێدا بەکارهێنراوە کە کێشی حەوت و پێنج و هەشت برگەییە، وەک لەم کۆپلەیەدا بەدی دەکرێ:

**نەباریکی نەگۆشتن** ٤+ ٣
**نەکچۆڵەی نەشا ژن** ٤+٣
**نەزۆر چاوڕەشی** ٥
**نەئێجگار گەشی** ٥
**بەڵام بە نیگای شیرین** ٥+٢
**نەمدی کەس** ٣
**وەک تۆ بەتین** ٤
**تۆیت و بەس** ٣
**لێت بێ بزەی مانگە شەوێ** ٤+ ٤
**بەژنی ڕێک و ڕەوتی کەوێ** ٤+٤» (١٣)

وەک دەردەکەوێت هیچ یاسایەک نییە کە دەستەپێی کێشەکان بە هاوڕێکی بەسەر دێڕەکاندا دابەش بکات، بەڵکو پێیەکان کەرتکراون، هەروەها (پێنج) جۆر کێشی بەکارهێناوە کە ئەمە بۆ خۆی زۆر نوێیە و پێشتر تەنیا یەک کێش و یەک دەستەپێی کێشەکە لە دەقێکدا بەکاردەهێنرا. لەبواری سەرواشەوە پابەندی سەروای یەکگرتوو نەبووە، بەڵکو سەروای هەمەرەنگ لە بنیادی ئاوازەیی دەقەکەدا بەکارهاتووە. هەوڵەکانی گۆران بناغەیەکی گرنگ بوون بۆ سازدانی زەمینەیەکی لەبار بۆ شاعیرانی دوای خۆی، کە بەرەو ئەم ڕێچکە نوێیە هەنگاوبنێن و لە نووسینی شیعردا پەیڕەوی بکەن. هەروەک لە پەنجاکاندا کۆمەڵێک شاعیری وەک (کامەران، دیلان، وەشتی، ژیر، ع.ح.ب، دڵزار، کاکەی فەلاح...تاد) چەندان شاعیری تریش بەرەو ئەم جۆرەی شیعر هەنگاویان نا، بەڵام هەر بە تەواوی ڕێڕەوی خۆی نەگرت. ئەوەبوو لە دوای حەفتاکانەوە لەسەر دەستی کۆمەڵێک لە شاعیرانی لاو بە یەکجاری ئەم ڕێچکە نوێیەیان کردەوە و چەسپاندیان و ئێستاش لەلایەن هەندێک لە شاعیرانەوە پەیڕەو دەکرێت.

هەندێک لێکۆڵەر و ڕەخنەگر پێش ئێمە باسیان لەوە کردووە، کە نموونەی ئەم ڕێچکە نوێیەی شیعری سەربەست کەم و زۆر لای هەندێک لە شاعیرانی قۆناغی نوێگەری دەبینرێت وەک (گۆران، دڵدار، بەختیار زێوەر، قەدری جان، کامەران موکری، دیلان، ع. ح. ب، کامل ژیر، نووری وەشتی، کاکەی فەلاح، دڵزار، ...تاد)(١٤).

هەر لێرەوە کاتێک ئاوڕ لە بەرهەمی کامەران موکری دەدەینەوە، ئەوە هەندێک دەقی شیعریمان بەرچاو دەکەوێت کە بەپێی هەمان چەمکی شیعری سەربەست نووسراون، کە کێشدارن و سەرواشیان هەیە، بەڵام گۆڕانکارییان تێدا کراوە، یەکێتی بەیت تێکشکاوە و لەجیاتی ئەوە دێڕ، یان ڕستە جێگای دەگرێتەوە، ئەمەش کۆپلەیەکە لە شیعری (ئەی کچە شوان)(١٥)ەکەی.

**ئەی کچی شوان** ٤
**هەلالەیی** ٤
**ئەی کەنیزەی کەژی کوێستان** ٤+ ٤
**بەشێنەیی** ٤
**نەرمونیان** ٤
**بە ئاوازی شمشاڵەکەت** ٤+ ٤
**بەلەرەی لێوە ئاڵەکەت** ٣+ ٥
**هەستی خۆشم بێنە فڕین** ٤+ ٤
**بۆ ناو گوڵزار** ٤
**چەمو نزار** ٤
**ئاسمانی شین** ٤

وەک دەبینرێت لە ڕووی کێشەوە بنەمای ئاوازەیی ئەو کۆپلەیە ئاکامی تەنیا کێشێکە کە هەشت برگەییە، هەرچی پێی شیعرەکانیشە کە لێرەدا دانەی پێکهێنانی ئاوازەکەیە بریتییە لە پێی چوار برگەیی کە ئەمەش لەو پێیانەن کە لە کێشی هەشت برگەییدا دەبینرێن. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە دەستەکردنی ئەو پێیانە و ڕیزکردنیان لە سەرجەمی دێڕەکاندا یەک سیستمی نەگرتووەتە بەر، چونکە هەندێک دێڕ لە یەک پێ پێکهاتووە و هەندێک دێڕی تریش لە دوو پێ، ئەمەش بۆ خۆی تایبەتییەکە و سروشتی کێشە برگەییەکە پێکی هێناوە. سەرواشیان ڕێکەوتە و هیچ یاسایەک ڕیزیان ناکات(١٦).

هەروەها لە شیعری (کۆتری ئاشتی) کە لە یازدە کۆپلە پێکهاتووە لە ساڵی ١٩٥٤ لە ڕۆژنامەی ژین ژمارە (١٢١٠- ١٢١١) لە ١٩٥٤/٨/١٩ بڵاوبووەتەوە، هەمان دیاردەی مامەڵەکردنێکی سەربەستانەی شاعیر لەگەڵ پێ و دەستەپێی هەمان کێشی هەشت برگەییدا

بەدی دەکرێت وەک لەم کۆپلەیەدا دەبینین:

**بەیانییە ٤**
**تۆ بخوێنە ٤**
**ئەی کۆتری سپی نەشمیل ٤+ ٤**
**قاچ ئاڵتوونی نەرمی خنجیل ٤+ ٤**
**تۆ بخوێنە ٤**
**بەیانییە ٤**
**کاتی خۆشی و گۆرانییە ٤+ ٤**
**لەخەو هەموو ٤**
**ڕاپەڕێنە ٤**
**ئاواتمان ئاوەدانییە ٣+ ٥**
**بەیانییە ٤**

وەک دەبینرێ لێرەدا شاعیر مامەڵەی لەگەڵ یەک کێشدا کردووە کە ئەویش بریتییە لە کێشی هەشت بڕگەیی، بەڵام بە شێوەیەکی نایەکسان دەستەپێی ئەم کێشەی بەسەر دێڕەکاندا دابەش کردووە، دێڕ هەیە لەیەک دەستەپێی چوار بڕگەیی و دێڕیش هەیە لە دوو دەستەپێی چوار بڕگەیی بنیاد نراوە، بەڵام لەسەرجەمی کۆپلەکەدا یەک دەستەپێی بەکارهێناوە تەنیا لە دێڕی دەیەمدا نەبێ دەستەپێ (٣+ ٥)ی بەکارهێناوە. سەرڕوای ڕەنگاوڕەنگ ڕۆڵی لە بنیادی ئاوازەیی ئەم کۆپلەیەدا گێڕاوە.

کامەران موکری ش جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە کە شیعری سەربەست بە هەڵە وا دەزانرێت بێ کێشە. لەم بارەیەشەوە دەڵێت: «ئینجا هۆنراوەی سەربەست خۆ وەنەبێ پەخشان بێ وەک نەشارەزایان تێی گەیشتوون، ئەمیش هەرچەندە سەربەستە هەر ڕێوشوێنی خۆی هەیە و هەر تێکەڵ بە دەریا و تایبەتییەکانی هۆنراوە ئەبێتەوە و شارەزایی زۆری ئەوێت» (١٧)، یان پێی وایە کە قاڵبی کێش دەکرێت گۆڕانکاری تێدا بکرێ و بەشێوەی جیاواز و هەمەجۆر بەکاربهێنرێت «کێش ئەگەرچی وتمان بنچینەی هۆنراوەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە وەک چۆن بووە هەروابێ، یان وەک چۆن هەیە هەروا بمێنێتەوە، ئەگونجێ کێش پارچە پارچە بکرێت، لە هەندێک شوێندا چەند پارچەیەکی لابرێت و لە چەند شوێنێکی تردا چەند پارچەیەکی تری بدرێتە دەم، بەڵام ئەبێ ئەم کارە نەبێ بەهۆی ونبوونی بنچینەی کێشەکە، چونکە ئەگەر هاتوو وای لێ بەسەرهات ئەوە دەبێ بە پەخشان» (١٨).

لەبارەی پەیڕەوکردنی کێشی شیعرییەوە پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە کامەران موکری لە بنیادی ئاوازەیی دەقە شیعرییەکاندا تەنیا کێشی بڕگەیی بەکارهێناوە، بەزۆریش ڕووی لە کێشی حەوت و هەشت و دە بڕگەیی کردووە، سیمای هەرە دیاری شیعری کامەران ئەوەیە کە شێوازی بەیتی پەیڕەو کردووە، ئەو شیعرانەشی لەسەریەک کێش داناوە قافیەکانیان مەسنەوین (جووت قافیە)، بەڵام بنیادی هەندێک دەقیشی هەیە لەم ڕێچکەیە لای داوە و ڕووی لە کێشی هەمەڕەنگ و سەرڕوای ڕەنگاوڕەنگ کردووە، هەروەک د.مارف خەزنەدار ئاماژەی پێ دەکات و دەڵێت «بەشێکی کەم لە شیعرەکانی کامەران ئەو پارچە لیریکانەن کە لە شیعرێکدا چەند کێشێک بەکاردەهێنێت، وەک خۆیان، یان بە کەرتکردنیان، وەک لە کەرتکردنی دە بڕگەیی پێنج بڕگەیی دروست دەکات، یان لە هەشت بڕگەیی چوار بڕگەیی دروست دەکات» (١٩).

ئەم هەنگاوە نوێیەی کامەران بەرەو ئەم ڕێچکە نوێیەی شیعری کوردی لە هەردوو دەقی (ئەی کچە شوان) و (تینوومە)دا ڕەنگی داوەتەوە. کامەران لە کەرتکردنی کێشی دە بڕگەیی لە ڕوانگەی چەمکی شیعری سەربەستەوە ئەم دەقەی بەپێی (٥) بڕگەیی بنیاد ناوە، کە دەڵێت:

**ئەمڕۆ تینوومە ٥**
**زۆرم تینووە، هەروەک بیابان ٥+ ٥**
**لمی سووتاوم، تاسەی تاساوم ٥+ ٥**
**تینوون، بۆ نەختێک دڵۆپی باران ٥+ ٥**
**سادەی هەورەکەی ژیان، بارانێ ٥+ ٥**
**ڕامالێت پووشی نائومێدی دڵ- خەندە و گریانێ**
**٥+ ٥+ ٥**
**شۆڕشی لێشاو ٥**
**باهەستێ بەتاو ٥**
**بۆ سەر قەڵاکەی سەختی، دەروونی ٥+ ٥**
**سزا و نەبوونی ٥**
**دەرهێنێ لەبێخ ژاڵەی پەژارە، ژیانم تاڵە ٥+**
**٥+ ٥**
**ئەمڕۆ تینوومە هەروەک بیابان(٢٠) ٥+ ٥**

وەک دیارە بنیادی ئەم دەقە لەڕووی کێشەوە کێشی دە بڕگەیییە، بەڵام شاعیر ئەم کێشەی کەرت کردووە بۆ پێی (٥) بڕگەیی و دەستەپێی جیاوازیشی لێ دروست

کردووە، هەر بۆیە بنیادی دێڕەکانیشی بە هاوسەنگی و بە ڕیز پابەندی کێشی دە بڕگەیەکە نەکردووە، بەڵکو هاتووە بەسەربەستانە دێڕەکانی لەسەرپێ و دەستەپێی جیاواز بنیاد ناوە هەروەک لە بەرانبەر دێڕە شیعرییەکاندا دیاریمان کردوون.

کامەران موکری لە شیعری (شەپۆلی زێڕ) دەڵێ:

**چیای ڕەنگین** ٤
**داوێنی کەژ، نێرگس و گوڵ** ٤+ ٤
**گزنگ لەناو کۆشی چەما، ئارامی گرت** ٤+ ٤+ ٤
**ئاسمانی شین** ٤
**ئەستێرەی زیوی ڕووی سڕی** ٣+ ٥
**شەوبۆیەکی خنجیلانە** ٤+ ٤
**لە سێبەردا** ٤
**پێکەنی سەری هەڵبڕی** ٣+ ٥
**بۆ تیشکی خۆری گەرم و گوڕ** ٣+ ٥
**دڵۆپی قەڵبەزەی وەک چوڕ** ٣+ ٥
**چاوی هەزار** ٤
**شنەی شەماڵ، سروەی نازدار** ٤+ ٤
**چەمی بزێو(٢١)** ٤

لەم کۆپلەیەدا چەمکی باڵ و دێڕ نەماوە و تێکشکاوە، هیچ پەیڕەو و یاسایەک نییە بەهۆیەوە ژمارەی پێیەکانی هەر دێڕە دەستنیشان بکرێت، چونکە دێڕ هەیە لە یەک پێ و هەیە لە دوو هەیە لە سێ پێ پێکهاتووە، کەواتە ئەو یەکسانییە نامێنێت کە لە سیستمی عەرووزی و ستوونیدا پەیڕەو دەکرا. لێرەدا دێڕی شیعری جێگای دەگرێتەوە، ئیتر دێڕەکە سەربەستە لەوەدا ڕستەکە درێژبێتەوە یا کورت. ئەوەی جێگای سەرنجە لەو دەقەدا ئەوەیە کە دێڕی (٨ و ٩ و ١٠) لە دەستەپێی جیاواز دروست بوون کە هەمان ئەو دەستەپێیە نییە کە لە بنەڕەتدا ئاوازی بنیادی دەقەکەی پێکهێناوە، ئەویش (٤+ ٤)ە، بەڵام لێرەدا شێوەیەکی ترە ئەویش (٣+ ٥)ە، بەڵام هیچ ناسازییەک لە ئاوازەی دەقەکەدا ڕووی نەداوە، چونکە ئەمە تایبەتمەندییەکی کێشە بڕگەییەکەیە کە بۆ خۆی پێکی هێناوە و لە سنووری کێشی (٨) بڕگەییەکەش نەچووەتە دەرەوە با کێشەکەش بۆ دەستەپێی جیاواز، کەرت بکرێت، لەم لایەنەوە مامۆستا حسێن عارف زنجیرەیەک وتاری بە ناوونیشانی (ڕایەک لەبارەی شیعری سەربەستەوە)(٢٢) بڵاو دەکاتەوە، تێیدا چەمک و چییەتی شیعری سەربەست و ئەو کێشانەی کە لە بنیادی شیعری سەربەستدا بەکاردەهێنرێن ڕوون کردووەتەوە، هەروەها جۆری سەربەستییەکەشی بە نموونە ڕوون کردووەتەوە. ئەوەی لەو باسەدا جێگای سەرنجە و بایەخی زۆرە بریتییە لە (کەرتکردنی بڕگەکان) بە شێوەیەک کە شاعیر بتوانێت بەر بۆ توانایی و دەسەڵاتی خۆی لە داهێناندا لە هەموو ڕوویەکەوە بەرەڵلا بکا(٢٣).

کەرتکردنی بڕگەکان لە کێشی دوازدە بڕگەییدا دەشێت بە (٤+ ٤+ ٤) و (٣+ ٣+ ٣+ ٣) ئاوازداربن و زەماوەندی خۆیان بگێڕن، یان لە کێشی ١٣ بڕگەییدا دەشێ ببێتە (٤+ ٤+ ٤+ ١) یا (٤+ ٤+ ٥) یا (٣+ ٣+ ٣+ ١) یا (٣+ ٣+ ٣+ ٤) ئیتر بدەن بەدەمیەوە بۆ هەموو دەستەپێیەکانی تری ئەم کێشە(٢٤).

ئەمە ئەو شێوازەیە لە بەکارهێنانی کێشێک و پابەندبوون بەیەک جۆر دەستەپێی کێشەکەوە. هەروەک نازک ئەلملائیکە پێشنیاری ئەوەی کردووە و دەڵێت «دەبێ شاعیر ئەوە باش بزانێت کە هەر بەحرێک لە بەحرەکانی هۆنراوە دەستەپێی جیاوازی هەیە نابێ لە هەڵبەستێکدا بە یەکەوە بەکاربهێنرێن، بەڵکو پێویستە هەر هەڵبەستە و دەستەپێیەکی سەربەخۆ هەڵبژێرێ و لەسەری بڕوات و تا دوا دێڕ لێی لانەدات»(٢٥)، بەڵام زۆرجار شاعیر لەو دەستوورە لادەدات و بەپێی هەست و سۆز و مەبەستی شاعیر سەربەستانە مامەڵە دەکات لەوەی کە دەستەپێی جیاواز و کێشێکی شیعری بەکاربهێنێت، تەنانەت هەندێک جار کێشەکان بە تێکەڵی لەدەقێکدا بەکاردێنێت.

هەر لە ڕوانگەی چەمکی شیعری سەربەستەوە کە شیعرەکانی دیلان بەسەر دەکەینەوە ڕووبەڕووی چەند دەقێک دەبینەوە کە بەپێی ئەم چەمکە بنیاد نراون، لە پێشەوەی ئەو دەقانەش دەقی (ڕێگای خەبات)ەکەیەتی کە بۆ خۆی گەلێک سەرنج و تێڕوانینی لەبارەوە گەڵاڵە کراوە، کە لێکۆڵەران و ڕەخنەگران بە دەقێکی سەرکەوتووی شیعری سەربەستی کوردی لە قەڵەم دەدەن. «یەکەم تێڕوانینی ڕەخنەگرانە دەربارەی (ڕێگای خەبات)ەکەی دیلان لەو پێشەکییەدا بەدەست دەهێنرێت کە (مەعرووف خەزنەدار) نووسیویەتی بۆخۆی تێڕوانینێکی سەرنجڕاکێشە کە دەڵێت: دیلان ڕێگای خەباتی ناو ناوە پارچەیەکی مەنسوور، نازانم بۆچی؟

ماموستا دیلان، لەلای من وایە ڕێگای خەباتت پارچە شیعرێکی گەلێک بەرزە، ئەگەر لە شیعرەکانی ترت بەرزتر نەبێت هیچ گومانم نییە کە لەوان کەمتر نییە، ئەبوو شیعری پێ بلێیت، چونکە وەزنی هەیە، خۆ قافییەشی زۆر بەهێزە، لام وایە ڕێگای خەباتت بە تەرازووی کۆن کێشاوە، ئێمە شانازی بە کۆنەوە ئەکەین، چونکە دەستووری ئێستامانە، ڕێگای خەبات نموونەیەکی جوانە بۆ شیعری ئێستای کوردی، ئاسۆیەکی تازە لە پێش ئەدەبی کوردییا ئەکاتەوە.» (٢٦).

پێشبینی کردنی ئەوەش کە ئەم بەرهەمە کارێکی داهێنەرانەیە و ئاسۆیەکی نوێ لەبەردەم نوێگەری شیعری کوردیدا دەکاتەوە، ڕاستەوخۆ بووە مایەی ئەوەی تێڕوانینی تر دەربارەی بخرێتە بەردەست.

یەکێک لەو بۆچوونانەش لە نووسینێکی (مەعرووف بەرزنجی)دا بەدەست دەهێنرێت کە دەڵێت: «شاعیر و بوێژانی ئەم سەدەی بیستەمە کۆت و زنجیری کۆنیان شکاند و قاڵبێکی تریان دروستکرد و وازیان لە قافییە هێنا، وەزنیان بە چەشنێکی کە هەڵسووڕان جاران وەزن لەسەر کەرتە شیعر دائەمەزرا، ئیمڕۆ لەسەر (تەفعیلە) دائەمەزرێ، گوێ نادرێتە کورت و درێژی کەرتەکانی شیعر، بەڵام مۆسیقا ئەپارێزێ، ئەویش بە لانەدان لە وەزن، ئەتوانم بڵێم هەرچەند پارچە شیعرێکمان هەیە لە کوردستانی ئێراقدا کە شێوەی تازەی پێ بوترێ، ئەو پارچانەش (بت بتەوان، شۆڕشگێڕ)ی گۆران و (ڕێگای خەبات)ی دیلانە.» (٢٧).

د. دڵشاد عەلی لەم بارەیەوە بۆچوونی خۆی خستووەتە بەردەست و زانستانە لەم باسەی کۆڵیوەتەوە و گەلێک سەرنج و بۆچوونی وردی لەبارەی دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری سەربەست و ئەو دەقەوە خستووەتە بەردەست کە بەلای ئێمەوە گرنگترینیان ئەوەیە کە «دیلان لەپێش هەموو ئەو شاعیرانەوەیە ڕوویان لە شیعری نوێ بە چەمکی سەربەست کردووە، چونکە بە (ڕێگای خەبات)ەکەی ڕەنگی شیعری سەربەستی لە ئەدەبی کوردیدا ڕشت» (٢٨).

هەر لێرەوە بەمەبەستی دیاریکردنی سیما و تایبەتمەندی ئەم دەقە و چۆنیەتی مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ کێش و سەروا و ڕۆڵیان لە بنیادی ئاوازەیی دەقەکەدا سەرنج لەم کۆپلەیەی (ڕێگای خەبات) (٢٩)ی دیلان دەدەین:

**تا فرمێسکی ڕەهێڵەی خۆر** ٤+ ٤
**نەڕژێتە سەر** ٤
**نەڕژێتە سەر چرۆی قۆچاو** ٤+ ٤
**نایەتە بەر** ٤
**پێ ناکەنێ بەبای شەماڵ** ٤+ ٤
**ناترووکێنێ** ٤
**چاوی نووستووی ژێر هەوری تار** ٤+ ٤
**ناکرێتەوە** ٤
**نابێ بەسەرپۆشی درەخت** ٤+ ٤
**چرۆی کرژی نەپشکوتوو** ٤+ ٤
**خەولێکەوتوو** ٤
**لێو هەڵتوتاو** ٤
**بۆ ئاوی چاو** ٤

لەهەر دێڕێک لە دێڕەکانی ئەم کۆپلەیەدا ژمارەی پێیەکان بە نایەکسانی دابەشبوونە، هەرچەندە بنیادی ئاوازەیی دەقەکە بە کێشی هەشت بڕگەیی بنیاد نراوە، هەر پێیەکیش لە چوار بڕگە پێکهاتووە، بەڵام شاعیر بەشێوەیەکی سەربەست مامەڵەی لەگەڵ ئەم کێشەدا کردووە، چونکە دێڕ هەیە لە یەک پێ پێکهاتووە، هەیە لە دوو پێ بەبێ ڕیزکردن و هاوڕێکی، لەمەدا ڕێکەوت و پێویستی بیر دەربڕین و پشوودان دەوردەگێڕن.

«هەرچی ڕۆڵی قافیەشە لەو کۆپلەیەدا ئەوە دیارە کە ئەو سیستمە ڕێکوپێکەیان وەرنەگرتووە کە ڕاستەوخۆ بەچاو ببینرێن، یان لەکاتی گوێگرتندا لەو شوێنەدا ببیسترێن کە چاوەڕێ دەکرێن، بەڵکو وەک دەستە دەنگەکانی (ەر) و (او)ی کۆتایی پێ و دەستەپێی ناو ئەو کۆپلەیە بینیویانە» (٣٠).

دیلان لە زۆربەی چاوپێکەوتنەکانیدا ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە بنەما و بنەڕەتی شیعر هەیبێ و پێویستی پێی بێ هەر ئەو دوو بنەما ئاوازەییە و ڕاشکاوانە وتوویەتی «ئەوەی بێ کێش و سەروا بڵاوئەکرێتەوە شیعر نییە، موستەلزەماتی شیعری لە مەنسوور، یان ئەوەی پێی ئەڵێن شیعری (الحر) کە قافیە و وەزنی نییە چی جیای ئەکاتەوە، قافیە و وەزن جیای ئەکاتەوە، نەک من ڕام وایە، ئەوە شتێکی داڕێژراوە و داکوتراوە کە موناقەشەی تێدا نییە، هیچ مومکین نییە تۆ بتوانی موناقەشەی لەسەر بکەی کە ئەمە شیعری (حر)ە ئەمەیان شیعری موقەفا و مەوزوونە» (٣١).

هەر بۆیە هیچ دەقێکی شیعری (دیلان)مان بەرچاو

ناکەوێ کە لە کێش و سەروا داماڵرابێت، چونکە شیعری حر بەلایەوە ئەو شیعرەیە کە کێش و سەروای نییە، ئەم جۆرە شیعرەش بە پەخشان دادەنێت و بە شیعری دانانێ، دیلان لە سەرەتاوە بە دوودڵییەوە ڕوو لەم ڕێچکە نوێیە دەکات و زۆرجاریش ئەم جۆرە شیعرانەی بە پەخشان و شیعری مەنسوور لەقەڵەم دەدا، بۆیە (ڕێگای خەبات)ەکەشی بە شیعری مەنسوور بڵاوکردبووەوە، بەڵام هەروەک د.دڵشاد عەلی دەڵێ «پاش بایەخدانی نووسەران و شاعیرانی کورد بە شیعری سەربەست و سەرهەڵدانی کۆمەڵێک بەرهەمی شیعری سەربەست لەدوای (ڕێگای خەبات)ەکەی، ئەمیش ناو بە ناو ڕووی لەم جۆرە بنیادە شیعرییە دەکرد و لە کۆتایی پەنجاکانەوە تا کۆتایی شەستەکان چەند بەرهەمێکی تری شیعری سەربەستی بڵاوکردەوە لەوانەش (نێرگس، لۆمۆمبا، بۆ گیانی غەنی بلووریان، درەخت، سولەیمانی، چیرۆکێ» (٣٢).

ئەوەی تێبینی دەکرێ بە گشتی لەو بەرهەمانەشیدا ڕووی لە بەکارهێنانی کێشی هەشت بڕگەیی و پێی چوار بڕگەیی کردووە، ئەمەش «بۆ خۆی بووەتە دیاردەیەکی بەرچاو لە شیعری سەربەستی کوردیدا» (٣٣)، تەنانەت لە حەفتاکانیشدا لای زۆربەی شاعیران سیمایەکی دیاری بنیادی دەقە شیعرییەکانیان بوو.

خۆنەبەستنەوە بە دەستەپێیەکی دیاریکراوەوە، هەنگاوێکی نوێ بوو لای دیلان کە لە ڕێگای بەکارهێنانی دەستەپێی جیاوازەوە سەربەستییەکی تەواو لەبەردەم ئاوازی دەرەوەی بنیادە شیعرییەکاندا کردووەتەوە و توانیویەتی کاریگەرانەتر سۆزی هەڵچووی دەروونی بگەیەنێتە خوێنەر و گوێگرەکانی.

لەم بارەیەشەوە د.دڵشاد عەلی بەم شێوەیە ڕای خۆی خستووەتە ڕوو دەڵێت «کێشی بڕگەیی سەربەستییەکی تەواو دەدات بە شاعیر تا بە گوێرەی سۆزی تاقیکردنەوەکەی دەستەپێی جیاواز بەکاربهێنێ و لە هەمان کاتیشدا خۆی نەبەستێتەوە بە سیستمێکی چەسپاو و نەگۆڕی ڕیزبوونی ئەو دەستە پێیانە، بەڵکو مەودای ئەوەی لەبەردەمدا بووە کە بەوپەڕی سەربەستییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو دەستەپێیانەدا بکات و بە گوێرەی پێویست ڕیزیان بکات، دیارە ئەمەش نەک هەر ئاوازی هەڵبەستەکە بێ هێز ناکات، بەڵکو شان بەشانی سۆزی هەڵبەستەکە ترپەکان دەگۆڕێ و کاتی دووبارەکردنەوەیان لە یەک نەسەقی ڕزگار دەکات» (٣٤).

ئەم مامەڵەکردنە نوێیە ڕێگە خۆشکەربوو کە شاعیران داهێنان و هەنگاوی تری نوێگەری لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ کێشی بڕگەییدا بهێنێتە ئاراوە. کە بەجۆرێک شاعیر پابەندی یەک سیستم لە ڕیزکردنە دەستەپێی کێشەکان نەبێت، ئەمەش بۆ خۆی یەکێکە لە سیما و تایبەتمەندییەکانی کێشی بڕگەیی کە شاعیر سەربەستە لە بەکارهێنانی دەستەپێی جیاواز لە بنیادی ئاوازەی دەقە شیعرییەکانیدا.

هەرچی ڕۆڵی قافیەش بووە لەو بەرهەمانەی دیلان دا ئەوە نەک هەر دەستبەرداریان نەبووە، بەڵکو لە زۆر شوێنی بنیادەکاندا سیستمی دیاریکراویان پێکهێناوە و ئاشکراتر ترپەکانیان پێ بەرجەستەکراوە:

وەک لەم دوو کۆپلەیەدا بەدی دەکەین:

**ئاگر**
**لەملاو لەولای وڵات کرایەوە..!!**
**پۆلە مەلی تەرە کوشتار**
**گەڕایەوە...!!**
**وتی... بەدەنگێکی زوڵاڵ**
**ئەی گەورەکان**
**پیاوخۆرەکان..!!**
**ئەم ئەستێرەی مرۆڤدارە**
**جێگای گشتە... هی هەر چوارە..** (٣٥).

**داربەڕوو**
**گەڵای ئەستوور**
**لقی دوایی ئەبێ بە موور**
**ئەی پەڕێنن**
**ئەی شکێنن**
**شتەک نەدرێ**
**ئەیجەڕێنن**(٣٦)

ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ ئەو شیعرانەیەتی کە دەچنە خانەی شیعری نوێوە کە دیارە لێرەدا مەبەست لە شیعری سەربەستە کە ئێمە مەبەستمانە و د.مارف خەزنەدار بەم شێوەیە پێناسەی دەکات و دەڵێت «ئەم جۆرە شیعرە لەڕووی کێش و قافیەوە گەڕاوەتەوە سەر ئەو دەستوورانەی لە شیعری میللی نووسراو و شیعری میللی نەنووسراو، فۆلکلۆر

بەکاردەهێنران، تەنیا ئەوە هەیە کێشە میللییەکانیشیان وەک خۆی بەکاردەهێنران. هەندێک جاریش کەرتیان دەکردن و دێڕە شیعریان لەو کەرتانە دروست دەکرد، دەستکاری شاعیر دەگەیشتە ئەو ڕادەیەی دێڕی شیعر لە وشەیەکی یەک بڕگەیی دروست بکات»(٣٧).

بەم پێیە تاقیکردنەوەی دیلان لە مەیدانی شیعری نوێدا بەردێکی بنچینەیی بوو لە بناغەی کۆشک و تەلاری بزووتنەوەی شیعری نوێی کوردی کە بە ڕێبازی ڕۆمانتیکیش ناودەبرێ، هەروەها لە حەفتاکانیشدا چەند دەقێکی بەم چەمکە نوێ و بەو شێوازەی کە چەمکی دێڕ تێکشکاوە بەرهەم هێناوە وەک (دڵی کورد) و (ڕووداوە نەبڕاوەکە)، بەڵام لە دەقی (چیرۆکێ) کە لە ١٩٦٩ نووسیویەتی لە سەرەتاوە بە کێشی هەشت بڕگەیی دەست پێ دەکات.

کامیل ژیر لەدوای ئەوەی کە چەند بەرهەمێکی شیعری بە چەمکی شیعری سەربەستی ڕۆژئاوا بڵاودەکاتەوە، ئیتر لێیان پەشیمان دەبێتەوە و ڕوو لەو ڕەوتەی تری شیعری نوێگەری دەکات، ئەویش ئەو جۆرە شیعرەیە کە لای ڕۆشنبیرانی کوردیش بە شیعری سەربەست ناوی دەبەن کە نازک ئەلملائیکە پێناسەی کردووە، چونکە خۆی ئاماژەی پێ دەکات و دەڵێ «من بەش بەحاڵی خۆم ئەو هەوڵدانانەی لەسەر بنچینەی وازهێنان بوو لە کێش و سەروا ئەوە نەک هەر بە تازەکارییان دانانێم، بەڵکو لە هەڵبەستدا بەگەڕانەوەیەکیشیان ئەزانم بۆ دواوە، لەبەر ئەوە من هەر زوو وازم لەو ڕەوتە هێنا و گەڕامەوە سەر کێش و سەروا، بەڵام بەشێوە دەقگرتووەکە نا، بەڵکو بەجۆرێکی تازە و گۆڕاو»(٣٨).

لێرەوە درێژە بەم جۆرە شیعرە دەدات و لەسەری بەردەوام دەبێ، (ژیر) پێی وایە یەکێک لەو هۆیانەی شیعر بەرەو نوشستی ئەبەن وازهێنانە لە کێش، هەر بۆیەش بەرپەرچی ئەو کەسانەش دەداتەوە کە کێش و سەروا بە کۆت و زنجیر وەسف دەکەن، ڕاشکاوانە لەم بارەیەوە باری سەرنجی خۆی دەردەبڕێ و دەڵێت: لە ڕاستیدا کێش و سەروا کۆت و زنجیر نین، بەڵکو دوو پێویستی هەڵبەستن کە هەڵبەست خۆش و جوان دەکەن، بەڵام ئایا کێش و سەرواش وەک هەر بوویەکی تر نابێ لە گۆڕانکاریدا بن؟ بێ گومان با، بەڵام گۆڕانکاری هەرگیز ئەوە نییە واز لەو دوو ڕەگەزە بێنن»(٣٩). بەڕاستی وەک لەو وتەیەی ژێردا دەردەکەوێ کە بڕوای بە گۆڕانکاری و دەستکاریکردنی کێش و سەروا هەیە، بۆیە لە تاقیکردنەوە شیعرییەکانیدا ئەو بۆچوونەی بە تەواوی وەک بنەمایەک بە شێوازێکی هونەری و سەرکەوتوو بەجێ هێناوە. ئاخۆ دەبێ ئەو گۆڕانکارییەی کە بڕوای پێی هەبوو بەسەر کێش و سەروادا بکرێ چییە و چۆنە؟ ئایا ئەم بۆچوونەی لە دەقێکی شیعریدا ڕەنگی داوەتەوە؟ هەروەک ئاشکرایە کە پەیڕەوکردنی کێشی بڕگەیی لە سەرەتادا بەو شێوەیە بوو کە شیعرەکە لەسەر یەک کێشی بڕگەیی ئەهاتە خوارەوە و تێیدا پابەندی قافیەی مەسنەوی دەبوو، واتە ئەگەر کێشی دێڕی یەکەم دە بڕگەیی بوایە هەموو هەڵبەستەکە بە دە بڕگەیی ئەهاتە خوارەوە، بەڵام دوایی وای لێ هات کە ئەشگونجێت کێشی دێڕێک بۆ نموونە چوار بڕگەیی بێ دێڕەکەی دوای ئەو چەند جارەی چوار بڕگەیی بێت، واتە بەکارهێنانی پێ لە بنیادی دێڕدا کە ژمارەیان بێ یاسا ڕیز دەکرێت:

**نازدارەکەم** ٤
**ئەی پەپوولە ئاوارەکەم** ٤+ ٤
**هەر ئەڕۆم و ناگەمە ئاستی سەرابت** ٤+ ٤+ ٤
**دەمی تینووم نادا لە جامی شەرابت** ٤+ ٤+ ٤
**خۆشم ئەوێی گوڵی ونبووم** ٤+ ٤
**بیرت ئەکەم، بیرت ئەکەم لەو ساتەوە کە جێتهێشتووم!**(٤٠) ٤+ ٤+ ٤+ ٤

شاعیر لە بنیادی ئاوازەیی دەقەکەدا جووت سەروای بەکارهێناوە.

یان بۆ نموونەیەکی تر: لە هەڵبەستێکدا کێشی یازدە بڕگە و حەوت بڕگە ڕایەڵەی هەڵبەستەکە بن بەیەکەوە:

**ئێستا ئەوانەی بە هەرجا بێگانەن** ١١
**ئەمانەی خۆمان کە شنۆی هەمانەن** ١١
**بەڵێ مەرە لاتەکان** ٧
**لێ ناگەڕێن، ڕێنمان** ٧
**ئەوانیش فێربوون گەر ناویان بهێنی** ١١
**لێت ڕاست ئەبنەوە و پێت ئەڵێن شۆڤێنی** ١١

ئیتر بەو جۆرە ئەگونجێ هەردوو دێڕە و لەسەر کێشێک بێت، بە مەرجێک مۆسیقا پارێزراو بێت و هەست بە ناسازی ڕیتم نەکرێت، هەروەک لەو کۆپلەیەدا شاعیر بە لێهاتوویی ئەوکارەی کردووە. ئەم گۆڕانکارییە و شێوازە لە کێشی عەرووزیدا لای گۆران و بەختیار زێوەر و دڵزار و شاعیرانی تر ئەنجام دراوە، لە کێشی بڕگەییشدا دیسانەوە لای گۆران و کامەران و دیلان و ژیر و ع. ح.

ب و کاکەی فەللاح و شاعیرانی تر بەبەکارهێنانی کێشی هەمەڕەنگ لە دەقێکدا سیمایەکی گرنگی داهێنانەکانیانە.

لەڕووی گۆڕانکارییەکان و دەستکاریکردنی کێشە باوەکان و هەنگاوی نوێگەری کامیل ژیر بەم شێوەیە بۆچوونی خۆیمان بۆ دەخاتە ڕوو، دەڵێت «ئەم دەرچوون و خۆ ڕزگارکردنانە لە کێشە دەقگرتووە کۆنەکان، با بڵێین ئەم تازەکارییانە لە کێشدا بوارێکی فراوان بۆ شاعیر دروست دەکات کە بە ئارەزووی خۆی یاری و ئاڵوگۆڕ بە کێشەکان بکات، بەبێ ئەوەی مۆسیقای هەڵبەستەکە تێکبچێت، ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی هەستیار دانەمێنێت بۆ واتا لەپێناوی کێشدا(٤١). وەک دەبینرێ ژیر لەژێر کاریگەری ئەو بۆچوونەی کە کێش و سەروا دوو بنەمای بنچینەی گرنگی پێکهاتەی دەقی شیعرییە ڕوو لەم ڕەوتەی شیعر دەکات کە دانەی ئاوازییەکەی پێیە نەک دێڕ و پابەندی سەرواش نابێت بە شێوە تەقلیدییەکەی.

ع. ح. ب لەسەر سیستمی لیریکی نوێ، شیعری کوردی داناوە، فرەکێشی برگەیی و فرە قافیەیی ڕەنگیان لە شیعریدا داوەتەوە. بە گشتی دێڕی شیعری (ع. ح. ب) کورتە، چونکە بە زۆری کێشی حەوت برگەیی و هەشت برگەیی بەکاردێنێت. تەنیا بەمەوە ناوەستێت ئەمانەش کەرت دەکات، واتە دێڕی کورتتر لە حەوت برگە و هەشت برگەشی زۆرە. شیعری لە ڕووی کێش و سەرواوە کاریگەری ئەدەبی میللی سەرزاری پێوە دیارە(٤٢).

لە ساڵی ١٩٤٦ شیعری (لە گەنجی و پیری و مردنا)(٤٣)، دەنووسێت کە تەمەنی ٢٣ ساڵ بووە:

**لە گەنجیما کە ئێستەیە**
**پڕ لە گۆرانی و بەستەیە**
**پڕ لە باوەڕی بەتینە**
**پڕ لە هەوڵ و تێکۆشینە**

ئەم دەقە بۆخۆی بە کێشی خۆماڵی ٨ برگەیی بنیاد نراوە، بەبەکارهێنانی دوو پێی چوار برگەیی، بەڵام دواتر ڕوو لە کێشی ٧ برگەیی دەکات و بە دوو دەستەپێ ٣+ ٤.

**ڕاگری ژینمی تۆ**
**ئایین و دینمی تۆ**
**توانا و تینمی تۆ**
**دەنگی یاسینمی تۆ**

دوای ئەم کۆپلەیە دێتە سەر کێشی (٥) برگەیی.

**تۆی تیا نەبینم**
**ئەڕووخێ ژینم**
**هەر تۆ ئەناسم**
**هەر تۆیە باسم**

دوای ئەم کۆپلەیەش دێتەوە سەر کێشی ٨ برگەییەکە

**سبەی دوو سبەی پیرییە**
**ژوورێکی پڕ لە ژیرییە**

جارێکی تریش دێتەوە سەر کێشی (٥) برگەیی

**تۆی تیا نەبینم**
**وێرانە ژینم**
**هەرتۆ ئەناسم**
**هەرتۆیە باسم**

بەم شێوەیە دەبینن شاعیر کێشەکانی (٨ برگەیی و ٧ برگەیی و ٥ برگەیی) لە بنیادی ئەم دەقەیدا بەکارهێناوە، کە بۆ خۆی هەنگاوێکە لە هەنگاوەکانی نوێگەری و ڕووکردنە بنیادی شیعری سەربەست بەو چەمکەی کە لە ئەدەبی عەرەبی و کوردیدا ئاماژەی پێ کراوە.

شاعیر لە دەقێکی تریدا بەناوی (ڤیت مینە)(٤٤) کە لە ١٩٥٤ نووسیویەتی و کێشی ٨ برگەیی تێدا پەیڕەو کردووە و مامەڵەی جیاواز لەگەڵ پێی ئەم کێشەدا دەکات، وەک ئەوەی لە هەندێک دێڕدا برگەکانی بەسەر دێڕی یەک پێی چوار برگەیی و هەندێک جاریش دوو پێی چوار برگەیی دابەش کردووە:

**لە ڕۆژهەڵات** ٤
**لە وڵاتی بیر و خەبات** ٤ + ٤
**لەپڕ دەستڕێژ** ٤
**لێزمەی تفەنگ** ٤
**ئەشڵەقێنێت** ٤
**شەوی بێدەنگ** ٤
**گۆمی وەک چاوی ئافرەت گێژ** ٣ + ٥
**نووستووی ناو خانووی کۆنکرێت** ٣ + ٥

کێشی سەربەستی تێدا بەکارهاتووە کە بریتییە لە ٨ برگەیی و شاعیر بەسەر پێی چوار برگەیی دابەش کردووە، لە دێڕێکدا پێی چوار برگەیی و لە دێڕێکی تریشدا پێی ٨ برگەییەکە بە ٢ پێی چوار برگەیی، سەروایش بە ئاشکرا دیارە کە شاعیر جۆرێک لە سەروای ڕەنگاوڕەنگی بەکارهێناوە. ئەم دەقە لەڕووی بنیادی

ئاوازەبییەوە لە دەقی (بت بتەوان و شۆڕشگێڕی گۆران و ڕێگای خەباتی دیلان و ئەی کچە شوانی کامەران) و هەندێک دەقی تریش کە لای ڕەخنەگران بە دەقگەلێکی سەربەست لە قەڵەم دراون دەچێت.

لەم جۆرە شیعرەی زۆرە کە زۆربەیان لەسەر کێشی ٨ بڕگەیی بنیاد نراون، ترپەی ئاوازەیی بنیادی ئەم دەقانەی کە ژمارەی پێیەکانی بە نارێکی لە بنیادی دێڕەکاندا بەکارهێناوە. دێڕ هەیە لە یەک پێ پێکهاتووە، دێڕیش هەیە لە دوو پێ پێکهاتووە.

(ع. ح. ب) بە درێژایی ساڵانی پەنجاکان گەلێک لە وتەکانی بەم شێوازە بنیاد نراوە، ئیتر بە درێژای تەمەنە شیعرییەکەی لەسەر ئەم ڕێچکەیە بەردەوام بوو. مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ کێشی بڕگەیی هەندێک جار ڕووی لە بەکارهێنانی زیاتر لە کێش کردووە، هەروەک لە دەقی (شێخی گەورە)(٤٥)دا کێشی بڕگەیی (٥، ٧، ٦، ٢، ١٠، ٣)ی بەکارهێناوە. بنیادی دێڕ لەم دەقانەدا لەسەر پێی جیاواز دروست بووە، دێڕ هەیە لە یەک پێ و هەیە لە دوو پێ و هەیە لە سێ و لەهەمان کێشدا دەستەپێی جیاوازی بەکارهێناوە، تەنانەت دێڕ هەیە لە یەک وشە پێکهاتووە، ئەم دیاردە و ئەم هەنگاوە لە حەفتاکانەوە لای شاعیر سەرهەڵدەدات. سیمایەکی دیاری ئاوازەیی بنیادی شیعرەکانی کێشی هەشت و حەوت بڕگەیی و دێڕی شیعری کورتە و هەندێک جار لە یەک وشە پێکهاتووە، هەمیشەش سەروای بەکارهێناوە و هەرگیز دەستەبەری ئەم بنیادەی ئاوازی شیعر نەبووە.

شاعیرێکی تری ئەم ڕێچکەیە دڵزارە، کە هەر لە سەرەتای چلەکانەوە هەنگاوی بەرەو نوێگەری ناوە، چ بە خۆڕزگارکردنی لە کێشی عەرووزی و چ بە خۆنەبەستنەوە بە قافیەی یەکگرتوو. لە شیعری (مەڕەنجێنە) کە لە ساڵی ١٩٤١ لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوکراوەتەوە! هەنگاوی یەکەمی ناوە:

**لە عیشقی تۆ پشتم چەما**
**شادیم لە دڵ دەرچوو نەما**
**قەڵای ژینم لێ ڕما**
**مەڕەنجێنە دڵم گوڵم**
**سووتام بەجارێ**

ئەم دەقە بە کێشی سەربەستی هەشت بڕگەیی و (٥) بڕگەیی بنیاد نراوە، هەروەها لە دەقێکی تریدا کە بە ناونیشانی (ئەی تازە جەوان) کە لە ساڵی ١٩٤٣ دایناوە ساڵی ١٩٤٥ لە گەلاوێژدا بڵاوکراوەتەوە، نموونەیەکی ترە لە نوێکردنەوە لە ڕووی بەکارهێنانی وشەی کوردی پەتی، هەروەها پەیڕەوکردنی کێشی ١٤ بڕگەیی و کێشی ٦ بڕگەیی:

**ئەی تازە جەوان گەر ئەتەوێ ژینی بەخۆشی**
**وازبێنە لەسەر خۆشی کە تۆ ژێر و خۆشی**
**بۆ گەل بە پەرۆشی**
**تۆ تازە نەمای چیمەنی باغی ژیان**
**بەم تەرزە لە تەرزەت مەدەدار لە چەمانی**
**مەحکوومی زەمانی(٤٦)**

لە دەقی (لە لادێدا) کە شاعیر لە ١٩٤٦ لە بەندیخانەی هەولێر نووسیوویەتی، لە کۆپلەیەکیدا دەڵێت:

**دەمێکە ژێر چەپۆک و هەق خوراوین** ١١
**بەهۆی بێگانە ڕووت و نان براوین** ١١
**نەزان و گێژ و وێژین** ٧
**غەم و تاڵی ئەچێژین** ٧
**دزی و خوێن ڕشتن** ٥
**گەلێ سەربەستین** ٥
**زۆر بێ پەروایین** ٤

ئەم دەقە بەو شێوازەی کە نازک ئەلملائیکە لە پێناسەی شیعری سەربەستدا ئاماژەی پێ کردووە و نووسراوە.

دێڕەکان لەسەر پێ بنیاد نراون و شاعیر یاری بە بڕگەکان کردووە، لە یازدە بڕگەییەوە وەک هێڵێکی بەیانی داکشاو بە ڕووی حەوت و پێنج و چوار بڕگەیی هەنگاو دەنێ، ئەم هەنگاونانە وە دەستکاریکردنە بە کەرتکردنی بڕگەی کێشەکان ڕیتمی ناوی شیعری پێ دەبەخشێ، سەرەڕای ئەوەی کە شاعیر لەسەر یەک ڕیتم ئەم کۆپلەیەی بنیاد ناوە(٤٧).

بەم پێیە بەکارهێنانی کێشی هەمەڕەنگ لای شاعیر سیمایەکی دیاری نوێگەرییەکەی بووە هەر بۆ خۆیشی بنەمایەکی گرنگی بایەخدانی شاعیرانی نوێخوازییە بە پابەندنەبوونیان بەیەک جۆرە کێشەوە کە بواری دەربڕینی هەست و سۆزی ڕاستەقینە تەسک دەکاتەوە.

هەر لە بواری شیعری سەربەستدا ئاوڕ لە شیعری حەسیب قەرەداخی شاعیر دەدەینەوە کە ئەویش وەک شاعیرێکی نوێگەر هەرچەندە زۆر بەکەمی لێکۆڵەران و ڕەخنەگران ئاوڕیان لەم شاعیرەمان داوەتەوە، بەڵام لەنێو شاعیرانی نوێی کوردیدا ناوێکی دیار و دەنگێکی

ڕەسەنە، هەر زوو هاتە سەر ڕێچکەی شیعری نوێ و گەلێک بەرهەمی خۆی بەم چەمکە نوێیە چنیوە «بایەخی زۆری بە کێشی خۆماڵی داوە، هەموو کێشەکانی بەکارهێناوە، بەتایبەتی کێشە سووکەکانی ٧ و ٨ و ١٠ بڕگەیی. لە (شیعری نوێ)یا ٨ بڕگەیی و ١٠ بڕگەیی کەرت دەکات و دەیانکاتە چوار بڕگە و پێنج بڕگە، بەم جۆرە دێڕە شیعری چوار بڕگەیی و پێنج بڕگەیی دروست دەبێ»(٤٨). ئەم هەنگاونانەی شاعیر بۆ خۆی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە لە ڕێچکەی باوی کێشی خۆماڵی بە شێوازی ستوونی دوورکەوتووەتەوە و ڕووی لە کەرتکردنی کێشە خۆماڵییەکان کردووە، کە بەپێی هەست و بیروڕا دەربڕین درێژی شیعری بەدەستەپێی جیاواز بنیاد دەنێت:

**دنیا شەوبوو**
**چاوی هیوا ڕووی لە خەوبوو**
**هاوین گەرم و گڕە و تۆز بوو**
**ئاگرباران**
**کاروان زۆری لە گەرمانا**
**لە تینوانا**
**دوور لە هەوار**
**دوور لە جێگا**
**باری خستبووە لای ڕێگا** (٤٩)

کاکەی فەللاح دەنگ و ڕەنگی تایبەتی خۆی لە شیعردا هەیە، یەکێکە لە شاعیرە ناودارەکانی سەدەی بیستەم. لەڕووی کێش و مۆسیقا و ئاوازەی بنیادی شیعرەکانییەوە شاعیرێکی سەلیقەدار و بەهرەدار و سەرکەوتووە، هەمیشە لەسەر کێشی بڕگەیی شیعری داناوە، جۆرە ترپە و ئاوازێکی سوار و ناسکی پێ بەخشیون، هەروەک خۆی لەبارەی خۆیەوە دەڵێ «لە شیعر و ئەدەب و تێکڕای ژیاندا باوەڕم بە گۆڕین و پێشکەوتن و نوێبوونەوە هەیە»(٥٠).

جگە لە نووسینی شیعر بە چەمکی یەکێتی بەیت و جووت قافیە، گەلێک دەقی شیعری بە پێی چەمکی سەربەست کە بنیادی دێڕ لەسەر پێیە نەک کێش هەولی دیار و بەرچاوی هەیە. هەروەک د.مارف خەزنەدار دەڵێت: «شاعیر بەشداری بەرچاوی هەبوو لە دەوڵەمەندکردنی شیعری نوێی کوردی، ئەو شیعرە لیریکییەی لە یەک کێشی خۆماڵیی زیاتر لە تاکە شیعرێکدا بەکاردەهێنرا، هەروەها ڕەچاوی ڕەنگاوڕەنگە قافیەش دەکرا»(٥١).

**ئەی فریشتەی خۆشەویستی** ٤ + ٤
**خۆشەویستی پاک و بێگەرد** ٤ + ٤
**کەوتوومەتە تۆ پەرستی** ٤ + ٤
**لە ئاسمان بێ یا لەسەر عەرد** ٤ + ٤
**خۆشەویستم** ٤
**ئەتپەرستم** ٤
**بەتۆ مەستم** ٤
**بێ تۆ پەستم** ٤

یان لە نموونەیەکی تردا دەڵێت:

**ڕێبوارێکم** ٤
**لەسەر هەورازی تووتڕکا** ٥ + ٣
**هەڵئەگەڕێم** ٤
**بەرێی کا کێشانی دڕکا** ٦+ ٢
**هەنگاو ئەنێم** ٤
**بەڕێگادا** ٤
**گۆماوی خوێن بەجێ دێڵم** ٤+ ٤

شاعیر بنیادی ئەم شیعرەی لەسەر کێشی هەشت بڕگەیی داناوە، هەندێک دێڕی وەک خۆی هێشتووەتەوە، هەندێک دێڕی کەرت کردووە و بووە بە چوار بڕگەو چەند جۆرێک قافیەی بەکارهێناوە. بەم پێیە ئەم شیعرە و هەموو ئەو شیعرانەی بە نوێ ژمێرراون، گەمەیەکی تەکنیکی لە دێڕی شیعری عەرووزی و خۆماڵی تێیاندا کراوە تازە دەکەونەوە بەرچاو، کەچی ئەدگاری شیعری عەرووزی و خۆماڵییان تێدا ماوە(٥٢).

بەم پێیە ڕێچکەی شیعری سەربەست بەو چەمکەی نازک ئەلملائیکە لە ئەدەبی عەرەبیدا دەستنیشانی کردووە، لە ئەدەبی کوردیشدا بەهەمان چەمک لای شاعیرانی کورد لە چلەکانی سەدەی بیستەوە سەری هەڵداوەو بەردەوام لە گەشەکردندا بووە، تا لە ساڵانی حەفتاکاندا بەتەواوی زەمینە بۆ ئەم ڕێچکەیە کرایەوە و ڕەگی داکوتا و بووە مۆدێلێکی نوێخوازی قۆناغە شیعرییەکە.

### ئەنجام

١- نوێگەری لە ئەوروپا لە بواری شیعردا بە چەند فۆرم و جۆری جیاواز سەری هەڵداوە، هەر بۆیەش قۆناغی پرۆسەی نوێگەری پێکەوە تەواوکەری هەموو هەنگاوەکانن بە فۆرمە جیاوازەکانییەوە لەم لایەنەوە

نراوه و ناشتوانرێت بەجیا لێیان بروانین و لە یەکیان داببڕین.

٢- چەمکی شیعری سەربەست لای ڕۆژئاوا ئەو شیعرەیە کە پابەندی کێش و سەروای تەقلیدی نابێت و تەنیا بایەخ بە جۆرێک لە ریتم دەدات کە بەهای شیعریەتی تێدا پارێزراوبێت، بەڵام لە ئەدەبی عەرەبیدا ئەو جۆرەیە کە پابەندی کێش و سەروا دەبێت، کە بەشێوازێکی دەستکاریکراو هەڵیان دەسووڕێنێت کە جۆرێک لە سەربەستی بۆ شاعیر تێدایە کاتێک مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات.

٣- لە ئەدەبی کوردیدا هەردوو چەمکی شیعری سەربەست لە پرۆسەی نوێگەری شیعری کوردیدا ڕەنگیان داوەتەوە، وەک دوو شێواز ڕۆڵیان لە بنیادی دەقی شیعری کوردیدا هەبووە و لەو لایەنەشەوە بە هەندێ هەوڵی سەرەتایی دەستیان پێ کرد، پاشان ڕەگیان داکوتا.

٤- ڕەخنەگران و لێکۆڵەران و شاعیرانیش بەهەڵە فۆرم و ناوونیشانی شیعری نوێی کوردی بەکاردەهێنن و تێکەڵییەکیان لەنێوان شیعری سەربەستی بێ کێش و سەرواو شیعری سەربەستی کێش برگەی دەستکاریکراو کردوو، هەروەها شیعری پەخشانیش.

٥- لەسەرەتادا شاعیران بە دوورکەوتنەوەیان لە کێش و سەروا هەنگاویان بەرەو نوێگەری دەنا، بەڵام دواتر ڕەوتەکەیان گۆڕی و ئەو جۆرە هەوڵانەیان بە پەخشانی شیعری لە قەڵەم دا و گەڕانەوە بۆ پەیڕەوکردنی کێش و سەروا، بەڵام بە شێوازێکی نوێ و جیاواز لە شێوازە کۆنەکەی.

٦- لە حەفتاکاندا هەردوو ئەو شێوازە شیعرەی سەربەست و شیعری پەخشانی بەچاکی دەرکەوتن، بەڵام شیعری بێ کێش و سەروا وەک ئەو چەمکەی کە لە ڕۆژئاوا پەیڕەو دەکرێت لەناو پرۆسەی نوێگەری کوردیدا بە شەرمەوە چاوی لێ دەکرا، هەتا لەتیف هەڵمەت هات و بە چەند پارچە دەقێکی شیعری بێ کێش و سەروا لە یەکەم کۆمەڵە بەرهەمیدا بەناوی (خوا و شارە بچکۆلەکەمان) ئەو شەرمەی ڕەواندەوە و دەرگای لەبەردەم شاعیراندا بەتەواوی کردەوە، ئیتر ئەم جۆرە لە شیعر بووە مۆدێلێک و مەرجێکی نوێگەری قۆناغەکە.

٧- هەر لە حەفتاکاندا لە بواری درێژەدان بە نووسینی شیعر بە چەمکەکەی نازک ئێجگار فراوان بوو، چونکە لە شەستەکاندا بناغەیەکی پتەوی بۆ خۆی دامەزراند و شاعیرانی قۆناغی ڕوانگە لە پەیڕەوکردنی بنەماکانی ئەم شێوازە لە بەرهەمەکانیاندا بە چاکی ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام هەر لەگەڵ ئەم قۆناغەشدا هەندێک هەوڵی شیعری پەخشانیش هاتە ئاراوە، دواتریش لە هەشتاکاندا پەرەی سەند و لەلایەن شاعیرانەوە بایەخی پێ دەدرا.

٨- یەکەم شاعیر لە بواری نووسینی شیعری بێ کێش و سەروا، واتە بەو چەمکەی ڕۆژئاوا برایم ئەحمەدە، هەروەها شاعیرانی وەک (کامەران موکری و نووری وەشتی)یە، دواتریش لەسەر دەستی لەتیف هەڵمەت پەرەی سەند و چەسپا. یەکەم شاعیریش لە بواری نووسینی شیعری سەربەست بەو چەمکەی کە لەسەر پێ دامەزراوە گۆرانە و دواتر لای کامەران و دیلان و ع. ح. ب و کاکەی فەللاح و دڵزارەوە، پەرەی پێدراوە لە حەفتاکاندا لەسەر دەستی کۆمەڵێک شاعیری قۆناغەکە بە تەواوی گەشەی کرد و ڕەگی داکوتا.

٩- سیمای شیعری نوێی کوردی بەپێی فۆرم و هەنگاوەکانی نوێگەری خاوەن تایبەتمەندی و خەسڵەتی جیاوازە کە لە ڕووی فۆرمەوە خۆی لە شیعری بێ کێش و سەروا و شیعری کێش و سەروادارى برگەیی دەستکاری کراوە و شیعری پەخشانی دەبینێتەوە، سیمای دیاری شیعری سەربەست کە کێش و سەروای پەیڕەو دەکرد پەیڕەوکردنی کێشی (٨) برگەیی بوو بە دەستەپێی جیاواز و دواتریش کێشی هەمەڕەنگ (٧+ ٤+ ٥+ ١١).

**پەراوێزەکان:**

**١- د.دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، ل١٥٠.**

**٢- حسێن عارف، نووسینەکانم لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا، ل٦.**

**٣- حسێن عارف، نوسینەکانم، ل٣٦٦.**

**٤- حسێن عارف، نووسینەکانم، ل ٣٦٦.**

**٥- بەرهەمە شیعرییەکانی نووری دەشتی، ئامادەکردن و پێداچوونەوەی مارف ناسراو، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بلاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٤٣.**

**٦- حسێن عارف، نووسینەکانم، ل٣٥٨.**

**٧- مارف بەرزنجی، گۆڤاری شەفەق، ژمارە (١٠)ی بەرگی (١) مارت، ١٩٥٨.**

٨- دیوانی گۆران، چاپی دووەم، ل ٢٠٩.

٩- د.دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، ل١٥٢- ١٥٤.

١٠- عەبدولڕەزاق بیمار، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، چاپی یەکەم، ١٩٩٢، ل ١٥١.

١١- دیوانی گۆران، چاپی دووەم، ل ١٤٩.

١٢- عەبدولڕەزاق بیمار، کێش و مۆسیقای شیعری کوردی، ل١٥٤.

١٣- د.دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا.

١٤- بڕوانە:

١- حسێن عارف، کامەران و هۆنراوەی نوێ.

٢- د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم B.

٣- د.دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا.

٤- عەبدولڕەزاق بیمار، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی.

١٥- دیوانی کامەران موکری، پێشەکی نووسین پەراوێز لێدان عەبدوڵڵا ئاگرین، بڵاوکراوەکانی گۆڤاری کاروان، ١٩٨٧، ل ٤٠.

١٦- بڕوانە د.دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست، ل١٥٨، هەروەها حسێن عارف، نووسینەکانم، کامەران و هۆنراوەی نوێ، ل٣٦٦.

١٧- د.پەرێز سابیر، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٣٦٧.

١٨- د.پەرێز سابیر، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، ل٣٦٨.

١٩- د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم B، هەولێر، ل ٦٤٣.

٢٠- دیوانی کامەران موکری، ئامادەکردنی عەبدوڵڵا ئاگرین، ل ٦٥.

٢١- دیوانی کامەران موکری، ل١٠٤.

٢٢- حسێن عارف، نووسینەکانم لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا، ل٢٤٨.

٢٣- حسێن عارف، نووسینەکانم لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا، ل ٢٤٧.

٢٤- حسێن عارف، نووسینەکانم لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا، ل ٢٥٠.

٢٥- د.دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، ل١٥٦.

٢٦- د.دڵشاد عەلی، دیلان و تاقیکرنەوەی شیعری، ل٢٢٧.

٢٧- گۆڤاری شەفەق، مارف بەرزنجی، ژمارە (١٠)، ١٩٥٨.

٢٨- د.دڵشاد عەلی، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، ل٢٢٩.

٢٩- دیوانی شیعر محەمەد صالح دیلان، ئامادەکردنی د.عەبدوڵڵا ئاگرین، هەولێر، کوردستان، ساڵی ٢٠١٣، ل١٥٦.

٣٠- د.دڵشاد عەلی، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، ل٢٣٠.

٣١- د.دڵشاد عەلی، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، ل١٩٤.

٣٢- د.دڵشاد عەلی، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، ل٢٣١.

٣٣- د.دڵشاد عەلی، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، ل٢٣١.

٣٤- د.دڵشاد عەلی، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، ل٢١٢.

٣٥- دیوانی دیلان، ل٢٤٧ لۆمبۆمبا.

٣٦- دیوانی دیلان، ل٢٧٧، درەخت.

٣٧- د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم B، ل٥٠٣.

٣٨- هەڵبەستەکانی ژیر، داستانی ئەوینی کوردستان، سوید، ل٤٤٠.

٣٩- هەڵبەستەکانی ژیر، داستانی ئەوینی کوردستان، ل٤٣٣.

٤٠- هەڵبەستەکانی ژیر، داستانی ئەوینی کوردستان، ل٢٥٨.

٤١- هەڵبەستەکانی ژیر، ل٤٣٥.

٤٢- د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی بەرگی حەوتەم B، ٢٠٠٦.

٤٣- دیوانی ع. ح. ب، دەزگای بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٣، ل٩.

٤٤- دیوانی ع. ح. ب، ل١٢٧.

٤٥- دیوانی ع. ح. ب، ل٣٧٠.

٤٦- کەمال غەمبار، بەرەو جیهانی شیعری چەند شاعیرێک، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٨٢.

٤٧- کەمال غەمبار، بەرەو جیهانی شیعری چەند شاعیرێک، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٨٣.

٤٨- د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم B، ٢٠٠٦، ل٦١٨.

٤٩- فەرهەنگی غەم، حەسیب قەرەداخی، شیعر، سلێمانی، چاپخانەی کاکەی فەلاح، ١٩٧٩، ل١١٧.

٥٠- کاکەی فەلاح، کاروانی شیعری نوێی کوردی، ل٢٠٤.

٥١- د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، B، ٢٠٠٦، ل٥٦٩.

٥٢- د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، B، ل٥٦٩.

# بیاڤێن ئافراندنێن ئەدەبی د بەرهەمێن جەلادەت ئالی بەدرخان دا

**ئازاد عەبدولعەزیز**
**(زانکۆی سەلاحەددین – کۆلێژی ئاداب)**

**(٢ – ٢)**

### ناڤەرۆکێن شعرێن جەلادەت

کاکل و ناڤەرۆکێن شعرێن جەلادەت، چەند ئالییا ب خوە ڤەدگرن مینا: (نیشتیمانپەروەری، گەلەمپەری (سروشتی)، ئەڤینی). لێ ب باوەریامن تەڤایا وان مژار و بابەتان (سروشتی وئەڤینداری) رامانێ ژ وەلاتپارێزیێ و نیشتیمانپەروەریێ ددەن، ئەڤ یەکە ژی نە تەنێ شعر و رستێن وی ڤەدگرە، بەلکو تەڤایا نڤیسارێن وی ئەڤ گوڤەندە گرتییە، ژبەرکو گاڤا بەحسێ سروشتی دکە بەحسێ ژێردەستی پیرۆزییا ئاخا کوردستانێ تێخەناڤ پێلێن شعرێ. هەروەسا گاڤا بەحسێ ئەڤینێ دکە تیرۆژێن نیشتیمانپەروەریێ تێدە دچرسن، لەوما دکارین بێژین تەڤی کاروکریارێن میر جەلادەتی ژبوی ئازادیی و سەربەستییا کوردستانێ بوون. سەخمەراتی ڤی چەندێ ژی جانێ خوەکرە قوربانی کوردو کوردستانێ.

### شعرا نیشتمانپەروەری

هەروەکی مە ل سەری ئانی زمان بەرهەم و ئافراندنێن میر جەلادەتی چشعر بن چ پەخشان تەڤی پێلێن ئاگرێ وەلاتپارێزیێ و نیشتمانپەروەریێ، ژێ رادبن، ئەڤە ژی دربیا میللەتێ کورد رەدکر، داکو ژ خەڤا خەڤلەتێ رابن و وەلاتێ خوەژبن دەستێ دژمنا دەرخن و ئاخینکێن ئازادیێ هەلکێشن، ئەڤ یەکە ژی دەستێ خورت و تۆلازێن کوردە ددیت، ژبەر هندێ ژی گازی و هاوارا خوە دبە بەر خورتان و دبێژتێ: «خورت و! ئارمانجاتە رزگارییە، رزگارییا وەلات و میللەتەکییە. ناڤێ ئارمانجاتە کوردە، کورداتیە، کوردستانە» (١٣):

**داوەتە خوەش داوەتە**
**ژ کوردان رە روومەتە**
**داوەت شەرە، شاهینەت**
**بێ خوەیی مان گوندو کەلات**
**گازی دکە ئەڤ وەلات**
**دەبێ وەرن هەوارە.**

جەلادەت دکەڤە هزر و بیران و هشێ وی بەرەف وەلاتی دچن، خوە پێ ناهێ راگرتن لەوما دووربینا خوە هەلدەگرەو بەرەڤ چیایەکی بلند دکەڤەرێ و ل سەر گوپیتکا وی چیایی، ب وێ دووربینێ مێزەدکە وەلاتی، گاڤا هند دیمەن و وێنەیێن وەلاتی دبینە، کوبێن هاتینە خاپوورکرن و تالانکرن، تەڤی گەل ژبن پێلێن ئاگری داگیرکەران هاتینە شەوتاندن، دلێ وی دکوزرە:

**کابانێ مە، یێ ئازیزان، کانیوار**
**کەپرێ دەنە کۆزکن نەژی دار**

دەمی گـەل و مـیللەتێ خـوە دبینە، گـشی ڕازاینە، هەورێن ڕەش ب سەرواندە کێشاینە، گازی و هەوارە خوە دبە بەر بلووری وخـەیالان، دبێـژتێ ئاوازەکی بلوورینە، داکو تەڤی گەل ژ خەوا خەڤلەتێ هشیاربن، ژبن زولم و ستەما داگیرکەران دە رزگار بێن هەوایەکی زەلال و پاقژ هەلمژن وب ئازادی و سەربەستی د کوردستانێ دە بژین:

**خەمرەڤینا تەرکەسەرێن دنیایی،**
**ئول رۆژهەلاتی**
**دەما کو دنیا هشیاردبە.**
**ژ خەو رادبە**
**ژ مە رە**
**سترانا ئازاهییێ وسەربەستیا**
**کوردستانێ**
**بنەهورینە،**
**ئو دەنگی وێ سترانێ، بلا،**
**مینا تیرێژێن رۆژێ ئێن پاکوزێرین**
**بکەڤە ناڤ دل و گوهێن مە.**
**بلوورامن**
**توی خەمرەڤینا دلکەتییێن وەلێت.**

جـەلادەت تەپەسـەریو داگـیـرکـرنا وەلاتی ب خـوەندن وزانینێ ڤـەگرێدده، ئەڤ چەندە ژی یابێگومـانە، لەوما ئاخینکەکا سار هەلدکێشەودبێژیت «ئاخ ولات نەزانینێ تو ژدەست مـەکری» (١٤)، لێ دژمنان ئاگـەهدار دکـە رۆژەک ژی ل مە دێ هەلێت و تەڤی کورد دێ خوەندا بن، و ولاتێ خوە ژ بن دەستێ هەوەیێن پیس وچەپەل دەرخە و تۆلا خوە ژ وە ڤەدکەن، هەروەک دبێژە:

**ئەز کو کوردم ژبیر ناکم**
**بخوینا خوە دڤێ راکم**
**ئەز بخوینم، خوەندابم**
**مەزن ببم، زانابم**
**مێرکوژ ببم، بناڤ ودەنگ**
**ئەز هەلگرم تۆپ وتڤەنگ**
**تۆلا تە ژی ئەڤدا تەژی**
**دێ هلێنم دۆژاتەژی**

لڤر دە مەرم ئەو نینە، خوە مینا شەڕانگێزەک بهسینە، بەلکو بەروڤـاژی ڤـیـایە بێژیت ب خـوەندن و زانینێ دکارین هەڤبەرێ دژمن و داگیرکەران راوەستین و ئاخ و ئاڤـێـن خـوە ڕزگـار بکەین. ژبەر کـو هەر گـەلەک یێ



جەلادەت بەدرخان

ژێردەست بە، ناهێ ماندەلکرن ئەو گەل نە یێ خوەندییە.

**ئالا**

د وارێ جـێـبـووناڤی ئالایی ب گـۆتنا زنارسلۆپی (قەدری جەمیل پاشا)ئەڤ ئالایە ل سەر دەستێ کومەلا (تەشکیـلاتی کـومـەلایەتی جـەمـعـیـەتی تەعـالی کوردسـتان)ێ ڤە هاتییە چێکرن. شکلێ وێ ژی ب ڤی ئاوایییە: ل سەری سوور، ناڤەڕاستێ سپی(ل سـەرسپی رۆژ) و ل (خارێ ژی کەسکە)(١٥).

شـاعرێن کوردژی ب شانازی کـرنا ڤی ئالایی چەندین شعر ژێ رە ڤەهاندینە، ئانکو چێترە بێژین ئەڤ چەڤەنگا هان بۆیە ئیلهـامـبـەخشا شـاعـرێن کـورد، ب پەیڤ و هەڤـۆکـێـن زمـانێ زەلالێ کـوردی چەندین شـعـر ژێ رستینە.جەلادەت ژی مینا تەڤان ب تێکستەکا هەژی و ژێهـاتی ڕەنگ ونەخـشـێـن ڤی ئالایەیە دکـە بەرجـان و جەسەدێن پەیڤێن کوردی. هەروەک دبێژە:

**ئالێ کوردان د ناڤ رۆک**
**چ بەدەو ب هەیبەت**
**ب چارڕەنگی، ڕەنگێن تە**
**چ دەلال و چ خوەشکۆک.**

***

**خێزەک کەسک و خێزەک سۆر**
**ناڤ سپی و نیڤەک زەر**
**کەسکە سۆرە ب ڕۆژە**
**ئەڤ ل ژێر و ئەو ل ژۆر**

جەلادەت مزگینیا وێ یەکەژی ددە میللەتی کوردو دبێژە، ڕۆژا بلندکرنا ئالایێ سەرخوەبوونێ یێ نێزیک بووی، و ژ تەڤ ئالێن کوردستانێ دێ چرسە.هەروەکی دبێژە:

**کوچرسی ڕۆژا تە**
**دێ بەلاڤ بن مژودوو**
**ڕابەسەرخوە سەربلند**
**نیزنگ بوویە ڕۆژا تە**

براستی هێڤی وئومێدین جەلادەتی هاتنە وجوودێ، کو وی بەری چەندین سالان گۆتییە ئەگەر دژمن چەند ژی بن، تو دێ هەرێ سەربلند و سەرفرازهەژی، کو ئیرۆ ڤێ چەندێ ئەم ب چاڤێن خوە دبینین.

## شعرا ئەڤینی

جەلادەت تم وتم یەک تێکست ل سەر ئەڤینداریێ بناڤێ (وەرە دۆتمام) نڤیساندییە، ئەڤ تێکستە ل دووچارینان پێکهاتیە، ل دیڤ دە ب پەخشانەک داوی تێ، ئەڤ پەخشانە ژی ژحاجۆ ئاغایی رە پێشکەش کرییە، پەخشان ب خوەژی تەڤاڤکەراوێ تێکستێ یە، دکارین تەڤیتێکستێ ب پەخشانە شعر ب دەین قەلەم، ژ بلی ڤێ چەندێ ژی ڤەهاندنا شعرێ ب سترانێن فۆلکۆریک ڤە دچە، هەروەک دبێژە:

**وەرە دۆتمام، ئاڤا شەتێ مە شەربەتە**
**پێلا ناڤێ ل هەڤ دکەتە**
**هەڤینیا خەلک وعالەم ژ هەیامێ پێغەمبەران عادەت بی**
**یا من و یا دۆتماما من ل جزیرا بۆتا، بیە قەباحەتە**

## شعرا شینیێ

ڤی بابەتێ هان مینا هند مژارێن دن یێن (چاندی شعرێ هەر دەکەڤندا پەیدا بوویە و هەڤبەندی ب بوونا مەرەڤی و ئافراندنێن شعرێ هەیە، کو کار ژ هەست و سۆز و ویژدانا مەرەڤی دکە، هەروەسا بەحسێ مرن و زمانێ تەنگەزاریێ و مەینەتیێن مەرەڤی دکە)(١٦)، کو شاعر دکارە ب هند پەیڤ و هەڤۆکێن خوە کەڤالەکی ژ

هەلوەستێ خوە هەڤبەر کەسێ خوەشتیڤیێ خوە، کو چاڤێن خوە ژ دنیایێ ئێخستینە سەر هەڤ بکێشە.

شاعرێ مە ژی دەمێ شەهادەتا یەک ژ هەڤالێن خوە ب ناڤێ (شێخ ئەڤدرەحمانێ گارسی)* دبهیسە، ئاگر بەر دبە جان و جەسەد و هناڤێن وی:

**کانی شێخم، ئەڤدرەحمان گارسی**
**ئەو ژی کوشتن سۆر گولا مە چلمسی**
**هەرێ لاوۆ تەڤ دە چوونە نینن نین**
**دەستێ مە دە نە هەسپ مانە نە ژی زین**

## شعرا سروشت و وەسف

هەلبەتە ئەڤ گولڤەدانە ب سەر شعرێن جەلادەت ژی تێ دیار، نەک تم ڤێ مژارێ دە بەلکو د تەڤ مژار و بابەتێن دن دە کارتێکرانا ئورۆپی ب سەر تم گۆتار و کارێن وی دە هەیە، هەروەسا جوانییا سروشتێ کوردستانێ، خەمل و ڕەوشا وێ یا هەژی و قەشەنگ بووینە نەخش ونیگارێن شعرێن وی نەمازە وەرزێ بوهارێ، کو هند جاران هندوێنێن بالکێشێن وی وەرزی ژ مەرە دکێشە کو وەساتێن گرتن مرۆڤ دحەسیبینە یێ لبەر وێنەیەکێ تەلەفزیۆنی، هەروەک دبێژە:

**مژ کەتیە ل دۆران**
**هورە – هورە توم باران**
**مهو بەرخن دکالن**
**کەول ماری دنالن**
**بوهارە، ئەڤ بوهار**
**تەبیعەت گش ل کارە.**

دشعرا (داوەتە) ژی دە دیمەن و وێنەیێن جۆک و جۆبارێن ل سەرێ چیایێن کوردستانی کو تێن خارێ، گول وگولزار ژی د ناڤ وێ ئاڤی دە دکەڤنە گۆڤەند و سەفایی، ئەڤینا خوەژئاڤێ رە ددە خویانی و کراسەکی نووه دکەبەر چیاو دەشت و نەوالێن وەلاتێ. لڤر جەلادەت جوانییا سروشتی و ئەڤینا وەلاتێ ب هەڤرا گرێ ددە، ژبەر کو وەلاتەکی سەربەست و سروشتەکی جوان بووکا خوە پێ دخەملینە کو ئەو ژی کوردستانە:

**دەنگێ ئاڤێ چ زیزە**
**نەوال ژێ رە عەزیزە**
**وەلات! وەلات! وەلاتۆ!**

د شعرا (شەڤا وە خوەش)دە، وەسفەکێ نازک و تەڕ،

دیمەنەکی گەلەکی بالکێش یێ شەڤێ بپەیڤ وهەڤوکێن زمانێ کوردییێ شیرین و زەلال وێنە دکێشەو دخە پێش چاڤێن مە، کو چاوا شەڤ دەست پێ دکە و ڕۆژ و ئێڤار دقولپنە سەر شەڤێ، و ستێرک و هەیڤ مینا گول و گولزاران د ئەسمانێ پان و بەری دچرسن و ئەسمانی دخەملین، هەروەک دبێژە:

**شەڤە، شەڤە، ڕۆژ چوو ئاڤا**
**هنگووری رە جهێ خوەدا**
**ڕۆژ سافری کەت ل دۆران**
**سورنگا وێ مال بۆران**
**لێ شوونا خوە ڤالا نەهشت**
**هێڤ وستێرک شاندن ژ پشت**

دەنگی بلوورا وی چیاوزۆزانێن ب خەمل ورەوش، گول و ڕیحانان کو دەردۆرا کانییان گۆڤەند گرتییە، شکەفت و داروبەرێن سەرێ زناران ب وی بایێ کول سەر چیایی تێ و دەنگی بلووری مینا روحەکێ دکە بەرڤان وزیندی دکە، ب راستی وەسفەکی گەلەکی بالکێشە وهەژییە کو کاربیە ب هۆستەییوهونەرمەندیی پەیڤێن خوە ل دوڤ هەڤ رێزکە، هەروەک دبێژە:

**دەنگێ بلوورامن،**
**چیاو زۆزانێن بلند،**
**کانییێن ب گول وڕیحان دۆرگرتی،**
**گوهێ شکەفت وسەرێ زناران**
**گوهدارێن تەنە!**
**نوسورابایێ غەربی،**
**تەد ناڤ پەلێن دارێ دە دگەڕینە.**

لڤر دکارم بینم زمان کو شعرا (بلوورا من) مە ژ بوی ڤێ لێکۆلینێ مشە بەکارئانییە وەک میناک ئەڤە ژی ژبەر وێ یەکەیە چونکی شعرەکا هندی بێژی یا پڕ رامان و مەبەستە، دکارین بێژین ئەگەر لێکۆلینەکی تم ل سەرئالێن هونەری و ئەدەبی ل سەربهێنە کرن، دێ پەرتووکەک ل سەرا هێتە نڤیسین، ب بۆچوونا من یەکەمین شعرا سەرکەتیا کۆڤارا هاوارێ یە، مینا سمبولەکێیە د ناڤ پێلێن کۆڤارا هاوارێ دە، ژبەر کو بەرێ چەندین سالانە هاتییە ئافراند و بەلاڤکرن دەمێ مرۆڤ د خوینە، دبێژەکو نها یا هاتییە چێکرن، ئانکو شعرەکە، زیندی و نەمرە.



**ڤیكتور هۆگۆ**

**چیرۆکە شعر**

جەلادەت هند تێکست دبن سها ڤێ مژارێ ڤەهاندیینە، مینا: شعرا (تۆلا کارۆین)، شعرا (مرنا گوری) کو ب دەستکاری ژ فەرەنسیێ وەرگێڕایە.

لڤرە تم و تم ئەمێ شعرا (تۆلا کارۆین) وەک میناک بەحس کەین، ژبەرکو مژارێن دن د جهێ خوە دە بەحس ژی رە هاتییە کرن.

جەلادەت دڤێ شعرێ دە گەلەک سەرپێهاتی و بوویەران ژبوی مەوێنەدکە و کانێ چاوا نەیاران گەلێ کورد ل سەرمال وملکێن وان دەردەخستن وگوندو باژێرێن وان دشەوتاندن و مال وسامانێوان ژخوە رە ب تالان دبرن، ئەو ڕۆژ ژی ڕۆژێن زڤستانەکە پڕ بەرف سروسەرما بوون کو تەڤ زارۆ کوڕ و کەچ و پیروکال راپێچی سەر بەرفی دکرن و لاش بریندار و ب تازی، و بێ خواردن و ڤەخوارن دهێلانە ڤە، هەروەک دبێژە:

**کوڕ و کەچ ژن و زارۆ برێکەتن دچن**
**تازی رووت، لاش ب برین، بەرف و هەڕی لبن**
**جوان، کال، شیرمژکودک یەک هاوینە بێ دەنگ**
**ڕێوی نەل وان تاری، کۆن بوونە زەر بێ زەنگ**

ئەڤ شعرە ژ (٥٤/٥) دێران پێکهاتییە و ل سەرکێشا (مەسنەوی) هاتییە ڤەهاندن، لێ بەلێ ژ ئالێ

مـوڤكى(برگـه) ڤـه نه وەكـهـەڤن، ئانكو چێـتـر بێـژين شاعرى گوهنەدايە موڤكێ، چونكى ئەز باوەڕم جەلادەتى لڤر ڤيايە سەرپێهاتيا بوويەرەكێ ژ مە رە ئەشكەرە بكە، مينا پەيامەكێ، داكو ئەم عيبرەتان ژ ڕابردوويان وەرگرين و دژ هەڤ نەڕاوەسـتين و دەسـتان ل ناڤ دەسـتێن هەڤ بنێن و بگهينە ئارمانجا خوە كو ئەو ژى ئارمانجا ئازادى و سەرخوەبوونێ يە.

**شعرنامە**

هونەرێ شعـرنامێ د ناڤ چاند و كولـتورێ كوردى دە ديرۆكـەک كـەڤنارە هەيە، د خولقاندنا ڤى مژارێ ژى بۆ وێ يەكى ڤەدگەڕە، دەمى دوو شاعر هەڤالێن هەڤ بن، ب سـەدەمـا چەند بوويەران ژ هەڤـدوو دووردكـەڤن، د ئەنجامێ ڤى چەندێ پەيڤ و هەڤۆكێن خوە ل دوڤ هەڤ ڕێزدكەن و ب ئاوايى شعـر ژ هەڤ دوو رە دهنێرن و حال و هەوالێن هەڤـدوو، دپرسن. لێ هند جـاران ژى شـاعـر هەڤدوو ناس ناكەن، تەنێ د ريبيا شعرێ دە نەبە، ب ڤى يەكى دۆسـتـاتيـەک د ناڤبـەرا وان دەچێدبە، و نامـان ژ هەڤـدوو رە رێ دكەن. مـينا جگەرخوين و ئەسـيـرى كـو «پێـوەندى نێـوان ئەم دووشاعـيـرەمان بەشعـر و كاغـەزە شيـعـر بوو»ـە(١٧)، لەومـادكـارين بێـژين ئەڤ هونەرە دئەنجامێ هەڤبەندى و خوەشتڤيا دوو شاعران يان ژى دوونڤيسكاران هاتييە ئافراندن.

جەلادەت هەڤبەندى دگەل پڕانيا نڤيسكارو شاعرێن كـورد ل هەر چار ئالێن كوردسـتـانێ هەبوو، لەومـاكـارى بوو، نڤـيـسكارو شـاعـرێن هەرچار ئالا دەردۆرا كـۆڤـارا هاوارێ دە كـۆمـبكە، و بەرهەم و ئافـراندنێن وان يێن هەژى و ژێهـاتى د كـۆڤارا خوە دە ب وەشينە. لێ بەلێ ئەوێ هەردەم ب كـوڕ و نووخـورێ دايكێ (هاوار)ێ ددانا، شـاعـرێ ناڤـدارى كورد (قـەدرى جان) بوو، كـو نامەكێ ب شعـربناڤێ (جەهابا دايكێ) ژێ رە دهنێرە، هەروەک دبێژە:

**قەدرى، قەدرى، جانێ من**
**كوڕكێ من چاڤێ من**
**نڤيساراتە گها**
**خوەش مەقام وپڕبوها**
**هەرێ زيزە ب كولە**
**خوەش بهنە ئەو سۆرگولە**
**هەم دەنگە هەم لاژەيە**
**خوەش كەلامە بێژەيە**
**سلاڤە هەم پڕگى يە**
**پەيامەک ژ رێوى يە**
**بەرخێ من دكالى**
**ل ماكا خوە دنالى**

د ڤر دە ژ بۆێ مە خويا دبە، كو قەدرى جان بۆ دەمەكى ژ هاوارێ دووركەتييە، ژبەر كو گەلەک كيف خوەش دبە، دەمێ دييا وى حال و هەوالێ وى پرسە. دهەژمارە(٢٠)ان دە قەدرى جان د شعرا (جوهابا لاوانى ل دييا هاوارێ) بەرسڤا دايكا خوە وەها ددە:

**دادێ! دادێ! هاوارێ**
**رۆما، نان ژ بەرخوارێ**
**گەلەكى كەيف خوەش بووم**
**ژبەر تە پرسيارێ**
**ڤێگاڤ حالێ من قەنجە**
**ئەڤ ئەرد ژمن رەگەنجە**
**ئەڤ حال وسان بمينە**
**پاشێ تو جار نەرەنجە**
تا دبێژە
**ئەزبێمەسەرفكرا خوە،**
**گۆتن وئارمانجا خوە**
**بهنا من پڕفرەهـ بوو**
**ب گۆتنێن ديا خوە**

هاوارێ (جـەلادەت) قـەدرى جـان ب كـوڕێ خـوە، هەروەسـا قـەدرى جـانى ژى هاوار ب دايكا خـوە دانايە، چونكى پێشبـەرى ناما جـەلادەتى، قـەدرى جانى شعـرا (دادێ)ژ كـۆڤـارا هاوارێ هنارت بوو، جـەلادەت ژى د هەژمـارە (١٤)اندە بلاڤكربوو، دوێ شعرێ دە، كۆڤـارا هاوارێ مينا دايكەكە دلۆڤان دانايە، كوب ڕاستى هاوار دايک بوو، بۆ تەڤ نڤـيـسـكار و شـعـرێن وى چاخى، نەمازە قەدرى جانى.

**تەوەرێ دووێ: شعرا زارۆيان**

جەلادەت دڤى بياڤێ دە گاڤێن مەزن هاڤێتينە، كو د هند هەژمـارێن هاوارێ دە ستوون ژ بوى شعـرێن زارۆيان رە تەرخان كـرينە، چەندين شعـرێن رند و هەژى بزمـانێ زەلال و شيـرينێ كوردى ژ وان رە ئافـراندينە، و رووپەلێن

هاواری پێ خەملاندینە و داهێنان ژی دڤی تۆری دە کرییە. کراسەکێ نۆژەن کرییە بەر، ئانکۆ دگەل رەوش و ڕێبازە نۆدەمێ خوە دە رەهمتییە و زارۆیێن گەل و وەلاتێ خوە دڤێ بیاڤێ دە بێ پار نەکرینە. چونکی زارۆ پەیاییێن پاشە ڕۆژە هەر گەل و وەلاتەکینە، ئەگەر خزمەت و سەخبێری ژێ رە بهێتە کرن، د پاشەرۆژێ دە دبە خوەدی کەسایەتییەکە بهێز، کو دکارین بنگەهەکێ موکمێ نەتەوی ل سەر ئاڤا بکن. ئەڤ یەکا هان ژی هەردەم ل بەرچاڤێن وی بوو، ژبەرکو دەمێ مێزە گەل و میللەتێ خوە دکر، ددیت ژ ئالێ خویندن و زانینێ ڤە گەلەکی پاشکەڤتییە. ئەڤ چەندە ژی ئەگەر و سەدەما بن دەستی یێ بوو، ژبەر هەندێ دڤیا خزمەتا زارۆیێن کورد بکە. ئەو خزمەت ژی پویتەدان ب تۆرێ وان ددیت، ئەڤجا ئەڤ مژار چ چیرۆک بە یان ژی شعر بە، گرنگ ئەوە ئارمانج و مەبەست و رامانا خوە بگەهینە، ئەو ئامانج ژی رزگاربوون و ئازادبوونە ژ قەید و بەندێن بندەستیێ.

ژبلی ڤێ یەکێ خویندن و زانینێ مینا زارۆیێن تورک و عەرەبان بیاڤ ژێ رە نەهاتییە دان، بگرە تا نها ژی ژ ڤی دەردی رە دنالینن، لەوما ئەڤ ڕێبیا وی دانای دکارین بێژین هەڤبەری وێ دبستانێ بوو، ئەوێن تورک و عەرەبان ژ زارۆیێن خوە رە ئاڤادکرن، چونکی ئەڤ ڕێبیا هان کاری بوو فێری زمانێ خوە ببن و ژ وندابوونێ رزگار بکن و د هش و هزرا واندا بچەسپینە کو بزانن خوەدی زمانەک نەتەوەی نە کو ئەو ژی زمانێ زیندیێ کوردییە.

مژارێن شعرێن جەلادەتی، نەمازە یێن زارۆیان گەلەمپەری (سروشتی) و جڤاکێ، وەلاتپارێزی و پەروەردەیێ بخوە ڤەدگرن. بۆ میناک: شعرا وی یا ب ناڤێ (تۆلا وەلێت) کو ژ ناڤێ وێ رە دیارە سروودەکە وەلاتپارێزییە، هەروەک دبێژە:

**وەلات! وەلات! کانی خوەشی؟**
**قەوی ئیرۆ تو نەخوەشی؟**
**کانی ئەو کەن، کانی گەشی؟**
**چمان ولۆ وەک دلڕەشی ؟**
**چمان وسا تو بێمادی؟**
**بکورێ خوە رە خەبەر نادی؟**
**کول و کوڤان ژ هەر ئالی**
**لەورا وەلات هەر دنالی**

شاعری د ڤێ تێکستێ دە ب پرسیار شعرا خوە ڤەهاندییە، کو لڤردە مەرەم و مەبەستا خوە هەبوویە، ئەو ژی ڤیا پرسەکێ ل مەژیێ زارۆکێ کورد دە چێبکە، ژ وان رە خویا بکەو وەلاتێ وی یێ بن دەستە، ئەڤ بندەستییە ژی ب چ ئاوایی دهێت چارەسەرکرنێ، ئانکۆ گەلێ وی ب چ ئاوایی رزگار دبە، لەوما د رستێن خوە دە هێدی هێدی پێ دە دهێتە خارێ و چارەسەرییا وێ دخە پێش چاڤێن وان، ئەو ژی خویندن و زانینە، هەروەک دبێژە:

**ئەز بخوینم خوەندابیم**
**مەزن بیم، زانابیم**
**مێرکوژ بیم، ب ناڤ و دەنگ**
**ئەز هەلگرم، تۆپ و تفەنگ**
**تۆلا تە ژی ئەڤدا تە ژی**
**دێ هلینم دۆژا تەژی.**

وەک تێ بەرچاڤ ئەڤ شعرە ب کوردییەکە زەلال ب پەیڤ و هەڤۆکێن سڤک ب کێشەکە سانایی «ب ئاوایەکێ جوان کو بچویک بشێت ژ بەر بکت ئو حەژ وەلاتێ خۆ بکت ئو خۆ بۆ پاشەرۆژێ ئەیفەز (حازر) بکت» (١٨).

هەر وەکی مە پێش دە ئانی زمان جەلادەتی د شعرێن خوە دە مژارێن جهێ جهێ بکارئانینە، لەورا ئەگەر ئەم ژ پەیڤێن شعرا (بوهار) رە رامینین، دبینین ئەڤ شعرە ب ئاوایەکی زانستی بەحسی وەرزێ بوهارێ دکە، کانێ چاوا دهێت و گوهارتنان ب سەر سروشتی دکەت و کراسەکی هەژی و ژێهاتی دکە بەر چییا و دۆل و دەشت و نەوالێن کوردستانێ و ب گول و گولزاران دخەملینە، هەروەک دبێژە:

**بوهارە، نوهـ بوهارە**
**تەبیعەت گش ل کارە**
**چ هەیا دەدان چ حالە**
**هەر تشت زەندی رەوالە**
**بوهارە، ئەڤ بوهارە**
**تەبیعەت گش ل کارە**

د شعرا (شەڤا وە خوەش) دە چاوانەتیا شەڤ و ڕۆژان تێخە بەرچاڤێن زارۆیێن کورد، کانێ چاوا ڕۆژ ئاڤا دبە و ل شوونا خوە هەیڤ و ستێرکان دهێلە و ئاسمانی مینا گول و نەوالان دخەملینە، وەک دبێژە:

**شەڤە، شەڤە، رۆژ چوو ئاڤا**
**هەنگورێ رە جهێ خوە دا**

**رۆژ سافری کەت ل دۆران**
**سۆرنگا وێ ما ل بوران**
**ل شوونا خوە ڤالا نەهشت**
**هێڤ و ستێرک شاندن ژ پشت**

جەلادەت ژبلی شعرێ، هند چیرۆکێن فۆلکلۆری بۆ زارۆکان د کۆڤارێن (هاوار و رۆناهی)دا بەلاڤکرینە، بۆ میناک: چیرۆکا (دیک و کیسۆ، کۆڤار رۆناهی، ژ٥، ل٢) کو چیرۆکەکا ب هەڤپەیڤینە دناڤبەرا سێ گیانەوەران "دیک و کیسۆ و بووم" کو بەحسی هەڤالتیێ دکە وەک ل چیرۆکی داهاتییە دیک و کیسۆ دبن هەڤالێن هەڤ، لێ بەلێ دیک خیانەتی ل کیسۆی دکەت و نیڤیا تۆڤی دخوە، بڤێ یەکی کیسۆ و عاجز دبە، کیسۆ رادبە مساسەکی ل دیکی ددەو بایەک ل دیکی بەردبە، پاشێ دیک ژی پەنجەک ل چاڤی کیسۆ دا، سەرڤی یەکی شریعەتی خوە دبەنە بەر بوومێ، بووم جەند پرسیارا ل وان دکە، د دوای بووم دگەهە وێ قنەعەتێ کو ئەڤ هەر دوو گیانەوەرە چ جاران نابن هەڤالێن هەڤ، لەوما ژ وان رە دبێژ:" ب ئەنیا من، من خەبەرا خوە گۆت: دیک و کیسۆ نابنشریکێن هەڤ ب جۆت". ئەڤ چیرۆکە ب تەکنیکەکە تازە و نۆژەن دارشتییە، داکو زارۆکی کوردا بکارن گفتوگۆیان و پرسیارا ب ئاوایەکی جوان بەرامبەر کەسێن مەزن و مامۆستایان بکە، ئەو پرسا د مەژێ وان دەیە بینن زمان، ئانکۆ چیرۆکەکە فێرکارییە ب زمانی گیانەوەران. وەک:

**کیسۆ گۆتە بووم: ئەی بووم**
**ئەوی گۆت: ئەو ناڤێ من**
**کیسۆ گۆت: ل سەر تووم**
**ئەوی گۆت: ئەو پاییتەختێ من**

لڤردە دیالۆگ هاتییە بکارئانین، کو خالەکە هونەرییا هەرە بهێزا ڤێ چیرۆکێیە، زێدەباری وێ یەکێ ژی ناڤێن قەهرەمانا هاتییە، کو ئەو ژی"دیک و کیسۆ و بووم".

جەلادەت کارەکی دن یێ مەزن ئافراندییە، ئەو ژی نامەیە، کو یەک ل ژانرێن سەردەمێ نها یێن رۆژنامەگەرییە، ئیرۆ ل ئەوروپایێ نامە مینا هونەرەکێ نۆژەنێ رۆژنامەڤانی یێ دناڤا رۆپەلێن رۆژناماندا جهەک بۆ خوە گرتییە، لێ مخابن تا نها ئەڤ هونەرە دناڤا رۆژنامەگەریامە وەک پێویست نییە ئانکو ناهێ دیتن، لێ جەلادەت ئاور ل ڤێ ژانرێ دایەڤە، وەک تێ دیتن ب خوە دوو نامە بناڤێ (رەشبەلەک(* » یەک د هەژمارا (٤٤) یا دن د هەژمارا (٤٨) ئا کوڤارا هاوارێ دە بۆ زارۆکێن خوە وەشاندیینە.

د رەشبەلەکا یەکێ دە دبێژە:" زارۆنۆ! ئەڤ بونە دەه پانزدەه رۆژ وە تەرکا مالا باڤێ خوەدا و هۆن چوونە بیرۆتێ، نک مامێ خوە. باوەر بکن ئێدی وەختە کو ئەم لسەر ڤێ چووینێ هنەک خەبەر بدن، بڤێ نەڤێ هۆن ژی هۆنێ بخوازن بزانن د پەی وەرە و بێی وە دەرگەهێ مالا باڤێ وەچاوان دخوبە و د پەرگارا مالا وە دە چ هاتییە گوهەرتن و ئەڤ چاوان گوهێرییە و ب ڤێ گوهارتنێ گەلۆ ئەم رازینە، ئان ئەم بیربیا وەختێ بەرێ، وەختێ کو هۆن ل مال بوون، دکن".

د رەشبەلەکا دودویان دە جەلادەت هەم بۆ خوەندەڤانان و زارۆکێن خوە بەحسا زۆزان و کۆچەرایەتێ دکە، وەک دبێژە:" زارۆنۆ! دیا وە، هوورمووریێن وە ددان هەڤ، هۆن کار دبوون. مە ژ وەرە گۆت بوو کو هۆنێ هەرن زەبەدانێ. وە ژ من پرسی: زەبەدانی چییە، ئەو ژی وەک باژێرێ شامێیە؟

من ژ وەرە گۆتبوو، نۆ زبێدانی نە باژێرە، زبێدانی زۆزانە، هاڤینگەهە، وەدیسان پرسی، ما زۆزان چییە؟ منێ ژ وە رە بدایا زانین، لێ نزانم چ کەتە ناڤێ و شتەخالیا(**)مە هاتە برین."

د ڤان هەر دوو نامان دە جەلادەت دوو مەبەست هەنە، مەبەستا یەکان دە، خەریب بوونا خوە بۆ زارۆکێن خوە ددە خویاکرن کو ئەو گەلەک ژ وان خەریب بوو، هەروەسا حەز کرنا خویا بێ هەمپا ژوان رە تینە زمان، یا دودویان ژی ب باوەرا من ڤیایە ژانرەکێ دنێ رۆژنامەگەرێ کوردی دناڤا گۆڤارا خوە دا زێدە بکە، کو ئەو ژی هونەرێ نامەیا رۆژنامەگەرییێە.

## تەوەرێ سێ: چیرۆکێن جەلادەت

جەلادەت ژ قادا چیرۆکنڤیسێ دە زێدەتر ژ تەڤایا چیرۆکنڤیسێن دن چیرۆک ژ کۆڤارێن (هاوار١٩٣٢-١٩٣٤) و (رۆناهی ١٩٤٢-١٩٤٦) وەشاندینە، کو تەڤایا چیرۆکێن وی ژ (٤٠)ان پترن" ژ ڤان چیرۆکان هەژمارەک بچووک چیرۆکان فۆلکلۆرینە، هن ژ وان وەرگەرن، لێ پرانیا وان چیرۆکان هونەرینە"(١٩).

١- جەلادەت هات شێوازێ حیکایەتێ گۆرانکاری

بسەردا ئانی بۆ شێوازێ هونەری، بۆ میناک:

چیرۆکا (بەر تەڤنا مەهفووریێ)(*) کو تەکنیکا دیلۆکی تێدا هاتییە بکارئانین، ئەڤە ژی جودایەکێ تێخە ناڤبەرا شێوازی حیکایەتێ. ئەکتەرێن سەرەکی یێن ڤێ چیرۆکێ (رندێ و زیزێ)ە، دوو کچکن ژیێ رندی یازدە سالە و یێ زیزێ پازدە سالە، ئەڤ هەر دوو خوشک خوەدی برایەکینە کو ناڤێ وی (گەفو)یە، بابێ وان بەنگین ئاغا و برای مەزن کو ناڤێ وی زنارە دگەل هند پسمامێن وان ل شۆرەشا شێخ سەعید بۆ سەرخوەبوونا کوردستانێ جانێ خوە دکن قوربان و شەهید دبن.

ل دویا شەهیدبوونا باڤ و برا ئەڤ مالباتە کۆچبار دبن بۆ شاری، وەک تێ زانین باڤێ وان وەسیەتێ دکە کو پێدڤییە گەفو بچە خویندنگەهێ داکو زانابیە، لێ رەوشا ئابووریێا وان ب زحمەتی دەرباز دبە لەوما بۆ بجێئانینا وەسیەتا باڤێ خوە هەر دوو خوەشک دەست بکار دکەن ل کارگەهەکە مافۆری، هەر دوو کچک دگەل ژیێ خوە یێن زارۆک بیرا کوردایەتێو کوردستانێ دبن.

پەیاما جەلادەت دڤێ چیرۆکێ دە ددە خویاکرن کو کورد ب خویندنێ و زانینێ دگەهە هیڤی و ئارمانجێن خوە کو ئەو ژی سەرخوەبوونا کوردستانێ یە.

٢- مژارێن چیرۆکێ کرە ئەو بابەت کو دخزمەتا واقعی دا بن، بۆ میناک:

چیرۆکا بناڤێ (شیرینییا زمانێ کوردی) سەرپێهاتییەکە نڤیساندنێیە، جەلادەت ژ بۆ کرینا کاغەزێن کۆڤارا خوە بەرف بێرۆتێ دچە، پشتی سالوخدانەکە تەنک یا قادا بۆرجێ، و مەیدانا بۆرجی بۆ مە وێنە دکە، سروشتی مەیدانی دخە بەر چاڤێن مە، جەلادەت لور دکەڤە ناڤا پێلێن مرۆڤان و ل ور هند کوردان دبینە، پاشێ ل مێڤانخانێ رە خۆرتەکێ کورد ناس دکە و دگەل خوە دبە داکو کاغەزێن هاوارێ ژبۆی وی هەلگرە، لێ ئەو خورت کرمانج دەردکەڤە و کو ئەسل خەلکی بەدلیسێ یە، و هەڤپەیڤین دناڤبەرا جەلادەت و خورتێ جوان چێدبە و نەمازە لسەر کوردبوونێ و زمانی کوردی، دەما خورت دزانە ئەو ژ مالباتا بەدرخانیان رە یە پڕ کیفخوەش دبە، خورت وەسا فامکر کو ئەو ل بیرۆتێ دژی لێ جەلادەت ژێ رە دبێژە ئەو برایێ منە، ئەز ل شامێ دژیم. خۆرت ب کرمانجییا جەلادەت دلخوەش ژێ رە دبێژە:" ئاخ، ئەز خولام، تو نزانی کرمانجی چقاس شرینە".

جەلادەت دڤێ چیرۆکێ دە بۆ مە پەیاما شرینییا زمانێ کوردی تینە زمان و ئو ددە خویاکرن کو پێدڤییە کورد فێری زمانی خوەیێ کوردی ببە و زمانێ خوە ژبیر نەکن و ل دور نەکەڤن.

٣- ل ئالێ زمانی ڤە، زمانەکێ واها هەلبژارد کو ئافرادنا بەلاغی تێدە ب ئاوایەکێ روون ئاشکرا بە، بۆ میناک: چیرۆکا (ماچکا درنکەر و جەزایێ وێ) کو دکۆڤارا رۆناهی(ژ٦، ل١٨) هاتییە وەشاندن. کو ب زمان و تەکنیکەکا بهێز نڤیساندییە، خالا یەکێ زمانێ وێ شێوەزارێ ژووروویە، خالا دودویان پەیڤێن بیانی کێم هاتییە بکارئانین. خالا سێیان پەیڤێن کوردی پتر هاتییە کارئانینە، وەک د ڤێ پەرەگرافێ دە هاتییە "دسالۆنا مەحکەمێ دە. رەئیسێ مەحکەمێ دۆسیان تەڤ ددە، گلهڤانی فەهیمەخانم دگەل باڤێ خوە عیسمەت ئەفەندی ب ئەڤکاتێ خوە رە ل بارێ سەکنی نە. رەئیس پشتی کو کاغەزێن دۆسیێ خوەندنە" هەروەسا خالا چارن ئافراندنا بەلاغی تێدا هاتییە بکارئانین. بۆ میناک: (رووی وێ ژ شەرمێ سۆر) پاشێ گۆتە من: "چاڤێن خوە بگرە و دەڤێ خوە ڤەکە" من ژی چاڤێن خوە گرتن و دەڤێ خوە ڤەکر."

لێبەلێ بریارا قازی ل چیرۆکێ دە بلاڤکرنا ئیباحێیە ئانکو حلال کرنا حەرامێیە، کو تا نها لە راگەیاندنێ دە کەس نکارە ب ساناهی بەحسێ ڤێ یەکی بکەت، چونکی هەرگاڤ یاسا سەرووێ ئارەزوویانە، زێدەباری هندێ هەر وەلاتەکی خوەدی سیستەمکی نەمازەی ب خوە هەیە، وەک د پەرەگرافەکی دە دبێژە:" ژ بەر کو د قانوونێ دە ژ ماچکرنا کو نە ب کۆتەکی یە تو جەزا نینە....ژ بەر کو مەحکەمە نکارە گوهـ بدە داخوازێن مرۆڤێن گلهڤانیان یێن کو قانوونێ ئەو جرم نە حەسباندنە".

### تەوەرێ چوارێ: کارێن وی یێن وەرگێڕانێ

١- جەلادەت گەلەک مژارێن بیانی وەرگەڕاندینە سەر زمانێ کوردی، ئەڤ بابەتێن هان(شعر، چیرۆک)

شعر، چیرۆک و گوتارێن وەرگێڕاییێن جەلادەتی

گاڤا کۆڤارا هاوارێ ل شامێ ل سەر دەستی جەلادەتی هاتە بلاڤکرن، ب دەست پێکەکە گرنگ و پڕ بها تێ هەژمار، ل ئالیێ بایەخدانا ڤی هونەری و دەستپێکرنا

بزاڤا وەرگێڕانێ د ڕەوشەنبیریا کوردی دە(٢٠)، تایبەتی شعرێ هەر ئەو ژی بوویە بناغێ وەرگێڕانا شعرا ئوروپی، نەمازە فەڕەنسی بۆ سەر زمانێ کوردی، ئانکو حسێن حەبەش راستی ڤێ یەکێ دە دەمێ دبێژیت «بەری دەرکەتنا هاواریێ ژ من رە نە ئەشکەرە یە کو هەلبەست ژ زمانێن ئەورووپی هاتینە وەرگەڕاندن بۆ کوردی»(٢١) لەوما دکارین بێژین جەلادەت یەکەم کەسە کو شعر ژ زمانێ ئوروپی وەرگێڕابن بۆ سەر زمانی کوردی، ئو بەلاڤ ژی کرین.

گەڕیدەیێ هاوارێ، دگەلەک ولاتان گەڕیابوو، فێری گەلەک زمانێن بیانی ببوو، زانینا ڤان زمانان ژێرە ببوون چاڤکانییەک کو بچیتە ناڤ چاند و کولتورێ وان گەلان، کو ب ڤێ چاڤکانی یێ فەرهەنگەکە هەژی و ژێهاتی د هش و هزرێن خوە دە هەلگرتبوو، و کاری ب ڤێ فەرهەنگێ د ڕاستیا چاندا کوردی دە گەلەک کارێن چاک بکە، یەک ژ وان کاران ژی وەرگەڕاندنا شعرێن چەندین شاعرێن ناڤدارێن فەڕەنسی بوو، بۆ سەر زمانێ کوردی.

شعرێن وەرگەڕاندیێن جەلادەتی شەهرەزایی و لێهاتییاوی و تێ دە دەردکەڤە، ژبەرکو گاڤا من خاندی من هەست ب وێ یەکی نەکر، کو ئەڤ شعرە د زمانەکی دن وەرگێڕاینە سەر زمانێ کوردی، بەڵکو من دگوت ژ شەنگەست دە ب زمانێ کوردی یێن هاتینە رستن، چونکی ژ بلی ڤەگوهاستنا هەست و سۆز و داهێنانێ، من روحەکا کوردینی یێ دناڤ شعران دە ددیت، ئانکو قەی دبێژی ژلایێ وان کەلە شاعرێن فەڕەنسی ڤە پێشکەشی خەباتە نەتەوا کورد رە هاتینە کرن.

شعرا (لۆریا شەهیدان) یا شاعرێ ناڤداری فەڕەنسی ڤکتۆر هۆگۆ (١٨٠٢-١٨٨٥) یە، کو جەلادەتی بناڤێ (مامۆستایی گەڕۆک) وەرگەڕاندییە:

**مێرێن کو ژ بۆنا سەربەستی یێ**
**ژ بۆنا ئازادیا وەلاتێ خوە مرنە**
**هێژانە کو ملەت گی بێ**
**ئو د پێشییا گۆرا وان دە بسەکنە**
**دناڤ ناڤێن سپەهیتر دە،**
**یێن چەلەنگتر ناڤێ وانە**

تا دبێژە:

**گەلێ شەهیدنۆ.. شەهیدێن وەلێت**
**مێر، مێرخاس هۆنن**
**ئو یێن کو ددن سەر شۆپا وە**
**ئو مینا وە دڤێن بێنە کوشت.**

دیسا شعرا (سترانا مرنێ) ئا شاعرێ ناڤدار لامارتینی (١٧٩٠-١٨٦٩) یە، کو هۆستاتییا جەلادەتی تێ دە تێ بەرچاڤکرن، ژ بەرکو کوردی کرنا وێ گەلەکا زەلال و شیرینە:

**پیانا ژییانا من هێژ تەژی و داگرتی شکیا**
**عەمر و هەستیێن من پێ کەسەرێن گران حەلیا**
**هێستر و گرین، ئاخ و زارین**
**ژ دەردێ مرنی رە نە تو دەرمانن.**

جەلادەت شعرەکە دن ژی بناڤێ (دەلالییا دەلالان) یا شاعر چارل بۆدلێر (١٨٢١-١٨٦٧)ە، وەرگەڕاندییە، کو ب ئاوایەکی پەخشانە شعر هاتییە رستن:

**ستێرا ب سەرهاتییێن من، دەلالیا دەلالان!!**
**تو بهارا بەر دلێ من؛**
**بەختیاری و خوەشیا من ژ تەیە**
**ژ تەیە سوود و سەربلنداهیا من**
**شیرنیا رامووسان، دەستپاشل و دلخوەشیا من ژ بۆ تەیە!**
**تێن بیرا تە ئەو رۆژێن بەختیاریێ**
**رۆنکاهیا مالا مە و خوەشی و هێنکاهیا بەرئێڤارێ ؟**
**ستێرا بسەرهاتییێن من، دەلالییا دەلالان!**

شعرا (مرناگوری) ئا شاعرێ ناڤدارێ فرەنسی ئەلفرێد دە ڤینی (١٧٩٧-١٨٦٣)یە، کو ب چیرۆکە شیعر ڤەهاندییە، و جەلادەتی وەرگەڕاندییە، و پێشکەشی برایێ خوەیی جانەمەرگ (سەفدار)رە کرییە:

**ئەور، د بەر سەر هەیڤێ رە**
**هەیڤا ئاگرگۆن**
**ب لەز٠٠٠دەریاس دبوون، دچوون**
**قەی دوو و دوومان بوون**
**ژ شەواتێ هلدهاتن**
**بلند، وندادبوون**

هەژی گۆتنێیەئەڤ شعرێن هان تەڤ د بن نازناڤێن (مامۆستایێ گەڕۆک، سەیدایێ گەڕۆک) وەرگەڕاندینە، کو هەر دوو خوە د یەک رامان دە دگرن، ئەڤە و ژ بلی شعرا (مرنا گوری) نەبە کو بناڤێ خوەیێ راست وەرگەڕاندییە.

جەلادەت نە تەنێ تێکستێن شعری وەرگەڕاندینە سەر زمانێ کوردی، بەڵکو مژارێن دیرۆکی ژی نەمازە ئەو

بابەتێن کو ب دیرۆکا کوردانڤە گرێدی بوونە بۆ میناک: هند خێزەک ژ پەرتووکا نڤیسکارێ ئەلمانی هارتمان، هەروەکی ئەو ب خوە دبێژە خێزێن ژێرین ژ کتێبەکە وی هاتینە گرتن. ناڤێ کتێبێ (پێنج گوتار لسەر ئیسلامێ)(*)یە، ئەڤ بابەتە ل هەژمارا(١٩) ئا گۆڤارا هاوارێ دە وەشاندییە، هەروەسا هەمان مژار ب پیتێن لاتینی ژی د هەمان هەژمار بەلاڤکرییە. وەک ل رۆپەلێن(١٣٥) ئا پەرتووکێ دە هاتییە"هەکە د قەلەرەوێ عوسمانییان دە پێشڤەکەتنەکە مانەوی و خورت بێتە پێ، ئەڤا ها ژ ناڤ وان ملەتێن مسلمان دێ دەست پێ بکتک و نە ترکنژادن. ئەڤ ملەتێن با هەرچەند ل ترکان راسەر بن ژی هەتا نهۆ بندەستییا وان کرنە. دناڤ ڤان ملەتان دە مرۆڤ دکارت ئەرنەوود، عەرەب و کوردان بژمێریت."

هەروەسا مژارەک دبن ناڤێ (کاردوخ و وەلاتێ کاردوخان) کو ژ لایێ کەسایەتی یێ یۆنانی زەینەفۆنێڤە هاتییە نڤیساندن، وەک د پەرەگرافەکی دە دبێژە:" ب شەڤ ئەم د گوندان دە مان. کاردووخان ل سەر چیان ئاگر دادا بوو. مە گوهداریا هەڤ دکر."ئەڤ چەندە بۆ مە خویا دبە کو خەبات و تێکوشینا جەلادەت تم وتم خزمەتکرنا کەلتوور و دەولەمەنکرنا ڤێ کەلتورێ دابوویە، نەمازە دیرۆکا کورد و کوردستانێ.

جەلادەت ژ بلی ڤان مژاران چیرۆک ژی تەرجەمەی کوردێ کرینە، مینا: چیرۆکا گولستانا سەعدی شیرازی(**)(هاوار، ژ٥٧، ل٣-٤) ل دەسپێکێ دە پێشەکییەک ژێ رە نڤیساندییە و چیرۆک ژی فەسل بە فەسل وەرگەڕاندییە، هەروەسا ئەڤ چیرۆکە تەنێ رامانا ئانکو مانایا وێ وەرگەڕاندییە، وەک ل دەستپێکێ دە هاتییە" دبێژن رۆژەکێ نووشیرەوانێ عادل چوو بوو نێچیرێ. ل وەختێ تاشێ ژێ رە نێچیرەک دبراشتن. خوێ نین بوو. رابوون لاوکەک رێکرن گوندەکی، داکو ژ وان رە خوێ بینە. نووشێرەوان گۆتە لاوک: حەقێ خوێ بدە و ببە. داکو جەم خەلکێ نەبە عەدەت تشتان بێ پێرە ژ گوندان بن. ئان نە گوند خەراپ دبن."

٢- هەروەسا کارێ وەرگێرانی ب ڤاژی ژی کریە ئانکو ل زمانی کوردی بۆ زمانێن بیانی وەک زمانی فەرەنسی وەرگەڕاندینە، مەبەستا وی ژی د ڤێ یەکێ دا ناساندنا کولتورێ کوردی ب جیهانی رە بوویە، بۆ میناک:" شعرا دەلالییا زارۆیان، مار و رۆڤی، چیرۆکا بنگولێ، ...تاد، وەک دیارە مەبەستا جەلادەت دڤێ یەکێ دە ڤیایە کەلتوری کوردی ب دونیایێ بدە ناسین کو کورد ژی خوەدی کەلتورەک دەولەمەندە. میناکا شعرێ:

BERCEUSE?La carresse aux enfants?
Does! O Bonheur de Mon Coeur etde mes yeux,
Ta m?re EST tous les jours ta gardinne
Pour que tu grandisse vite Mon bedir-khan
Dors Mon amour dors lo! Lo.(22)

میناکا چیرۆکێ:

LHOMME EST LE SERPENT
UN home sur SA route rencontra UN serpnt. Le serpent ?lait sous une grande Pierre. IL ne pouvait Ni sortir, Ni bouger. L home eut pitie de lui, ET savan?a vers la Pierre. Leva la Pierre et le sauva.

## ئەنجام

ل داوییێ دە دکارین لێکولینا خوە ل ڤان خالێن ژێر ڤە کورت بکەینەڤە:

١- جەلادەت مینا شاعر، کەسەکە ب نیڤ کلاسیک دەست پێکرییە و پاشێ بەرەڤ شعرا نوو و ئازاد هاتییە.

٢- جەلادەت نووکرنێن وی ئانکو ئافراندنێن وی ئالیێن روخسار و ئالێ بیر و ناڤەرۆکێ ڤە ژی جهگرتیینە.

٣- جەلادەت هەرچەندە شعر نڤیساندییە، لێ لبەر کاری خوەیێ رۆژنامەگەریێ، زیاتر مینا رۆژنامەنڤیس هاتییە ناسین ئانکو بەرچاڤ، گەرنا تێکستێن وی یێن شعری بەس بوون بۆ هەندێ وەک شاعرەک بهێتە هەژمار.

٤- ژبلی شعر و کارێ رۆژنامەنڤیسێ، جەلادەت چیرۆک ژی نڤیساندینە و ب مفا وەرگرتن ل شێواز و ناڤەرۆکێن فۆلکلۆری و میللیەیان، پێکول کرییە تشتێ نوو و تازە پێشکەش بکە.

٥- جەلادەت گرنگی ب زارۆکان ژی دایە و تشت ژ وان رە نڤیساندییە، زێدەباری هەندێ ژی شعرێن زارۆکان یێن کوردی وەرگەڕاندیینە سەر زمانی فەرەنسی.

٦- جەلادەت ل ئەدەبیاتێ بیانی ژی، کارێ ئەدەبی و رۆژنامەنڤیسی بۆ سەر زمانێ کوردی وەرگەڕاندییە ئانکو تەرجمە کرینە.

ب تەڤایا ڤان ئەنجامان ڤە جەلادەت مینا شاعر و چیرۆکنڤیس و وەرگێڕ و رۆژنامەنڤیسەکێ کورد، ناڤێ وی د رۆپەلێن دیرۆکا ئەدەبی و رەوشەنبیریا کوردی دهێتە تومارکرن.

**چاڤکانی و پەراوێزێن لێکۆلینێ:**

**(١٣) جەلادەت عالی بەدرخان، خوە بناس، کۆڤارا هاوار، ژ: ١٨، شام، ١٩٣٣، بپ٢.**

**(١٤)صادق بهاءالدین، جەلادەت ئالی بەدرخان، کۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی حەوتەم، بەغدا، ١٩٨٠، بپ٢٥٩.**

**(١٥)حامید گەوهەری، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، رابوون، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٩، بپ١٢٨.**

**(١٦)بەکر شاکر عەبدوڵا، عەلی فەتاح دزەیی شاعیر و نووسەر، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، ساڵی ٢٠٠٠، بپ٧٣.**

**(*) ژ بلی ڤێ تێکستێ، جەلادەت دوو پەخشانێن دن وەک شینی ژ سەیدایێ خوەدێ ژێ رازی بیت نڤیساندینە و د هەژمارا (١١، ٢٤)ان دە ئا هاوارێ وەشاندیینە.**

**(١٧) مستەفا نەریمان، پەیوەندی نێوان ئەسیری و جگەرخوێن، کۆڤارا: بەیان، ژ:١٣١، ١٩٨٧، بپ١٦.**

**(٥٨) قەدری جان، جوهابا لاوانی ل دییا هاوارێ، کۆڤارا: هاوار. ژ:٢٠، شام، ١٩٣٢، بپ١١.**

**(١٨)د. بەدرخان سندی، ملینی یا گوڤارا هاوار، کۆڤارا: رۆشنبیری نوێ، ژ: ١٣٣، ١٩٩٤ بپ ٢٩.**

*** رەشبەلەک رامانا وێ ب نامە تێ، دناما یەکێ ددە خویاکرن کو زارۆکێن وی مێڤانێن مامێ خوە، ئانکو کامەران بەدرخانن ل بێرۆتێ وەک نڤیساندییە (ژ جەمشید و سینەمێ رە ل بیرۆتێ، مێڤانێن مامێ خوە)، ناما دودویان د سەردێرا دوێ دە نڤیساندییە (ژ جەمشید و سینەمێ رە یێن کو بەرێ خوە دانە زۆزانان و ئیرۆ د هاڤینگەها زەبەدانێ دەنە).**

**** رامانا وێ ئاخفتن، پەیڤین، قسە تێ.**

**(١٩) فەرات جەوەری، کولتور، هونەر و ئەدەبیات، وەشانێن نوودەم، ستوکهۆلم، ١٩٩٦، بپ٩٧ (لاتینی).**

*** ئەڤ چیرۆکە هەم ب پیتێن عەرەبی هەم ژی ب پیتێن لاتینی د کۆڤارا هاوار، هەژمارا(٤) وەشاندییە، کو ل داویا چیرۆکێ ئەوا ب پیتێن عەرەبی وەشاندی ئاماژی ب وێ یەکێ دکە کو ل٢٨شام چریا بەری ١٩٢٣نڤیساندییە، لێ بەلێ د تێکستا لاتینی دە هاتییە بێرۆت ٥ چریا بەرێ ١٩٢٧. سەرباری ڤێ یەکێ ژی ناڤونیشانی د تێکستا ب پیتێن عەرەبی ب ڤی ئاوایی(بەر تەڤنا مافوری)، کو ب باوەڕیا من ئەڤ ناڤە دروست ترە ژ یا د تێکستا لاتینی دە.**

**(٢٠) فەرهاد پیربال، مێژووی وەرگێڕان لە ئەدەبیاتی کوردیدا، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی کۆڤاری ئاسۆی پەروەردە، چ١: پەروەردە، ٢٠٠٢، بپ٧.**

**(٢١) حسێن حەبەش، راپەڕینا چاندا کوردی د کۆڤارا هاوارێ دە، بەلاڤگەها بۆن، ١٩٩٦، بپ ١٦٩.**

*** ئەڤ کتێبە ل سالا ١٩١٢ ژ لایێ زانایێ ئەلمانی هارتمان ڤە وەشاندییە، هەروەسا نڤیسکارێ ناڤبری زمانی کوردی باش زانییە و ئەو گەلەک ل کوردستانێ گەڕیایە.**

**** جەلادەت ئەڤ چیرۆکە ب ناڤەکێ خواستنێ فارسیخانێن وەرگەڕاندییە.**

**Herekol azizan, BERCEUSE?La(٢٢) carresse aux enfants?, kovar: hawar, hejmar: 5,932, p11**

# ئالان بادیۆ
# "کردە" لە ستایشی خۆشەویستیدا

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا

بادیۆ لە شاری (ڕیبات)ی وڵاتی (مەغریب)ی عەرەبی لە ساڵی ۱۹۳۷ لە دایک بووە، چل ساڵە کار لە فەلسەفەدا دەکات و کۆمەڵێک بەرهەمی چاپکراوی بە کتێبخانەی فەرەنسی بەخشیوە، لەوانەش: تیوری خودگەرایی (۱۹۸۲) بوون و ڕووداو (۱۹۸۸) لۆژیکی دنیا (۲۰۰٦) مانای سارکۆزی، ئاکار: کۆمەڵێک وتار لەبارەی شەڕەوە، ئێستا لە پاریس مامۆستای فەلسەفەیە.

ئالان بادیۆ بە چەپ دەژمێردرێت و یەکێکە لە هاوسۆز و بەشداریکەرانی ڕووداوی مانگرتنی قوتابیانی ۱۹٦۸ی فەرەنسا و وەک فیکر ڕەگێکی ئالتۆسێری هەیە و دواتر بە فیکرەکانی ژاک لاکانەوە کاریگەر دەبێت، لەگەڵ دۆلۆز و لیوتار ڕووبەڕووی گفتوگۆیەکی فیکری توند دەبێتەوە و ئەوان بە بەکارهێنەری نادروستانەی فیکری ئالتۆسێر دادەنێت، کتێبی (بوون و ڕووداو) وەک بەخششێکی سەرەکی فیکری ئەو تەماشا دەکرێت، لە بارەی دادپەروەرییەوە دەڵێت: دادپەروەری هەر تەنیا ونبوونی نادادپەروەرییە، چونکە نادادپەروەری ئاشکرا و ڕوونە، بەڵام دادپەرەوەری تەمومژاوییە، بادیۆ (هەتا هەتایی) و (فرەیی) وەک دوو بنەمای ڕەوای بوون دەبینێت، فرەیی کە بە شێوەیەکی بێکۆتایی هەڵدەوەشێتەوە و دابەش دەبێت، بەرەو بۆشایی دەبێتەوە، بە مانایەکی دیکە فرەیی دروست نابێت، تەنیا لە ڕێگای بۆشاییەوە نەبێت، پێی وایە ئەو تێزەی ئەو، واتە(بێکۆتایی بوون) دووچاری دوو هەڵە دەبێتەوە، یەکەمیان ڕاڤەکردنی ئایینییە کە پێیان وایە ئەو بێکۆتاییە دەلالەت لە خودا دەکات و هەموو شتەکان بە خوداوە دەبەستنەوە، هەڵەی دووەمیان بێکۆتایی بوون وەک فەوزایەکی دڵخۆشکەر و تەمومژاویی دەبینێت،



**ئالان بادیۆ**

ئەوەش هەڵەی دۆلۆز و ڕۆمانسییەکانە.

جگە لەوە بەردەوام خەریکبوونی بە چەمکی (حەقیقەت) وای کردووە، وەک هەر یەک لە ئەفلاتوون، سپینۆزا، لیبنتز، قسەی لەبارەوە بکریت، بادیۆ جەوهەری حەقیقەتی مرۆیی بە چوار هێڵ بەستووەتەوە، چوار تۆڕ لە کتوپڕیی و داهێنان، چوار ڕێباز: (سیاسەت) و (خۆشەویستی) و (هونەر) و (زانست)، لای ئالان بادیۆ حەقیقەت ئەوەیە کە کۆتاییەکی دیاریکراو بوونی نییە، هەر چۆنێ بێت، دەشێ ئەو ڕێگایە دیاری بکەین کە ڕووداو بۆ خودی تاک دەیخاتە ڕوو، لەبەر ئەوەی ماناکانی حەقیقەت بە کراوەیی دەمێنێتەوە، بۆیە ئێمەش تێیدا دەژین. (له ستايشى خۆشەويستيدا، دار التنوير، ٢٠١٤، ترجمة: غادة الحلواني، ل٢٤.

### لە ستایشی خۆشەویستیدا

بادیۆ دەڵێت کاتێک (نیکۆلاس ترۆنگ Nicolas Truong) پێشنیاری گفتوگۆیەکی لەبارەی خۆشەویستییەوە بۆ کردم، ڕاستەوخۆ ڕازی بووم و دڵخۆش بووم بەوەی کە ئەو ڕۆڵی گفتوگۆکار و منیش ڕۆڵی فەیلەسوفی خۆشەویستی تەمومژاوی ببینم، بەیەکەوە کارمان کرد و بەبێ دوودڵی دەڵێم سەرکەوتنێکی گەورەمان بە دەست هێنا، کتێبی لە ستایشی خۆشەویستیدا بەرئەنجامی ئەو گفتوگۆیەیە و وەک ئەفلاتوون ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە "هەر کەسێک خۆشەویستی وەک خاڵی سەرەتایی نەبینێ، بە هیچ شێوەیەک نازانێ فەلسەفە چییە" کتێبی لە ستایشی خۆشەویستیدا توانایی بادیۆی فەیلەسوف بەرانبەر هێرشەکانی نیکۆلاس ترۆنگی حەکیم و فەیلەسووف نیشان دەدات.

کتێبی لە ستایشی خۆشەویستیدا لە شەش بەش و پێشەکییەک بۆ تێگەیشتن لە فیکری بادیۆ، پێکهاتووە، لە بەشی (خۆشەویستی لەبەردەم هەڕەشەدایە)، (نیکۆلاس ترۆنگ) دەڵێت با لە کتێبەکەت "مانای سارکۆزی" قسە لە ڕستەی "دەبێ خۆشەویستی لە نوێوە دابهێنینەوە" بکەین، بەڵام دەبێ بەوپەڕی سادەییەوە بەرگری لێ بکەین، چونکە لە هەموو لایەکەوە بەر هەڕەشە دەکەوێت، تۆ ئەو هەڕەشانە چۆن دەبینی؟ بە ڕای تۆ هاوسەرگیری سونەتی ڕێکوپێک، دووچاری دەردی ئەو سەدەمە نەبووەتەوە؟ ئایا ئەو ڕیکلامەی پێگەی ئەلیکترۆنی "میتیک- Meetic" بۆ ڕێکخستنی ژووانی ئەویندارانە دەیکات، چەند کاریگەری هەیە، بادیۆ لە گفتوگۆدا دەڵێت: ئەوە وای کردووە بە قووڵی بیر بکەمەوە، یەکەم جار ئەو ڕیکلامە گۆڕینی ناوونیشانی شانۆنامەکەی مارفیۆیە (گەمەی خۆشەویستی و شانس) و دەڵێن "خۆشەویستی بەدەست بێنە، بێ ئەوەی چاوەڕێی ڕێکەوت بکەیت" پاشان دەڵێت: "دەتوانین ئەوینداری بکەین، بێ ئەوەی ئەویندار بین" یان "دەتوانین بە تەواوی ئەویندار بین، بێ ئەوەی ئازار بچێژین"، "ڕاهێنانکردن لەسەر خۆشەویستی" هەموو ئەو بانگەشانەی پێگەی ئەلیکترۆنی میتیک وەک بەرەودان بە چەمکی دڵنیابوون لە "خۆشەویستی" پێچەوانە کراونەتەوە، خۆشەویستی وەک بڕوا ڕووبەڕووی هەموو ترسێک دەبێتەوە، ئەو ڕیکلامەی پێگەی میتیک پڕوپاگەندەکانی سوپای ئەمریکاییم بیر دەخاتەوە کاتێک بۆ بۆمبی "زیرەک" و ئەو شەڕانە بانگەشەی دەکرد کە دەرئەنجامەکەی لەسەر (سفر مردن) و دەستەواژەی "سفر کوژراو" دەکردەوە.

نیکۆلاس ترۆنگ دەپرسێ پێت وایە پێوەندییەک لە نێوان "سفر کوژراو" و ئەوینداری بێ ترس هەبێت؟ ئایا ئەو تێزەی کۆمەڵناسی پۆڵەندی زیگۆمۆند باومان "هیچ ئیلتیزامم بەرانبەر تۆ نییە" کە سەرمایەداران بەرانبەر کرێکارانی (کاتی) بەکاری دەهێنن (ئەوانەی بیمەی

کاریان پێ نەدراوە/کاری فەرمییان نییە) و ئەوەی بە ناوی (ئەوینداریی ئازادانە)ی سەردەمی بەکاربردنی خۆشەویستی دلبەر دەیلێت "من پابەند نیم" چۆن دەبینی؟ بادیۆ دەڵێت لە نێوان "سفر کوژراو" لە جەنگ و "سفری ترس" لە خۆشەویستیدا هیچ دەرفەتێک بۆ سودفە بوونی نییە، هەڕەشەی یەکەمی خۆشەویستی دەتوانم بە هەڕەشەی دڵنیاکردنەوە ناو بەرم، ڕاستە "سفری ترس" هەموو هەڕەمەکی بوون و سودفەیەک تەجاوز دەکات و ڕێکەوتنی پێشوەختە دەچەسپێنێ، بەڵام هیچ شاعیریەتی تێدا نییە! دووەم ئەوەی لە پێگەی میتیک ڕووبەڕووی خۆشەویستی دەبێتەوە نکوڵیکردنە لە بایەخی خۆشەویستی، ئەوەش لە ڕێگای ئەو فیکرەیەی کە دەڵێت عاشقاتی تەنیا گۆڕینی چێژە، نەک ئەزموونی قووڵ، یان ڕەسەن. پڕوپاگەندەکانی پێگەی میتیک وەک پروپاگەندەی سوپا ئیمپریالیییەکانە و تەنیا ئازار بە ئەوی دیکە دەگەیەنێت، لە بەرانبەری "سفر کوژراو" دنیایەک ئەفغانی و فەلەستینی و...تاد دەپێکرێن، "خۆشەویستی بێ ترس" یاساو ڕێسای دڵنیاکەرەوە بەڕێوەی دەبات و پێویستی بە هێزی پۆلیس و چاودێری دەروونی و سوپا و بیمە هەیە، بەڵام بۆ ئەوانی دیکە ترسە! دەتوانم بڵێم خۆشەویستی دوو دوژمنی هەیە، یەکەمیان ئەو دڵنیاکردنەوەیەی کە پۆلیس دابینی دەکات و دووەمیان سنووردانانە بۆ ئەو چێژ و خۆشییەی کە بە شوێنەوە بەندە.

لە بەشی دووەم (فەیلەسووفان و خۆشەویستی) نیکۆلاس ترۆنگ دەڵێت "دەبێ خۆشەویستی لە نوێوە دابهێنینەوە"ت لە ڕامبۆی شاعیر وەرگرتووە، تۆ بۆ خۆشەویستی زۆر پشت بە شاعیر و نووسەران دەبەستی، ئەی لە بارەی فەیلەسووفان چی؟ بادیۆ دەڵێت ڕاستییەکەی پێوەندی ئەوان بە خۆشەویستییەوە ئاڵۆزە، لە کتێبی (فەلسەفە و خۆشەویستی لە سوکراتەوە تا سیمۆن دوبۆڤوار)ی نووسەران ئۆدی لانسلین و ماری لیمۆنییەدا باس لە دوو تێڕوانین دەکرێت، یەکێک دژە خۆشەویستییە و شۆبنهاوەر دژ بە ئافرەتان تێیدا بەناوبانگە، بەڵام ئاراستەی دووەم حاڵەتی کیرکەگارد دەبینین! کیرکەگارد پێی وایە ئەوە (منایەتی چێژە) کەسەکان بەڕێوە دەبات، نموونەشی دۆن ژوان لە ئۆپێرای مۆزارتدا، کیرکەگارد بۆ خۆی پێوەندییەکی دووروودرێژی ئەویندارى لەگەڵ "ریگینا"ی لاو هەبوو.

لە فەلسەفەدا تێڕوانینێک هەیە پێیوایە خۆشەویستی بە شێوەیەکی سروشتی سێکس کردنە، ئەوی دیکە پێی وایە ستایشکردنە، کاتێک کیرکەگارد لە ئاستی جوانیدا دەمێنێتەوە و ناتوانێ پەی بە هاوسەرگیری لەگەڵ خۆشەویستەکەی بەرێت، ئەوە دەبێتە هۆی لێک جیابوونەوەیان! کەواتە خۆشەویستی لە ئاستی یەکەمدا شەیدابوونە و لە ئاستی دووەمدا پەیمانە و بەرەو ئاستی سێیەم دەبێتەوە کە هاوسەرگیرییە، بەڵام لە بۆچوونی من خۆشەویستی تریاکە، بروابوونە، حەقیقەتەکەی لە سودفەبوونیدایە، خۆشەویستی بەرەو فیکرەیەکمان دەبات کە پێی وایە ناتوانین دنیا ئەزموون بکەین، تەنیا لە دیدی جیاوازەوە نەبێت، خۆشەویستی جیاوازی بەرجەستە دەکات.

نیکۆلاس ترۆنگ دەڵێت (ژاک لاکان) گەورەترین تیوریزەکاری خۆشەویستی دەچێتە نێو ناوکۆییەک کە دەڵێت "پێوەندی سێکسی بوونی نییە" ئەوە مانای چییە؟ بادیۆ: ئەو گریمانەیەی ژاک لاکان دەڵێت هەموو کەسێک لە میانی سێکس کردندا تا پلەیەکی گەورە دەچێتەوە نێو خۆی، ئەگەر ئەو وەسفە وابێت، هەڵبەتە ئەوە جەستەی هەر یەکەیان دەبێتە ناوەندیار بۆ ئەوی دیکە، بەڵام دواجاریش چێژ هەمیشە چێژی تۆیە. سێکس کردن یەکمان ناخات، بەڵکو لێکمان جیا دەکاتەوە، چێژ بەرەو دوورت دەبات، دوور زۆر دوور لە ئەوی دیکە، ئەوەی بەیەکمان دەبەستێتەوە خەیاڵە، بۆیە شتێک نییە بە ناوی پێوەندی سێکسی، وەک (لاکان) قسەی لێ دەکات، خۆشەویستی بۆشایی پێوەندی سێکسی پڕ دەکاتەوە، بە شێوەیەکی خەیاڵی بۆشایی غەریزەی سێکسی پڕ دەکاتەوە، چونکە دواجار سێکس کردن بەرەو جۆرێک لە بۆشاییمان دەبات، بۆیە دەکەوینە جێبەجێکردنی یاسای دووبارەکردنەوە.

ئایا بەڕاستی فەلسەفە تێگەیشتنی دژ بەیەکی بەرانبەر خۆشەویستی هەیە؟ بادیۆ دەڵێت من دەتوانم سێ تێگەیشتنی سەرەکی لەیەکتر جیا بکەمەوە: تێگەیشتنی ڕۆمانسیانە کە پشت بە نەشوە دەبەستێت، تێگەیشتنی پێگەی ئەلیکترۆنی میتیک کە لە دیدی بازرگانی و یاساییەوە تەماشای خۆشەویستی دەکات، بەڵام بۆچوونی من ئەوەیە کە خۆشەویستی بنیادنانی ئازادییە، ئەگەر بپرسی کام ئازادی؟ ئەوە دەڵێم ئازادی لە خاڵێکی تەواو دیاریکراودا: دیتنی دنیا بە دووان، دیتنی دنیا بە

تیروانینی جیاوازی دووان.

لە بەشی (بنیادنانی خۆشەویستی) نیکۆلاس ترۆنگ دەڵێت بەڵێ تۆ ڕامبۆت بیر خستینەوە بەوەی خۆشەویستی دەبێ لە نوێوە دابهێنرێتەوە، بەڵام بەڕای تۆ لە کوێوە دەست پێ بکەین؟ بادیۆ دەڵێت پرسی خۆشەویستی لە دوو خاڵدا هاوگونجاو دێتەوە، یەکەم لە لێک جیابوونەوەی جیاوازی جۆری، کاتێک خۆشەویستی بە بەشداری دوو کەسی جیاواز دێتە ئاراوە، ئەوە دەکەوینە بەرانبەر دوو ساتەوەختی تەئویلی جیاواز، نموونەی ڕۆمیۆ و جۆلیێت، هەڵبەتە خۆشەویستیش لە بنەڕەتدا دووانەیە، خاڵی دووەم لەبەر ئەوەی بە دیاریکراوی لەسەر (لێک جیابوونەوە) دروست دەبێت، کاتێ دوو کەس دێنە سەر شانۆ دنیا بە شێوەی دووانەی نوێ تاقی دەکەنەوە، ئەوەش بە "بەیەکگەیشتن" ناو دەبەن، بەیەکگەیشتنی دوو کەسی جیاواز بۆخۆی ڕووداوە "موفاجەئەی خۆشەویستی"یە، لەسەر بنەمای ئەو ڕووداوە دەشێ خۆشەویستی گەشە بکات، ئەوەش بنیادنانی خۆشەویستییە.

ڕاستە خۆشەویستی لە ژووان و بەیەکگەیشتندا فۆرمێک لەگەڵ بەردەوامی وەردەگرێت، بەڵام تۆ بۆچی (توانەوە) لە خۆشەویستیدا ڕەت دەکەیتەوە؟ من ڕەتی دەکەمەوە، چونکە تێگەیشتنە ڕۆمانسییەکان خۆشەویستی ئیستهلاک دەکەن (بەکار دەبەن)، مەبەستم ئەوەیە دەیخەنە دەرەوەی دنیای واقیعەوە، ڕۆمانسییەکان خۆشەویستی لە یەک دیمەندا دەبینن، نەک بنیادنانی دیمەنێک لە دوو لاوە، ئەوەش ناو دەنێن توانەوە؟!

بەڵام ئایا سروشتی ئەو بنیادنانەی تۆ باسی دەکەیت، چۆنە؟ بادیۆ دەڵێت: چیرۆکێکی بێ دەنگە، من ناڵێم دنیای خێزان بەشێک نییە لە خۆشەویستی، بەڵام ئەوە تەفسیرێکی زۆر شێوازگیرانە و ڕووکارئامێزانەیە و ناشێ خۆشەویستی لە خێزاندا کورت بکەینەوە، ئەوەی دەمەوێ قسەی لێ بکەم بەردەوامبوونی خۆشەویستییە! مەبەستم لە بەردەوامی بێکۆتایی بوون نییە، بەڵکو داهێنانی ڕێگایەکی نوێیە بۆ بەردەوامبوون لە ژیان، تێگەیشتنێکی دیکەی زەمەنە، خۆشەویستی ئارەزووکردنی بەردەوامییە، بەڵام بە شێوەیەکی نادیار- خۆشەویستی- دووبارە داهێنانەوەی ژیانە، داهێنانی خۆشەویستی لە نوێوە، واتە دووبارە داهێنانەوەی ژیان لە نوێوە.

نیکۆلاس ترۆنگی حەکیم دەپرسێ لە کتێبەکەت (هەلومەرجەکان) لە کۆمەڵێک فیکرەی چەسپاو لە بارەی خۆشەویستییەوە، دەخەیتە ژێر پرسیارەوە، بە تایبەتی ئەوە فیکرەیەی دەڵێت خۆشەویستی وەهمە، یان خۆشەویستی ڕووییەکی ڕازاوەیە و حەقیقەتی سێکسی دەرئەنجامیەتی، یان خۆشەویستی لە بنەڕەتدا ئارەزووە و لە سێکسدا بێدار دەبێتەوە، بادیۆ دەڵێت هەموو ئەو چەمکانە سەر بە ڕەوشتێ و بە ڕێبازی گومانکارانەوە بەندن. ئەو ڕێبازە پێی وایە ئەگەر شتێک لە خۆشەویستیدا هەبێت ئەوە ئارەزووە، بەپێی ئەو دیدە خەیاڵ خۆشەویستی بنیادی دەنێت، بۆ ئەوەی ئارەزووی سێکسی بە توێکڵی دەرەکی بشارێتەوە! ئەو فیکرەیە مێژوویییەکی دوور و درێژی هەیە و هەمووان وا لێ دەکات گومان لە خۆشەویستی بکەن، ئەو دیدە سەر بە زمانی دڵنیابوونەوەیە، چونکە پێمان دەڵێت گوێ بگرن ئەگەر ئارەزووی سێکس دەکەن، بڕۆن سێکس بکەن، پێویست ناکات بکەونە داوی خۆشەویستییەوە، بەڵام خۆشەویستی لەوە گەورەترە تەنیا بە وشە بیخەینە ڕوو.

لە بەشی (حەقیقەتی خۆشەویستی) بە بادیۆ دەڵێت تۆ باسی ئەفلاتوون و پەیوەندی تایبەتی نێوان دوو خۆشەویستت کرد، بەڵام چۆن باسی حەقیقەتی



خۆشەویستی دەکەیت؟ بادیۆ دەڵێت خۆشەویستی بە جۆرێکی دیاریکراوی حەقیقەت پەیوەستە، ئەو حەقیقەتەش زۆر بە سادەیی حەقیقەتی دووانە، حەقیقەتی جیاوازییە، بە بڕوای من خۆشەویستی ئەوەی پێی دەڵێن -دیمەنێک لە دوو لاوە- ئەوە شارەزاییە! بەو مانایە خۆشەویستی دژ بە نکوڵیکردنەکان دەوەستێ و بەردەوامی دەنوێنێ و شارەزایی تەواوی دنیایە، خۆشەویستی لە جیاوازییەوە خۆی بەرهەم دەهێنێت، حەقیقەتێکی نوێیە بەرانبەر جیاوازی.

با بڵێین خۆشەویستی دیمەنێکە لە دوو لاوە، ئایا بوونی منداڵ ئەو دیمەنە ناکاتە سێیانە؟ بادیۆ: ئەو پرسیارە گرنگ و قووڵە، بەڵام بوونی منداڵ گەڕانەوەیە بۆ تاکبوون، ئامانجی خۆشەویستی لە دایکبوونی منداڵە و دەلالەت لە تاکبوون دەکات، پاشان منداڵ بەشێکە لە فەزای خۆشەویستی، دەبێ جارێکی دیکە لە نوێوە یارییەکە بە هەمان ڕێگا دووبارە بکەینەوە، خۆشەویستی دەبێ بەردەوام نوێ بکرێتەوە.

لە بەشی (سیاسەت و خۆشەویستی) نیکۆلاس ترۆنگی حەکیم دەڵێت بۆ دەبێ سیاسەت دایکی خۆشەویستی بێت، ئایا چونکە ڕووداو و ڕیکلام و وەلایە؟ بادیۆ دەڵێت لەڕووی تیورییەوە سیاسەت جێبەجێکردنی حەقیقەتە، بەڵام جێبەجێکردنێک کە هەمووان دەگرێتەوە، واتە کردەی سیاسی حەقیقەتێک ئەزموون دەکات، بە ئەندازەی بەخششی هەمووان، بەڵام ئایا سیاسەت دەتوانێ دادپەروەری بەجێ بهێنێ؟ دەتوانێ گونجاو و نەگونجاو بەیەکەوە کۆ بکاتەوە؟ لەگەڵ هەموو ئەو پرسانەش دەتوانین خێزان بە دەوڵەت، دەوڵەت بە حاڵەتی خۆشەویستی بچوێنین، بۆ نموونە کاتێک بەشداری لە بزاڤێکی سیاسیی جەماوەری گەورەدا دەکەیت، گرژبوونەوەیەک لە نێوان پرسی (ئەندازەی کۆ دەبێ چەند بێت) و پرسی (هێزی دەوڵەت و دەسەڵات) تاقی دەکەیتەوە، لە دەرئەنجامدا دەگەیتە ئەوەی کە دەوڵەت خەریکە خیانەتی سیاسی دەکات، ئایا دڵنیایی خێزانیش خەریکی خیانەتکردن نییە لە خۆشەویستی؟ ئێمە دەبێ ئەو پرسیارە بخەینە ڕوو، بە بڕوای من خێزان لە خاڵێکەوە بەرەو خاڵێکی دیکە و لە بڕیارێکەوە بەرەو بڕیارێکی دیکە هەنگاو دەنێت، خاڵی پێشنیارکردنی سێکس، منداڵ، سەفەر، کار...تاد هەموو ئەو خاڵانەش ڕەگەزی بانگەشەکردنی خۆشەویستین، وەک چۆن سیاسەت خاڵەکانی لە هێزی دەوڵەت و بەرەکانی سیاسەت و یاساکان و پۆلیس...تاد دەبینێتەوە، ناشێ تەنیا دەوڵەت لە تێڕوانینی سیاسی کراوەی شۆڕشگێڕانەدا کورت بکەینەوە و دادپەروەری بخنکێنین. دواجار دەبێ خاڵ خاڵ قسەیان لە بارەوە بکەین، نابێت تاقیکردنەوەکان لەگەڵ دەرئەنجامەکان تێکەڵ بکەین. وابزانم ناتوانین بەبێ دەوڵەت لە سیاسەت بگەین، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە، کە هێز ئامانجە، بەڵکو ئامانج کەشف کردنی " ئەندازەی بەخششی هەمووانە "، نەک خودی هێز، وەک چۆن لە خۆشەویستیدا دنیا لە دیدی جیاوازەوە تاقی دەکەینەوە، لە خۆشەویستیدا ئامانج کەشف کردنی جیاوازییە.

لاکان نیگاری (سیاسەتی هاوڕێتی) کێشاوە، تۆ بۆچی ناتوانی (سیاسەتی خۆشەویستی) وێنا بکەیت؟ بادیۆ دەڵێت: ناشێ خۆشەویستی و سیاسەت تێکەڵ بە یەکتر بکەین، چونکە دەکەوینە بێ مانایییەوە، لە سیاسەتدا کەسانێک یەکتریان خۆش ناوێت، کەچی بەیەکەوە سیاسەت دەکەن ((ئەو قسەیەی بادیۆ قسەیەکی دریدام بیر دەخاتەوە کە دەڵێت: لە ناو ئەوەی پێی دەگوترێ واقیع، هەمیشە کۆمەڵێک ناکۆکی هەیە کە توانایی ئاوێتەبوونیان نییە، کەچی پێکەوەش هەن، ئەگەرچی هەر یەکەیان بەرانبەرەکەی خۆی نەرێ دەکاتەوە))، بەڵام خۆشەویستی وا نییە، یان هەیە، یان نییە، لە سیاسەتدا دوژمنکاری هەیە، بەڵام لە خۆشەویستیدا تەگەرە هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا خۆشەویستی دەکرێ جەنگ بێت، هەڵبەتە خۆشەویستیش وەک هەموو جێبەجێکردنە حەقیقییەکانی دیکە، هەر بە ئاشتی کۆتایی نایەت، بەیەکداچوونی توندیش بەخۆوە دەبینێت، ئەزموونێکی پڕ ژانوژوارە، خەڵکانێک بە هۆی خۆشەویستییەوە دەتلێنەوە، خۆیان دەکوژن، دەمرن، خۆشەویستی بەپێی پێوانەکانی زۆر لە سیاسەتی شۆڕشگێڕانە بێ ئازارتر نییە، خۆشەویستی یاسای خۆی هەیە و لە ناوەوە پڕە لە نێودژی و توندوتیژی، بەڵام لە سیاسەتدا لەگەڵ دوژمن ڕووبەڕوو دەبیتەوە، بەڵام لە خۆشەویستیدا دەکەویتە بەرانبەر پرسیارێکی درامی، خۆشەویستی درامای ناخە، درامای ناوەوەیە! لە خۆشەویستیدا ناکەویتە بەرانبەر هیچ دوژمنێک، بەڵکو دەکەویتە نێو ململانێی جیاوازییەوە، دەبێ بە تەواوی سیاسەت لە خۆشەویستی

بکەینەوە، چونکە خۆشەویستی سەرکێشییەکی تاکانەیە و سیاسەت دەستەجەمعییە، خۆشەویستی لە ڕێگای تاکەوە بە دوای حەقیقەتدا دەگەڕێت، سیاسەت لە ڕێگای دەستەجەمعییەوە، خۆشەویستی بەهاکەی لە ناوەوەی خۆیدایە، بەهای سیاسەت لە دەرەوەی خۆیدایە.

لە بەشی (خۆشەویستی و هونەر)دا نیکۆلاس ترۆنگ دەڵێت: ئەندرێ بریتۆن گوتی سەدەی بیستەم، خۆشەویستی وەک خوازەی حەقیقەت چەسپاند، بەڵام هەر بریتۆن بوو گوتی سادەترین دەستەواژە لە هونەردا خۆشەویستییە؟ بادیۆ: ئێمە قسەمان لە ڕامبۆ کرد، نوێکردنەوە بە نسبەت سوریالییەکان بزاڤێکی هونەری و بوونگەرایی و سیاسییە و قابیلی هەڵوەشانەوە نییە. هونەر بە خاڵێکی زۆر بەهێزەوە بەندە، ئەویش بەجێهێنانی داپەروەری ڕووداوە. لە سیاسەتدا مێژوو ڕووداو ڕێک دەخات، هەڵبەتە دوای ڕوودانی... بەڵام لە هونەردا دووبارە ڕووداو لە لێ وردبوونەوە و دنیای خەیاڵەوە بنیاد دەنرێتەوە، بریتۆن لەو دیدەوە قسە لە (پێوەندی هونەر) بە خۆشەویستییەوە دەکات، چونکە خۆشەویستی لە بنەڕەتدا ئەو ساتەوەختەیە کە ڕووداو تێیدا "بوون" دەبڕێت، ئەوە لێکدانەوەی "شەیداییە" شەیدایی بۆ هیچ یاسایەک کورت ناکرێتەوە، هیچ یاسایەکی نییە، زۆرجاران قسە لە لایەنە ناکۆمەڵایەتییەکەی خۆشەویستی دەکرێت "عاشقان لە دنیادا تاک و تەنیان" تەنیا ئەوانن خاوەنی جیاوازین، لە ڕێگای جیاوازییەوە دنیا تاقی دەکەنەوە. خۆشەویستی شەیدابوونە، لەو خاڵەوە سوریالییەکان شۆڕشی شیعرییان لە زماندا ڕاگەیاند و سووربوون لەسەر شۆڕشی شیعری لە بووندا.

دواجار هونەری شانۆ هەمیشە جەخت لە خۆشەویستی دەکاتەوە، خۆشەویستی وەک ئامرازێک بۆ یاخیبوونی چینی کۆمەڵایەتی و سیاسی: خۆشەویستی لە شانۆدا تراجیدیا و ڕەتکردنەوە و تووڕەییە، بادیۆ وەک دوایین فەلسەفەکاری نەوەی شۆڕشی ١٩٦٨ی فەڕەنسای ڕۆشنگەر و شۆڕش و ئازادییەکان، پێی وایە خۆشەویستی داهێنانی دووبارەی ژیانە، ئێمە لە خۆشەویستیدا بڕوا بە جیاوازی دەکەین، ئێمە گومان لە خۆشەویستی ناکەین، بە کورتی ئالان بادیۆ لەو گفتوگۆیەدا پێمان دەڵێت لە بەر ئەوەی هیچ کردەیەک بێ بیرکردنەوە بوونی نییە، کردە هەرگیز مرۆڤ ڕزگار ناکات! ئەوە خۆشەویستییە مرۆڤ ڕزگار دەکات، بەر لەوەی فیکر بچێتە قۆناغی کردە، دەبێ سەرەتا تێ بگەین کە چۆن و لەسەر چ بنەمایەک ئەو فیکرە دروست بووە؟! لە ڕووی زانستییەوە فیکر، یان بیرکردنەوە دەرئەنجامی وەڵامێکی دەماری، یان دەروونییە، فیکر وەڵامی دەستبەجێی هەستیارەکان بۆ هەستێکی گەڵاڵەکراو و دیاریکراو، یان وەڵامی بیرەوەری دەداتەوە، بە مانایەکی دیکە وەڵامی هەست و نەستە کەڵەکەکراوەکانی دەروونە بۆ بیرەوەری، بەو مانایەش ڕەوتی بیرکردنەوە وەڵامە بە بیرەوەری، واتە فیکر لەسەر پرۆسەی بەیادهێنانەوەی هەست و نەست دروست دەبێت، هەمووو بیرەوەرییەکیش لە ڕێگای ئەزموونێکەوە ڕەوتی فیکری بەجێ دەهێنێ، دواجار کردە ئاکامی بیرکردنەوەیە، ئاکامی ئەزموونە، ئاکامی بیرەوەرییە، تەنیا خۆشەویستی نەبێ، خۆشەویستی کردەیەکە دەکەوێتە دەرەوەی تێگەیشتنی فیکری و ئەزموون و بیرەوەرییەوە! خۆشەویستی ئەزموون نییە، خۆشەویستی بیرەوەری نییە، خۆشەویستی فیکر نییە، خۆشەویستی تەنیا لە کاتی عاشقبووندا هەیە، خۆشەویستی لە خود سەرچاوە ناگرێت، خود خۆشەویستی ناناسێت، ئەوکاتەی کە خۆشەویستی هەیە، خود بوونی نییە، خود بە ئەزموونەوە بەندە، خۆشەویستی تەنیا لە کاتی عاشقبووندا دەبێ بە فیکر، بۆیە لە کولتووری کوردیدا دەڵێن عاشق کوێرە، کەواتە خۆشەویستی ئەزموون نییە، خۆشەویستی کتوپڕییە! کاتێک خۆشەویستی هەبێ کردە هەیە، خۆشەویستی ئاکامی کاری بیرکردنەوە نییە، چونکە بیرکردنەوە بە پرۆسەیەکدا تێپەڕیوە، بەڵام خۆشەویستی هەیە، خۆشەویستی ئەزموون نییە، پرۆسەی ئەزموون و بیرکردنەوە هەنگاو هەنگاوە و خۆشەویستی ساتەوەختییە، مرۆڤ تەنیا بە کردەی خۆشەویستی ڕزگاری دەبێت، ژیان شانۆی خۆشەویستییە.

**تێبینی:**

**ئەو کتێبە لە لایەن (دانا شوانی) کراوەتە کوردی و (ماڵی وەفایی) چاپ و بڵاوی کردووەتەوە.**

# وەرگێڕان، دەسکەوت، یان دانوستان؟

## (خـــــوێندنەوەیەکی وێژەیی دەقی وەرگێڕدراو و کاریگەریی وەرگێڕان، لە زمانی یەکەم و دووەمدا)

**هادی حەبیبی**
**(بۆکان)**

پێشکەوتن و گەشەسەندنی فەرهەنگی جەماوەریی هەر نەتەوەیەک، تا ڕادەیەکی یەگـــجـــار زۆر پێـــوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ فەرهەنگی نەتەوەکانی دیکەدا هەیە و هیچ فـەرهەنگێک بە تەنیـا، بە خـولیـای مـۆدێرنیـتـە و جـیـــهـــانیی بوون ناگـــات، بە وتەیەکی دیکە، بوونی پێوەندی لە نێوان فەرهەنگی گەلانی جیهاندا، دەبێـتە هۆی دروست بوونی جۆرە دانوستـانێکی فـیکری، کـە لە ئاکـامـدا خـودی فـەرهەنگەکـان بە تێکڕایی بەهرەی لێ وەردەگــرن، بۆیە لە هەنگاوی یەکـــەمـــدا، دەکـــرێ پێـشکەوتووترین فـەرهەنگ، بە فـەرهەنگێک پێناسـە بکرێت کـــە زۆرترین دیالۆگ و هاریکـاری لەگـــەڵ دەوروبەری خـۆیدا هەیە و بەردەوام ئەو هاریکارییـە، بە شێوەیەکی بەرفراوانتر دەپارێزێت.

بێجگە لە جەماوەری خەڵکی کە فەرهەنگێکی گشتیی پێکدێنن، هەر تاکێکی کۆمەڵگەش هیچ کات بە تەنیا و بە بێ هەڵسوکەوت، تەنانەت ژیانی ئاسایی خۆشی بۆ بەرەو پێش ناچێ، من وا بیر دەکەمەوە کە جیا لە ئالآ و فـەرهەنگ و زمـان و هەر شـوناسێکی نەتەوەیی دیکە، تەنانەت پێش لەوانەش، هونەر بە گـــشـــتی ڕەمـــزی یەکگرتوویی و پێـوەندیی قـووڵی نێـوان مرۆڤـەکـانە کـە سەرەڕای هەموو جیاوازییەک، دەیانکاتەوە یەک و وەک پازڵێکی لێک هەڵبـڕاو وێکیـان دەخـاتەوە، بۆ نموونە کـاتێک سـەرنج دەدەینە بەرهەمـێکی هونەری، بە باشی بۆمان دەردەکەوێ کە لە چییەتی ئەم بەرهەمەدا، هەموو ڕەگەزەکان لە پێوەندییەکی بەردەوامدان و لە یەکتر جیا نابنەوە، گــرنگتــریش ئەوەیە کــە لە ســەرجـەمی ئەو بەرهەمـەدا و بە هۆی ئەو پێـوەندییـە ئامـاژە پێ کـراوە، ڕاستییەکەی یەکگرتوویەک دێتە ئاراوە کە لە ئاکامدا خودی هونەرەکە، بێ گومان لەسەر ئەو ساغ دەبێتەوە، کە وابوو هونەر لە خـــۆیدا، یەکگرتوویـــیـــەکی دەروونیی تێـدایە، کـە لە دنیـای کـردەوەییـشـدا، بۆ سـەرجـەمی بەردەنگەکانی ڕەنگدانەوەی هەیە:

**وەرگێڕان، دەسکەوت، یان دانوستان:**



**یووجین نایدا**

ڕاستییەکەی وەرگێڕان، بزاڤێکی هونەریی نێوان دوو زمانە کە کەسی وەرگێڕ هەم بە هونەر و هەم بە زانستی خۆی، پردێک لە نێوان زمانی یەکەم و دووەمدا هەڵدەبەستێ و بەو بۆنەیەوە، هونەری وەرگێڕان دێنێتە ئاراوە، کەوابوو وەرگێڕان لە خوێندنەوەیەکی هونەری- زانستیدا، هاوکات دوو لایەنی ئاشکرا لە خۆ دەگرێ. یەکەم لایەن لە حەقیقەتدا، جۆری ڕووبەڕوو بوونەوەی وەرگێڕە لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا کە زۆرتر لە لێهاتوویی وەرگێڕەوە سەرچاوە دەگرێت و هەرچەندی وەرگێڕ لە سۆز و هەستی شاعیرانە نزیکتر بێ، بەو پێیەش وەرگێڕانەکەی، سەرکەوتووتر خۆی پێشان دەدات و بە شێوازێکی هونەریتر، بوونی خۆی لە هزری بەردەنگدا دەسەلمێنێ، بە گوتنێکی دیکە، ئەو وەرگێڕەی کە هەوێنی شیعریی تێدایە، بە چەشنێکی زاڵتر دەتوانێ ڕستە بە وێنە و جوانکاریی جۆراوجۆری ئەدەبی بڕازێنێتەوە و لە کۆتاییدا، دەقێکی بە تەواوی ئەدەبی و شاعیرانە لە زمانی مەبەستدا بە دەستەوە بدات، ئەگەرچی ئەو مەرجەش، مەرجێکی سەداسەد نییە، بەڵام بۆ پاراو بوونی ڕاوێژ و ڕاستە و پاستە کردن و تیفتیفەدانی دەقی وەرگێڕدراو، ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە و بوونەکەی یەکجار پێویستە، لایەنی دووەم لایەنێکی زانستییە کە زانستی وەرگێڕ بە سەر هەر دوو زمانی یەکەم و دووەمدا دەخوازێ و کەسی وەرگێڕ، بێجگە لە سەلیقەی هونەری- کە زیاتر ئیلهامێکی دەروونییە- پێویستە بۆ سەلماندن و مسۆگەرکردنی وەرگێڕانەکەی، بە سەر تەکنیکگەلی هەر دوو زمانی ئاماژە پێکراودا زاڵ بێت، لە درێژەی ئەم بەشەی دووەم واتا (لایەنی زانستی)دا، ڕەنگە بتوانین بەو ئاکامە بگەین کە بە زاڵ بوونی زانستییانەی وەرگێڕە کە دەقی ئەدەبی، مانا و نێوەرۆکی خۆی لە زمانی دووەمدا دەپارێزێت، هەروەها ستایلی نووسەری دەقی زمانی یەکەمیش، بە چەشنێکی زانستییانە ڕادەگوێزرێتە سەر زمانی دووەم، کەوابوو لایەنی هونەری، زۆرتر ڕواڵەتی دەق لە خۆ دەگرێ و لایەنی زانستی، هەم نێوەرۆکی دەق بە چەشنێکی ئەمانەتدارانە و هەمیش ستایلی بەکارهێنراوی نووسەر بە جۆرێکی وەستایانە، هەڵدەگەڕێنێتەوە سەر زمانی دووەم، بەڵام لە کەڵک وەرگرتن و بەکارهێنانی جۆری وەرگێڕان لە نێو دەقی ئەدەبیدا، ئەوەی هەر لە کۆنەوە لە خوێندنەوەکانی سنت جرووم (پسپۆڕی وەرگێڕ لە زمانی یۆنانییەوە) تا سەردەمی مۆدێرن درێژەی هەیە؛ کێشەی وەرگێڕانی وشە بە وشە لەگەڵ وەرگێڕانی مانا بە مانا، هەروەها کێشەی (ڕواڵەت) لە بەرانبەر (نێوەرۆک) دایە(١)، جرووم لە ڕۆژگارێکی ئەنگوستەچاودا کە تاقمی لایەنگری وەرگێڕانی وشە بە وشە، دەسەڵاتی تەواویان بە دەست بوو، واتا لە کۆتاییەکانی سەدەی چوارەمی زایینیدا، بە ئاشکرا دانی بە وەرگێڕانی مانا بە مانادا هێنا و باقی وەرگێڕانەکانی دیکەی بوێرانە وەلانا، جرووم وەرگێڕانی وشە بە وشەی، بە شتێکی سووک و بێ بایەخ پێناسە کرد و تاوانی ڕواڵەتگەرایی، خستە پاڵ ئەم جۆرە وەرگێڕانەوە. ئەو پسپۆڕە پێی وابوو بە پێچەوانەوە، وەرگێڕانی مانا بە مانا ڕاستەوخۆ لەگەڵ نێوەرۆکی دەقی زمانی یەکەمدا، پێوەندیی هەیە و ئەو جۆرە وەرگێڕانە هەلیکمان بۆ دەرەخسێنێ کە ئێمە مانا و نێوەرۆکی دەق- کە هەمان مەبەستی سەرەکی زمانی یەکەمە- ئاشکرا بکەین و وەری بگێڕین. ئەم بۆچوونەی جرووم، کاریگەری زۆری لەسەر وەرگێڕ و ڕەخنەنووسانی چین و جیهانی عەرەب، هەروەها وڵاتی ئەورووپی دانا و دواتر لە سەر وەرگێڕانی دەقی ئینجیل، لە لایەن مارتن لۆتەرەوە کە وەرگێڕانێکی ئایدیۆلۆژیکی بوو، کاریگەریی خۆی پاراست و بە گشتی بەهرەی درێژخایەنی دانا، لە وەرگێڕانی مانا بە مانادا، نێوەرۆک هەمان چەمکێکە کە لە وشە، تەنانەت زاراوە وەدەردەکەوێ، لەم جۆرە وەرگێڕانەدا وەرگێڕ، دەق بە تەواوی و بە چەشنێکی پوخت و پاراو، بۆ بەردەنگ ئامادە دەکات و ئەو نهێنییانەی کە لە نێو دڵی ڕستەدا شاردراونەتەوە، بە تێکڕایی بۆ نێو دەقی وەرگێڕدراوی دەگوێزێتەوە، وەرگێڕ دەبێت ئەوپەڕی هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بدات، بۆوەی خوێنەری دەقی وەرگێڕدراو لە ڕاستەقینەی پەیام و لە بنەڕەتدا، لە فەلسەفەی دەقی زمانی یەکەم تێ بگەیەنێ.

لە خۆڕا نییە کە یووجین نایدا (زمانناسی هاوچەرخی ئەمریکی) کە بڕوای تەواوی بە هاوسەنگ سازیی لە وەرگێڕاندا هەیە، وەرگێڕان بە دوو لایەنی ڕواڵەتی (formal) و داهێنەرانە (dynamic)دا دابەش دەکات(٢)، لە ڕوانگەی ئەم زمانناسەدا وەرگێڕانی ڕواڵەتی، ئەمەکی بۆ فۆرمی وشە و ڕستە زیاترە و بە پێچەوانەوە وەرگێڕانی داهێنەرانە(٣) هەمان وەرگێڕانی مانا بە مانای ئێمەیە، کە پەیام، یان فەلسەفە و کاکڵی ڕستە تێیدا، لە پلەی یەکەمی گرنگایەتیدایە، وەرگێڕانی ڕواڵەتی، هونەرێکی شیاوی سەرنجی تێدا نییە، بەڵام وەرگێڕانی داهێنەران(مانا بە مانا)یە، وەرگێڕانێکە کە فەلسەفەی وەرگێڕان لە خۆ دەگرێ و ئەوەی لە نێو دڵی دەقی یەکەمدایە، بۆ خوێنەری دەخاتە ڕوو(٤). لەم جۆرە وەرگێڕانەدا، وەرگێڕ ڕوحێکی تازە بە بەر دەقی وەرگێڕدراودا دەکات و سەر لە نوێ دەیخولقێنێتەوە، کاتێک ئێمە باس لە هونەری هاوسەنگ سازی دەکەین، بێ گومان خودی ئەو هونەرە کە لە وەرگێڕانی مانا بە مانادا ڕەنگ دەداتەوە، ڕادەی زانستی، یان نازانستییانەی کەسی وەرگێڕمان زیاتر و زیاتر بۆ ڕوون دەکاتەوە، وەرگێڕان بۆخۆی لە بنەڕەتدا، پێوەندییەکی فەرهەنگی نێوان خەڵک و گەلانێکە کە هاوزمان نین و لە زمانی یەکتری تێناگەن. وەرگێڕانیش لەم دۆخەدا، کەرەستەیەکە بۆ ڕاگوێزتنی بیر و ئەندێشە و ئایین، بگرە چیرۆک و هەموو ئەو هونەرانەی، کە لە نێو نەتەوەکاندا بوونیان هەیە و ئاستی کەم و زۆرییان بە قەت یەک نییە، بۆیە کەسێکی کە بڕیارە ببێتە بەرپرسی ڕاست ڕاگوێزانی ئەو هەموو بابەتگەلەی کە ئاماژەم پێکرد، پێویستە هەر دوو زمانی یەکەم و دووەم بە تەواوی بزانێت و بێجگە لە زانست، بگاتە ڕادەیەکی کە بە هیچ کلۆجێ لە هاوسەنگ سازیی وشە و زاراوە نەپرینگێتەوە و دانەمێنێ. لە سەردەمی قاجارییەکاندا، کە دەورانێکی پڕ نەگبەتی و چارەڕەشی لە لاپەڕەی مێژووی ڕامیاریی ئێران بوو، لانی کەم بە هۆی دروستبوونی سەنتەری دارولفنوون و کەسایەتی ڕۆشنبیری وەک ئەمیر کەبیر لە ساڵی ١٢٦٨ی هەتاویدا، گەلێک کتێبی بە بایەخی وەک مێژووی ناپلیۆنی یەکەم، مێژووی وێلهلم، هەروەها زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی فەرەنسی وەک ئاسەواری ئەلکساندەر دۆما، وەرگێڕدرانە سەر زمانی فارسی و تێگەیشتوویی و زانست و ئاوەدانییان بۆ وڵاتی ئێران بە خەڵات هێنا(٥). نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە وەرگێڕانی بابەتگەل و بەرهەمی بیانی، بۆ سەر زمانی کوردی چەندە پێویستە؛ دوو هێندە وەرگێڕانی ئەدەبی کوردی بۆ سەر زمانەکانی دیکە پێویستترە، من پێم وایە وەرگێڕان لە پێناسەیەکی ساکارتردا، دیالۆگێکی نووسراوەییە کە ئەدەبیاتی ئێمە لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی پێیەتی، لەبەر ئەوەی ئەدەبێکی کارامە و ئەکتیڤ -بە گشتی- بۆ زیاترکردنی سامانی فەرهەنگی و نەتەوایەتی خۆی، پێ بە پێی نووسین و داهێنان، پێویستی بە هونەری وەرگێڕانیشە، کە لانی کەم جەماوەری خۆی لە ئەدەبیاتی گەلانی جیهان ئاگادار بکاتەوە، هەر بەرهەمێک هەتا نەکراوەتە زمانێکی دیکە، دەسکەوتێکی نەتەوەییە کە تەنیا بەردەنگانی ئەو زمانەی کە پێی نووسراوە، کەڵکی لێ وەردەگرن، بەڵام کاتێک هەمان بەرهەم وەرگێڕدراوە؛ ئیتر دەبێتە بەرهەمێکی جیهانیی کە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی دیکەش دەیخوێننەوە و وەک ناسنامەیەکی نەتەوەیی نووسەرەکەی، لە هزری خۆیاندا ڕایدەگرن، وەرگێڕان بۆ ئەدەبی نەتەوەیەک، دەسکەوتێکی بە هێزە کە وێڕای دانوستانێکی فیکری و فەرهەنگی کە لەگەڵ نەتەوەیەکی دیکەدا سازی دەکا، ئاستی ئەدەبی و فەرهەنگی نەتەوەکەی خۆشی پێ دەوڵەمەند دەبێ، گەلێک جار بە بۆنەی بەرهەمێکەوەیە کە بە گشتی بابەتگەلی ڕامیاری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، هەروەها ئاستی پێشکەوتوویی، یان دواکەوتوویی وڵاتێک، لە قۆناغێکی مێژووییدا، بۆ کۆمەڵگەی جیهانی ڕوون دەبێتەوە، بۆیە کە وردتر دەڕوانینە ئەو بابەتە، زێدەتر بەم ڕاستەقینەیە دەگەین کە بایەخی ئەرکی وەرگێڕ لە هونەری وەرگێڕاندا، هیچ کات لە سەرجەمی هونەرەکانی دیکە - ئەگەر زۆرتر نەبێ- کەمتر نییە. وەرگێڕان ئاوێنەی ئەدەبیی جیهانە و وەرگێڕی لێهاتوو، کەسێکە کە هەوڵ دەدات هەنگاو بە هەنگاو لە دەقی ئەدەبی مەبەست، نزیکتر بێتەوە.

**سەرچاوە و پەراوێز:**


**١- موندی، جرمی، درآمدی بر مطالعات ترجمه، نظریه‌ها و کاربردها، ترجمه‌ی الهه‌ی ستوده نما و فریده حق بین، تهران، نشر علم، چاپ اول، ١٣٨٩، ص٥٤-٥٥.**

**٢-صلح جو، علی، گفتمان و ترجمه، تهران، نشر مرکز، چاپ ششم، ١٣٩١، ص٦٣-٦٤.**

**٣-مەبەست وەرگێڕانێکی ژیرانەی(پویا)یە.**

**٤-وەرگێڕانەکانی هەژاری موکریانی چ لە شیعر و چ لە پەخشاندا، نموونەی بەرچاوی وەرگێڕانی ئازاد و شاعیرانەن، کە یەکجار زۆر لە دەقی زمانی یەکەم نزیکن و پراوپڕی هاوسەنگ سازیی ئەدەبی و داهێنانی شیعرین.**

**٥-جانزاده، علی، فن ترجمه از دیدگاه صاحبنظران و استادان ترجمه، تهران، انتشارات جانزاده، چاپ سوم، ١٣٨٩، ص٦٣.**

# له ستایشی وه‌سف و وشه‌دا

دیدار مه‌سیفی
(كه‌نه‌دا)

زۆر جار له‌نێو ئاپۆرای ئه‌م جه‌ماوه‌ره‌ی به درێژایی ژیانی ڕۆژانه به دیداریان ده‌گه‌یت، جۆره مرۆیه‌كی ده‌گمه‌ن هه‌ن كه هه‌م وشه و هه‌م شێوه داڕشتنی ئاخاوتنه‌كانیان قووڵایی و جوانییه‌كی ناوازه و ئه‌ده‌بیی وه‌هایان پێوه دیاره كه له هی زاری مرۆی ساده ناچن، هه‌رچه‌نده له‌وانه‌یه بۆ كه‌سێک كه پێشتر لاپه‌ڕه‌ی كتێبێكی هه‌ڵنه‌دابێته‌وه، یان هێنده به ته‌نگی زمانه‌وه نه‌بێت، گرینگی پێداهه‌ڵگوتنی وشه له جێی خۆیدا نه‌بێت و ئه‌م شتانه چ تاقه مانایه‌ک نه‌گه‌یه‌نن.

بۆ نموونه، كه‌سێک له وه‌سفی شێوه‌ی ئاخاوتنی كه‌سێكی دیكه‌دا كه له ته‌له‌فۆنه ده‌ستییه‌كه‌یدا- له بیری نییه كه‌نگێ و چ ڕۆژێک گوێی لێی بووه. وشه له‌بری ئه‌وه‌ی ته‌نێ ده‌نگی ساده، یانیش مانادار بن و به نێو گوێچكه‌كانیدا به‌ره‌و كۆگای زه‌ینی ڕۆیشتبن. وشه‌كان له پێش چاوانی ئه‌ودا وه‌ک هه‌وره په‌پووله‌یه‌ک دێن و ده‌چن و هاڵاوێكی ڕه‌نگاوڕه‌نگ و بۆنخۆشیان به دواوه‌یه. گێڕانه‌وه‌ی گوێگرتنێک بۆ ته‌له‌فۆن و به بێ ئاشكراكردنی ڕه‌گه‌ز و ته‌مه‌ن و شێوه‌ی كه‌سی ئه‌ودیوی هێڵه‌كه، دیاره هه‌موو كاریگه‌رییه‌كانی دیكه وه‌لاوه نراوه و كه‌سه‌كه به ڕژدی سه‌روكاری له‌گه‌ڵ هونه‌ری ئاخاوتن و بایه‌خدان به زماندا هه‌یه. نه‌وه‌ک چۆن ده‌توانێت وه‌ها باس له ئاخاوتنێكی سه‌رپێیی بكات و به‌رگی گشت (دال)ـه‌كانی قه‌واره و ده‌نگ و ڕه‌نگ، بخاته به‌ر وشه‌كان، هه‌روه‌ها ڕسته‌كان به جۆرێک له‌به‌ر چاوی ڕیز بكات و ڕێزیان لێ بگرێت، وه‌ک ئه‌وه‌ی هی ناو ته‌له‌فۆنێک نه‌بن، به‌ڵكه له‌گه‌ڵ بادا هاتبن و په‌ری نازدار و سه‌ماكه‌ر بن.

دیاره ئه‌م چاودێرییه ورده بۆ ده‌ربڕین و پێداهه‌ڵگوتنی شێوه ئاخاوتنی كه‌سێک كه ناینا‌سێن كارێكی چاكه و به ڕاده‌ی ده‌قی جوان خزمه‌ت به زمان و ئه‌ده‌ب ده‌كات. ئه‌م كرده‌یه وه‌ها له‌و كه‌سانه ده‌كات كه ڕۆژانه مامه‌ڵه له‌گه‌ڵ

زماندا دەکەن پتر ئاگادار بن و بە ئەمەکەوە لەم سەروەتە نەتەوەییە بنۆڕن.

یان کەسێکی دیکە لە وەسفی ئێوارانی گەڕانەوەی خۆشەویستەکەی بەرەو ماڵ، دەڵێت: "چەندە ئەو سێبەرەم خۆش دەویست کە لە بن دەرگاوە بە هۆی پێڵاوەکانییەوە دەردەکەوت، بە تایبەت لە سەردەمانێ کە لە خانووی کرێدا بووین، بەڵام دنیایەک ئومێدمان بە دوارۆژ هەبوو. من زوو دوو دیوەکەم ئاوپرژێن و گەسک دەدان و تامەزرۆی بینینی ئەم سێبەرە بووم. ئێستا لە شاری خەونەکان و ئەو گوندانەی ناوی بیانییان هەڵگرتووە، بن دەرگاکان هەرگیز توانایی گواستنەوەی ئەم جۆرە دیمەنانەیان نییە!"

لە دیمەنێکی دیکەدا پیاوێکی نەخوێندەوار کە بە جلوبەرگ و سەروسیمایەوە سەرنجڕاکێش دیار بوو، بە تایبەت کە لە نێو کۆمەڵێک بەڵێندەری پۆشتەوپەرداخ لە نێوهۆڵێکی گەورەی وەزارەتی ساماندا، بۆ کارێکی هەتا بڵێیت بچووک وەستابوو. ئەو دەتگوت لەوێ خۆی لە هەسارەیەکی دیکە دۆزیوەتەوە و هەر کە ئەو کەسە دەبینێت کە پێشتر وشەی لە چەشنی پەپوولە بینیبوون، زوو دەچێت لە تەکی دادەنیشێت و پێی دەڵێت: "سەعاتێک لێرەمە و نە کەس بە ڕوومدا بزەیەک و نە کەسیش سەلامێکی کردووە!"

ئینجا لە خۆڕا دەست دەکات بە قسە و بەسەرهاتێکی پێشتر بۆ کەسەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "لە ساڵی کۆچڕەوەکە لە دیانا گیرمان خواردبوو، هەرچەندە ئێمە لە ماڵی ناسیاوێک مابووینەوە، بەڵام بۆ دەمەو عەسر خەمی ئەم کارەساتە گەورەیە پیاسەیەکی بۆ دەشتودەر پێ کردم و دواتر نەیهێشت هەتا ڕۆژی دوایی بگەڕێمەوە نێو ماڵ و منداڵم. لە دوورەوە دیتم کۆمەڵێک لە ژن و منداڵ وەستابوون و ژمارەیان لە دوو سەد کەس پتر دەبوو. ئەوان بێ مەنزڵ و مەکان، بە بێ هیوایی لەبەر باران وەستابوون و نەیاندەزانی چ بکەن. دیار بوو پیاوەکان چووبوون ئومێدێک بهێننەوە و بەوە ماڵ و منداڵەکانیان کەمێک پێ شاد بکەن کە لە دەمی ئەم نەهامەتییە گەورەیە کەس هەبوو جەرگی خۆی لە دواوە بەجێهێشتبێت و پێی دەرباز نەکرابێت.

باران بە خوڕ دەباری و ژمارەیەکی زۆر لە ژنەکان کۆرپەکانیان لە ئامێز نابوو. من چوومە نزیکیان و لە ژێر دار تەلێکی کارەبا وەک مەلێکی ڕەنجاو هەڵتڕووشکام و سەیری ئەم کۆمەڵە ژن و منداڵە مەلوولەم دەکرد. لەو کاتەی ماڵ و منداڵی من لە نێو خانووی ناسیاوێکدا دانیشتبوون و شوێنیان دنیایەک لە هی ئەم کۆمەڵە خەڵکە بێ چارەیە باشتر بوو.

ژنەکان لە کارەکتەری فلیمێکی هەتا بڵێیت ناخۆش دەچوون، کەچی ئومێدیان هەبوو، بۆیە بە شەرمەوە مەمکەکانیان دەرهێنابوو و شیریان دەدایە کۆرپەکانیان. زوو ڕووم لە دیمەنی ژن و منداڵەکان بەرەو چیای زۆزک وەرگێڕا و وەک ئەوەی دڵۆپ دڵۆپ باران بەسەر مەمکی ژنەکان ببینم کە لەگەڵ شیری خاو دەخزایە نێو زاری کۆرپەی برسی و لاواز و لانەوازی ئەم میللەتە.

من چاوەکانم بە دوو دەست داپۆشیبوون و تێر تێر بۆ ئەم نەهامەتییە دەگریام. ئاواتم دەخواست شتێکم لە دەست بهاتبایە و وەک سوپەرمانێک ئەوانم لەم مەینەتی ڕزگار بکردبایە، هەتا لە پڕ بیرۆکەیەکی شێتانەم بۆ هات و بڕیارم دا بچم لە دووری ئەوان دابنیشم و خەم لەم ژیانە تاڵەی کۆچڕەو بخۆم. ئیدی ئەوانم وەک تارمایی لێ دیار بوو و پاڵم بە دیوارێکەوە دابوو و لەگەڵ ئەوان هەتا بەیانی ڕۆژی دوایی لە دەرەوە لەبەر باران مامەوە. ئیدی باکم بەوەیش نەمابوو کە ماڵ و منداڵ و کەسە ناسیاوەکەم لە دیانا بە درێژایی شەو چەندە پەرۆشییان بۆ کێشاوم!"

دوای تەواوبوونی ئاخاوتنی پیاوە دەروون چاک و خەسڵەت وێژەوانەکە کە بە وشەی کاریگەر وەسفی ڕۆژێکی گۆڕینی خۆی بۆ کەسەکە گێڕایەوە و بەراودێکی لە نێوان ڕۆژگارەکانی سەرکەوتن و نوشستی کوردان کرد، کە چۆن لە چاو نەتەوەکانی دیکە هەمیشە کایەی یادەوەرییان بۆ یەکبوون بەرەو ئامانج باش نییە.

لەسەروەختی جودابوونەوە و چوونی هەریەکەیان بەرەو دەرگایەک، کەسی گوێگر لەسەر ڕوومەتی پیاوەکە خاڵێکی کوتراو دەبینێت و کەمێک دەسڵەمێتەوە، بەڵام هەرکە دیمەنی پیاوەکەی لەبەر باران دێتەوە پێش چاو و پێی دەڵێت: "تۆ خاڵێکت لەسەر ڕوومەت هەیە و یەکێکیش لە نێو دڵ و بەم دووانە هەمیشە دەتوانیت هێڵی ڕاست ڕاست دروست بکەیت. تۆ بەبێ ئەوەی وشەیەکت لە قوتابخانە و خوێندگە و حوجرە و خانەقایەک خوێندبێت، لەم مرۆیە پۆشتە و پەرداخانە باشتر لە دەریای حەقیقەت مەلە دەکەیت و لە ڕازی ژیان تێدەگەیت. تۆ وشەت هەیە وەک پەپوولە لە پێش چاوان باڵ دەگرێت و ئێمە بەرەو ئاسۆیەکی دوورتر دەبات!"

دواتر کەسی گوێگر هەناسەیەکی قووڵ پڕ بە سینەی هەڵدەکێشێت و لەبەر خۆیەوە دەڵێت و دەیڵێتەوە: بڕۆ ئەی پیاوی باش. بڕۆ! کردار جوان بوو، وشە و وەسف و زاراوە و زمانیش لەگەڵیدا جوان جوان دەبن.

# هاڤیبوونا دەروونی

بەرهەڤکرن: سەلاح جەمیل سندی
(زاخۆ)

دیاردەیا هاڤیبوونێ ب دیاردەیەکا فەلسەفی و دەروونی و جڤاکی دهێتە هژمارتن، ئەڤ زاراڤەیە (Alienation) ژ بنکەکوکا لاتینی هاتییە وەرگرتن و پتر ژ لایەنەکێدا هاتییە بکارئینان ژ وان فەلسەفە و دەروونناسی و سەرژمێریاری و زانستێ جڤاکی و هندەک زانستێن جڤاکی یێن دیتر.

هاڤیبوون د لاتینی دا، پەیڤا (Alienatio) کو ژ کارێ (Alienave) هاتییە وەرگرتن، ب رامانا (ڤەگوهاستنا تشتەکێ کو ملکێ کەسەکێ بیت بۆ کەسەکێ دیتر)، ئەڤ کارە یێ هاتییە وەرگرتن ژ پەیڤەکا دی یا لاتینی کو (Alienatus)ـە،ب رامانا (ئەوکەسەیە کو خودانێ خۆ بخۆ نەبیت یان ب رامانا ستاندنا تشتەکێ ژ کەسەکی و دانا ب کەسەکێ دیتر دهێت)، ئەڤ پەیڤە دوماهیکێ هاتییە وەرگرتن ژ پەیڤا (Alieus) ب رامانا (یێ دی).

(هیگل) دهێتە هژمارتن وەک یەکەمین کەس هاڤیبوون بکارئینایی، هاڤیبوونێ رامانەکا دولایەنی هەبوویە، رامانا پوزەتیڤ ژ هاڤیبوونێ ب رامانا چوونا گیانی بەرەڤ داهێنانێ دهات، لایەنێ نێگەتیڤ ب رامانا نەنیاسینا خوبەتی بۆ دەروونێ خۆ د گیاندار و بابەتان دا دهات.

(هیگل)ی زاراڤێ هاڤیبوونێ ب دوو رامانان بکارئینایە، یا یەکێ تێگەهێ (لاهوتی) ب رامانا ژ یەکڤەبوونا خوبەتیا گەوهەرێ جڤاکی، ئانکو هاڤیبوونا گیانی ژ خوبەتیا خۆ، گیانێ مرۆڤی ژ گەوهەرێ جڤاکی، یا دووێ (فەلسەفی) مەرەما (هیگل)ی، ژێ دەست بەردانا تاکەکەسی یە ژ سەربەخۆیا خوبەتی، و یەکگرتنا وی دگەل گەوهەرێ جڤاکی و ب دوماهی هاتنا قۆناغا هاڤیبوونا وی دگەل وێ، ئانکو هیگل دبینت کو مرۆڤ پێدڤییە کو دگەل دەروونێ خوە یان ژ جڤاکێ خو هاڤی ببیت، چونکی ئەو د گەشەکرنا خوە دا ژ هاڤیبوونا

جڤاکی بەرەڤ هاڤیبوونا دەروونی دچیت. لێ زاراڤێ هاڤیبوونێ بوویە یەک لایەنی پشتی رامانا پوزەتیڤ ژ دەستدایی، پتر گرنگی ب لایەنێ نێگەتیڤ ب تنێ هاتەدان، ئەڤ تێگەهە د پتریا جاران دا ب هەمی وان گەڤێن ل مرۆڤی و ئازادیا وی دهێنەکرن هاتەگرێدان، ئەڤە ژی بۆ ئەگەرێ وێ چەندێ کو هاڤیبوون ب رامانا یەکانەیی د زانستێن فەلسەفی و دەروونی دا بەلاڤ ببیت.

**پێناسێن هاڤیبوونێ:**

١- (فروم) دبێژیت: هاڤیبوون جۆرەک ژ شارەزاییێ یە، کو مرۆڤ تێدا وەک هاڤییەک ژ دەروونێ دی دهێتەدیتن، و ئەو هەست دکەت کو نەشێت کونترۆلێ لسەر کارێن خو بکەت بەلکو کارێن وی وی بریڤە دبەن و ئەو لدویف دچیت و ئەڤ چەندە ژی دبیتە ئەگەرێ وێ چەندێ کو ئەو دویرە ژ پەیوەندیکرنێ ب دەروونێ خوە، دیسا دویرە ژ پەیوەندیکرنێ ب هەر کەسەکێ دیتر.

٢- هشیاربوونا تاکەکەسی لدۆر ململانێ یا دناڤبەرا دەروونێ وی و ژینگەها ل دەوروبەرێن وی، و ئەوا دبیتە ئەگەرێ بێزاربوونا وی ب شێوەیەکی کو هەست ب نە ئەندامبوون و دژمنایەتیێ دکەت، وی رەوشتێ پوزەتیڤ کو دگەل ڤێ چەندێ دهێت ژ دەستدانا رامانێ و پشتگوهـ هاڤێتنێ و دویرکەفتن ژ جڤاکی و وان نیشانێن کو دگەل ڤێ چەندێ پەیدادبن.

٣-(هورنی) وەسفا کەسێ هاڤیبووی دکەت دبێژیت: ئەو کەسەیە کو ب تەمامی دەروونێ خو بێ کەتواری نانیاسیت، تاکەکەس هەست پێ دکەت کو دویراتیەک دناڤبەرا دەروونێ وی بێ کەتواری و وێنێ نموونەیی بێ کو تاکەکەس بۆ دەروونێ ددانیت هەیە.

٤-(سعد المغربی) دبێژیت: هاڤیبوون دڤێ چەندێ دا دهێتە وێنەکرن:

أ- ژ دەستدانا پەیوەندیەکێ ب تایبەتی ئەگەر ئەو پەیوەندیە چاڤەرێ کری بیت.

ب- بارودۆخەکە، کەس و بارێن بەرنیاس ب بابەتێن هاڤیبوونێ ددەتە دیارکرن.

ج- بارودۆخێ کو تاکەکەس تێدا هەست پێ دکەت کو دەروونێ وی نەراستی یە.

د- بارودۆخێ کو تاکەکەس تێدا هشیاربوونێ ب کریارێت دەروونی بێت ناڤخویی ژ دەست ددەت.

٥- (جان جاک روسو) دبێژیت: دیارترین دیاردەیێن هاڤیبوونێ ل وی دەمی پەیدابوون لدەمێ مرۆڤ دەست ژ ئازادیا سروشتی بەردایی هەمبەر دەست ڤەئینانا ئازادیێن مەدەنی و رامیاری.

٦- (کارل مارکس) دبێژیت: رێکا بەرهەم ئینانا سەرمایەداریێ ژێکجودابوونەک دناڤبەرا پالە و مەرجێن کارکرنێ دا پەیداکر، ئەڤە ژی دبیتە ئەگەرێ وێ چەندێ کو پالە دەروونێ خوە بفروشیت ژبەر داکو ئەو بژیت و لدەمێ سەرمایەدار پارەی ب دەست ڤە دئینت پالە تووشی بێ بەهربوونێ دبیت.

لێ لدەڤ زانایێ جڤاکی (سیمان) هاڤیبوونێ ب دیاردەیەکێ دانیت بۆ پیڤانێ کو ئەم دشێن دناڤ پێنج خالاندا بنیاسین:

١- ئەو هەستکرنا کو تاکەکەس دگەل دژیت، ل دەمێ رەوشتێ وی ئارمانجێن چاڤەرێکری ب دەست ڤە نەئینت.

٢-ئەو هەستکرنا کو تاکەکەس دگەل دژیت، ل دەمێ نەچاردبیت رێکێن نە یاسایی بکاردئینت بۆ دەست ڤە ئینانا ئارمانجێن خوە.

٣- ئەو هەستکرنا کو مرۆڤ دگەل دژیت، ل دەمێ هەست دکەت کو ئەو بیانییە ژ ئارمانجێن جڤاکی و بهاییێن رەوشەنبیری.

٤- ئەو هەستکرنا کو مرۆڤ دگەل دژیت، لدەمێ وان بزاڤان نەبینت کو بهایێ خوە پێ بدەتە دیارکرن.

٥- ئەو هەستکرنا کو تاکەکەس دگەل دژیت، لدەمێ (مرجعیە) نەبیت کو د رەوشتێ خوە دا پشت پێ بەستیت.

**دشیاندایە هاڤیبوون بهێتە پێناسەکرن ب:**

هەستکرنا تاکەکەسی ب گوشەگیری و ب تنێ و بەرزەبوونێ، و بێ لایەنی، و ژ دەستدانا باوەرییێ، و هەستکرن ب نەئارامی و دوودلی و دوژمنایەتیێ، و هەست ب نەئەندابوون و نەپەسەندکرنا بهاییێن جڤاکی، رەتکرنا بهاییێن داب و نەریتێن کۆمەلایەتی، هاڤیبوون ژ ژیانا خێزانی و پەیدابوونا ئێش و ئازاران ژ ئەگەرێ گڤاشتنێن دەروونی و ئەڤ چەندە ژی دهێنەدانان ژ پلێن بلند لسەر پیڤەرێ کو دویراتییێن هاڤیبوونێ بخوەڤە دگریت، دیسان دیاردەییێن هاڤیبوونێ یێن جۆراوجۆر پەیدادبیت.

**تایبەتمەندییێن هاڤیبوونێ:**

١- کەسێ هاڤیبووی دووردکەڤ بن ژ کۆمەلگەهـ و ژیانا تێکەل، چونکی ئەو هێزوشیان نینن خو دگەل وی دەوروبەری دا بگونجینت.

٢- نەبوونا هێزێ لدەڤ کەسێ هاڤیبووی، ئانکو هەستەکە ل سەر تاکی زالٚ دبیت کو بێ چارە دکەت و نەشێت چ گۆهۆرینا بێخیتە د وی کاودانێ تێدا دژیت.

٣- کەسێ هاڤیبووی ژ ئەنجامێ وان حەز و

ئارەزوویێن بێ دەنگکری، ئەوێن د ناخێ وی داماینە و نەشێت هندەک ژوان حەز و ئارەزوویێن خۆ بجهبینت ژبەر وان یاسا و بەندێن جڤاکی بۆ دەینایین.

٤- نەشیانا کەسانێن هاڤیبووی ب ڕەفتارکرن ل گۆر پیڤەرێن بەرنیاس دناڤ جڤاکێ تێدا دژیت چ بەرنیاسینا وان پیڤەران ژ لایێ ڕەوشتی بن یان ژی جڤاکی بن.

٥-نەبوونا ئارمانجا لدەڤ کەسێ هاڤیبووی، ئانکو نەشیانا وی بۆ ئاراستەکرنا ڕەفتار و بیروبۆچوون و ئارمانجێن خوە.

٦- خو ڤەکێشان، ئانکو هەستکرنا کەسێ هاڤیبووی، کو ئەو کەسەکێ دوور و هاڤی یە ژ وان ئارمانجێن شارستانی یێن جڤاک تێدا دژیت و هەست ب نەوەییا وی تشتێ د جڤاکی دا هەی دکەت.

٧- بەشداری نەکرن ل هەلبژارتن و بزاڤێن سیاسی و کۆمەلایەتی یێن چارەنڤیساز و بەرژەوەندی یێن نەتەوەیی و نیشتمانیدا بەشداریێ ناکەت.

٨- ڕەشبینی ل ژیانێ و باوەری نەبوون ب پاشەڕۆژێ.

٩- باوەری نەبوون ب خوە، ب چاڤەکێ سڤک(کێم) سەیری خوە دکەت.

**جۆرێن هاڤیبوونا دەروونی:**

١- هاڤیبوونا خوەیی:

ڤەگۆهاستنا ململانێ یە دناڤبەرا خویەتی و بابەتێ (دیتر)دا، ژ شانۆیا دەرەکی بۆ دەروونێ مرۆڤی،و تێکچوونا ئەوێ پەیوەندیا کو ئارمانجا وێ ئەوە وەکهەڤیەک دناڤبەرا داخوازی و پێدڤیێن تاکەکەسی و حەزێن وی دا پەیدا بکەتن ژلایەکێ ڤە،و دناڤبەرا کەتواری و دویراتیێن وی ژلایەکێ دیکەڤە، ئەو جۆرێ شارەزایی یە کو تاکەکەس خو تێدا وەک کەسەکێ هاڤی دبینیت چونکی کەسێ هاڤیبووی ئەو کەسەیە کو پەیوەندی ب دەروونێ خوە و کەسێن دیکە ژ دەستدایە، ئەڤ شارەزایی یە ژ ئەگەرێ کاودانێن کو تاکەکەس تێدا دژیت دگەل دەروونێ خوە و کەسێن دی دا پەیدادبیت و دویرە ژ پەیوەندیکرن و ڕەزامەندیێ، و گەلەک نیشان دگەل پەیدادبن وەک ڤەقەتیان و ڕەتکرن و خو ڤەکێشان و ملکەچبوونێ، ئانکو هاڤیبوون ژ خویەتیێ هەستپێکرنا کەسی یە کو دەروونی وی نەکەتواری یە، یان ڤەگۆهاستنا هێزێن تاکەکەسی یە و هەستێ وی یە دویر ژ خویەتیا وی یا کەتواری.

٢- هاڤیبوونا جڤاکی (ژ کەسانێن دی):

هەستپێکرنە ب نەتێکەلبوونێ دناڤبەرا خویەتیا تاکەکەس و خویەتیێن کەسانێن دی دا و کێمبوونا ڤیان و حەژێکرنێ یە لگەل کەسێن دی، د دەگمەنیا دلوڤانی و پشکداری و کێمبوونا پەیوەندیێن جڤاکی یە لگەل کەسێن دیتر.

٣- هاڤیبوونا ڕامیاری:

جۆرەکە ژ هاڤیبوونا جڤاکی، ئەو خو دویرکرن و کەمتەرخەمی یە ژ ئەنجامدانا ڕۆلەکێ یە نەک ژبەر نەشیانێ بۆ کارتێکرنێ، بەلکو ژبەر هەلسەنگاندنا تاکەکەسی یە بۆ خوەیەتیا خوە، و کاودانێ ڕامیاری، و ئەو هاڤیبوونێ گرنگتر ژ ئەنجامدانا کارێ کەتواری، ئەو کەمتەرخەمی و نێگەتیڤەکا تمامە ژ ئەگەرێ نەبوونا ئێمناهیێ پەیدادبیت، هەستکرنە ب بێزاریێ، بۆ ئەنجامدانا هەر کارەکێ ڕامیاری، ئەڤ چەندە ژی نە ژ ئەگەرێ نەشیانێ یە بەلکو باوەری هەبوونە ب بێ مفایا ئەنجامدانا هەر کارەکێ چونکی ئەو وەسا ددانیت کو ئەو کارە دێ بێ کارتێکرن بیت.

٤-هاڤیبوونا تەکنەلۆجیایێ:

ئەڤ جۆرە هاڤیبوونە ژ سیمایێن ئەڤی سەردەمی یە، پەیدابوونا ئەوان پێنگاڤێن مەزنێن مرۆڤایەتیێ د مەیدانا پیشەسازیێ دا هاڤێتێن و ئاکنجیبوونا ملیونان کەسان د ڕووبەرەکێ کێم دا، بووینە ئەگەرێ دروستبوونا چەندین شارێن مەزن و پەرەسەندنا ئامیرێن بەرهەم هێنان و ئالۆزبوون و گرانی یا بارێ ژیانێ و ڤەقەتیانا ژیانا خەلکێ ژ سروشت و ئاو و هەوایێ پاک. هزاران پالە د کارگەهەکێ دا چەندین جۆر و کەل و پەل و ئامیرێن مەزن بەرهەم بهێنن، ب ڤی جۆری دەسهەلات و چارەنڤیسێ مرۆڤی دکەڤیتە بن ڕەحمەتا ئاسن و ڕەق و تەقێ ڤە.

٥-هاڤیبوونا ئابووری یان (بەرهەمی):

ئەڤ جۆرێ هاڤیبوونێ هەر چەندە تایبەتە ب کۆمەلگەها پیشەسازی ڤە و مرۆڤ د ڤی حالەتی دا وەسا لێ دهێت کو ل بەرهەمێ کارێ خۆ هاڤی ببت و ببیتە پارچەیەک ژ وی ئامیری و مەکینێن کاری ل سەر دکەت، بەلێ بەرهەمێن وی نابینت... مرۆڤ دبیتە کەرەستەیەکێ خاڤ و جیاواز نابیت ژ وی بەرهەمێ درست دکەت، کەسایەتی و بهایێ خوە ژ دەست ددەت، هندەک جاران ژی ب هاڤیبوونا کار "ئیش" یان هاڤیبوونا چینایەتی ناڤ دبت، زێدەباری وێ چەندێ ژی کو یەکە ژ هۆیێن سەرەکی یێن سەرهلدانا هاڤیبوونێ و چارەسەرکرن ژی پێکهاتیە ژ ڕزگاربوون ژ دوو دەسهەلاتێن جودا ب دوو شۆڕەشێن جودا:

أ- ڕزگاربوون ژ دەسهەلاتا «ئەفسانە» ب شۆڕەشەکا زانستیانە.

ب - ڕزگاربوون ژ دەسهەلاتا «چینایەتی» ب شۆڕەشەکا کۆمەلایەتی.

# چەمکی پەروەردە

سەباح عەلی جاف
(کەلار)

چەمکی پەروەردە و فێرکردن وەک زۆر لە چەمکەکانی تر بۆچوون و شیکردنەوەی زۆر هەڵدەگرێت، هەر بۆیە هەر قسەکردنێک لەم ڕووەوە بە سەرەتا دادەنرێت، ئەمە سەرباری ئەوەی کە دەکرێت ئەم چەمکە بەم شێوەیە لە چەندان دید و بۆچوونەوە بخرێتە ڕوو و قسەی لەبارەوە بکرێت وەک پێکهاتە و ئەرک، یان لە ڕووی زمانەوانی و لایەنی دیکەوە، هەر بۆیە ناکرێت ئەم دووانە واتا (پەروەردە و فێرکردن) لەیەک جودا بکەینەوە بە شێوەیەک کە تەواوکەری یەکترن(١).

لەو ڕوانگەیەی سەرەوە دەکرێت بە چەند بۆچوونێک چەمکی پەروەردە و فێرکردن ڕوون بکەینەوە، پەروەردە بریتییە لە پەرەپێدان و گەشەکردنی لایەنەکانی جەستەیی و بیری و ڕەفتاری تاک تا توانایی ژیان و گونجاندنی لەگەڵ دەوروبەرەکەی هەبێت کە بەم مانایە پەروەردە، واتە هاوکات ئامراز و ئامانجیشە، لەگەڵ ژیاندا دەست پێ دەکات و بە کۆتایی هاتنی ژیانی تاکەکەس کۆتایی دێت و لەم ڕوانگەیەشەوە بە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، بۆیە پەروەردە بە پرۆسەیەکی یەک ڕۆژ و شەوی دانانرێت، بەڵکو ئاماژەیە بۆ کەڵەکەبوونی ئەزموونەکان کە گەورەکان هەڵیان گرتووە و گواستوویانەتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو (٢)، پەروەردە بەپێی کات و شوێن و دابونەریتی کۆمەڵگە دەگۆڕێت، هەر کارێک لەسەر پەروەردە کرابێت بە پێی سەردەم و کۆمەڵگە دەگۆڕێت و بەم پێیەش بێت پەروەردە بە مانای فراوان بوونی بیری تاکەکەس دێت بۆ وەرگرتنی نەریت و خووی پەسەندی کۆمەڵگەکەی (٣).

ئەگەر بگەڕێینەوە سەرەوە وەک ئاماژەی بۆ کرا، دەکرێت بە چەندان گوزارشت ئاماژە بە چەمکی پەروەردە

بدەین ئەگەر بە کرداری و وەزیفی ئەم چەمکە بناسین، ئەوە پەروەردە بریتییە لە پرۆسەی بە مرۆڤ کردن، یان گۆڕینی مرۆڤ (٤)، بۆیە پەروەردە یەکێکە لە بابەتە گرنگەکان کە مرۆڤ لە کۆنەوە پێویستی پێی هەبووە و بە درێژایی ژیان لە کێشمەکێشدا بووە وەک بابەتێکی فراوان لە ژیانی تاک و کۆمەڵگەدا ئامانجی مانەوەی مرۆڤ بووە و خودایش مرۆڤی بەو شێوەیە دروست کردووە، هەر بۆیە مرۆڤ لە سەرەتای ژیانەوە بەم شێوەیەی ئێستا پەروەردەی نەناسیوە و خوێندنەوە و لەسەر نووسینی بۆ نەکردووە، پەروەردە تا بە ئەمڕۆ گەیشتووە و هەر بەهۆی ئەویشەوە گەیشتووەتە بە زۆر ڕێگەدا تێپەڕیوە پلەکانی شارستانییەت و بە پێی سەردەمەکان ئامانجەکانی پەروەردەیش گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و بە پێی سەردەمە مێژووییەکان گەشەی کردووە و لەیەک چوارچێوەدا نەماوەتەوە و چەندان بەشی تری وەک پێوانە و هەڵسەنگاندنی بۆ مرۆڤ هەبووە، ئەمەیش بووەتە هۆی ئەوەی کە ئامانجەکانی بەدی بێت، ئەویش بە پێی گەشەکردن و پێشکەوتنی زانست بووە، هەر بۆیە پەروەردە بۆ مرۆڤ و دیاریکردنی ژیانی لە داهاتوودا وەک یاری کردنێک بووە(٥)، بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە چەمکی پەروەردە بە تەواوی بە ژیانی مرۆڤەوە گرێ دراوە و هاوتەریب لەگەڵ چەمکی فێربووندا (٦) لێک جودا ناکرێنەوە، ئەم چەمکەیش زانایان و پەروەردیاران لە نێو خۆیاندا کۆک نین و چەندان پێناسەی جۆر بە جۆریان بۆ فێربوون هەیە و تا ئێستا پێناسەیەکی سەرتاسەری بۆ فێربوون نییە، هەر بۆیە پێناسەی جۆر بە جۆر لەم ڕووەوە هەیە لەوانە (فێربوون بریتییە لە گۆڕانکاری کردن لە ڕەفتار ئەویش لە ڕێگەی شارەزایی و ڕاهێنانەوە دەبێت و بەردەوامیش لە خۆ دەگرێت)، یان (فێربوون بریتییە لە چاکسازی و باشبوونی بەردەوامی ڕەفتار)، کەواتە فێربوون ئەو پرۆسەیەیە کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری، بۆیە پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆز و هەمە لایەنەیە و ژمارەیەکی زۆر چالاکی لە خۆ دەگرێت (٧)، زۆربەی دەروونزانەکان هەڵسوکەوتی ڕۆژانەمان بە زادەی فێربوون دادەنێن کە تاڕادەیەک مەبەستیان لە ژیانی کۆمەڵایەتییە و تاکەکەس فێری ئەو شارەزاییانە دەبێت کە بتوانێت وەک تاکێک چالاکی هەبێت، لەم ڕووەوە زانایانی بوارەکە چەندان بۆچوون و



کۆنفشیۆس

تاقی کردنەوەیان هەیە (٨).

ئەگەر گوزەرێک بە مێژووی مرۆڤایەتیدا بکەین و لە گەشەی شارستانیەتەکاندا لەم چەمکە ورد ببینەوە، باشتر ئاشنای ئەم چەمکە دەبین کە دەکرێت پەروەردە لە شارستانیەتی چیندا بە نموونەیەکی گشتی پەروەردەیی ڕۆژهەڵاتی دابنرێت، لەم پەروەردەیەدا زۆرتر پارێزگاری لە گیان دەکات و ئامانجی ئەوەیە ڕابوردوو لە لای تاک کۆبکاتەوە و کار لەسەر دابونەریت و کرداری کۆن دەکات بەبێ ئەوەی نوێگەری لە ژیانی تاکدا بکات، واتا ئەم پەروەردەیە بە توندی پارێزگاری لە ژیانی ڕابوردوو دەکات، پەروەردەی چینی لەسەر بیروڕاکانی (کۆنفۆشیۆس) (٩) دانراوە، بەکرداری شارستانیەتی چینی ژیارێکی کۆنە و بۆ سەردەمانێکی زۆر دوور دەگەڕێتەوە، زۆر بەرگری لە ژیانی گەل دەکاتەوە و نەگۆڕە بە درێژایی سێ هەزار ساڵ، بەشێوەیەکی گشتی لەسەر لاساییکردنەوەی پێشینەکانیانن، لە پەروەردەی چینیدا چەندان جۆر تاقی کردنەوە هەبووە، کە حکوومەت خۆی سەرپەرشتی کردووە لە ڕێگەی چاودێری لیژنەیەکی گەورە لە زاناکان و ئەم تاقیکردنەوانە سێ بەش بوونە (تاقی کردنەوەی پلە یەک کە سێ ساڵ جارێک کراوە و داوا لە

قوتابی کراوە کە سێ نامە، یان وتار لە بابەتەکانی کتێبی کۆنفۆشیۆس بنووسێت و ماوەکەیشی ٢٤ کاتژمێر بووە، تاقیکردنەوەی پلە دوو، ئەم تاقی کردنەوەیە دوای چوار مانگ لە تاقی کردنەوەی یەکەم بووە کە ئەمیش سێ ساڵ جارێک دەکراو و وەڵامدانەوە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بووە و لەسەر شێوازی نووسینی داڕشتن و خوێندنەوەی بابەتەکان بووە، تاقیکردنەوەی پلە سێ و کۆتایی کە لە پایتەخت ئەنجام دەدرا و بۆ ماوەی ١٣ ڕۆژ قوتابی دەیتوانی وەڵام بداتەوە و ڕێژەی دەرچوون لەم تاقیکردنەوەیەدا لەوانەی پێشووتر باشتر و گەورەتر بووە و ئەو بابەتانەی کە بۆ تاقیکردنەوەکان دەهاتەوە، خۆی لە چەندان وتە و بۆچوون لە بواری زانست و ئەدەبدا دەبینییەوە (١٠)، بەم شێوەیە دەردەکەوێت پێوەندییەکی بنچینەیی لە نێوان پەروەردە و ژیانی کۆمەڵایەتی چینییەکاندا هەیە و وەک چۆن فەیلەسووفی گەورەی چین کۆنفۆشیوس دەڵێت "سروشت ئەوەیە کە خودا پێی بەخشیوین و پابەند بوون بە مەرجەکانی سروشت پابەندبوونە بە ڕێگەی ڕاست و بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی ئەو ڕێگەیە مەبەستی پەروەردە و فێربوونە"(١١).

لێرەوە دەردەکەوێت ئامانجی پەروەردە لای چینییەکان ئەوەیە تاکی چینی بخرێتە سەر ڕاستە شەقامی ژیان و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی سەر شانی، بەو پێیەی ئەم وڵاتە زۆر بە توندی وابەستەی دابونەریتە، هەر بۆیە وەک خواوەند سەیری دابونەریت کراوە و پەروەردە لێرەیش وەک چاخەدێرینەکان سیستمی گەلانی تری هەبووە، واتە پەروەردە بریتی بووە لە لاساییکردنەوەی گەورەکان و مەشق و ڕاهێنان و دووبارەکردنەوەی نەریتەکان، بەڵام پاشتر بۆ سیستمی گشتی کۆمەڵگەی چینی گۆڕا (١٢).

پەروەردە لە یۆنانی کۆندا وەک پەروەردەیەکی ڕۆژئاوایی، تا ڕادەیەک لە پەروەردەی ڕۆژهەڵاتی جوداتر بوو، پەروەردەیەک بوو زیاتر پارێزگاری لە گیان و جەستە و ئازادی تاکەکەسی دەکرد بەشێوەک گیانێکی نوێ و ئازادی بە تاکەکەس دەدا، ئەمەیش لە کەشێکدا بوو لە یۆنان بوار درابوو بە گەشەکردنی تاکەکەس لە زۆر بواردا، وەک سیاسەت و هونەر و زانست، ئامانجی پەروەردە دروستکردنی مرۆڤ بووە کە لە ژیانێکی خۆش و بەختەوەردا بژی، هەروەها گەشەکردنی گیانی تاک لە ڕووی گیانی و جەستەییەوە لە بەرزترین پلەدا پێ بگات (١٣)، پەروەردە لە یۆناندا بۆ هەردوو بەشی ئەسینایی و ئەسپارتی دابەش دەبێت کە یەک جۆر نەبووە، بە درێژای سەردەمەکان تا ڕادەیەک ئەم دوو لە یەک جودا بوونە بە شێوەیەک پەروەردەی ئەسینایی لە ئەسپارتی جودا دەکاتەوە، پەروەردە لە ئەسینا کاری لەسەر گیان و جەستەی تاک دەکرد و خەڵکی ئێرە زیاتر حەزیان بە وتە و گوتار و هونەر هەبووە، بەڵام لە ئەسپارتە پەروەردەی گیانی کرابووە قوربانی پەروەردەی جەستەیی و لێرە ئازادی بۆ بەدەستهێنانی جەستەی پتەوی سەربازی باش بووە، هەر بۆیە پەروەردە ئەنجامەکەی باش نەبووە (١٤).

یەک لە سەرکەوتنەکانی پەروەردەی یۆنانی بەگشتی، ئەوەیە ئەم پرۆسەیە سەربەخۆ نەبووە، بەڵکو بە توندی بە بنەمایەکی تۆکمەوە بەستراوەتەوە، ئەویش فەلسەفەیە کە لە جیاتی ئایدیۆلۆجیای ئەو سەردەمە بووە (١٥) بۆ نموونە لە پەروەردەی ئەسینایی‌دا هەریەکە لە بابەتەکانی (ڕێزمان، وەرزش، مۆسیقا) دەخوێنرا، بەشێوەیەک منداڵ لە سەرەتای تەمەنیدا لە ژێر چاودێری دایکیدا بووە و دواتر لە تەمەنی حەوت ساڵی خراوەتە ئەو قوتابخانەیە (١٦)، پەروەردە لە یۆنانی کۆندا بە هۆی گەشەی لایەنی بیر و بوونی چەندان فەیلەسووف وای کردووە پەروەردە لەو شارستانییەتەدا باشتر گەشە بکات کە کاریگەری فەیلەسووفانی وەک (ئەفلاتوون، ئەرستۆ) ی بەئاشکرا پێوە دیارە، دەکرێت لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە بۆچوونی ئەو دوو فەیلەسووفە بدەین لە بواری پەروەردەدا:

ئەفلاتوون (١٧) (٤٢٠ - ٣٤٨) پ. ز: ئەم فەیلەسووفە پێی وایە دەبێت منداڵان لە خو و نەریتی دایک و باوکیان بپارێزین، چونکە لە سایەی ئەو گەورە شەڕکەرانەدا، ناتوانین شارێکی نموونەیی بنیاد بنێین، هەر چۆنێک بێت دەبێت هەر لە سەرەتاوە هەلی فێربوون بە یەکسانی بۆ هەموو منداڵێک برەخسێت، چونکە کەس نازانێت بلیمەتی لە کوێوە دەبریسکێتەوە، واتا دەبێت خوێندن بۆ هەموان بێت، لە دە ساڵی یەکەمی تەمەندا دەبێت منداڵ فێر بکرێت بەر لە هەموو شتێک گرنگی بە جەستە و لەشولاری خۆی بدات، لە هەر قوتابخانەیەکدا یاریگا و گۆڕەپانی وەرزشی تێدا بێت و یاری وەرزشی لەشولار گشت بەرنامەکانی خوێندن بگرێتەوە بۆ ئەوەی



**جان جاک ڕۆسۆ**

لەو تەمەندا لەشیان تەندروست و بەهێز بێت، بەڵام وەرزش کردن بە تەنیا بەس نییە، بەڵکو لەگەڵیدا مۆسیقا زۆر گرنگە، چونکە لە دووتوێی مۆسیقاوە ڕوح گونجاندن و ئاواز و هاوتەریبی و خۆشویستنی دادپەروەری فێر دەبن، کەسێک بە ڕێکوپێکی پەروەردە کرابێت، هەرگیز نابێتە زاڵم و زۆردار (١٨).

ئەرستۆ (٣٨٤ - ٣٢٢) پ.ز: ئەم فەیلەسووفە قوتابخانەیەکی بنیاد نا و ناوی نا (ئۆکیۆن)، قوتابییەکی زۆری لێ کۆبووەوە، بەمەیش دەبوو کارێکی زۆر بکات تا سیستمی ئەم قوتابخانەیە باش بێت، هەر بۆیە قوتابییەکان لەناو خۆیان دەستەیەکیان پێکهێنا و هەر دە ڕۆژ جارێک یەکێکیان لە خۆیان هەڵدەبژارد تا سەرپەرشتی قوتابخانەکە بکات، ئەم قوتابخانەیە قوتابخانەیەکی وشک و برینگ نەبوو لەوەی ئەفلاتوون دەچوو، چونکە ئەکادیمیای ئەفلاتوون تایبەت بوو بە پسپۆڕی ماتماتیک و فەلسەفەی سیاسی، بەڵام ئەمەی ئەرستۆ زیاتر بە لای وانەوتنەوەی زیندەوەرزانی و زانستە سروشتییەکاندا دەیشکاندەوە، ئەم کارەی ئەرستۆ لە لایەن ئەسکەندەرەوە زۆرتر پاڵپشتی دەکرا، بە بڕوای ئەرستۆ دەبێت پەروەردە لەژێر دەستی دەوڵەتدا بێت و لەگەڵ بچمی ئەو دەوڵەتەدا بگونجێت، مرۆڤ باشترین گیانلەبەرێکە ئەگەر بە باشی مەشقی پێ کرا و فێر کرا، چاک دەبێت و پێچەوانەکەیشی بۆ کاری خراپ ڕاستە، مرۆڤ هەر لە دایک بوونەوە بە بەهرەمەندی ناسراوە (١٩).

لە سەردەمە تازەکاندا کەسێکی وەک جان جاک ڕۆسۆ لە کتێبی ئیمیلدا بە چەندان بەش باسی پەروەردەکردنی منداڵ و گرنگی بۆ ژیانی مرۆڤایەتی دەکات، بەشێوەیەک ڕۆسۆ لە پێشەکی ئەم کتێبەدا دەنووسێت «زۆر قسە لەسەر پەروەردەی دروست ناکەم، ناشمەوێت قسە لەسەر ئەوە بکەم ئەم پەروەردەیەی ئێستا باو و خراپە، دەبێت باس لەوە بکەم لە کۆنەوە خەڵکی دژی ئەو پەروەردەیە بوونە و نارەزایەتییان دەربڕیوە، بەڵام هیچ کام باشتر لەوەی پێشوو تری پێ نەبووە» بەم شێوەیە ئەم فەیلەسووفە کتێبێکی زیاد لە ٢٠٠ پەڕەی لەسەر پەروەردە نووسیوە و لە زۆر لایەنی ژیانی، بە پێی قۆناغەکان گرنگی بە ژیانی تاک داوە و سەرەتای قسەکانی ئەم فەیلەسووفە بەم ڕستەیە دەست پێ دەکات "هەر شتێک بە دەستی خودا هاتبێتە دی، بێ کەموکوڕییە، بەڵام کە دەگاتە دەستی مرۆڤ، تووشی کەموکورتی و گەندەڵی دەبێت" و بەم شێوەیە ئەم فەیلەسووفە پێی وایە پەروەردە جۆرێکە لە هونەر و ئەم هونەرەیش کارامەیی و شارەزایی پێویستە (٢٠).

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین پەروەردە بەوە پێناسە بکەین «پرۆسەیەکی پێویستە بۆ هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی لە پێناو بنیادنانی تاکەکانی بەشێوەیەکی دروست و بوونی بە شارستانییەتێک لە نێو کۆمەڵگەکانی دیکەدا»، بەم شێوەیە پەروەردە بریتییە لە ئامادەکردنی تاک لە سەرەتای قۆناغەکانی ژیانییەوە بۆ چێژ وەرگرتن لە جوانییەکانی ژیان و ڕاهێنان لە ژینگەیەکی دروستدا (٢١)، دەتوانین بەو شێوەیە پەروەردە شرۆڤە بکەین: خۆگونجاندنی تاکە لەگەڵ ژیانی کۆمەڵدا و تێکەڵ بوونە لەگەڵ کولتوور و بەم پێیەش ژیانێکی تەواوە بۆ گەیشتن بە ئامانجە ویستراوەکان و گەیشتنی کۆمەڵە بە کەماڵ (٢٢)، ئەوەی خستمانە ڕوو زۆرتر قسەکردن بوو لەسەر چەمکی پەروەردە لە ڕووی واتا و مانا و مەبەستەوە کە بە درێژای ژیانی مرۆڤایەتی جێگەی بایەخ بووە و مایەی تێڕامان بووە، هەروەها بە

چەندان سەردەم و قۆناغدا تێپەڕیوە تا بە ئێمە گەیشتووە، پاش لێوردبوونەوەیەکی خێرا، دەکرێت لە ڕووی زمانەوانییەوە، بە تایبەت زمانە زیندوو و پێوەندیدارەکان ئەم چەمکە ڕوون بکەینەوە.

لە زمانی کوردیدا لە زۆر فەرهەنگ و کتێبی زماندا وشە پێوەندیدارەکانی پەروەردە و فێربوون و خوێندن لێک دراوەتەوە زۆریان لە واتا و مەبەستدا تا ڕادەیەک یەک دەگرنەوە، بۆ نموونە هەژاری موکریانی سەبارەت بە زاراوەی پەروەردە لە فەرهەنگەکەیدا ئەم وشانەی بەکار هێناوە لەبەرانبەر ئەو وشەگەلانەی سەرەوەدا وەک (پەروەردە: بەخێو کردن، بەخێو کراو)، (خوێندن: خۆندن)، (خوێنەوار: خۆنەوار، خوێندەڤان)، فێربوون: ڕام بوون، ڕاهاتن، فێربۆگ، فێر بوو) (٢٣)، (پەر) لە زمانی کوردیدا بە چەند مانا و مەبەستێک دێت، بەڵام هەرگیز بە تەنیا نییە و هەمیشە پێشگر، یان پاشگری لەگەڵدا دێت وەک پەراوێز، یان سەرپەرشتیار، زاراوەی پەروەردە و پەروەردەکردن بەم مەبەستانە هاتووە (بەخێوکردن و ئاگاداری و ئاراستە کردن و پاراستن و ڕێنمایی کردن و فێرکردن و ڕاهێنان) (٢٤)، لە زمانی عەرەبیدا پەروەردە بۆ سێ بنەما دەگەڕێتەوە کە بریتین لە (ربا، ربی، رب) یەکەم بە واتای گەشەی سەند – گەشە دەسێنێ، لە بنەمای دووەمدا بە واتای چاکسازی کرد – بەڕێوەی برد، دوایین بنەما (رب) بە واتای چاکی کرد گرتنە ئەستۆ دێت (٢٥)، لە زمانی ئینگلیزیدا (Educe) بە مانای (لێ دەرهێنان، لێوەرگرتن) دێت، ئەمەیش دەبێتە هۆی لە دایک بوونی وشەیەکی بەرفراوانتر کە پێی دەوترێت (Education) بە واتای پەروەردە دێت و ئەو زاراوەیە بۆ ئەم مانایانەش لە زمانی ئینگلیزیدا بەکاردێت وەک (پەروەردە و پەروەردە کردن، فێرکردن، خوێندن، ڕۆشنبیری، زانست و زانیاری) (٢٦)، لێرەوە دەتوانین بڵێین پەروەردە (Education) پرۆسەی ئامادەکردنی مرۆڤە بۆ ژیان، یان ئامادەکردنی مرۆڤی کارامە و بەسوودە بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگە بکات لە ڕێگەی کامڵ بوونی کەسایەتییەوە، فێربوون بەدیهاتنی گۆڕانکارییە لە ڕەفتاردا، فێرکردنیش(Instructin) بریتییە لە پرۆسەیەکی ڕێکخراوی ئامانجدار و دەبێتە هۆی فێربوون (٢٧).

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

(١) د.ئازاد علی، پەروەردە پرۆسەیەک نییە بۆ لە ژیان مانەوەی مرۆڤ، بەڵکو بۆ بەمرۆڤ کردنی مرۆڤە، ژیار (گۆڤار)، ژمارە (١)، هەولێر، بەهاری ٢٠١١، ل٤٤.

(٢) د.ئیبراهیم ناصر، زانستی کۆمەڵناسی پەروەردەیی، و: دانا نادر محەمەد، چ١، چاپخانەی چوارچرا، (هەڵەبجەی شەهید: ٢٠١٣)، ل٢٣، ٢٤.

(٣) یوسف عوسمان حەمەد، تیورییەکانی پەروەردە و فێربوون، چ١، سەنتەری هەتاو، (هەولێر: ٢٠٠٥)، ل٥.

(٤) د.ئازاد علی، س. پ، ل٤٤.

(٥)حسن الحیاری، اصول التربیة فی ضوء المدارس الفکریة، ط١، دار الامل للنشر والتوزیع، (الاردن: ١٩٩٣)، ص٢٢٥.

(٦) زۆر جار هەردوو چەمک و پرۆسەی (فێربوون) و (فێرکردن) تێکەڵ دەکرێن و بەیەک شت لێک دەدرێنەوە، بەڵام ڕاستییەکەی جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، لەوانە فێربوون پەیوەست و تایبەت بە فێرخواز، فێرکردن پەیوەست و تایبەت بە مامۆستا، کە بەگشتی پێوەندی بەهێز لە نێوان ئەم دوو چەمکەدا هەیە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:د.کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای پەروەردەیی، چ١، چاپخانەی پەیوەند، (سلێمانی: ٢٠٠٨)، ل٢٩.

(٧) د.کەریم شەریف قەرەچەتانی، ە. س، ل١٧، ١٨.

(٨) و.ب.گۆتەریچ، دەرونزانی، و: هیوا عمر احمد، چ١، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، (بەغدا: ١٩٨٢)، ل١٨ – ١٩.

(٩) کۆنفۆشیۆس:(٥٥١ – ٤٧٩) پ.ز بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی ئایینی خەڵکی چین و قوتابخانەی ئاکار دادەنرێت، بەردەوام هەوڵی پاکژکردنەوەی دەروونی مرۆڤی داوە، ئەم پیاوە لەسەر دەستی مامۆستاکەی (لۆتس) بە فەلسەفە ئاشنا بووە و لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا قوتابخانەیەکی بۆ لێکۆڵینەوە لە بنەماکانی فەلسەفە کردووەتەوە و نزیکەی ٣٠٠٠ قوتابی هەبووە، لە وتەیەکیدا دەڵێت: «هەر وڵاتێک دانیشتوانەکەی خاوەنی زانست و تێگەیشتوویی بێت هیچ کاتێک برسێتی بەخۆیانەوە نابینن»، بڕوانە: ڕاستگۆ محەمەد، لە بارەی دامەزرێنەری قوتابخانەی "ئاکار"ـەوە، ڕامان (گۆڤار)، ژمارە (١٦٦)، هەولێر، ئاداری ٢٠١١، ل٩٥ – ١٠٢.

(١٠) عبدالله عبدالدائم، التربیة عبر التاریخ من العصور القدیمة حتی اوائل القرن العشرین، ط٥، دار العلم للملایین، (بیروت: ١٩٨٤)، ص٣٢ -٣٦.

(١١) الدكتور عبدالله زاهي الرشدان، تاريخ التربية، ط١، دار وائل للنشر، (عمان: ٢٠٠٢)، ص٦٩.

(١٢) عەزیز ئالانی، هزری پەروەردەیی و فەلسەفەکەی لە پێناوی گۆڕاندا، چ١، چاپخانەی دیاکۆ، (سلێمانی: ٢٠٠٨)، ل٣٣.

(١٣) الدكتور عبدالله زاهي الرشدان، م. س، ص ١٢٩، ١٣٠.

(١٤) الدكتور عبدالله عبدالدائم، م. س، ص ٥٣، ٥٤.

(١٥) عەزیز ئالانی، س. پ، ل٥٢، ٥٣.

(١٦) الدكتور عبدالله عبدالدائم، م. س، ص٥٥.

(١٧) یەکێکە لە فەیلەسووفەکانی یۆنان و جیهان لە بنەماڵەیەکی ئاتینی لە دایک بووە و ناوی ڕاستەقینەی ئاریستۆکلسە، لە تەمەنی بیست ساڵیدا چاوی بە سوکرات کەوت و بوو بە خوێندکاری، هەرچەندە سەرەتا حەزی لە سیاسەت دەکرد، بەڵام بە هۆکارێک بۆ هەمیشە لە سیاسەت دوور کەوتەوە، زۆربەی بۆچوون و قسەکانی سوکراتی – نووسیوەتەوە، ئەفلاتوون ماوەیەکی زۆر لە تەمەنی خۆی لە ئەکادیمیەکەیدا بە وانەوتنەوە بە خوێندکارەکانی بەسەر بردووە، بڕوانە:بهنام محمد پنا، نهێنیەکانی شارستانیەتی یۆنانی کۆن، و: زاهیر محەمەد ڕەشید، چ٢، چاپخانەی چوار چرا، (سلێمانی: ٢٠١١)، ل١٢٣.

(١٨) ویل دیۆرانت، مێژووی فەلسەفە لە ئەفلاتوونەوە تا جۆن دیوی، و: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، چ١، چاپخانەی شڤان، (سلێمانی: ٢٠١٣)، ل ٤٦ –٥٥.

(١٩)ویل دیۆرانت، س. پ، ل٨٨، ١١٠–١١٢.

(٢٠) جان جاك روسو، اميل، ترجمة: الدكتور نظمي لوقا، (بدون موقع وسنة طبع)، ص ١٧، ٢٤.

(٢١) سۆزان جەمال، سایکۆلۆژیی منداڵ، چ١، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، (سلێمانی: ٢٠٠٦)، ل٢٧.

(٢٢) د.ئیبراهیم ناصر، س.پ، ل٣٧.

(٢٣) هەژار، هەنبانە بۆرینە، چاپ سوم، مرکز پخش سروش، (تهران: ١٣٨١)، ل١١٩، ٢٦٠، ٥٢٨.

(٢٤) عەزیز ئالانی، پەروەردەکردنی منداڵەکانمان، چ١، چاپخانەی چوار چرا، (سلێمانی: ٢٠١٤)، ل٢٦.

(٢٥) د.ئیبراهیم ناصر، س. پ، ل٣٣.

(٢٦) عەزیز ئالانی، پەروەردەکردنی منداڵەکانمان، س. پ، ل٢٤ و ٢٥.

(٢٧) دکتۆر جوان نیعمەت، هونەری وانە وتنەوە، و: م. جەمیل قادر، چ١، چاپخانەی پەیوەند، (هەڵەبجەی شەهید: ٢٠١٢)، ل٢٦.

# لۆجیک:
# لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

١- وشەی لۆجیک ناوی بابەتێکە و لقێکی سەرەکییە لە لقەکانی فەلسەفە، لە قۆناغەکانی کۆنی یۆناندا ئەرستۆ (٣٨٤-٣٢٢پ.ز) دایهێناوە و دوا ڕوخسار و ناوەرۆکی بەپێی سەردەمی خۆی پێ بەخشیوە، بەهۆی ئەو داهێنانەوە نازناوی مامۆستای یەکەمی پێ دراوە.

ئەرستۆ خۆی ئەو ناوەی بەکار نەهێناوە، بەڵکو ئەو بابەتانەی بە ناوەرۆک و ڕوخسار و میتودەوە کە دەچنە خانەی لۆجیکەوە لە شاکاری ئۆرگانۆندا نووسیون کە لەم بەشانە پێکهاتوون:

- کاتیگۆریاس (چەمکەکان)
- دەستەواژە.
- شیکاری یەکەم و دووەم.
- تۆپیکا (پێناسە، دیالۆگ، بەڵگە).

وشەی ئینگلیزی لۆجیک Logic لە وشەی یۆنانی کۆن لۆگوس Logos کەوتووەتەوە کە واتای ژیر و بیر (هزر) و گیانی وشە دەبەخشێ، لەدواییدا ئاماژە بووە بە پرۆسەیەکی ژیریی کە لە جۆری بیرکردنەوە و دەربڕیندا وشەیەک بە وشەیەکی ترەوە دەبەستێتەوە، ئینجا بڕیار دەداو دەکۆشێ ڕاستی و ناڕاستی ئەو بڕیارە (حوکمدانە) پشتڕاست بکاتەوە، لە دواییدا کراوە بە ناوونیشانی ئەو بابەتەی ئەرستۆ کە لۆجیکە، بێ گومان وشەکە لە چەند قۆناغێکدا گۆڕانی بەسەردا هێنراوە.

سەرچاوەکانی مێژووی فەلسەفەی کۆنی یۆنان وا باس دەکەن کە لایەنگیر و شاگردانی ڕێبازی پیادەڕەوان per-ipatetiker (ئەمانە شاگردی ئەرستۆ بوون)، ئەو ناوەیان بۆ بەرهەمەکەی ئەرستۆ هەڵبژاردووە و وشەی لۆجیکیان بۆ بەکار بردووە، ئەو لایەنگیرانە دواتر ئەمانە بوون: ئەندرۆنیکۆسی ڕۆدیسی، شیشەرۆن، ئەسکەندەری



**ئەرستۆ**

ئەفرۆدیسیا، جالینۆس لە سەدەی دووەمی زاییندا(١) ڕاستە مامۆستای یەکەم وشەی لۆجیکی بەکارنەهێناوە، دوای خۆی کەسانی دیکە ئەو ناوەیان بەسەر بەرهەمەکەیدا بڕیوە، بەڵام وشەکە بە تەواوەتی پڕ بەپێستی خۆیەتی و جێگای خۆی گرتووە، لەم سەردەمەشدا هەر کارایە و گەرموگوڕی خۆی لە دەست نەداوە.

٢- ئەرستۆ لە جیهاندیدە فەلسەفەییەکەیدا زانستی بەسەر سێ جۆر دابەش کردووە:

- زانستی تیوری کە ئامانجیان زانینە: فیزیک، بیرکاری، میتافیزیک ئەو زانستەیان لێ پێکدێت.
- زانستی پراکتیکی: بایەخ بە کرداری مرۆڤ دەدات، وەک: ئاکار و سیاسەت.
- زانستی بەرهەمهێنان، ئەو زانستە وەک: شیعر شتی جوان و سوودبەخش بەرهەم دەهێنێ.

بەڵام ئەوەی لێرەدا سەرنجڕاکێشێ ئەوەیە: بابەتی لۆجیک نەخراوەتە نێو هیچ خانەیەک لەو خانانە، چونکە وەک مامۆستای یەکەم بۆی چووە، ئەو بابەتەی لەو لقە دەکەوێتەوە کەرەستەیەکە هەموو زانستەکان بەگشتی بەکاری دەهێنن و پشتی پێ دەبەستن، ئەویش بریتییە لە بیر و هزری مرۆڤ! کەوابوو هەر لە سەرەتاوە لۆجیک زانستێکی سەربەخۆ نەبووە.

- مرۆڤ بوونەوەرێکی ژیرە، بیر دەکاتەوە، هیوا و مەبەست و ئاوات و ئامانجی تایبەتی دیار و دەستنیشانکراوی هەیە، ئەو ئاوات و ئامانجانە لە دەفرێکدا، لە چوارچێوەیەکدا ڕێکوپێک دەکرێن و دادەڕێژرێن، ئەو چوارچێوەیە بیرە (مێشک) کە لەلای خۆیەوە تایبەتمەندی بەرچاو و سەرنجڕاکێشی هەیە، ئەویش هەست و نەست و ناخی دەروون تۆمار دەکات، ئەو کەرەستە تۆمار کراوە لەلای خۆیەوە پێویستی بە ئامرازێک هەیە کە بە هۆیەوە ناوەڕۆکی تۆمارکراوی بیر (هزر) دەربڕێ، ئەو ئامرازە زمانی مرۆڤە.
- بیر و زمان دوو بابەت و چالاکی ژیرەکی مرۆڤن، توندوتۆڵ بەیەکەوە بەستراونەتەوە، تەنیا بۆ مەبەستی زانستی (توێژینەوە و لێکۆڵینەوە) نەبێ، وا بەسووک و ئاسانی دانابڕێن و لە یەکتری جیا ناکرێنەوە، ئەگەر بیرکردنەوە، چالاکی پرۆسەیەکی نامادی- گیانی بێت، ئامانج و ڕاز و نیازی مرۆڤ لە دەفرێکی دیاریکراودا دابڕێژێ، ئەوە زمان لەلای خۆیەوە ئەو ئامرازە ئاڵۆز و ئەفسانەیی و سەرسوڕهێنەرەیە کە ناوەڕۆکی پرۆسەی چالاکی بیر بە شێوازی تایبەتی، بە دەنگ و شێوازی پێشیانە بڕیار لەسەر دراو دەردەبڕێ.

زمان ئامرازێکی دەربڕین و لەیەکتری گەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و هەست و نەستە، بیر چالاکییەکە بەپێی بنەما و ڕێسا و ڕێوشوێنی تایبەتی و قانوونی تایبەت بەخۆی کارا و چالاکە، زمان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکەی سروشت و پێکهاتەی مرۆڤ پێی بەخشیوە، لەو ئەرکەیدا پەیڕەوی ڕێوشوێنی تایبەتی دەکات کە بە تێکڕایی سەرجەمی کۆی بابەتێک پێکدەهێنن، لە زمانی کوردیدا وشەی: (ڕێزمان)ی بۆ دانراوە.

٣- شان بە شانی زمانی ژیانی ڕۆژانە، بیر پابەندی چەند بنەمایەکە و پشتیان پێ دەبەستێ، ئەو بنەمایانە سنووری چوارچێوەیەک بۆ پرۆسەی چالاکییەکانی ڕەنگڕێژ دەکەن، ئەو بنەمایانە لەلای خۆیانەوە، وەک زمان بابەتی توێژینەوەی لقی تایبەتی زانستەکانن، مرۆڤی ئاسایی ئەگەر شارەزای ڕێزمان بێ، یان نەیزانێ، زمانەکە بە ڕێکوپێکی بەکار دەهێنێ، زمانی دایک، ناکەوێتە هەڵەوە، لە چالاکی بیرکردنەوەشدا بزانێ و نەزانێ پەیڕەوی بنەماکانی بیرکردنەوە دەکات و بەشێوازی

ڕێکوپێک بەکاریان دەهێنێ، بەڵام بەکارهێنانی ئەو بنەمایانەی بیرکردنەوە لە چالاکی بیرکردنەوەدا بەبێ ئاگاو بەبێ هەست پێ کردن شتێکە و داڕشتن و کۆکردنەوە و لێکدانەوە و شرۆڤەکردنیان بە مەبەستی ڕێکخستن و سیستمیزەکردنیان لەسەر شێوەی تیورییەکی زانستی شتێکی دیکەیە.

ئەو ئەرکە زانستییە، لێکۆڵینەوە، کۆکردنەوە، ڕێکوپێک کردنی ئەو بنەمایانە (ئەو قانوونانەی) بیر وەک سەرچاوەکان ئاماژەیان پێداوە و ساغیان کردووەتەوە، بۆ یەکەم جار لەلایەن فەیلەسووفی یۆنانی ئەرستۆوە(٢) جێبەجێ کراوە.

٤- دوای شیکردنەوە و تاووتوکردنی فەلسەفەی پێش خۆی و وردبوونەوە لە زمانی ڕۆژانەی ئەوسای یۆنان (پێش زایین) ئەرستۆ گەیشتووەتە ئەو ئەنجامە: خۆ خەریک کردن بە زانستەوە، جۆرە خۆ ئامادەکردنێکی گەرەکە، ئەوەش وا دەگەیەنێ خۆ ئامادەکردنەکە لە ئامرازێکدا بدۆزرێتەوە وەک دەروازەیەکی چوونە نێو جیهانی پانوبەرینی زانستەکان سوودی لێ وەربگیرێت، ئەو ئامرازە پشت بە چەند بنەمایەک دەبەستێ کە دەستەبەری بیرکردنەوەی ڕاستودروست دەبێ، ئەو ئامرازەی دەروازەی چوونە ناو زانستەکان بریتی بووە لە: لۆجیک.

لۆجیکی ئەرستۆ دواتر لەلایەن (فەرفۆریۆس)ەوە دەسکاری کراوە، ناوەکەشی بۆ ئیساگۆگی گۆڕاوە، ئەو وشە یۆنانییە واتای دەروازە دەگەیەنێ، ئەو بابەتەی فەرفۆریۆس تا ئەم سەردەمەمان لە حوجرەی مزگەوتەکانی کوردستان وەک بەشێک لە پێداویستی بوون بە مەلا بەوانە دەخوێنرێ.

کەوابوو لۆژیک ئامرازە نەک زانستی سەربەخۆ، ئەو ئامرازە لە بەکارهێنان و چالاکییەکانیدا لە چەند ڕێساو بنەما و قانوونێک دەکۆڵێتەوە کە هی بیر و هزرن، دیسان ئەویش لەلای خۆیەوە ئامرازی دەربڕینی هەیە پەنای بۆ دەبات، ئەو ئامرازە لە زمان بەولاوە شتێکی دیکە نییە.

- بێجگە لەوەی مرۆڤ بیر دەکاتەوە، بوونەوەرێکی زیندوو و قیت بە دوو قاچ (پێ) دەڕوا، زمانی هەیە، شتی پێ دەردەبڕێ و لەگەڵ دەوروبەری هەڵسوکەوت دەکات و لەگەڵ ئەوانی تردا لەیەکتری دەگات، ئەو زمانە لەگشت بوونەوەر و هەموو گەوهەرێکی دیکەی جیا دەکاتەوە و تایبەتمەندییەکی پێ دەبەخشێ.

**یەکەم:** بۆ دەربڕینی ناخی دڵی و هەست و سۆز و خواست و ناوەڕۆکی هزر و بیری بەرجەستە دەکات.

**دووەم:** هۆکار و ئامرازی پێوەندی کۆمەڵایەتی و لە یەکتری گەیشتنی ئەندامانی گرووپ و دەستەکانە و ئەمەش هۆکارێک بووە لە چوارچێوەی ئەو هۆکارانەی هەر لە کۆنەوە بوونەتە مایەی پەیدابوونی خێزان و کۆمەڵگاو دەوڵەت، بگرە زمان و کولتوور و نەتەوەی جیاواز لە ژیان و جیهاندا.

ئایا دەکرێ ئەو زمانە کە خۆی ئامرازە، ببێ بە کەرەستە و توێژینەوەی لەسەر بکرێ؟ ئەگەر وەڵامەکە ئارێ بوو، چ ئەنجامێکی تری لێ دەکەوێتەوە؟

- هیچ ئەگەر و گومانێک هەڵناگرێ، زمان لەلای خۆیەوە کەرەستەیەکی بە پیت و پێزی توێژینەوەیە، بۆ نموونە ڕێزمان Grammar لە چۆنیەتی پێکهاتە و داڕشتنی ڕستەو دەستەواژەکانی زمان دەکۆڵێتەوە، ئەو نەزم و چۆنێتی داڕشتنە و پێکهاتەی زمانی ئەوسای یۆنان ئەو لایەنە بووە سەرنجی ئەرستۆی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، بەڵام لەوە هۆشیار و ئاگادار بووە کە ئەو لایەنەی بابەتی زمان کەرەستە و ئەرکی سەرشانی پسپۆڕانی زمانە و ناچێتە خانەی فەلسەفەوە، بۆیە ئەرستۆ ئەو لایەنەی زمانی پشتگوێ خستووە و بایەخی بە لایەنی دیکە داوە کە لە دواییدا بووە بە کەرەستەی سەرەکی ئەو لقەی فەلسەفە کە دواتر بە لۆجیک ناسراوە، ئەگەر ئەرکی دەربڕین بەهۆی دەنگ و وشەوە بێ، ئەوە هەر لەو زمانەدا هێماو سیمبۆل بەکاردەهێنرێن و جێگای ئەو وشە و دەنگانە دەگرنەوە، ئەرستۆ بەو هەنگاوەی کە هەڵیگرتووە، دوو لایەنی بیر- هزری لە یەکتری جیا کردووەتەوە:

**یەکەم:** پرۆسەی ئاڵۆز و سەرنجڕاکێشی بیرکردنەوە.

**دووەم:** ناوەڕۆکی پرۆسە و بیرکردنەوەکە.

ئەو هەنگاوە ڕێگای دەرکەوتنی بابەتی لۆجیک و دەروونزانی (سایکۆلۆجی) خۆش کردووە(٣).

لۆجیک وەک لقێکی فەلسەفە بەدەروازەی چوونە ناو جیهانی زانست دادەنرێ، بایەخ بە ڕوخسار و فۆڕم و ڕێسا و قانوونەکانی بیر و بیرکردنەوە دەدات، ئەو لایەنەی لۆجیک لە لقەکەی دیکەی فەلسەفە، تیوری



**ئەفلاتوون**

زانین جیا دەکاتەوە، ئەو تیورییە سەرگەرمی ئەوەیە دیاردە (فینۆمین) بە هۆ و سایەی هۆکارەوە ڕوون بکاتەوە و لێکی بداتەوە، تایبەتی و هەندەکی (جزئي) بباتەوە سەر گشتی و هەمەکی (كلي)، لۆجیک لەلای خۆیەوە پاوانێکی دیکەی جیاوازی هەیە کە جۆرەکە، جۆرە سەربەخۆییەکی پێ ڕەوا دەبینرێ: توێژینەوەی فۆرم و ڕوخساری هزر کە بە زمان دەردەبڕدرێ و ڕێکوپێک دەکرێ.

ئەرستۆ لە سێ شاکاردا بابەتی لۆجیکی کردووە بە کەرەستەی توێژینەوە:

**یەکەم:** کتێبی کاتیگۆریاس:

وشەی کاتیگۆریاس: واتای چەمک Kategorie دەگەیەنێ و ناوی بەرهەمێکە ماموستای یەکەم دایهێناوە.

ئەرستۆ لەو باوەڕەدا بووە هزر- بیر- گیان بنەمای دیاریکراوی هەیە و لە چەند ڕەگەز و کەرەستەوە (Element) ئەرکێکی بنەڕەتی پێکهاتووە، ئەو بنەمایانە دەکرێ ببن بە بابەتی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە، ڕەگەزەکانیش لەلای خۆیانەوە لە چەمک و بریاردان (حوکم Urtrilen) ئەنجام پێکهاتوون، ئەمانە سێ بەشی سەرەکین کە لۆجیکی ئەرستۆیان لێ پێکهاتووە(٤) کە بە لۆجیکی ڕوخسارەکی ناسراوە.

چەمکەکانی ئەرستۆ لە سەرەتای توێژینەوەکەیدا باسی کردوون، ئەوان ئەو بەشانەن کە ڕستە و دەستەواژەیان لێ پێکهاتووە کە دەیانکات بە دە جۆر و بەشەوە(٥):

- چەمکی گەوهەر وەک: مرۆڤ.
- چەمکی چۆنێتی وەک: سپی، ڕەش.
- چەمکی چەندێتی وەک: سێ مەتر.
- چەمکی پێوەندی وەک: نیو، دوو ئەوەندە، گەورەتر.
- جێگا- شوێن وەک: بازاڕ، بەشی فەلسەفە.
- کات وەک: دوێنێ، پار.
- ڕەوش وەک: دانیشتووە، بە پێوەیە.
- کردار وەک: دەبیرێ
- کارتێکراو وەک: بڕاو، شکاوە.
- هەیەتی وەک: چەکدارە، مێزی لەسەرە.

لەنێو ئەو چەمکانەدا گەوهەر بە گرینگترینیان دادەنرێ، چونکە سروشتی بنەڕەتی شتومەک دەردەبڕێ (مرۆڤ، زیندەوەر)، بەڵام ناکرێ و نابێ خۆی ببێ بە باری بابەتێک (لەسەردەمی عەبباسییەکاندا کە فەلسەفەی یۆنان وەرگێڕدرایە سەر زمانی عەرەبی، وا باسی گەوهەر کراوە: (يحمل ولا يحمل عليه). گەوهەر هەر نۆ چەمکەکەی دیکە هەڵدەگرێ، بەڵام خۆی هەڵناگیرێ (نابێ بەبار)، بەڵام دەکرێ ببێ بە واتایەکی هەمەکی گشتی وەک (سوکرات مرۆڤە.)

بۆ ڕوونکردنەوەی ڕۆڵ و کاریگەری ئەم چەمکانە کە ئاماژە بە فراوانترین لایەنەکانی بوون دەدەن، دەکرێ بەو جۆرە بگوترێ:

سوکرات مرۆڤە، لەنێو شاری ئاتینی کۆنی یۆناندا بەر لە زایین ژیاوە، باڵای مەتر و نیوێک بووە، پێستی گەنم ڕەنگ، لە ئەفلاتوون بە تەمەنتر، بیست و سێ سەدە لەمەوبەر لەلایەن دادگایەکی شارەکەیەوە فەرمانی مەرگی بەسەردا دراوە و ناچارکراوە کوپێک ژەهر بنۆشێ، پێش مردنی لە شوێنە گشتییەکاندا دیتراوە لەگەڵ کەسانی تر قسەو وتووێژی کردووە، پیلاوی لەپێدا نەبووە، بە قسەو کرداری کاری لە کەسانی دیکە کردووە و ژیانی ئەوساش کاری تێکردووە.

**دووەم:** کتێبی دەستەواژە: De Interpretatione

ئەرستۆ لەو بەرهەمە کورت و پوختەدا ڕوونی کردووەتەوە کە زمان لە ڕستەو (Satz) دەستەواژە

پێکدێت، دەستەواژە لەلای خۆیەوە لەناو و کردار و ئامرازی پێوەندی پێکهاتووە، دوو جۆر دەستەواژە لە زماندا بەکاردێن کە پێکهاتەکەیان تارادەیەک لەیەکتری جیاوازن:

**یەکەم:** دەستەواژەی سادە.

**دووەم:** دەستەواژەی لێکدراو.

- دەستەواژەی سادە و ساکار لە پێوەندی و کردار و (ئیتر ئاکراو، یان ناکراو بێت) ناو پێکهاتووە، ئەو ناوانەی لە ڕستە و دەستەواژەدان بەپێی پێکهاتن و واتاو دەلالەت لەیەکتری جیاوازن و جیا دەکرێنەوە، هەندێک ناو واتایەک و هەندێکی تر مانای جیاوازیان هەیە، بۆ نموونە وشەی شێر ئاماژەیە بۆ زیندەوەرێکی دڕندەی کێوی، لە هەمان کاتدا مەبەست لە مرۆڤێکی ئازاو چاونەترسیش دەبێ.

- دەستەواژەی لێکدراو لە ڕستە و پرۆپۆزیشن Proposition پێکهاتووە، ئەرستۆ ڕستەی ئاسایی و ئەو دەستەواژانەی پرۆپۆزیشن نین و لە ڕەوشی دەربڕینی فرمان و پرسیار و هەست و سۆز و سەرسوڕماندا بەدەر دەکەون پشتگوێ دەخات و ئەو دەستەواژانەی دەکرێ، بەپێی پێوەری دیار و دەستنیشان کراو، ڕاستی و ناڕاستییەکەیان ساغ و پشت ڕاست بکرێتەوە، کردووە بە بابەتی لۆجیک، بۆیە لۆجیکی ئەرستۆ لەو بوار و پاوانەدا بە لۆجیکی دوو بەها دادەنرێ، چونکە بایەخ بەو دەستەواژانە دەدات کە ڕاستن، یان درۆن!.

پرۆپۆزیشن لەلای خۆیەوە سادەیە، یان لێکدراوە، لێکدراوەکە دەکرێ بۆ سادەتر شی بکرێتەوە، ساکارەکە بۆ خۆی سادەیە و هیچ جۆرە دابەش بوون و سادەتر کردنەوە هەڵناگرێ، بۆ نموونە:

-سوکرات مرۆڤە

ئەو دەستەواژە پرۆپۆزیشنە دەکرێ ڕاستی و ناڕاستییەکەی ساغ و پشتڕاست بکرێتەوە، ئەو دەستەواژەیە بەپێی لۆجیک لە بنەوبار پێکهاتووە بەرانبەر بە نیهاد و گوزارە لە ڕێزماندا.

خەسڵەتێک (سیفەتێک) کردارێک لە دەستەواژەیەکدا دەدرێتە پاڵ بکەرێکی دیاریکراو، بۆیە دەگوترێ: دەستەواژە لە بنەوبار پێکدێت، ئەو جۆرە دەستەواژە لۆجیکیانە بەپێی: چەند، چۆن، هەمەکی، هەندەکی، ئاکرا، ناکراو دەکرێن بە چەند بەش و جۆرێکەوە و لەیەکتری جیا دەکرێنەوە.

لەو ڕەوشەدا شیاوەکی بەخشینی خەسڵەتێکی دیاریکراو، یان لێستاندنەوەی ئەو خەسڵەتە دیاریکراوەیە کە لە شتەکەدا بە دەردەکەوێ، ئینجا لەوە دەکۆڵرێتەوە ئایا ئەو خەسڵەتە بەشێوەیەکی ناچاریی، یان ڕووکەشی و لابەلایی سەر بە بنەکەیە (بابەتەکەیە)، یان نا؟. ئەو هەڵاواردن و جیاکردنەوەیە بووەتە مایەی دەرکەوتنی چەند چەمکێک کە لە لۆجیکدا ئەوپەڕی گرینگن بۆ نموونە: ناچاریی، شیاوەکی، هەر لە کردن نایەت کە بە عەرەبی وشەی (مستحیل)ی بۆ دانراوە.

ئەو پرۆپۆزیشنانەی تێیاندا خەسڵەتێکی دیاریکراو دەدرێ بە بکەرێک (بنە) بە دەستەواژەی بارەکی ناودەبرێ کە بە عەرەبی (حملي)ی بۆ دانراوە.

پرۆپۆزیشن لە لۆجیکی ئەرستۆدا لە سێ بەش پێکهاتووە:

- بنە.
- بار.
- ئامرازی پێوەندی.

لە زمانی کوردیدا - ڕەوشی تاکی لێ بەدەر بێ- ئەوەندەی من ئاگاداربم، ئامرازی پێوەندی لە ڕستەو دەستەواژەدا بەرچاو ناکەوێ، بەرانبەر بەو ئامرازەی پێوەندی لە ئینگلیزیدا (is) و لە زمانی ئەڵمانیدا (ist) بەکاردەهێنرێ.

ئەو جۆرە دەستەواژانە لەلایەکی ترەوە، بەپێی چەند، چۆن، دەکرێن بە چوار جۆرەوە(٦):

**یەک:** دەستەواژەی هەمەکی لەبار (ئاکراو). بۆ نموونە: هەموو مرۆڤێک دەمرێ.

**دوو:** دەستەواژەی هەمەکی نالەبار (ناکراو).
هیچ کوردێک پێست ڕەش نییە.

**سێ:** دەستەواژەی هەندەکی لەبار (ئاکراو).
هەندێک کورد شاعیرن

**چوار:** دەستەواژەی هەندەکی نالەبار (ناکراو).
هەندێک کورد شاعیر نین.

### سێیەم کتێبی شیکردنەوەی Analytik:

ئەو بەرهەمە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە و هەردووکیان تەواوکاری یەکترین:

- شیکردنەوەی یەکەم Priora.

- شیکردنەوەی دووەم Posteriora.

لەبەشی یەکەمدا ئەرستۆ باسی بەشەکانی پێوانە (قیاس) و Syllogism سەلمێنەی کردووە، لە بەشی دووەمیدا چووەتە سەر بابەتێک لەم سەردەمەماندا بە ئیندەکشن (ئیستقراء) ناودەبرێ، دەکرێ لە ڕوخسار و ناوەرۆکەوە وەک سەلمێنە سەرنج بدرێت، چونکە دەشێ شی بکرێتەوە و ببرێتەوە سەر چەند بنەما و بنەڕەتێکی ڕوخساری و ماددەیی، ئەو شیکردنەوەیەی سەلمێنە دەباتەوە سەر بنەما ڕوخسارییەکان بەو پێیەی بە ناچاریی ئەنجام لە پێشەکییە گریمان کراوەکانەوە دەکەوێتەوە، لەو پرۆسەیەدا گوێ بە کەرەستەی سەلمێنەکە نادرێ و بەهەند دانانرێ، ئەمە بەشیکردنەوەی یەکەم ناودەبرێ و لە دواییدا بوو بەکەرەستە و بابەتی سەرەکی لۆجیک: مرۆڤ چەند پێشەکییەکە باوەڕی بە ڕاستییەکەیان هەیە، گریمانە دەکات و لێیانەوە دەگاتە ئەنجام کە بە ناچاری لە پێشەکییە گریمان کراوەکەوە دەکەوێتەوە، بەڵام ئەو شیکردنەوانەی سەلمێنە دەبەنەوە سەر بنەما ماددەییەکان کە ڕاستیودروستی ئەوی بەدوایدا دێت پێوەی بەندە، ئەمە بە شیکردنەوەی دووەم دادەنرێ.

ئەرستۆ هەر لەو بەرهەمەدا ئاوڕێک لە هەر سێک بنەما و قانوونەکانی بیرکردنەوە دەداتەوە:

- بنەمای خۆیەتی.
- بنەمای بێ ناکۆکی.
- بنەمای بێ مامناوەندی.

لە بەشێکی تری ئەو بەرهەمەدا مامۆستای یەکەم، باسی بابەتی پێوانەی کردووە، پێوانە خۆی کە بەعەرەبی (قیاس)ی بۆ دانراوە لە دوو پێشەکی پێکهاتووە و بە ناچاریی لێیانەوە ئەنجامێک دەکەوێتەوە، ئەو ناچارییەی ئەنجامەکە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە پێشییانە لە هەردوو پێشەکییەکەدا هەیە، بۆیە هەندێک هزرمەند وایان داناوە و بڕیاریان داوە گوایە پێوانە شتی نوێ ناداتە دەست، بگرە هەمانگۆییە و شتەکە دووبارە دەبێتەوە.

## پێشینەکانی پەیدابوونی لۆجیک

هیچ ئەگەر و گومانێک لەوە ناکرێ کە ئەرستۆ داهێنەری بابەتی لۆجیکە، ناوەڕۆک و دوا ڕوخساری پێ بەخشیوە و کردوویەتی بە لقێکی سەرەکی فەلسەفە، بەڵام وەنەبێ پەیدابوونی ئەو بابەتە لەناکاو و بێ پێشینە بووبێ، بەڵکو بیرمەند و فەیلەسووفانی پێشتر هەریەکەیان لەلای خۆیەوە بە بۆچوونێک، بیرۆکەیەک ، دانانی بنەمایەک ڕێگای ئەو داهێنانەی ئەرستۆیان خۆش کردووە، بۆ نموونە چەند بنەما و ڕێسا و قانوونێکیان داناوە، دواتر لەلای ئەرستۆ ئەو کەرەستە بۆ ماوەیە بووە بە تانوپۆ و بنەڕەتی لۆجیکەکەی خۆی، هێراکلیتس، پارمەنیدس، زینون، سۆفستاییەکان بە تایبەتی بەڵگە سەرسوڕهێنەرەکانی گۆرگیاس، سوکرات و ئەفلاتوون، ئەوانە بوون لەو گۆڕەپانەدا ئەسپی خامە و مێشکیان تاوداوە و ڕەنگی ئەو بابەتانەیان ڕشتووە، ئەوە ڕاستییەکی ڕاستەقینەیە و نەک بواری دڵ کرمێ بوون نادات، بەڵکو ئەو ڕاستییە ساغ دەکاتەوە: هەموو شتێک سەرەتا و دەستپێکی هەیە، لە چوارچێوەی پرۆسەو ڕەوتە مێژووییەکەدا بابەتێک نییە بە ڕەها پێی بگوترێ کۆن، یان نوێ، هەموو شتێک دەچێتە ژێر باری ڕێژەییەوە، ئەوەی ئەوڕۆ پێی دەگوترێ کۆن، هەمیشە کۆن نەبووە، بەڵکو لەسەردەمی خۆیدا نوێ بووە و لەسەر داروپەردووی کۆنی پێش خۆی چرۆی کردووە، ئەوی ئێستا وەک نوێ سەیر دەکرێ لە دواڕۆژدا ئەو نوێیەی کاڵ دەبێتەوە و نازناوی کۆنی بۆ ماوەی لە قەبەڵ دەکرێ، سوود وەرگرتنی ئەرستۆ لە بۆ ماوەی پێش خۆی سوود وەرگرتن بووە لە تاقیکردنەوەی کەسانێک لە هەمان پاواندا چالاک و کارابوون و ئەوەندەی تر تاقیکردنەوەکەی ئەرستۆی بەپێز و سەرکەوتووتر کردووە، سەرەڕای ئەوەی گیانی زانستییانە و ژیری تاووتو و شیکاری مامۆستای یەکەم ساغ و پشتڕاست دەکاتەوە.

**- هێراکلیتس Heraklit ( ٥٤٠- ٤٧٥ پێش زایین)**

ئەگەرچی بە فەیلەسووفی بیر و هزر و ئاڵۆز و تەموژاوی ناوی دەرکردووە، بەڵام لە پرۆسەی سەرهەڵدان و گەشەکردنی فەلسەفەی سەردەمی خۆی ڕۆڵی کارا و پلەو پایەیەکی قایم و سەرنجڕاکێشی هەبووە، لە بواری دیالێکتیکدا چوستوچالاک بووە، ئەو ڕێبازە بووە بە پشکێکی گرینگی لۆجیکی ڕوخسارەکی ئەرستۆ.

گۆڕانی نەپساوە و بەردەوام، دژەکان و لەبەریەکتریدا بوونیان ئەو دوو بابەتە بوون کە سەرنجی ئەو دانایەیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە، ئەو گۆڕان و گەشەکردنە لە هزری

ئەو بیرمەندەدا لە پرۆسەی نەسرەوتی «ئاو» و «ئاگر» بەرجەستە بوون(٧).

گـــۆڕان، زۆرانبــــازی و ملمــــلانێی نێــــوان دژ بە یەکترییەکان، ئەو ڕاستییە جێگیر دەکات کە هەموو بوونەوەرێکی تاک، هەندەکی بە جـۆرێکە و لە هەمــان کـاتدا بەو جۆرە نییـە، چونکە هەمـوو شتێک دووچاری دەستی گۆڕان دەبێ و گۆڕانی بەسەردا دێت و دەگۆڕێ، ئەوەیە مەبەستی هێراکلیتس کە گوتوویەتی:

تەوژمی بێ ئارامی گۆڕان هەرگیـز ناسرەوێ، لە یەک شتدا مرۆڤ چەند خەسڵەتێکی دژ بەیەکتری هەست پێ دەکـات و درک بە بوونیــان دەبات، خـۆ ئەگـەر مـرۆڤ چاوبگێڕێ و بە هەر لایەکدا بڕوانێ، ئاوێتەبوونی نێو یەکتری دژەکان بەدی دەکا(٨)، جیهان یەک شتە، یەک ڕەنگە و یەک یەکەیە، بەڵام لە چەندان دژە یەککگرتووەکان پێکهـاتووە، هەمـوو شـتە هەمـەجـۆر و جیـاواز و فـرە ڕەنگەکـان لەیەک بنەمـا و سـەرچاوەوە لە یەک شـتەوە پەیدابوون، لە هەموو شتەکانەوە یەک شت، یەک ڕەنگ، یەکـەیەک پەیدا دەبێ، ئەو گـۆڕان و پەیدابوونە بە دوو ڕێگادا دەبێ:

- **ڕێگای سەرەو ژوور.**
- **ڕێگای سەرەوژێر.**

ئەو دوو ڕێگایە، بەلای ئەو دانایەوە لە کـڵـپـەکـردنی ئاگـردا بە تـەواوەتی بەدەردەکـەون و بەرجـەسـتـە دەبن، هەمـوو شـتێک ئاگرە، لە ئاگرەوە پەیدا بووە، ئاگریش لە هەمـوو شـتێـک دەکـەوێتـەوە، ئەو بۆچوونە پشـتـڕاست کـردنەوەی بنەمـای یەکـڕەنگی دژەکـانە، بوون و نـابوون یەک شتن هەموو شتێک لەیەک کاتدا هەیە و نییە.

ئەو بنەمـایە لەلای ئەفلاتوون و ئەرسـتـۆ بایەخی پێ دراوە و بەهەند وەرگـیـــراوە، بە تایبـەتی لە هەردوو دیالێکتیـکی سەرەو ژوور و سـەرەو ژێری ئەفـلاتووندا، ئەرستۆ لە شاکـاری میـتافـیزیک و لۆجیکدا ئەوپەڕی سـوودی لێ وەرگرتووە، ئەو بنەمایە کە لە هێـراکلیـتس کەوتووەتەوە و ئەرستۆ پەرەی پێداوە، ئینجا سەرلەنوێ لە چوارچێوەی لۆجیکەکەیدا دایڕشتووەتەوە و بنەمـای هەمـەکی گشـتی بووە: بزووتنەوە و گـۆڕانی بەردەوام و نەپساوە کە سەرتاپای بوون و نابوون دەگرنەوە.

- **پارمەنیدس (٥٤٠- ؟پ.ز)**

دوو بنەمـای لە جـیـهـاندیدەدا ڕەنگ ڕشـتـووە، دەکـرێ بگوترێ بەو دوو بنەمایە قـۆناغی یەکەمی دانانی بەردی بناغـەی کۆشک و تەلاری لۆجـیک تەواو بووە، بنەمـای نەگۆڕی و بەکارهێنانی سیمبۆل لە زماندا.

ئەو دانایە باسی نەگۆڕان و جـێگیـری کـردووە، ئەوی هەیە بوون و بوونـەوەرە، نـابوون، بوونی نیـــیـــە، بەلای ئەرستۆوە پارمەنیدس لەو قسەیەیدا چەمکی بەکارهێناوە کە جێگای کـەرەسـتـەی ئاسایی زمـانی پێ گـرتووەتەوە، ئەو بوونـەوەرە بوون(٨) یەکـــەو لە بوون بـەولاوە نابـوون نییە.

بەکارهێنانی چەمک لەجیاتی کەرەستەی ئاسایی زمان هەنگاوێک بووە لە پاوانی لۆجیـکدا هەڵگیــراوە، بوون هەر بوونە و نـابێ نـابوون بێ! ئەگــــەر بوونەوەر بەپێی چەمکەکەی یەک و یەکڕەنگ بێ، ئەمە بابەتی لۆژجیکە، خۆ ئەگـەر بوون، بوونەوەر بەپێی کـەرەسـتـە و ماددەکـەی سەرنج بدرێت کە بابەتی چالاکی هەستە، دەچێتە خانەی پرۆسەی زانین کە لە سەدەی حەڤدە بوو بە تیوری زانین و دەبێ وەک هەستەکان هەمەڕەنگ و جیاواز بێت.

ئەرسـتـۆ ئەو بۆچوونەی پارمـەنیـدسی بەو جـۆرە پۆلێن کردووە:

**یەک:** هەبوون، بوون، بوونەوەر هەیە، ناکـرێ و ناشێ نەبێ، ئەمە ڕێگا ڕاستەکەیە.

**دوو:** نابوون، نابوونەوەر نییە و ناکرێ هەبێ(٩).

ئەگـەر ئەو دوو بنەمـایە، لەنێـو دەسـتـەواژەی زمـانی ئاسایی قسەکردن وەربگیرێن و بەپێی چەمک و سیمبۆل ڕێک بخـرێن، دەکـرێ بە بنەمـای خـۆیی و بنەمـای بێ ناکۆکی بەو جۆرە دابڕێژرێنەوە و پۆلێن بکرێن:

**بنەمای یەکەم:** أ هەر (أ)ـە: بوون، بوونەوەر هەمیـشـە و هەر بوون، بوونەوەرە.

نا أ هەر نا (أ)ـە، نابوونـی نـابێ هەبێ و هەر دەبێ نابوون بێ.

**بنەمــای دووەم:** ناگـونجێ (أ) نا (أ) بێ، ناکـرێ و ناشێ بوونەوەر نابوونەوەر بێت، نا (أ) ناکرێ و ناگونجێ (أ) بێت: نـاکــرێ نابوونەوەر بوونەوەر بێت، ئەگـــەر لەجـیــاتی پیـــتی (أ) وشــە، چەمکی بوون، بوونەوەر دابنرێت، ئەگـــەرچی بابەتەکـــە دەچێـــتـــە خـــانەی ئۆنتۆلۆجییەوە، بەواتا کلاسیکییەکەی، بەڵام بە باشی ڕوون دەبێتەوە و مەبەستەکەی ئاشکرا دەبێت.

ئەو کۆششەی پارمەنیدس لەلایەن (زینون)ی قوتابی و

شاگردییەوە پشت ڕاست کراوەتەوە، خراوەتە قۆناغی پێشکەوتوویی فەلسەفەی تیوری کە پتر بەلای هزر و پەتی بووندا هەنگاو دەنێ و لە شمەک و بابەتی دەوروبەری هەستەکان دوور دەکەوێتەوە، زینون کۆشاوە ئەو دوو گریمانەیە ساغ بکاتەوە:

- بزووتنەوە بوونی نییە.
- هەمەجۆری و فرە ڕەنگی بوونی نییە.

ئەو دوو گریمانەیە دەستپێکی بابەتی دیالێکتیک بوون کە دواتر لەلای سوکرات و ئەفلاتوون پتر گەرموگوڕی بەبەردا کراوە و پەرەی پێدراوە و ئەرستۆ داهێنەرانە تۆماری کردووە.

سوکرات ئەگەرچی بە نووسین هیچی لەپاش بەجێ نەماوە، ئەوی هەیە ئەو ڕستە و دەستەواژە و قسەو بیرۆکانەیە کە ئەفلاتوون لەبەرهەمەکانیدا بۆی تۆمار کردووە، بگرە ئەفلاتوون ئەوەندە دڵسۆزی سوکراتی مامۆستای بووە، ڕووی نەهاتووە ناوی خۆی بهێنی، هەموو شتێکی خۆی بەناوی سوکراتەوە گوتووە و نووسیوە، ئەرستۆ لە شاکاری میتافیزیکدا ڕۆڵی سوکراتی بەگرینگ داناوە و بایەخی پێداوە، لەوێدا هاتووە کە سوکرات کۆشاوە:

بابەتەکانی ئاکار دوور لە بابەتی سروشتەوە کە پێشتر وا باو بووە بەیەکەوە قسەیان لێ بکرێت، سوکرات شرۆڤەی کردوون، لەو چالاکییەیدا سەرگەرمی گەڕان بووە بە دوای هەمەکی (كلي)دا Allgemrine، ئینجا هەوڵی داوە بە وردی پێناسەی بکات(١٠)، ئەو هەمەکییانە ڕوو لە کەرەستەی بیر و هزری پەتی و ڕووت دەکەن کەرەستەی هاوردەی هەستەکان دەخەنە لاوە، پەتی و ئەبستراکت جیاکردنەوەی وێنەیە لە بابەتەکە، ئەم پرۆسەیە تەنیا هەر لە مێشکدا دەکرێ، ئەو چالاکییە بریتی بووە لە ڕوانگەی لۆجیکەوە لە دوورکەوتنەوە لە زمانی ژیانی ڕۆژانەو چوونە نێو جیهانی ڕووتی بیری پەتی و ئەبستراکت، ئەو هزرە ئەبستراکتە پەنا دەباتە بەر زمانی پیت و هێما و سیمبۆل، ئەمانەش کەرەستەی لۆجیکن.

هەر لە شاکاری میتافیزیکدا مامۆستای یەکەم باسی هەوڵە زانستییەکەی سوکراتی کردووە کە بەڵگەو پێناسەی خستووەتەوە(١١)، لە پرۆسەی ئەو چالاکییە زانستییەدا، بە واتای ئەو سەردەمە، پرسیارەکە بە «چی» دەست پێ دەکات نەک بە «چۆن».

ئەوی پێوەندی بە پێشەکی کاروانی لۆجیکەوە هەیە، ئەفلاتوون کە لە کولتووری کۆنی ڕۆژهەڵاتدا بە دانانی ئیلاهی ناسراوە، لە دیالۆگەکانیدا کە سوکراتی کردووە بە قسەکەر، پەنای بردۆتە بەر میتودە و ڕێبازی دیالێکتیک بۆ ئەوەی هێزی چالاکی ژیری مرۆڤ لە جیهانی هەمەڕەنگی گۆڕاوی هەستەکییەوە بۆ جیهانی نموونەیی (ژیرەکی) ببات و بەرزی بکاتەوە، مەبەست لەو چالاکییە دەستگیرکردنی چەند بنەماو بنەڕەتێکە کە هەموو زانستێک پێویستیان پێیانەو ناکرێ دەستبەرداریان بین و پشتیان پێدەبەستن.

بەپێی سەرچاوەکان، ئەفلاتوون لەو بوارەدا ڕێگای بۆ لۆجیکی ئەرستۆ خۆش کردووە:

- چەمکی لای سوکرات گۆڕیوە بۆ نموونە بیرۆکە (ئایدیا).
- لەو باوەڕەدا بوون هەر بڕیارێک (حوکمێک) کە دەدرێ و ژیرەکی بێت، پابەندی چەند بنەما و قانوونێکن.
- لە کاتی شرۆڤەکردنی چەمک، لەلای سوکرات پەنای بردووەتە بەر شێوازی دابەشکردن و جیاکاری لەو شێوازە جیاوازی نێوان جۆر و ڕەگەز لە لۆجیکی ئەرستۆدا سەر ئاو کەوتووە.

ئەفلاتوون لە جیهاندیدە سەرتاپاگیرەکەیدا بابەتی دیالێکتیک- دیالۆگ بە نەزم و دیسپلینێکی بنەڕەتی فەلسەفە داناوە، دیالێکتیک هونەری گفتوگۆ و وتووێژ کردنە لەنێوان چەند کەسێکدا، ئەوانەی شارەزای ئەو جۆرە هونەرەن، دەتوانن تێ بگەن چۆن پرسیاری ڕاست بکەن و چۆن بە ڕێکوپێکی وەڵام بدەنەوە(١٢) ئەو پرسیار و وەڵامانە ئەگەر ڕاست و لە جێگای خۆیاندابن، دەبنە مایەی ئەوەی کە بەبیردا دێت و بیرۆکەکان خۆیان، چەمک و بەیەکتری لەنێوان پرۆسەی بیرۆکە و دیالێکتیکەکەدا بە پێوداننگ و بنەمای هەڵاواردن و جیاکردنەوەی ڕاستی لە چەوتی و ناڕاستی دادەنرێت.

پرۆسەی ڕاستیودروستیی بیرکردنەوە لەخۆیدا بریتییە لە پێناسەکردن کە بەهۆی پەتی کردن و ئەبستراکتەوە، بە ڕووناکی چەمک دادەنرێ، دابەشکردنی بابەتەکان لەلای خۆیەوە، بریتییە لە ڕەنگڕشتنی جۆر، بەرانبەر بەیەکتری دانانی جۆرە جیاوازەکانی ڕەگەزەکان، لەو چالاکییەدا

ڕێباز و ڕێگای سەرەو ژوور دەگیرێتە بەر، ئەمەش گواستنەوەیە بەرەو ژوور و سەروو، هەنگاونانە لە تاکەوە بەرەو هەمەکی و گشتی، لە هەمەجۆر و فرە ڕەنگەوە بۆ یەک ڕەنگ و گەوهەرییەکان، دوای ئەمە ڕێگاکەی دیکە ڕێگای سەرەو ژێر دەگیرێتە بەر کە بەپێچەوانەوە لە هەمەکی و گشتییەوە دێتە خوارێ بەرەو هەندەکی و تایبەتییەوە، لەو دوو ڕێگایەوە سەرەڕای ڕۆنانی سەلمێنە و ئەنجامگیری و ساغکردنەوە و پووچەڵکردنەوەی هەردوو بابەتی گرینگی دیدەکشن و ئیندەکشن (ئیستیقرا و ئیستیدلال) کەوتوونەتەوە، لە پێناسەکانی سوکرات و ئەو پەرەپێدانەی ئەفلاتوون لە نووسینەکانیدا بەسەریدا هێناون، چەندان بابەتی گرینگی لۆجیک دەرکەوتوون.

ئەفلاتوون لەسەر زاری سوکراتەوە پرسیویەتی: چاکەکاری چییە؟ بێ گومان لێرەدا چاکەکاری چەمکێکی گشتییەو پێویستی بە پێناسەکردن هەیە، هەمان شت چەمکی دادپەروەریی و دەست پاکی و ئازایەتی دەگرێتەوە، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، دەبێ چەمکەکە پێناسە بکرێت، پێناسە لە خۆیدا شرۆڤەکردنی ڕەگەز و جیاکارە، دوای پێناسەکردنەکە پێوەندی سیستمییانەی نێوان چەمکەکان لەبەرچاو دەگیرێ، بۆ نموونە کە دەگوترێ:

مرۆڤ گەوهەرێکی زیندووی ژیرە، گەوهەر لێرەدا دەکرێ بە دوو بەشەوە، زیندوو، نا زیندوو.

گەوهەری زیندوو مەبەست لە خاوەن ژیر و بێ بەش لە ژیر بێت، بەو پێیە چەمکەکان بەسەر ڕەگەز و جۆرەکاندا دابەش دەکرێن(١٣). ئەگەر ئەو ڕێبازەی ئەفلاتوون بۆ بەگژداچوونەوەی سۆفستاییەکان گرتوویەتییەبەر، بخرێتە سەر پێناسە و چەمکەکان، بابەتی پێوانە (قیاس) لە لۆجیکی ئەرستۆدا پەیدا دەبێ و سەرئاودەکەوێ.

بەو بیروبۆچوونانەی ئەفلاتوون، پێشینەی پەیدابوونی لۆجیک دەگاتە دوا قۆناغ کە ئەرستۆ لێیەوە بەرەو پێش هەنگاوی هەڵگرتووە و دوا ڕوخسار و ناوەرۆکی بەو بابەتە گرینگە بەخشیوە.

**سەرچاوە:**


**1- Storg, H., Kleine Weltgeschichte der Philosophie. Stuttgart. 1961. S.201.**

**2- Hans Reichenbach:. Der Aufstieg der Wissenschaftlichen Philosophie. K.13. Modern Logik.**

**3- Capelle, Wilhelm:. Die Griechische Philosophie. Part. 2. Berlin. 1971. S.30. ff.**

**4- Hirschberger, Johannes:. Geschichte der Philosophie. Bd.I. Komet. 1980. S.227.**

**5- Russell, B.: Philosophie des Abend-landes. Munchen- Wien. 2000. S.162.**

**٦- د. یاسین خلیل، نظریة أرسطو المنطقیة. بغداد ١٩٦٤، ص٣٦ فما بعد.**

**7- Capelle,w.: Die grie chische phi-losophie. Part. I.S.70.**

**8- Aristoteles:. Metaphusik. Buch A., 5. 986 b.20. Akademe Verlag Berlin (ost) 1990.**

**9- Burent, J.:. Early Greek Philosophie. London 4th Edition. P.45.ff.**

**10- Aristoteles:. Metaphusik. Buch A.6. 9856.**

**11- Aristoteles:. Metaphusik. Buch M.4. 1078 b.20-30.**

**12- Oswald Kulpe.: Vorlesungen uber Logik. Leipzig. 1923. S.48 ff.**

**13- Hans Leisegang:. Einfuhrung in die Philosophie. Berlin. 8. Auflage 1973. S.40 ff.**

# چەمکی مردن
# لە فەلسەفەی مارتن هایدیگەردا

ئەحمەد ع. غەریب
(سلێمانی)

(١ - ٢)

**پێشەکی**

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر یەکێک لە چەمکە گرنگەکانی فەلسەفەی مارتن هایدیگەر(١)، کە بریتییە لە چەمکی مردن. هەڵبژاردنی ئەم چەمکە بۆ توێژینەوە ڕەنگە سڵەمینەوەیەکی پێشینەیی دروست بکات، لەبەر ئەوەی لە ڕوانینی باوی خەڵکدا؛ مردن وەک بابەتێکی نەخوازراو و نەرێنی وێنا دەکرێت، بەشێوەیەک بابەتێکە جێی ترسە و لە ژیانی ڕۆژانەدا خۆی لێ دەدزرێتەوە، بەڵام تێگەیشتن بۆ مردن لە فەلسەفەی هایدیگەردا ئەو سام و ترسەی تێدا نییە و هایدیگەر بەشێوەیەک ڕووبەڕووی تێگەیشتن لە مردن دەبێتەوە؛ وەک ئەوەی مردن کێشەیەکی فەلسەفی گرنگ بێت.

لەم چەند پەڕەیەدا کۆشش کراوە وەڵامی چەند پرسێکی سەرەکی پەیوەست بە چەمکی مردن بدرێتەوە: پرسی مردن لە فەلسەفەدا بە چ شێوەیەک لێکۆڵینەوەی لێ کراوە؟ تێگەیشتنی هایدیگەر لەبارەی مردن چۆنە؟ هایدیگەر بۆ توێژینەوە لە مردن، پەنای بۆ چ میتودێک بردووە؟ ئایا هایدیگەر مردنی بە باوەڕی ئایینی و میتافیزیکییەوە گرێ داوە؟ لە ڕوانگەی هایدیگەرەوە تێگەیشتن لە مردن چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر ژیانکردنێکی ڕەسەن؟

مردن لە فەلسەفەی هایدیگەردا کارەکتەرێکی فەلسەفییانەی هەیە و بابەتێکە بۆ تێگەیشتن و بیرکردنەوە، لەگەڵ ئەوەی هایدیگەر دان بە لایەنی نەرێنی مردندا دەنێت و پێی وایە کۆتاییەکی تراژیدییە، هاوکات لایەنێکی ئەرێنی بۆ چۆنیەتی تێگەیشتنێکی نوێ لە مردن پێشکەش دەکات، بەشێوەیەک هایدیگەر دەیەوێ تێگەیشتن لە مردن بکاتە ئامرازێک تا مرۆڤ لە ڕێی بیرکردنەوە لە مردن؛ بێ ئاگایی لە بوونی خۆی بۆ



**هایدیگەر**

دەربکەوێت و بە ئاگا بێتەوە لەوەی هەبوویەکە خاوەنی بوونی تایبەتی خۆیەتی، لێرەوە ببێتە کەسێک کە خاوەنی بوونی خۆی بێت و خۆی بناسێت.

ئاشکرایە هایدیگەر یەکەم فەیلەسووف نییە کە توێژینەوەی دەربارەی مردن ئەنجام دابێت، بەڵام ئەوەی هایدیگەر لە بیرمەندەکانی دیکە جیادەکاتەوە، میتود و شێوەی لێکۆڵینەوەکەیەتی، کە شێوەیەکی بووناسیانەی(٢) تایبەت بەخۆی گرتووەتەبەر. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمان داوە بەشێوەی وەسفی، رەخنەیی، بیروبۆچوونەکانی هایدیگەر لەبارەی مردنەوە بخەینەڕوو.

سەرچاوەی سەرەکی کە لەم توێژینەوەیەدا پشتی پێ بەستراوە، بریتییە لە کتێبی بوون و کات، شایەنی خستنەڕووە کە هایدیگەر تەنیا لەم کتێبەیدا دەربارەی مردن نووسیوویەتی.

**بەشی یەکەم:**

**١- دەروازەیەک بۆ تێگەیشتن لە مردن**

مردن چییە؟ بۆچی مرۆڤ دەمرێت؟ کاتی مردنی مرۆڤ دیاری کراوە، یان لە ناکاو و کوێرانەیە؟ ئایا هێزێک هەیە مردنی بەدەست بێت؟ یان مردن خۆی هێزە و کۆتایی بە هەر دەسەڵاتێک دەهێنێت؟ ئایا مردن کۆتاییە، یان دوای مردن ژیانێکی دیکە هەیە؟! هەر مرۆڤێک رۆژێک ئەم پرسیارانە و هاوشێوەیانی لە خۆی کردووە و لە بەرانبەریاندا هەڵوەستەی کردووە و تووشی ترس و دوودڵی هاتووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەستی بە ئاڵۆزی و نادیاریی وەڵامەکان کردووە، هەروەها لە ژیانی رۆژانەیدا مرۆڤەکانی دەوروبەری بینیوە بەلادا هاتوون و جارێکی تر چاویان بەیەکدا نەداوەتەوە.

لە ژیانی رۆژانەدا مردن وەک رووداوێک دەبینین بەسەر مرۆڤەکاندا دێت، ئەمە دیوێکی دیاری مردنە، هاوکات مردن دیوێکی نادیاریشی هەیە، ئەویش ئەوەیە نازانین چۆن و بۆچی دەمرن و پاش مردن چییان بەسەر دێت! هەروەها نادیارتر ئەوەیە نازانین خۆمان کەی دەمرین! دیوی نادیاری مردن مرۆڤی هەراسان کردووە، بەردەوام هانی داوە بەدوای وەڵامێکی دڵنیاییدا بگەڕێت، تا دڵ و دەروونی ئارام بکاتەوە و پاساوێک بۆ رازیکردنی ئەقڵ و دەروونی بدۆزێتەوە.

داستان و ئەفسانە دێرینەکان ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە پرسی مردن، پرسێکی لە مێژینەیە و لە دێرەوە مرۆڤ هەوڵی داوە لەو رووداوە نادیار و ترسێنەرە تێ بگات، نموونەی یەکێک لەو ئەفسانانەی کە پرسی مردنی لەخۆگرتووە و دەیەوێ هۆکار و سەرچاوەی هەبوونی مردن بخاتەڕوو، "ئەفسانەی دوو نێردراوەکەیە(٣) کە ئەفسانەیەکی ئەفەریقییە. بەپێی ئەم ئەفسانەیە: خواوەند بە دوو ئاژەڵدا پەیامی بۆ مرۆڤ نارد، قۆریلە(٤) و مارمێلکە، پەیامی بە قۆریلە دا تا بڵێت مرۆڤ نەمر دەبێت، پاشان پەیامی بە مارمێلکە دا بڵێت مرۆڤ دەمرێت، بەداخەوە قۆریلە بەهۆی ئەوەی دەخوا و دەخەوێ، دوادەکەوێت، بۆیە یەکەم جار مارمێلکە دەگاتەجێ."(٥) هەر ئەمەش وای کردووە مرۆڤ بمرێت و بوونێکی کاتی هەبێت، گوایە ئەگەر قۆریلەکە زووتر بگەیشتایەتە جێ، ئەوە مرۆڤ نەمر دەبوو.

رووداو و بەسەرهاتی ئەم ئەفسانە دێرینە، بۆ مرۆڤی ئەم سەردەمە رەنگە جێی گاڵتەجاڕی بێت و بە لێکدانەوەیەکی ساکاری دابنێین، بەڵام ئەوەی لەم ئەفسانەیەدا جێی بایەخە بۆ توێژینەوەکەی ئێمە، گێڕانەوە و بەسەرهاتەکە نییە، بەڵکو ئەوەیە کە ئەم ئەفسانەیە چ پرسێکی لە خۆیدا هەڵگرتووە و دەیەوێ لە چی تێ بگات؟ ئەم ئەفسانەیە بەرهەمی پرسیارێکی وەک ئەوەی کە (سەرچاوەی هەبوونی مردن چییە؟)یە، ئەمەش ئەوە ساغ دەکاتەوە کە مرۆڤ لە مێژە سەرسامە بە

مـــردن و دەشێ لەگـــەڵ یەکـــەم مـــردندا تووشی ئەم سەرسامییە بووبێ!

مـردن تەنیـا لە ڕێی ئەفسـانەکـانەوە گـوزارشـتی لێ نەکراوە، بەڵکو ئایین و فـەلسـەفـە و زانسـتـیـش هەوڵی لێکدانەوەیان داوە و سـەرچاوە و هۆکـاریـان بۆ دیـاری کردووە. ڕەنگە لە نێوان هەموو بوارەکاندا ئایین زۆرترین گـرنگی بە مـردن دابێت و بە سـوود وەرگـرتن لە پێکەوە بەسـتنی مـردن لەگـەڵ ترس و ژیانی دوای مـردن هەوڵی دابێت باوەڕی ئایینی لە دڵی باوەڕداراندا بچەسپێنێت.

ویل دورانت پێی وایە: "مــردن سـەرچاوەی هەمــوو ئایینەکـــانە و ڕەنگە مـــردن نەبووایە خـــواکـــانیـش نەبوونایە."(٦) گەر مـردن نەبێت، ژیانی دوای مـردنیش نابێت، ئایینیش بەهۆی گوتارەکانییەوە لەسـەر مردن و ژیانی دوای مـردن و پاداشت و سـزا دەسـەڵاتی ڕەها و پیرۆزیی بە خودا دەدات.

ئەم تێگەیشـتنە لە مـردن، لە لایەن ئایینەکـانەوە نەخـوازراوە و جـێی ڕەزامـەندی نیـیـە، چونکە لە ئایینەکـاندا باوەڕ وایە کـە خـودا خـۆی ژیان و مـردنی ئافەرید کردووە، مردن هێز و دەسەڵاتێکی لە پشتەوەیە کە خودایە، خودا خۆی بڕیار لەسـەر مردنی مرۆڤـەکان دەدات و وادەی کـۆتاییـان دیاری دەکـات، هەروەک لە کـتـێبی پیـرۆزی ئایینی ئیـسلامـدا هاتووە: "هەر ئەو (خـودا) خـۆی مـردن و ژیانی بەدی هێناوە تا تاقـیـتـان بکاتەوە."(٧) کـەواتە لە ئایینی ئیـسـلامـدا ژیان تاقیکردنەوەیەکە و مردن دوا قۆناغی تاقیکردنەوەکەیە. پاش مـــردن زیندوو دەکـــرێینەوە و ئەنجـــامی تاقیکردنەوەکەمـان وەردەگرینەوە، ئەو مرۆڤانەی کار و کـردەوەی چاکـیـان ئەنجـام داوە و باوەڕیان هێناوە بە ئایینەکـە پاداشت دەکرێن، "هەروەها بۆ ئەوانەش کـە باوەڕیان بە پەروەردگـار نیـیـە، سـزا و ئازاری دۆزەخ ئامادەیە."(٨) کەوابێ مردن لە ئایینی ئیسلامدا دەست پێ کـردنی سـەرەتای ژیانێکی دیکەیە کـە بەرهەم و ئەنجامی ژیانی سەرزەوییە، کەواتە مردن گواستنەوەیە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر و بانگهێشتکردنی مرۆڤە بۆ بەردەم دادگای خودا.

**٢-کورتەیەک لە مێژووی مردن لە فەلسەفەدا**

لە مـێـژووی فـەلسـەفـەدا گـەلێک فـەیلەسـووف تێگەیشـتنی تایبـەتیـان لەسـەر مـردن هەیە، ناشێ ناوی هەمـوویان بهـێنین و تێگەیشـتنیـان لەسـەر مـردن بخـــەینەڕوو، بەڵکو تەنیــــا ئەوەندە بە ئەرکی توێژینەوەکـەمـان دەزانین کە ناوی چەند فـەیلەسـووفـێک بهێنین و پوختەی فەلسەفەکەی لەسەر مردن بخەینەڕوو، تا ببێتە بەرچاوڕوونییەکی مێژوویی بۆ توێژینەوەکەمان.

پیـتـاگـۆرس(٩) خـاوەنی بیـرو بۆچوونێکە دەربارەی مـردن، لە ڕوانگەی ئەم فـەیلەسـووفـە یۆنانییـەوە، مـردن کـۆتایی بوونی مـرۆڤ نیـیـە، بەڵکو بوونی مـرۆڤ دوای مردنیش هەر دەمـێنێت، چونکە سەرچاوەی بوونی مرۆڤ بریتییە لە ڕوح، ڕوح خاسیەتی نەمریی هەیە، بۆیە مردن ناتوانێ لەناوی ببات، بەڵکو مردن تەنیا جەستەی مرۆڤ دەمرێنێت، مردن ڕووداوێکە بەسەر جەستەدا دێت، دوای مـردن ڕوح لە سـەردەم و شـوێنێکی دیکەدا دەچێـتـە ناو جەسـتەی مرۆڤێکی دیکەوە، هەندێ جاریش ڕوح دەچێتە جەستەی ئاژەڵەوە، کەواتە مردن بۆ پیتاگۆرس ڕووداوێکە بەسەر جەستەدا دێت، حەقیقەتی مرۆڤیش لە جەستەیدا نییە، بەڵکو لە ڕوح-دایە. ئەم تێگەیشتنەی پیتاگۆرس جێ دەستی ئایینی پێوە دیارە و لەژێر کاریگەری ئایینی هیندۆسی-دایە.(١٠) لەمڕۆدا تێگەیشتنێکی لەم جۆرە لە خـانەی توێژینەوەی فـەلسـەفـیـدا بایەخـێکی ئەوتۆی نابێت.

ئەفـلاتوون(١١) بوونی بۆ دوو جیـهـان دابەش کـرد، جیهانی ئایدیاکان و جیهانی وێنەکان، لەسەر ئەم بنەمایە مرۆڤیش بۆ دوو بەش؛ دابەش دەکات، جەستە و دەروون. جەستە سەر بە جیهـانی وێنەکانە و خاسیەتی ئەستوبی هەیە، دەگۆڕێت و پاشان لەناودەچێت، بەڵام دەروون سەر بە جیهانی ئایدیاکانە، نەمرە و هەرهەبووە و هەردەمێنێ. دەروون بە شـێـوەیەکی پێـشـینەیی خـاوەنی زانینی پەتیـیـە(١٢)، هەروەها سـەرچاوەی زانینی مـرۆڤـە. دەروون پێش ئەوەی لە جـەسـتـەدا بێت، لە جـیـهـانی ئایدیاکـاندا وەک فـۆرمـێکی هەمـەکی بەبێ لاشە بوونی هەبووە، هەروەها خـاوەنی زانینی پەتی بووە، بەڵام پاش ئەوەی دەروون فـڕێ دراوەتە ناو جـەسـتـەوە، لەگـەڵ ئارەزووەکانی جەستەدا تێوەگلاوە، حەز و ئارەزووەکانی جەسـتـە بوون بە کـۆتوبەند بۆی، بەمـەش دەروون تووشی لەبیـرچوونەوە بووە و زانینی پەتی لەبیـرکـردووە، مـرۆڤ بەهۆی بیـرکـردنەوەوە دەتوانێت بەشـێـک لەو زانینە لەبیرکراوە بەدەست بهێنێتەوە، بەڵام ناتوانێ هەموو زانین بەدەست بهـێنێت، چونکە جـەسـتـە بووەتە زیندانێـک و



سارتر

ئارەزووەکانیش کۆتوبەندن، ڕێگا بە دەروون نادەن بە زانینی پەتی بگاتەوە.(١٣)

لە ڕوانگەی ئەفلاتوونەوە "ئەگەر بمانەوێت زانینی پەتی بەدەست بهێنین، پێویستە لە جەستە دەربچین و لەڕێی خودی دەروون خۆیەوە شتەکان تێبینی بکەین وەک ئەوەی لەخۆیاندا هەن."(١٤) بەم پێیە تەنیا ڕێگا بۆ گەیشتنەوەی دەروون بە زانینی پەتی، گەڕانەوەی دەروونە بۆ جیهانی ئایدیاکان، بەڵام دەروون بە جەستەوە ناتوانێ بگەڕێتەوە، چونکە جیهانی ئایدیاکان بوونێکی نائەستوبی هەیە و جیهانێکی میتافیزیکییە، بۆیە دەبێت دەروون لە جەستە جیابێتەوە، ئەمەش واتە مردن! چونکە تەنیا مردن جەستە و دەروون لێک جیادەکاتەوە، تەنیا مردنە دەتوانێت دەروون لەو زیندانە ئازاد بکات.

ئەفلاتوون لە فەلسەفەکەیدا بایەخێکی تایبەتی بە مردن داوە، لێهاتووانە بەستوویەتییەوە بە کێشەی زانینەوە، بە شێوەیەک مردن دەبێتە هۆی گەڕانەوەی دەروون بۆ جیهانی ئایدیاکان و دووبارە بەدەست هێنانەوەی زانینی پەتی، هەر لەبەر ئەم باوەڕەیە مردن بۆ سوکرات ڕووداوێکی سامناک نییە، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە مردن بۆ سوکرات ڕووداوێکی پڕ بایەخە، چونکە بە باوەڕی سوکرات "ئێمە هەرگیز ناتوانین زانین بەدەست بهێنین تەنیا دوای مردن نەبێت."(١٥) سوکرات هەموو ژیانی بەدوای زانیندا وێڵ بوو، کاتێک مردن دەرفەتی ئەوەی بۆ دەڕەخسێنێ بڕوات بەرەو بەدەستهێنانی زانین، کەواتە نابێ خۆی لێ لابدات، بەڵکو دەبێت بە خۆشی و هیواوە بەرەو ڕووی بچێت.

یەکێکی تر لەو فەیلەسووفانەی بایەخی تایبەتی بە مردن داوە، "ئیپیکۆر"ە(١٦) کە تێگەیشتنەکەی تەواو پێچەوانەی تێگەیشتنی ئایینیی و ئەفلاتوونییە. ئیپیکۆر لە دەربڕینە بەناوبانگەکەیدا بەم جۆرە لە مردن دەدوێت: "مردن بۆ ئێمە هیچ نییە، کاتێک ئێمە هەین مردن نەهاتووە، کاتێکیش مردن دێت، ئێمە نین." کەواتە مردن بۆ ئیپیکۆر هیچ گرنگییەکی نییە و بەهیچ شێوەیەک جێی ترس نییە، چونکە هیچ پێوەندییەکی بە ژیانی ئێمەوە نییە، ئەوکاتەی دەژین هێشتا نەمردووین، ئەو کاتەش کە مردن دێت ئیتر ئێمە لەناو چووین و هەست بە مردنەکەمان ناکەین، ئەم تێگەیشتنەش لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە ئیپیکۆر باوەڕی بە نەمری دەروون نییە وەک ئەوەی ئەفلاتوون باوەڕی پێی بوو، بەڵکو ئیپیکۆر پێی وایە جەستە و دەروون هەردووکیان خاسیەتی ئەستوبیان هەیە و لەناودەچن، بەم پێیەش ژیانی دوای مردن لە ئارادا نییە.(١٧)

هەندێکی دیکە لە فەیلەسووفان لە بارەی مردن دواون، بەڵام ڕەنگە هیچ فەیلەسووف و ڕێبازێکی فەلسەفی هێندەی ڕێبازی بوونگەرایی(١٨) بایەخیان بە مردن نەدابێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خاڵی سەرەکی لە فەلسەفەی بوونگەراییدا، بوونی مرۆییە(١٩)، مردنیش جگە لەوەی کە ڕووداوێکە پێوەندی کاریگەر و ڕاستەوخۆی بە بوونی مرۆییەوە هەیە، هاوکات کۆتایی پێهێنەری ئەم بوونە مرۆییەشە، هەندێ لە ڕەخنەگران خاسیەتی ڕەشبینی دەدەنە پاڵ بوونگەراکان، لەبەر ئەوەی بەردەوام بایەخیان بە لایەنی تراژیدی ژیان داوە و نەهامەتی و خاڵی لاوازی مرۆڤیان خستووەتەڕوو، بەڵام لای بوونگەراکان خۆلادان لەم بابەتانە خۆدزینەوەیە و هەڵوێستێکی نارەسەنانەیە.(٢٠)

"مردن لە فەلسەفەی بوونگەراییدا بەتەواوی کەسییە و لە هەموو ڕوویەکەوە پێوەندی بە خودی تاکەکەس خۆیەوە هەیە."(٢١) ئەمەش مانای ئەوەیە مردن ئەزموونێکی کەسییە، هیچ کەس ناتوانێ لەبری کەسێکی تر مردن ئەزموون بکات، هەرکەس خۆی بە تەنیا مردنی خۆی ئەزموون دەکات و کەسێکی تریش ناتوانێ لەو ئەزموونە وەک خۆی تێبگات، کەواتە مردن لە بوونگەراییدا

ئەزموون نەکراوە و هاوکات نەزانراویشە، بەڵام ئێمە ڕۆژانە کەسانی دەوروبەرمان دەبینین دەمرن و جارێکی تر بەزیندوویی نایانبینینەوە، هەروەها لەوە دڵنیایین کە بوونی مرۆڤ بڕاوەیە و وەک چۆن بێ ویستی خۆمان لەدایک بووین، ئاواش دەمرین!

ئاگابوون بە مردن، تووشی ترس و دوودڵی و نیگەرانیمان دەکات، لە هەمان کاتدا هۆشیاری بە مردن دەشێ یارمەتیدەربێت بۆ ئەوەی کە مرۆڤ لە بوونی خۆی تێبگات و دەروازەیەک بێت بۆ هەنگاونان بەرەو ڕەسەنیەتی بوون(٢٢) و خۆتەواوکردنی ئەم شێوە تێگەیشتنە تێگەیشتنی مارتن هایدیگەرە کە ئێمە دەمانەوێ لێرە بەدواوە توێژینەوەکەمان دەربارەی دەست پێ بکەین.

### ٢-تێگەیشتنی هایدیگەر بۆ مردن

تێگەیشتنی هایدیگەر بۆ مردن تێگەیشتنێکی تایبەت بە خۆیەتی و لە فەیلەسووفانی پێش خۆی جیاوازە. هایدیگەر لە توێژینەوەیدا لەبارەی چەمکی مردنەوە، پەنای بۆ باوەڕی ئایینی نەبردووە، هەروەها پشتی بە ڕوانینی میتافیزیکیانە نەبەستووە، بەڵکو بە شێوەیەکی بوونگەرانەی تایبەت چەمکی مردن دەکاتە پرسێکی فەلسەفی و وەک بابەتێکی فەلسەفی لێی دەکۆڵێتەوە. هەروەک لە دەستپێکی توێژینەوەکەیدا لەسەر مردن دەڵێت:"شیکردنەوەکەمان بۆ مردن پێوەندی بەم جیهانەوە هەیە، باسکردنی میتافیزیکیانە بۆ مردن دەکەوێتە دەرەوەی شیکردنەوە بوونگەرایەتییەکەمان."(٢٣) ناوازەبوونی تێگەیشتنی هایدیگەر تەنیا لە شێوازی توێژینەوەکەی نییە، لەهەمان کاتدا ئەو زمانەشە کە فەلسەفەکەی خۆی پێ نووسیوە، بەشێوەیەک زمانی دەربڕینی هایدیگەر تایبەتە کە لەنێوان سەرجەم فەیلەسووفەکاندا دەناسرێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە چەند چەمکێکی تایبەت بە خۆی بەکاربردووە و مانای تایبەتی پێ بەخشیون، تەنانەت هەندێ لەو چەمکانە ناتوانرێ وەربگێڕرێنە سەر زمانێکی تر، بۆیە بەهەمان شێوەی خۆی دادەنرێتەوە. بۆ نموونە چەمکی دازاین.(٢٤)

هایدیگەر لە کتێبی "بوون و کات"، لە دەستپێکی توێژینەوەکەیدا سەبارەت بە مردن، چۆنیەتی توێژینەوە لە مردن دیاری دەکات، ئەو میتودە دەستنیشان دەکات کە شیاوە بۆ ناسینی مردن. هایدیگەر پێی وایە؛ سەرەڕای ئەوەی دەتوانین مردنی کەسانی دیکە وەک دیاردەیەک ببینین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بە ڕامان لە مردنی کەسانی دیکە لە مردن تێ بگەین، چونکە ناتوانین مردنی کەسانی دیکە ئەزموون بکەین و لە ناوەڕۆکی مردنەکەیان تێ بگەین، بەڵکو تەنیا دەتوانین ئەوە ئەزموون بکەین کە "کۆتایی بوونی دازاین، دەبێت بە سەرەتا بۆ بوونێکی دەرەکی."(٢٥) واتە بە مردنی دازاین تەنیا دەتوانین ئەوە ئەزموون بکەین کە، دازاین دوای مردن دەبێت بە لاشەیەکی مردوو کە لە بوون کەوتووە و بووە بە هەبوویەکی دەرەکیی ئێمە دەشێ لە ڕێی مردنی کەسانی دیکەوە بتوانین بزانین مردن چۆن دەردەکەوێ، بەڵام ناتوانین بزانین مردن چییە.

لە کاتێکدا ئێمە دەتوانین مردن وەک دیاردە ببینین؛ کەواتە بۆچی هایدیگەر بە پێی میتودی فینۆمینۆلۆجی(٢٦) توێژینەوەکەی دەست پێ نەکردووە؟ ڕاستە ئێمە مردن وەک دیاردەیەک دەبینین، بەڵام "ناوەڕۆکی دیاردەکە نابینرێت، چونکە ئەوەی ماوەتەوە نوێنەرایەتی لاشەکە ناکات. لە ڕوانگەی بیردۆزەییەوە لاشەکە، کە شتێکی دەرەکییە دەبێت بە بابەتی تاقیکردنەوە بۆ خوێندکارانی زانستی لەشناسی تا لە چەمکی ژیان تێ بگەن."(٢٧) ئەزموون کردنی مردنی کەسانی دیکە بۆ هایدیگەر جێی ڕازیبوون نییە، چونکە پرسی هایدیگەر لە خودی مردنە نەک لە لاشەیەکی مردوو کە ناتوانین مردنەکەی ئەزموون بکەین، هەر بۆیە فینۆمینۆلۆجی نەشیاوە بۆ ناسینی مردن، چونکە "مردن ڕووداو نییە؛ دیاردەیەکە پێویستە بوونگەرانە تێی بگەین؛ دەبێت بە تایبەتی لە واتاکەی بکۆڵینەوە تا بە تەواوی لێی نزیک ببینەوە."(٢٨) کەواتە هایدیگەر بەپێی میتودی بوونگەرایی و بەشێوەیەکی تایبەت لە مردن دەکۆڵێتەوە، بوونگەرایی ئەو میتودەیە کە بە شیاوی دادەنێ بۆ ناسینی مردن. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە هایدیگەر هاوڕایە لەگەڵ فەیلەسووفە بوونگەراکانی تر سەبارەت بە مردن، بەڵکو تێگەیشتنی هایدیگەر تایبەت و جیاوازە، تەنانەت پێچەوانەی هەندێک لە بوونگەراکانە، کە لە دواتردا ئەم خاڵە ڕوون دەکەینەوە.

مردن لای هایدیگەر تایبەتە بە مرۆڤ، بە دەربڕینە هایدیگەرییەکەی؛ مردن تایبەتە بە دازاین، بۆیە "دەرچوونی دازاین لەنێو جیهان، دەبێت لە دەرچوونی

هەبوویەکی دیکە لەنێو جیهان جیابکرێتەوە. ئێمە چەمکی (لەناوچوون) بۆ کۆتاییهێنان بۆ هەبووە زیندووەکان بەکار دەهێنین."(٢٩) جیاکردنەوەی کۆتایی بوونی هەبووە زیندووەکان بە چەمکی لەناوچوون، مانای ئەوە نییە کە هایدیگەر پێی وابێ کە زیندووەکانی تر لەناو دەچن، بەڵام مرۆڤ دوای مردن لەناو ناچێت؛ نەخێر. هایدیگەر بەهیچ شێوەیەک باسی دوای مردنی نەکردووە و هەرگیز دازاین بە نەمر دانانێت، مردن لای هایدیگەر پێوەندی بەم جیهانەوە هەیە، مردن بەکۆتایی هاتنی بوونی دازاینە. هەروەک خۆی بە ڕوونی گوزارشتی لەم خاڵە کردووە و دەڵێ: "ئەگەر مردن کۆتایی دازاین بێت، یان کۆتایی بوونی لەنێو جیهان بێت، ئەو واتایە ناگەیەنێت کە پاش مردن ئەگەری بوون بە بەرزی، یان نزمی دەمێنێتەوە و دازاین دەبێت بە هەبوویەکی نەمر. شیکردنەوەکەمان بۆ مردن پێوەندی بەم جیهانەوە هەیە و ڕاڤەکردنەکە لەسەر بوونی هەریەکێک لە دازاینەکانە."(٣٠) هایدیگەر لەگەڵ ئەو بۆچوونە میتافیزیکییەدا نییە کە مرۆڤ دابەش دەکات بۆ جەستە و ڕوح، لەلای هایدیگەر مرۆڤ بریتی نییە لە جەستە و ڕوح، بەڵکو مرۆڤ ئەوەیە کە هەیە و لە جیهاندا دەژی، تەنانەت بەکاربردنی چەمکی دازاین لە جیاتی چەمکی مرۆڤ، بەجۆرێک خۆ لادانە لە باوەڕی میتافیزیکی. هۆکاری جیاکردنەوەی کۆتاییهاتنی دازاین لەگەڵ زیندووەکانی تر، لەوێوەیە کە دازاین هۆشیارە بەرانبەر بە ژیان و مردن، بەڵام هەبووە زیندووەکانی تر ئەم هۆشیاریەیان نییە. مرۆڤ بەئاگایە لەوەی بوونێکی کاتی و بڕاوەی هەیە، "هۆشیاری مرۆڤ بەوەی کە بوونەوەرێکە و دەمرێت، یەکێکە لەو خاسیەتانەی کە بوونی مرۆیی لە بوونی گیانەوەر جیا دەکاتەوە."(٣١)

هایدیگەر مردنی بە ئەگەر(٣٢) داناوە، ئەگەرێکی ناوەکی کە لە هەر ساتێکدا شیاوی هاتنەئارایە، هاوکات ئەگەرێکی حەتمییە و ناتوانین خۆمانی لێ لا بدەین. "مردن ئەگەرێکی بوونە کە دازاین لە هەموو حاڵەتێکدا ڕووی تێ دەکات، دازاین وەک توانایی بۆ بوون، ناتوانێت واز لە مردن بهێنێت. مردن ئەگەری حەتمییەتێکی ڕەهای بوونی دازاینە."(٣٣) بەو پێیەی مردن ئەگەری بوونی دازاینە، کەواتە مردن تایبەتە بە خودی دازاین، مردن ئەگەرێکە لە ناوەوەی دازایندا وەک توانایی بۆ بوون هەیە، مردن ئەگەرێکە کە ناکرێ خۆمانی لێ بێ بەری بکەین، ئەگەرێگە کە بە هیچ جۆرێک ناتوانین خۆمانی لێ لابدەین. "مردن بابەتێکی دەرەکی هێشتا نەبوو نییە، ئەوەش نییە لە دەرەوەدا ڕاوەستابێت، بەڵکو لەبەردەم ئێمەدایە و حەتمییە."(٣٤) واتە؛ مردن بۆ دازاین ڕووداوێکی دەرەکی نییە، بەڵکو ئەگەرێکی حەتمی و ناوەکییە کە "لەگەڵ یەکەم ساتی بوونییەوە دازاین بووە بە خاوەنی."(٣٥) ئەمەش مانای ئەوەیە دازاین بوونێکی ڕوو لە کۆتاییە، دازاین بەردەوام سات دوای سات ڕووەو کۆتایی دەڕوات، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە دازاین لە مردن نزیک دەبێتەوە، چونکە نزیک بوونەوە و دوورکەوتنەوە لە مردن بوونی نییە، مردن ئەگەرێکە هەموو کات لەگەڵ دازایندایە، لەگەڵ ئەوەشدا مردن ئێستا نییە، بەڵکو لە داهاتوودایە، ئەگەر ئێستا بێت دەبێ ئێستا مردبین. هایدیگەر بۆ باسکردن لە کۆتایی دوو چەمکی جیاواز بەکاردەهێنێ: بوونی کۆتاییدار(٣٦) و بوون ڕووەو کۆتایی.(٣٧) ئەمەش ئاماژەیە بۆ دیاریکردنی جیاوازی کۆتایی بوونی دازاین و کۆتایی ڕووداوەکانی تر. کۆتایی دازاین لە دوو ڕووەوە لە کۆتایی شتەکانی تر جیاوازە: "یەکەم، کۆتاییەکە تراجیدیایە، چونکە مرۆڤ بە ئاگاوە بەرەو کۆتاییەکەی دەڕوات. دووەمیش کۆتایی دازاین بڕانەوەیەکی هەمیشەییە و لەگەڕانەوە بەدەرە. بۆ نموونە دەڵێین بارانەکە وەستا، یان فیلمەکە تەواو بوو. باران جارێکی دیکە دەبارێتەوە و دەتوانین چەند جارێکیش فیلمەکە ببینینەوە، بەڵام کە مرۆڤ مرد، جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە."(٣٨) لەلایەکی ترەوە بوون ڕووەو کۆتایی "بوونە بەرەو خۆ تەواوکردن."(٣٩) بەو پێیەی دازاین بوونێکی ناتەواوی هەیە و دەیەوێ خۆی تەواو بکات و ببێت بەوەی کە خۆی دەیەوێ ببێ، کەواتە دازاین جگە لەوەی بوونێکی ڕووەو کۆتاییە، بوونێکە ڕووەو خۆ تەواوکردن دەچێت، بەردەوام دەیەوێت ئەو کەم و کورتییەی لە بوونیدا هەیە، تەواوی بکات.

مردن لە ڕابوردوومان‌دا نییە، لە ئێستاشدا نییە، بەڵکو کۆتاییە و لە داهاتوودا ڕوودەدات، بۆیە هایدیگەر مردن بە پرۆژەیەکی بوونی مرۆڤ دادەنێت، کە دەبێت بە ئاگاییەوە ڕووبەڕووی بێتەوە و وەک دوا پرۆژەی ژیانی لێی بە ئاگا بێت. "مردن دوا پرۆژە و مەرگەساتی گشت پرۆژەکانی دیکەیە و لە هەموو پرۆژەکانی دیکەش زیاتر هەستی پێ دەکەین."(٤٠) چونکە دڵنیاین کە مردن

ئەگەرێکی حەتمییە و دەبێت بمرین، واتە مردن کۆتایی بە پرۆژەدانانی دازاین دەهێنێت، ئەگەرەکانی بوونی بە بنبەست دەگەیەنێت، کاتێک مرۆڤ دەمرێت لەوە زیاتر بە هیچی تر نابێت، دەبێت بە هەبوویەکی وەستاو، چیتر ناتوانێت پرۆژەیەکی نوێ دەست پێ بکات.

مردن، دازاین لە بوون دەخات و دەیکات بە هەبوویەکی دەرەکی وەستاو، لەم ڕووەوە مردن نێگەتیڤانەیە و کۆتایی پێهێنەری بوونی دازاینە، پرۆژەیەکە کۆتایی بە گشت پرۆژەکانی ترمان دەهێنێت و لە پرۆژەدانان دەمان وەستێنێت، تا ئێرە مردن نەرێنی دەردەکەوێت، بەڵام "مردن ڕۆڵێکی پۆزەتیڤی هەیە و بوونی مرۆڤ دەگەیەنێتە دوا وێستگەی گەشتەکەی و "تەواو"ی دەکات. هەتا مرۆڤ نەمرێت ناوەرۆکیشی تەواو نابێت و ویستی خۆ تەواوکردنی ناوەستێت."(٤١) بەم پێیە تا مرۆڤ نەمرێت ناتوانین چییەتییەکەی بناسین، مردن نەبێت ناتوانین بزانین مرۆڤ دەگاتە کوێ و بەچی دەبێت، ناتوانین بڕیار لەسەر ناوەرۆکی بدەین، لەبەرئەوەی مرۆڤ تا زیندوو بێت هەرگیز ناوەستێت، تا لە ژیاندا بێت لە خۆ دروستکردندایە، مردن نەبێت مرۆڤ لە پرۆژە دانان ناکەوێت، ناوەرۆکی مرۆڤ سات لە دوای سات دەبێت بە شتێکی دیکەی جیا لەوەی کە پێشتر هەبووە، بۆیە ناتوانین بڕیار لەسەر ناوەرۆکێک بدەین کە هێشتا لە خۆتەواو کردندایە و نەوەستاوە، بەڵکو تەنیا مردن ئەو دەرفەتەمان بۆ دەرەخسێنێ. لە ڕوانگەی هایدیگەرەوە ئەمە یەکێکە لە ڕۆڵە پۆزەتیڤەکانی مردن، بەم شێوەیە سارتر وتەنی؛ هایدیگەر "فۆرمێکی فەلسەفی بە مردنی مرۆڤ دا."(٤٢) مردنی کردە چەمکێک و لە فەلسەفەکەیدا وەک پرسێکی فەلسەفی جێی کردەوە.

### ٢-١ ڕەسەنیەتی بوون و مردن

لەڕوانگەی هایدیگەرەوە "بوونی مرۆڤ ناتەواوە. بوونێکە بەو ناتەواوییەوە پەیدابووە و دەیەوێت خۆی تەواوبکات."(٤٣) لەم بۆچوونەوە مرۆڤ خۆی خودی خۆی بنیاد دەنێت، خۆی مانا و چییەتی خۆی دیاری دەکات، مرۆڤ هەرچۆنێک بێت خۆی لەخۆی بەرپرسیارە، چونکە خۆی بڕیاردەدات ئەوە بێت کە هەیە، ئەمەش پێچەوانەی ئەو تێگەیشتنەیە کە ناوەرۆکی بوونی مرۆڤ بە بوونی گیانەکی تەواو و پێش وەخت دادەنێت، دازاین جگە لەوەی بوونێکی گیانەکی نییە، بەڵکو بوونێکە لێرەدایە و لە جیهاندا دەژی، هاوکات بوونێکی پڕ و تەواو نییە، بوونێکە ناتەواوە، "ناتەواوی ئەوە دەگەیەنێت شتێک لەنێو-توانایی-بۆ بوونی ئەم هەبووەدا هەیە، کە ئەنجام نەدراوە."(٤٤) بۆیە دەبێت بە ئەنجام بگەیەنرێت، بە ئەنجام گەیاندنی ئەوەی بە ئەنجام نەگەیەنراوە؛ دازاین بەرەو خۆ تەواوکردن دەچێت، خۆ تەواوکردن و پڕکردنەوەی ئەو ناتەواوییەی کە لە بوونی دازایندا هەیە، بەوە دەبێت کە دازاین ڕووبکاتە خودی خۆی و سەربەستانە بڕیار لەسەر پرۆژەکانی بوونی بدات.

بەڵام لێرەدا کێشەیەک دێتەکایەوە؛ دازاین بەتەنیا ناژی، بەڵکو دازاین بوونە-لەگەڵ-کەسانی دیکەدا، کەسانی دیکە دەبنە بەربەست لەبەردەم سەربەستی دازاین، لێ ناگەڕێن خۆی بڕیار لەسەر پرۆژەکانی بوونی بدات، بەڵکو ئەوان(٤٥) بوونی داگیردەکەن و لەجیاتی دازاین بڕیار لەسەر پرۆژە و ئەگەرەکانی بوونی دەدەن، "دازاین ناتوانێت ببێت بە خودی خۆی، چونکە کەسانی دیکە بوونی لێ زەوت دەکەن و داگیری دەکەن، ئەگەرەکانی ژیانی ڕۆژانەی دازاین دەکەونە بەردەستی کەسانی دیکە، ئەوانیش بە ئارەزووی خۆیان هەڵیاندەسوڕێنن، کەسانی دیکە بوونێکی دیاری کراویان نییە. بەپێچەوانەوە هەموو کەسێکی دیکە نوێنەرایەتییان دەکات. ئەوەی ئاشکرایە دازاین لە داگیرکردنەکەی لەلایەن کەسانی دیکەوە و لە بوونی-لەگەڵ ئەواندا بێ ئاگایە."(٤٦) دازاین دەکەوێتە دۆخێکەوە کە ئاگای لەوە نییە بوونی داگیرکراوە، بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت تایبەتمەندێتی خۆی وەک تاکێکی سەربەست و سەربەخۆ لەدەست داوە، بە بێ ئاگایی تەسلیمی بڕیاری کەسانی دیکە بووە، بەبێ ئەوەی ئاگایی بەو دۆخە هەبێ کە تێیدایە؛ بەرگری لە دەسەڵاتی ئەوان دەکات و لەپێناو ئەواندا دەژی، ئەمەش واتا ناڕەسەنیەتی بوون.(٤٧)

کەواتە ناڕەسەنیەتی کاتێک دێتەکایەوە کە دازاین سەربەخۆیی خۆی لە ژیانی ڕۆژانەدا لە دەست دەدات، ڕێگا بە کەسانی دیکە دەدات لەبری ئەم بڕیار لەسەر پرۆژەکانی ژیانی بدەن، دەشێ دازاین پێی وابێ ئەوان باشتر دەتوانن تێبگەن و ئەوان دەزانن ڕاست چییە و هەڵە کامەیە. ناڕەسەنیەتی بوون لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە "مرۆڤ فڕێ دراوەتە ئێرە، مەبەستمان لەوەیە ئێمە بە ویست و ئارەزووی خۆمان نەهاتووینەتە دنیاوە. لەگەڵ

هاتنە دنیـاوە و لەیەکـەم سـاتی ژیانمانەوە دەکـەوینە ژێر کارتێکردنی کەسانی دیکەوە و ئەوان نەریت و بەهاکانی خـۆیان بەسـەر ئێـمـەدا دەسـەپێنن و ڕێگە نادەن ببین بە خاوەنی خودی خۆمان و کەسایەتیمان دەکوژن."(٤٨)
دازاین هەر کە چاو دەکاتەوە، لەگەڵ کەسانی دیکەدایە. کەسانی دیکە، مەبەست لە هەر کەسێکە جگە لە دازاین خۆی. ئەوان دنیایەکیان ئامادە کردووە، دازاین دێتە ناو ئەو دنیایەوە کە ئەوان خاوەنین، بۆیە ڕاسـتـەوخۆ دەبنە خـاوەنی دازاینیش، دازاین بێ ئەوەی ئاگـای هەبێت، دەبێت بە یەکێک لە ئەوان و تایبەتمەندی بوونی خۆی لە دەست دەدات، وەک ئەوان دەژی و وەک ئەوان دەخـوات و دەخـەوێ و ڕەفـتـار دەکـات، ئەوان بڕیار دەدەن دازاین دەبێت چی بکات و چی نەکات.

**پەراوێزەکان:**

1- Martin Heidegger (1889-1976)
2- Ontological
3- The two messengers
4- Chameleon
5- Douglas J. Davies, A Brief History Of Death, Unit Kingdom: Blackwell Publishing, 2005, P. 112.
٦- ویل دورانت، مـێـژووی شارسـتـانیـەت، بەرگی دووەم، و: عـەبدوڵڵا ڕەسـووڵی، خـانەی چاپ و بڵاوکـردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١١، ل٦٩.
٧- بورهان مـحـمـد امین، تەفسـیـری ئاسـان، بڵاوکـراوەکـانی کتێبخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٥٦٢.
٨- هـ. س. ل٥٦٢.
9- Pythagoras
١٠- بڕوانە:
C.C.W.Taylor ,Routledge History of Philosophy, Vol-1, P118.
11- Plato
12- Pure knowledge
١٣- بڕوانە: د.محەمەد کەمال، فەلسەفەی ئەفلاتون، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠، ل١٨٦-٢١٤.
14- Plato, “Phaedo” Complete Works, 66e, p. 58
١٥- هـ. س. ل٥٨.
16- Epicurus
١٧- بڕوانە: بێـرتراند ڕاسـێل، مێـژووی فـەلسـەفـەی خـۆرئاوا، و:فـازڵ مـەحـمـود، چاپ و بڵاوکـردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێـر، ٢٠١١، ل٣٨٦-٤٠٦.
18- Existentialism
19- Existence
٢٠- جـۆن مـاکـواری، فـەلسـەفـەی بوونگەرایی، و:ئازاد بەرزنجی، دەزگـای چاپ و پەخـشی سـەردەم، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢٩٤-٢٩٦.
٢١- دکتر غلامحسین معتمدی، انسان و مرگ، نشر مرکز، تهران، ١٣٨٧، ص١٤٩.
22- Authenticity
٢٣- مارتن هایدیگەر، بوون و کات، و: د. مـحەمەد کـەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٣٤١.
٢٤- Dasein ئەم چەمکە لە بنەڕەتدا ئەڵمانییە، لە دووبڕگە پێکهـاتووە: Da بەمـانای لێـرە، sein بەمـانای بوون، ئەگـەر وەریبگێرین دەبێت بە "بوون-لێرە"، مەبەست ئەوەیە بوونێکە لێرە لە جیهاندا دەژی. هایدیگەر بە دوو مەبەست بەکاری هێناوە: ١- بوونی مرۆیی.
٢- بوونێکی سـەربەخـۆ، یان مـرۆڤـێک کـە خـاوەنی بوونی سـەربەخـۆیە. (A Heidegger Dictionary, Michael Inwood, Blachwell Publishing, 1999, P.42)
کـەواتە دازاین بریتـیـیـە لە مـرۆڤـێک کـە خـاوەنی بوونێکی سەربەخۆیە و لە جیهاندا دەژی.
٢٥- مارتن هایدیگەر، بوون و کات، و: د. مـحەمەد کـەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٣٣١.
26- Phenomenology
٢٧- هـ. س. ل٣٢٢.
٢٨- هـ. س. ل٣٣٣.
٢٩- هـ. س. ل٣٣٤.
٣٠- هـ. س. ل٣٤١.
٣١- جۆن ماکواری، فەلسەفەی بوونگەرایی، و:ئازاد بەرزنجی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢٩٥.
32- Possibility
٣٣- مارتن هایدیگەر، بوون و کات، و: د. مـحەمەد کـەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٣٤٤.
٣٤- هـ. س. ل٣٤٣.
٣٥- هـ. س. ل٣٣٩.
36- Being-at-an-end
37- Being- towards- the- end
٣٨- د. محەمەد کەمال، هایدیگەر و شۆڕشێکی فـەلسـەفی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٢٦.
٣٩- هـ. س. ل١٢٧.
٤٠- د.محەمەد کەمال، ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ، دەزگای سپیریز، دهۆک، ٢٠٠٧، ل١٠٣.
٤١- هـ. س. ل١٠٣.
٤٢- ژان پۆڵ سارتەر، بوون و نەبوون، و: د.محەمەد کـەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی. ٢٠١١، ل٥٣٦.
٤٣- د. محەمەد کەمال، هایدیگەر و شۆڕشێکی فـەلسـەفی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٠٦.
٤٤- مارتن هایدیگەر، بوون و کات، و: د. مـحەمەد کـەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٣٢٩.
45- They
٤٦- هـ. س. ل١٩٥.
47- Inauthenticity
٤٨- د.محەمەد کەمال، ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ، دەزگای سپیریز، دهۆک، ٢٠٠٧، ل٩٤-٩٥.

# دەسەڵاتداریەتی بنەماڵەی موکری لە سوڵتاننشینی موکریان

## بە جەخت لەسەر هەڵکشان و داکشانی سیاسی، هاوکات لەگەڵ حکوومەتی سەفەوی (١١٣٥ز -٩٠٧ ک)

لەیلا ساڵحی
(بۆکان)

(١ – ٢)

**پوختەی وتار**

ناوچەی موکریان بە سەرنجدان لە باسی سەرچاوە ناوخۆیی و بیانییەکان هەر لە زووەوە لە ناو چوارچێوەی جوگرافیای ئێراندا بووە و جگە لە چەند جار، ئەویش هاوکات لەگەڵ ئاڵۆزییە سیاسی و هێرشە لە ناکاو و جار جارەکان، قەت لە باری ژیۆپۆلیتیکییەوە لەو وڵاتە جیانەبووەتەوە. لە سەردەمی کەونارادا ئەو ناوچەیە لە دابەشکارییە سیاسی- ئیدارییەکانی ئێران، لە جوگرافیای ویلایەتی ئاترۆپاتگاندا هەڵکەوتبوو. ئەو ویلایەتە هەم لە سەردەمی کەونارادا و هەم پاش ئەویش، بە سەرنجدان لە تێکهەڵچوونە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران، لەگەڵ هێزە ڕۆژئاواییەکان- لە ئاشوور و ئیمپراتۆری ڕۆم لە سەردەمی کەوناراوە بگرە هەتا دەوڵەتی ئێراق لە دنیای ئێستاکەدا، بە ناوچەیەکی یەکجار ئیستراتیژیک مەزەندە کراوە و بە گوتەی ڕۆژهەڵاتناسانی مێژوونووس، ئێران هەمیشە چاوی لە ڕۆژئاوا بووە. لەم وتارەدا بارودۆخی سیاسی و ئیداری و ڕوخساری دیمۆگرافی ئەو ناوچەیە تەریب لەگەڵ دەوڵەتی بەهێزی سەفەوی دەخرێتە ڕوو. لەو سەردەمەشدا جەخت کراوەتە سەر ڕۆڵی بوداق سوڵتانی موکری، کەسایەتی دیاری دەستەڵاتداریەتی ناوچەکە لە ماوەدای زەمانی بەرباسدا، کە بۆ ساڵەکانی ٩٠٧ تا ١١٣٥ی کۆچی مانگی دەگەڕێتەوە.

وشە سەرەکییەکان: سەفەوییەکان، موکریان، دەوڵەتی عوسمانی، عێلی موکری

**١- جوگرافیای سوڵتاننشینی موکریان:**

ناوچەی موکریان بە پێی بارودۆخی دیمۆگرافی و

نیشتەجێبوونی ئەو خەڵکەی پێیان وایە سەر بە عێلی موکرین و هەڵبەت سەرچاوە مێژوویی و فەرهەنگیەکانیش بەردەوام جەختیان لەسەر ئەو بابەتە کردووەتەوە، ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە ئەمڕۆ و لە دابەشکاری پارێزگاکانی ئێراندا، لە باشووری ئازەربایجانی ڕۆژئاوا هەڵکەوتووە. بەشێکیان بریتین لە شارەکانی بۆکان، مەهاباد، شنۆ، سەردەشت و پیرانشار، بەڵام بە پێی ئەوەی کە لەم وتارەدا دەیخەینە ڕوو مەبەستی ئێمە باسی ئەو چوارچێوەیەیە کە هەرێمی دەستەڵاتداریەتی بنەماڵەی موکری لە سەردەمی سەفەوی دەستنیشان دەکات، دەبێ بڵێین ئەو ناوچەیە بە پێی سەرچاوەکان، بەستێنێکی جوگرافیایی بەرینتر لە خۆ دەگرێ کە لە سەردەشتەوە بگرە تا مەراغە و سەرەنجام تا گەرمڕوود ((کە مەبەست شارستانی میانەیە)) دەگرێتەوە. ئەو ناوچەیە لە سەرچاوە مێژووییەکانی سەردەمی سەفەویدا جار جار بە ناوی ناوچەی موکری و جاری واشە بە هۆی ئەوەی شوێنی تەخت و فەرمانڕەواییەکەیان مەراغە بووە، بە حاکمنشینی مەراغە باسی کراوە.

یەکێک لەو سەرچاوانەی بە ڕاشکاوی جوگرافیای ناوچەکە دەخاتە بەرباس مێژووی "ئۆروج بەیگی بەیات"ـە کە ئێستاکە بە ناوی کتێبی "دۆن جوانی ئێرانی" دەناسرێ. لەو کتێبەدا ناوچەی بەرباس وەک یەکێک لە سێ بەش لە ئەیالەتەکانی کوردستان ناوی هاتووە کە لە باشووری ئازەربایجان هەڵکەوتووە. نووسەری ئەو کتێبە لەمەڕ ئەو ناوچەیە ئاوا دەنووسێ:" کەمێک لە باشووری ڕۆژئاوای ئەو ئەیالەتە (خۆی و سەڵماس) ئەیالەتی مەراغە هەڵکەوتووە کە بەشی دووەم لە سێ ئەیالەتی کوردستان پێکدێنێ و حاکمنشینەکەشی مەراغەیە. (بیات، ١٣٣٨، ٦٥.) ئێستا بە پێی ئەو پانتاییە لە جوگرافیای ئێران کە گۆڕەپانی دەستەڵاتداریەتی خانەدانی موکری لە سەردەمی سەفەوی پێکهێناوە درێژە بە باسەکە دەدەین.

## خۆیابوون و دەوامەی ئامادەیی سیاسی عێلی موکری لە ناوچەکەدا

ناوچەی موکریان پاش دابڕانە سیاسی و پشێوییە سەربازییەکانی سەردەمی تەیموور و بەر لە پێکهاتنی



شەرەفخانی بدلیسی

حکومەتی سەفەوی، ناوچەی کێشە لە سەری نێوان دوو تایەفەی تورکمانی "ئاق قۆیونلوو" و "قەرەقۆیونلوو" بووە کە هەڵبەت ئەو عێلانە هەردووکیان لەو عێلانە بوون تەیموور بەرەو جوگرافیای باکووری ڕۆژئاوای ئێران کۆچی پێ کردبوون. شوێنی سەرەکی ئەوان بریتی بوو لە"ئولوسی جوگتای" واتە(بەشی میراتی جوگتای، کوڕی دووەمی چەنگیز، لەو وڵاتانەی بابی داگیری کردبوو). ئەو شوێنەش ڕووبەرێکی دەگرتەوە لە ناوچەی "ماوەرائونەهر" هەڵکەوتووە و ئێستاکە جوگرافیای دوو وڵاتی تاجیکستان و تورکمانستانی پێکهێناوە."تەیموور" کە پاش "چەنگیز" لە پانتایی سیاسی ئێراندا دەردەکەوێ، تاقمێک لە عێلە هاوپەیمانەکانی خۆی لە "ماوەرائونەهر"ـەوە بەرەو سنوورەکانی ڕۆژئاوای ئێران و "ئانادۆڵی" دەنێرێ کە قەرەقۆیونلووەکان و ئاق قۆیونلووەکان لە ناسراوترینی ئەو عێلانە بوون.

ئەو دوو عێلە پاش سستی و بێ هێزی تەیموورییەکان هەوڵیان دا دەست بەسەر ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێراندا بگرن و بە پێی کولتووری سیاسی-عەشیرەیی عێلە تورکمانەکان، هەوڵ دەدەن عەشرەتەکانی ناوچەکە لەگەڵ خۆیان بکەنە هاودەست، لە ئاکامدا عێلە کوردەکان هەر

کام بە پێی بەرژەوەندی خۆیان لە پرۆسەی یەکگرتن لەگەڵ ئەو دوو عێلە، بەسەر یەکێک لەو دوو عێلەدا دابەش بوون. لەو ناوەدا کوردە "دونبەلی"یەکان لەگەڵ ئاق قۆیونلوو یەکیان گرت و کوردەکانی "زەرقی" و "مەحموودی" و "سلێمانی" کە زۆر وێدەچێ کوردە "موکری"یەکانیش هەر لە ڕیزی ئەواندا بووبن لەگەڵ قەرەقۆیونلووەکان یەک دەگرن.

ڕیشە و ڕەچەڵەکی حاکمانی موکری دەچێتەوە سەر هۆزی موکری کە بەر لەوەی لە شانۆی سیاسەتدا خۆ دەرخەن، لە ناوچەی شارەزوور دەژیان و بە پێی بۆچوونی نووسەری شەرەفنامە دەچنەوە سەر حاکمانی بابان. (بدلیسی، ٣٧٢) ناوی یەکەم کەسی ئەو تایەفەیە کە لە سەرچاوەکاندا تۆمار کراوە، "سەیفەددین خانی موکری"یە کە بە زیرەکی و لێزانی و خاوەنڕابوون، ناوبانگی بووە. سەیفەددین خان لە کۆتایی سەردەمی ئاق قۆیونلووەکاندا دەست دەکات بە یەکگرتوو کردن و لێک نزیککردنەوەی تاقمێکی زۆر لە خەڵکی عەشرەتی بابان و هەندێکی دیکە لە عەشرەتە کوردەکان و بە هاوکاری ئەوان دەست بەسەر هەرێمی "دریاس" و ناوچەکانی دەوروبەریدا دەگرێ. (بدلیسی، بی تا، ٣٧٢-٣٧٣).

لە شەرەفنامەدا کە تاقە سەرچاوەیەکە ئاماژەی بە ناوی سەیفەددین خان کردووە، باسی ملکەچ بوونی ئەو میرە بۆ "شا ئیسماعیل"ی سەفەوی ناکات. سەرەڕای ئەوەش، ئەو بابەتەش نەسەلماوە کە ئەو میرە سەر بە سوڵتانی عوسمانیش بووبێ، بەڵام بە پێی ئەوەی شا ئیسماعیل لە سەرەتای سەڵتەنەتی خۆیدا ناوچەکانی ئازەربایجان و بەغدا و خۆراسان و کرمان و...تاد بە گشتی خستبووە ژێر دەستەڵاتی خۆی، زۆر ڕێی تێ دەچێ حاکمییەتی موکریش سەر بە دەوڵەتی سەفەوی بووبێ، بە تایبەتیش کە ئەو ناوچەیە مەودایەکی کەمی لەگەڵ "تەورێز"- پایتەختی دەوڵەتی سەفەوی لە سەردەمی شا ئیسماعیل-دا هەبووە. دەشێت بابەتی شاراوە بوونی لایەن و تابعییەت و هۆگریی سیاسی سەیفەددین خان و ناونەهاتنی لە ڕیزی حاکمەکان لە سەردەمی سەفەویدا کەوتبێتە ژێر کاریگەری بابەتی مەزنی سیاسی و مێژوویی ئەو سەردەمە - بۆ وێنە هەوڵە چەکدارییەکانی شا ئیسماعیل بۆ دەست بەسەرداگرتنی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران؛ بە تایبەتیش کە حاکمییەتی موکری بە پێچەوانەی باقی حاکمییەتەکانی کوردستان، وەک ئەردەڵان کە مێژینەیەکی دووروودرێژیان بووە، تەنانەت بەر لە ئاق قۆیونلووەکان پێکهاتبوون، کەچی حاکمیەتی موکری لە سەردەمی سەیفەددین خاندا ساوا بووە و لە سیناریۆی سیاسیدا کەسایەتییەکی بەرچاو نەبووە.

سەیفەددین خان پاش مەرگی دوو کوڕی لە پاش بەجێ ما، یەکێکیان بە ناوی "سارم"، بوو بە سەرۆکی حاکمییەتی موکری. سیاسەتی شا ئیسماعیلی سەفەوی لە سەرەتای دەستەڵاتیدا ئەستاندنەوەی دەستەڵات لە حاکمانی ناوچە و ویلایەتەکانی ئێران و ئەسپاردنی ئەو ناوچانە بە قزڵباشە تورکمانەکان بووە. ئەو قزڵباشانە بڕبڕەی پشتی حکومەتی سەفەوی بوون. هەڵبەت نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت کە جیاوازی مەزهەبی حاکمە سوننییەکانیش لەو بابەتەدا کاریگەری بووە. "سارم بەیگی موکری" پێمل نابێ موڵکی بە میرات وەرگیراوی خۆی بە میرە قزڵباشەکان بدات. ئەو پیاوە یەکێک لەو حاکمانە بووە کە سەرەڕای هەوڵی زۆری شا ئیسماعیلی سەفەوی بۆ بە چۆک داهێنانی، قەت نەچووە ژێر ڕکێفی شای سەفەوییەوە. لە ئاکامدا شا ئیسماعیل ویستی دەستەڵاتی لێ زەوت بکات. بە پێی نووسراوی شەرەفنامە، شا ئیسماعیل چەند جار بۆ داگیرکردنی ناوچەی موکری و بە مەبەستی سڕینەوەی سارم بەیگ لەشکری بۆ ئەو ناوچەیە بزواندووە. (بدلیسی، ٣٧٣).

لە ئاکامی تێکهەڵچوونی چەکداری یەکەم لە ساڵی ٩١٢ ک.م دا کە نێوان قوشوونی سارم بەیگ و قزڵباشدا ڕووی دا، لە گەرمەی شەڕدا حاکمی موکری وێڕای تاقمێک لە چەکدارەکانی سوپاکەی پەنایان بۆ "چیا بەرزەکان و دارستانەکان برد و تاقمێکی زۆریش لە خەڵکی نیشتەجێی موکریان بە دەست سوپای شا ئیسماعیل کوژران، پاشان سوپای قزڵباش ویلایەتی موکری تاڵان کرد و گەڕایەوە. (جنابڕی، ١٣٧٨، ١٩١، خواندمیر، ١٣٥٣، ٤٨٢، ٤٨٣)، بەڵام جگە لەو شەڕە جارێکی دیکە دەرباری سەفەوی هەواڵی پێ دەگات کە سارم بەیگ سوپایەکی دیکەی ئامادە کردووە و لە ناوچەی "ورمێ" ئامادەی شەڕە. ئەو جار شا سوپایەک بە سەرۆکایەتی "بارام بەیگی قەرەمانلوو" و



**شا ئیسماعیلی سەفەوی**

"خەلیفەتولخولەفا" بۆ دوور خستنەوەی حاکمی موکری بەرەو موکریان دەنێرێ. لە شەڕێکی سەخت و خوێناویدا - بە گوتەی زۆربەی سەرچاوەکان- کە لە نێوان شا ئیسماعیل و سارم بەیگدا ڕووی دا-"سارووعەلی میهرداری تەکەللو" و "عەبدی بەیگی شاملوو"(زاوای شا) لە قزڵباشەکان کوژران و کوڕ و برای "سارم بەیگ"یش وێڕای تاقمێکی زۆر لە سوپاکەی لە شەڕەکەدا دیلی قزڵباشەکان بوون. سارم بەیگیش لەگەڵ تاقمێک لە قوشوونەکەی هەڵات و هەرێمەکەی لە لایەن سوپای سەفەوییەوە تاڵان کرا. (خواندمیر، ٤٨٥، جنابزی، ١٩٤).(١) بەدلیسی نووسەری شەرەفنامە کە کتێبەکەی خۆی بۆ کوردستان تەرخان کردووە و هاوکات لەگەڵ سەفەوییەکان ژیاوە، ئاماژە بەوە دەکات کە پاش ئەو شەڕە سارم بەیگ ڕوو دەکاتە دەرباری عوسمانی و بۆ ئەستاندنەوەی موڵکی باب و باپیرانی خۆی داوای یارمەتی لە سوڵتانی عوسمانی دەکات، هەڵبەت پێویستە ئەوەش بگوترێ کە ئەو ڕووداوانە هاوکاتن لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی چاڵدێران و تێکشکانی سەختی سەفەوییەکان بە دەستی عوسمانییەکان، چونکە پاش تێکشکانی چاڵدێران و داگیرکرانی تەوریز، تاقمێک لە میرە کوردەکانی سنووری ڕۆژئاوای ئێران ڕوویان بەرەو سوڵتانی عوسمانی وەرگێڕا و پێملبوونی خۆیان بۆ حوکمی ئەو دەربڕی، هۆکارەکەشی سیاسەتی هەڵەی شا ئیسماعیل بوو لە هەڵسوکەوتی سیاسی لەگەڵ ئەوان و پرۆژەی سڕینەوەی میرە غەیرە قزڵباشەکان بوو.

سارم بەیگ کاتێک سوڵتان سولەیمان لەسەر تەختی دەستەڵاتداری دانیشت، چووە لای سوڵتان و ئەویش سەرۆکایەتی ویلایەتی موکری بە شێوەی (ئیقتاع)، واتە لە بری مووچە و وەک فەرماندەیەکی نیزامی پێ بەخشی. ئەو ویلایەتە پێشتر لە ژێر دەستەڵاتی باوکی سارم، واتە سەیفەددین خاندا بوو. سارم بەیگ پاش گەڕانەوە بۆ ناوەندی دەستەڵاتداری خۆی، مرد و کوڕەکانیشی بە هۆی جوانەمەرگ بوون، دەرفەتێکی ئەوتۆیان بۆ حوکمڕانی وەدەست نەکەوت؛ بەو شێوەیە حاکمییەتی ناوچەی موکری بە کوڕانی "باباعومەر"، کوڕی دووەمی سەیفەددین خان بڕا، ئەو کوڕانە بە ناوی "شێخ حەیدەر"، "میر نەزەر" و "میر خزر" ناسرابوون. ئەو سێ کەسە ناوچەی موکرییان بەو شێوەیە لە نێوان خۆیاندا بەش کرد:

- ناوچەکانی دریاس، دۆڵ باریک، سولدووز(سندووس) و ئەختاچی بە شێخ حەیدەر بڕا.
- ناوچەی ئێل تەیمووریش(یاڵ تەمر) بوو بە هەرێمی دەستەڵاتداری میر نەزەر.
- میر خزریش بوو بە سەرۆکی دەستەڵاتداری ناوچەی محەمەد شا.

پاشان هەر سێ براکە ڕوویان کردە بارەگای "شا تەهماسب"ی سەفەوی، ئەو پاشایە زۆر عاقڵانە سیاسەتی سڕینەوەی میرە غەیرە قزڵباشەکانی وەلا نابوو، هەر بۆیە ئەو سێ میرە موکرییەش ڕوویان لە بارەگاکەی کرد و سەری ئیتاعەت و فەرمانبەرییان بۆ دانەواند.(بدلیسی، ٣٧٤- ٣٧٥) چونکە سیاسەتی "شا تەهماسب" پتەوکردن و چەسپاندنی دەستەڵاتی میرەکانی زۆربەی ویلایەتەکانی ئێران بوو کە بە میرات بەو میرانە گەیشتبوو. ئەو سیاسەتە بووە هۆی ئەوەی ئێران لەو کاتەدا بپارێزرێ و بە بیانووی جیاوازیی مەزهەب و پاوانخوازییەوە لێک بڵاو نەبێ.

بە پێی نووسراوی شەرەفنامە پاش ئەوەی میرانی

موکری ئیتاعەتیان لە شای سەفەوی کرد، سوڵتانی عوسمانی میرە کوردەکانی سەر بە دەستەڵاتی خۆی ڕاسپارد بۆ داگیرکردنی ناوچەی موکری هێز بجووڵێنن و لە شەڕێکدا کە لە نێوان قوشوونی عوسمانی و سێ برای میری موکریدا ڕووی دا، هەر سێ حاکمەکەی موکریان کوژران، بەڵام دەوڵەتی عوسمانی نەیتوانی حاکمانی موکری بخاتە ژێر ئەمر و فەرمانی خۆی و دوو کەس لە نەوەکانی "سارم بەیگ" بە ناوی "ئەمیرە بەیگ" و کوڕەکەی، واتە "شێخ حەیدەر" دەست بەسەر ناوچەکەدا دەگرن و ئەو هەرێمە هەر سەر بە "شا تەهماسب"ی سەفەوی دەهێڵنەوە، بەڵام پاش ئەوەی "شا موحەممەدی خودابەندە" لەسەر تەختی دەستەڵاتی ئێران دادەنیشێ و پشێوی و کێشەی سیاسی بە دوای شۆڕشی تایفەکانی قزڵباش لە دەرباری ئێراندا سەر هەڵدەدا، لە شەڕێکدا کە لە نێوان "شا موحەممەدی خودابەندە" و "سوڵتان موراد"ی عوسمانی ڕوو دەدات، بە هۆی خەیانەتی ئەمیرەکانی سوپای ئێران و دەست تێوەردان و دنەدانی "مەلەکە مەهدی عولیا"، بۆ جارێکی دیکە ئێران لە بەرانبەر عوسمانیدا تێکشکا و ناوچەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێران کەوتە دەست عوسمانی. تاقمێک لە میرە کوردەکان بۆ وێنە "غازی بەیگی حەکاری"، خانی ئەردەڵان و چەند کەسی دی لە حاکمەکان وێڕای "ئەمیرە بەیگی دووەم" کوڕی "شێخ حەیدەر"ی موکری لە ساڵی ٩٩١ ک. م دا ڕوویان لە دەرباری "سوڵتان موراد"ی عوسمانی کرد و پێمل بوونی خۆیان بۆ وەرگرتنی حوکم لە سوڵتانی عوسمانی دەربڕی. (بدلیسی، ٣٧٦، هدایت، ٦٥٥٤، ١٣٣٩) سوڵتانی عوسمانی حکومەتی ویلایەتی بابان و مووسڵ و ئەردەبیل و بەشێک لە مەراغە، بەو مەرجەی بیانستێنێتەوە، بیجگە لە ناوچەی موکری بە "ئەمیرە بەیگ" دەسپێرێ. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە هەر ئەوکات ناوچەی مەراغە لە لایەن سەفەوییەکانەوە بە کەسێک لە قزڵباشەکان بە ناوی "بەگتاش قوڵی بەیگی ئوستاجلوو" سپێررابوو. "ئەمیرە بەیگ "بە یارمەتی میرەکانی عوسمانی توانی میری قزڵباش ڕاو بنێ و بۆ خۆی لەوێ دابمەزرێ، پاشان "ئەمیرە بەیگ "ناوچەکانی "سوڵدووز"، "میاندواو"، "مەراغە" و دەوروبەریان تاڵان دەکات، هەروەها حاکمی موکری یەختەرمەخانەی پاشایەتی کە هی "شا تەهماسب" بوو و باشترین ئەسپەکانی بنەماڵەی شای لێ بوو، لە ناوچەی "قەراجیوق"ی مەراغە تاڵان دەکات. (بدلیسی، ٣٧٦ - ٣٧٧). بابەتی هاودەستی ئەمیرە بەیگی موکری لەگەڵ پاشای عوسمانی و دوژمنایەتی ئەو لەگەڵ ئەمیری قزڵباش، هەروەها تاڵانکردنی یەختەرمەخانەی قەراجیوق، دواتر و لە سەردەمی "شا عەباس"ی گەورەی سەفەویدا وەک یەکێک لە هۆکارەکانی دامان و لێقەومانی بنەماڵەی موکری دێتە ئاراوە. هەروەک لە سەرچاوەکانی پێوەندیدار بە مێژووی سەفەوییەوە دەردەکەوێ، ئەو کارانەی ئەمیرەبەیگ بە ڕادەیەکی زۆر لای سەفەوییەکان کاردانەوەی نەرێنی لێ کەوتووەتەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە "شا عەباس" پاش بە دەستەوەگرتنی جڵەوی دەستەڵات، ئەگەرچی دەستی بەسەر ناوچەی موکریدا گرتبووەوە و خستبوویەوە ژێر هێزی خۆی، بەڵام نەیتوانی سەربزێوی ڕابوردووی خانەکانی موکری لە بیر بەرێتەوە.

پاش دەست بەسەرداگرتنی مەراغە، سوڵتانی عوسمانی تێکڕای ئەو ناوچەیەی بە "ئەمیرە بەیگ"بەخشی و نازناوی پاشای پێ دا، بەڵام لە نێوان "ئەمیرە بەیگ "و یەکێک لە مەنسووبەکانی بە ناوی "حەسەن بەیگ" لەسەر دەستەڵاتداریەتی ناوچەی "دریاس" کێشە و تێکهەڵچوون ڕووی دا، "حەسەن بەیگ" کوژرا و کوڕەکەی پەنای بۆ "شا موحەممەدی خودابەندە" برد و شاش ڕێزی لێناو ناوچەی "دێهخۆرقان" لە نزیک شاری تەورێز- واتە "ئازەرشار"ی ئێستای وەک هەرێمی حوکمڕانی پێ بەخشی. (بدلیسی، ٣٧٦، ٣٧٧)

پاش مەرگی ئەمیرە پاشا، شێخ حەیدەری کوڕی جێگای گرتەوە و حاکمییەتی ویلایەتی موکری کە بریتی بوو لە "تەرەقە"(٤) و ناوچەی "ئەجری" و ناوچەی "ساروقۆرغان" و ناوچەی "دوو ئاو" و ناوچەی "لەیلان" و "قەڵای تەرەقە" و "قەڵای ساروقۆرغان"ی بە دەستەوە گرت." (بدلیسی، ٣٨٢).

تا ئێرە وەک باسی کرا لایەنێک کە حاکمییەتی بنەماڵەی موکری سەر بەوان بووبێ دیاری کراو و دەوامەدار نەبووە. جارێک سەر بە عوسمانی و جارێک سەر بە ئێران بوون. سیاسەتی سەفەوییەکان لە سەرەتای هاتنە سەرکاریان بووە هۆی ئەوەی بنەماڵەی موکری

مەیلیان بە لای عوسمانییەوە بێ، بەڵام بەرە بەرە شایەکانی سەفەوی ئاگاداری گرینگی بابەتەکە بوون و هەوڵیان دا دەستەڵاتداریی خۆیان لە ناوچەی موکریان پتەو بکەن، هەڵبەت ئەوەش کاریگەری لاوازی و بێ هێزی دەزگای حاکمییەتی سەفەوی بە سەرەوە بوو و بنەماڵەی موکری لەگەڵ بارودۆخێکی لەرزۆک بۆ پاراستنی حاکمییەتی خۆیان دەستەوئێخە بوون، هەروەک دەشبینین بەو هۆیەوە جاری وایە سەر بە ئێران و جاری واشە لە ژێر ئەمری سوڵتانی عوسمانیدا بوون.

پاش شا موحەممەد نۆرەی دەرکەوتنی بەهێزترین شای سەفەوی لە پانتایی دەستەڵاتداریەتی ئێران دەگاتێ. نزیکەی ساڵانی ١٠١١-تا ١٠١٢ کۆچی "شا عەباس"بۆ گرتنەوەی ویلایەتە لە دەست چووەکانی ڕۆژئاوای ئێران، ڕووی کردە ئازەربایجان و بەرە بەرە ویلایەتە لە دەست چووەکانی گرتەوە. هەر دەستبەجێ حاکمە کوردەکان چوونە خزمەت شای سەفەوی و ژێردەستەبوونی خۆیان بۆ شا دەربڕی، "شێخ حەیدەر"ی کوڕی "ئەمیرە بەیگ "یەکێک لەو حاکمانە بوو.(ترکمان، ٣٥٠، ٦٤٢). بەو شێوەیە ئەمیری موکری بە فەرمی ئەمری "شا عەباس"ی پەسەند کرد و لەو کاتە بە دواوە تا کۆتایی دەستەڵاتی سەفەوییەکان لە ئێران، لە ژێر فەرمانی پادشاکانی ئەو زنجیرە پادشاییەدا مانەوە.

"شا عەباس"حاکمییەتی موکری و مەراغەی وەک پێشوو بۆ "شێخ حەیدەر"هێشتەوە، بەڵام ئەو حاکمە دەرفەتێکی ئەوتۆی بۆ حاکمییەت نەبوو، چونکە لە شەڕی داگیرکردنەوەی "ئیرەوان" لە ساڵی ١٠١٣ی کۆچی مانگیدا "شێخ حەیدەر" کە لە سوپای "شاعەباس"دا بوو و بە گوێرەی زانیاریی سەرچاوەکان زۆر بوێرانە و لەخۆبووردوانەش شەڕی کردبوو، دەکوژرێ. (پیشین، ٦٤٥) شا پاش "شێخ حەیدەر"، "قوبادخان"ی کوڕی وەک جێگرەوەی دەستنیشان دەکات و ئەمیرانی قزڵباشیش ڕادەسپێری تا گەورە دەبێ ئاگاداری و پشتیگیری بکەن.(پیشین، ٨١٢).

قوبادخان کاتێک گەورە بوو، بۆ خۆی حاکمییەتی بە دەستەوە گرت، بە پێچەوانەی ئەمری شا ئیقتاع و مڵکەکانی مەراغەی لە ڕاسپێرراوەکانی "شاعەباس" ستاندەوە و ئاکارێکی دوژمنانەی لە بەرانبەر قزڵباشەکانی ئەو ناوچەیە لە خۆی نواند. لە کاتی داگیرکردنی قەڵای دمدمدا لە قەڵاکانی ورمێ کە بە دەست "ئەمیرخانی برادۆست"ەوە بوو، کێشەیەکی دی هاتە ئاراوە. "ئەمیرخانی برادۆست"دەستی کردبوو بە دوژمنایەتی شا عەباس، پاش ئەو سەربزێوییەی ئەمیرخان، شا داوا لە قوباد خان دەکات بچێتە لای سەدری ئەعزەم و لە داگیرکردنی قەڵای دمدم و سەرکوتکردنی خانی برادۆستدا یارمەتی بدات، بەڵام قوبادخان دەستووری شا بەجێ ناهێنێ و ئەو بابەتانە دەبنە هۆی ئەوەی "شا عەباس"لە قوبادخان نارازی بێ. لە ساڵی ١٠١٩دا ئۆردووی شا بە مەبەستی ڕابواردن لە کوێستانی مەراغە ڕوو دەکاتە ئەو ناوچەیە، لەوێ "شا عەباس"ئاگادار دەکەنەوە کە بنەماڵەی موکری لە ترسی ئەوەی نەکا شا داوای ئەسپە تالانییەکانی قەراجیوق بکاتەوە، کە لە سەردەمی "شا تەهماسب"دا لە لایەن ئەمیرە بەیگەوە تالان کرابوون، ئەسپە ڕەسەنەکانی خۆیان بۆ ناوچەیەکی دوورەدەست ڕاگوێزتووە و چەند ئەسپی نارەسەن و خراپیان لای خۆیان ڕاگرتووە. لە لایەکی دیکەوە شا ئاگادار کرا کە قوبادخان و مەزنە پیاوانی موکری لەگەڵ گەورەکانی عوسمانیدا دۆستایەتییان گەرم کردووە و بوونەتە لایەنگری ئەوان و شیعەکانی مەراغەیان ئازار داوە و زوڵمیان لێ کردوون، بەو شێوەیە "شا عەباس"بە پێی نووسینی "عالەم ئارا" بڕیار دەدات عێلی موکری قەتڵوعام بکات (پیشین٨١٣).

لە لایەکی دیکەوە نووسەری کتێبی "مێژووی عەباسی"یش کە کتێبەکەی خۆی هاوکات لەگەڵ سەردەمی "شا عەباس"نووسیوە، هۆکارەکانی قەتڵوعام و کوشتاری عێلی موکری دەخاتە ڕوو. ئێستا بە سەرنجدان لە گێڕانەوە تەریبەکانی تێکرای سەرچاوەکان هۆکارەکانی قەتڵوعامی عێلی موکری شی دەکەینەوە.(منجم، ٣٨٤)

١- تالان کردنی "یەختەرمەخانە"ی قەراجیوقیان تەویلەی شا لە سەردەمی "شا تەهماسب" و لە لایەن "ئەمیرە بەیگی موکری"یەوە کە نیشانەدەری دوژمنایەتی خانی موکری لەگەڵ سەفەوییەکان بووە.

٢- یارمەتیدانی لەشکری عوسمانی لە گەرمەی داگیرکردنی ئازەربایجان و بە دیل گرتنی خەڵکی تەورێز لە لایەن ئەمیرە بەیگی باپیری قوبادخان لە سەردەمی شاموحەمەددا. ئەوەشیان وەک دژایەتی موکریان لەگەڵ

سەفەوییەکان لێکدابووەوە.

٣- نەچوونە ژێر ئاڵای سەفەوییەکانەوە لە لایەن قوباد خانەوە لە کاتی شەڕەکانی سەفەوی و عوسمانی لە ساڵەکانی ١٠١١-١٠١٩ و بە پێچەوانەی فەرمانی شا.

٤- دۆستایەتی قوبادخان لەگەڵ سەردارەکانی عوسمانی و ڕاگەیاندنی شاراوەی بارودۆخی سوپای ئێران بە کاربەدەستەکانی عوسمانی.

٥- دۆستایەتی شاراوەی قوبادخان و ئەمیرخانی برادۆست لە ڕووداوی دمدمدا. وەڵام نەدانەوەی قوبادخان بۆ سەرکوتکردنی ئەمیرخان کە بە ئاکامێکی سەربزێوییان ناسیبوو و ناردنی "خان ئەبداڵ"(برازای قوبادخان) بۆ لای خانی برادۆست.

٦- ئاگاداربوونی حەسەن پاشای حاکمی ئەرزەڕۆم لە هێرشی "شا عەباس"بۆ سەر ناوچەکەی، لە لایەن قوبادخان و بە ڕێی نامە و فێرکردنی شێوەی شەڕکردن و دۆستایەتی لەگەڵ "حەسەن پاشا". ئەو نامەیە لە لایەن دەستوپێوەندەکانی شاوە دۆزرابووەوە و "شا عەباس" لەبەر هەستیاربوونی کاتی دۆزینەوەی نامەکە، کوتوپڕ دژکردەوە نانوێنێ و هەوڵ نادا هەر ئەوکات هێرش بکاتە سەر قوباد خان.(منجم، ١٣٦٦، ٣٨٤).

جگە لەوانە "نەسروڵڵا فەلسەفی"کە یەکێکە لە توێژەرانی لێهاتووی ئێرانی لە بواری مێژووی سەفەویدا، بەو شێوەیە بابەتی کوشتوبڕەکە وێنا دەکات: "شا عەباس"هەمیشە بە چاوێکی ڕەشبینانە و خراپ دەیڕوانییە تایەفە کوردەکان، چونکە ئەو تایەفانە لەسەر سنوورەکانی ئێران و عوسمانی دەژیان و مەزهەبی سوننی زیاتر ئەوانی بەرەو تورکەکان ڕادەکێشا. لە شەڕەکانی تورک و قزڵباشدا، زۆربەیان دەبوونە هاودەستی سەردارانی عوسمانی و لە شارەکانی ئازەربایجان دەستیان دەکرد بە بگرە و بڕۆ و کوشتار و تاڵان، هەر بەو هۆیەش "شا عەباس"بەردەوام چاوی لێ غافڵ نەدەکردن، چونکە یەکێک لە دیلەکانی ئەو تایەفەیە (کوردەکان) خەنجەری لێ هەڵدەکێشێ(٤) "شا دوژمنایەتییەکی تایبەتی لەگەڵ ئەو تایەفەیە هەبووە." (فلسفی ١٣٥٣، ٨٩٩).

"شا عەباس"لە ساڵی ١٠١٩ لە دەوروبەری مەراغە وێڕای لەشکر بارگەی خست و شەوی سێ شەممە چواردەمی ڕەبیعولسانی قوبادخانی بانگ کردە نێو لەشکرەکەیەوە و خانی موکری وێڕای دەستوپێوەندە ناسراوەکانی، ئەمریان بە جێ هێناو چوونە ناو سوپای "شاعەباس"ەوە و بە ئاماژەی شا وێکڕا کوژران.

لەو کاتەدا شا فەرمانی فەرمی بۆ کوشتوبڕی گشتیی خەڵکی موکری دەرکرد و سوپای ناردە سەر "ئەمیرخان" مامی "قوبادخان" کە لە "گەرمڕوود"(٥)، یان هەمان "میانە"ی ئێستا حوکمی دەکرد. هەڵبەت ئەمیرخان بە دەستووری شا حوکمەتی ئەوێی دەکرد. نێرراوەکانی شا ئەویان (ئەمیرخانیان) لەگەڵ هاوڕێکانی قەتڵوعام کرد، هەروەها شا "عەلی قولیخان" لە سەرکردەکانی سوپای کردە بەرپرسی کوشتنی دەستوپێوەند و کەسانی نزیک لە عێلی موکری و ئەویش نزیکەی پەنجا تا شەست کەسی لێ کوشتن(ترکمان، ٨١٤).

بە گوێرەی زانیاریی"مێژووی عەباسی"، شا، "عەلی خانی شاملوو"ی ناردە سەر "حوسێن سوڵتان" برای قوبادخان، کە فەرمانڕەوای ناوچەی "لەیلان"ی سەر بە مەراغە بوو. دانیشتوانی قەڵا نەیانویست لەگەڵ خانی شاملوو تێکەون و بەشەڕ بێن. خانیش پێی ڕاگەیاندن ئەگەر ملکەچی شا بن و خۆیان بە شاپەرست و شادۆست "شاهسون" نیشان بدەن، ئەوە گیانیان دەپارێزرێ، بەڵام ئەگەر وا نەکەن تەفروتوونا دەکرێن و دەکوژرێن. سەرەنجام وا بڕیار درا دانیشتوانی قەڵا بە بێ چەک بچنە حوزووری شا. بەو شێوەیە شەست و چوار کەس چوونە بارەگای شا و هەمیسان شا بەڵێنی خۆی شکاند و ئەو تاقمەشی کوشت.(منجم، ١٣٦٤، ٣٨٤)

پاش ئەو ڕووداوە "شا عەباس" ڕووی مەرحەمەت و چاکە دەکاتە دوو کەسی سەر بە عێلی موکری بە ناوی "مەقسوود بەیگ" و "شێربەیگ" کە باوکی "بوداق سوڵتان"ی موکری بوو. دەستوور دەدا هەرکەس لە خەڵکی عێلی موکری پەنا بۆ ئەو دوو کەسە بەرێ، گیان و ماڵی دەپارێزرێ. چەند کەسیش لە ئەندامانی ئەو عێلە پەنایان بۆ مەزارگەی "شێخ سەفییەددین" لە "ئەردەبیل" برد و شاش بەو بۆنەیەوە بەخشینی. لە لایەکی دیکەوە خەڵکی مەراغەش کە شیعە بوون، زۆر لە حاکمانی موکری ڕازی نەبوون و نزیکەی سێ سەد کەس لە خەڵکی سەر بەو عێلەیان کوشت.(منجم، ١٣٦٦، ٣٨٧). بە پێی نووسینی مێژووی عەباسی لەو قەتڵوعامەدا دوو

هەزار کەس لە عێلی موکری کوژران و ماڵ و داراییان بە تاڵان چوو. (پێشوو).

کێشەی کوشتار و قەتڵوعامی عێلی موکری هەر بەوەشەوە کۆتایی نەهات. "شا عەباس"، "میر ئەسکەندەر" حاکمی بانەی کردە بەرپرسی کوشتنی ئەو موکرییانەی ڕایانکردبوو. شا دەستووری دا هەر کام لە کوردانی موکری کە چوونەتەوە هەرێمی دەستەڵاتداریەتی ئەوەوە بە زیندوویی، یان مردوویی بنێرێ بۆ دەربار. ناوبراو لە "گەرمڕوود" پۆلێک لە کوردانی موکری بە دیل گرت و ناردییە دەرباری شا. شاش حوکمی دا بیانکوژن و ماڵ و موڵکیان داگیر بکەن. (منجم، ١٣٦٦، ٣٨٩).

پاشان شا حاکمییەتی ناوچەی موکری بە دەوروبەرییەوە بە کەسێک دا بە ناوی "ئاقاخانی موقەدەم" کە سەر بە عێلی "ئەتوزیکی" لە تایەفە کوردەکانی ناوچەی "ئەرزەنەتەڕووم" بوو. ئەو تایەفەیە لە هەواداران و لایەنگرانی حکوومەتی سەفەوی بوون. (ترکمان، اسکندربیگ، ٨١٤، ترکمان اسکندربیگ و محمدیوسف مورخ، ١٣١٧، ٢٦٨). ساڵی ١٠٢٠ ی کۆچی مانگیش، دیسان دەبینین "شا عەباس"بە دوای کوردانی موکرییەوەیە. لەو ساڵەدا بە ئەمری شا، "پیر بوداق خان" حاکمی تەورێز و ساروو سوڵتان حاکمی ساروقۆرغان و "ئاقاخانی مەقەدەم"، حاکمی تازەی مەراغە و "قازی بەیگ" کوڕی میر ئەسکەندەر ڕوویان کردە بانە و بڕیار درا لە هەر کوێیەک کوردی موکرییان دیتەوە بیکوژن. شا هەروەها حوکمێکی شایانەی بۆ حاکمی ئەردەڵان نووسی کە هەر کام لە ئەندامانی عێلی موکری پێیان نایە حەدوسەدی ناوچەی ژێر دەستەڵاتی ئەو، بیانکوژێ و سەری بڕاویان بۆ دەربار بنێرێت، هەروەها پێویستە لەشکرێک کۆ بکاتەوە و بۆ هەرچەشنە کاردانەوە و هێرشێکی موکرییەکان ئامادە بێ. بە پێی دەستووری "شا عەباس"، "خان ئەحمەدخانی ئەردەڵان" هاوڕێ لەگەڵ باقی حاکمە کوردەکان، سەدو نەوەد کەس لە سەرکردەکانی موکری کە پەنایان بۆ "حەسەن قەلعەسی" لە دەوروبەری بانە بردبوو و خۆیان تێدا حەشار دابوو، هەر لەو قەڵایەدا ئاگریان تێ بەردرا و هەموو موکرییەکان کوژران. (٦) (منجم، ٤١٤).

لەمەڕ کوشتاری عێلی موکرییەوە، ڕەنگە لە لایەک ئەو هۆکارانەی لە کتێبەکانی "عالەم ئارا" و "مێژووی عەباسی"دا باس کراون، لە لایەک میتودی کردەی دەوڵەتی سەفەوی و شێوەکانی بۆ بردنە پێشی مەبەستە چەکدرای و سیاسییەکانی لەو کاتەدا، کە بریتی بوو لە سەرکوتکردنی هەر چەشنە ڕاپەڕین و ڕابوونێک، بەس بێ و پێوست بە پاساوی دیکە نەکات، بەڵام ئەوەش جێی تێڕامانە کە ئەو عێلە تەنانەت پاش قەتڵوعام کردن و کۆمەڵکوژییەکەشیان هەر لە ژێر گوشار و ڕاوەدووناندا بوون.

# ئیستێتیکا و واتای هێمای هونەری

تەها ئەحمەد ڕەسووڵ
(سلێمانی)

هەر لە سەرەتاوە مرۆڤ لەڕێگەی دروستکردنی فۆرم و شێوازەکانی ئاخاوتن و ئاماژەوە هەوڵی داوە گوزارشت لە شتەکانی چوار دەوری خۆی بکات و بەرانبەرەکەی تێ بگەیەنێت. هێما و ئاماژەکانیش ئەفراندنی مرۆیین و شتێکن کەوتوونەتە دەرەوەی خودی مرۆڤ و هەڵسوکەوتەکانی، بۆ ئەو مەبەستەش هەمیشە هەوڵی داوە لێکدانەوە و دەربڕینەکانی وێنا بکات لە شێوەی بەرجەستەکردنی ئەو هێما و ئاماژانەی لای خەڵکی پاشخانیان ڕۆناوە، ئیدی ئەو فۆرمەش هەر شتێک بووبێت بووەتە هەڵگری بیرۆکەکانی.

سروشتی هونەری شێوەکاری گوزارشتە لە پێداویستییەکانی مرۆیی، ئادەمیزاد بە هونەرەکەی هەموو شتەکانی دەوروپشتی خۆی بە ئیستێتیکای تایبەتی و هێمای هونەری بارگاوی کردووە، هێما و ئاماژەکان لەمیانی هونەری شێوەکاریدا تەواوی پەرەیان پێ دراوە و بەوپەڕی ئازادییەوە ئاماژە دەبەخشێتە شتە مەئلووف و نامەئلووفەکان، واتە بوونەتە زمانی نوێ و بینەر و وەرگر لەمیانی فۆرمی ئاماژە نوێیەکانەوە توانیویانە زمانی تایبەت بە هەست و بیرکردنەوەکان لەنێو خۆیاندا بەکاربهێنن. بەوەش واتا و مانای نوێ هاتوونەتە بەرهەم، هەموو ئەمانەش، بێ گومان لە چاوگی دەروون و خودەکانەوە سەریان هەڵداوە کە گوزارشتی بیرکردنەوەی هونەرمەندانە لە وێناکردنێکدا کە بە هێمای هونەری ناوزەد دەکرێن. هێمای هونەری واتایەکی ئیستێتیکی هەیە و لەڕێگەی فۆرم و ڕەنگ و هێڵەکانەوە شرۆڤە دەکرێن و خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت.

## چەمکی هێما

مەبەست لە هێما (سیمبۆل) شێوەیەکە لەبنەڕەتدا



**ڤان کوخ**

گوزارشتی شتێک دەکات کە خۆی لەخۆیدا بوونی هەیە، دێت و لەبری ئەو جێگەکەی دەگرێتەوە، بەمانایەکی دیکە هێمای شێوە شتێکی دیکە دەردەبڕێت، هەر بۆیە هێما دەبێتەوە یەکێک لە فۆرمەکانی نمایشکردنی ناڕاستەوخۆ کە چیتر ئەو شتە بە ناوەکەی خۆی ناونانرێت، بەڵکو دەبێتەوە جۆرێک لە جۆرەکانی دەربڕین. هێماکان لە هونەردا ئاستی جۆراوجۆری واتاکانی کارە هونەرییەکە بەدەستەوە دەدەن، بەواتای ئەوەی نابنەوە بەشێک لە ناوەرۆکەکەی ئەوەندەی دەبنە ڕەگەزەکانی ئەو وێنەیەی خاوەنی واتا و مانایە کە ئەویش پێی دەوترێت (وێنەی دەربڕینخوازی).

### جیاوازی نێوان هێمای هونەری و ئاماژەکانی دیکە

بۆ ئەوەی بگەینە مانای ئیستێتیکی هێمای هونەری، پێویستە سەرەتا ئەو هێما هونەرییانە لە هێما و ئاماژە گشتییەکانی تر جیابکەینەوە، شان بە شانی پەرەسەندنی گەڕان و پشکنینە هونەرییەکان شتێکی دیکە هاتە ئاراوە کە ئەویش بایەخدان بوو بە کێشەی نێوان زمان و واتا، لەو پێناوەشدا چەندان تیور هاتنە کایەوە، لەوانە تیورەکەی (چارلز مۆریس) مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی شیکاگۆ، ئەو لە تیورەکەیدا جیاکارییەک لەنێوان زمانی زانستی و تەکنۆلۆژی و زمانی ئیستێتیکا دەکات، لەوەدا پشتی بە شیکردنەوە و شرۆڤەکاریی هێما و ئاماژەکان بەستووە، لێرەدا وا پێویست دەکات بەراوردێک بۆ هێماکان بکەین لە هەریەکە لە زمانی زانستی و زمانی تەکنۆلۆژی و زمانی هێمای هونەریدا تا شێوەکانی چالاکییە مرۆییەکان دەستنیشان بکەین کە خاوەن ئەو زمانانەیە.

زمانی تەکنۆلۆژی شێوازی فەرمان بەکاردەهێنێ و لە ڕەوشە دیاریکراوەکاندا پەیڕەو دەکرێت، زمانێکە بڕیار لەسەر ڕاستییەکان نادات و هیچ بەهایەکی دیاریکراو ناگەیەنێت، هەرچی زمانی زانستیشە پێشبینی ورد پێشکەش دەکات، چونکە پێوەندییەکانی نێوان ئاماژە و واتاکانیان کەشف دەکات لە واقیعێکدا بەو پێیەی ئەو پێوەندییانە ببنە بەدیهێنەری دەستنیشان کردنێکی زانستی. وەلێ زمانی ئیستێتیکی زمانێکە گوزارشت لە بەهایەکی دیاریکراو دەکات، بۆ نموونە کاتێک دەڵێین: ئەم تابلۆیە جوانە، ئەو دەمە هونەر دەبێتە زمان بۆ گەیاندنی بەهایەک، هێماکانی هونەر واتا و ئاماژەیەکن جیاواز لە ئاماژەی بەکارهێنراوی زمانەکانی دیکە، بۆیە پێویستە پۆلێنکاری بکرێت لەنێوان هێما هونەرییەکان و ئەو هێمایانەی لە زانست و لۆژیکدا بەکاردەهێنرێن، لەم ڕووەوە شتێکیش هەیە بەناوی توێژینەوەی هێما و ماناکانیان. زانستەکان بەگشتی ئاماژە جۆراوجۆرەکان بەو هێمایانە ناودەبەن کە پێیان دەوترێت پیت و شێوە و ژمارەکان، لێ بەمانایەکی ورد و دروستی وشەکە نابنەوە سیمبۆل و هێما، بەڵکو هێما (ساین) و ئاماژەی تایبەتین.

جیاوازی نێوان ئاماژە و هێما (واتە ساین و سیمبۆل) ئەوەیە کە ئاماژە واتایەکی نییە کاتێک لێی ڕادەمێنین، بەڵکو واتاکانی خۆی لەو شتانەوە دەستگیر دەکات کە هەمووومان لەسەری ڕێککەوتووین بۆ ئاماژەدان پێی، بەڵام هێما (سیمبۆل) لەنێو خۆیدا هەڵگری واتایەکی تایبەتییە هەر کاتێک تەماشای دەکەین و کارمان تێدەکات، پێوەندی نێوان فۆرم و ناوەڕۆکیش لە کاری هونەریدا پێوەندییەکی سروشتییە، نەک پێوەندییەکی دروستکراو، یان وەک ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان ئاماژە و ماناکەیدا هەیە.

## مانای ئیستێتیکی هێمای هونەری

هێما و هێماخوازی لەو وەختەوە لەئارادایە کە مرۆ گوزارشتی لە دەروونی خۆی کردووە، مرۆ هەر لە دێرینەوە، لە زگماکەوە هەڵگری هێماکانە، خەسڵەتێکی ڕووت و داماڵراوی بەخشیوەتە فۆرم و شێوەکان تا ئەو واتایە بخەملێنن کە شتەکان هەیانە، بایەخی ئەو هێمایانە لای توێژەرەوانی هونەری بەوە لێکدەدرێتەوە کە بنەڕەتی ڕەگەزە زەخرەفییە بەکارهێنراوەکانن لە هونەرەکاندا و مرۆ بەپێی زەمەن ئەو بنەڕەتانەی بیرچووەتەوە. ئەگەر چاو بە سەردەم و کولتوورە هەمەچەشنەکانی مێژوودا بخشێنینەوە، چاخەکانی بەر لە مێژوو، هەر لە کولتوورەکانی میسری و ئێرانی و چینی، تەنانەت ئیسلامییەکانیش، دەبینین هەڵگری هێما و سیمبۆلی جۆراوجۆرن، چ لە ڕووی فۆرمەوە چ لە ڕووی ماناکانیانەوە، یان لە ڕووی شێوەوە لێکچوون و لە واتاکانیاندا لە کولتوورێکەوە بۆ کولتوورێکی دیکە جیاوازی بەخۆوە دەبینن، یەک هێما دەتوانێت ڕوانینی نەتەوە و میللەتەکان پێکەوە کۆبکاتەوە، یان جیابکاتەوە.

لە هونەردا پێوەندییەکی تایبەتی نێوان مرۆڤ و ڕەگەزە جوانەکانی سروشت و ژیان دێتەکایەوە، ئەوەش بەپێی باری دەروونی و ڕوحی ئەو کاریگەرییە ڕەنگرێژ دەبێت، واتە بەپێی ڕێککەوتن و گونجانی ئەو شتانە لەگەڵ حاڵەتەکانی هەست و دەروونددا. گەوهەری ژیان و جوانییەکانی ناکرێت گوزارشتیان لێوە بکرێت تەنیا بەو هێما و سیمبولانە نەبێت کاتێک شتەکان و بارە دەروونییەکان پێکەوە دەسازێن، بە مانایەکی دیکە گەوهەری ژیان و جوانییەکانی دەرنابڕرێن تەنیا بەو هێمایانە نەبێت کە دەچنە نێو قووڵاییەکانی دەروون و شتە تایبەتییەکانی خودەوە.

دیالۆگی هێماکان لە هونەردا سیمایەکی ئاڵۆزی نێو ئاگایین، پێوەندییەکی تۆکمە لەنێوان سیمبۆل و دەربڕینەکاندا هەیە و هەردووکیان لە خاکێکەوە سەرچاوە دەگرن کە ئەویش ژیانی تایبەتی بیرکردنەوە و هەستکردنی مرۆیە، دەشێت بە بەراورد و خواستن دەربارەی جیهانی دەرەکی گوزارشت بکرێت، وەلێ قسەکردن و دەربڕین سەبارەت بە گەوهەری ژیان شتێکە مومکین نییە ئەگەر بە هێما و سیمبۆلەکان نەبێت، ئاکامی ئەوەش ئەو وێناکردنە بەرهەم دێت کە لەنێو شوێنە قووڵەکانی دەرووندا هێز و توانستێکی هێماخوازیی هەیە.

جیهانی هونەر هەڵگری سیمبۆلەکانە، هێمای فۆرمەلە و ئەو ڕەنگانەی واتای خۆیان دەبەخشن، لە ڕەنگەکاندا واتا و هەستەکان هەن کە وەردەگێڕرێنە سەر بابەتە تایبەتییەکانی خۆبان. پێزانین و درککردنی فۆرمیش تەنیا لەسەر ئەو هەستانە ناگیرسێنەوە کە پێمان دەبەخشن و وێنەیەکی تایبەتمەندمان دەدەنێ، بەڵکو کاتێک فۆرمێک جێگیر دەکەین و لە پانتاییەکی دیکەدا دایدەنێین، بەو چەشنە درک و هەستەکانمان دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە کە فۆرم و شێوەکە ئەو گۆڕانەی بەسەردا هاتبێت، واتە فۆرمێک بەپێی پانتایی و ڕووبەر و فەزای چواردەوری کاریگەریی دیاریکراو دروست دەکات، ئەوەی بەسەر فۆرمدا دەچەسپێت، بەهەمان شێوە ڕەنگیش دەگرێتەوە، هەردووکیان دەبنەوە ڕەگەزەکانی بنیادی کاری هونەری.

کاتێک (ڤان کوخ) تابلۆی گوڵەبەڕۆژە دەنەخشێنێ، گوڵەبەڕۆژەکەی وەک سیمبۆلێک بەکارهێناوە نەک هەر ئەو گوڵە بێت کە بوونی خۆی هەیە، بەڵکو لەو کارەدا ئەو پێوەندییە تۆکمەیەمان بۆ دەنەخشێنێ کە بە ڕەنگەکان و شێوەکەیەوە لەنێوان پیاوێک و گوڵێکدا هەیە. لە نامەیەکیدا ڤان کوخ باس لەوە دەکات چۆن نەیتوانیوە مەبەست و مەرامەکانی خۆی بەدیبێنێ تەنیا بەو هێما و سیمبۆلانە نەبێت کە ڕەنگە دیاریکراوەکان بەخشیویانە.

یان کاتێک (پیکاسۆ) تابلۆی ناوداری ژێرنیکا بەرهەم دێنێ، مەبەست تێیدا نارەزایی و سەرکۆنەکردنی بۆردومانکردنی گوندی ژێرنیکایە لە ماوەی شەڕی ناوخۆیی ئیسپانیادا، کاتێک دەڕوانینە ئەو ئەسپەی لە چەق و ناوەڕاستی تابلۆکەدایە (بۆ نموونە)، هەست بە ماندوویی و ئازارەکانی دەکەین و شپرزەمان دەکات، ئەسپ وەها ناسراوە کە ئاژەڵێکی ئارامە و هێمایەکە بۆ وزە، لێ لەو کارە هونەرییەدا دەبینین شێوەکەی شێوێنراوە و بە توورەییەوە ئازار دەچێژێت، لەوەشدا هەست بە تراژیدیای گوندەکە دەکەین و هەست بەو شتانەش دەکەین کە پێچەوانەی ژیان بوونەتەوە، لە تابلۆکەدا فۆرمی

ئەسپەکە بووەتە سیمبۆلێکی کاریگەر بەبێ ئەوەی تەواو ڕۆبچینە نێو وردەکارییە قێزەونەکانی جەنگەوە. لە تابلۆی (تراژیدیا)دا پیکاسۆ مانایەکی سیمبۆلی بەخشیوەتە ڕەنگە شینە هارمۆنییەکەی، وەک ئاشکرایە ڕەنگی شین ڕەنگێکی ساردە و بەکارهێنانی تۆنە خۆڵەمێشییەکانی شینێکی مات تابلۆکە دەخاتە نێو دۆخێکی سارد و ڕەشبینییەوە، ڕەنگ لەو تابلۆیەدا ئاماژەدانە بە خەمۆکی و ئازارێکی قووڵ لە تراژیدیای مرۆڤدا.

(کاندینسکی) دەڵێت: تابلۆ لای من بەشێوەیەکی تەمومژاوی دەرژێتە نێو ژیانی تەواوەوە، ژیانێک لە چەرمەسەری و گومان و کاتەکانی سەرگەرمی، بێ گومان ئەم وتەیەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ڕەنگ لە گوزارشتکردن و هێماخوازیدا چ ڕۆڵێک دەگێڕێت، ئەم وتەیە بەسەر تابلۆی مرۆڤە سەرەتاییەکانیشدا دەچەسپێت کە لە ئەشکەوتەکاندا نەخشاندوویانە. لێرەوە دەگەینە ئەوەی بڵێین ڕەنگ و فۆرم واتا و مانای سیمبۆلی خۆیان هەیە، ڕەنگ لەخۆیدا پەرچەکردار و ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو هەست و لێکدانەوانەیە کە لە دەروونماندا هەیە و بەرانبەر بە شتەکان دەریدەبڕین.

(سوزان لانگەر) فەیلەسوفی بواری ئیستێتیکا دەربارەی هێمای هونەری ڕای تایبەتی هەیە، ئەو پێی وایە (هونەر) وەک گشتێک، بە گشتگیری هێمایە بۆ ویژدانی مرۆیی، هونەر وەک سیمبۆل و هێما هەموو ئەو پێزانین و هەستکردنانەیە کە پێوەندی نێوان بەش و یەکە تایبەتییەکان لەو گشتەدا نمایش دەکرێن، سوزان هێمای هونەری و هونەر وەک هێما لەیەکتر جیادەکاتەوە، بەڵکو هەموو تیورەکانی لە ئیستێتیکا و جوانیناسیدا لەسەر ئەو (سیمبۆل)ـە دەگیرسێتەوە، لەو بڕوادایە هێما لە هونەردا بەکاردەهێنرێت، بێ ئەوەی هێمایەکی هونەری بێت، پێی وایە زۆر لە هێماکان لە هونەردا هەن و شوێنگەی خۆیان دەکەنەوە، بەڵام هونەری هێما شتێکە بەش بەش ناکرێت و وەک گشتێک هەست پێ دەکرێت. هونەر لای ئەو وەک فۆرمێک لە کۆمەڵە ڕەگەزێکی جۆراوجۆر و هەمەچەشن پێکدێت کە هەموویان پێکەوە پەیوەست دەبن و کارلێکیان لەگەڵ یەکتردا هەیە بۆ ئەوەی ئەو فۆرم و شێوەیە بەرجەستە بکەن کە دەیانەوێت بیخەنەڕوو.

لانگەر جیاکاری لەنێوان هێما لە هونەردا و هێمای هونەر تەنیا لەڕووی ئەرک و ڕۆڵ بینینەوە ناکات، بەڵکو لەڕووی جۆریشەوە دەیسازێنێ، سیمبۆل و هێماکان لە هونەردا بەمانای ئاسایی خۆیان خودی هێمان سەرباری بوونی ئاست و پلەکانی ئاڵۆزی، واتە لە ساناترین شێوەوە تا شێوە ئاڵۆزەکان واتای خۆیان دەبەخشن. وەلێ هەرچی هونەرە وەک هێما دەبێتەوە وێنەیەکی دەربڕین و وێنە و فۆرم دەخاتە بەر ئەزموونەوە تا بیگەیەنێتە شێوەیەکی بەرجەستە و بینراو و ڕاستەوخۆ هەستی پێ بکرێت، سەبارەت بە ناوەڕۆکەکەشی ئەوە هەر لەناوەوەیدا هەیە، هەروەک هێما ڕاستەقینەکان هەن.

هێمای بەکارهێنراو لە هونەردا دەشێت فۆرم و شێوەیەکی خەیاڵی و خوازراو بێت، بەڵام هونەر وەک هێما و سیمبۆل وێنەیەکی خەیاڵی ڕەهایە کە ناتوانێت لەگەڵ شتێکی تردا بێت، واتە گشتێکی تۆکمە کە ڕاستەوخۆ درک بکرێ و سۆز و زیندوویێتی تێدابێت.

لێرەوە دەگەینە ئەوەی بڵێین (هێما هونەرییەکان) واتای ئیستێتیکییان لە کاری هونەریدا هەیە، ئیدی بە ڕەنگ و هێڵ بێت، یان بە فۆرمەکان، هەموو ئەو هێمایانە بەوە لێکدەدرێنەوە کە زمانی هونەرمەندن، بۆ ئەوەی بگەنە بەرانبەر و کار بکەنە سەری و پەیامەکەی پێ ببەخشن. هەندێک لە فەیلەسوفەکانی هونەر، لە نموونەی سوزان لانگەر پێیان وایە کە کاری هونەری وەک گشتێک بریتییە لە (هێما) کە گوزارشتن لە ویژدانی مرۆڤایەتی و ناشێت بەسەر چەند هێمایەکی دیکەدا دابەش بێ کە واتا و مانای تایبەتییان هەبێت، بەڵکو کاری هونەری بە هەموو ڕەگەزە پێکداچووەکانییەوە دەکرێت بە (سیمبۆل) ناوزەد بکرێت.

## وەرگر و چۆنێتی تێگەیشتن لە هێمای هونەری

هێماکان وەک چۆن لە گوزارشتە مرۆییەکاندا هەیە و ئاماژەی شتەکان لای هەمووان ئاشکرایە، بەهەمان شێوە لە هونەریشدا دەگەنە بینەران و هونەردۆستان، بەڵام ئەمەی دیکەیان پێویستی بە ئەزموون و پاشخانێکی مەعریفی دەبێت کە خۆی لە ڕۆشنبیریدا دەبینێتەوە، بێ گومان هەموو شتەکان وەک چۆن خاوەنی ناوی خۆیانن، هەروا ئاماژە و هێمای تایبەتیشیان هەیە کە بەپێی بەرکەوتن و یەکالاکردنەوەیان پێ دەزانرێن و دەبنە

زمانێکی گشتی.

ڕەنگە لە کولتوورێکەوە بۆ کولتوورێکی تر گۆڕانکاری بەخۆوە ببینن، وەلێ هەموو ئەو شتانەی بە هونەرەوە پەیوەست دەبنەوە زمانی گشتین و هونەر خاوەنی زمانی تایبەتی خۆیەتی. بۆ نمونە کاتێک دەڵێین پیاو مەبەست لە ڕەگەزێکی مرۆییە کە بەپێی قۆناغ و تەمەن بووەتە ئەو بوونەوەرە، واتە لەکاتێکدا هێڵکاری، یان وێنەی پیاوێک دەنەخشێنین، وەرگر ڕاستەوخۆ درک بەوە دەکات کە ئەوە وێنەیەکە بۆ فیگەری پیاو و لە کوڕێکی منداڵ جیادەکرێتەوە، بەڵام سەبارەت بە هونەر شتەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە ئاماژەکان هەمان ئەو ئاماژانە بن کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاردەهێنرێن.

پێشتر باسمان لە فیگەری ئەسپەکەی تابلۆی ژێرنیکای پیکاسۆ کرد کە ناوەندی تابلۆکەی داگیرکردووە، ئەوەشمان زانی بەهۆی ئەو خەسڵەتانەوە کە ئەسپەکە هەیەتی هەست بە ئازار و ماندوێتی ئەسپەکە دەکەین و تراژیدیای گوندی ژێرنیکامان بۆ گەڵاڵە دەکات، وەلێ لەوێدا زمانێکی جیهانی بەبەردا کراوە، ئەوەندەی زمانێکی ناوچەیی و جوگرافی بێت، دەشێت لای ئیسپانییەکانیش ئەو شوێنگەی ئەسپە جێگەی پرسیار بێت کە بۆچی ناوەندی تابلۆکەی پێ بەخشراوە و فیگەری (گاجووت) چووەتە پەرێکی دیکەوە کە لای چەپی تابلۆکەیە.. لای ئیسپانییەکان (گاجووت) هێمایە بۆ ئازایەتی و هێز و وزەی بوونەوەرێک کە کولتووری تەنیونەتەوە، بەڵام دەبینین لای پیکاسۆ گاجووت بووەتە هێمایەکی دیکە و بە شێوەیەکی سەرەکی نمایش نەکراوە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پیکاسۆ لە دیدگا و بۆچوونی خۆیدا بەرپەرچی کولتووری ئیسپانی دەبێتەوە و ئەو ئەفسانەیە ڕەت دەکاتەوە کە گاجووتەکە لە شەڕی دژ بە ئەسپدا براوەیە و ورگی ئەسپەکەی هەڵدڕیوە، یان بەرەنگاربوونەوەی یاری مەیدانی گابەزێنی ئیسپانی کە ئەو خوێن و ڕووبەڕوو بوونەوەیە چیتر قبووڵ ناکات و لە دەرەوەی کولتوورەکەوە تەماشای دەکاتەوە. ئەم ڕوانینەی پیکاسۆ لە تابلۆی شەڕی میناتۆریشدا بەهەمان شێوە بەرجەستە بووە و دەبینین گاجووتەکە دۆڕاوە و شەکەت بووە، لەکاتێکدا میناتۆر بەسەریدا زاڵ بووە و لەناو جەستەیەوە فیگەری ئەسپێک هاتووەتە دەرەوە.
(هەرچەندە شتێکیش لە ئەسپەکەی تەرواده نزیکمان دەکاتەوە).

وەرگر کاتێک هەموو ئەم شتانە نەزانێت کە لە پاشخانی پیکاسۆی هونەرمەنددا هەن، ڕەنگە وەها بڕوانێتە تابلۆی ژێرنیکا کە پیشاندانی تراژیدیایەکە و هیچی تر، واتە تەنیا لە پەیامی هونەرمەند تێدەگات نەک یەکە و بەشەکانی تابلۆکە، چونکە ئەو تابلۆیە لە چەند یەکە و بەشێک پێکهاتوون کە وەک شانۆییەک چوونەتە سەر تەختەی نمایشێکی هونەری. هەرچۆنێک بێت، هونەر بێجگە لەوەی هەڵگری هێماکانە و بە وتەی سوزان لانگەر خودی هونەر خۆی هێما و سیمبۆلە، بێ تێگەیشتن لە خودی هونەرمەندەکان دەشێت نەگەینەوە گەوهەری هونەر، هونەر بێ هونەرمەند نییە و هەموو شتە تایبەتمەند و بیروبۆچوونە خودی و تایبەتییەکان دەڕژێنەوە نێو هەناویەوە، ئەگەرچی هەموو کارێکی هونەری زمانی تایبەت بەخۆی هەیە، لێ پێزانینی خەسڵەت و پێکهاتەکانیش پێویست دەکات وەرگر باشتر لە بارەیانەوە بزانێ، هەر بۆیە پێزانین و درککردنی سەراپا هێما و ئاماژەکان وەرگر دەکاتە هونەردۆست و لە بینینی نمایشی هونەریدا ئەزموونی دەبێت.

وەک چۆن دەوترێت مانای شیعر ئەوەتا لە دڵی شاعیرەکەدایە، بەو چەشنەش هونەر هەڵگری هەموو شتە تایبەتییەکانە و وەها پێویست دەکات لەگەڵیدا بەشدار بین کە پەروەردەی هونەریمان سەربخەین و پاشخانێکی مەعریفی و ڕۆشنبیری ڕۆبنێین، لەو پێناوەشدا زۆرینەی ڕێبازەکانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی هونەری شان بە شانی هونەر لەئارادان و بۆ زیاتر ڕۆشنکردنەوەی ڕەهەندەکانی تێدەکۆشن، لەوێشەوە هونەردۆستان دەگەنە خوێندنەوەی ئەو هێمایانەی پێشتر لایان ڕۆشن نەبوون.

**سەرچاوەکان:**

**١- المعايشة الجمالية، راتب مزيد، دمشق، ٢٠٠٤.**

**٢- رمز الفن و رمز في الفن، سوزان لانجر، گۆڤاری (علامات في النقد الادبي)، ژ: ١٤، ١٩٩٤.**

**٣- فلسفة الفن عند سوزان لانجر، حكيم راضي، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦.**

**٤- مقدمة في علم الجمال، أميرة حلمي مطر، قاهرة، ١٩٧٦.**

# گورگی ڕووتەڵان و کچە سەماکەرەکەی هەڵۆی ڕەش

هاشم سەڕاج




ڕۆمانی «گورگی ڕووتەڵان» لە نووسینی «هێرمان هێسە»یە، حەکیم کاکەوەیس لە سوێدییەوە وەری گێڕاوە بۆ زمانی کوردی، ئەم ڕۆمانە لە بنەڕەتدا کارکردنە لەسەر ڕەشنووسەکانی پیاوێکی تەریک و گۆشەگیری تەمەن پەنجا ساڵ کە نێوی «هەڕی هاللەر»ە و بە گورگی ڕووتەڵان بەناوبانگە، ڕەشنووسەکان لێوانلێون لە دید و بۆچوون و ڕوانینی قووڵی فەلسەفی، هەڕی دێ و بەرێکەوت لە دەرگای ماڵی پووری گێڕەرەوەی ڕۆمانی گورگی ڕووتەڵان دەدا و ژوورێکی بچووک بەکرێ دەگرێت کە بە تەنیشت بەیتوونەیەکەوەیە.

هەڕی جانتایەکی گەورەی پڕاوپڕ لە کتێب لەو ژوورە بچووکەی کە بۆ نووستن بەکرێی گرتووە، پەرشوبڵاو دەکاتەوە، هەڕی بوونەوەرێکی غەریب و تەریک و گۆشەگیر و کێوییە، بەڵام لە هەمان کاتدا خاوەن هۆشمەندییەکی قووڵ و ترسناکە! بە تایبەتی ڕوانینی بۆ بوون و کات و عیشق مەرگ و جوانی، وێڕای کەسایەتییە شیزۆفرینیاییەکەی، بەڵام دواجار کارەکتەری ڕۆمانەکە، کە گێڕەرەوەیە، لاسایی هەمان کەسایەتی گورگی ڕووتەڵان، یان هەڕی هاللەر دەکاتەوە، یان بەشێوەیەکی تر، ڕوحی گورگی ڕووتەڵانی تێدا بەرجەستە دەبێت و بەشێوەیەکی شیزۆفرینیایی و نزیک لە چرکە هەستیارەکانی شێتی هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی دەنوێنێت و بیر لە خۆکوژی دەکاتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە (هەڕی)ی بچووک، یان گێڕەرەوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە لە ڕووی خەسڵەتی تەریکی و گۆشەگیرییەوە هەمان کەسایەتی هەڕی هاللەری هەیە، هەڕی لە ناخڕا عاشقی بۆنی خۆش و پاکژییە [ئێرە بۆنێکی خۆشی لێدێ] مەبەستی ئەو خانووەیە کە ژوورەکەی تێدا بەکرێ گرتووە، وێنەی ژنێکی گەنجی بەقەدی دیواری ژوورەکە هەڵواسیوە ئەمە وێنەی ئەو ژنەیە کە جار جارە سەردانی دەکات، هەڕی مرۆڤێکی ئازار چەشتەو ڕەشبین و تەریک و گۆشەگیر، حەزی لە ژیانی بەرەڵڵایی و کەمتەرخەمییە، پێی وایە هەموو سەردەم و کولتوورێک

خاوەنی توندوتیژییەکی تایبەت بەخۆیەتی ڕەوشت و دابونەریت. هەڵگری جۆرێک لە توندوتیژی شاراوەن،هەڕی لە تایبەتمەندی و بنەماکانی زەبروزەنگ و توندوتیژی سەدەکانی ناوەڕاست دەکۆڵێتەوە و دەگاتە ئەو بڕوایە کە ئەوکاتە ژیانی مرۆڤ دەبێتە دۆزەخ کە دوو کولتوور و دوو ئایین دەست بخەنە کاروباری یەکترەوە، هەڵبەتە ئەم بیروبۆچوونانە لە ڕەشنووسەکانی «هەڕی»یەوە هەڵدەقووڵێن، دەق بەشێوازێکی تارمایی ئامێز هەردوو کەسایەتییەکان تێکەڵ بەیەک دەکات، زۆرترین دەرکەوتن بۆ «هەڕی»ی بچووکە کەمترینیش بۆ (هەڕی) خاوەن ڕەشنووس، هەڕی لە ناخڕا دژ جەنگ و هەڵگیرساندنی جەنگە، بۆیە لە ئێزگە و تیڤی و گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا، دژایەتی بیروبۆچوونی دەکەن و بە ناپاک تۆمەتبار دەکرێت.

هەڕی شەیدای جوانی و ئاشتی و موزیک و سەما و ئەدەبیات و فەلسەفە، بە تایبەتی شیعرەکانی گووتێ و نۆڤالیس و فەلسەفەی نیتشە، شۆپنهاوەر، مۆسیقای واگنەر و هزری بوودایی، زۆرجار ئاماژە بۆ فاوستی گووتێ دەدەرێت، لە هەمان کاتدا دەق لەو بڕوایەدایە کە وڵاتە زلهێزەکان بەشێوەیەکی پراکتیکی لە ڕێگەی هەڵگیرساندنی جەنگە جیهانییەکانەوە کار لەسەر هزر و تیوری ئابووری «تۆماس ڕوبرت مالتۆس- ١٧٦٦- ١٨٣٤)ی ئابووریناسی ئینگلیزی دەکەن کە بڕوای بە جۆرێک لە هاوسەنگی هەیە لەنێوان گەشەو ڕێژەی زۆربوونی دانیشتوانی کۆمەڵگای مرۆیی و کەمبوونی ڕێژەی کەرستەی خۆراک، دەکرێ لە هەمان دیدی مالتۆسییەتەوە لە هەلومەرجی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوین بڕوانین، وەک کۆمەڵگایەکی بەرخۆر کە توانایی بەرهەمهێنانی تێدا بەدی ناکرێت، یان کەشی بەرهەمهێنانی هیچ جۆرە کاڵایەکی بۆ فەراهەم نەکراوە، تەنیا متمانە لەسەر دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت دەکات، بۆیە لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین کۆمپانیا شاراوە و زلهێزەکانی عەسکەرتاری، گرووپی توندوتیژی تیرۆرستی بەرهەم دەهێنن و دواتر بە شێوازێکی تەکنیکی هەر خۆیان ڕووبەڕوویان دەبنەوە و دەکرێ بڵێین باشووری کوردستانیش لەم شەڕەی کە ئێستا بەسەریدا سەپێنراوە، باجی هەمان زەبروزەنگی ڕۆژهەڵاتی ناوین دەدات، بۆیە هەڕی پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە دوای بڕینی قۆناغە یەک لە دوای یەکەکانی (سەما) و بینینی شانۆی جادوویی لەگەڵ «گۆستاف»ی هاوڕێی دەورانی قوتابخانەی سەرەتایی پراکتیزەی هزری مالتۆسییەت دەکەن و بە قەنناس چەندان شوفێر و سەرنشینی ماشێنەکان تیرۆر دەکەن، تا ڕێژەی دانیشتوانی سەر زەوی کەم بێتەوە و هەوا و خۆراک بەشی ئەوانی تر بکات، هەڕی بۆ خۆی کەسایەتییەکی نیهێلیستییە و لە زوویەکەوە عاشقی «ڕۆسا کریسلەر» بووە کاتێ بیر لە ڕۆساو وەنەوشەکە دەکاتەوە خەم دایدەگرێت، هەڕی هەست دەکات خاوەن دوو ڕوحە، ڕوحێکی مرۆیی و ڕوحێکی گورگی، بۆیە خۆی بەگورگی ڕووتەڵان دەزانێت، هەڕی خوێنەرێکی بەرزە و کێوییەکی نەزانیشە، لە هەمان کاتدا خودان دوالیزمێکی فاوستییە، هەڕی بچکۆل تەمەنی ٤٨ ساڵە و لەگەڵ (هەڕی)ی خاوەن ڕەشنووس دوو ساڵی بەینە، هەڕی دەیویست لە پەنجا ساڵیدا خۆی بکوژێت، بەڵام هەڕی لەگەڵ بینینی ناشتنی تەرمەکە، دووچاری ڕەشبینی و نائومێدییەکی قووڵ دێت، ئەو بەرێکەوت چاوی بە جەنازەیەک دەکەوێت و کاتێ بەشداری ڕێوڕەسمی ناشتنەکە دەکات.

پێی سەیرە کە مرۆڤ دواجار دەخرێتە نێو چاڵێکی ڕەشەوە، هەڕی لە گۆڕستانەکە گوێی لەناوی هەڵۆی ڕەش دەبێت، هەڵۆی ڕەش مەیخانە و شوێنگەی دانس و سەمایە، دەقی گورگی ڕووتەڵان، لێرەوە لە مەیخانەی هەڵۆی ڕەشەوە باس لە چەمکی ترسناکی جوانی دەکات، هەڕی لەگەڵ ناسینی «هێرمینە»ی کچە سەماکەری مەیخانەی هەڵۆی ڕەش، سەرتاپای ژیانی دەگۆڕێت، ئەوە هێرمینەیە مرۆڤێکی گۆشەگیر و تەریک و ڕەشبین و نیهێلیست فێری سەما و پێکەنین و ژیان دەکات. هێرمینە دەیگوت «من لەسەر ئەو پیاوانە دەژیم کە عاشقم دەبن» حەز دەکەم تۆش عاشقم بیت، بەڵام هەڕی هێندە شیعرەکانی گووتێ و نوڤالیس و بۆدلێری خوێندۆتەوە، زۆریش چێژی لە سەمفۆنیاکانی باخ و مۆزارت و هایدن و ڤالێنسیا بینیوە، ئێستا هەست دەکات گورگی ڕووتەڵانە، بەهێرمینە دەڵێ: من نیوەم مرۆڤە و نیوەکەی ترم گورگ،

هێرمینە هەوڵ دەدات هەڕی فێری سەمای فوکستروت بکات، بەڵام هەڕی لە یەکەم چرکەی عیشقەوە هەست دەکات. پابلۆی ساکسۆفۆنژەن، شەیدا و عاشقی هێرمینەیە، لە ڕوویەکی دیکەوە دەقی گورگی ڕووتەڵان زۆر بە قووڵی کار لەسەر دانس و مۆسیقا دەکات، سەمفۆنیای نۆیەمی بێتهۆڤن، واگنەر و باخ و هایدن و مۆزارت و مۆسیقای جاز و جۆرەکانی دانس و بالێ و سەما، هەروەها چرکەکانی نەشوەی ئۆپیوم و حەشیش کێشان چۆن مرۆڤ بەرەو دڵخۆشی و دڵنەوایی و بەختەوەری دەبات، پابلۆی ساکسۆفۆنژەنی ڕەشتاڵە هێرمینەی خۆش دەویست و ئۆپیومی دەکێشا، لە چرکەکانی نەشوە بە شێوازێکی ڕۆچڕوکێن ساکسۆفۆنی دەژەنی، هەڕی هەم لە ڕێگای هێرمینەوە هەم بەهۆی ماریاوە فێری دانس و سەمای فۆکستروت و پۆستون و بالێی پەچەدار دەبێت، بەڵام مرۆڤێکی نیهێلیست و نیگەرانە، زۆرجار ئارەزووی مەرگ لەلای دەورووژێت و حەز دەکات بە جیهانی گووتێ و نۆڤالیس و مۆزارت بگات، بابلۆ لە ڕێگەی نەشوەی ئۆپوم کێشانەوە پێشنیاری ئەوینی سێ قۆڵی دەکات، کەچی هەڕی هەمیشە هەڵوەدای هێرمینەیە و ئیرەیی بە پابلۆ دەبات، بە تایبەتی ئەوکاتەی هێرمینە جلی پیاوان لەبەر دەکات سیمای کوڕانی خۆی دەردەخات و کۆمەڵێک کچی جوان هەڵدەخەڵەتێنێت، دەق لە بنەڕەتدا کاری لەسەر چەمکی کات و ترسناکی جوانی کردووە، بە تایبەتی جوانی ڕوخسار و لەشولاری هێرمینەی کچە سەماکەر، لەگەڵ ئەوەیە هەڕی چەندان جار لەگەڵ ماریادا سێکس دەکات، کەچی هەر چاوی لە جوانی هێرمینەیە، هەڕی بەپێی هەنگاوە جۆراوجۆرەکانی دانس و بالێ و سەما و گەمەی ئاوێنەکان و شانۆی جادوویی و تەقسی شەوانی مەستی و ماسکپۆشی و دۆستایەتی گۆستافی مامۆستای تیۆلۆژی کوشتنی شوفێرەکانی و ناسینی «دۆرا»ی کچە خێرا نووسی دادوەری گشتی و دواتر شەراب نۆشین و جگەرە و حەشیش کێشان و ڕۆیشتن بەرەو جیهانی گیانی و خۆدۆزینەوە، کەچی هەڕی هاللەری خاوەن کەسایەتی شیزۆفرینیایی بەهیچ شێوەیەک واز لە جوانی هێرمینە ناهێنێت، ئاگری ئەڤین و جوانپەرستی لای هەڕی دواجار بە کوشتن کۆتایی پێ دێت، ئەم کردەیەش بەدوایین چرکەکانی گوزارشت لە قەڵەم دەدات، بۆیە کاتی هێرمینەو پابلۆی ساکسۆفۆنژەن بەیەکەوە بەڕووتی دەبینێت، یەکسەر چەقۆیەک ئاراستەی ژێر مەمکی چەپی هێرمینە دەکات، خۆیشی چەشنی شێتێک ڕادەستی پۆلیس و دادگا دەکرێت و هەڕی جوانی ڕۆسا کرسلەری یەکەم خۆشەویستی قۆناغی هەرزەکاری لە جوانی ڕوخساری هێرمینەدا دەدۆزێتەوە، هەڵبەتە ڕۆمانی (گورگی ڕووتەڵان) کۆمەڵێک بابەتی جۆراوجۆری هزری و فەلسەفی ورووژاندووە، بۆیە وەک دەقێکی کراوە دەکرێ چەندان ڕاڤە و لێکدانەوەی جیاجیا لەخۆ بگرێت، ڕاستە لە ڕووکەشدا ژیانی مرۆڤێکی خاوەن باکگراوندێکی قووڵی مەعریفی دەخاتەڕوو کە کەسایەتییەکی شیزۆیی و لاتەریک و گۆشەگیر و ڕەشبینە و لە ڕێگەی جوانی و هەڵسوکەوتی ئەڤیندارانەی کچێکی سەماکەرەوە فێری پێکەنین و سەما و ژیانی کۆمەڵایەتی دەکرێت، بەڵام دەقی گورگی ڕووتەڵان لە بنیادی قووڵدا چەندان بابەتی جۆراوجۆری تری فەلسەفی و مەعریفی خەفەکردووە، پێویستە خوێنەری وەرگر بەدوای یەک بەیەکی ماناو دەلالەتی ئەم بابەتانەدا بگەڕێت و لێکدانەوەی جۆراوجۆریان بۆ بکات.

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب: گورگی ڕووتەڵان.**

**بابەت: ڕۆمان.**

**نووسینی: هێرمان هێسە.**

**وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: حەکیم کاکەوەیس**

**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێڕان**

**چاپی یەکەم: ٢٠٠٧ هەولێر**

**چاپخانەی منارە- هەولێر**

# خوێندنەوەیەکی کورت بۆ کتێبی "مەولانا و ڕازی نەی"

ڕێبوار سەلاح دەلۆ




کتێبی "مەولانا و ڕازی نەی" لە دووتوێی ٤٥٦ لاپەڕەدا، لە نووسینی "نووسەر و ئەدیبی بە ناوبانگ "خوسرەو جاف" لەم ماوەیەدا کەوتە بەردەستی خوێنەرانی کورد و دڵنیام کە بۆشاییەکی گەورەی لە نێو کتێبخانەی کوردیدا پڕکردووەتەوە.

ئەگەرچی خودی نووسەریش لە سەرەتای کتێبەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە لەوانەیە سەردەمی نووسینی عیرفان و فەلسەفەی تەسەوف و لێکدانەوەی شیعرەکانی مەولانا و هاوبیرانی بەسەرچووبێت و خەڵکی لەم بارودۆخ و زەمەنەدا چیدی، حەوسەڵە و پشووی ئەوەیان نەبێت زۆر خۆیانی پێوە سەرقاڵ بکەن. ڕەنگە بەشێکیشی پێوەندی بە شۆڕشی تەکنۆلۆجیا و پێشکەوتنی دنیای کۆمپیووتەرەوە هەبێت کە بەداخەوە زۆربەی مرۆڤەکانی لە یەکتری دابڕیوە و گیانی خۆشەویستی و عەشقی کرچوکاڵ کردووەتەوە و هەندێک جاریش، بۆمبا و چەکی کۆمەڵکوژی بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە دیاری هێناوە، بەڵام ئەم ڕاستییە هیچ کاتێک لە ئەرک و ماندووبوونی نووسەر کەم ناکاتەوە و بێ بایەخی ناکات.

ڕاستییەکەی شیعرەکانی مەولانا هەنبانەیەکە لە دنیای تەسەوف و خواناسی و عەشقی حەقیقی کە نەک بۆ سەردەمی خۆی، بەڵکو وا چەند سەدەیان بەسەردا ڕۆیشتووە و هێشتا هەوڵێکی بێ وچانی دەوێت بۆ ئەوەی شرۆڤە بکرێن و ڕاستییە شاراوەکانیان بخرێتە سەر باس و لێکۆڵینەوەی ورد.

"مەولانا" ناوی محەمەدە، نازناوی جەلالەددینە و لە شاری "بەڵخ" لە ناوچەی خوراسان لە دایک بووە و هەنووکەش گۆڕەکەی لە شاری "قوونیە"یە. مەولانا خۆی وتوویەتی" زادەی شاری پاکی خوراسانە، بەڵام ناوبانگی ڕۆمی وەرگرتووە".

باوکی مەولانا" بەهائولوەلەد" پیاوی خودا و لە شاری نەیشابوور ناسراو بووە و توانیویەتی کارێکی زۆر بکاتە سەر ڕێڕەوی دید و جیهانبینی مەولانا، کاتێک کە دنیای فانی بە جێ هێشتووە، مەولانا تەمەنی بیست و چوارساڵان بووە، دوای ئەوە مەولانا چووەتە شاری دیمەشق، کە ئەو دەم جێگا و مەنزڵگای ئەدیبان و پیاوچاکان و عارفان بووە، بە تایبەتی ئەو سەردەمە هێرشی مەغۆل بۆ ناوچەکە هەموو شارستانییەتێکی لەناو بردووە، هەر بۆیە دیمەشق، بۆ پیاوچاکان و

عـــارفـــان و زانایانی ئەو کـــات پەناگایەکی هێمن و پارێزراو بووە.

ڕاستییەکەی، نووسەر بۆ نووسینی کـــتـــێـــبـــەکـــەی زەحـــمـــەت و شەونخوونییەکی زۆری کێشاوە، من دڵنیـام ئێـمـەی کـورد، سـەرچاوەی فـیکری تەسـەوف و عـیـرفـانمان بە زمانی کوردی زۆر کەم و ناچیزە، یان خەڵکانێک نەیوبستووە، یان زاتی ئەوەی نەکردووە بە ڕاشکاوی دەستی بۆ ببات.

هەڵبـەتە لە دێرزەمـانەوە لە نێـو کۆمەڵگای کوردەواریدا، تەریقەت و شێوازەکانی تەسەوف پەیڕەو کراوە، زۆرن ئەو کـەسـانەی کـە دەروێشی دڵباختـەی ئەم ڕێبازە بوون و گـیـان فـیـدایی و خـەڵوەتیـان کـردووەتە پیشەی ژیان، بەڵام وەک سەرچاوەی نووسراو و لێکۆڵینەوەی زانستی و مێژوویی هەمەچەشنە، دەتوانم بڵێم هێشتا کتێبخانەی کوردی هەژار و دەسکورتە، هەربۆیە خـودی ئەم ڕاستییانە، ئەرک و ماندووبوونی نووسەری زۆرتر و چەند بەرانبەر کردووە.

دنیای تەسەوف هەر بۆ خۆی دنیایەکی تایبەتە، خەڵکی دانسقە و بە تاقەت و حەوسەڵە و پشوودرێژی دەوێت، ئەگەرچی ئەم ڕێبازە فیکری و خۆماندووکردنە بە تەنیا لە دنیای ئیسلامدا نییە، بەڵکو لای خەڵکانی تریش هەیە. "خوسرەو جاف" ئەم ڕاستییەشی نەشاردووەتەوە و بە ڕوونی باسی ئەوە دەکات کە ناکرێت بڵێین، ئیسلام داهێنەر و زادەی ئەم ڕێبازەیە، هەندێک کەس بڕوایان وایە لە قورئانیشدا زۆر بە ڕوونی باسێک لە تەسەوف نەکراوە و تەنیا زیاتر پشت بە سونەت و داهێنانی کەسیەتی لەم بوارەدا دەبەستن، کە لە کردار و سونەتی پێغەمبەری ئیسلامەوە وەرگیراوە. ڕەنگە ڕاو بۆچوونێکی زۆر لەسەر تاریف و پێناسەی تەسەوف هەبێت کە چییە و چۆنە و مەبەست لێی چییە؟

بە کورتی" تەسەوف واتە: پاککردنەوەی نەفس و دەروونی مرۆڤەکان لە هەموو جۆرە تام و چێژەکانی دنیا و خەڵوەتنشینی، بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی ڕاستەقینەی خودا و فەلسەفەی دنیابینی".

بێ گومان بۆ گەیشتن بە لووتکەی ئەم ڕاستییە، شێوازگەلێکی جۆراوجۆر لە لایەن خواناسان و سۆفییەکانەوە پەیڕەو کراوە و بە پێی ناوچەکان و کەسایەتییە ئایینییەکانیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەر یەک مەبەست دەپێکێت.

کتێبی "مەولانا و ڕازی نەی" کتێبێکی دانسقەیە کە زۆر بە وردی شیعرەکانی مەولانای شی کردووەتەوە و مێژووەکەیشی باس کردووە. بەڕاستی لێ ورد بوونەوە و لێکدانەوەی شیعری حەقیقی و دنیای عیرفان و تەسەوف، کارێکی زەحمەت و ماندووکەرە، دڵنیام زۆربەمان لەوانەیە وەک پێویست هەست بەو ڕەنج و زەحمەتانە نەکەین کە لەو بوارەدا کێشراوە. حاشاهەڵنەگرە و ڕاستییەکەی ئەوەیە زۆرترینی ئەو کەسانەی سوود لەم کتێبە(مەولانا و ڕازی نەی) وەردەگرن، ئەوانەن کە کوردن و زمانی فارسی بە باشی دەزانن، کە پێم وایە جگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بەشەکانی تری کوردستان، خەڵکی وامان کەمتر دەست دەکەوێت کە فارسی زانێکی باش بێت، لە لایەکی تریشەوە، دەتوانم بڵێم کە نووسەر دەبوایە، لە جیاتی ئەوەی هەموو شیعرەکان بە زمانی فارسی بێنێت کە بریتییە لە زۆربەی شیعرەکانی مەولانا و هەندێک لە شیعرەکانی حافزی شیرازی، سەعدی شیرازی، بایەزیدی بەستامی، عەتاری نەیشابووری و...تاد وا باشتر بوو کە ئاوڕێکی باشیشی لە کەڵە شاعیرانی کورد بدایەتەوە کە لە بواری عیرفان و تەسەوفدا ئەسپی خۆیان شارەزایانە تاو داوە، وەک مەلای جەزیری و نالی و مەولەوی تاوەگۆزی و...تاد پێم وایە ئەمانە هیچیان لە شاعیرانی فارس و خەڵکی تر کەمتر نەبوون، ئەگەرچی ناکرێت ئێمەی کوردی بێ دەوڵەت و ستەم لێکراوی دەستی مێژوو، خۆمان لەگەڵ دنیای پان و بەرینی ئەدەبیاتی ئێران و فارسی زمانان بەراورد بکەین، بەڵام دەکرا نووسەر ئاوڕێکی جددی لەوانیش بداتەوە. لەوانەیە نووسەریش بۆ خۆی، هۆکاری تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە هەبێت، ئەگینا ناوبراو شارەزاییەکی تەواوی جیهانی ئەدەب و شیعرە.

سەرەتای کتێبەکە تا پێش کۆتاییەکەی، زیاتر وەک فەرهەنگێک و ئینسیکلۆپیدیای شیعری تەسەوف و دنیای مەجازی دەکرێت سەیر بکرێت، تۆزێکیش ماندووکەرە لە کاتی خوێندنەوەیدا و خوێنەر هەست بە دووبارە بوونەوەی وشەگەل و تاریفگەلی وەک یەک دەکات، ئەوەندەی لە کۆتایی کتێبەکەدا باسی مێژوو و پێناسەی تەسەوف کراوە، لەسەرەتادا کەمتر قسەی لەسەر کراوە، لە کاتی خوێندنەوەی کتێبەکەدا هەست بە جۆرێک لێک چوون و دووبارەکردنەوە و شیکردنەوەکان دەکەیت، پێم وایە خوێنەر تۆزێک ماندوو و بێزار دەکات و تینووی بابەتی نوێ و سەرنجی نوێیە، هەرچەندە ئەوە گوناهی نووسەر نییە، چونکە هەر بۆ خۆی، شیعرەکانی مەولانا لە بازنەیەکی هاوبەش و خاڵێکی سەرەکیدا، دەخوولێنەوە،

ئەویش تەسەوف و خوداپەرستییە، هەرچەندە منێکی نەشارەزا لە دنیای ئەدەب و فیکر و شیعر و عەشقدا، ناکرێت ئەوەندە ماف بە خۆم بدەم دەستوپەنجە لەگەڵ نووسین و دەربڕینەکانی ئەدیب و ڕۆماننووسێکی گەورەی وەک خوسرەو جاف نەرم بکەم، بەڵام دیارە تۆزێک بوێریم لەم مەیدانەدا بەخەرج داوە.

مەولانا ڕێبازێکی تایبەت بە خۆی هەبووە و داهێنانی باشی لە دنیای تەسەوفدا کردووە، ئەو بڕوای وا بووە کە هەموو سۆفییەک دەبێت پشت بە مورشید و ڕێپیشاندەرەکەی ببەستێت و نابێت لە خۆڕا هەڵسوکەوت بکات، "شەمسی تەبریزی" یەکەمین و کاریگەرترین کارەکتەری ڕێبازی تەسەوف بووە و کارێکی بەرچاوی کردووەتە سەر مەولانا و دنیای ژێر و بان کردووە. ئەم زاتە هەروەک نووسەری کتێبەکەش باسی لێوە دەکات، گۆڕان و شۆڕشێکی گەورەی لە ناخ و دەروونی پڕ جۆشی مەولانادا دروست کردووە.

هەروەک خودی مەولانا لەم بارەیەوە دەڵێت:

**"زاهد بودم ترانه گویم کردی**
**سر حلقه بزم و باده جویم کردی**
**سجاده نشین باوقاری بودم**
**بازیچه کودکان کویم کردی"**

واتە پیاوی خوداو بەرماڵ بووم، بەڵام خۆشەویستی و عەشقی تۆ (شەمس تەبریزی) وەک منداڵی لێکردم و ئاوارەی کۆڵانەکانی کردم.

لە دوای ئەوەی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی ڕوحی و دەروونی لە نێوان هەردووکیاندا دروست دەبێت، خەڵوەتنشینی و زیکر و باسوخواسی مەولانا و شەمس، دەوروبەریان بە تەواوەتی دەخاتە گومان و پرسیارەوە و ناحەزی جۆراوجۆریان بۆ دروست دەبێت، لای خودی نووسەریش پێ دەچێت جۆرە پرسیارگەلێک دروست بووبێت کە بێ وەڵام ماونەتەوە، وەک ئەوەی لەو ماوەیەی کە مەولانا و شەمسی تەبریزی لە خەڵوەتنشینیدا بوون، لە ڕووی فیکری و خاوێن کردنەوەی نەفس و ناخی خۆیان چییان کردووە؟ چ پرسیارگەلێک و دەرئەنجامێکیان لێ وەدەرکەوتووە؟ دەیان پرسیار و بگرە گومانی بێ وەڵامیش تا هەنووکە هەر نادیارە.

ئەگەرچی ناوی کتێبەکە "مەولانا و ڕازی نەی"ـە و لەوانەیە لە یەکەم نیگاو خوێندنەوە لای خوێنەر وا لێک بدرێتەوە کە دەبێت کۆی نووسینەکان لە دەوروبەری "نەی" و نهێنییەکانیدا بسووڕێتەوە، کەچی باسەکە جۆرێکی ترە. ڕاستییەکەی نووسەر لەم ناو لێنانە زیرەکی بە خەرج داوە و یەکەم شیعری نایابی دنیای تەسەوف لە دیوانی " مەسنوی مەعنوی" مەولانای:

**(بشنو از نی چون حکایت می کند**
**واز جدائیها شکایت می کند)**

(واتە: گوێ لە سۆز و ناڵەی نەی بگرە کە چۆن باسی جودایی و دابڕان دەکات) ، ئەمەی کردووەتە هەوێنی باسەکەی و ناوی کتێبەکەی ناوە. پێویستە بوترێت، مەولانا لە دیوانەکەیدا هەژدە بەیتی لەسەر "نەی" وتووە، هەر ئەمەش وای کردووە، کە هەندێک کەس بە "نەی نامە" بیناسن.

لە لایەکی دیکەیشەوە نووسەر دەیەوێت ئەو ڕاستییە بۆ خوێنەر بە بەڵگە بسەلمێنێت، ئەوە مەولانا بووە کە یەکەم جار ئامێری "نەی" و ساز و دەفی تێکەڵ بە کۆڕی زیکر و خوداپەرستی کردووە، هەرچەندە وا باشتر بوو نووسەر ئەو ڕاستییەشی بدرکاندبا، کە موناجات و ئەڵقەی خوداپەرستی لە کاتی خۆی لە نێوان "مۆغەکان" و "پیرەکان" ی زەردەشت باو بووە کە ئایینی باوک و باپیرانی ئێمەی کوردن. شاراوە نییە زەردەشتییەکان، زیاتر بە ئاواز و ئامێری " تەنبوورە" کە جۆرە سازێک بووە موناجات و خوداپەرستییان کردووە، دڵنیام نووسەر زۆر بە باشی ئەوەی زانیوە، بەڵام ئەوە نازانم، بۆچ باسی نەکردووە و ئاماژەی بۆ نەکردووە.

دێمەوە سەر باسەکەم، ئامێری نەی، کە فووی تێ دەکەی و دەیژەنی، سۆز و عەشقێکی دەروونی زۆری تێدایە و کەس نییە لە کاتی بیستنیدا فرمێسکی دەروون و چاوەکانی نەڕژێنە خوارەوە، هەر ئەمەش نووسەری هان داوە، ناوی کتێبەکەی بەو ناوەوە بنێت، ئەگینا دنیای تەسەوف تەنیا لە ئامێری نەیدا کورت ناکرێتەوە، مەولانا بوێرانە و زیرەکانە توانی موزیک و جۆرێک لە مەقام و پاڕانەوە لە چوارچێوەی ڕیتم و لەرینەوەدا، تێکەڵ بە دنیای تەسەوف و عیرفان بکات، ئەمەش داهێنانێکی کەم وێنەیە کە تا بە ئەوڕۆش مشتومڕێکی زۆری لەسەرە، پێویستە بوترێت لە دێرزەمانەوە کورد، لە کۆڕی خوێندنی مەولوودی پێغەمبەران و موناجاتدا، دەفی بە باشی بەکارهێناوە و لە چوارچێوەی مەقامدا ئەڵقەی زیکری بەستووە.

نووسەر توانیویەتی لە دنیای ئەدەبی فارسی و شاعیراندا، کۆمەڵە بۆچوونگەلی زەریف و دانسقە، بخزێنێتە نێو باسەکەی و خوێنەر ڕازی بکات و تێی بگەیەنێت کە مەولانا چ زاتێکی پایەبەرزی جیهانی سۆفیگەری و عاشقێکی پایەتی و ڕووت و لە خۆبوردوویی ئەم ڕێبازەیە.

هیجران و جیابوونەوەی عاشق و مەعشووق، لە دنیای مەجازی و

حەقیقیدا، ئێش و ئازارێک نییە، شاعیرێک و لە هەمان کاتیشدا، سۆفییەک نەیچەشتبێت و تامی نەکردبێت. حافزی شیرازی دەڵێت:

**(ماهم از این شهر شد و به چشمم سالیست**

**درد هجـران تو چه دانیـد کـه چ مشکل حالیست)**

واتە: "مانگی من و خۆشەویستی من، لەم شارەدا ڕۆیشت و لای من وەک ئەوە وایە، ساڵێک بێت نەمدیبێت، ئازار و دەردی جیابوونەوە تۆ نازانیت چ ئازارێکە".

هەروەک نووسەر بە جوانی تیشکی خستووەتە سەر ئەم ڕاستییانە، بە باشی باس لە جیابوونەوەی شەمسی تەبریزی و مەولانا دەکات و نایشارێتەوە لەو ماوەیەی کە شەمس مەولانای جێ هێشتووە و خۆی شاردووەتەوە، مەولانا چۆن پەرێشان حاڵ و بێچارە و نەخۆش کەوتووە و خەڵکێکی زۆری ڕاسپاردووە، تا شەمس گەڕاوەتەوە لای، دواجار پێوەندی ڕوحییان وای لێ دێت کە ناحەزانی ئەم پێوەندییە هان دەدات، شەمس بکوژن و لە ناوی ببەن، هەرواشی لێ دێت، داخ لە دڵانی ئەم پێوەندییە، کاری خۆیان دەکەن و شەمس لەناو دەبەن.

**(چند کنم ترا طلب خانه به خانه دربەدر**

**چند گریزی ازبرم گوشه به گوشه کوبەکو).**

ئیدی دوای ئەم کۆستەی کە بەسەر مەولانادا هاتووە، چاری نامێنێت بە دوای مورشیدێک و ڕابەرێکی ڕوحی تردا دەگەڕێت و دواجار تووشی شێخ سەلاحەددین دەبێت و لە جیاتی شەمس ئەو دەبێتە مورشید و ڕابەری مەولانا:

**(جز صلاح الدین، صلاح الدین و بس**

**دم فروکش تا نداند هیچ کس)**

دوا جار کچی سەلاحەددین درا بە کوڕی سوڵتان وەلەدی مەولانا و خزمایەتی لە نێوانیاندا دروست بوو.

لە دوای سەلاحەددین، حوسامەددین چەلەبی هاتە ژیانی ڕوحی و سۆفیگەری مەولانا:

**(ای ضیاء الحق حسام الدین توی**

**که گذشت از مه بنورت مسنوی)**

گەورەترین دەرهاویشتەی ئەم پێوەندییە ڕوحییانە، نووسینی دیوانی مەسنەوییە کە شاکارێکی ئەدەبی دانسقە و جیهانییە و گەورەترین قەسیدەی مەسنەوی:

**(بشنو از نی چون حکایت می کند**

**واز جدائیها شکایت می کند)**

تێیدا هاتووە، بۆیە دەگەڕێمەوە سەر ئەو ڕاستییە، خودی نووسەریش عاریفانە و زانایانە، مەبەستەکانی مەولانای لە کتێبەکەیدا کورت کردووەتەوە و بە وردی پێکاویەتی.

ئەوەی لە ناوەڕۆکی چامەی نەی لای مەولانا بڕوانێت دەگاتە ئەو ئامانجە، مرۆڤ کاتێک کە لە خودای خۆی دادەبڕێت و نێوانیان زۆر بەهێز دەبێت، وەک مەعشووقێکی گڕگرتوو هەمیشە وێڵ و عەوداڵە بۆ ئەوەی بگاتە دیداری خودا و پەروەردگاری خۆی، هەر ئەوەشە ئاسوودەیی و دڵنەوایی پێ دەبەخشێت و دەروونی ئارام دەکاتەوە، مەولانا لە ژیانی سۆفیگەری خۆیدا هەموو ئەو ئازار و ئێشە ڕوحی و دەروونییانەی چەشتووە و تاقی کردووەتەوەو بە باشی لە ئازارەکانی دەردی هیجرانی نێوان عاشق و مەعشووق تێگەیشتووە.

ئەوەی کە لە دنیای سۆفیگەری و تەسەوفدا چەسپاوە ئەوەیە: عەقڵ و زانست ڕۆڵێکی گرنگ نابینێت لە سەلماندنی ڕاستییەکان و تێگەیشتن لە کرۆک و ناوەڕۆکی ڕێبازەکە، هەر بۆیە ئەوەی کە پێی دەوترێت کەشف و کەرامات و زانینی ئەو ڕاستییانەی کە لەو دیوی پەردەوەن، سۆفی ڕاستەقینە و عارفی ئیلاهی پەی پێ دەبات، بە مەرجێک فەلسەفە و نهێنییەکان نەدرکێنێت و بە زمانی دڵ و ڕوح هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکات، بۆیە ئەوانەی کە دنیا و ڕاستییەکانی تەنیا بە چاوی ماددیات دەبینن، ناتوانن لەم ڕاستییە بگەن کە ڕوح چییە و پاککردنەوەی ناخ لە شەهوەت و پیسییەکانی دنیا چییە؟ هەر ئەمەش بووەتە بە نرخترین و بێ وێنەترین بناغەی ژێرخانی فیکر و زهنیەتی مەولانا، دواجار پێشەنگ و ڕێنمای ژیانی سەرسپوردە و وێڵی دنیای ڕێبازی عیرفان و تەسەوفە.

دیارە مەرگ وەک چۆن دەرگا بە هەمووان دەگرێت، ئاوهاش هاتووەتە سەروەختی مەولانا و یەخەی پێ گرتووە و کۆچی پێ کردووە، هەروەک نووسەریش ئاماژەی پێ کردووە، لە ساڵی ٦٢٧ کۆچی مەولانا دنیای بەجێ هێشتووە و پێش ئەوەی ماڵئاوایی بکات شیعرێکی لەسەر مردنی خۆی بڵاو کردووەتەوە.

**بروز مـرگ چو تابوت من روان باشد**

**گمـان مبـر که مرا در این جهـان باشد**

**مرا بگور سپاری مگو وداع وداع**

**که گور پردەی جمعیت جنان باشد**

واتە کاتێک کە تابووتی تەرمی من دەبینن، ئیدی هیچ جۆرە گومانێک نییە کە من ئەم دنیایەم بە جێ هێشتووە، کاتێکیش کە دەمخەنە نێو گۆڕەوە پێویست ناکات ماڵئاواییم لێ بکەن، چونکە گۆڕەکەم تژییە لە خۆشەویستی مرۆڤەکانی سەر گۆی زەوی کە هاوڕێیەتیم دەکەن.

مەولانا چەند کۆڵەکەیەکی کردووەتە، بنەمای سۆفیگەری کە برسیەتی و خەڵوەتنشینی گرنگترینیانە، وتەیەکی بەناوبانگ و بە نرخی هەیە کە لێوانلێوە لە واتا و دەرهاوێشتە و باسوخواس، دەڵێت: "کەم بنوون، کەم بخۆن، کەم بدوێن".

دیوانی شەمسی تەبرێزی کە لای زۆربەی کەسان وایە کە بەرهەمی خودی شەمسە، کەچی ڕاستییەکەی مەولانا خۆی نووسیویەتی، بەڵام نایشارێتەوە هەمووی دەنگ و ڕەنگی شەمسە کە بووەتە پاڵنەری بۆ ئەو هەموو داهێنانە.

**مفخر تبریزیان شمس حق دین بگو**
**بلکه صدای تو است این همه گفتار من**

لێرەدا بە ئاشکرا پێناسەی نێوان عاشق و مەعشووق بە ڕوونی دەردەکەوێت و مەولانا لە ڕێگەی دانانی دیوانی شەمسی تەبرێزییەوە دەیەوێت کاریگەرییەکانی شەمس لەسەر خۆی بە خوێنەرانی بناسێنێت.

(خوسرەو جاف)یش ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆی بۆ ئەم ڕاستییە کردووە کە تەسەوف و عیرفان، دنیایەکی تایبەت و ئاڵۆزە و ئاسان نییە بۆ هەموان کە تێی بگەن و بچنە نێو دەریای قووڵی پڕ واتا و پێناسەکانییەوە، ناشکرێت هەموو مەلەوانێک لە نێو شەپۆلەکانیدا مەلە بکات.

لێکدانەوەی شیعرەکانی مەولانا تەنیا بە ڕواڵەت و سەرپێیی نابێت، کاکڵە و ناوەڕۆکی وتەکان زۆر گرنگە، مەولانا هیچ کاتێک بۆ تەواوکردنی قافیە و وەزنی شیعری وشەی بە کار نەهێناوە، بەڵکو بەمەبەست بە کاری هێناوە و دایڕشتووە.

ڕاستییەک کە نووسەر بوێرانە تیشکی خستووەتە سەر و نکوڵی لێ نەکردووە ئەوەیە: سۆفی و عارفی گەورەی ڕێبازی تەسەوفیش، زۆرجار لایان داوە بەرانبەر عەشقی مەجازی، یان باشتر بڵێین بۆ قژکاڵێکی چاومەست خۆیان پێ نەگیراوەو لەو تاقیکردنەوەیە دەرنەچوون و چۆکیان داداوە، هەروەک نووسەر وەک نموونە هێناویەتی کە زانای بە ناوبانگی یۆنانی"ئەرخەمیدس"، عاشقی کچە چینییەک دەبێت و ناتوانێت لە ڕێبازەکەیدا جێگیر و پابەرجا بێت. شاعیری گەورەی موکریانیش، مامۆستا هێمن، لە وەسفی شێخی سەنعاندا دەڵیت:

**شێخی سەنعان بۆ کچی گاور لە ئیسلام وەرگەڕا**
**من خەریکە بۆ کچە شێخێ پەژیوان بیمەوە**

شاعیری گەورەی ئێرانیش عەتاری نەیشابوری دەڵێت:

**شیخ سنعان پیر عهد خویش بود**
**در کمالش هرچه گویم بیش بود**
**شیخ سنعان عشق چون اندر دلش مأوی گرفت**
**داد دین و می ز دست دختر ترسا گرفت**

لە بیرمان نەچێت هەروەک نووسەر "خوسرەو جاف"یش ڕاشکاوانە باسی لێ کردووە کە ڕێبازی تەسەوف تەنیا تایبەت و پەیوەست نییە بە ئایینی ئیسلام، بەڵکو لە ئایینەکانی تریشدا جۆرێک لە تەسەوف هەیە، لای هەندێک لە ڕاهیبەکانی ئایینی مەسیحی و "هاخام"ەکانی جوولەکە، تەنانەت ئەوانەی کە کتێبی ئاسمانیشیان نییە، وەک بووداییەکان، خەڵوەت نشینی و گۆشەگیری و تەسەوف هەیە، دەشێت بگوترێت تەسەوف پێش ئایینی ئیسلام هەبووە، بەڵام ئیسلامیش ڕەنگ و بۆیەکی تری پێ بەخشیوە و بەرگێکی تری خواپەرستی بە بەردا کردووە.

کتێبی مەولانا و ڕازی نەی، هەوڵی داوە دەست بۆ هەموو کونوکەلەبەرە شاراوە و نهێنییەکانی شیعرەکانی مەولانا و مێژووی پڕ لە هەڵکشان و داکشانی دنیای تەسەوف ببات، ئەگەرچی لەوانەیە بە کتێبێک و دووان و چەندانیش، نەکرێت مافی ئەو ڕێبازە بدرێت، بەڵام نووسەر لە هەوڵێکی بێ وچاندا، ئەرکێکی لەڕادەبەدەری کێشاوە و باشیش دەزانێت بۆ ویستوویەتی لەم دنیای جەنجاڵی تەکنۆلۆژیا و عەولەمە و پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤایەتی، هێشتا ڕوحمان پێویستی بەوە هەیە کە تێرئاو بکرێت، لە ڕێگای تێگەیشتن لە تەسەوف و توندوتۆڵ کردنی پێوەندیمان لە نێوان خۆمان و خودای مەزن.

هەمیشە پرسیاری گرنگ و گوماناوی لەسەر چۆنیەتی پێوەندی نێوان ڕابەر و سۆفی دروست بووە، ئەو گومانەی کە لە کاتی خۆی هەندێک نەیدەشاردەوە و مەولانایان پێ ئازار دەدا کە بۆ دەبێت، پیاوێکی شکۆدار و سۆفی وەک ئەو لەگەڵ پیاوێکی تردا وەک "حوسامەددین" یان "شەمسی تەبرێزی" بچنە خەڵوەتی زیکر و خواناسییەوە؟ نووسەری مەولاناو ڕازی نەی، نەیشاردووەتەوە کە کەم کەس وەڵامی تەواوەتی وەدەست کەوتووە، بەڵام ئەو (نووسەر)، ڕایەکی لۆژیکی و تاڕادەیەکی تەواو دروستی بۆ ئەم مەبەستە دەربڕیوە، پێی وایە کە مەولانا ویستوویەتی بە هەواداران و لایەنگرانی خۆی بڵێت: ، عاشق و مەعشووق مەرج نییە، نێر و مێ بن، لەو پێوەندییەدا، بەدەن و لەشی مرۆڤەکان گۆیای ڕاستییەکان نین،

ئەوە ڕوح و ناخی ئادەمیزادە کە پێوەر و مەرجە بۆ ئەم مەبەستە. مەولانا ئەوەندەی عەشق بۆ شەمسی تەبریزی هەبوو کە دیوانێکی گەورەی بە ناوی ئەوەوە ناو ناوەو نەیشاردووەتەوە، ئەو بووە بە ئیلهامی ئەو هەموو شیعرە بەرز و پڕ مانایانە کە تا بە ئەمڕۆ زۆربەی خوێنەران لە ناوەرۆکی تێنەگەیشتوون.

یەکێک لەو خاڵانەی کە دەبێت لە کتێبی مەولانا و ڕازی نەی سوودی لێ وەربگیرێت و بکرێتە هەوێنی ژیانی کۆمەڵگای ئێمەی کوردەواری، بگرە کۆمەڵگاکانی تریش کە (خوسرەو جاف)یش بێ پەردە درکاندوویەتی ئەوەیە: سەرەڕای ئەوەی کە قوتابخانە و ڕێبازی جۆراوجۆری تەسەوف و خوداپەرستی هەبووە، بەڵام مەولانا دژی هەموو جۆرە دەمارگرژییەکی ئایینی بووە، پێی وابووە هەموو ئایینەکان یەک سەرچاوەیان هەیە و بۆ یەک مەبەست هاتوون، ئەویش "بەختەوەری مرۆڤ و لە کۆتاییدا کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە"، هەروەک نووسەریش بەڕاشکاوی ئاماژەی بۆ کردووە، خەڵکانێکیش هەن کە تەسەوف و سۆفیگەری بە کارێکی نەشیاو و لەدەرەوەی شەرع و کتێبە ئاسمانییەکان دەزانن و پێیان وایە، خۆخەریک کردن و جۆرێکە لە ڕاکردن لە ژیانی ڕۆژگار و ئەرکە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بڕوایان وایە پێویست ناکات مرۆڤ ئەوەندە خۆی بە خەڵوەت نشینی خەریک بکات و لە خەڵکی دابڕێت و دیوارێک بە دەوری خۆیدا بکێشێت و هەر خەریکی زیکر و خواناسین بێت.

بێ گومان ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە و هەروەک نووسەریش بوێرانە باسی ڕاو بۆچوونی ئەو جۆرە کەسانەی کردووە، بەڵام نەیشی شاردووەتەوە، ئەو جۆرە تێفکرینانە کارێکی وای نەکردووەتە سەر باوەڕدارانی دنیای تەسەوف و ئەم ڕێبازە لە نێو زۆربەی ئایینە دەستکرد و خوداییەکانیش هەبووە و هەیە.

کتێبی "مەولانا و ڕازی نەی"، توانیویەتی وەڵامگۆی زۆربەی پرسیارەکانی دنیای تەسەوف و سەرگوزشتەی پیاوچاکانی ئەو ڕێبازە بێت، وردەکاری و ماندووبوونێکی بێ وچان بە نووسین و شیکردنەوەی شیعرەکانەوە دیارە، بێ گومان زاڵ بوونی نووسەر بەسەر زمان و ئەدەبیاتی دەوڵەمەندی فارسی، ڕێ خۆشکەر بووە بۆ ئەوەی لە داڕشتنی ئەم کتێبەدا هونەرێکی زۆری تێدا بەخەرج بدات کە جێگای سەرسوڕمان و تێڕامان و لە هەمان کاتیشدا دەستخۆشییە.

لە میانی خوێندنەوەی کتێبی "مەولانا و ڕازی نەی" پرسیارێکی گرنگم لا دروست بوو، ئەویش ئەوەیە: ئایا تەسەوف و سۆفیگەری بە تەنیا بۆ پیاو دەبێت و ڕەگەزی مێ ناگرێتەوە؟

بە داخەوە نووسەر تیشکی نەخستووەتە سەر ئەم لایەنە، نازانم هۆکارەکەی چییە؟ بەڵام ناکرێت لە دنیای پان و بەرینی تەسەوفدا نیوەی ڕەگەزی ئادەمیزاد فەرامۆش بکریت و هیچ جۆرە دەقێک، یان تێڕوانینێک بۆ ئەم پرسیارە نەبێت؟ بە داخەوە یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی تەسەوف دوور کەوتنەوە لە ئافرەت و گوایە هەوەسبازییە، ئەمەش بە خاڵێکی جەوهەری پاککردنەوەی ناخ و دەروونی سۆفییەکان دادەنرێت و زۆربەی ڕێگاکانی خوداناسی کورت دەکاتەوە، بە کورتییەکەی دەرچوون لە عەشق و خۆشویستنی ئافرەت، مەرجێکی سەرەکی سۆفیگەرێتییە، لە کاتێکدا سێکس و ئافرەتیش نیعمەتێکی خودایی و بەخششی پەروەردگارە بۆ مرۆڤ.

نووسەر بە وردی ئەو ڕاستییەی خستووەتە ڕوو کە "خەڵوەتنشینی و ڕیازەت کێشان، کۆڵەکەیەکی سەرەکییە بۆ پاککردنەوەی ناخ و ڕوح، وەک ئەوە وایە دڵ و دەروونی خۆت بە گسکێک خاوێن بکەیتەوە و ڕایماڵی.

دەتوانم بڵێم ئەم نووسینەم، مافی پڕ بەها و وردەکارییەکەی کتێبی "مەولانا و ڕازی نەی" بە هیچ جۆرێک نەداوە، بێ گومان کتێبێکی پڕ لە زانیاری و قەبارە ئەستوور، ناکرێت بە چەند وشەیەکی کورت، ئامانجەکانی بپێکێت و مەبەستەکانی بە وردی شی بکەیتەوە، بەڵام هەوڵی خۆم داوە، تیشکێکی بچووک بخەمە سەر ناوەرۆکەکەی، دڵنیاشم شتێکم بۆی زیاد نەکردووە، ئەگەر کەمم نەکردبێت، کتێبخانەی کوردی، هەروەک لە سەرەتای نووسینەکەمدا باسم کرد، بە داخەوە لەم بوارەدا هەژارە، هیوادارم نموونەی نووسەر هەر زیاد و تەمەن درێژ بن، دڵنیام دنیای بێ پایانی عیرفان و عەشقی حەقیقی، نە کۆتایی پێ دێت و نە کەسیش بە تەواوەتی لە کونوکەلەبەرەکانی دەگات، بێ گومان ئەم ڕێگایە هەر بەردەوام دەبێت، هەروەها عاشقان و هەوادارانیشی زۆرتر دەبن.

شاعیری گەورەی ئێران، سەعدی شیرازی، دەڵێت:

**به پایان امد این دفتر**
**حکایت همچنان باقیست**

### بە بۆنەی بیستەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە

# ڕامان و بیست ساڵ تەمەنێکی ناوازە

**غەریب پشدەری**

ڕامان لە وەرز و سەردەمانێکی زۆر تەمومژاوی و تۆف و زریان و پێتەڵووکە و باسریشکی نەگریس و ڕەزاگران و خوێن تاڵی شەڕی دەستەویەخەی خۆکوژی برایاندا چاوی بە ژیان هەڵێنا و مژدەی ئۆخژنێکی ڕاستەقینەی پەیام و وشەی ڕەسەن و هاومالّی و هاوزمانی کوردانەی پاک و بێگەردی کردە نوقلانە و پۆیلانەی هەنیا و ناوچەوانی ئەدەب و کولتوور و ڕۆشنبیریی میللەتە ماندوو و هەناسەسوارەکەی ڕێی دوورودرێژی مێژووی تێکۆشانی کوردە بەشخوراوەکەی خۆی و ئەو ئۆخژنەی دە دڵی قەڵەم بەدەستانی بێنەوا و وشەی هەتیوکەوتە و زامداری کوردی گێڕایەوە، بۆیە جێی خۆیەتی و زۆر لووس و لێک و لەبارە ئاوڕێکی بە دەنگەوە هاتن و دڵسۆزانە و ئەمەکناسانەی لێ بدەینەوە و هێندێکی دە بەژن و باڵا زراڤەکەی هەڵڕوانین و تێوەی ڕامێنین و هێندێکیشی سەر و پرچە ئاوریشمینە ئاڵۆزەکەی وەبەر شنەبا و نەرمە شەماڵی سەرنجان بدەینەوە و بزانین هەر لە دەما دەمی فراژووبوونییەوە تا ئەوڕۆ چۆنی هەڵداوە و گەورە بووە و ڕسکاوە و خۆی لە سەر پێی خۆی ڕاگرتووە..!! و چۆن تا ڕۆژگاری ئەوڕۆ هەروا مەردی مەیدانییە:

ڕامان هەر لە ژمارە یەکی ساڵی (١٩٩٦)ی دەرچوونییەوە گۆڤارێکی بێ لایەنانەی هەموو قەڵەمە جیاواز و ڕەنگە جۆراوجۆرەکان و بیروبۆچوون و هزرە تەبا و ناتەبایەکان بوو و لەسەرخوانی تێروتەسەل و ڕازاوەی ڕامان دا هەر هەموو لا بەیەک دەگەیشتن و هەر کەسە و لە بواری خۆیدا ئازایانە و بوێرانە و دوور لە شەرم و شکۆ مەیدانداری دەکرد و ئەسپی قەڵەمی خۆی لەو گۆڕەپانە هەراو و پانوپۆڕەیدا کە جێی هەموانی تێدا دەبووەوە، تاو دەدا. مانگە و مانگیش تا دەهات ڕەنگ و ڕواژای ڕوونتر و گەش و جوانتر دەبوو، باخ و بێستانی ڕامان لێوانلێو دەبوو لە گوڵی جوانی هەمەڕەنگ و بۆنخۆش و سەوزە و بەر و مێوەی سەد تەرز و ناوازە و تێکەڵ لە تام و بۆنوبەرامە و پەلکەزێڕینەی ڕەنگەکان، لاپەڕە و پەراوێز و کونوکەلەبەری پڕبوون لە ناساندنی زانا و دانا و شاعیر و چیرۆکنووس و هونەرمەند و نووسەر و خاوەن هزر و کەڵە پیاوانی نزیک و دووری خۆماڵی و دەوروبەر و هەندەرانی دوور دووری مردوو و زیندوو، بابەتی هەمەجۆری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هزر و فەلسەفە و هونەر بە هەموو لق و پەل و پۆکانییەوە بوونە چلچرای

گەشاوەی ناو دیوەخانی گەشاوەی لاپەڕەکانی. ئەو پیت و وشە و ڕستە و دەستەواژانەی ڕێنووسەکەشی پێ دەنووسران و دەنووسرێن، دەتوانم زۆر ڕاشکاوانە بڵێم کە شەقڵێکی تایبەتمەندییانەی ڕامانی وای بەخۆوە گرتووە کە هەر لە دوورەوە لە هەرچی دەستەخوشکەکانیەتی جیای دەکاتەوە و جیلوە و بزاوتەکانی نووسینی ڕامانی پێ دەناسرێتەوە، ئەدی ئەو بژارە ورد و پڕ سەلیقەیەی تێیدا بە خەرج دراوە، هەر مەپرسە بە ڕاستی وەک بەرهەیوانی ئاوڕشێنکراوی بەر گەرمای چلەی هاوینی هەولێرێ فێنکایەتی بە دڵ و دەروون و مێشک و هەستی خۆش خوێندنەوەی خوێنەرەکەیدا دێنێ. ئەدی ئەو دەست و پەنجە پڕ لە سۆز و خۆشەویستانە بۆ ناڵێن، کە نێوان و لەمپەری بەزاندن و لە هەموو سنووران پەڕینەوە و بەبێ ڤیزا و پرس و ڕا گەیشتنە دەست و نێوماڵی ئەو تامەزرۆ و دڵ پڕ لە حەسرەتانەی چاوەڕێی تاموچێژی یەک دوو وشەی قەدەغەکراوی ئازادبوون لە دەرکێیان بدات و هەر هەمووشیانی دوورونزیک لە خۆی و کۆڕ و کۆمەڵی یاران و ئەدیبانی هەر چوار ماڵە باوانەکان کۆوەکرد و پێکتری ئاشنا کردنەوە و دەست و مستی یەکتربوونەوە و ماچوموچی تاسەشکێنی خۆیان لە بەرهەیوانی ڕاماندا لە یەکتر کردەوە.

جا با ئەو کەڵەمێرد و ئەو باغەوانە ئازا و ئازاد و جوامێر و ماندووانەشمان لە بیر نەچن، کە دڵسۆزانە و خۆنەویستانە لە کێڵگە و مەزرا و باغ و بێستانی ئەو گۆڤارەدا چاکی مەردانەیان لێ کردبوو بە لادا و بە شەو و بە ڕۆژ و بێ حەسانەوە و پشوودان ئاسوودەیی خۆیانیان تێدا کردووەتە دەستەچیلەی کێلان و تۆودان و بژار و



شەنوکەوکردنی ئەو بەروبوومانەی دەبوونە خۆراکی گیان و هزر و بیر و هەست و نەستی خوێنەرانی ئەو گۆڤارەی تەنانەت لە ڕۆژە هەرە سەخت و دژوارەکانیشدا، بۆ جارێکیش لە وادەی گەیشتنی بە دەستی چاوی چاوەڕوانیانی دوانەکەوت.

دەستتان خۆش، بۆ خۆتان و ئەو پڕۆژە نەتەوەییەی دەستتان پێ کردووە، ماندوونەبن، تەمەن درێژبن، هەر بەردەوام و بەردەوام بن، ئینسکلۆپیدیایەکی دەوڵەمەند و بێ هاوتای هەموو ئاستە بەرزەکانی دنیای زانستەکان، خەرمان بەرەکەت، بیست ساڵ تەمەن، لاوێکی تەنومەند و قۆڵ و بازوو و مەچەک و شان و پیل تێکسمڕاو و خاوەنی ئەو هەموو زانیاری و زانست و ئەدەب و هونەرە و تا خوداش حەزکا بە ئەدەب، کە هەموو ئەو خەسڵەتانە هەر لە کوڕە لاو، یان کچە حەیرانێکی وەک گۆڤاری ڕامان دێت و دەوەشێتەوە.

پێشینانیش جوانیان فەرمووە:

(لە گوڵیان پرسی بۆ گەش و جوانی، لە باگۆدا وتی: باغەوانەکەم مەردە).




# ئاوەز و ئەزمووونی بە تەمەنەکان

عوسمان محەمەد هەورامی
(سلێمانی)



لەم گەردوونە پان و بەرینەدا، کەسێک نابینرێت لاریی لەوە هەبێت، کە ئاوەزی مرۆڤ بێ ڕەهایە، بێ سنوور و لە ڕادەبەدەر فراوانە، چرکە بە چرکە، خولەک بە خولەک، سات لە دوای سات، ڕۆژ بە دوای ڕۆژدا، پتر گەشە دەکات و هەردەم لە گەشەدایە.

لەم بینۆگەیەوە، بۆمان دەردەکەوێت، کە زنجیرەی نەپساوی ئاوەز و هزر و توانایی مرۆڤ پەیوەست و درێژەدار و لەیەک نەترازاوە، کاریگەریی دیار و لەبەرچاوی وەچە بەدوای یەکەکاندا هەست پێ دەکرێت. مایەی شادمانیشە پشتاوپشت نەوەکان پێکدێن، کە وامداری زنجیرە یەک بە دوای یەکەکانی پێش خۆیانن، هەرچۆن ئەمان خاوەنی کولتوور و بنەمای ژیاری گەشاوەن و شانازیی پێوەدەکەن، وەچە داهاتووەکانیش هەمان هەست و بۆچوونیان دەبێت، واتە هزر، ئاوەز، ژیری و... هەرکامێکیان بگوترێت، گەر بە شێوەیەکی ڕاستودروست وەگەڕ بخرێت، گوڵباران و شادییە، گەنجینەی لە بن نەهاتووی خۆشبەختییە.

دیارە، سەرەتا و لووتکەی هەمەلایەنەکانی ژیار، پێکەوە بەستراون، بۆیە ناکرێت هەندێک بێئاگا لە ڕاستییەکان، ئەم قسەلۆکەیە لەسەر زاریان بێت، گوایە (ئەقڵی کۆن کەڵکی نییە و بەکارنایەت!.)، هەر بۆ وەیادهێنانەوە، دەگوترێت: سەرەتای پێشکەوتنی هەنگاوەکانی شارستانی تاکو ئێستاش، بە (دۆزینەوەی ئاگر)ەوە پەیوەستە.

دیارە ئەزموون زادەی ئاوەز و هۆش و هەڵسوکەوت و تێکەڵبوون و بیرکردنەوە و فێربوونیشە لە دەوروبەرەوە، بۆیە وەک نەخشونیگار و نووسینی سەر بەرد دەنوێنێ و بوونی بەردەوامی خۆی دەچەسپێنێت، لە پەند و قسەی نەستەق و نووسراوەکاندا دەپارێزرێت. خۆشی لەو گەنجانەی لە ناخەوە پەی بەم ڕاستییە ورشەدارە دەبەن و دەبنە هاودەم و هاوڕازی زنجیرەی ڕازی دەروون و یادەوەرییە زۆر و زەوەندەکانی دنیا دیدە نوورانییەکان، بەکەڵکترین و بە چێژترین ئەنجام و ئامانج بەدەست دێنن. گەلێک لەو بەتەمەنانە لە تۆماری تەمەنی تەمەنیان (٧٠ - ٨٠) ساڵیان لە یادە، بەهەمان ئامار و ژمارە، لە باوکیانەوە، ئەوانیش لە باب و باپیرانیانەوە، بەم چەشنە وەک ئاوێنەنما بەسەرهات و ڕووداوەکانی سێ سەد ساڵێک دەخەنە بەردەستی سەوداسەرانی ڕاستییە نەگۆڕەکان. لە وردبوونەوە لەم سەرچاوە ورشەدارانە و بەراوردکردنیان لەگەڵ ناوەرۆکی نووسراوە دانراوەکاندا، کە (وەک دەگوترێت) پشت بە سەرچاوەیەکی گوازراوە و دەماودەم دەهێنرێتە ئاراوە، نرخ و پێگەی زۆر باڵای ئاوەز و ئەزموونی بەتەمەنەکانمان بۆ دەردەکەون. سەراپا کوردەواریمان پڕە لەم ژێدەرە گەوهەر ئاسایە، با هەموو گەنجەکانمان دەستوبردی لێ بکەن، تا دەتوانن بە بەردەوامی لەم سەرچاوە ڕوون و گەشە هەڵهێنجێن و بەهرەمەندتر و ڕەندتربن.